حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان
بەشی کوردی

# هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی ( مەحوی )

نامەیەکە

هێمن عومەر ئەحمەد

پێشکەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سکوڵی زمان- بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ. ی. د. تاهیر محمد عەلی

2714کوردی ١٤٣٥کۆچی ٢٠١٤زایینی

أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ

﴿ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ ۗ ﴾ آل عمران: ٧

**لاڵە خۆ (مەحوی) لە وەسفی حوسنی بێچوونی نیگار**

**لا لە تەئویلی خەلەف، قوربانی تەئویلی سەلەف** (دیوانی مەحوی/٧٦)

# پێشکەشکردن

پێشکەش بێ:

**بە رۆحی ( مەحوی )و نەمری دەقەکانی**

# سوپاسنامه


**سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ:**

- پ.ی.د. تاهیر محمد عەلی، کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردم.
- مامۆستاکانم، لە قۆناغی دکتۆرا و قۆناغەکانی تری خوێندن، کە دەرسیان پێ گوتووم.
- هەموو ئەو هاورێ بەرێزانەی، کە لەسەرچاوە پەیداکردندا هاوکارم بوون، بەتایبەتی: م.فەرهاد عەزیز، م.حسین عبداللطیف، د.محمد پێنجوێنی، د.فوئاد رەشید، د. شیروان حسین، م.ئەرخەوان محمد، ..و ئەو بەرێزانەی لەم کاتەدا ناوەکانیان نایەتەوە بیرم.
- د.خەسرۆ خۆشناو، بۆ دەستخستنی بەشێک لە سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە ولاتی ئێران هاورێی سەفەرم بوو، لەوێ لەکاتی تووشبوونم بە رووداوی ئۆتۆمبێل، زۆر پێمەوە ماندوو بوو، سەرباری ئەوەش لەکاتی لێبوونەوەش، بە وردی بە نامەکەدا چوویەوەو هەڵە رێزمانییەکانی بۆ راست کردمەوە.
- م.هەرێم ئیبراهیم، کە زۆربەی زۆری نامەکەی بۆ تایپ کردم

# ناوەڕۆك

**بابەت** **لاپەڕە**


پێشەکی.......................................................................... ١

دوو تێبینی پێویست ................................................. ٦

دەروازە.......................................................................... ٧

٠-١ هیرمینۆتیکا چییە؟............................................ ٧

٠-١-١ سەرەتایەك بۆ زاراوەکە:.................................. ٧

٠-٢ تەئویلی ئیسلامیو هیرمینۆتیکا.............................. ١٠

٠-٣ هیرمینۆتیکاو رەوانبێژی........................................ ١٧

٠-٤ هیرمینۆتیکاو ئیستێتیکا......................................... ١٩

٠-٥هێرمینۆتیکاو رێبازە رەخنەییەکانی دوای بونیادگەری.......... ٢٢

١-١ بەشی یەکەم:دەق لەنێوان چێژو هێرمینۆتیك دا ................... ٢٦-١٠٤

١-١-٢ تەوەرەی یەکەم: غەزەل وەك بنەمایەکی دژەباوی سۆفیگەری ................ ٢٨

١-٢ پرسی خۆشەویستیو عیشق: ............................................ ٣٧

١-٣ هیرمینۆتیكو سەرەتاکانی ناسینەوەی عیشق لە دەقدا.................... ٤٠

١-٣-١ عیشقو نێرینەتی دەق:............................................. ٤١

١-٣-٢عیشقو مێینەتی دەق:................................................ ٤٥

١-٤ مێینەبوونی دەقو چەمکی جوانی:..................................... ٤٧

١-٤-١جوانی دەق بە کلیلی مێینەبوونیەوە:.............................. ٥١

١-٤-٢ مێینەبوونی دەق، نێرینییەتی شاعیر:.............................. ٥٢

١-٤-٣ مێینەبوونی دەق بە بارە ئەرێنیو نەرێنی یەکەی، لە شیعری مەحوی دا.................. ٥٥

١-٤-٣-١باری یەکەم: پیرەژن.................................................. ٥٦

١-٤-٣-٢باری دووەم: ژن....................................................... ٥٧

١-٥ رەگەزی ئافرەتو هیرمینۆتیکا........................................ ٥٨

١-٦ مەحوی لە میراتی سۆفیانەی عیشقی زەمینیو ئاسمانیدا.................. ٥٩

١-٧ مەحەببەت میراتی سۆفیانەی عیشقی ئاسمانی.............................. ٦٢

١-٨ دەقی سۆفیانە لە جەمالی خوداییەوە بۆ جەمالی مرۆڤ...................... ٦٥

١-٩ عیشق لە نێوان جەمالو جەلالو کەمالدا:................................ ٧٠

١-٩-١جەمالی جەلال.......................................................... ٧١

١-٩-٢جەمالی کەمال:........................................................ ٧٣

١-١٠ تەوەرەی دووەم:مەی وەك میراتێکی سۆفیانە لە شیعری مەحوی دا ................ ٧٦

١-١٠-١مەی قورئانی وەك سەرچاوەیەكی سۆفیگەری....................................................٧٦
١-١٠-٢ مەیو دەركەوتەكانی................................................................................٧٧
١-١٠-٣مەی و ئەهلی كەماڵ.........................................................................................٧٨
١-١٠-٤مەیو ئیشكالییەتی تەئویل.............................................................................٨٠
١-١١ هۆكارەكانی بەكارهێنانی مەی لە دەقی سۆفیانەدا...............................................٨٣
١-١٢ یارو مەی.......................................................................................................٨٩
١-١٢-١ غیابی مەیو ئامادەیی یاری نێرینە.................................................................٩٠
١-١٢-٢ یار یەكسانە بە مەیو ساقی...........................................................................٩٢
١-١٢-٣ مەی نوورو یار مێینەیە.................................................................................٩٣
١-١٢-٤ ساقی (مەیگێر) یارە.....................................................................................٩٥
١-١٢-٥ ساقی خودایە................................................................................................٩٦
١-١٣ نەیو مەیو عیشق..............................................................................................٩٨
١-١٤ سیماكانی مەی مەعنەوی.................................................................................١٠١
٢-١ بەشی دووەم: هیرمینۆتیكای فینۆمینۆلۆجیا.................................................١٠٤-١٧٣
٢-١-١تەوەرەی یەكەم: هیرمینۆتیك و چەمكەكانی ترو ئاوێتەبوونی لەگەڵ مەبەستداریدا............١٠٤
٢-٢ فینۆمینۆلۆجیاو بازنەی تەئویل...............................................................................١٠٨
٢-٣ ئیپستیمۆلۆجیای تەئویلو ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتن...............................................١١٣
٢-٣-١ لە فینۆمینۆلۆجیاوە بۆ ئەنتۆلۆجیا.................................................................١١٤
٢-٣-٢ لە ئەنتۆلۆجیاوە بۆ هیرمینۆتیك...................................................................١١٥
٢-٤ مەبەستو نیازی شاعیر .......................................................................................١٢٠
٢-٤-١ چۆن لە مەبەستو نیازی (مەحوی) تێ بگەین؟......................................................١٢٤
٢-٥ تەوەرەی دووەم:ئیپستمۆلۆجیای تەئویلو ئەزموونی ژیان........................................١٣٠
٢-٦ ئەزموونی گەڕان بەدوای ئازادیی لای مەحویو ئاڵۆزی لای لێكدەرەوە.........................١٣٣
٢-٦-١ بوونو ئازادیو تایبەتمەندیی مەحوی.................................................................١٣٤
٢-٦-٢ ئازادی لە نێوان قەلەقو گوماندا........................................................................١٣٧
٢-٦-٣ ئازادی لە لۆجیك داو كێشەی بوونو عەدەم.........................................................١٤٠
٢-٧ بوارەكانی ئازادی...................................................................................................١٤٣
٢-٧-١  بوون لە عەدەمو عەدەم لە بوون دا...................................................................١٤٤
٢-٧-٢ فەنابوونو ئازادبوون لە عەدەم...........................................................................١٤٨
٢-٨ ئیكسیری سۆفیگەریو فەلسەفەی فەنابوون..............................................................١٥٤
٢-٩ جێگرەوەكانی ماددەو میعراجی فەنای سۆفی............................................................١٥٧
٢-١٠ مردن لە نێوان هەڵبژاردنو ناچاریدا........................................................................١٦٢

٢-١٠-١ بەرەو پیری مردن چوون، بنەمایەکی ئازادبوونو میعراجی سۆفیانە.......................... ١٦٧
٢-١٠-٢ بەرەو کوشتن چوون، مردنێکی بەحەز....................................................... ١٧٠
٣-١بەشی سێیەم: هیرمینۆتیکای سیمیۆلۆجیا (بنەماو ئیشکالییەت)................................ ٢٨٧-١٧٣
٣-١-١ تەوەرەی یەکەم: سیمیۆلۆجیا وەك کەرەستەیەکی هیڕمینۆتیکا.................................. ١٧٣
٣-١-٢ خودێتیو دەرکەوتەکانی لە شیعری مەحوی دا.................................................. ١٧٥
٣-١-٣ مەحوی لە نێوان منی سۆفییانەو خودبینیو منی شیعریدا.................................. ١٧٧
٣-١-٤ منو ئەوانی تر لە نێوان رەگەزی غەزەلو کەرەستەی سۆفییانەدا.................................. ١٨٧
٣-١-٥ دەلالەتی منو ئەوانی تر، لەبۆتەی رەوانبێژیو سیمیۆلۆجیاوە بۆ هیرمینتۆتیکا.................... ١٨٩
٣-١-٥-١ سەفەر....................................................................... ١٩٢
٣-١-٥-٢ حەق....................................................................... ١٩٥
٣-١-٥-٢-١ حەقو مەحویو وەرگر.......................................................... ١٩٧
٣-١-٥-٣ سێبەرو هەتاو.................................................................. ٢٠١
٣-١-٥-٤ عیشق و عەقڵ ................................................................. ٢٠٥
٣-١-٥-٥ ئاوو ئاگر..................................................................... ٢٠٨
٣-١-٥-٦ راوچیو نێچیر.................................................................. ٢٠٩
٣-١-٥-٧ بولبولو پەروانە................................................................. ٢١١
٣-٢ دەقئاوێزان intertextuality.......................................................... ٢١٣
٣-٣ هیڕمینۆتیکای سۆفییانە لەنێوان دەقئاوێزانیو بەرهەمهێنانی واتادا.................................. ٢١٧
٣-٤ شیعرییەتی شوێن لەنێوان دەقئاوێزانو هیرمینۆتیکادا........................................... ٢١٩
٣-٤-١ تەئویلی شوێن.................................................................. ٢١٩
**٣-٤-١-١**صەحرا........................................................................ ٢٢٠
**٣-٤-١-٢** شار....................................................................... ٢٢٢
**٣-٤-١-٣** وادی....................................................................... ٢٢٣
٣-٤-٢ ئەندامە شوێن................................................................... ٢٢٤
٣-٤-٢-١ خاڵ........................................................................ ٢٢٥
٣-٤-٢ -٢ خەتو روومەت................................................................ ٢٢٨
٣-٤-٢-٣ زوڵفو پەرچەم................................................................. ٢٣٠
٣-٤-٢-٣-١ پەرچەمو کاکۆڵ.............................................................. ٢٣٤
٣-٤-٢-٤ لێووچاو...................................................................... ٢٣٥
٣-٥ تەوەرەی دووەم: لۆجیكو سەرچاوەکانی کەرەستەی هیرمینۆتیك لای مەحوی........................ ٢٣٩
٣-٥-١ دەق لە نێوان لۆجیكو هیرمینۆتیکادا.................................................. ٢٣٩

٣-٥-٢ لۆجيك وەك يەكێك لە سەرچاوەكانى كەرەستەى هيرمينۆتيك لاى مەحوى.............٢٤٢
٣-٥-٢-١ وەحدەتو كەثرەت.............٢٤٢
٣-٥-٢-٢ زەرٍراتى وجود.............٢٤٥
٣-٥-٢-٣ جەوهەر.............٢٤٧
٣-٥-٢-٤ مەسئەلەى دەور.............٢٥٠
٣-٥-٢-٥جەمعى ضيد.............٢٥٢
٣-٥-٢-٦ قەزييەى مانع الجمع.............٢٥٣
٣-٥-٢-٧ شكو زەن.............٢٥٤
٣-٦تەوەرەى سێيەم: ئيشكالييەتى خوێندنەوەى هيرمينۆتيكىو گوتارى سۆفييانەى مەحوى.............٢٥٥
٣-٦-١ گوتارى سۆفيگەرىو پۆشينى واتا.............٢٥٧
٣-٦-٢ ئيشكالييەتى تەئويلكردنى شيعرى مەحوى.............٢٥٩
٣-٦-٣ ئيشكالييەتى تێگەيشتن لە شيعرى مەحوى دا.............٢٦١
٣-٧ هيرمينۆتيكاو ڕۆڵى لە زەلاندنى واتادا.............٢٦٢
٣-٨ بايەخى تەئويل لاى مەحوى.............٢٦٤
٣-٩ هيرمينۆتيكاو زاراوەكانى لە گوتارى شيعرى مەحوى دا.............٢٦٦
٣-١٠تێگەيشتنو هيرمينۆتيكاو فەلسەفە.............٢٧٢
٣-١١ ئاستەكانى دەربڕين لە شيعرى مەحويدا.............٢٧٤
٣-١٢ گەمەى واتا وەك كەرەستەيەك بۆ هيرمينۆتيك.............٢٧٦
٣-١٣ باطينو كێشەى تێگەيشتن.............٢٨٤
٣-١٤ئيشكالييەتى مەبەستدارى (القصدية)ى دەقو ڕۆڵى لێكدەرەوە (المؤول):.............٢٨٧
ئەنجام .............٢٨٩
بيبليۆگرافيا.............٢٩٥
پوختە بە زمانى عەرەبى.............٣٠٩
پوختە بە زمانى ئينگليزى.............٣١٠

# پێشەکی

هەر لەوساوەی نووسین پەیدابووە، وەك هەوڵێك بۆ تۆمارکردنی قسە، ئەو هەڵکەوتەی هەبووە، کە زۆرترین ماوە بمێنێتەوە، مانەوەشی بۆ کاتێکی زۆر، لە روانگەی خوێنەرەکانییەوە وایکردووە جۆری تێگەیشتن گۆڕانی بەسەردا بێ، ئەمە بەگشتی بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، کە کەم تا زۆر دەکەونە بەر ئەم جیاوازیی تێگەیشتنە. شیعریش وەك بەشێکی دیاری نێو ئەدەبیات، هەر بۆخۆی چنینەکەی وا بووە، بواری نائاساییبوونی واتای تێدا سەنگراوەتەوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی زۆرترین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێ، لەم بارەشدا لە رۆژهەلاتدا بیری ئاینی زۆرترین کاریگەری لەسەر ئەم جۆرە تێگەیشتنە هەبووە، بە هاتنی قورئانی پیرۆزو تێپەڕینی چەند سەدەیەك بەسەریدا، تێگەیشتن لە هەندێك لە بنەماکانی، گەنگەشەیەکی زۆری ناوەتەوە، کە دواتر خۆی لە پەیدابوونی چەندین پێڕو تاقمی جیاواز بینییەوە، کە تێگەیشتنی خۆیان دەکردە بنەمای چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەقەکە. هەر لە سەروبەندی لە هەڵبەزدابوونی ئەم تێگەیشتنانە، رەوتی سۆفیگەریش تێگەیشتنی تایبەتی خۆی راگەیاندو لەناو هەموو رەوتەکاندا زۆرترین پشکی لەو بارەوە بەردەکەوێ، بەلام دواتر بەهۆی ئەوەی، کە نەیانتوانی لە روانینە تایبەتەکانییان بۆ قورئانی پیرۆز بەردەوام بن، ناچار ئەم تێگەیشتنەی خۆیان لە چوارچێوەی شیعردا بەرجەستە کرد. لەلای ئەوان بنەمای لێکدانەوەو تەئویلکردنی دەق گەیشتە چلەپۆپە، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەگەر دەقی شیعری بە تێپەڕبوونی کات خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێ، ئەوا دەقی شیعری سۆفییانە رێژەی جیاوازییەکەی زۆرتر دەبێ، بەو پێیەی زیاتر لە بۆتەی رەمزو هەندێ نیشانەو هێمای تایبەت بەخۆیان خولاونەتەوەو دواندنی رۆح و دەروونە بە شێوەیەك ئەوەی شارەزای بازاڕی ئەوان نەبێ، ناتوانێ زۆرترین واتای لێ هەڵبکرێنێ.

**ناوونیشانی توێژینەوەکە :**

(**هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی***)، ناوونیشانی ئەم توێژینەوەیە، کە هەوڵ دەدات لە چەند رەهەندی جیاوازەوە چەند لایەنێکی شیعرە کوردییەکانی مەحوی بخاتە بەر خوێندنەوەیەکی هێرمینۆتیکیانە، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی زۆرترین کاریگەری سۆفیگەرییان لەسەرەو زۆرترین خوێندنەوەو تێگەیشتن هەڵدەگرن و ئەو گرێ و ئالۆزییانەی، کە لەبەردەم تێگەیشتنی ئاساییبن، بیانکاتەوە. ئەمەش وە نەبێ هەموو لایەنەکان خرابنە روو، لە سۆنگەی ئەوەی بەهۆی هێرمینۆتیکەوە دەتوانرێ کۆدەنگییەك لە تەواوی دیوانەکە هەڵبهێنجرێ، بۆ ئەوەی ستراتیژییەتی لێکدانەوەکە خۆی بەدەستەوە بدات و بتوانرێ زۆرترین واتا بەدەست بهێنرێ و دەق لەسەر تاك واتایەك گاڵە نەدرێ.

---

* مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی ناسراو بە مەحوی (١٨٣١– ١٩٠٦ز)، لە سلێمانی لەدایك بووە، وێڕای خوێندنی لەلای باوکی، لە سنەو سابلاخ و بەغداش خوێندویەتی. لە بەغدا لای موفتی زەهاوی، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. دواتر دەگەڕێتەوە سلێمانی و تا مردنی لە خانەقاکەی خۆی لە دەرسگوتنەوەو کاروباری ئایینی بەردەوام بووە. دیوانێکی شیعری بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی هەیە. دیوانی مەحوی، لا٥–٧.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە :**

**بێگومان لەپشت هەڵبژاردنی هەر بابەتێك بۆ توێژینەوە، کۆمەڵێك هۆکار هەن، گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە پاڵنەر بوون بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بریتی بوون لە:**

**- دەگمەنی، یان نەبوونی توێژینەوەی تایبەت بە بواری هێرمینۆتیك، بەتایبەتیش بۆ دەقی شیعری ئەو شاعیرانەی، کە زۆرترین توێژینەوەی ئەکادیمییان لەبارەوە ئەنجامدراوە* . هەموو ئەو هەوڵانەی لە رەخنەی کوردیدا کە بە کەمی قسەیان لەوبارەوە کردووە، ئەوەی کە کراویشە تایبەت نەبووەو لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ترەوە بووە** .**

**- بە چاوی ئێستایی سەیرکردنی دەقی رابردووو خوێندنەوەیان، بێ ئەوەی رەچاوی بنەمای نووسینی دەقەکە بکەن، ئەمە وایکردووە، بە بێ خوێندنەوەی هێرمینۆتیکی بۆ ئەم دەقانە، ستراتیژییەتی تێگەیشتن بۆ دەقەکانی رابردوو بگۆڕێن و وەرگر بە ئاراستەیەکی دیکە واتایان لێ هەڵبکرێنێ، ئەمەش لە شیعری کلاسیکی بەگشتی و شیعری تامو بۆنی سۆفییانە بەتایبەتی دەبینرێ. تەئویلکردنی ئەم دەقانە هەوڵێکە بۆ نزیککردنەوەی وەرگر لە مەبەستی سەرەکی و واتای نزیك لە واتای راستەقینەی دەق.**

**بە بێ پشت بەستن بە بنەماکانی هێرمینۆتیك و رەچاوکردنی سروشتی شیعرەکانی شاعیر، زۆر جاران بەهۆی هێنانی تیۆرێکی دەرەکی، کە دەقەکانیان پێ لە قالب دەدرێ، وای کردووە ستراتیژییەتی مەبەستی دەق گۆڕانی بەسەردابێ و زۆرجارانیش حەزو ئایدۆلۆجیای رەخنەگر حوکمی خوێندنەوەی بەسەر دەقەکەدا کردووە، بێ ئەوەی پەنا بۆ جەوهەری کردنەوەی گرێ و ئاڵۆزییەکانی دەق لە مێژووی گوتاری سۆفییانە ببردرێ، کە لەبارترین مەیدانە بۆ ئەوەی لایەنە شاردراوەکانی دەقی تێدا بخرێتە روو، بۆیە شاعیرێکی وەك مەحوی، هەڵدەگرێ لە زۆر رەهەندەوە لێی بکۆڵدرێتەوە، بەڵام ئەوەندەی میکانیزمی خوێندنەوە، گرێ کوێرەکانی بەردەم تێگەیشتن دەکاتەوە، ئەوەندە تەماشاکردنی دەقەکە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، بڕی تێگەیشتن ناشکێنێ.**

**هەڵبژاردنی شیعری مەحویش وەك کەرەستەی شیعری بۆ بنەماکانی هیرمینۆتیك، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەناو دەقی شیعریدا بەگشتی، دەقی سۆفییانە هەڵکەوتەکەی وایەو وەها چنراوە، کە بەهۆی**

---

* بۆ نموونە (مەحوی) وێڕای لێکۆڵینەوەکانی دەرەوەی زانکۆ، نزیکەی دە نامەی ماستەرو دکتۆرای لەسەر نووسراوە.

** لە سەروبەندی تەواوبوونی ئەم تێزەدا، دکتۆرانامەیەك لە زانکۆی سۆران لەژێر ناوی (خاندنەکا هیرمینۆتیکی بۆ قەسیدا "هن دبەر قالوا بلی"یا مەلایێ جزیری)ی قوتابی حوسێن ئوسمان، گفتوگۆ کرا، ئەمە تا ئێستا بە یەکەم لێکۆڵینەوە دادەنرێ، کە تایبەت بێ بە هیرمینۆتیك، ئەگەرچی ئێمە تێبینیمان لەسەرئەو تێزە ئەوەیە، وەرگرتنی تەنیا قەسیدەیەك، نابێتە بنەمایەکی دروست بۆ ئەوەی لە تەواوی دیوانەکە تێبگەین و مەرج نییە تەنیا دەقێك ببێتە ناسنامەی شاعیرەکە، بۆیە خۆبەستنەوە بە تەنیا یەك دەق و یەك تیۆر، دەبێتە هۆی ئەوەی بە زۆر تیۆرێکی بەسەردا بچەسپێنرێ، چونکە رەنگە هەندێك بنەما، کە دەبنە کەرەستەی هێرمینۆتیك، لە دەقەکانی تر خۆیان شاردبێتەوە. لە رووی تیۆرییەوەش وێڕای کتێبی وەرگێردراو بۆ کوردی لە بابەت هیرمینۆتیکا، ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین تەنیا کتێبێك تا ئێستا لەو بارەوە بە کوردی نووسراوە بە ناوی (هیرمینۆتیکا) لە نووسینی سالار عوسمان، چاپخانەی خانی، دهۆك،٢٠١١ ). ناوەڕۆکەکەی باسکردنە لە هیرمینۆتیك وقۆناغەکانی و رابەرەکانی، بێ ئەوەی لەسەر شیعری کوردی پراکتیك بکرێ.

لە ساڵی ٢٠٠٩شدا ئەرخەوان محەمەد عوبێد، ماستەرنامەکەی بەناوی (ئاوێتەبوون و لێکدانەوە- نالی بە نموونە-) بوو، ئەم نامەیەش هەوڵێکی دیکەیە بۆ ئەم جۆرە بابەتانە لەناو رەخنەی کوردیدا، بەڵام ئەویش زیاتر وابەستەی تیۆرەکانی وەرگرتن بووەو زۆر بە دەگمەنی بەرەو هێرمینۆتیك چووە. وێڕای ئەمە ئەزموونی نالی و مەحویش لەبارەی گوتارو چنینی دەقدا جیاوازن.

پەیڕەوکردنی بنەماکانی سۆفیگەری بە ڕەمزو نیشانەکانییەوە، زۆرترین دەرفەتی لێکدانەوەی جیاوازی هەبێ‌و بەهۆی ئەوەش هەر لە بنەڕەتەوە لێکدانەوەو تەئویل بنەمای سەرەکی کارەکانی ئەوان بووە، بۆیە شیعرەکانی مەحوی بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆی لە شێوە ئاخاوتنی کرمانجی ناوەڕاست، زۆرترین تەئویل هەڵدەگرن* .

**سنووری توێژینەوەکە :**

سنووری توێژینەوەکە تەنیا شیعرە کوردییەکانی ناو دیوانی مەحوی دەگرێتەوە، ئەمە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە، کە بە تەنیا وەرگرتنی شیعرە کوردییەکان، سروشتی چۆنیەتی چنینی گوتاری سۆفییانە لەناو زمانەکە دەردەخات‌و تەئویلکردنی دەق بە زمانی کوردی‌و تایبەتمەندییەکانی چنینی دەق بەو زمانەو چۆنیەتی خۆبەدەستەوەدانی بۆ وەرگر دەستنیشان دەکات.

**میتۆدی توێژینەوەکە :**

هەڵکەوتەی کارکردن لەم توێژینەوەیەدا وایە، بە ڕەچاوکردنی سروشتی شیعرەکانی مەحوی، چەند میتۆدێك سوودیان لێ وەرگیراوە، بەتایبەتی میتۆدەکانی دوای بونیادگەری، ئەو میتۆدانەی کە وەك میکانیزم‌و ڕێگایەك بۆ خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی دەقەکانی مەحوی بەکارهاتوون، لەو نێوەندەشدا بە گوێرەی پێویستبوون میتۆدی تەئویلی ئیسلامی‌و هێرمینۆتیك‌و فینۆمینۆلۆجیای ئەڵمانی‌و سیمیۆلۆجیاو تیۆری وەرگرتنی قوتابخانەی ئەڵمانی بە هەند وەرگیراوە. لە سۆنگەی ئەوەی بابەتەکە ئەوە دەخوازێ، کە زۆرترین هێڵە گشتییەکانی خوێندنەوە ڕەچاو بکرێن، بۆیە توێژینەوەکە بە تەنیا خۆی بە میتۆدێك وابەستە نەکردووە، کە میتۆدەکە قەڵەمڕەوی هەموو جووڵەی کارکردنەکە بێ، بەڵکو تەنیا سوود لەو لایەنانەی میتۆدەکان وەرگیراوە، کە لەگەڵ جۆری خوێندنەوەی سرووشتی دەقەکە دێنەوە. لەبەرئەوە پشت بەستن بە میتۆدەکان تەنیا بۆ پاڵپشتی‌و وەك میکانیزم‌و ئامرازێکە بۆ دۆزینەوەی دیوە شاردراوەکانی دەق، بۆیە هەوڵدراوە بە ئاگاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ.

---

* ئەگەرچی تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆیی، تایبەت بۆ لایەنی هێرمینۆتیك لە شیعرەکانی مەحوی نەنووسراوە، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی بابەتی هێرمینۆتیك سنوورێکی فراوانی هەیەو دەشێ لە لێکۆڵینەوەکانی تر کەم تا زۆرو لە سووچێك لە سووچەکاندا لەگەڵ هێرمینۆتیك تێك بکەنەوە، بۆیە ئەگەرچی لەسەر میتۆدێکی تەواو هێرمینۆتیکیانە نەڕۆیشتوونە، بەڵام ناکرێ لە هەوڵەکانی بەرەو تەئویلکردنی شیعری مەحوی، نایدە بگیرێن. ئەوانیش بە ریزبەندی نزیکییان لە خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیانە بریتین لە:

– مەحوی لەنێوان زاهیرییەت‌و باتینییەت‌و سەرچاوەکانی عیشق‌و وێنەی مەعشووقدا، ئەحمەدی مەلا، (نامەی دکتۆرا)، فەرەنسا.

– بوون لە شیعری مەحویدا، محەمەد ئەمین عبداللە، کۆلێژی زمان زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨.

– مەعریفەو حەقیقەت لەنێوان فەلسەفەو عیرفان لە شیعرەکانی مەحویدا، سیروان جەبار ئەمین (نامەی دکتۆرا)، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٠.

– سۆفیگەری، شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، بڵاوکراوەی دەزگای موکریانی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠١.

–ڕەنگدانەوەی کەسێتی‌و دونیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی‌و فارسیدا بەتایبەت لای مەحوی‌و حافزی شیرازی، سەبور عەبدولکەریم (شکار)، چاپ‌و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩.

–فەلسەفەی ژیان لە شیعری مەحوی دا، طالب ابوبکر طاهر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١ز.

ئەمە وێڕای چەندین نامەی تری ئەکادیمی، کە لە ڕەهەندی ترەوە لە شیعرەکانی مەحوییان کۆڵیوەتەوەو بەرهەمەکانی دوو فیستیڤاڵی تایبەت بە مەحوی‌و چەندین کتێب‌و لێکۆڵینەوەی دەرەوەی زانکۆ، بە ئەندازەی خۆیان لە شیعرەکان دواون.

## گیروگرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە :

بێگومان سرووشتی توێژینەوە وایە، کەم تا زۆر تووشی گیروگرفت دەبێ، گرنگترین ئەو گرفتانەی هاتنە بەردەم ئەم توێژینەوەیە بریتی بوون لە:

-زۆری زاراوەکان و سەختی پاچڤەکردنیان بۆ کوردی، بەتایبەتی لەوەدا کە ئەو زاراوانەی لە دەوروبەری هێرمینۆتیك و تەئویل کۆدەبنەوە لە (لێکدانەوەو شیکردنەوەو روونکردنەوەو شەرحکردن و....هتد) لەناو مەیدانی توێژینەوەی کوردیدا کەم قسەیان لەبارەوە کراوە، بۆیە کۆدەنگییەك نییە بۆ جیاکردنەوەی ئەم چەمکانە لەیەکتریو یەکبوونی پاچڤەکردنەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

-دەگمەنی سەرچاوەی سەرەکی تایبەت بە هێرمینۆتیکا لە کتێبخانەی کوردیدا، پاشان نەبوونی هیچ توێژینەوەیەك بە پشت بەستن بەو میتۆدانەی ئێمە بەکارمان هێناون، بۆ شیعری هیچ شاعیرێکی کورد، کە ئەمەش وایکرد سرووشتی توێژینەوەکە زۆر بە سەختی خۆی نیشان بدات.

## پرۆگرامی توێژینەوەکە :

توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و سێ بەش پێك دێت. لە دەروازەدا باس لە زاراوەی هێرمینۆتیك لە کۆن و نوێداو مێژووی سەرهەڵدانی کراوە، هەروەها جیاوازی نێوان تەئویلی ئیسلامیو هێرمینۆتیك خراوەتە روو، پاشان پەیوەندی هێرمینۆتیك لەگەڵ هەریەکە لە ئیستێتیك و رەوانبێژی روون کراوەتەوە، دواتر لە چەرخی نوێدا پەیوەندی بە میتۆدەکانی دوای بونیادگەریو چۆنیەتی گونجانی لەگەڵ چەمکەکانی تر باسکراوە.

بەشی یەکەمیش تایبەتکراوە بە (دەق لەنێوان چێژو هێرمینۆتیکادا)، تێیدا دابەشی سەر دوو تەوەر کراوە، لە تەوەری یەکەمیاندا غەزەل وەك بنەمایەکی سۆفیگەریو هیرمینۆتیك باسی لێوەکراوە، لەوێدا پرسی خۆشەویستیو عیشق وەك بنەمایەکی چێژ بۆ وەرگرو هەروەها هەڵگری لێکدانەوەی جیاواز تەماشاکراوەو لە هەریەکە لە عیشق و نێرینەتی دەق و مێینەتی دەق خۆی بەرجەستە کردووە، پاشان رەگەزی ئافرەت و هێرمینۆتیکاو خودی مەحوی شاعیر لەنێوان میراتی عیشقی زەمینیو ئاسمانیداو پەیوەندی عیشق و مەحەببەت و چەمکەکانی تری وەك نارو نوورو جەمالی خودایی و جەمالی مرۆڤو پەیوەندی عیشق بە بنەماکانی جەلال و جەمال و کەمال باسی لێوەکراوە. هەرچی تەوەرەی دووەمە بۆ مەی وەك میراتێکی سۆفییانە لە شیعری مەحوی تەرخانکراوە، تێیدا باس لە مەی قورئانیو مەی ئەهلی کەماڵ و ئیشکالییەتەکانی تەئویلی وشەکە لەناو دەقداو، هۆکارەکانی بەکارهێنانی لەلایەن شاعیرو پەیوەندی وشەکە بە هەریەکە لە خوداو یارو ساقیو نەیو سیماکانی مەی مەعنەوی لە لای مەحوی لێی کۆڵدراوەتەوە.

بەشی دووەم کە بە ناوی (هێرمینۆتیکای فینۆمینۆلۆجیا)یە، هەوڵدراوە فینۆمینۆلۆجیا ببێتە کەرەستەو ئامرازی هێرمینۆتیك و لەو نێوەندەشدا بەشەکە دابەشی سەر دوو تەوەر کراوە. لە تەوەری یەکەمدا باس لە هێرمینۆتیك و چەمکەکانی ترو پەیوەندی لەگەڵ مەبەستداریدا وەك بنەمایەکی فینۆمینۆلۆجیاو لەو بارەوە پەیوەندی فینۆمینۆلۆجیا بە بازنەکانی هێرمینۆتیك و ئەنتۆلۆجیاو

ئیپستمۆلۆجیاو مەبەستو نیازی دەقنووس، لەوەشدا میکانیزمی چۆنیەتی تێگەیشتن لە مەبەستی مەحوی، خراوەتە روو. هەرچی تەوەرەی دووەمە، باس لە ئیپستمۆلۆجیای تەئویلو ئەزموونی ژیان کراوە، تێیدا تیشك خراوەتە سەر گەڕان بەدوای ئازادیو ئەزموونی ژیان لای مەحویو لەو نێوەندەدا باس لە بنەماکانی وجودو عەدەمو ئازادی لەنێوان لۆجیكو قەلەقو گوماندا کراوەو پاشان بوارەکانی ئازادیو تەئویلی بەرەو مردن چوونو بەرەو کوشتن چوونی شاعیر روونکراوەتەوە.

بەشی سێیەم بۆ (هێرمینۆتیکای سیمیۆلۆجیا –بنەماو ئیشکالییەت–) تەرخانکراوەو خۆی لە سێ تەوەرەدا دەبینێتەوە: لە تەوەری یەکەمدا سیمیۆلۆجیا وەك کەرەستەیەکی هیرمینۆتیکاو لەنێویشیدا خودێتیو دەرکەوتەکانی لای مەحوی خراوەتە روو، لەوەشدا منی سۆفییانەو منی بالاو منی شیعری، کە ئەمەش لەنێوان رەگەزی غەزەلبوونو کەرەستەی سۆفییانە خۆی دەنوێنێت، خراوەتە روو. لەم بارەوە هەندێ دال هەن، کە ئەگەر لە بۆتەی رەوانبێژیو سیمیۆلۆجیاوە سەیربکرێنو پاشان بەهۆی تەئویلەوە جارێکی تر بخوێنرێنەوە، ئەوا بەشێك لە گرێ کوێرەکانی واتا دەبێتەوە، وەك سەفەرو حەقو عیشقو عەقڵو ئاوو ئاگرو سێبەرو هەتاوو راوچیو نێچیرو بولبولو پەروانە....هتد. هەر لەم تەوەرەدا دەقئاوێزان وەك کلیلی تەئویلبوونو لەنێویشیدا رۆڵی هێرمینۆتیکای شیعرییەتی شوێن وەك رێگایەك بۆ تەئویل بوون خراوەتە روو.

تەوەری دووەمیش بۆ لۆجیك وەك کەرەستەیەکی هێرمینۆتیك، تایبەتکراوە. کە بەلای وەرگرەوە بەگشتی دەبێتە یەکێ لە بنەمایەکان، بۆ ئەوەی زووتر کردەکە هەرس بکرێ، بۆیە چەند زاراوەیەکی لۆجیکی باسکراون، کە مەحوی بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوونو وشەکان بە باری سیمیۆلۆجیا تێپەڕ دەبن، ئەنجا هێرمینۆتیك دەیکاتە کاری بەردەمی خۆی. هەرچی تەوەری کۆتاییە لە چەند بابەتێکدا بە گشتی لە ئیشکالییەتەکانی گوتاری شیعری سۆفییانەی مەحویو ئەو بەربەستانەی دێنە بەردەم کردەکە لە زۆر لە رووەکانەوە باس کراوە.

لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێك خراوەتە روو، پاشان لیستی سەرچاوەکان بە شێوەی هیجایی ریزکراون.

## دوو تێبینیی پێویست

- لەم توێژینەوەیەدا بۆ ئاماژەکردن بە سەرچاوە، سیستەمی پەراوێز بەکارهێنراوە، بەڵام چونکە کەرەستەی سەرەکیی توێژینەوەکە دیوانی مەحوییە، بۆیە لەبەر زۆر دووبارەبوونەوەی ئەم سەرچاوەیە، لەکاتی هێنانەوەی هەر دێرە شیعرێکی ناو دیوانی مەحوی، لە کۆتایی دێرەکەدا، ئاماژە تەنیا بە لاپەڕەکە کراوەو پەراوێزمان بۆ دانەناوە.
- هێرمینۆتیك وشەیەکە وەکو ناو خۆی دەرخستووەو لە زمانی کوردیدا بۆ کردارو چاوگ پۆلێن نەکراوە، بۆیە لە باتی ئەوەی بنووسین خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیمان بۆ ئەم دەقە کردووە، بۆ کورت دەربڕین نووسیومانە: تەئویلکردن، چونکە وشەی تەئویل لە زمانی کوردیدا دەکرێتە کردارو چاوگ.

## دەروازە

### ١-٠ هێرمینۆتیکا چییە؟

#### ١-١-٠ سەرەتایەك بۆ زاراوەکە:

ئەگەر بۆ بنەمای مێژوویی بگەڕێینەوە، ئەوا وشەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لەناو زۆربەی زمانەکاندا وشەی نزیك لە خۆی دروست کردووە، ئەم گۆڕانکارییەش لە چوارچێوەی پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەق دەرنەچووە، بەڵکو هەر لەو جوغزە ماوەتەوە، لەبەرئەوە ئەگەر لەناو بنەما رەخنەییەکاندا گریکەکان پێشەنگی سازاندنی چەمکەکان بن، ئەوا (سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن وشەکە کۆنەو گریکەکان "بە کەمی و دەگمەنی" بەکاریان هێناوە، ئەرستۆ* ناوی لە یەکێك لە نامەکانی ناوە بەشی راڤەکردن peri hermencias، بۆ بنەچەی دروستبوونی وشەکەش دوو بۆچوون هەیە، یەکەمیان پێی وایە زاراوەی هێرمینۆتیکا لە کرداری گریکی hermeneuein هاتووە، کە بە واتای to interpret لێکدەدرێتەوەیەو ئاماژە بە بواری عەقڵی دەدا، کە بە لێکدانەوەی دەربڕینە مرۆڤایەتییەکان بەندیوارە. بۆچوونەکەی تر پێی وایە وشەکە پەیوەستە بە ناوی هرمس** hermes پەیامهێنی خوداوەند، کە هەڵگری پەیامە لە خواوەندەوە بۆ مرۆڤ، واتە لە ئاستێکی تێگەیشتنی بەرزەوە بۆ ئاستی تێگەیشتنی نزم، ئەمەش خۆی لە پردێك دەنوێنێ لە نێوان بیرکردنەوەی خودایی و بیرکردنەوەی مرۆڤی)[١]. ئەمە لە چوارچێوەی خۆی فراوانتر بوو، چووە ناو ئەفسانەکانیشەوە، لەو بارەوە لە ئەفسانەکانی گریکیشدا، هرمس پەیامەکانی زۆربەی رەمزی خودایان بوو، تەئویل دەکرا و هەتا وای لێهات تەئویلکردنی دەقی پیرۆزیشی گرتەوە.[٢]

ئەم پەیامی خوداوەندانە، کە بۆ سەر زەوی دەگوازرانەوە وای لێ دەفامرێتەوە، کە تەئویلیش هەوڵێك بێ، بۆ دەربڕینی هێزی پەنهانی/ غەیبی خواوەند، کە بە رەمزەوە گوزارشتی لێ دەکرا، بۆیە زاراوەی فەلسەفی hermeneus وەرگێران، یان گواستنەوە، یان روونکردنەوەیەکی ئازاد بوو لە دەرککردنی مەبەستی راستەقینەی دەربڕینە گۆکراوەکان، لەسەر لێکدەرەوە، یان وەرگێڕیش پێویست بوو، کە

---

* ئەرستۆ، ئەرستۆتالیسAristote (٣٨٤-٣٢٢پ. ن) فەیلەسوفێکی گریکییە، مامۆستای ئەسکەندەر بووە، لە بیرمەندە مەزنەکانی مرۆڤایەتی دادەنرێ، لە دانراوەکانی (گوتەکان، جەدەل، گوتارناسی، هونەری شیعر، میتافیزیکا، سیاسەت، دەروون...) المنجد في الاعلام، مجموعة من الكتاب، الطبعة الثانية، (؟)، ص٣٤.

** هرمس خوداوەندێکی یۆنانی- رۆمییەکان بوو، لە ئەفسانە کۆنەکاندا وا خراوەتە روو، کە کوڕی زیۆس/ ژۆپیتەر بووەو نێردراو، یان پەیامهێنی خودایان بووەو هەواڵی رۆحی مردووانی بۆ جیهانی زیندووان هێناوەتەوەو یۆنانییەکان ئەو بە خودای باڵدارو بە داهێنەری ئەلف بێ و موزیك و ژیمناستیك...هتد، ی دادەنێن. هرمس کەسایەتییەکی فرە روو بووە، لەلای رۆژهەڵاتییەکان بە هرمسی توت ناونراوە، کەسایەتییەکی بابلی، یان میسرییە. هەندێکیش وای بۆ دەچن، کە پاشایەکی سۆمەرییەکان بووەو ناوی (ئنسیازی) یان (ئیڤیدۆراکسیس)بووە، کە فەرمانڕەوای شاری سەباری کردووە لە پێش تۆفان. هەندێکی تر پێیان وا بووە ئیدریس پێغەمبەر بووە. بۆ زیاتر زانیاری لەو بارەوە بڕوانە: فرهنگ اساطیر یونان و رم، ژوئل اسمیت، ترجمه شهلا برادران خسرو شاهی، انتشارات روزبهان، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٧ص٣٧٣-٣٧٤. هەروەها التأويل والترجمة- مقاربات لآليات الفهم والتفسير، تأليف جماعي، اشراف: د. ابراهيم احمد، منشورات الاختلاف، الجزائر، الطبعة الاولى،٢٠٠٩ ص٢١٣

١- هرمينوطيقا الشعر العربي، نحو نظرية هيرمنيوطيقية في الشعرية، د. يوسف اسكندر، سلسلة أكاديميون جدد وسلسلة الفكر العراقي الجديد، الطبعة الثانية، بغداد، ٢٠٠٩، ص١٢

٢- هرمنوتيك مدرن گزينەی جستارها، فريدريك نيچە...{و ديگران}، ترجمەی بابك احمدی...{وديگران} نشر مركز،چاپ هشتم، تهران، ١٣٨٩، ص٩

دەیەویست زمانێکی تایبەت بسازێنێ، هونەری گەیاندنی ئیلاهی بە دەربڕینەکە ببەخشێ. لەوەشدا سێ تەوژم بۆ تەئویل هەبوون، کە گوزارشت لە واتای شاردراوە بکاتو بۆ مرۆڤ بگوازرێتەوەو رۆڵی نێوەندگیر لە نێوان ئیرادەی نادیار (غەیبی)و مرۆڤەکە ببینێ، ئەوانیش:

١-گوتەو دەربڕین to say لە میانی گوزارشتکردن بە هۆی وشەوە: ئەمە یەکەمین روانگە بوو، کە تێیدا دەربڕینی: گوزارشتی لێ دەکا expeser، یان رەوان دەری دەبڕێ assert، یان دەڵێ say، لەخۆدەگرێت، ئەمەش بە ئەرکی گوتنی هرمسەوە پەیوەستە، بەوەی سەر بە کارەکانی راڤەکردن (التفسیر)ە، بەڵام هرمس لەنێوان خوداوەندو مرۆڤ نێوەندگیرە، مرۆڤیش راڤەکارە، بۆیە پێش هرمس وتەکان نەگوتراو بوون، تەنیا لە رێگای ئیلهامەوە بوو.

٢-روونکردنەوە to explan، وەك روونکردنەوەی هەڵوێستێك: ئەم ئاڕاستەیەی هێرمینۆتیك بە واتای روون دەکاتەوە، یان راڤەی دەکا hermeneuein، بەو واتایەی وشەکان تەنیا گوتە نین بۆ شتێك، بەڵکو شتەکە روونیش دەکەنەوەو وای لێدەکەن شیاو بێت. زۆر جاران مرۆڤ هەڵوێستێك دەنوێنێ، بێ ئەوەی روونکردنەوە بدا، بۆیە تەعبیرو روون کردنەوە، دوو شێوەی راڤەکردنن. لە هێرمینۆتیکاشدا بواری پێش تێگەیشتن هەیە، زۆریش بۆ تێگەیشتن پێویستە، چونکە تێگەیشتنی دەق تەواو نابێت تا لەو میانەدا تێگەیشتنی پێشوەخت بۆ بابەتەکە نەسازێندرابێ.

٣-وەرگێڕان to translate وەك وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، کە شێوەیەك لە شێوەکانی کردەی راڤەکردنە تایبەت بە تێگەیشتن، لە میانیدا وەرگێر روانینی بۆ جیهان جۆرێکی تر دەبێتو رۆڵی نێوەندگیر لە نێوان دوو جیهانی جیاوازدا دەبینێ، وەك ئەرکی هرمس وایە، ئەمیش (وەرگێڕ) لەنێوان دەقو ئامرازەکانی بەکارهاتووی رێزمانو رستەسازیو مێژوویی... خۆی دەبینێتەوە. لەبەرئەوە لە زمانی گریکیدا وەرگێڕانو هێرمینۆتیك هەمان واتایان هەیە.[1]

ئەگەر بنچینەی کتێبی (پۆیەتیکا)ی (ئەرستۆ) لەسەر دەقی ئەدەبی بووبێت، بەو واتایەی لەسەر بنەمای دەقەکانی ئەلیادەو ئۆدێسای هۆمیرۆس ئەم کتێبە نووسرا بێت، ئەوا ئەرستۆو هەموو ئەوانەی قسەیان لەبارەی دەقەکانی هۆمیرۆس کردووە، بە وەرگر، یان لێکدەرەوە دادەنرێن، بە جۆرێك ئاسۆی تێگەیشتن لە کەسێك بۆ کەسێکی تر جیاواز بووە، ئەم جیاواز بوونە کێشەی نەناوەتەوە، ئەوەندەی گرنگییەکە لەوەدا بووە، کە کەسانێك هەن هەوڵی تێگەیشتنی دەق دەدەنو لەناو ئەو تێگەیشتنەشدا راڤەکردن دێتەکایەوە، کە راڤەکردنیش چوارچێوەکەی فراوانتر دەبێت، رەوانبێژیش، کە یاساو رێساکانی دەقە لەوەوە هەڵدەهێنجرێ، بۆیە (بۆ وشەکانیhermeneuein و hermeneia یەکێك لە واتاکانی سەردەمی گریکی کۆن بە راڤەی زارەکی بۆ هۆمیرۆسو دەقە کلاسیکییەکانی تر بەکارهاتو بە جۆرێك بە راڤەکاری هۆمیرۆسیان دەگوت hermenuts و واتایەکی دیکەش، کە روونکردنەوە بوو. (پالمەر) وای دەبینێ، کە پەیوەستە بە رەوانبێژی Rhetoric و ئەوسا بوارێکی فراوانتری لەوەی ئێستا هەبوو).[2]

---

١- بۆزیاتر زانیاریو تێگەیشتن لەم سێ خاڵە بروانە: قراءات في الخطاب الهرمنيوطيقي، الدكتور عامر عبد زيد، دار ابن النديم للنشر والتوزيع، الجزائر، ودار الروافد الثقافية- ناشرون، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠١٢، ص١١و١٢، هەروەها بروانە شعر فاضل العزاوي، مقاربة تأويلية، محمود خليف خضير، اطروحة دكتوراه، جامعة الموصل، كلية الاداب، ٢٠١١م، ص١٥.

٢- هرمنيوطيقا الشعر العربي، د.يوسف اسكندر،ص ١٣-١٤

لەبەرئەوە ناكرێ باس لە هێرمینۆتیكا بكرێ‌و ئەم پەرەسەندنەی مێژووش بۆ وشەكە فەرامۆش بكرێ، كە تێیدا هەر لە سەرەتاوە خۆی بە دەق و پرسی راڤەكردنەوە بەندیوار كردووە.

بە درێژایی مێژوو مامەڵەكردن لەگەڵ دەق بوونی هەبووە، بەڵام ئاراستەی وەرگر لە هەمبەر دەق ئاراستەیەكی سەربەخۆ نەبووە، واتا لە چوارچێوەی زاراوەیەكی سەربەخۆو وەك زانستێك تەماشا نەكراوە، لەبەرئەوە ئەم زاراوەیە (لە بنەڕەتدا زاراوەیەكی قوتابخانەی لاهووتی بووەو سەرەتا لە بازنەی لێكۆڵینەوە لاهوتییەكاندا بەكارهات بۆ ئاماژەدان بە كۆمەڵێك یاساو پێوەر، كە پێویست بوو راڤەكار بۆ تێگەیشتنی دەقی ئایینی (كتێبی پیرۆز) پەیڕەوی بكات، ئەم زاراوەیەش بۆ ئەم مەبەستە تا ساڵی ١٦٥٤ز و هەتا ئێستاش لە بیری پرۆتستانتی هەر بەردەوامە)[1]. چونكە ئەم دەقە ئایینیانە بە تێپەڕبوونی كات، خوێنەرەكانی خۆی لەدەست دەداو خۆیشی بە تەنیا دەمایەوەو لەم نێوەندەدا كردەی تێگەیشتن زۆر جاران دەپچڕا، یان پەكی دەكەوت. لەو بارەدا هەموو ئەو یاساو رێسایانەی، كە پێویست بوو وەك بنەمایەك‌و یاریدەدەرێك، كەسی راڤەكار پشتی پێ دەبەست، تا بتوانێ كتێبی پیرۆز شیبكاتەوەو بگاتە قوڵایی واتاكانی.

كەوابوو پێوەرو بنەمایەكە كۆڵەگەی هەرە سەرەكی رێڕەوو كردەی راڤەكردن (هێرمینۆتیكا)یە، نەك راڤەكردنێكی میزاجی‌و لەخۆوە. راستە چۆنیەتی تێگەیشتنی وەرگر (راڤەكار) رۆڵ دەبینێ، بەڵام بە بێ بوونی هەر بنەمایەك‌و پێوەرێك لە رێڕەوی كارەكە لادەدات‌و ئەوكات هەموو وەرگرەكان بە لێكدەرەوە (مۆول)و هەموو كەسێك خۆی لەگەڵ دەق دەگونجێنێ‌و زاراوەو چەمكە ئەدەبی‌و رەخنەییەكان لەكاردەكەون.

ئەم زاراوەیە لە چوارچێوەی كتێبی پیرۆزو دەقی ئایینی گەشەی كردو بەم گەشەكردنەی هەر تەنیا لەو چوارچێوەیە نەمایەوە، بەڵكو بووە زانستێكی گشتی بۆ تێگەیشتن‌و بووە میتۆدو رێبازێك بۆ راڤەی رووكاری زانستە مرۆڤایەتییەكان‌و دیاردە هونەری‌و ئەدەبییەكان. هەر لەو بارەوە (دەلثێ*) دەڵێت: (هێرمینۆتیكا بریتییە لە هونەری تەئویلی كارە ئەدەبییەكان، بەڵام لە رووی فەلسەفییەوە بریتییە لە هونەری تێگەیشتنی مرۆڤ بەو پێیەی بوونەوەرێكی مێژووییە)[2]. لێرەدا دەردەكەوێت ئەم چەمكە بە دوو ئاراستە كار دەكات، ئاراستەیەك، كە لە دەقە ئاینییەكان‌و دەقە ئەدەبیەكان خۆی دەنوێنێت‌و تەئویلی ئەمانە بە كاری خۆی دەزانێت، ئاراستەكەی تر لە رەهەندە فەلسەفییەكەوە لە خودی كردەی تێگەیشتن دەكۆڵێتەوە، كە مرۆڤ قەڵەمڕەوی تێگەیشتنەو جیا لە هەر بوونەوەرێكی تر تێگەیشتن دەبێتە موڵكی مرۆڤ‌و هونەری ئەم تێگەیشتنەش بە كاری هێرمینۆتیك حسێب دەكرێت.

---

١- هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، د.مليكة دحامينة، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق،٢٠٠٨، ص٤٢

* ولهێلم دەلثێ Wilhelm Dilthey(١٨٣٣- ١٩١١ز): فەیلەسووفی مێژووو ژیارو مێژوونووسی فەلسەفەیە، باوكی قەشەیەكی كڵێسای پرۆتستانت بوو، لە زانكۆی هیلدبرگ لاهووتی خوێندووە، دواتر چۆتە زانكۆی بەرلین‌و لەوێ گرنگی بە مێژووو فەلەسەفە دا. لە ساڵی ١٨٦٤ دكتۆرای بەدەست هێنا. لە ساڵی ١٨٦٦ز لە زانكۆی بازل-ی سویسرا وەك پرۆفیسۆر وانەی وتۆتەوە. سەرجەمی بەرهەمەكانی ئەم زانایە لە دوازدە بەرگ لە نێوان ساڵانی ١٩١٣-١٩٣٦ چاپ كراوە. موسوعة الفلسفة، د.عبدالرحمن بدوی، الجزء الاول، منشورات ذوی القربی، مطبعة سليمان زادة، قم، ايران، الطبعة الاولی ١٤٢٧هـ، ص٤٧٥-٤٧٧.

٢- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

هەتا ئێرە ئەم زاراوەیە لەبەر هەڵکەوتەکەی لە هەڵبەزو دابەز دابوو، دواتر وەك وشەکە (هێرمینۆتیکا) لە رووی واتاییەوە گواستنەوەیەکی واتایی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، کە دەتوانرێ بە هێرمینۆتیکای کردەیی بناسرێ، بەوەی پێشتر بەکارهێنانەکەی لە چوارچێوەی لاهووتی بوو، دواتر گۆڕدرا بۆ ئەوەی ببێتە زانست، یان وەك هونەرێك بۆ پرۆسەی تێگەیشتن و شرۆڤەی دەق بەکاربێت، ئەم گواستنەوەیەش بە خاوەندارێتی (شلایرماخر)* هاتە کایەوە، کە لە دوای ئەویش چەندین زانای تر سنووری ئەم زاراوەیان تەسکتر، یان فراوانتر کردو لە رووی شێوەو شێوازو بونیادی کارکردنەوە گۆڕانیان بەسەردا هێنا. ئەمە لە روانگە رۆژئاواییەکەوە بوو، کە بۆ ناساندنی زاراوەکە پێویست بوو رەگو ریشەو پەرەسەندنەکانی بخرێتە روو، جیهانی رۆژهەڵاتیش بەر لە (شلایرماخر)و نزیك لە سەرەتاکانی چزوورەکردنی ئەم چەمکەوە، پەرەسەندنی بۆ ئەم بابەتە بەخۆوە بینیوەو ناکرێ بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقێکی رۆژهەڵاتی میتۆدو رێبازی ئەوێ پشتگوێ بخرێ. لەو سۆنگەیەوە هەوڵ دەدەین بنەمایەکی هاوبەش بۆ هەردووکیان لە هەمبەر شیکردنەوەی دەق بدۆزینەوە.

## ٢-٠ تەئویلی ئیسلامی** و هێرمینۆتیکا

لە سۆنگەی ئەوەی لە کلتووری ئیسلامیدا وشەی (تەئویل) وەك زاراوەیەك خۆی بەرجەستە کردووەو لەناو رەخنەی تازەی رۆژهەڵاتیشدا، وشەی هێرمینۆتیك هەمدیس زاراوەیەکەو بەیەکەوە لە هەمبەر مامەڵەکردن لەگەڵ دەق و شیکردنەوەیدا بەکاردێن. پێویستە لە بنەچەو پەرەسەندنەکانی زاراوەی یەکەم بکۆڵینەوە، لەوەشدا بەرجەستەترین سەرچاوە لە رووی مێژووییەوە قورئانی پیرۆزە، کە ئەم وشەیەی بەکارهێناوەو هەر ئەمەشە دواتر پەرەی سەندووەو وەك زانستێك لەناو کایە مەعریفییەکەدا، خۆی نیشانداوە.

لەناو فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا وشەکە وا واتای لێدراوەتەوە، کە (تأویل) لە وشەکانی (أول، یؤول، تاویلا، أولا، ومالا رجع، وأول إلیه... رۆنانەکەی هاتووەو بە گەڕایەوە، دەگەڕێتەوە، گەڕانەوە بۆ ئەسڵی وشەکەو واتاکەی، یان مەبەستی وشەکە دێت)[1]. لەوەشدا ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، کە سەرەتای لەدایکبوونی وشەکەو واتای ئەوساو ئەو واتایەی، کە قسەکەرەکە مەبەستی بووە بە هەند هەڵگیراوە.

لەناو قورئانی پیرۆزداو لە چەندین شوێندا ئاماژە بەم وشەیە دراوە، کە بە چەند واتایەکی جیاواز دێت و هەمووشیان لە خاڵێکدا تێکدەکەنەوە، کە لێکدانەوەو هەڵکڕاندنی واتایە. واتایەك، کە دەست پێگەیشتنی سەخت و دژوار بێت، بە تایبەتیش قورئانی پیرۆز وەك دەقێکی ئایینی ئەم سەختییەی

---

* شلایر ماخر (١٧٦٨- ١٨٣٤ز)، لاهوتییەکی پرۆتستانتی بوو، زۆر هاوڕێی شڵیگڵ بووە، کاریگەری ناوبراوی لەبارەی تیۆری تەئویل لەسەر بووە، گرنگترین کارەکانی (گوتار لە ئایین دا١٧٩٩، قسەکانی دەروون ١٧٨١-١٨١٠، پلانێکی کورت بۆ لێکۆڵینەوە لە لاهووت ١٧٩٢- ١٨١١، بڕوای مەسیحی لە دوو بەرگدا١٨٠٢. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (مرجعیات القراءة والتأویل عند نصر حامد أبو زید، الیامین بن تومی، منشورات الاختلاف، دار الامان، الرباط الطبعة الاولی ٢٠١١، ص١٢١)

** ئێمە دەربڕینی تەئویلی ئیسلامی-مان لە دەربڕینی تەئویلی عارەبی لا راستترە، چونکە ئەوانەی ئەوسا لەبارەی تەئویلیان نووسیوە، هەموویان هەر عارەب نەبوون، بۆیە رەوتە زانستییەکە موڵکی هەموو گەلانی مسوڵمانی ناوچەکەیە، نەك تەنیا هەرعارەب.

١- لسان العرب، للامام العلامة ابن منظور، تحقیق: یاسر سلیمان أبو شادی، مجدی فتحی السید، الجزء الاول، المکتبة التوفیقیة، بدون سنة الطبع، ص٣٢٠

تێدایەو درەنگ خۆی بەدەستەوە دەدات، لەوەشدا خودا خۆی ئاماژەی بەم راستییە داوە، بەتایبەتی لە هاوشان لەگەڵ هاتنی وشەی (تأويل) دا، دوو پارچەی دەقی لە یەك جیا کردوونەتەوە، کە هەردووکیان بنچینەی پێکهاتەی قورئانن، کە دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٧﴾ ﴾ آل عمران: ٧ ، واتە: خوا ئەو زاتەیە کە کتێبی بۆ تۆ ناردووە، تێیاندایە ئایاتی موحکەمە، واتە واتاکەی روونو دیارە، کە بنەچەی قورئانن‌و تێیشیاندا هەیە وێکچوو موتەشابیهەو واتای جۆراوجۆری هەیەو بە ئاسانی نازاندرێن، جا ئەوانەی لە دڵیاندا خواری‌و لادان هەیەو حەز لە راستی ناکەن، ئەوانە پەیڕەوی ئەوئایەتانە دەکەن، کە واتای جۆراوجۆریان هەیە، بۆ ئەوەی فیتنەو ئاژاوە بنێنەوە، یان بۆ ئەوەی لێکدانەوەی هەڵەی بۆ هەڵبەستن. ئەمە لە کاتێکدایە لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە هەر خوا خۆی بە تەواوی دەیزانێت، جا ئەوانەی بە قووڵی لە زانستدا رۆچوون، دەڵێن: ئێمە بڕوامان بەو ئایەتانە هەیەو هەمووی لەلایەن خواوە بۆمان هاتووە، بێگومان لە خاوەن بیرو کەسە ژیرەکان بترازێ، کەسی تر ژیری لەم قورئانە وەرناگرێ.

ئەمە دەرخەری ئەو راستییەیە، کە مادەم دەقێکی نەگۆڕو چەسپاوی وەك قورئان، هەڵکەوتەکەی وا بێت، کە ئاساییە هەندێك تەمو مژی‌و ئایەتی وێکچووی تێدا بێ، ئەم ئایەتانە سەر لە خوێنەر بشێوێنن‌و تووشی کردەی نا تێگەیشتنی بکەن، هەموو ئەم تەفسیرو راڤە جۆراو جۆرانەی قورئان دەرهاویشتەی ئەم ئاڵۆزییەن، کە خودا خۆی باسیکردووە*. لە ئەنجامی ئەم بۆچوونەدا، ئەم چەند راستییانەمان بۆ دەردەکەوێت:

١-هەموو گوتنێك یان نووسینێك، جا ئایینی، یان هەر جۆرێکی تر بێت، دەشێ ئاڵۆزی لە تێگەیشتن لەخۆ بگرێت، لەوەشدا بە گوێرەی جۆری وەرگرەکان ئاستی تێگەیشتنەکە دەگۆڕێت.

٢-رەگەزی موتەشابیهو وێکچوو لە هەر دەقێکداو بەتایبەتیش دەقی ئایینی، بوار بۆ نەمربوون‌و زیندوێتی دەق خۆش دەکات‌و وای لێ دەکات هەمیشە وەرگر هەوڵودای کردنەوەی گرێ کوێرەکانی واتاکەی بێت.

٣-دەتوانرا قورئان بێ ئایەتی موتەشابیە بێت، بەڵام هاتنی بەم جۆرە خۆی بۆ هەموو سەردەمەکان دەگونجێنی‌و خۆی لە تاك واتایی رزگار دەکات‌و هەمیشە دەقەکە رەواجی زیاتری دەبێ.

---

* واژەی تەئویل و دارشتنەکەی لە قورئانی پیرۆزدا، حەڤدە جار لە پازدە شوێنان هاتووە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- دوانیان بۆ تەئویلی موتەشابیهە، لە ئایەتی ژمارە (٧)ی سورەتی ئالەعیمران.

٢-چواریان بۆ تەئویلی خەونەکان، لە ئایەتەکانی (٣٦، ٤٤، ٤٥، ١٠٠)ی سورەتی یوسف.

٣-سێیان بۆ (تأويل الاحاديث)، لە ئایەتەکانی (٦، ٢١، ١٠١)ی سورەتی یوسف.

٤-سێیان لە باسکردنی نهێنی کارو شتەکان، لە ئایەتەکانی (٧٨، ٨٢)ی سورەتی الکهف و ئایەتی ٣٩ی سورەتی یونس.

٥-سێیان بە واتای چاوو حەقیقەتی دەرەکی، لە ئایەتی (٥٣)ی سورەتی الاعراف و ئایەتی (٣٧)ی سورەتی یوسف.

٦-دوانیان بە واتای گەڕانەوە، لە ئایەتەکانی (٥٩، ٣٥)ی سورەتی النساء.

بۆ زیاتر زانیاری لەو بارەوە بڕوانە: منهج التأويل في أمالي المرتضى، انتظار خضير بوهان القريشي، رسالة ماجستير، جامعة الكوفة، كلية الفقة، ٢٠٠٦. ص٧-٨.

**٤-ئەو شوێنانەی کە ئەم جۆرە وێکچوونەیان تێدایە، سیاقەکە وایە، کە مشتو مڕ زۆر هەڵبگرن، لەوەشدا بە قازانجی ئەوە تەواو دەبێت، کە هێڵی پەیوەندی نێوان وەرگر و دەق هەمیشە لە گەرمی دەمێنێتەوە.**

**٥-ئەم ئاڵۆزییە، دەق لە ئاساییبوون دوور دەخاتەوەو بەرگێکی نائاساییبوونی واتای بە بەردا دەبڕێ، کە دواتر سەردەکێشێ بۆ سازاندنی شیعرییەتی دەق.**

**بە گوێرەی دەقە قورئانییەکە، هەندێك جار مەرج نییە تەئویلکردن واتایەك بەدەستەوە بدات، کە وەرگر پێشبینی کردبێت، چونکە لە چیرۆکی یوسف پێغەمبەردا (د.خ)، کە ئەم وشەیە بۆ لێکدانەوەی خەون بەکارهاتووە، لێکدانەوەی خەونەکە وشەی تەئویلی لە هەمبەر داندراوە، بە هیچ جۆرێك وەرگر پێشبینی ئەو ئەنجامە ناکات، بەڵام تاڕادەیەك هەردوو لێکدانەوەکە، کەم تا زۆر پەیوەندییەکیان بە جۆری بابەتەکانی ناو خەونەکەوە هەیە، کە دواتر وای لێ دەفامرێتەوە، دەبێ پەیوەندییەکە لە چوارچێوەی شیاوبوون (المعقولية) دا خۆی بنوێنێت، ئەگەرچی لێکدانەوەی خەون بابەتێکی جیایە، بەڵام لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا لەوەدا یەکدەگرنەوە، لێکدەرەوەی دەق هەمان ئەرکی لێکدەرەوی خەون دەبینێ، واتایەك دەسازێنێت، کە مەعقولییەتی تێدا بێت، بەڵام پێشبینی نەکرێ، هەر ئەمەشە زیندوێتییەکە بە دەق دەبەخشێتەوە.**

**لە زمانی کوردیشدا، بۆ واتای خەون، وشەکانی لێکدانەوەو تەعبیرو تەفسیر بەکارهاتوون، بە گوێرەی جۆری خەونەکە وەك زانستێك مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو لەوەشدا ئەگەرچی پەیوەندییەك دەسازێ، بەڵام لە واتایەکی راستەوخۆ زۆر دوورەو هەمیشە خۆی لە جوغزێکی نائاسایی بووندا دەبینێتەوە.**

**دوای کۆکردنەوەی قورئان، بەرە بەرە روانگەی جیاواز بۆ راڤەکردنی قورئان پەیدا بوون و هەموو ئەو ئایەتە موتەشابیهانە، بە درێژایی مێژوو سەرنجی جیاوازو، جاری وایە دژ بەیەکیشان لەخۆدا بەرجەستە کردووە، کە دواتر گروپی فیکری و مەزهەبی جیا جیای لێ پەیدا بووە، وەك گروپەکانی شیعەو موعتەزیلەو ئەشعەری و...هتد، ئەمە هەر تەنیا لەناو چوارچێوەی تەفسیری قورئاندا نەمایەوە، بەڵکو بۆ ناو ئەدەبیاتیش رۆیشت و لە دەقی ئەدەبیدا هەمان رێباز بۆ شیکردنەوەی ئەو دەقانە گیرانە بەر، کە نزیکن لە موتەشابیهە، لەوەشدا دەقە سۆفیانەییەکان زۆرترین پشکیان لە بارەی ئاڵۆزی و وێکچوونی واتاو نائاسایی بوونی تێگەیشتن بەرکەوت. دیارترین ململانێش لەناو بۆتەی ململانێی واژە (لفظ) واتا (المعنى)دا بوو، بەڵام ئەمە ببووە پاساو بۆ تەئویلکردنی دەق و هەیانبوو لاگیری واتای رووکەش بوو، هەشیان بوو بەوە بڕی نەدەشکاو بەرەو قوڵایی و واتای باتینی دەق دەچوو.**

**هەرچی پەیوەندی بە روانینی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)ەوە هەیە، بۆ تەئویل، ئەوەی لەو بارەوە گێڕدراوەتەوە، ناوبراو تێگەیشتن و تەئویلی بە یەکەوە هێناوە، کاتێك بە (ئیبن عەباس[*])ی فەرمووە: اللهم**

---

[*] عەبدوڵلا کوڕی عەباس کوڕی عەبدولموتەڵیب کوڕی هاشم کوڕی عەبدمەناف، کوڕی قوصەی القرشی الهاشمی یە، بە سێ ساڵ، پێش ساڵی کۆچکردن لەدایك بووە، کە پێغەمبەر(د.خ) کۆچی دوایی کرد، ئەو تەمەنی سێزدە ساڵ بوو، دەگوترێ بەهۆی ئەو نزایەی کە پێغەمبەر (د.خ) بۆی کردووە، بۆتە یەکێك لە هەرە دیارترین زاناکانی سەردەمی خۆی. لە ساڵی ٦٨ی کۆچی، لە تائیف کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە:(الاستيعاب في معرفة الاصحاب، ابى عمر يوسف بن عبدالله بن محمد بن عبدالبر القرطبي، تحقيق وتعليق: الشيخ على محمد معوض، الشيخ عادل احمد عبدالموجود، المجلد الثالث، دار الكتب العلمية، الطبعة الثالثة، بيروت، ٢٠١٠، ص٦٦-٧٠)

**فقهه في الدين و علّمه التأويل)، كه لێرەدا وشەی یەکەم (علّمه) واتای تێگەیشتن دەگەیەنێ‌و خودی زاراوەکە پەیوەندییەکی هاوبەشە لەنێوان تێگەیشتن‌و تەئویلدا، ئەمە لە لای ڕۆژئاواییەکانیشەوە بەم شێوە تەماشا کرا، لەم ڕوانگەوە (گادامیر*) پێی وابووە: تێگەیشتن هەمیشە هێرمینۆتیکە[1]. لەبەرئەوە بە تێگەیشتنەکەی فەرموودەکەی پێغەمبەریش (د.خ)، تکاکردنێکە بۆ ئەوەی لە ئاین تێ بگات‌و فێری لێکدانەوە بێت. کەواتە تێگەیشتن لە ئایین بە تەئویل پەیوەست کراوەو دەبێ بە هەردووکیان مەبەستەکە بگاتە پایان.**

**هەر لە چوارچێوەی تێگەیشتنی هێرمینۆتیکیانەوە، لە ڕۆژئاواش ئەم ڕوانینە گەشەی کرد، بەوەی هەموو ئاخاوتنێك بە ئەندازەی خۆی بواری لێکدانەوەو تەئویلی بۆ دەسازێ، بە گوێرەی چۆنیەتی گوتنەکە، هەر ئەمەشە وێڕای دەقی ئەدەبی، لە ئاخاوتنی سیاسیشدا بۆ تاوانبارکردنی ئاخێوەر ئەم بنەمایە پەیڕەو کراوە، بە جۆرێك وای لە کەسێکی وەك (ناپلیۆن) کردووە بڵێ: (ڕستەیەکم بۆ بهێنن کە نەگونجێ تەئویل بکرێت، من بڕیاری ئیعدامتان لەسەری بۆ دەردەکەم! ئایا چ ڕستەیەك هەیە لە زاری مرۆڤ دەربچێت‌و نەتوانرێت بکرێتە هونەری تەئویل‌و تاوانبارکردن؟)[2]. ئەمە بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات، کە تەئویل‌و هێرمینۆتیك نەك تەنیا هەر لە دەقە ئایینی‌و ئەدەبییەکان خۆی قەتیس کردووە، بەڵکو چۆتە ناو ئاخاوتنی ڕۆژانەو لە کردە سەربازی‌و یاسایی‌و جومگە کۆمەڵایەتییەکانیشدا خۆی بەرجەستە کردووەو لە هەریەکێکیشیان جۆری چنینی قسەکەو ڕادەی تێگەیشتنی وەرگر، بنەمای چۆنیەتی لێکدانەوەکەن.**

**هەوڵدان بۆ خستنە ڕووی جیاوازی نێوان تەئویلی ئیسلامی‌و تەئویلی ڕۆژئاوایی، پێویستی بە بەراوردکردنی هەردوو چەمکە، بەو پێیەی سیستەمی مەعریفی لە هزری ئیسلامی جیاوازییەکی کرۆکی لەگەڵ سیستەمی مەعریفی لە مومارەسەکردنی تەئویلی ڕۆژئاوایی هەیە، چونکە لە یەکەمیاندا لایەنی ڕۆحی لە دیاردەکانی بوون (وجود) گرنگی پێ دەدرێ، بەو پێیەی قورئان باسیکردووە، هەرچی دووەمیانە پتر گرنگی بە لایەنی واقیعی‌و هەستی دەدات، لەوەدا هەردوو مەعریفەکە جیاواز دەبن، لەلایەکی تر چونکە تەئویلی ئیسلامی ڕەنگدانەوەی بەسەر ژینگەکەوە هەیە، کە لەسەر بنەمای دوو سەرچاوەی تێرو تەواو، کە گەردوون‌و سرووشن هەڵقوڵاوە، بۆ دەستەمۆکردنی هەردووکیش تەنیا عەقڵ ڕێگایە، بۆیە دەبێ بە گوێرەی واقیعەکانیان هەردوو تەئویلەکە هەڵبهێنجرێن. ئەوەی هێرمینۆتیکای تازەش پەیڕەوی کرد، لە ڕاڤەکردنی دەقەکاندا بۆ پرۆسەی تێگەیشتن ڕۆیشت، لەوەشدا لە دانەرو دەلالەتی وشەوە بۆ وەرگرو ڕێگاکانی تێگەیشتن چوو. ئەمەش دواجار سەری کێشا بۆ ئەوەی ئەم**

---

*** هانس جۆرج گادامیر (Hans. Georg.Gadamer) (١٩٠٠–٢٠٠٢) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، لە ماربۆرگ لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٣٢ فەلسەفەی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە فرانکفۆرت‌و لە ساڵی ١٩٤٩ لە هیدلبۆرگ خوێندویەتی، بە فەلسەفەی کانتی نوێ‌و فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیا کاریگەر بوە، زۆر بە قووڵی فەلسەفەی گریکی خوێندووە، لە نێوان ئەو و مارتن هایدگەر نزکییەکی زۆر لەبارەی فینۆمینۆلۆجیا هەیەو پێیان وایە ڕێبازی تەئویل پشت بە خوێندنەوەی لایەنی تر دەبەستێ، کە ئەمەش هەڵوێستێکی خودییەو بە ساتێکی دیاریکراو کارلێککردنێکی تایبەت پەیوەستە. لە دیارترین بەرهەمەکانی (میتۆدو حەقیقەت ١٩٦٠، هونەری تێگەیشتن، هێرمینۆتیکای فەلسەفی، شێوەکانی هێرمینۆتیکا). (هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، ص٤٩)**

**١– إراءة التأويل ومدارج الشعر، د. عبدالقادر فيدوح، دار صفحات للدراسات والنشر، سورية، الاصدار الاول، ٢٠٠٩، ص٦٧– ٦٨**

**٢– تیشکەکان، بەدیعوزەمان سەعیدی نورسی، وەرگێڕانی فاروق رسول یەحیا، نشر احسان، کتابخانەی ملی ایران، تهران، ١٣٨٦، ل٧٠٧.**

تەئویلکردنە ببێتە بەرهەمهێنەری واتا، جا تەئویلەکە بەرهەمهێنەر بێت، یان بەکاربەر، یان کارلێککەر، بە هەر شێوەیەك بێت دەبێ ملکەچی سیستەمێکی مەعریفی بێت. لەبەرئەوە ئەگەر لە نێوان هەردوو فەلسەفەدا لەوەدا هاوبەش بن، کە تێگەیشتن بەرهەم بهێنن و رووی دەمیان بەرەو دەق بێت، ئەوا لە قوولاییدا فەلسەفەی تەئویلی ئیسلامی بایەخ بە پەیوەندی بوونەوەر بە دروستکەرەکەی دەدات، هەرچی رۆژئاواییەکەیە زیاتر لەسەر سروشت چڕ دەبێتەوە، کە ئەمە لە فەلسەفەی کانت* و بیری تاکانەییەکەی مرۆڤدا خۆی بەرجەستە دەکات، کە خودێتی وەرگر بێ گەڕانەوە بۆ پاشخانەکان و زیاتر بە مەزەندەی خۆی پێشوازی لە دەق دەکات.[1] لەبەرئەوە دەتوانرێ لە میکانیزمی کارکردن و جۆرو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەق و بە سوود وەرگرتن لە کەرەستەکان، هەردوو تەئویلی ئیسلامی و هێرمینۆتیکای رۆژئاوایی تێکەڵ بکرێن، وەك میتۆدێك بەهۆی دووەمیان وردەکارییەکانی بوونی پارچە بچووکەکانی دەق بدۆزرێنەوەو کامەیان لەبار بوو بۆ هەڵهێنجانی واتا شاراوەکانی، ئەو رێگا بگیرێتە بەر.

ئەم خاڵی جیاوازی و هاوبەشانەی لەنێوان هەردوو جۆردا هەن، هەر لە بنەڕەتەوە لە زۆر شتدا لەیەك دەچن، بەو پێیەی لەو کاتەوەی (دەقی پیرۆز) هاتۆتە کایەوە، لەسەر دوو واتا سەنگرابوویەوە، ئەوانیش واتای پیتی (الحرفي)، کە هی سەردەمی کۆنەو، واتای رۆحی، کە هی سەردەمی تازەیە، دواتر ئەمە بۆ واتای سیانی و چواریش تێپەڕی، کە واتای نواندن و نادیاریشی لەخۆگرت، واتا رۆحییەکەش لەوەوە هات، کە وشەکە لە رووی فەرهەنگ و سیمانتیکەوە واتایەکی پڕ بە پێستی خۆی دەبەخشی، بەڵام لە رۆحەوە واتایەکی دیکەی بۆ دەسازێندرا، کە هەڵقوڵاوی ناخ و رۆح بووەو لە واتای ناراستەوخۆو واتای ئایینی نزیك بووە. راڤەکەری ئەم بارە رۆحییەش قەشە ئۆگستین** و قەشە تۆما ئەکوینی***)ن، کە پێیان وابوو واتای ناراستەوخۆ هەردوو رەمزی واژەکان و رەمزی شتەکان لەخۆ دەگرێت.[2] لە تەئویلی ئیسلامیشدا، بە گوێرەی راڤەکەرانی قورئانی پیرۆز، جۆرو چۆنیەتی تەئویلکردنەکە جیاواز بوو. وێڕای ئەوەی بە سەر دوو بەرەدا دابەش بوون، بەرەیەك دژی تەئویل و بەرەیەکی تر لایەنگیری تەئویل بوون، هەندێکیان لەنێوان تەفسیرو تەئویلیشدا جیاوازییان نەکرد، بۆ نموونە (طەبەری****)، خودی

---

* ئیمانوێل کانت Immanuel Kant(؟–١٨٠٤): فەیلەسوفێکی ئەڵمانیاییە، دامەزرێنەری ئایدیالیسمی کلاسیکی ئەڵمانییە، تیۆرە رەخنەییەکانی خۆی لەبارەی مەعریفەو ئەخلاق و ئیستێتیك لە میانی چەند کتێبێکدا خستەڕوو.( سجن التفكيك– الاسس الفلسفية لنقد مابعد البنيوية، الدكتور محمد سالم سعد الله، دار الم الكتب الحديث، اربد، الاردن، الطبعة الاولى ٢٠١٣، ص٢٨٩)

١– بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: اراءة التأويل ومدارج الشعر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢–٧٦

** قەشە ئۆگستین(٣٥٤– ٤٣٠ز) وتاریبێژو زانایەکی لاهوتی و فەیلەسوف و نووسەر بووە، هەوڵی داوە عەقڵ و بڕوا بەیەکەوە پەیوەست بکات، لە بەرهەمەکانی (دانپێدانانەکان، شاری خودا، لە خۆشگوزەرانیدا). المنجد، ص ٩٦.

*** تۆما ئەکوینی (١٢٢٥– ١٢٧٤ز) قەشەو راهیبێکی دومینیکانی بووە، لە ئیتاڵیا لە دایك بووەو لە پاریس خوێندویەتی، مامۆستای لاهووت و فەلسەفەی سیکولاستیك بووە، لە رێگای وەرگێڕانەوە بەدواداچوونی بۆ رایەکانی ئیبن سیناو غەزالی و ئیبن روشد کردووەو رەخنەی لێگرتوون.لە بەرهەمەکانی (پوختەی لاهووتی، پوختەیەك دژی نەتەوەکان). المنجد، ص١٩٦

٢– نظريات في الرمز، تزفيتان تودوروف ، ترجمة: محمد الزكراوي، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٢، ص١٤٠

**** محەمەد کوڕی جەریر کوڕی یەزید کوڕی کثیر کوڕی غالب، ئەبو جەعفەر، لە ئامولی تەبەرستان لە ساڵی ٢٢٤ك لەدایك بووە، بۆ خوێندن چۆتە کوفەو بەغدادو میصر، لە بەغداد ساڵی ٣١٠ك، وەفاتی کردووە. راڤەکاری قورئان و مێژوونوسیش بووە، دەگوترێ بۆ ماوەی چڵ ساڵ هەموو رۆژێ چل لاپەڕەی نووسیوە، لە بەرهەمەکانی تأريخ الطبري، جامع البيان عن تأويل القران،...هتد، بڕوانە الاعلام، خيرالدين الزركلي، المجلد السادس، دار العلم للملايين، الطبعة الخامسة عشر، ٢٠٠٢، ص٦٩.

تەفسیرەکەی، کە بۆ قورئان ئەنجامی داوە ناوی ناوە تەئویل، لەلایەکی تریش، هەریەك لە گروپەکانی وەك موعتەزیلەو شیعەو سۆفی... هتد، لەبارەی جۆری تەئویلەکان بۆ حوکمی ئایەتەکانی قورئان بیروبۆچونی جیاوازیان هەبوو*.

لەناو عارەبو مسوڵماناندا ئەم وشەیە بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕان بەسەر مەودای واتایەکەیدا هات، لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا وشەی تەئویل، وەك بنچینە رۆنانییەکەی بە واتای گەڕانەوە هات. لە سەدەی حەوتەمی کۆچیشدا، وشەکە بە واتای راڤە (التفسیر) و رامان هات، هەر لە هەمان سەدەدا، (ابن الاثیر) پێی وابوو تەئویل واتای گواستنەوەی واژەکەیە بۆ ئەو واتایەی پێویستیەتی، کە مەرج نییە لەگەڵ رووکار(ظاهر)ی واژەکە بگونجێ. هەرچی (ئیبن روشد**) بوو وای دانا، کە بریتی بێت لە دەرچوونی واژەکە لە واتا راستەقینەکەی خۆی بۆ واتایەکی مەجازی. لای زانایەکی وەك ئیبن تەیمییە***ش، تەئویل لادانی وشەیە لە شوێنی خۆی، دژایەتی خۆیشی بۆ وشەکە راگەیاند، کە پێی وابوو دەبێ لادان (التحریف)ی بۆ بەکاربێت و ئەم وشەیەش لە قورئاندا بە خراپ ناوی هاتووە****. لای مالیك کوڕی ئەنەسیش*****بە داهێنراو (بدعة) ناوی هاتووە، کە پێی وایە نابێ پرسیاری لەبارەوە بکرێ.[1] ئەمانە هەموویان لە چوارچێوەی قورئانەوە حوکمی شیاوی و نەشیاوییان بۆ وشەکە دەرکردووە، بەڵام کە دێتە سەر ئەدەبیات، روانینەکە هێندە بە چڕی دژایەتی ناکرێ.

---

* وێڕای تەبەری، هەریەك لە (الزجاج، الفراء، ابن الانباری)، تەفسیریان بە هاوواتای تەئویل داناوە. بۆ زیاتر زانیاری لەو بارەوە، بڕوانە: التأویلیة العربیة- نحو نموذج تساندي في فهم النصوص والخطابات، محمد بازی، منشورات الاختلاف، ودار العربیة للعلوم وناشرون، الجزائر، بیروت، الطبعة الاولی، ٢٠١٠م، ص٢١. هەروەها وشەی تەئویل بۆتە ناوونیشانی تەفسیرەکانیشیان بۆ قورئانی پیرۆز، لەوانە: تأویل مشکل القران لإبن قتیبة، جامع البیان لتأویل القران ی الطبری، أنوار التنزیل واسرار التأویل ی ناسراو بە تەفسیری البیظاوی.

** ئیبن روشد (ئەبو وەلید محەمەد کوڕی ئەحمەد) (١١٢٦-١١٩٨ز)، فەیلەسوفێکە لە قورتوبە لەدایك بووەو لە مەراکش مردووە، زانستەکانی کەلامو فیقهو شیعرو پزیشکیو بیرکاریو فەلەكو فەلسەفەی خوێندووە، لە قورتوبە قازی بووە. لەبەر زۆری شەرحە باشەکانی بۆ بەرهەمەکانی ئەرستۆ، رۆژئاواییەکان بە شەرحلێدەرەوەی دەناسێنن. هەوڵی داوە لەنێوان شەریعەتو فەلسەفە گونجان دروست بکات، بەتایبەتی لە کتێبی (فصل المقال فیما بین الحکمة والاتصال)، لە کتێبی (تهافت التهافت)یش دژی غەزالی، بەرگری لە فەلسەفە کردووە. (المنجد، ص١٠)

*** شێخولئیسلام ئەحمەد کوڕی عبدالحلیم کوڕی عبدالسلام کوڕی عبدالله کوڕی ئەبولقاسم کوڕی تەیمیەی حۆرانیی دیمەشقی حەنبەلییە. لە ساڵی ٦٦١ی کۆچی لە حەڕان لەدایك بووە، بە یەکێك لە زانا هەر دیارەکانی سەردەمی خۆی دادەنرێ، بەهۆی زیرەکیو فتواکانییەوە چەندین جار تووشی زیندانو راگواستن بۆتەوە، بەتایبەتی لە نێوان قاهیرەو ئەسکەندەرییەدا. لەو سۆنگەیەوە لەگەڵ سۆفییەکان رووبەرووی کێشەی زۆر بۆتەوە. فتواکانی، خۆی لە چەند بەرگێکی کتێب دەبیننەوە، وێڕای بەرهەمی تری لەبواری شەرعناسیدا. لە ساڵی ٧٢٦ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ( المجموعة الفتاوی، لشیخ الاسلام/ تقی الدین احمد بن تیمیة الحراني، حققه وخرج أحادیثه وعلق علیه:خیری سعید، المجلد الاول، المکتبة التوفیقیة، القاهرة، ٢٠٠٨، ص١٠-١١)

**** مەبەست ئەو ئایەتەیە کە وشەی (تحریف)ی تێدا هەڵهێنجراوە: ﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَيَقُولُونَ سَمِعۡنَا وَعَصَيۡنَا وَٱسۡمَعۡ غَيۡرَ مُسۡمَعٖ وَرَٰعِنَا لَيَّۢا بِأَلۡسِنَتِهِمۡ وَطَعۡنٗا فِي ٱلدِّينِۚ﴾ النساء: ٤٦

***** مالیك کوڕی ئەنەس (ابو عبدالله الاصبحی) (٩٣- ١٧٩ك)، یەکێك لە چوار پێشەواکانی ئیسلامەو مەزهەبی مالیکی لە ناوی ئەوەوە هاتووە، لە مەدینە لەدایك بووەو لەویش مردووە، لە بەرهەمەکانی (الموطأ، الرد علی القدریة، الرسالة الی الرشید، المدونة الکبری). (المنجد في الاعلام، ص٦٢٩)

١- التأویل والتصوف عند ابن عربی، حمادی هواری، في کتاب (التأویل والترجمة- مقاربات لالیات الفهم والتفسیر)، تألیف جماعی، الدار العربیة للعلوم، ومنشورات الاختلاف، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٠-٧١

هەر لەبارەی تەفسیری قورئانی پیرۆزەوە، بە دەربڕینە عەرەبییەکە لەنێوان تەفسیر (ڕاڤە)و تەئویل (لێکدانەوە) پەیوەندی هەیەو خاڵی هاوبەش‌و جیاوازیش هەیە. ئەگەر لە ڕوانگە ئایینییەکەوە بۆ ئەم دوو چەمکە بچین، ئەوا وشەی تەئویل لە قورئانی پیرۆزدا بە هەمان واتای وشەی (تەفسیر) نەهاتووە، لەناو خودی قورئانیشدا وشەی (تەفسیر) نەهاتووە، وەك مەیدانی لێکۆڵینەوەش ڕاوبۆچوونی جیاواز لەسەر خودی تەئویل لەناو دەقی ئایینی‌و ڕەوابوون‌و ڕەوانەبوونی هەیە. بەڵام ئەگەر لە چوارچێوە ئەدەبییەکەدا تەماشای ئەم دوو چەمکە بکەین، بە پشت بەستن بە هەردوو تیۆرو ڕێبازە جیا جیاکانیان، ئەوا لە حاڵی ڕوونکردنەوەو دەرخستنی واتادا، هەردووکیان هاوبەشن، ئەگەرچی هەریەکەشیان میکانیزم‌و ڕێڕەوی کارکردنی خۆی هەیە، چونکە (هەن پێیان وایە هەموو هێرمینۆتیکایەك تەفسیرە، واتە ڕاڤەی واتاکانی ناو دەق دەکات)[1]. کەواتە ئەوە هێرمینۆتیکایە بەشێك لە کاری ڕاڤە (تەفسیر)یش دەکات، نەك بە پێچەوانەوە، چونکە مەودای کارکردنی ڕاڤە دیاریکراوەو ناتوانێ پەل بۆ هەموو لایەنەکان بهاوێژێت‌و بە ئەندازەی توانای خۆی ڕاڤەکە دەکات‌و لە واتای واتا* ناکۆڵێتەوە. لەبەرئەوە دەشێ بڵێین هەموو هێرمینۆتیکایەك ڕاڤەکردنی دەقە، بەڵام هەموو ڕاڤەکردنێکی دەق ناچێتە ناو چوارچێوەی هێرمینۆتیك، بەو پێیەی ئەمەی کۆتایی ڕێساو ڕێبازی تایبەت بەخۆی هەیەو هەریەك لە فینۆمینۆلۆجیاو سیمیۆلۆجیاو کەرەستەکانی ڕێزمان بەگشتی‌و ئیستێتیك‌و تیۆری وەرگرتن دەکاتە کەرەستەیەك بۆ سەرکەوتنی خوێندنەوەکەی خۆی. بە واتایەکی تر هەموو ئەمانەی سەرەوە لە خزمەتی کردەی هێرمینۆتیك دەبن، بۆیە بە هیچ کلۆجێك ڕاڤە (تەفسیر) جێگای تەئویل ناگرێتەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە هەردوو زاراوەی تەئویل‌و هێرمینۆتیکاوە هەیە، لە سۆنگەی ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری چەمکە ئەدەبی‌و ڕەخنەییەکان بەیەکترییەوە بەندیوارن، بۆیە کەم تا زۆر دەچنە ناو یەکتری. بێگومان بۆ ئەم دوو زاراوەیە، یەکەمیان وەك بارێکی زانستی، کۆنترەو خودی قورئانی پیرۆزیش، ئاماژەی پێداوە، هەرچی وشەی دووەمە لەناو ڕەخنەی تازەدا، لە زۆر لە ئاراستەو تەوژمەکاندا بە (فەلسەفەی تەئویل، یان وردتر بڵێین تیۆری تەئویل هاتووە، کە تەئویلی واتاو دەلالەتە دیارو شاراوەکانی دەق دەکات‌و لە پێشترەوە پرسیارەکانی واتا چییە؟ پێکهاتەکەی چییە؟ چۆن هاتۆتە دواندن؟ دەخاتە ڕوو)[2]. دوای ئەوەی کە هێرمینۆتیك لە جوغزە ئاینییەکەو دەقی پیرۆزدا هاتە دەرەوە، کارلێکی لەگەڵ هەموو دەقێکی ئەدەبیدا کرد، شێوەیەك لە تیۆری میتۆدی لەخۆیدا بەرجەستە کرد، کە هەموو جۆرەکانی

---

١- هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، د. مليكة دحامينة، اتحاد كتاب العرب، ص٤٨

* واتای واتا لە زمانی شیعریدا خۆی بەرجەستە دەکات‌و مەبەستمان لێی دووباره لێکدانەوەی ئەو واتایەیە، کە یەکەمجار لە دەربڕین خۆی بەرجەستە دەکات، واتە ئەو دەربڕینەی کە خوێنەری ئاسایی لێی تێدەگات، جارێکی تر ئەو واتایە لێك بدرێتەوە، هەروەك (واتای واتا The Meaning of meaning) ناوی کتێبێکی (ریچاردز)ە، کە بە هاوکاری (چارلز ئۆگدن)، لەساڵی ١٩٢٣ بڵاوبویەوە. ئەم بەرهەمە سەرەکیترین کتێب بوو دەربارەی زانستی سیمانتیك، نەك هەر لە ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵکو کاری کردە سەر هەموو ئەو تیۆرە فەلسەفییانەی لۆژیکناس‌و دەروونناس‌و لێکۆڵەرەوان، کە پەیوەندی بە نێوانی زمان‌و بیر هەبوو. ریچاردز دەربارەی پرسەکانی: ئەدەبیاتی خەیاڵی چییە؟ و زمان چۆن بەکاربێ؟ بەکارهێنانی زمان لە کاری ئەدەبی‌و زانستی نرخ‌و بەهای چییە؟ دواوە. لەبەرئەوە واتای واتا لای ناوبراو بەفراوانی لێکدراوەتەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: شیوەهای نقد ادبی، دیوید دیچیز، ترجمة: د.غلامحسین یوسفی، محمد تقی صدیقیانی، چاپ اول، انتشارات محمد علی علمی، چاپخانه بهمن، تهران ١٣٦٦،ص ٢١٢-٢١٣.

٢- هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٦

تەئویلی بەکاری خۆی دانا، بۆ ئەوەی بیانکاتە میکانیزمی کارکردن لەناو دەقەکاندا. لەم رووەوە خودی رەخنەگرو تیۆردانەرەکانی رۆژئاواش، ئەوەیان نەشاردۆتەوە، کە ئەم دوو چەمکە بە یەکەوە بەستراون، بە جۆرێك کەسێکی وەك (پۆل ریکۆر* Poul Ricour) دەڵێ: (هێرمینۆتیکا زانستی تەئویلەو ئەگەر بمانویستایە پێناسەیەکی هەمەلایەنترو گشتی پێ ببەخشین، ئەوا دەمانگوت بریتییە لە تیۆری تەئویلی دەقەکان، هەروەك سانت ئۆگستین-یش دەڵێ: هێرمینۆتیکا واتای زانستی بنەماکانی تەئویلە، کە راڤەکەر ئەو میکانیزمانە دەگرێتەبەر بۆ خستنەرووی واتا شاراوەو نادیارەکانی دەق و لە سەختییەکانی دەقەوە دەست پێدەکات)[1].

کەواتە وەك رێبازێك و میتۆدێکی خوێندنەوە، هێرمینۆتیکا هەمە لایەنترەو هەر تەنیا جەخت لەسەر ئەسڵی وشەکان ناکاتەوە، بەڵکو مەسەلەی واتاو بوون و پێکهاتەو چۆنیەتی هاتنە دوان و چۆنیەتی گواستنەوەی بۆ وەرگرو کارلێککردنی لەگەڵ چەمکی وەرگرتن، دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو هەموو بەربەستەکانی ناو دەق بە ئەرکی خۆی دادەنێ، کە تیشکیان بخاتە سەرو خوێندنەوەیەکی تازەیان بۆ بکات.

## ٣-٠ هێرمینۆتیکا و رەوانبێژی

ئەم دوو چەمکەی سەرەوە، هیچیان جێگای ئەویتریان ناگرنەوە، بەو واتایەی هەردووکیان لە دوو کایەی جیاوازی مێژوویی سەریان هەڵداوەو بە دوو ئاراستەی لەیەك جودا کاریان کردووە، چونکە ئەگەر رەوانبێژی بەدوو باران لایەنگیری نووسەر/ شاعیر بێت و دەستووری نووسینیان بۆ دابنێ و دەربڕین لە قسەی ئاساییەوە بکا بە دەربڕینی شیعری و پلەی شیعرییەتی تێدا بەرز بکاتەوە، ئەوا هەڵبەت کار لە وەرگر (المتلقي) یش دەکات و رێژەی چێژ وەرگرتنی بە پلەی بەرز تێدا دەسازێنێ. لێرەدا کاری رەوانبێژی لە چوارچێوەی هەندێ هونەری دیاریکراودا، سنووردار کرا، کە خۆی لە زانستەکانی روونبێژی، جوانکاری و واتاناسی دەبینێتەوە، ئەم سنووردارکردنەش، دەبێتە خاڵی لەیەك جوێبوونەوەی لەگەڵ میتۆدێکی وەك هێرمینۆتیك، چونکە هێرمینۆتیك ئەوەندەی بەرنامەی کاری وەرگر دیاریدەکات، ئەوەندە دەستوور بۆ نووسەر دانانێت، بەو پێیەی لە هێرمینۆتیکدا هەوڵدەدرێ هەوڵە داهێنان ئامێزەکانی نووسەر/ شاعیر نیشانبدرێ و پەیوەندی نووسەر لەگەڵ دەق، لە چوارچێوەی هونەرکارییەکەیداو چۆنیەتی گونجانی وەرگریش لەگەڵ ئەم دوو چەمکەدا بخرێتە بەر باس و رێژەی کارلێککردنەکەو بەرهەمی ئەم کارلێککردنە، کە خۆی لە بەرهەمهێنانی دەقێکی دیکەدا دەبینێتەوە، نیشان بدات.

---

* پۆل ریکۆر (١٩١٣-) لە شاری ڤالانسی فەرەنسا لەدایك بووە، مێژوونووس و فەیلەسوف بووە، لەساڵی ١٩٣٢ فەلسەفەی لە زانکۆی سۆربۆن خوێندووە، ماستەری لە ١٩٣٥و دکتۆرای لە ١٩٥٠ بەدەست هێناوە. لە لە ١٩٣٣ تا ١٩٤٨ وانەبێژ بووە لە زانکۆ. دوای ئەمە تا ساڵی ١٩٥٦ لە زانکۆی ستراسبۆرگ و پاریس پرۆفیسۆر بووە، لە بواری رەخنەو زمان و فینۆمینۆلۆجی و هێرمینۆتیك و دوای بونیادگەری و سیمیۆتیك کاری کردووە، کۆمەڵێك بەرهەمی هەیە لەوانە: کات و گێرانەوە، ئازادی و سروشت، مێژووو حەقیقەت، ململانێی تەئویلەکان)، سەرچاوە: The new Encyclopaedia Britannica, volume ١٠, ٢٠٠٣,p:٥٨

١- هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٧

پەیوەندی وەرگر لەگەڵ دەق، بە پێی زانستی ڕەوانبێژی، تەنیا چێژ وەرگرتنە لە جوانییەکانی دەق، ئەویش چێژ وەرگرتنێکی سنووردار، بەو واتایەی چونکە جوانکاری بەشێکی گەورەی لە ڕەوانبێژی داگیرکردووە، لە نێویشیدا جوانکاری وشەیی، ئەوەندەی وەرگر بە زەخرەفەو گەمە زمانییەکانی دەق لە ڕووی روخسارەوە خەریك دەبێ، ئەوەندە بە دوای قولاییەکانی دەق و مەبەستی نووسەر ناگەڕێ، ئەگەر بە دواشیدا بگەڕێت، دەبێ لە چوارچێوەیەکی سنووربەند دابێ، کە سیاقی دەق لە زانستی ڕەوانبێژی لەناو هونەرەکاندا بۆی بەرجەستە کردووە. هەرچی کەشی هێرمینۆتیکە، وەرگر تێیدا لەم کۆتەدا رزگاری دەبێت. بەو پێیەی لێرەدا (پەیوەندی نێوان نووسەرو خوێنەر لەناو دەقدا بە گوێرەی تێگەیشتنی (ئایزەر) کردەیەکە ڕێساو یاسایەکی پێشتر نایجولێنێ و ڕێکی ناخات، بەڵکو کارلێککردنێکی فراوانەو ئاڵوگۆڕی نێوان واتای روون و واتای ضمنی یە، لە نێوان ئاشکراکردن و تەقەتبووندا، ئەم تەقەتبوونەش وەرگر لەسەر کارەکە رشت دەکات...)[1]، لەبەرئەوە بە دەستەوەستانی ڕەوانبێژی، هێرمینۆتیك دێتە گۆڕەپانەکەو هەر بۆیەش هەموو ئەو پایانەی، کە هێرمینۆتیکی تازەی لەسەر دامەزراوە، ئەو کاتە چالاك و بزێو بوون، کە دوای ئەوەی (ڕەوانبێژی نزیکەی دوو هەزار ساڵ هەژموونی بەسەر گۆڕەپانەکەدا هەبوو، دواتر عەقلانییەتی هاوچەرخ هات و هەرەشەی لێکردو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ڕەوانبێژی تەواو وێران کرد، ئەنجا لە سەدەی بیستدا لێکۆڵینەوەی زمانی و توێژینەوەی هاوچەرخی رەخنەیی، بەتایبەتیش لای رەخنەگرانی هاوچەرخ وەك بارت* و جینێت و تۆدۆرۆڤ** و سۆلرزو ئەوانی تر ئامادەکران)[2]. لەبەرئەوە بە هۆی ئەم زانستە تازانە، وەرگر هەر تەنیا بە گوێرەی ئەو یاساو هونەرانەی ڕەوانبێژی لە دەقی نەڕوانی، بەڵکو هەوڵیدا دەق بە شێوازێکی دیکە بخوێنێتەوەو بچێتە قولاییەکانی و لەو کردەیەدا دەقی دیکە بەرهەم بهێنێتەوەو خوێنەر تەنیا وەرگرێکی ڕووت نەبێت، بەڵکو کۆدەکان شیبکاتەوەو بە دوای ڕەهەندە جیاوازەکانی بونیادی پێکهاتن و کامڵبوون و بەسەرچوون و گەیشتن بە وەرگر، بکەوێت و پەیوەندی لەگەڵ تیۆرەکانی شێوازگەری و زمانەوانی و ڕەخنەی پێشوازی خوێنەر... هەبێت، لەم ڕووەوە کردەی تێگەیشتن (الفهم)یش لەچاو پێشووتردا گۆڕانی بەسەردادێت.

ئەگەر ئەوەی بەسەر شیعرێکی ئاساییدا پیادە دەکرێت، بەسەر شیعرێکی سۆفییانەش پیادە بکرێت، ئەوا بۆ ڕەوانبێژی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا، هەمان شت خۆی دەنوێنێت. ئەو کاتە مەبەستی نووسەرو

---

١- النص الشعري بوصفه افقا تأويليا، قراءة في تجربة التأويل الصوفي عند محى الدين بن عربي ديوان "ترجمان الاشواق" نموذجا، الدكتور لطفي فكري محمد الجودي، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع- القاهرة، الطبعة الاولى، ٢٠١١م، ص٣٥.

* ڕۆلاند بارتRoland Bart ( ١٩٨٠,١٩١٥ز): نووسەرو ڕەخنەگری ناسراوی فەڕەنسایيە لە ساڵی ١٩٥٧ کتێبێکی لەبارەی ئەفسانەی وڵاتە جیاوەزەکان نووسی، لە ساڵی ١٩٧٦ز بوو بە پڕۆفیسۆری بەشی سیمیۆلۆژی لە کۆلیژی (دوفڕانس)ی شاری پاریس، تا کۆچی دوایی هەر لەو کۆلێژە مایەوە. بڕوانە: دائرة المعارف مشاهر جهان، ترجمة وتأليف: سروش قرباني، چاپ اول، انتشارات ميلاد، تهران ١٣٧٥، ل١٨٩-١٩٠

** تۆدۆرۆڤTzvetan Todorov: لەساڵی ١٩٣٩ لە بولگاریا لەدایك بووەو ئەدەبی بولگاری خوێندووە، پاشان چوەتە فەرەنسا. لەساڵی ١٩٦٣ رەگەزنامەی ئەوێی وەرگرتووە، تێزی ئەڵقەی سێیەمی بەسەرپەرشتی (ڕۆلان بارت) ئامادەکردو پاشان بەناوی (ئەدەب و سیمانتیك) بلاوی کردەوە. لە گرنگترین بەرهەمەکانی (تیۆری ئەدەب) و بەهاوکاری (دیکرۆ) ش (فەرهەنگی زانستی زمان)ی نووسیوە. هەروەها لەگەڵ (ژیرارد ژینێت) گۆڤاری(شیعرییەت)ی بەرێوە بردووە. بڕوانە: الأسلوبية والأسلوب، د. عبدالسلام المسدي، الطبعة الثالثة، الدار العربية للكتاب، (؟)ص٢٤٤.

٢- اتجاهات التأويل النقدى من المكتوب الى المكبوت، محمد عزام، اتحاد كتاب العرب، دمشق، سوريه، ٢٠٠٨، ص٣٨

بنەمای تێگەیشتنی سۆفییانە، وەك خۆی بە خوێنەر ناگات. لێرەدا هێرمینۆتیك دەتوانێ ئەم بەربەستە بشكێنێ‌و بە سوود وەرگرتن لە تیۆرە هاوچەرخەكان‌و بە میتۆدێكی تازەوە دەتواندرێ نهێنییەكانی دەقی لێ بزاندرێ‌و تاریكییەكانی ناوی رۆشن بكرێتەوەو سنووری جوگرافیاكەشی بێتە دیاركردن.

رەوانبێژی بە هەر سێ زانستەكەیەوە، ئەگەر شیعرەكانی (مەحوی) پێ لە بێژینگ بدرێ، ئەوا ناتواندرێ لە قالبە رێساو یاسا ئاشكراكانییەوە بترازێ، هیچ واتاو مەدلولێكی تازەی لێ بەرهەم بهێندرێ، چونكە ئەوەندەی رەوانبێژی دەتوانێ چۆنیەتی پێكهاتنی وشەیەكی ناو دیوانەكە لە رووی تەكنیكی‌و وەستاییانەوە شیبكاتەوە، هێندە ناتوانێ مەدلولە واتاییەكانی پشت ئەم وشەیە لە كۆمەڵە تێگەیشتنێكی جوداوە هەڵبگرێ‌و سەرەنجام بە وەرگریان ببەخشێتەوە، چونكە ئەوە وەرگرە توانای هەڵگرتنی ئەم مەدلولانەی هەیە، بە هاوكاری لەگەڵ دەقەكە، نەك دەقەكە خۆی. لێرەدا بەرهەمێكی دیكە دێتە كایەوە، بە پلەی یەكەم وەرگر خاوەنی دەبێ‌و تین‌و تروسكایی دەق‌و نووسەریشی تێیدا دەبینرێ.

كەوابوو هەروەك چۆن رەوانبێژیزانانی كۆن لە ململانێكانی واژە (لفظ)و واتا (المعنى)دا قووڵ بوونەوەو تەنیا لە دیوێكی سادەوە لەم چەمكەیان دەڕوانی، ئەوا میتۆدی هێرمینۆتیك لە رێگای هەردووكیانەوە چییەتی كەلێنەكان دەدۆزێتەوە، كە پێشتر تەنیا چۆنیەتی بایەخی دوو چەمكەكەیان رووندەكردەوە، ئێستا بوون‌و مان‌و زەرورەتی بناغەكەی دەخرێتە بەر باس، بەو پێیەی قووڵتر بە هەناوی دەقدا رۆدەچن.

لەلایەكی تر ململانێ لەنێوان خوێندنەوەیەكی رەوانبێژییانە بۆ دەق‌و خوێندنەوەیەكی بوونگەراییانە بۆ دەق پەیدابوو، رەوتی دووەم پێی وابوو دەبێ لە روانگەیەكی فەلسەفی‌و ئیستێتیكی بوونی پێكهاتەی دەق شیبكرێتەوەو لەوەدا رەمز بە قەڵەمڕەوی دەق دیار بكرێت، هەرچی رەوتی یەكەم بوو بنەماكەیان لەسەر خواستن بنیادنابوو. دواتر هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە سوود وەرگرتن لە هێرمینۆتیك هەڵوەشاندنەوەی سەرتاپای دەق‌و دووبارە بنیادنانەوەی بە یەكلاكردنەوەی ئەم كێشەیە، راگەیاند.[1] ئەم كێشەیە بۆ هێرمینۆتیك ئەوەندە جێگای بایەخ نەبوو، چونكە تەئویلی دەق دەتوانێ چەندین جۆر میكانیزم بەكاربێنێت، تا بەرەو قووڵایی واتا دەچێت، لەو روانگەشەوە خواستن‌و هەندێ لە هونەرەكانی دیكەی رەوانبێژی دەبنە كەرەستەیەك، تا هێرمینۆتیك بە سەر لاشەی ئەواندا كەلێنەكانی واتا پڕبكاتەوەو بە رەهەندێك لە رەهەندەكانی بگات.

## ٤-٠ هێرمینۆتیكا و ئیستێتیكا

ئەگەر مێژوو سەرلەبەری وەربگیرێ‌و بخرێتە ژێر تیشكی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی، ئەوا بێگومان چۆنیەتی كارلێككردنی ریشاڵەكانی ناو مێژوو لەگەڵ وەرگرەكان بە گوێرەی كات‌و شوێن جیاواز دەبێت، چونكە بەشێكی دەوەستێتە سەر شێوازی بیركردنەوەو مەودای هۆشیاری وەرگرەكان‌و بەربەستەكانی بەردەم رێڕەوی تێگەیشتن. جگە لەمەش خودی هەستكردن بە جوانی‌و چێژ بینین بە درێژایی مێژوو گۆڕانی بە سەردا هاتووە، لەبەرئەوە بە دابڕینی نووسەر لەناو چوارچێوەی دەقداو بە تەنیا مانەوەی

---

١- بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەوە، بڕوانە: التفكيكية-دراسة نقدية، بيير ڤ. زيما، تعريب: اسامة الحاج، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة الاولى ١٩٩٦، ص١٠٩- ١٢٤

ئەزموونی نووسین، بەتایبەتی ئەزموونی زمانیو لایەنە هونەرییەکەی، کەم تا زۆر بیری ئیستێتیکی لەناو خۆیدا بەرجەستە دەکات. لەو روانگەوە (گرنگی هەموو ئەزموونێکی جوانیناسی، هونەری، یان ئەدەبی، بە گوێرەی وێنە جیاوازەکانی گەیشتنی بە خوێنەرو وەرگرەکان لە هەموو کاتو شوێنێکدا خۆی دەشارێتەوە) [١]، چونکە دەقە هونەرییو ئەدەبییەکان ریشاڵەکانی جوانییان بە درێژایی مانەوەی ئەو دەقە پێدا شۆڕبۆتەوە، هەروەك یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی مانەوەو نەمربوونی دەق بە درێژایی مێژوو، زیندوومانەوەی ئەو ریشاڵە ئیستێتیکییەیە، کە بەردەوام دەبێتە داینەمۆی بەگەڕخەری ژیانەوەی دەق.

هانس جۆرج گادامیر، کە بە یەکێك لە فەیلەسوفەکانی هێرمینۆتیك لە هزری هاوچەرخ حسێب دەکرێ، بۆ هەڵوەستەکردنو وەستان لەبەردەم سنووری زانستی هێرمینۆتیك، پێی وایە پرسیاری ئیستێتیکی لە ئەدەبو هونەر بە هەموو ئاسۆکانییەوە بەرفراوانترین پرسیارە، بەوەی، کە گرنگی ئەزموونی زمانی، هونەری، شیاوی وەرگرتن (التلقي)و چێژە لە هەموو سەردەمێکدا [٢]. لەبەرئەوە مانەوەو زیندوێتی زانستی هێرمینۆتیك بە پرسیاری ئیستێتیکی لە ئەدەبو و هونەردا بەندە. هەموو ئەم پرسیارە ئیستێتیکییانەش وەڵامی ئیستێتیك ئامێز دەخەنەوەو لەبەردەم وەرگریشدا، بەهای چێژ بەرجەستە دەکەن، چونکە یەکێك لە ئامانجە رەسەنەکانی ئیستێتیك، تیشکدانەوەی چێژە لە دەقەوە بۆ وەرگر.

دوای ئەوەی هێرمینۆتیك تا ڕادەیەکی باش لە راڤەکردنی دەقە ئایینییەکاندا، بە تایبەتی دەقی کتێبی پیرۆز لە رۆژئاواو، لەناو گەلانی مسوڵمانیشدا بۆ دەقەکانی خۆیان، سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەم رێبازو میتۆدەی کارکردن وەك چەمکێك بۆ بوارەکانی تریش بەکارهات، لەم نێوەندەدا (چەمکەکە فراوان بوو، بۆ بواری دیکەی وەك مێژوو، کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆجیا، فەلسەفەی جوانیو ئیستێتیك، رەخنەی ئەدەبی، فۆلکلۆر، گوازرایەوە) [٣]، کە هەریەکێك لەوانە بە گوێرەی هەڵکەوتەی خۆیەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم چەمکەدا کرد.

ئەگەر فەلسەفەی جوانیو ئیستێتیك هەوڵێکی تر بێت، بۆ نیشاندانی بونیادی جوانی لە هەموو شتەکانی گەردووندا، ئەوا خودی هێرمینۆتیکاش لە چوارچێوەی کردەی خۆیدا لە هەوڵی دەرهێنانی واتای شاردراوە دایە، کە لە ناو هەموو شتە شاردراوەکانیشدا، جۆرێك لە گەوهەری جوانی خۆی حەشارداوە، بەتایبەتی شتێك، کە پێشتر نەدۆزرابێتەوە، بێگومان بەهایەکەی بەرزتر دەبێت.

سۆفییەکان لەناو کردەی ئاینیشدا، بەوە بوونەتە خاوەن تایبەتمەندی خۆیان، کە هەمیشە لە هەوڵی بەدەستهێنانی جوانییەکی تایبەت بە خۆیانن. ئەدەبیاتی سۆفییانەش لەم ئایدیاو تێڕوانینانەدا سیخناخ بووە، بەتایبەتی خودی دەربڕینەکانیش بە هەندێ رەمز ئاوس بوونە، کە جوانیان لەناو خۆیاندا حەشارداوە. هەر هەوڵێکی ئیستێتیکاش بە ئاراستەی دۆزینەوەی خودی جوانییەکان، واتە دەرخستنی واتای ژێرەوە، ئەمەش کەم تا زۆر لەگەڵ کردەی تەئویلو هێرمینۆتیکا دێتەوە.

---

١- التبئير الفلسفي في الرواية- مقاربة ظاهراتية في تجربة سليم بركات، د. شاهو سعيد، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٧، ص٩٦

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥-٩٦

٣- معجم السيميائيات، فيصل الاحمر، الدار العرب ناشرون ومنشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠١٠، ص١٨١

ئەگەر چێژ یەکێك بێت لەو بارانەی کە وەرگری دەقی ئەدەبی تووشی دەبێتو دواجاریش دەبێتە بنەمایەکی ئیستێتیکی، ئەوا چێژ وەرگرتن لە دەقێك بۆ دەقێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، بەتایبەتی جۆری چێژبینین لە دەقێکی سۆفییانە بۆ وەرگرێکی سۆفی، یان بۆ خاوەنی پاشخانێکی مەعریفی سۆفیانە، پلەکەی بەرز دەبێتەوە، چونکە ئەگەر وەك خوێندنەوەیەکی هێرمینۆتیکی لە خودی شاعیرەکان بڕوانین، ئەوا بابایەکی وەك مەحوی، جگە لەوەی خۆی سۆفی بووەو لە ڕەمزو هێماکانی ئەم کێڵگە مەعریفیو ڕۆحییە گەیشتووە، بەڵام خۆی وەك خوێنەرو وەرگرێك بۆ دەقە سۆفیگەرییەکانی پێش خۆی، چێژ دەبینیٚ. هەر ئەم چێژبینینەشە وایکردووە، کاریگەری دەقەکانی پێش خۆیو بیری سۆفییانەی سۆفییە مەزنەکانی وەك حەللاج* و غەزالی** لە دەقەکانیدا ببینریٚ. کەواتە مەسەلەی چێژ لەناو لێکدانەوەی تەئویلییانەدا هەر بۆ وەرگری دەق نییە، بەڵکو ئەمە لە ئەنجامی هەستکردنە بە بیرێکی ئیستێتیکی، کە خودی نووسەریش هەندێك جار دێنێتە ناو بازنەکە، بەو پێیەی تەئویل هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی واتای سەرەتاو یەکەم، ئەوا جۆری چێژ وەرگرتنیش ئەگەر بۆ سەرەتاو دەقەکانی سەرەتا بگەڕێندرێتەوە، شێوەیەکی تر وەردەگرێت.

ئەم بارە، بۆ وەرگر، یان خوێنەری دەقی سۆفییانەش ڕاست دەردەچێت، بە جۆرێك زۆر جاران کردەی تێگەیشتنی قووڵ لەناو ناخی خوێنەر ڕوونادات، بەڵام چێژ لە ڕەهەندە ئیستێتیکییەکەوە بوونی دەبێت، ئەمەش بۆ ئەو بارە ڕۆحییە دەگەڕێتەوە، کە وەرگر تێیدایە، یان بۆ ئەو بڕیارە پێش وەختییەی، کە خوێنەرەکە بەرامبەر دەقەکە داویەتی. بۆ نموونە دەقێکی شیعری صافی هیرانی، یان مەحوی، لەبەر بڕیاری لە پێشینەی بۆ ئەم دوو شاعیرە، بەتایبەتی بۆ یەکەمیان، چێژێکی سەرسوڕهێنەر لەلایەن بێژەری ئەم شیعرانە کە دەروێش سمایل، یان حاجی عەبدوڵڵای دەفژەنە***، هەستی پێدەکرێتو گوێندەکە دەکەوێتە بارێکی جۆشو خرۆشو (زەوق)، کە بنەمایەكو پلەیەکی سۆفییانەیە. لەگەڵ ئەوەی خودی ئەم دەقانە بە ڕووکەش دەقی ئاسایین، بەڵام لە ناواخن (باتین) دا، لە بنەماکانی تەسەووف سیخناخن.

* حوسێن کوڕی مەنصوور (ابو مغیث البیضاوی)، بە (حەلاج) ناسراوە، لە (طور) نزیك البیضاء (فارس) لە دایك بووە، فەیلەسوفێکی صۆفی بووە، چەندین ساڵ لە خەڵوەتی سۆفییێتی ماوەتەوە، بە تایبەتی لەگەڵ (توستریو جونەید)دا، پاشان لەبەر دونیا بەکەم زانین (زوهد)، لە شاراندا گەڕاوە، بە (زەندیق) تاوانبار کراو ٨ساڵ زیندانی کراو ئازاری چەشت، دواتر لە ساڵی (٩٢٢ز) لە بەغدا لە سێدارەدرا، لە دوای خۆی ڕێچکەی ئەو پەرەی پێدراو هەندێك بە پیرۆزو هەندێکیش بە کافری دەزانن، تەنیا بەرهەمێکی بە زمانی عەرەبی بە ناوی (کتاب الطواسین) لە دوا بە جیٚ ماوە. المنجد، ص٢٤٠.

** پێشەوا غەزالی، ناوی ئەبو حامد محەمەد کوڕی محەمەد ئەلغەزالی یە، نازناوی (حوجەتولئیسلام) ی پێدراوە، یەکێکە لە شەرعزانەکانی سەر بە مەزهەبی شافیعی، لە ساڵی ٤٥٠ی کۆچی لە (طوس) لەدایك بووە، دەگوتریٚ باوکی پیاوێکی ئەوەندە باش بووە لە بەرهەمی دەستی خۆی بترازیٚ، هیچ شتێکی نەخواردووە. غەزالی بۆ خوێندن زۆر شوێن گەڕاوە، لە نەیسابوورەوە بۆ مەککە، لە بەغداش دەرسبێژ بووە، ماوەیەك لە شام ماوەتەوە، لەویٚ ڕۆژێکیان ڕێی دەکەوێتە حوجرەیەك، دەبیستیٚ مامۆستاکە وتەیەکی غەزالی ڕاڤە دەکات، لە ترسی سەرسام بوون بە خودی خۆیو فیزو کیبرەوە، شام جیٚ دەهێڵیٚو دەچێتە میسرو دواتر دەگەڕێتەوە طوس، هەر لەوێش لە ساڵی ٥٠٥ی کۆچی، ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. ناوبراو بە یەکێك لە زاناو سۆفییە مەزنەکانی سەردەمی خۆی دادەنریٚ و بە کتێبی احیاء علوم الدینء چەندین بەرهەمی تر بەناوبانگە. بڕوانە (مكاشفة القلوب المقرب الى حضرة علام الغيوب، لحجة الاسلام ابى حامد محمد بن محمد الغزالي، تحقيق: ابو انس عادل بن سعد بن محمد بن مطارع، الطبعة الاولى، دار الغد الجديد، القاهرة، ٢٠٠٨، ص٧-٨.)

*** دەروێش سمایلو حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن، لە گوێندەو مەقام بێژەکانی صافی هیرانی بوونەو شیعرەکانی ئەویان بە ئاواز خوێندۆتەوە.

خوێنەر/ بێژەرەکەش لە کردەی مومارەسە زیاتر هیچ مەعریفەیەکی ئەوتۆی بەرامبەر جیهانی تەسەووف نییە، ڕەنگە بە تەواوی مەبەستەکەش نەپێکێ، لەوەشدا گرفت دروست نابێت. کەوابوو ئاشنایی وەرگر بۆ دانەر، گۆڕانکاری لە بەدەستهێنانی ئیستێتیك و چێژبینین دروست دەکات، بە تایبەتی وەرگری سۆفی هەم چێژی ناوەکی خوێندنەوەو هەم چێژی ڕۆحیش بەرجەستە دەکات.

بەیەکەوە گرێدانی ئەم دوو چێژە، پەیوەندی خوێنەرو دەق بەتینتر دەکات و نیشانەی شیعرییەتبوونی دەقەکەیە، چونکە ناکرێ ئیستێتیکاو شیعرییەت لێك هاوێر بکرێن، بەو پێیەی تەئویل لەناو شیعرییەتدا خۆی بەرجەستە دەکات، بۆیە (کەم تا زۆر ئیستاتیکا و شیعرییەت پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئەوەندە هەیە دەوروبەری دەق لە چوارچێوەیەکی ئەدەبی، یان هەر هونەرێکی دیکە بێ، بە هاوسێیەتی لە گەڵ ئیستاتیکادا، کار دەکاتە سەر بەرزی و نزمی پلەی شیعرییەت)[1]، ئەم دەوروبەرەش لەگەڵ چنینەکەدا ڕێژەکە دیار دەکات و لەو نێوانەشدا چنینەکە خۆی پتەوتردەکات و دەق لەبار دەبێت، بۆ ئەوەی لە خۆشیی چێژی خوێندنەوەدا، خوێندنەوەو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێ.

## ٥-٠ هێرمینۆتیکا و ڕێبازە ڕەخنەییەکانی دوای بونیادگەری

بێگومان دوای بونیادگەری، ڕێبازی تری ڕەخنەیی پەیدابوون، هەریەکەیان بە جۆرێك ڕەفتاری لەگەڵ دەقدا دەکرد، بەڵام زۆربەشیان پێچەوانەی بونیادگەری کاریان دەکردو ڕۆڵی وەرگریان زیاتر گرنگی پێدا، کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی لێکدانەوەی واتاکانی دەق و بەرەو هێرمینۆتیك چوون، ببێتە ڕێگای سەرەکییان، بەڵام بە ناوونیشانی جیا خۆیان نیشاندەدا، بەو واتایەی بە جۆرێك لە جۆرەکان خزمەتی هێرمینۆتیکیان دەکرد، بێ ئەوەی ئەم ناوونیشانە بە ڕاشکاوی هەڵبگرن.

(ئەو تەوژم و ئاڕاستە ڕەخنەییانەی مردنی نووسەریان ڕاگەیاند، هەروەك فۆرمالیستەکانی ڕووس و بونیادگەراکان و هەڵوەشاندنەوەگەراکان، لە ڕاستیدا بە تەنیا نووسەر نەمرد، بەڵکو دەقیش مرد، لەبەرئەوە دەشێ قسە لەبارەی مردنی دەقەوە بکرێ، هەروەك چۆن قسە لەبارەی مردنی نووسەر دەکرێ. مردنی نووسەرو دەقیش لە بنەڕەتدا، ئامادەیی خوێنەر دەگەیەنێ، کە لەگەڵیشیدا واتا لە هەموو کردەکانی خوێندنەوەدا تازە دەبێتەوە)[2]. کەواتە هەتا نووسەرو دەق لە پرۆسەی ڕەخنەییدا دابڕێن، بواری خوێندنەوە فراوانتر دەبێت و مەوداکانی خوێندنەوە تیشك دەدەنەوەو وەرگر/ خوێنەر زیاتر دەتوانێ لەگەڵ هەردوو چەمکی نووسەرو دەق مەدار بکات. بەم شێوەیە واتا لە جوغزە چەقبەستووەکەی خۆی دێتە دەرەوەو بەهایەك پڕ لە جووڵەی دەبێت و دەق مەدلوولی دیکە لە خۆیدا هەڵدەگرێ، بە گوێرەی پلەو ئاستی زانیاری خوێنەرەکەو چۆنیەتی کارلێککردنی لەگەڵیاندا. هەر بۆیەش مەبەست و نیازی نووسەر مادەم (پایەو بناغەیەکی هێرمینۆتیکا بێ)[3]، ئەوا هێرمینۆتیکاش بە ئەرکی خۆی دەزانێ، کە لە مەبەست و نیازی نووسەر تێبگات و بەو هۆیەوە شیکردنەوە بۆ پرسی زمان و شێوازو بناغەکانی دەق بکات و لەو ڕێگایەشەوە دەقەکە فرەخوێندنەوە هەڵبگرێ، چونکە مەبەست و نیازی ناو دڵی نووسەر بە

---

١- شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، هێمن عومەر خۆشناو، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠١٠، هەولێر، ل٢٣٦.

٢- موت المؤلف وأفاق التأويل، موسى ربابعة، مجلة علامات، العدد٥٨، ديسمبر ٢٠٠٥، ص٥٥

٣- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

تەواوی یەك واتا لە خۆیدا بەرجەستە ناكات، مادەم خوێنەرەكان ژینگەو رۆشنبیریو چۆنیەتی تێگەیشتنیان جیاواز بێت.

تیۆری وەرگرتن، كە رۆڵ بۆ وەرگر دەگێڕێتەوە، وەك كاردانەوەیەك لەگەڵ دەقدا، خوێندنەوەیەكی دیكە دەسازێنیّو دیاردەی (وەڵامدانەوەی خوێنەر بۆ ئەدەب) دێتە كایەوە. لەو سۆنگەشەوە (هێرمینۆتیكا میتۆدێكی رەخنەییە دوو خوێندنەوەی تەواوكاری ئەدەب بەرجەستە دەكات، خوێندنەوەیەكی ئاسۆیی، كە بونیادی سەرخانی دەق دەخوێنێتەوەو هەروەها خوێندنەوەیەكی ستوونیی ناوەكی (باتینی)، كە بونیادی ژێرخانی دەق دەخوێنێتەوە...و كۆدو هێماكان هەڵدەوەشێنێتەوە، لەبەرئەوەش خوێندنەوەی هێرمینۆتیكیانە شیمانەی دەقی شاردراوە بەدەردەخات.. لەوەوە لە هەژموونو دەسەلاتی تاك واتاییو دەسەڵاتی توندوتیژی خوێندنەوەی داخراو رزگارمان دەبیّ).[1] كەواتە بەم جۆرە خوێندنەوەیە مەرج نییە هەر تەنیا ژێرخانی دەق شیبكاتەوە، بەڵكو دەشیّ لە خودو رووكارو سەرخانەكەشیەوە، هەندیّ لە نهێنییەكانی دەقەكە دەستنیشان بكات، چونكە تاك واتا هەر تاك واتایە، ئەگەر ژێرخانی دەقیش بگرێتەوە، بۆیە خوێندنەوەی كراوە، رێگای ئەوە خۆش دەكات، كە دەق لە چەند پەنجەرەوە تەماشا بكریّ، بۆیەشە هەموو لایەنەكانی دەق لە بچوكترین یەكەی زمانییەوە، تا گەورەترین یەكە، هەریەكەیان دەلالەتی خۆی دەبێتە پێشەنگ بۆ ئەوەی بە هەموویان یارمەتی خوێدنەوەیەكی تەواوكارییانەی دەق بدەن.

ئەم پەیوەندییەی نێوان تیۆری وەرگرتنو دەسەلاتدانە دەستی وەرگر، كە خوێندنەوە بۆ دەقەكە بكات، دەكریّ بە روانینێكی رەخنەیی هەژمار بكریّ، كە رەخنە نییە لەپێناو رەخنە، بەڵكو رەخنەیە لە خزمەتی خوێندنەوەدا، كە دواجار كۆدو رەمزەكان بەهۆی ئەم روانینەوە دەبنەوە.

هێرمینۆتیكا لەگەڵ زۆربەی چەمكە ئەدەبیو رەخنەییەكاندا سەروكاری هەیە، ئەگەر رەخنەی ئەدەبی قسەكردنو حوكمدانو كارلێككردنی وەرگر (رەخنەگر) بێت لەگەڵ دەقو هەوڵی روونكردنەوەو ئاسانی تێگەیشتن بدات لە دەق، ئەوا بەشێك لە كاری هەردوو چەمك هاوبەش دەبیّ، بەو پێیەی هەردووكیان خۆیان لەگەڵ دەق دەگونجێننو هەوڵی راڤەو شیكردنەوە دەدەن لە چوارچێوەی كردەی تێگەیشتنو كردەی خوێندنەوەدا، كە یەكەمیان بنەماو كۆڵەگەی هێرمینۆتیكەو دووەمیان بنەمایەكی گرنگی كردەی رەخنەییە، بۆیە (هێرمینۆتیكاو تەئویل شێوەیەكن لە شێوەكانی رەخنەو هەموو رەخنەیەك جۆرێك تەئویلە، لەبەرئەوە بە زۆری رەخنە بەوە دەناسریّ كە راڤەو تەئویلی دەقەكانە، هەروەك فریدریك شلیگڵ پێی وایە هێرمینۆتیكا لە رستەسازیو رەخنەو شیعرییەت گشتگیرترە) [2]. بۆیەش هەروەك چۆن رەخنە قسەكردنە لەسەر بواری شیعرییەتو بەشەكانی زمان لەناو رستەسازیی دالو مەدلوولەكان بە ئەركی خۆی دەزانێت، بە هەمان شێوەش هێرمینۆتیكا بە رێگاو شێوازی خۆی ئەم بوارانە شیدەكاتەوەو كارلێكیان هەتا ئەو رادەیە لەگەڵ دەكات، كە خزمەت بە كردەی تێگەیشتن دەكەن، لەبەرئەوە ناكریّ لە كردەی رەخنەی لیّ دابڕینو بەم رێگاو شێوازە، ئەویش دەبێتە شێوەو رێبازێك لە رێبازەكانی رەخنەی ئەدەبی.

---

١- اتجاهات التأويل النقدى من المكتوب الى المكبوت، ص٣٥٤

٢- هرمنيوطيقا النص الادبى في الفكر الغربي المعاصر، ص٤٨-٤٩

ئەوەی پەیوەندی بە چەمکی (دوای بونیادگەری) هەیە، بە پێی بیروڕای رەخنەگرانو توێژەران، هەریەکە لە هەڵوەشاندنەوەگەراییو رەخنەی تیۆرەکانی وەرگرتنو سیمیۆلۆجیاو هێرمینۆتیك...تد دەگرێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە، مادەم هەموویان لە چوارچێوەی رەخنەدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، ئەوا دەشێ بە گوێرەی سروشتی دەقەکە میکانیزمەکانی کارکردن بگۆڕدرێو کامەیان لەبار بوو بۆ زیاتر وردبوونەوە لە واتاکانی دەق، ئەمیان هەڵبژێردرێ. لەلایەکی تر دوای بونیادگەری وەك میتۆدێکی فەلسەفی، سەروکاری لەگەڵ فینۆمینۆلۆجیا دەبێت، بەوەی مادەم بەشێك لە رەگەزەکانی فینۆمینۆلۆجیا (چەمکی مەبەستداریو چەمکی واتا)یە، ئەمەش بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆی لە هێنانەوە پێشی نووسەر بەرجەستە دەکاتەوەو مردنی نووسەر وەلاوە دەنێتەوە. کەواتە لەم حاڵەدا هەردوو لا لەیەکتر نزیك دەبنەوە.

رۆڵی فینۆمینۆلۆجیا لە چالاککردنی کاروانی دوای بونیادگەری لە میانی دوو رابەری ئەو رەوتە بوو، ئەوانیش ئیدمۆند هۆسرل* و مارتن هایدگەر بوو، کە یەکەمیان گەنگەشەی لەنێوان مەبەستداریو هۆش هێنایەکایەوەو لەو میانەدا سنووری لە نێوان منی باڵاو منی دەروونی دروستکرد، بۆ مەبەستی دامەزراندنی یەقینێکی مەعریفی لەسەر منی باڵا، دواتر ئەم چوارچێوەیە خۆی لە دیاریکردنی پەیوەندی خودو بابەتو خوێندنەوەی جەوهەری شتەکانو... هتد، بینییەوە. هەرچی هایدگەریش بوو بازنەی گەڕان بە دوای بوون-ی فراوانتر کرد، لە چوارچێوەی مەعریفەوە بۆ چوارچێوەی بوون... هتدو فینۆمینۆلۆجیای بەرەو هیرمینۆتیکا برد، بەوەی فینۆمینۆلۆجیا کێشەی تێگەیشتن لە بوونی چارەسەرکردو هێرمینۆتیکاش کێشەی تێگەیشتنی لە چوارچێوەی بووندا چارەسەرکرد، بەمەش کردەکە وای لێهات بە دوای رەسەنیو ئەسڵی شتەکانو ئەزموونی ژیانو تێگەیشتن لە خودو ئەوانی تر، بکەونو بیکەنە بەرنامەی کارەکانیان. هەر لەم چوارچێوەیەشدا رەخنەی فینۆمینۆلۆجی فراوانتر بووو خۆی لە چوارچێوەی رەخنەی تازە بینیەوەو کەسانی وەك "گادامیرو ئینگاردن** و ریکۆر" لەلایەك هیرمنیتۆتیکایان وەك میتۆدێك ناساندو لەلایەکی تریش بە ئامرازو میکانیزمێکی دوای بونیادگەرییان دانا، بەوەی بە میتۆدی سیمیۆلۆجیاو تیۆری وەرگرتن تێدەپەڕیو کردەکانی دەرککردنو لەبەرچاوگرتنی

---

* ئیدمۆند هۆسرل (١٨٥٩- ١٩٣٨) خەڵکی وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیایە. دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، لە زانکۆکانی لایبزكو بەرلینو ڤیەننا) بیرکاریو فەلەكو فیزیاو فیلۆلۆژیای خوێندووە، لە ساڵی ١٨٨٢ دکتۆرای بەدەست هێنا. لە ١٨٨٦ لە (هیل) دکتۆرایەکی تری بەدەست هێنا بەناوی (چەمکی ژمارە- شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆجییانە). لە ساڵی ١٩٠٠-١٩٠١ بە کتێبی (لێکۆڵینەوە لۆجیکییەکان) وەك فەیلەسوفێكو دامەزرێنەرێکی فینۆمینۆلۆجیا دەرکەوت. بڕوانە (الحلقة النقدية- الادب والتاريخ والهرمينوطيقا الفلسفية، ديڤيد كوزنز هوى، ترجمة: خالدة حامد، منشورات الجمل، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧، ص٢٥٢-٢٥٣.)

** رۆمان ئینگاردن Roman Yngarden(١٨٩٣- ١٩٧٠ز): فەیلەسوفێکی پۆڵەندییە، لە پشتیوانانی فینۆمینۆلۆجیایە، قوتابی تڤاردۆفسکیو هۆسرل بووەو پرۆفیسۆر بووە لە زانکۆی لڤۆڤ وکراکۆڤ لە پۆڵەنداو ئەندامی ئەکادیمیای پۆڵەندا بۆ زانستەکان بووە. تێزی دکتۆراکەی بەناوونیشانی (ویژدانو عەقڵ لای برجسۆن) بووە. لە پەیوەندی نێوان مەعریفەو زانستەکانی تری کۆڵیوەتەوەو لەبارەی ئەنتۆلۆجیای جیهانوئەنتۆلۆجیاو میتافیزیکای نووسیوە. لە بەرهەمەکانی (کاری هونەری ئەدەبی، لە بونیادی تابلۆی هونەری، کاری بیناسازی، کێشەی ناسنامەی کاری میوزیك، لێکۆڵینەوەکان لەبارەی ئەنتۆلۆجیای هونەر). بڕوانە: (موسوعة الفلسفة، د.عبدالرحمن بدوی، الجزء الثانی، ص٦٤٢)

**زانستەسروشتییەکانو تێگەیشتنی مێژوویی‌و شارەزایی ئیستێتیکی‌و دەلالی...هتدو پێویستبوونی تەئویلکردنی دەق بۆ ئەوەی دەلالەتەکەی ئاشکرا بێ، ببێتە تەوەرەکانی کارکردنی ئەم رەوتە.[1]**

**هەر لەناو چوارچێوەی دوای بونیادگەریدا، تیۆری پێشوازی کردنو وەرگرتنیش خۆیان دەخەنە ناو ئەم رەوتە، لەوەشدا هەردوو تیۆری وەرگرتنی ئەمریکی و ئەڵمانی میکانیزمی کارکردنی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەمانەش لە شوێنی خۆیاندا رۆڵیان لە پەرەسەندنی میکانیزمی بەرهەمهێنانی تەئویل بۆ دەق هەیەو تێیدا لە پاڵ میکانیزمەکانی تری رەوتی دوای بونیادگەری، رۆڵ لە بەرهەمهێنانی واتا دەگێڕن، هەریەك لە ئایزەر یاوس‌و فیش*بە رابەرانی ئەم قوتابخانەیە دادەنرێن.[2]**

**ئێمە لە مامەڵەکردنمان بۆ شیعری مەحوی، بە رێژەیەکی زیاتر لەسەر تیۆری وەرگرتنی قوتابخانەی ئەڵمانی سەنگراینەوەو بە پلەی دووەمیش بنەماکانی کارکردنی هۆسرلو گادامیر پشتی پێ بەستراوە، بە لەبەرچاوگرتنی میکانیزمو ئامرازەکانی فینۆمینۆلۆجیاو سیمیۆلۆجیاو دیاردەکانی تەئویلی سۆفیگەری ئیسلامی، بۆ ئەوەی دیاردەکانی ناو دەق تیۆرەکان بکەنە پاڵپشت، نەوەك بە تیۆرەکانەوە لە قالب بدرێن.**

---

**١- بۆ زیاتر زانیاری لەو بارەوە بڕوانە: سجن التفكيك، الاسس الفلسفية لنقد مابعد البنيوية، ص٨١-٩٣**

***ستانلی فیش Stanley Fish(١٩٣٨-): رەخنەگرێکی ئەدەبی خەڵکی ئەمریکایە. بووە پسپۆڕی لێکۆڵینەوە لە تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەر، وەك هاوتای ئەو واتایەی کە دەق دەیخولقێنێ، لە جیاتی ئەو واتایەی کە خوێنەر بەسەر دەقی دەسەپێنێ. لە زانکۆکانی پەنسلڤانیا، وییل، هونس هوبکنز وانەی وتۆتەوە ، لە بەرهەمەکانی (ونبوونی بەهەشت، گۆڕانی سیاسی‌و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی..هتد). (سجن التفكيك، ص٢٨٨)**

**٢- سەرچاوەی پێشوو، لا٩٧**

## بەشی یەکەم

## ١-١ دەق لەنێوان چێژو هێرمینۆتیك دا

**سەرەتا:**

مەبەستە سۆفیگەرییەکانو خۆخزاندنیان لەناو چوارچێوەی دەقی ئەدەبی بەگشتیو شیعر بە تایبەتی دا، هەر لە زووەوە تووشی جۆرێك لە گەنگەشە بوونەوە، بە شێوەیەك وەرگر لە سەرەتادا ئاسۆی پێشبینییەکانی بۆ تێگەیشتن لە دەقەکەدا کز بوو. هەتا رەمزیان کردە سێنتەری شاردنەوەی مەبەستی واتاکانیان، بەربەستەکانی بەردەم تێگەیشتن تا ماوەیەکی زۆر لانەکەوتنو ئەنجامەکەشی بە کوشتنی یەکێك لە رابەرانی ئەو رەوتە فیکرییە کە (حەللاج) بوو کۆتایی هات.

بێگومان چێژ وەك کۆڵەگەیەکی گرنگی مانەوەی ئەدەبیات حسێب کراوە، بەو پێیەی ئەدەب بە هۆی چێژی وەرگرەوە هەوڵی بە نەمربوون دەدات، ئەمەش لە رێگای چنینی زمانەکەیەوە ئەم رۆڵە خۆی بەرجەستە دەکات، هەوڵی سۆفییەکانیش، کە بۆ شاردنەوەی واتا رووکەشەکانە، هەر زوو بەربەستی لە بەردەم چێژی وەرگردا دروستکرد، چونکە وەك ئاشکرایە بە هەند هەڵگرتنی ئەزموونی پێشووتر لە واتاداو راهاتنی وەرگر بە وشەو رەمزو واتاکانی پێشووو ئالوودەبوون پێیەوە لە رێگای وروژاندنی هەستەکانەوە، وا دەکا پەیوەندی نێوان وەرگرو دەق خۆش بێتو بەهێزبوونی ئەم پەیوەندییەش ئەگەرچی لە رێگای ئاشنابوونەوەیە بە بنەما زمانییە باوەکان، کە لە پێشترەوە تا کاتی خوێندنەوە دەقی گرتبوو، چێژیش دەخاتە پلەیەکی باڵا. لەبەرئەوە سەرەتا (دەقە سۆفیگەرییەکان نەیانتوانی لە کرۆکدا چێژ بە وەرگر ببەخشن... بەهۆی ئەوەی دەقەکان لە رەهەندی ئەدەبییەوە بەرەو گوتاری ئایینی، یان مەزهەبی چووبوون).[١] لێرەوە خاڵی کزبوونی چێژوەرگرتن لە دەقی سۆفییانە دەست پێدەکات.

لایەنێکی تر، کە پلەی چێژوەرگرتن نەك هەر بەرزناکاتەوە، بەڵکو جۆرێك لە دژایەتیش دەسازێنێ، بریتییە لە دروستکردنی بۆشایی لەناو دەقدا، بەوەی وێڕای کزبوونی رەهەندە ئەدەبییەکەو بردنی دەق بەرەو گوتاری ئایینی، گۆڕینی ستراتیژییەتی نووسینیشە لەناو خودی بانگەشەکردنی ئاییندا، بەوەی ئەوەی هێڵی سوورە لە ئایندا، لە ئەدەب دەستی بۆ ببردرێو روانینە کەسیو تایبەتییەکان بە ناوی ئەدەبیاتەوە پەرەیان پێبدرێ. ئەم ستراتیژییەتەش لەپاڵ راڤەو روانینی ئەم رەوتە فیکریو فەلسەفییەی کە پێی دەگوترا تەسەووف، بۆ قورئانو دۆزینەوەی واتای دیکەی تازە بۆ دەقە ئاینییەکان، بەم پاساوەش چێژی ئەدەبیان لەناو پۆشینێکی ئەدەبیدا قەتیس کردو رێگایان بۆ (واتای واتا) خۆش کرد، کە لە ژێر ئەم ناوەوە ستراتیژییەتی دەق بگۆڕن.

رۆڵی هێرمینۆتیك بۆ پرسی چێژ، لەوەدا پەیوەندی دەبەستێت، بەوەی بەکارهێنانی هەندێك ئامرازی تازە بە گوێرەی قوتابخانە هاوچەرخەکانی هێرمینۆتیكو بە هەند هەڵگرتنی قوتابخانە کۆنەکانی بواری تەئویل، بۆ لێکدانەوەی دەق جۆرێك لە ئازادی بە وەرگر دەبەخشێ، بەوەی کە (تەئویلکردنی دەقو فرە رێگاکانی، بە خەمخۆری وەرگر پەیوەستەو بە تەنیا سیاقی دەق لە تەئویلدا گرنگ نییە، چونکە

---

١- تحليل الخطاب الصوفي في ضوء المناهج النقدية المعاصرة، امنة بلعلى، منشورات الاختلاف، الجزائر، والدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠١٠م، ص ٦١-٦٢

مەبەستەکە هەر تەنیا گەیشتن نییە بە حەقیقەتێك کە دەق قسەی لەبارەوە دەکا، بەڵکو بەدەستهێنانی چێژیش بۆ خۆی ئامانجە)[1].

راهاتنی خوێنەران بە چێژی شیعری پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلام لە جیهانی عەرەبیداو پاشان ئیسلامیدا، وایکردبوو کە ئەگەرچی رۆژگاریش تێپەڕێت شێوازێکی چەقبەستوو دروست بێت و وێنەکان گۆڕانێکی وەهایان بەسەردا نەیەت. لەبەرئەوە هاتنی ئەدەبیاتی تەسەووف بەم تەرزە بیرکردنەوەو بەم شێوازە نووسینە تازەیە، بۆ ئەو سەردەم لە هۆشی وەرگر وەرچەرخانێکی گرنگ بوو، بۆ دەبەریەك راچوون لەگەڵ بنەمای تێگەیشتن، چونکە کۆمەڵێك چەمك گۆڕانیان بە سەرداهات، بەو پێیەی ئەدەب لای سۆفییەکان ئامرازێك بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای سۆفیایەتی. لەبەرئەوە وێڕای زاراوەی تایبەتی پۆشین و وەرچەرخانی تایبەتیش، لە ئەنجامدا گەلێك چەمك و زاراوەی تایبەت بە تەسەووفیش هاتنە کایەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی سۆفیگەری لە گەشەسەندندا چوارچێوەیەکی زانستی لەخۆدا بەرجەستە کرد.

لێرەدا لە سۆنگەی ئەم نوسینەی سەرەوەدا، دەردەکەوێت، کە شاعیرانی سۆفی مەشرەب، بۆ خۆشیان دەکرێ وەك وەرگر/ خوێنەرێکی هێرمینۆتیکی حسێبیان بکەین، چونکە ئەوان لە ئەنجامی روانینی تایبەتییان، یان تەئویلییان بۆ دەقە پیرۆزەکان و لەنێویشیاندا قورئانی پیرۆز، فێری ئەوە بوون داهێنان لەناو دەقی ئەدەبیدا بکەن و پۆشینێك بخەنە نێوان خۆیان (دەقی ئەدەبی) و خوێنەری دووەم، کە خوێنەری دەقەکانی ئەوانە، بە جۆرێك قالبی پێشووی خۆیان بەکاربێنن، لەپێناو ئاخنینی مەبەستە سەرەکییەکانی خۆیان، بێ گوێدان بەوەی هەندێ لە قالبەکان بۆ مەبەستی سۆفیگەری گونجاو نین، کە دەکرێ ئاراستەی قاڵبەکانی شیعری سۆفییانە، کە دواجار بوونەتە بنەمای سەرەکی هێرمینۆتیك لەم دوو تەوەرەدا کە دێینە سەر باسیان خۆیان ببیننەوە:

---

١- إراءة التأويل ومدارج الشعر، د. عبدالقادر فيدوح، دار صفحات للدراسات والنشر، سورية، الاصدار الاول، ٢٠٠٩، ص٨٦-٨٧

## تەوەرەی یەکەم

## ٢-١-١ غەزەل وەك بنەمایەکی دژەباوی سۆفیگەری

بەدەر لە هەموو ئەو پێناسانەی بۆ غەزەل کراون، وەك جۆرێکی شیعر، هەر لە کۆنەوە قالبێکی تایبەت بەخۆی هەبووەو ناوەڕۆکێکی نامەجازییانەی راستەقینەی لەخۆدا هەڵگرتووەو نزیکترین شێوەی شیعر بووە، کە لە سەرەتادا رەوتی ئایین خستییە نێو قالبی ئایەتی ﴿ وَٱلشُّعَرَآءُ يَتَّبِعُهُمُ ٱلْغَاوُۥنَ ﴿٢٢٤﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِى كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ ﴿٢٢٥﴾ وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ ﴿٢٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَذَكَرُوا۟ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱنتَصَرُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا ظُلِمُوا۟ ۗ وَسَيَعْلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ أَىَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ ﴿٢٢٧﴾ ﴾*، بۆیە بە ترسەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، چونکە لە رووی ناوەڕۆکەوە دەست بردن بوو بۆ هەندێ لەو دیاردانەی، کە ئایین پێی قایل نەبوو. لێرەدا رەوتی سۆفیگەری زۆر بوێرانە دەستی بۆ نووسینی غەزەل برد، بەڵام لە چنینی زمانەکەدا پۆشینە واتاییەکەی دەست پێکردەوە، بەو پێیەی بە لای ئەوانەوە (وشە وەك هەنسکی رۆح و ئاوێنەی دەروون و سەدای بیر دەدرەوشێتەوەو سۆفی نابێتەوە بە نووسەر، بەڵکو وشە نووسراوەکانی دەبنە خود، بەمەش دەقی سۆفییانە داهێنانێکی نووسراوی تازەو رچەشکێن بووو سنووری زمانی میراتی تێپەڕاندو بووە هەڵگری پسولەی فیکری و رۆحی و دەروونی هاویەك و چڕ، ئەگەرچی ئەم شێوەیەش بە درێژایی مێژووی پێشتر لە ناو لاپەڕەکانی ئەدەبیاتدا نەبووە، بەڵام بەم شێوازە نووسینە سەربەخۆییەکی خۆی بەدەست هێنا، هەر لە وشە دێرینەکانەوە، کە واتای تازەی لێ بەرهەم هێنا، تا ئەوەی لە ئاستی ئاساییەوە بەرەو ئاستێکی بەرزتر بەرزبووییەوە، کە لە رەمزەوە دەستی پێدەکرد، بە "شطح**" یشەوە کۆتایی دەهات)[١].

ئەم دەستپێکردنە بە چنینی رەمز لە ناو بۆتەی زمانەکەدا، تا رادەیەك پەیڕەوکردنی هەمان شێوازی کۆن بوو، بەڵام لەناو مەبەستی تازەدا واتای تازە خۆی حەشاردابوو، قاڵب و چوارچێوەکەش هەمان چوارچێوەی جاران بوو، لەنێو ئەم ناوەڕۆکەشدا، لەپەنای ئەم زمانە غەزەل ئامێزەدا، ستراتیژییەتی تەسەووف بە روونی دەبینرا، کە ئەمە جۆرێك دوورکەوتنەوە بوو لە رەهەندە ئەدەبییەکەو بە ناوی ئەدەبەوە گوتاری رۆحیانەو رۆچوونە ناو جیهانی باتین و فیکری ئایینی بە توانەوەی مرۆڤ لەناو رۆحی خۆی و عیشقی مەجازیانەدا پەرەی پێدرا.

---

* واتە: سەرلێشێواوو سەرگەردانەکان بەدوای شاعیران دەکەون، ئایا نابینیت، کە ئەوانە بە سەرگەردانی لە هەموو دۆڵێك پەیدا دەبن و لە بارەی هەموو شتێکەوە قسەدەکەن. بەراستی ئەوانە شتێك دەڵێن، بەڵام بە کردەوە جێبەجێی ناکەن. تەنیا ئەوانە نەبێ کە بڕوادارن و کاری چاك دەکەن و یادی خوا زۆر دەکەن و بەو توانایەی هەیانە پشتیوانی لە بڕواداران دەکەن و کە ستەمیشیان لێ دەکرێ تۆڵە دەستێنن، ئەوانەشی ستەمیان کردوە، بەم زوانە دەزانن بۆ چ جێگایەك دەگەڕێنەوە. سورەتی شوعەرا، ئایەتی ٢٢٤-٢٢٧

** شەتەح: هەستکردنێکی دەروونە بە یەکەم چرکەساتەکانی گەیشتن بە مەقامی خودایی، کە تێکەڵبوونێك لەنێوان خوداو بەندە دروست دەبێت. ئەم چەمکە بە زۆر جۆر گوزارشتی لێکراوە، هەندێکیان پێیان وایە جۆرە جولەو بزاوتنێکە لەکاتی هەستکردن بەم جەزب و کەمەندکێشییە، هەندێکی تر پێیان وایە جۆرە داواکردنێکە کە بەتینترین خۆشەویستی خودای لەخۆدا هەڵگرتووەو بە مەستی و هەستکردن بە چێژی ویصال تێدەپەڕێ. بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی واتاکانی ئەم چەمکە، بڕوانە موسوعة مصطلحات التصوف الاسلامی، ل٤٩٧-٤٩٨)

١- النص الشعری بوصفه افقا تأویلیا، الدکتور لطفي فکری محمد الجودی، مؤسسة المختار للنشر والتوزیع، الطبعةالاولى، القاهرة،٢٠١١م، ص ١٣٨

غەزەل باشترین قاڵبی شیعر بوو، کە بواری ئەوە بدا وەرگر تووشی کەلێنی تێگەیشتن (الفهم) بکات، بەوەی ئەوەی وەرگر پێشبینی ناکات، سۆفی لە ڕێگای غەزەلەوە بیهێنێتە ئاراوە، بۆیە زۆرترین مشت و مڕیش لەو سۆنگەیەوە هاتە کایەوە، کە ناوەڕۆکی غەزەلییانەو شێوازو چنینی دەربڕین لە ناو غەزەلدا بۆ مەبەستی دیکە بەکاربێت، کە تەنیا بنەمای هێرمینۆتیکیانە وەك چۆن پێشتر بۆ قورئان داهێنراوە، بە هەمان هەناسەو شێوازی بۆ قورئان چوون، بۆ ئەم تەرزەی شیعریش هاتە کایەوە.

(ئیبن عەرەبی*) هەر لە زووەوە ئەم بنەمایەی پەیڕەو کردو خۆی لە کتێبی (ترجمان الاشواق) دا، ئەم ڕاستییە دەخاتە ڕوو، کە بە زمانی غەزەل دەربڕینە سۆفیگەرییەکان دەردەبڕێن و غەزەل دەبێتە ئامرازی نهێنییە خوداییەکان: (هۆکاری ڕاڤەکردنم بۆ ئەم بەیتانە ئەوە بوو هەندێ لە شەرعزانان نکۆڵی ئەوەیان کردبوو، کە ئەمانە لە نهێنییەکانی خودایی بن. بۆیە بۆم سەلماندن و شەرعاندم، کە ئەم غەزەلانە مەبەست لێی نهێنییەکانی خوداییەو، بۆیە لەو نووره خوداییەو نهێنییە ڕۆحانییەو زانستە عەقڵییەو ئاماژە شەرعییانەم دایە پاڵی و دەربڕینەکەم بە زمانی غەزەل دەربڕیوە، تا دەروونەکان بەم دەستەواژانە ئەوینداربن، کە ئەمە زمانی هەموو ئەدیبێکی جۆشدەرو ڕۆحانی و نەرمو نیانە)[١].

شیعری سەرەتاکانی ڕەوتی سۆفیگەری، بە زۆربەی زۆری شێوازەکانی چنینی شیعری سەردەمی نەفامی (جاهلی) کاریگەر بوو، بە جۆرێك ئەم کاریگەربوون و خۆبەستنەوە پێی، دواجار بوون بە زاراوەو بنەمای شیعری سۆفیزم و تا ئێستاش وەك ڕەگ و بنەما لەناو دەقی سۆفییانەدا هەر ماونەتەوە**. ئەمەش هەر بەوە خۆی لە شیعری ئایینی بێگەرد (مجرد) جیاکردەوە، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین ئەوەندەی شیعری تەسەووف لە شیعری پێش ئیسلام نزیکە، ئەوەندە لە شیعری ئیسلامی نزیك نییە، کە دەکرێ بازدانێك بێت و خۆی لە شیعرە ئاینییە ڕووکەشە پیاهەڵدان ئامێزەکە ڕزگار کردبێ و بۆن و بەرامەی چنینی چامەی جاهیلییانەی بۆ هاتبێ، کە ئەمە بۆ خۆی وەرچەرخانێکی سەرسوڕهێنەرە، بەوەی بە هەمان شێوازی کۆن، بەڵام بە هەناسەیەکی تازەتر، کە تەنیا خۆیان دەتوانن ڕاڤەی دڵی خۆیان بکەن و لە خۆشەویستی

---

* ناوی ئەبو عەبدوڵلا محەمەد کوڕی عەلی کوڕی محەمەد کوڕی عەبدوڵلا ئەلعەرەبی ئەلحاتەمی ئەلتائییە. بە ئیبن عەرەبی بەناوبانگە، بەڵام لەگەڵ قازیی ئەبوبەکر ئیبن عەرەبیی مالیکی جیاوازە. لە ساڵی ٥٦٠ی کۆچی لە مەرسیەی ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس لەدایك بووە. لە ساڵی ٥٩٨ بەرەو حەج دەچێت و بە باکوری ئەفریقیا و میصردا تێدەپەڕێ. لە گەشتەکەی بەردەوام دەبێ و بە بەغداو موصڵ و قاهیرەو حەلەب و قۆنیەو دیمەشقدا دەڕوات و لە ساڵی ٦٢٩ تا لە ساڵی ٦٣٨ کە وەفاتی کرد، هەر لە دیمەشق مایەوە. زۆربەی کتێبەکانی لە ئەندەلوس نوسیوە. نزیکەی ٧٤ کتێبی نووسیوەو پەنجاوشەش لەو کتێبانە ڕەگەڵ کتێبی (الفتوحات المكية) خراون. وێڕای بەرهەمی ناوبراو، هەریەك لە کتێبەکانی (فصوص الحكم، كتاب التجليات، كتاب المحجة البيضاء، كتاب العبادلة، رسالة الاخلاق، رسالة الاتحاد الكونى، كتاب الخلوة...هتد) لە بەرهەمەکانی ئەون. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پێشەکی (الفتوحات المكية، محى الدين بن عربي، المجلد الاول، دار صادر، بيروت، بدون سنة الطبع)

١- ترجمان الاشواق، محى الدين ابن عربى، بيروت، ١٩٩٢، ص٩-١٠

** لەئەنجامی ڕامانمان لە دەقە شیعرییەکانی سەردەمی ئیسلامی دا (سەردەمی پێغەمبەر (د.خ))، بۆمان دەرکەوت کە لە سەرەتادا هەندێك شاعیر زۆر بە ڕاشکاوانە لەبەردەم پێغەمبەر (د.خ) دا ئاماژەیان بە عیشقی مێینە کردووە، بێ ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) هیچ لاری بوونێکی هەبوبێت، مێژ ساڵە شیعرە بەناوبانگەکەی (كعب بن زهير) لەسەر زارانە: بانت سعاد فقلبى اليوم متبول....) بەڵام هیچیان ئەوەیان ڕوون نەکردەوە، کە چ عەجەب ئەم شیعرە غەزەلییە ڕاشکاوانەیە لە بەردەم پێغەمبەر (د.خ) گوتراو ئەویش دەنگی نەکردو ئەم دەقەش وەك ناسنامەی بوونە مسوڵمانی (کەعب) دیاریکراو، بووە پێناسەیەکی ناسراوی ئەم شاعیرە! ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ، کە شیعری سۆفییانەش لە بەرەنجامی ئەم جۆرە لە شێوازی چنینە، بەرەو مێیینەتی دەق و ناوەڕۆك چووە، بەڵام بۆ مەبەستێکی دیاریکراو و ئامانجدار.

مرۆڤانەوە بۆ خۆشەویستی خودایی هەنگاو بنێن، ئەویش لەناو دەمارەکانی چنینی دەقدا هەستی پێ دەکرێت. وەك ئەم هێڵکارییە:

شیعری تەسەووف ‏ ‏ ‏ شیعری ئیسلامی ‏ ‏ ‏ شیعری سەردەمی نەفامی

قۆناغی رۆژگار

دەکرێ لێرەدا ئەوە فەرامۆش نەکەین، کە شیعری سۆفییانە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە هەندێك پرسی ئاینیدا، لەگەڵ شیعرە ئاینییەکەدا یەکدەگرێتەوە، بەلاّم شێوازی چنینەکەی راستەوخۆ وەك شیعری ئاینی دەرنەبڕاوە، بەڵکو بە هەمان غەزەلی دڵدارانەی سەردەمی نەفامی (جاهلی) دەقەکانیان داڕشتووە، بەلاّم وەرگر هەست بە ویکچونێکی زۆر دەکاتو رەخنەی تیۆری وەرگرتنو شارەزابوون لە بنەماکان ئەگەری ئەوە بە دەستەوە دەدات، کە تێگەیشتن بێتە کایەوە.*پەیوەندی غەزەل بە گەشەپێدانی خوێندنەوەی هێرمینۆتیکانە، هەر تەنیا لەوەدا نییە، کە شاعیر ئەدەبیاتی کۆنی بە هەناسەی تازە هێناوەتە گۆڕێ، بەڵکو لەوەدایە، کە تێگەیشتنی وەرگر بۆ غەزەل جۆرێك بووەو لەکاتی تێکەڵکردنو ئاوێتەبوونی بە بنەما سۆفیگەرییەکان، وەرگر تووشی حالەتێك دەبێتەوە، کە هەرگیز ئەمەی چاوەڕێ نەدەکرد، ئەم پێشبینی نەکردنە لوتکەی سەرهەڵدانی خوێندنەوەی هێرمینۆتیکە، ئەمە لە چوارچێوە گشتییەکەیدا، هەرچی وردەکارییەکانی ناواخنە، ئەوا بە چەند بارێکی تر ئاسۆی پێشبینیی** وەرگر دوور دەکەوێتەوە، چونکە جارێکی تر لەناو چوارچێوەی غەزەلو، لە ناو ئاسۆی پێشبینی وەرگر بۆ غەزەلدا، رەمزو دەربڕینی وا دەردەبڕێت، کە لە سیاقو گونجاندا لەگەڵ یەکتر هاویەك نابنو بەم شێوەیە، بە شێوەی سەربەخۆ خۆیان بەدەستەوە دەدەن.

ئەگەر لە سەرەتادا لە رووی هونەریو ئیستێتیکییەوە، هیچ قالبو چوارچێوەیەکی شایستە نەبووبێ، وەك قالبی شیعری غەزەل بۆ جێکردنەوەی مەبەستە خودابییەکان لەناو ناخی مرۆڤدا، ئەوا غەزەل بووە چوارچێوەیەكو بنەما سۆفیگەرییو ئایدۆلۆژییەکانی لەخۆدا جێکردەوە، بەمەش (هاویەکیو چوونیەکییەك لە شێوازی شیعری غەزەلی مرۆڤایەتیو شیعری خۆشەویستی خودایی دەبینرێ، ئەمەش بە هۆی ئەوەی چەند تێگەیەکی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا، وەك سکالاّکردن لە غوربەت، دابڕان،

---

* ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین جیاوازی ئاسمانو رێسمان لەنێوان شیعری ئاینیو شیعری سۆفییانە بکرێ، پەیوەندی هەردووکیان لەیەکەوە نزیکەو دەکرێ وا دابنێین، کە شیعری سۆفییانە بە بێ بنەماکانی ئاین، ناتوانێ خۆی بگرێ، کەچی شیعری ئاینی دەشێ سوود لە بنەماکانی تەسەووف وەرنەگرێ. کەواتە ئەگەر شیعرێکی سۆفییانە وشەو زاراوەی ئاینی بەکارهێنا، ئەوا نابێتە شیعرێکی ئاینی، بە جۆرێك کە ناسنامەی سۆفی بوونی لێ بسەنرێتەوە، بەڵکو زۆر ئاساییە کە لەناو شیعری سۆفییانەدا، رەگەزی ئایین زیاتر زاڵ بێت، هەتا زاڵ بوونەکە روونتر بێت، بنەمای تەسەووفەکەی لە هەمبەر تێگەیشتنی وەرگردا تێدا کاڵ دەبێتەوە.

** ئاسۆی پێشبینی Horizan of Expectation: زاراوەیەکی رەخنەییە لەلایەن (رۆبەرت یاوس) بۆ ئیستێتیکای وەرگرتن بەکارهات، لە میانی دۆزینەوەی تواناکانی خوێنەر بۆ دەلالەتەکانی دەق لە کردەی وەرگرتندا، بۆیە ئەم زاراوەیە لەسەر ئاسۆکانی وەرگر بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەلالەت لەلایەن وەرگرەوە رەنگ دەداتەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (سجن التفكيك– ص٢٩٦.)

بەیەکگەیشتن، وەسفی جوانییە ماددی‌و مەعنەوییەکانی خۆشەویست دەبینرێ)[1]، کە سەلمێنەری ئەو راستییەیە، بەرگی غەزەل لە روویەکی گشتی‌و لە هەندێ رووی تایبەتیشدا لە بەرامبەر هۆش‌و تێگەیشتنی خوێنەر هاویەکە.

ئەگەر وەك ئەوەی لە ژیانی رۆژانەدا، سۆفی‌و عاریفەکان دەبینرێن، هەرگیز ئەم بینینە سادەو ساکارە خۆی ناخزێنێتە ناو چەقی ئەدەبیاتی عیرفانی، هەر لەبەرئەوەشە غەزەل‌و پێکهاتەی غەزەل لە ناو شیعری سۆفییانەدا هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراو بوو، بە دیوە واقیعییەکەش ئەدەبیاتی عیرفانی بەو زمانە واقیعییە خۆی نیشان نادات، کە تۆمارکەری ژیانی سۆفییانە بێت، بەڵکو تەواو خۆی پێچەوانە دەکاتەوە، هەر بۆیە (شیعری عیرفانی غەزەلەکانی وەك غەزەلی بالاّ، کە لە پێکهاتەو دانانی وشەی وەهان، کە نوێنەری رەگەزی هەست پێکراو‌و ماددی‌و روانینی واقیعیانەی عاریفانە بگێڕێتەوە، رێژەیەکی زۆر نییە).[2] کەواتە ئەم گواستنەوەی واقیعە بۆ جیهانێکی دوور لە واقیع، کەرەستەی هێرمینۆتیك زیاد دەکات، وێڕای ئەوەی پێشبینییەکانیش لای وەرگر ناهێڵێ‌و وادەکات جۆرێك لە نائاسایی بوونی واتایی بێتە کایەوە، کە ئەمە دواجار بنەمای شیعرییەتە‌و شیعرییەتیش لەبارترین دەرفەتە بۆ ئەوەی خوێندنەوە‌و لێکدانەوەی جیا جیا لە خۆیدا هەڵبگرێ.

شیعرەکانی (مەحوی)، ئەگەر بە هەردوو سەرچاوەی عارەبی‌و فارسی گۆشکرابن‌و کاریگەری چنینی ئەم دوو ئەدەبیاتەیان بەسەرەوە بێت، ئەوا غەزەل وەك جۆرێکی شیعری لای هەردوو ئەدەبیات شێوەیەکی تا رادەیەك لەیەك نزیکی هەیە‌و لە لایەك لە رووی دەقئاوێزانی حەللاجییانە ناوەڕۆکی غەزەلەکانی پتەو کردووە‌و، لەلایەکی تریش شێوازی چنینی شاعیرانی فارس‌و ئەو تیۆرەی ئەوان پەیرەویان کردووە بۆ بنەمای غەزەل، مەحویش پەیڕەوی کردووە، هەر بۆیە لە لای عارەبان غەزەل (بە ژن داهەڵگوتن‌و عیشق‌و باسکردن لە جوانی‌و لە عاشقان)[3]ە و هەست دەربڕینی نێر (پیاو)ە بۆ رەگەزی (مێ)، کە لە ناویدا چەندین بیروڕاو بۆچوونی ئیستێتیکی دەبینرێ‌و هەڵڕشتنی ناخە بەرامبەر دیاردەیەك، کە تا ئێستا ناتوانرێ بە روونی لەبارەیەوە قسە بکرێ، چونکە بە پێی سەردەم‌و دەروونی مرۆڤەکان ئەم هەست‌و روانینانە گۆڕانیان بە سەردا دێت‌و لە هەر حاڵێکدا پێویستی بە شرۆڤەیەکی جیاوازە. هەرچی لای فارسەکانیشە غەزەل چەند واتایەکی لەخۆدا هەڵگرتووە، لەوانە:

١-غەزەل بە واتای تەغەزول (قەسیدە) دێت، کە ئەم واتایە تا سەدەی نۆیەم و دەیەم باو بووە[4]، لێرەدا ئەگەر شیعری کلاسیکی کوردی بە گشتی‌و شیعری مەحوی بە تایبەتی تەماشا بکەین، غەزەل‌و قەسیدەی هەیە، ئەگەرچی لە هەندێ روانگەوە لە یەکتر جیادەبنەوە، بەڵام ژمارەی غەزەلەکانی ناو دیوانی مەحوی زیاترن‌و قەسیدەکانی ئەگەرچی بە مەبەستی تایبەتی نووسراون‌و بە هۆی ناوەڕۆکەوە لە دەقەکانی تر جیادەکرێنەوە‌و بە ژمارە کەمترن‌و واتاکانی غەزەل‌و تەغەزولی فارسییان بە سەردا دەچەسپێ‌و هەست

---

١- تاويل الشعر وفلسفته عند الصوفية، أمين يوسف عودة، رابطة كتاب الاردنيين،١٩٩٥ ، ص١٨٨

٢- اقتضای حال و زبان رمزی و تاويل شعر عرفانی، تقی پور نامداريان، پژوهشنامه‌ی (گوهر گويا) نشريه‌ءعلمی، سال پنجم، شماره سوم، پيايی ١٩، پايز١٣٩٠، ص ١٣

٣- المعجم المفصل في الادب، د.محمد التونجي، ص٦٧٠، هەروەها فرهنگ و اصطلاحات ادبی، سيما داد، چاپ چهارم، ص٣٥٠

٤- فرهنگ اصطلاحات ادبی، سيما داد، ص٣٥٠

دەکرێ هەر بە پشتیوانیو چاولێکەری ئەوانەوە، ئەم دوو جۆرەی نووسیون، بە تایبەتیش وێکچوونی بە شاعیرە سۆفیگەرییەکانی فارسی (ئێرانی).

جیاوازییە کورتەکانی ئەم دوو جۆرە لەم خاڵانەی خوارەوەدا، خۆیان دەبیننەوە:

أ/ تەغەزول یەکێتی بابەتی هەیەو بە زۆری لە یەك بواری وەسفی، یان عیشقێك، کە روون بکرێتەوە، دەخولێتەوە. هەرچی غەزەلە زۆربەی بەیتەکانی لە رووکەش (ظاهر)ەوە بە یەکترەوە پەیوەست نین[1]، ئەم جۆرەیان بە رێکیو تەواوی بەسەر شیعری مەحویدا ناچەسپێ، ئەگەرچی زۆرینەی غەزەلەکانی هێندە ناڕوونن سادەیی لە پەیوەست بوون بە بەیتەکانەوە دیار نییە، بەڵام قەسیدەیەکی وەك (بەحری نوور) هەر زوو وەرگر هەست بەوە دەکات، کە ستایشو وەسفی پێغەمبەر (د.خ)و ئایینەو بابەتە گشتیو بوارەکەی لە چاو غەزەل زۆر روونترە.

ب/ تەغەزول جۆرێکی ریالیزمی راشکاوانەیە، هەرچی غەزەلە لە رووکارەوە دژی ریالیزمە، بەڵام لە ناواخن (باتین) دا ریالیزمی لەسەر حیسابە[2]. بەمەش دەردەکەوێت شیعری سۆفییانە ئەگەر هەڵگری واقیعێکیش بێت، بەڵام واقیعەکە هێندە بە ئالۆزیو تەمومژاوی نیشان دەدات، وەرگر هەست ناکات شاعیر بە راشکاوانە باس لە سەردەمەکە بکات، بەڵکو هەست بەوە دەکات، کە هەنگاوێکی تر لە راشکاوی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام لە (تەغەزول) دا، وەرگر پێشتر زانیارییەکی هەیەو هەر زوو لەگەڵ پێشبینییە واقیعیو ریالیستییەکانی هاویەك دەبێت. لێکدانەوە زۆرو زەبەندەکانی ناو دونیای سۆفیگەریش هەر لەو سۆنگەیەوە دەخولێتەوە، کە واتای دەقی سۆفییانە لەبەر ریالیزم بوونو دژە ریالیزم بووندا لە ئەگەری لەدایك بوونەوەیەکی ترەو لە ناو هەموو واقیعەکانی سەردەمی وەرگردا، خۆی بە جۆرێکی تر نیشان دەداتەوە، کە هەر ئەمەش نهێنیی مانەوەو شیعرییەتبوونی دەقە.

ج/ مرۆڤ لە تەغەزولدا، ویساڵو شادی دەردەبڕێو ئاوازەکەشی شادومانییە. هەرچی غەزەلە بە پێچەوانەوە هەر هیجرانو فیراقەو ئاوازەکەشی غەمگینانەیە.[3] لە کۆی دیوانی مەحویدا، مەگەر بە دەگمەن، ئەگەرنا هەموو غەزەلەکانی لە ناو چوارچێوەی غەمو مەینەتیو دابڕانو کۆچ دانو لە عیشقێکی غەمگینانەدا، دەنگی مەحویو دەنگی وەرگر تێکەڵی یەکتر دەبن، بەڵام لە قەسیدەکاندا، ئامانجەکەی دیارترەو بۆیەشە وەك زانیارییو چێژێکی شادیو دڵخۆشیو ویساڵو گەیشتن بە یار مسۆگەردەکاتو ئەم شادییەش کاری کردۆتە سەر وشەو دەربڕینەکانیشو چنینەکەشی لە بەردەم گوتنو بیستنی وەرگردا خۆشتر کردووەو وەرگری شارەزا بە تایبەتی ئەزموودار لەبواری سۆفیگەریدا، لە کەشێکی رۆحیانەدا هەست بە گەیشتن (ویصال) دەکات.

د/ تەغەزول بەزۆری گرنگی بە رووکارەوە دەدات، بەڵام غەزەل گرنگی بە واتا دەدات، بۆیە لە تەغەزولدا هەموو بەیتەکان بە ئاسانی شیاوی تێگەیشتنن، هەرچی غەزەلە بۆ یەك واتای رووکاری (ظاهر)، واتایەکی نزیکی ناواخن (باطن)ی هەیە، کە بە زۆری مەبەستی شاعیرەکەیە.[4] بە ڕای ئێمە ئەم

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥١

٢- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

٣-سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

٤-سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

تێڕوانینە ڕێژەییە، چونکە ڕاستە قالبێکی گشتی هەیە، شاعیران بەم شێوەیە وەك تیۆرێك بۆ شیعر لەسەری ڕۆیشتوون، بەڵام زۆر جاران لەم ڕێڕەوە لایانداوەو تاکە بەیتێك لە ناو قەسیدەدا، خۆی لە واتایەکی قووڵ سیخناخ کردووە، ئەگەر هێرمینۆتیكو میتۆدی تیۆری وەرگرتن نەبێ، ئەستەمە تەنیا بە ڕاڤەکردنێکی سەرەتایی مەبەستەکانی شاعیر دەستنیشان بکرێ. لێرەدا ئەگەر شیعری سۆفییانە بە شێوەیەکی گشتی وەربگرین، ئەوا جگە لە غەزەلبوونەکەش، لایەنی ناواخن (باطن) بڕبڕەی ئایدۆلۆژیاو میتۆدی کارکردنی سۆفییانەیە، هەر لەو سۆنگەشەوە، کە گەڕان بەدوای حەقیقەت، کاری سەرەکی ئەوان بووە. بەڵام نەشیان ویستووە (شەریعەت)یش وەك چەمکێکی ئایینی فەرامۆش بکەن، بۆیە هەر لە زووەوە ئەو سۆفییانەی کە بە تەریقەتەوە هەنگاویان ناوە، بۆ ئەوەی بگەنە حەقیقەت، دەبوایە تەریقەتو شەریعەتیان لێك گرێدابا، لەبەرئەوەشە سەبارەت بە گرنگیدان بە مەسەلەی باتین، نەبۆتە هۆی لەبیرکردنی شەریعەتو بنەما سۆفیگەرییەکە، چونکە ڕێڕەوی سەرەکی کارکردنەکە لەناو ڕەوتی سۆفیگەریدا بریتی بوو لەوەی، (کە زانستی باتین (حەقیقەت) بەرامبەر زانستی ظاهر (شەریعەت) بێت)[1]، کەواتە هەنگاونان بەرەو دۆزینەوەی حەقیقەت، دەبێ سەرەتاکەی لە واتایەکی ناواخن دەست پێبکاتو هەروەك چۆن سۆفی خۆی لە ڕووپامایی (الریاء) و کاری ڕووکارییانە دەپارێزێ، ئاواش بەرەو خەڵوەتی خۆدۆزینەوەی ناخو دەروون بچێو بە دیوی ناوەوەی زمانو واتا بیەوێت هەنگاوەکانی شەریعەت (ظاهیر) پەیڕەو بکاتو هەمووشی لەپێناو دۆزینەوەی حەقیقەتە، کە ئەم حەقیقەتەش بەشێکە لە مەعریفەتناسی سۆفییانە.

ئەگەر مەبەستداری (القصدیة) ی شاعیر لەناو دەقی ئەدەبیدا بە ڕوونی خۆی بەدەستەوە نەدات، ئەوا نیشانەی ئەوەیە، کە ئاراستەی چنینی دەقەکە ئاراستەیەکی ئاڵۆزو تەمومژاوییە، ئەم چنینە هەڵوەستەی وای لەسەر دەکرێ، کە دیوێکی دیکەی واتایی هەیەو پێویستی بە لێکدانەوەیەکی ورد هەیە تا کۆدەکانی بکرێتەوە. لێرەدا کەڵکەڵەبوونی واتا لەناو چینی ژێرەوەی دەقدا وای لێ دەفامرێتەوە، کە گوتاری نووسەر/ شاعیر گوتارێکی نادیارەو پێویستی بە خوێندنەوەی سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانی شاعیرە، تا لەو ڕێگایەوە بە هۆی چەند تیۆرێکەوە بتوانرێت ڕەفتار لەگەڵ دەقدا بکرێت.

ئەگەر بە پێی ئەم بیروڕایە لە شیعرەکانی (مەحوی) ڕامێنین، ئەوا دەردەکەوێت کە زۆربەی غەزەلەکانی مەحوی، خاوەنی گوتارێکی ئاڵۆزی واتایینو بڕی خوێنەر بە تەنیا بە تاکە واتایەك ناشکێو خوێنەر بۆ خۆی کەمەندکێشی دەکات، کە زیاتر لە واتاکەی وردبێتەوەو هەوڵی دەستەمۆکردنو تازەکردنەوەی واتای دیکە بدات. لە بەرامبەریشدا، گوتاری واتایی قەسیدەکانی، گوتارێکی واتاداری یەك مەبەستنو مەبەستی شاعیر بە ئاشکرایی دیارە، کە دەیەوێت باس لە چی بکات. لە ڕوونیو مەبەستەوەش بواری ڕەنگڕێژکردنی ڕووخساری دەق بە جوانکاریو وشە ئارایشتەوە خۆشتر دەبێت، بەڵام هەرچی غەزەلەکانن ئەگەرچی لەوێش تارادەیەك وەك کلتورێك شاعیر هەوڵیداوە ڕووخساریش جوان بکات، بەڵام لەو شیعرانەی، کە مەبەستی قووڵی گەرەك بووەو پێویستی بە فرە ڕاڤەییو وردەکاریی تێگەیشتن هەیە، ئەوەندە لە فەلسەفەی واتادا، ڕۆچۆتە خوارێ، بواری جوانکردنی ڕووخسار نەماوەو وەك دەربڕینی

---

١- شمس تبریزی و تأویلهای عرفانی او از احادیث نبوی، محمد خدادای و دیگران، پژوهشی ادبیات عرفانی دانشگاه الزهراء، سال اول، شمارة ٢، بهارو تابستان ١٣٨٩ ص٧٦

ئاسایی سەیر دەکریٚ و چێژی ریتمە مۆسیقاییەکەشی لە خۆیدا خاڵی کردۆتەوە، بەڵام ئەو لەناو غەزەلدا یاریکردن لە ناواخن (باطن)ی مەبەست بووە، نەك رووخسارگەراییەکە. *

هـ/ تەغەزول عەقڵگەراو غەزەلیش عیشق گەرایە.[1] بەو واتایەی ئەگەر عیشق بنەمای کارکردنی سۆفییانە بێت، لە سۆنگەی توانەوەی لە خۆشەویستیداو بوون بە یەك (یەکێتی بوون)، ئەوا لەناو هەموو غەزەلەکاندا زمانی عیشق زمانی سەرەکییەو ژان و ژواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری کەمتر باسی لێوە دەکریٚ و هەموو ئەوینەکان بە گوێرەی پێویست بۆ نووسینی دەقەکە، دەبنە کەرەستەی شاعیر. هەرچی قەسیدەیە تایبەتمەندیی عەقڵیی پێوە دیارەو روونکردنەوەو دەرخستنی راستییە ماددییەکانە نەوەك رۆحییەکان. بۆ نموونە قەسیدەی (بەحری نوور)ی (مەحوی) کە باس لە وێستگەکانی ژیانی پێغەمبەر (د.خ) دەکات، لە ژیانی مەککەو کۆچ (هیجرەت)و ئیسراو میعراج... هتد، وەك عەقڵییەتێکی بەرجەستەو وەك گێرەرەوەیەك تۆماری رووداوەکان بە فەلسەفییانە شیدەکاتەوە. بۆ وێنە:

**ئەگەر ئەم هیجرەتە نەبوایە دین ئەم شەوکەتەی کەی بوو**

**کە هەر کەس تیٚ بگا بەم دینە نەسخی جوملە ئەدیانە** /لا٤٤٤

لێرەدا شیکردنەوەی عەقڵگەرایانە بۆ رووداوی کۆچکردنی پێغەمبەر(د.خ) لە مەککەوە بۆ مەدینە، وەك رووداوێکی سروشتی، لای مەحویش ئاسایی نییە، بەڵکو بە شەوکەتی ئایین بەستراوەتەوە. ئەمە راستییەکە کە هیجرەت هۆکارو ئەنجامیش سەرکەوتنی دواترە، لە ئەنجامی لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکەو دۆزینەوەی هۆکارەکە، تێگەیشتنەکە تێگەیشتنێکی عەقڵگەرایانەیەو سۆزدارییانە نییە، لەبەرامبەردا غەزەل بەم هەناسەو بەم هەنگاوە بەرەو رووی رووداوەکان ناچێت، بەڵکو هەمیشە عیشق دەکاتە پێوەرو سنووری کارەکان و لەبەر مەینەتی و ئازارەکانی عیشق، چەقی دەقیش هەر ئەو چوارچێوەیەیە، کە دڵ دەکاتەوە سەنتەری بیرکردنەوە، نەوەك عەقڵ و عەقڵگەرایی.

---

* نموونەی شیعری (مەحوی) بۆ ئەم مەبەستە زۆرن، بەڵام ئەم کاریگەرییە لە بەکارهێنانی ئەم شێوازەدا، بۆ شاعیرانی دوای مەحویش گوازراوەتەوە. لە هەریەك لە خاکی و حەمدی، بۆ وێنە شاعیرێکی وەك (خاکی)، کە لە (مەحوی)یەوە فێربووە بە زاری کرمانجی ناوەراست و شێوە ئاخاوتنی سلێمانی قەسیدەی ئاینی بنووسێت، بێگومان لەو رووەوە مەحوی یەکەم کەسە بەم زارە ئەم جۆرە قەسیدە درێژە پەسن ئامێزەی نووسیبیٚ، (خاکی) لە قەسیدەکەدا چونکە مەبەستەکەی روونە، باس لە پێغەمبەر (د.خ)و یاوەرانی دەکات، بۆیە زۆر بە تەنگ جوانکردنی دەربڕین و بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژی بووە. هەر بۆ وێنە لە دێرێکدا دەڵیٚ:

**دەمیٚ نەیبوو لە دەم دا دەم، چ لێدا دەم لەدەم ئادەم**

**مەشامی زی زوکامی لەم، شەمی رەیحانە حەیرانە**

لێرەدا دەبینین، وشە ئارایشتێکی وای بەکارهێناوە، کە دەقی بەرەو تەمومژی واتایی بردووە، بەڵام چونکە واتای تا رادەیەك کردۆتە قوربانی رووخسار، بۆیە واتاکە ئەوەندەی رووخسار سەرنجراکێش نییە، مەبەستەکەش روون و ئاشکرایە. مەحویش لە قەسیدەی (بەحری نوور) دا، لەبەر گوتاری دیاریکراوی شاعیر، ناو بەناو بۆ وشەکاری ناو دەق رۆیشتووە. وەك دەڵیٚ:

**ئەوەندە چاوی پڕبیٚ نووری پڕ نوورو مونەووەر کرد**

**کە نەرگس چاوەچاوی نووریە لەو نوری چاوانە** لا٤٥٠

بۆ زیاتر شارەزابوون لە (خاکی) ی شاعیر، بڕوانە: مەلا محەمەدی خاکی، شێخ محەمەدی خاڵ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم، ١٩٧٦، لا٢٠

١- فرهنگ اصطلاحات ادبی، سیما داد، ص٣٥١

و/ زمانی قەسیدە سەبکی خوراسانیو زمانی غەزەل سەبکی عێراقی* تێدا بەکارهاتووە[1]. شاعیرێکی وەك مەحوی هەر دوو جۆرەکەی بەکارهێناوە، بەڵام پتری شێوازێکیان ئەوە دەگەیەنێت، کە شاعیر زیاتر پەیڕەوی شێوازێکی کردووە، ئەویش سەبکی عێراقییە، بەو پێیەی کە (مەیلی دەروونیو رەهەندی روونبێژیو جوانکاریو نیگای ناواقیعیو بابەتە عیرفانییەکانو غەمپۆشیو مەعریفەی ئیسلامیو بەرزی مەقامی مەعشووقو ستایشی عیشقو گیانی زەبوونیو بڕوا بە قەزاو قەدەر... لەناو چوارچێوەی سەبکی عێراقیدا جێگای دەبێتەوە)[2]. بە گشتی شیعری سۆفییانە هەر لە زووەوە ئەم بابەتانەی سەرەوەی لە خۆیدا پەیوەست کردووە، وێڕای ئەوەی خودی ژیانی ئەزموونی سۆفییەکانو عاریفەکان، کەم تا زۆر نقومی ئەو بابەتانە بوونە، بێ ئەوەی دەقی ئەدەبیش بنووسن، تەنانەت لە سرووتو مەراسیمەکانی تایبەت بە خۆیان، چ بەشێوەی تاك (خەڵوەت)و چ بەشێوەی کۆمەڵ لە هەوڵی ئاوێتەبوون دا بوونە، بە تایبەتی لەرووی ناوەڕۆکی ستایشی عیشق وەك بابەتێکی کاریگەری ناو جیهانی سۆفیگەریو گەیشتن بە پلەو مەقامی مەعشووق وەك یەکێك لە ئامانجە دیارەکانیان.

ئەگەرچی دۆزینەوەو ئاشنابوونی ئەم بابەتانەی غەزەل بە لای وەرگرەوە ئاسان نییە، بە تایبەتی هەندێك لە ناوەڕۆکەکان جۆرێك تێکەڵی لەنێوان عیشقی خوداییو عیشقی مرۆڤی تێدا دەبینرێ، بەڵام هەموو غەزەلەکانی شاعیرێکی وەك (مەحوی) لەم خەسڵەتانەی سەرەوە بەدەر نین. ئیدی هەڵوەستە کردن لەسەر دەقگەلێکی وەها، لە پرسی عیشقو مەعشووقو غەمپۆشی... سیخناخ بووە، بەوەش پتر روون دەبێتەوە کە جۆری سەبکەکەی دەستنیشان بکرێ، بۆ ئەوەی بنەمای رەوتی شیعری شاعیرەکە بدۆزرێتەوەو بە هۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە دەست بۆ لێکدانەوەی دەقەکە ببردرێ.

٢- وێڕای ئەوەی (غەزەل بە واتای شیعری عاشقانە[3])ش دێت، کە بێگومان ئەوەی ئاڵۆزی تێگەیشتن (الفهم) ی بەگشتی لە شیعری سۆفییانە دروست کردووە، ئەوەیە چەمکی عیشق لای وەرگر (المتلقی) تێکەڵ بووە، بەوەی زۆربەی جار دەقەکە بە زمانو چنینێکی وا نووسراوە وەرگرێك، کە ئەزموونی ژانی لەگەڵ عیشقی مرۆڤی هەبێت، لەگەڵ دەقەکە وا ئاوێتە دەبێت، کە پێی وایە ئەو دەدوێنێو ناخی دەخوێنێتەوە. بە پێچەوانەوە هەندێك جار وەرگرەکە ئەزموونێکی سۆفییانەی لە ژیانی واقیعیدا هەیەو بە خوێندنەوەی دەقەکە چێژێکی رۆحی پێ دەبەخشێو وەك ئەوەی دەقەکە رابەری گەشتێکی رۆحی بێتو بەرەو کەنارەکانی مەقامی عیشقی ئیلاهی دەبات. کەواتە ئەوەی بە روونی لە دەقی شاعیرە ناودارە سۆفی

---

* مەلیکولشوعەرا بەهار، شیعری فارسی بەسەر چوار سەبکی جیاوازدا دابەش کردووە، سەبکی خوراسانی، عێراقی، هیندی، بازگشت ادبی. خوراسانییەکە شاعیرانی سەردەمی سامانیو غەزنەوی دەگرێتەوە. قالبە شیعرییەکە بە شێوەیەکی گشتی قەسیدەیە، شاعیرانی وەك رودەکی، شەهید بەڵخی، دەقیقی، ناصر خەسرەو....هتد، بەم سەبکەیان نوسیوە، پێکهاتەکەیان لە رووی زمانەوە سادەو رەوان، باسی سروشتو زۆرتر پەسنی میرو دەسەڵاتدارانە، لە سەدەی سێیەم تا سەدەی شەشەمی کۆچی دەگرێتەوە. هەرچی سەبکی عێراقییە، عێراق و عەجەمیش دەگرێتەوە، لە سەدەی شەشەم تا سەدەی نۆیەم دەخایەنێت. ئەم سەبکە زۆرترین شیعری فارسی پێ نووسراوە، وەك خاقانی، نیزامی، سەعدی، حافز، مەولەوی، عەتار، عێراقی... هتد. قالبەکەی شێوە غەزەلە. سەرچاوە: سبك هاو انواع شعر پارسی، انترنیت، ١٣٩١/١١/١. www.salamsalimeh.ir/mschool/showt.a

١-فرهنگ اصطلاحات ادبی، سیماداد، ص٣٥١

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨

٣- سەرچاوەی پێشوو،ل٣٥١

مەشرەبە دەردەكەوێت، ئەو ناسنامە عیشقییەیە، كە دەقەكانی پێ دەناسرێتەوە. لێرەشدا غەزەل ئەو ناسنامەیە لەخۆیدا بەرجەستە دەكات، جا چ بە پاشخانە مرۆڤییەكە، یان خوداییەكە بێت.

یەكێك لەو ئاڵۆزییانەی تێگەیشتن لە شیعرەكانی (مەحوی)، مەسەلەی (عیشق)ـە، كە بە درێژایی مێژووی سۆفیگەری لە رۆژهەڵات و تەنانەت لە فیكری سۆفیگەرییە فەلسەفییەكانیشدا مەسەلەیەكی گرنگ بووەو لەنێوان عاشق و مەعشووق و عیشقی زەمینی و عیشقی ئاسمانی، گەنگەشەیەكی بەردەوام هەبووەو هەمیشەش بۆتە هۆی خراپ حاڵی بوون لای وەرگرو، هەر ئەم روانینەیش وایكردووە توێژینەوەكەی ئێمەش لەو چوارچێوەیە بخولێتەوەو تەوەرێكی تێدا لێكدانەوە بێت بۆ ئەم مەسەلە ئاڵۆزانەی، كە گرفت لەبەردەم وەرگرو وەرگرتن دەسازێنن.

٣- ئەگەر لەرووی شێوازی پێكهاتنەوە لە غەزەل بڕوانین، بریتییە لە چەند بەیتێك (بەزۆری حەوت بەیت)، كە هاوكێش و هاوسەروا بن و شاعیر لە دێری كۆتایی نازناو (تەخەللوص)ی خۆی دابنێ و لە دەورەی عێراقی دا پێنج تا دوانزە بەیتە[١]. ئەم سیستەمە شاعیرانی كوردیش پەیڕەویان كردووەو شیعرەكانی (مەحوی) ئەوانەی كە بە غەزەل دادەنرێن، زۆربەی هەرە زۆریان لە (٧) بەیت پێك دێن و زۆربەی ئەم خەسڵەتانەی لەخۆدا بەرجەستە كردووە، كە مەرجن غەزەلیان پێ بناسرێتەوە، بە تایبەتیش غەزەلی سۆفییانە.

تەرخانكردنی ئەم چەند لاپەڕەیەی سەرەوە بۆ غەزەل وەك میراتێكی شیعری سۆفییانە بۆ ئەوە بوو، هێڵە گشتییەكانی ئەو پەیوەندییە بدۆزینەوە، كە لەلایەك (شیعری سۆفییانە شێوازی غەزەلی مرۆڤی لە وێنە هەستی و مەعنەوییەكانیدا كردۆتە پۆشەرێكی زمانی و شێوازێكی واتاكانی خۆشەویستی خودایی[٢]) و لەلایەكی ترەوە كەرەستە ناواخن (باطن)و چنینە زمانییەكەی گرفتی لەبەردەم وەرگر هێناوەتە كایەوەو بە هەردووكیان بیری هێرمینۆتیك زیاتر پێشوازی دەكەن، بۆ ئەوەی لە رێی پاساوی لێكدانەوەی تەئویلیانە شەرعییەت بدەنە دەقەكانیان و ئەو ئامانجە تایبەتییانەی، كە رەوتەكە لەسەری دەڕوات، لە رێگای نووسینی دەقی ئەدەبی و بانگەشەكردن بۆ ئەو جیهانە تایبەتییەی، كە سۆفیگەری لەنێوان خودی سۆفی و دەوروبەری زەمینی و ئاسمانی دەیانسازێنێ، لە خۆیاندا بەرجەستە بكەن.

كەواتە ئەگەر خودی ناسنامەی قالبێكی شیعری وەك غەزەل، گرفتی واتایی لەبەردەم وەرگر دروست كردبێت، كە گوایە غەزەل و شیعری سۆفییانە بە یەكەوە هەڵناكەن، ئەوا بە شیكردنەوەی خودی زاراوەكە، دەردەكەوێت، كە غەزەل میراتێكی سۆفییەكان بووەو لەو رێگایەوە ئامانجەكانیان پێكاوەو ناسنامەی كۆنی غەزەلیشیان بۆ بنەماو ئامانجی خۆیان بەكارهێناوەو خودی وشەكەش كەوتە حاڵەتی لێكدانەوەی هێرمینۆتیكیانەو ئەم چوارچێوەیەش كۆمەڵێك رەگەزی تری لەخۆدا بەرجەستە كردووە، كە ئەوانیش سەلمێنەری ئەوەن، كە هەر تەنیا وەرگر (خوێنەر) لێكدەرەوە (مۆول)ێك نییە بۆ دەقەكان، بەڵكو شاعیرەكانیش لە ئەنجامی زانینی ئەو مەعریفەیەوە دەقەكانیان بە ئاراستەیەكی دیكە باداوەتەوە، بۆیە ئەوانیش دەبنەوە خوێنەرێكی شارەزاو لێكدەرەوەیەك، بۆ ئەوەی پەرە بەم زانستە بدەن و بە هۆیەوە ئەم لێكدانەوەیەو ئەم بیرو ئاراستەیەی خوێندنەوە زیاتر گەشە پێبدەن.

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥١-٣٥٢

٢- تأويل الشعر وفلسفته عند الصوفية، ص١٨٧

ئەوەی لێرەدا سۆفییەکان کردیانە میراتی خۆیان، بریتی بوو لە میراتێکی دێرین، کە خۆی لە غەزەل و رەگەزەکانی تری مێینە بوونی دەق دەبینیەوەو قۆرخکردنی لایەنی بیری سۆفییانەو بەکارهێنانی وەك ئەوەی خۆیان مەبەستیانە، بەڵام بە پێکهاتەی کۆنەوە بریتی بوون لە:

### ١-٢ پرسی خۆشەویستی و عیشق

ئەگەر لەناو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، بەشێوەیەکی گشتی و لە روانگەی تیۆرە دەروونی و مێژووییەکانەوە، خۆشەویستی پلەی سەرەتاو عیشق پلەی کۆتایی و لوتکە بێت، ئەوا لەناو سۆفیگەریداو بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی سۆفییانەدا، هەردوو وشەکە بەکارهاتوون و لەناو پێگەکانی دەوروبەر (سیاق) دا بە یەك واتا هاتوون، ئەگەرچی لە شیعری سۆفییانەی کوردیدا (عیشق) زیاتر بەکارهاتووە*، وێڕای ئەوەی وشەکە زیاتر لە فەرهەنگی شیعری فارسیدا خۆی بەرجەستە کردووەو (مەحەببەت)یش، بە هەموو رۆنانەکانییەوە لە فەرهەنگی شیعری عارەبیدا هاتووەو لەناو گوتاری سۆفییانەی عارەبیدا بۆ ئەدەبیاتی مسوڵمانان پەڕیوەتەوەو سەرچاوەی هەرە سەرەکیش لەو بارەوە دەقی قورئانە، کە بە پێی دیمەن و شوێنی جیاواز ئەم وشەیە بەکارهاتووە.

لە مەسەلەی عیشق و خۆشەویستیدا، ئەوەی بۆتە گرفت لە بەردەم وەرگری ئەو دەقە ئەدەبییانەدا، بریتییە لە گواستنەوەی کێڵگە واتاییەکانی عیشقی مرۆڤی بۆ عیشقی خودایی و چۆنیەتی کارلێککردن و کارلێکنەکردنی ئەم دوو چەمکە لەگەڵ یەکتری، چونکە ئەگەر غەزەل وەك میراتێك بۆ شاعیرە سۆفییەکانیش مابێتەوە، ئەوا وەك چۆن پرسی خۆشەویستی رەگەزی هەرە سەرەکی و بابەتی هەرە دیاری غەزەل بووە، سۆفییەکانیش ئەم بابەتەیان وەك خۆی لە رووکارەکەیەوە وەرگرت، بەڵام بە بۆنەی هەبوونی بیری تەئویلیانە پاساوی ناوەڕۆکیان هێنایەوەو کردیانە پێوەرو لەو لۆجیکەدا جێگایان بۆ کردەوە، کە دەشێ عیشقی خودایی بە هەمان شێوازی عیشقی مرۆڤی دەربڕدرێ، ئەگەرچی (زمان تێیدا تەنگ و تەسك بێت، بەڵام دەربڕین تێیدا فراوانە[١]). بە لای سۆفییەکانەوە هیچ بوونێك بە بێ خۆشەویستی (محبة) نییە، چونکە مەحەببەت بناغەی بوونەوەرەکانە بە پێی رێبازی ئیبن عەرەبی، مەحەببەت گەیشتن و باوەش بەیەکداکردنە، هەر تەنیا لەنێوان نێرو مێ نا، بەڵکو لە نێوان مرۆڤو شتەکان و لەنێوان مرۆڤو خالیقەکەی، بەهۆی مەحەببەتەوە مرۆڤ دەرك بە رەهەندە بێ سنوورەکەی و رەهەندە خوداییەکەی دەکات، بۆیە ئیشراق و مەحەببەت دەلالەت بە شتەکان دەبەخشن و نوورو جوانیش بۆ بوونەوەر زیاد دەکەن.[٢]

بیری هێرمینۆتیك بۆ مەسەلەی عیشق و خۆشەویستی، سەرەتا روانینی خۆی لە بابەت عیشقەوە بەرامبەر قورئانی پیرۆز دەربڕی. ئەمەش ئەو ناروونی و ئاڵۆزییەی دەربڕینی قورئان بۆ پرسی خۆشەویستی، بەتایبەت لە چیرۆکەکانی پێغەمبەران و لەناویشیاندا چیرۆکە بەناوبانگەکەی (یوسف) پێغەمبەر لەگەڵ زولێخای ژنی عەزیزی میسر، لەبەر هەستیاری بابەتەکەو نەوێران بۆ وروژاندنی پرسی

---

* بە گوێری گەڕانمان بەدوای وشەی عیشق لە شیعرە کوردییەکانی دیوانی مەحویدا، دەرکەوت ٨٣ جار وشەی (عیشق) هاتووە.

١- النص الشعری بوصفه افقا تاویلیا، ص١٣٩

٢- التأويل والحقيقة (قراءات تأويلية في الثقافة العربية)، علی حرب، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت- لبنان، الطبعة الاولی، ١٩٨٥، ص٤٢

عیشق لە راڤەی ئایەتی ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَٰنَ رَبِّهِۦ كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾* دا، نکوڵی لەوە ناکرێ لای هەموو راڤەکاران، کە ژنی عەزیزی میسر عاشقی یوسف بووە**، بەڵام زۆربەیان زاتی ئەوەیان نەکردووە راڤەکە بەو ئاراستەیە لێك بدەنەوە، کە (یوسف)یش شەیدای زلێخا بووە، یان ختوکەی خۆشەویستی بە دڵدا هاتووەو بەڵام فەرمانی خودای نەشکاندووە، بە بەڵگەی:

أ- زۆریان لە راڤەی (وَهَمَّ بِهَا ) خۆیان دەبوێرن.

ب- یوسف خۆی دەڵێ: ﴿ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفْسِىٓ إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّىٓ إِنَّ رَبِّى غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥٣﴾ ﴾*** کەواتە نەفسو دەروونی ئەو، ختوکەی بە لەشدا هێناوە، بەڵام دان بەوەدا دەنێ، کە ئەگەر بە قسەی نەفس بکات، ئەوا بێ فەرمانی خودا دەکات****.

کەوابوو لە سەرەتادا ئیشکالییەتێك لە راڤەکردنی مەسەلەی عیشقو خۆشەویستیو عیشق لە قورئاندا هەبووەو دەشێ هەر هەمان ئەم چیرۆکە بە جۆرێك لە جۆرەکان، واتە بە هەمان قالبو شێوەوە بۆ خۆشەویستی خودایی بەکارهێنرا بێ.

ئەوانەی بە تەئویلی قورئانەوە خەریك بوون، دەرگای ئەوەیان شکاند، ئەم چیرۆکانە وێڕای ئەوەی وەك دەقئاوێزانێك لە دەقی شیعری بەکاربێن، هەروەها ببنە ئامرازێکیش بۆ پاساوهێنانەوەی خۆشەویستی خودایی بە وشەو دەربڕینی خۆشەویستی ماددیو مرۆڤی، چونکە جۆرێك لە هاوبەشی لە رووی واقیعەوە لە نێوان ئەو کەسانەی بە عیشقی مرۆڤی ئالوودە ببوونو لە نێوان سۆفییەکانەوە هەبوو، بەوەی هەردووکیان هەمان حاڵیان هەبوو، کە ئاسان نەبوو لەیەکتر جیابکرێنەوە. ئەمە کاری کردبووە سەر دەقی ئەدەبی هەردوو لاش، کە بە لای توێژەرانی شیعری سۆفییانە وایە: (ناتوانین جیاوازی لە نێوان دوو جۆری چامە بکەین، یەکێکیان خاوەنەکەی لە بارەی خۆشەویستی مرۆڤییەوە بدوێ، ئەویتر لە بارەی خۆشەویستی خوداییەوە بدوێ. ئەگەر بشگوترێ بۆچی سۆفیگەری تا ئەم رادەیە زمانی خۆشەویستیو

* واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ژنەکە پەلاماری یوسفی دا، یوسفیش نیازی چوونە پێشو لێدانی هەبوو، ئەگەر بەڵگەی خودای نەزانیبا، کە بە خراپ بەسەریدا دەشکێتەوە، بۆیە بەو شێوەیەمان کرد تا هەرچی خراپەیە لێی دووربخەینەوە. بێگومان ئەو لە بەندە پاكو هەڵبژێردراوەکانی ئێمەیە. قورئانی پیرۆز، سورەتی یوسف، ئایەتی ٢٤

** بەڵگەکان زۆرن هەر لە مەسەلەی جوانی، لە سەرەتادا، کە ژنانی میسر دەستی خۆیان بڕی، تا شەیدابوون و مەست بوونی زلێخا بە داوی خۆشەویستییەوە. بڕوانە سورەتی یوسف لە قورئانی پیرۆزدا.

*** واتە: منیش نەفسی خۆم بەری ناکەم، چونکە بێگومان نەفس زۆر جاران فەرمان بە خراپەو تاوان دەکات، مەگەر نەفسێك کە پەروەردگارم میهرەبانی پێکردبێ، چونکە بەراستی خودای من لێخۆشبەرو میهرەبانە. سورەتی یوسف، ئایەتی ٥٣.

**** جەلالەدین سیوتی لە تەفسیرەکەی خۆیدا، بۆ (وهم بها)، هەمان حوکمی (ولقد همت به) ی بۆ داناوە، بەڵام ئیبن عەباس دەفەرموێت یەعقوب هاتە بەر چاویو مستێکی لە سینگی داو هەرچی شەهوەت هەبوو لە پەنجەکانی دەرچوو. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە تفسیرالجلالین بهامش القران الكريم، العلامة جلال الدين محمد بن محمد المحلي، والعلامة جلال الدين عبدالرحمن بن ابى بكر السيوطى، دار احياء التراث العربي، مؤسسة التاريخ العربي، بيروت- لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٩. ص٢٣٨

ڕەمزی خۆشەویستانی بەکارهێناوە؟ لە وەڵامدا ئەوان لە شیعر بترازێ، هیچ ئامرازێکی بەهێزو بە تواناتریان بۆ دەربڕین لە حاڵو وەجد نەدۆزیوەتەوە.)[1]

نووسینی دەق بەتامو بۆنی خۆشەویستیو عیشق، جا عیشقە مەجازییەکە، یان حەقیقییەکە بێت، مادەم لە چوارچێوەی میراتی غەزەلو قالبی دێریندا خۆی نواندووە، ئاسۆی پێشبینییەکانی وەرگر دەخاتە حاڵەتێکی نائاسایی‌و ئەویش لە سۆنگەی ئەو زمانەی دەقەکەی پێ دەنووسرێ، کە تاکە واژەو دەربڕینێك بۆ زیاتر لە دەلالەتێك خۆی دەنوێنێت. گواستنەوەی ئەو دالەیە بۆ مەدلوولێکی تر، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەچێتە قالبی هێرمینۆتیك، بەو پێیەی (هەموو هێرمینۆتیکێك تەئویلی تەئویلی پێشترە بە گوێرەی دانپێنانی میرچیا ئیلیاد* Mercia Eliade)[2] و هەڵوەشاندەنەوەی واتای پێشتر، کە پێشتر بەهۆی هێماو ڕەمزە دەستکردەکانەوە جۆرێك واتای تایبەتی سازاندبوو. دووبارە بە هەمان قالبەوە، کە واتای تری لێ بار دەکرێ، یان بە دەربڕینێکی تر لە زاهیرێکەوە بۆ باتین‌و لە باتینەکەشەوە بۆ باتینێکی تر هەنگاو دەهاوێژێ.

بێگومان ئەم دیاردەیە لە قورئاندا بەو پێوانەیە دەپێورێ، کە هەندێ ڕاڤە بۆ هەندێ وشە کراون، بۆ سەردەمی خۆی پرۆسەیەکی هێرمینۆتیك بووە، بەڵام بە کۆدەنگی‌و زۆر بەکارهێنانی لەناو جەماوەری وەرگردا، واتایەکەی جێگیر بووە، بۆیە کاتێك ڕەوتێکی دیکە دێت‌و واتایەکی دیکەی بۆ دروست دەکات‌و ڕاڤەکە ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێ، ئەمە دوو هەنگاو لە واتای سادەیی‌و ڕووکەشی خۆی دوورکەوتۆتەوە. لەبەرئەوە پرسی عیشقیش لەبەر چاودێری بەردەوامی شەریعەت، هەمیشە بەو ئاراستەیە بردراوە بە جۆرێك لە جۆرەکان مەترسی تەکفیرو زەندەقەو گروپی دەرەوەی بازنەی ناسنامەی ئیسلامیان بە سەردا نەسەپێ‌و بەو زمانە تایبەتییە گوزارشت لە واتاکانیان بکەن، کە لە لایەك نائاسایی بن‌و بەوە بناسرێنەوە، لە لایەکی تریش هەمان زمانی خۆشەویستی مرۆڤی بۆ خۆشەویستی خودایی دەربڕن.

سەرەڕای گواستنەوەی ئەم ئەزموونە خۆشەویستییەی زەمینی بۆ خۆشەویستیی ئاسمانی، لە ئەنجامی زیاتری قووڵبوونەوە تێیدا، سنوورەکە دەبەزێ‌و جۆرێك لە تێپەڕاندن (تفریط)ی بەسەردا دێت، کە لە واقیعە ئاینی‌و کۆمەڵایەتییەکەدا نائاسایی بێت، ئەمەش هەر تەنیا دەربڕین بەس نییە تا ئەو ئەنجامەی لێ بکەوێتەوە، بەڵکو دەبێ شاعیرانی سۆفی جیا لە شاعیرانی دونیایی بە ئەزموونێکی ڕۆحی تێپەڕی بن، هەتا ئەم جۆرە دەربڕینەیان لێ بەرهەم بێت‌و گوێ بە ئاسایی‌و نائاساییبوونی باری کۆمەڵایەتی‌و ئاینی نەدەن. ئەم ئەزموونەش ئەزموونێکی خودی‌و ئەزموونی دڵو ویژدانە، کە زمانی باو لە ستایشیدا دەستەوەستانە، بۆیە زمانێکی تازەی گەرەکە، کە ژانو ژواری سۆفییەکانی تێدا ڕەنگ بداتەوە، ئەویش واتای واتایە، کە هەوڵێکە بۆ سووسەکردنێکی نادیارو گۆکردنی کڕو کپ‌و چڕی کات‌و

---

١- التصوف طريقة وتجربة ومذهبا، د.محمود كمال ابراهيم جعفر، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية، ١٩٨٠، ص٧٩

* میرچیا ئیلیاد (١٩٠٧- ١٩٨٦ز)نووسەرو مێژوونوسی ئاینەکان‌و فەیلەسوف‌و ڕۆماننوسی ڕۆمانیا، پرۆفیسۆری مێژووی ئاینەکان بوو لە زانکۆی شیکاگۆ، کۆمەڵێك بەرهەمی لە بارەی مێژووی ئاینەکان، ئەدەبی میتافیزیك، ئەدەبی گەشتنامە، ژیاننامە، نووسیوە. سەرچاوە سایتی ویکیپیدیا.

٢- هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، د.مليكة دحامينة، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق،٢٠٠٨،ص٤٨

ئامادەیی جیهانی شاراوە، بۆیە ئەزموونی سۆفییەتی هەوڵێکی گوتنە، کە نەگوتری[1]. کەواتە هەوڵدان بۆ گوتنێك کە گوتنی ئاسان نەبێت، لە لایەك بە زمانێکی تایبەت دەگوترێو، لەلایەکی تر بۆ وەرگر تا بتوانێت کۆدەکان شی بکاتەوە، دەبێ بە هونەری تێگەیشتن تێپەڕێت.

کاری ئێمە لێرەدا ژماردنی ئەو شیعرانە نییە لە ڕووی چەندێتییەوە، کە باس لە عیشق و خۆشەویستی دەکەن، بەڵکو چۆنیەتی گونجانیان لەگەڵ ئەو سیاقەی، کە پێکەوە دەبنە کەرەستەی بەهێزکردنی هێرمینۆتیك لەناو کردەی تیۆری وەرگرتنداو هەروەها چۆنیەتی ناسینەوەیان لەناو پێکهاتەی دەقدا، کە ئەمەیان جۆرێك ئیشکالییەتی لە بەخشینی ناسنامەی دەقی سۆفییانەو دەقی دونیاییانە دروست کردووە.

شیعرە کوردییەکانی (مەحوی) وەك دەقە سۆفییانەییەکان لە باسکردنی خۆشەویستی خودایی بە قالب و برگەی خۆشەویستی دونیایی خاڵی نییە. کە مادەم زۆربەی کۆدو ڕەمزەکانی پێشووتری بەکارهێناوە، دەگونجێ خوێندنەوەی دیکەی بۆ بکرێو بە واتای دیکە لێك بدرێتەوە، بە مەرجێك پەیوەندییەك تێیدا بدۆزێتەوە، کە هیچ نەبێ لە بنەمای حەقیقەت نزیك بێت، کە خودی هێرمینۆتیك هەڵوەدای دۆزینەوەی ڕاستییە، تەنانەت ئەگەر بە زمانێکی خەیاڵی و مەجازیش دەربڕدرابێت. ئەگەرچی هەندێ جار بە زۆر بەکارهێنانی واتای دیکە بۆ هەر دەربڕینێك، بە تایبەتی ئەگەر ڕۆژگارێکی زۆر، کۆدەکان لە زەینی وەرگردا ئاشکرابوون. واتا ناوەڕۆکییەکە (باطن) کاڵ دەبێتەوە، بەڵام خودی وشەکە ئەگەر لە سیاقی خۆی تەماشای کرا، ئەوا هەمیشە خۆی تازە دەکاتەوەو دەشێ دەق بە ئاراستەیەکی دیکە ببات، کە پێشتر وەرگر پێشبینی نەکردووە.

لەناو شیعرەکانی مەحویدا، بە پێی جۆراو جۆری سیاقەکان، ئەم هەڵبەزو دابەزەی واتای وشەکانی عیشق و خۆشەویستی دەبینرێ، هەر ئەمەشە سیمایەکی دیکەی بە شیعرەکانی داوەو وەرگری لە مەبەستی سەرەکی دەق، تووشی جۆرێك رامان و گومان کردووەو خودی ئەم گومانانەش بۆ راڤەکردنی، دەق بەرەو کرانەوەیەکی دیکە دەبەن و دەرفەتی بە نەمربوونی زیاتری بۆ دەرەخسێنن.

## ١-٣ هێرمینۆتیك و سەرەتاکانی ناسینەوەی عیشق لە دەقدا

لە سەرەتاکانی کردەی خوێندنەوەدا، واتا بە جۆرێك خۆی بە دەستەوە دەدا، کە مەرج نییە ئەو واتایە بێ کە نووسەر مەبەستیەتی، ئەمەش بە هۆی ئەو چنین و ئاڵۆزی و یارییە زمانییەی کە لەناو دەقەکەدا بەکارهاتووە. ئەگەر خوێنەر بەبێ ئەوەی زانیاری پێشوەختەی لەسەر خودی شاعیر هەبێت و لە دەرفەتێکدا یەکێك لە دەقەکانی بکەوێتە بەر دەست، ئەوا بێگومان جیاوازی دەبێت لەگەڵ ئەو وەرگرەی کە پێشوەختە لەسەر ژیان و ئایدۆلۆژیای ژیانی و دەقەکانی زانیاری هەیە. لەلایەکی تر ئەو وەرگرەی ئەزموونی تایبەتی و خودی لەگەڵ عیشق هەبوو بێت لە هەمبەر خوێندنەوەی دەقەکەدا لەگەڵ کەسێکی تر جیاوازە، کە بەو ئەزموونە تێپەرنەبووبێت و بە دیاردەیەکی سادەی ناو کۆمەڵگا، یان بە خۆشەویستییەکی پەسەندکراو (محبوب)و خۆشەویستییەکی لۆمەکراو (مذموم)ی حسێب دەکات، ئەو

---

١- النص الشعري بوصفه افقا تاويليا، ص١٣٩

**کاتە تەواوی دەق لە خوێندنەوەیەکی قووڵی هێرمینۆتیکیانە دووردەکەوێتەوەو بە ڕاڤەیەکی وشەییدا تێدەپەڕێت، کە ئەمە بۆ وەرگێڕانیش بۆ زمانێکی تر گرفت دەخاتەوە. ئەگەرچی خودی وەرگێڕانی شیعری هەقی خۆی پێ نادرێ، بەڵام بۆ ئەم جۆرە خوێندنەوەیە مەدلوولە سەرەکیەکانی لە دەست دەدات و ستراتیژییەتی دەق تێکدەشکێ.**

**ئەوەی پێویستە لە سەرەتاوە ڕوون بکرێتەوە، ئەوەیە مادەم هەر لە دێرینەوە لای کەسێکی وەك (ئەفلاتوون): (عیشق جوانییە نەك ناشیرینی)[1]، دەبێ دەستنیشانی جوانییەکە بکرێ، ئەگەر بۆ ڕەگەزێکی دیاریکراو قۆرخ نەکراوە، ئەوا لە خودی دەقدا ڕەگەزەکە دەستنیشان بکرێ تا لەوێوە ڕێرەوی جۆری عیشقەکە ئاشکرابێ و خوێندنەوەکە بەو ئاراستەیە بڕوات، کە وردەکاری شیکردنەوەکە ببنە کەرەستەو ئامرازی خوێندنەوەکە، کە دەکرێ بنەما جوانییەکەو ڕەگەزی عیشقەکە بەم دوو جۆرە دەستنیشان بکرێن:**

## ١-٣-١ عیشق و نێرینەتی دەق :

**نێرینەتی دەق، بەو واتایەی کە دەق بەرەو ئاراستەیەکی نێری بڕوات. بە پێچەوانەی شیعری دونیایی و زۆربەی شیعری سۆفیگەری، لە سۆنگەی ئەوەی کە پرسی عیشق دەبێتە ناوەندی دەق، دەق بەرەو کۆدەنگییەك دەبات، کە خۆشەویستییە لە نێوان دوو کەسدا، جا دڵدارو دلبەر، یان عاشق و مەعشووق... هتد، یان هەر ناوێکی تری پێ دەگوترێت، گرنگ ئەوەیە ئاسۆی پێشبینییەکانی خوێنەر بۆ ئەو ڕەهەندە دەچێت، کە بە زۆری دوێندراو (المخاطب) ڕەگەزی مێیە، تاك و تەراو بە دەگمەن دەبینرێ، کە پلەی عیشق بگاتە ئەو رادەیەی مەعشووق نێر بێ. ناسینەوەی ئەم تێرمەش بۆ وەرگرێکی سادە لەمیانی خوێندنەوەی سەرەتادا، تەنیا لە نیشانەکان و وەسف کردنی جەستە خۆی دەبینێتەوە بۆ ئەوەی ڕەگەزی مەعشووقەکە بناسرێتەوە.**

**لەناو دەقە سۆفیگەرییەکان لە مێژووی رۆژهەڵاتدا، چەند شێوەیەکی نێرینەییمان هەیە، لەوانە:**

**یەکەم: وا دەبێ شاعیری سۆفی، راستەوخۆ بە بێ ئەوەی کەس بکاتە ڕابەرو نێوەند لە نێوان خۆی و خودادا، خودا دەکاتە مەعشووقی خۆی و بانگی دەکات. ئەم جۆرە لەناو دەقی سۆفییانەدا بە هەرمێن نییە، چونکە بە گشتی نێرینەتی دەق کەمەو لەنێویشیدا دوان لەگەڵ خودا بە بۆنەی کردنە مەعشووق کەمتر قسەی لێوە کراوە.**

**دیارترین دەقی نێرینە دەقی (رابیعەی عەدەویە*)یە، کە پلەی خۆشەویستی و عیشقی لەگەڵ خودادا لەناو جیهانی ئیسلامیدا ڕەنگی داوەتەوەو ناوبانگێکی زۆری لەم بارەوە هەیە، دیارترین شیعری لەم بارەوە بریتییە لە:**

---

١- المأدبة (فلسفة الحب)، افلاطون، ترجمة: د.وليم المسيري، دار المعارف بمصر، الطبعة الاولى،١٩٧٠، ص٥٧

*. ناوی أم الخير رابعه کچی ئیسماعیلی العدوية البصرية القيسية یە، بە یەکێك لە نموونەکانی ژیانی رۆحی لە ئیسلامی سەدەی دووەمی کۆچی دادەنرێ، زانیاری لەبارەی ژیانی کەمە، بەشێکی دەچێتە ناو بواری ئەفسانەوە، لە بەسرە لەدایك بووەو لە ساڵی ١٨٥کۆچی وەفاتی کردووە، بە یەکێك لە زاهیدە هەرە گەورەکان ناسراوە، هەتا لەبارەی گوتراوە کە پیاوێکی دونیایی بە رابیعە دەڵێت: چیت پێویستە داوام لێ بکە. ئەویش دەڵێ: من شەرم دەکەم داوای دونیا لەو کەسە بکەم کە خولقێنەری دونیایە، چۆن داوا لە

احبك حبين حب الهوى        وحب لأنك أهل لذاكا
فأما الذى هو حب الهوى        فشغلى بذكرك عمن سواكا
وأما الذى أنت اهل له        فكشفك لي الحجب حتى أراكا
فلا الحمد في ذا ولا ذاك لي        ولكن لك الحمد في ذا و ذاكا[1]

ئەوەی لە هێنانە پێشەوەی ئەم بابەتە لێی دەفامرێتەوە بریتییە لەوەی:

أ) شاعیر لە رەگەزی مێینەیەو ناگونجێ ئەگەر خوێنەر هۆشی بەرەو لای ژیانی شاعیریش نەڕوات، کە یەکێکە لە ڕەمزە سۆفیگەرییەکان، ئەوا ئاسان نییە بڕوای بەوە هەبێ، کە ژنێك وەها عاشقی ژنێکی تر بووە، چونکە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤایەتییەو پێشتر ئەو جۆرە شێوازە لە ئەدەبیاتدا بە گشتی نەبینراوە.

ب) دەقەکە بە ڕاناوی نێرینە نووسراوە، واتە گوتارەکە ئاراستەی رەگەزی نێر کراوە. ئەمە حاڵەتێکی زۆر دەگمەنەو هەتا ئێستاش زۆر بە دەگمەنی دووبارە بۆتەوە.

ج) کاتێك زیاتر لە سیاقەکەو لە خودی ژیانی شاعیریش ڕادەمێنین، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر لەگەڵ خودا دەدوێ‌و لە زمانی عارەبیشدا خودا بە شێوازی (نێر) لە ڕووی زمانییەوە هاتووە، کە دەلالەتی بەهێزی‌و قورساییەکەی زیاترە، ئەگەر وەرگر بگەڕێتەوە سەر بنەما زمانییەکان کە ئامرازی گرنگن بۆ کەشف کردنی سەرتاپای دەق‌و دۆزینەوەی وردەکاریەکانی کۆدو رەمزەکان، ئەوا بەوە دەزانێ، کە گوتارەکە ئاراستەی خودا کراوەو ئاراستەی مرۆڤ نەکراوە، چونکە لە زمانی عارەبیدا جیاوازی لە نێوان وشەی (الشکر)و وشەی (الحمد) هەیە، بەوەی یەکەمیان بۆ مرۆڤ‌و دووەمیان بۆ خودا بەکاردێت، بەمەش دەزاندرێ، کە شاعیر ئەم وشەیەی بۆ خودا بەکارهێناوە*.

دووەم: هەندێ جار وا دەبێ خۆشەویستییەکە بۆ کەسێك دەردەبڕێ، کە ڕابەرو ڕێ نیشاندەرە، بەتایبەتی لە جیهانی سۆفیگەریدا، رابەر نێوەندێکە لە نێوان کەسەکەو خودادا، بۆیە لێرەشدا گوتاری شیعرەکە بە ڕاناوی نێرینە دەبێت. لەمەشدا هێڵەکانی جیاکردنەوەی رابەر (شێخ) و خودا زۆر بە سەختی هەستی پێ دەکرێ، هەر لەبەر ئەمەشە گرفت بۆ تێگەیشتن دروست دەبێت. نموونەی شاعیرە سۆفییەکان لەناو کورددا زۆرە، بە تایبەت ئەو شیعرانەی بۆ شێخەکانی بیارە، یان خاوەنی تەریقەتەکان گوتراون.

---

کەسێك بکەم کە هیچی نەخولقاندبێ و خاوەنی هیچ نەبێ. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: جمالیة الرمز في الشعر الصوفي– محی الدين ابن عربي نموذجا، رسالة ماجستير، هدى فاطمة الزهراء، كلية الاداب والعلوم الانسانية، جامعة ابى بكر بلقايد، الجزائر، ٢٠٠٦م، ص٨١

١– الحب الالهى في التصوف الاسلامى، د.محمد مصطفى حلمى، وزارة الثقافة والارشاد القومي، مصر ١٩٦٠، ص٨٥

واتای شیعرەکە: تۆم خۆشدەوێ، دوو جارانیش خۆشم دەوێیت، جارێکیان لەبەرئەوەی خۆشم دەوێیت‌و جارێکیش چونکە شیاوی ئەو خۆشویستنەی. جا ئەو خۆشویستنەی بۆ خۆشەویستییە، بۆ ئەوەیە مژولبوون بە یادی تۆ هەموو شتێکی لە کۆڵ کردومەتەوە، ئەو مەحەببەتەش کە تۆ شیاوی ئەوەی، بۆ ئەوەیە کە پەردەت لەسەر خۆت لاداوە، تا من بە دیدارت شاد بم، بۆ هەردووکیان من شیاوی حەمد نیم، بەڵکو بۆ هەردووکیان حەمد هەر شیاوی تۆیە.

* ئەگەر سەرنج بدەینە سورەتی فاتیحە، وشەی الحمد بەکارهاتوە نەك (الشکر)، بە رامان لە تەواوی قورئان دەرکەوتووە کە (الحمد) تایبەتە بە خوداو (الشکر) بۆ دەسکەوتە دونیاییەکانی مرۆڤە لە دونیادا. هەروەك (د. فاضل السامرائی) یش بۆی چووە کە (شوکر بەرامبەر شتێکە کە پێت بەخشراوە، بەڵام لە (الحمد) دا چاوەڕێی ئەوە نیت شتێکت بدرێتێ، بۆیەش حەمد بۆ خودا بە زۆری بەکاردێت، چونکە مرۆڤ بە هەبوون‌و نەبوونی نیعمەتەکان هەر قایلە) بڕوانە: (لمسات بيانية في نصوص من التنزيل، الدكتور فاضل صالح السامرائى، دار عمار، عمان، الاردن، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٦، ص١٣)

هەندێ جاریش ئەو کەسەی شیعری بۆ گوتراوە بۆ شاعیر، رابەری رۆحی، یان رابەری تەریقەتیش نییە، کە شاعیر هەموو شیعرەکانی خۆی بۆ تەرخان بکات، بەڵام خۆشەویستییەکەی لە چوارچێوەی غەزەلێکدا، یان قەسیدەیەکدا وەها بۆ دەردەبڕێ، ئەگەر ئاماژە بە کەسەکە نەکرێ هێندە بە شێوازێکی چنینی وا مێینەتی دەق دەردەکەوێ، ئەستەمە بناسرێتەوە، کە شیعرەکە بۆ کەسێکی رەگەزی نێر نووسراوە. لێرەدا ئەو ڕوانینە هەڵە دەردەچێت کە پێی وایە (هەرچی "شۆخە" لەگەڵ "دولبەر" تەنها بۆ مێ بەکاردێن*)، چونکە (مەحوی) لە ستایشی مەولانا خالیددا دەڵێ:

**سەرم شێواوی شێوەی فیتنە هەڵگیرسێنێ شۆخێکە**

**حەواسم تەفرەقەی عیشوەی دڵ ئاشوبێکی عەییارە.** / ٤٦١

یان دەڵێ:

**کە هاتم شۆخەکەی غارەتگەری دینو دڵتو دەیوت:**

**بپرسە حاڵی ئەو سەودازەدەی بەو بەختی ئاوارە.** / ٤٦٥

عیشوە کە بە واتای (ناز) و شۆخیش بۆ مێ بەکاردێت، کەچی لێرەدا بۆ نێر بەکارهاتووە**، یاخود وشەی (لێو) هەر لەم بەیتەدا، کە بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی نووسیویەتی، دەڵێ:

**دڵم ئەمشەو نەخۆشی نیسبەتی چاوێکی بیمارە**

**جگەر غەڵتانی خوێنی حەسرەتی لێوێکی خونخوارە** / ٤٦١

یان بەکارهێنانی وشەی (زولف):

**خەیاڵی زولفی دەرناچێ لە دڵ تا دەرنەچێ رۆحم**

**سپێراوە خەزێنەی بەختی ئێمە بەو سیامارە** / ٤٦٢

یان بەکارهێنانی (دولبەر):

**وتم ئەی دڵ لە دولبەر شەکوەکردن حەیفە، دڵ دەیوت**

**ئەمە بۆ دولبەرێکی دڵ نەوازە، ئەو دڵ ئازارە** / ٤٦٤

لێرەدا گرفتی هەرە گەورەی بەردەم کردەی تێگەیشتنو زانیاری وەرگر، لەسەر ئەوەی ئایا مەعشووقەکەی (مەحوی) لە ڕەگەزی نێرە، یان مێ؟ بەرەو ئەو تێکەڵییەمان دەبات، کە وشەکانی (شۆخ، دولبەر، زولف، لێو...)*** بۆ هەردوو ڕەگەز بەکارهاتوون. بە تایبەتی لە شیعری سۆفییانەدا، ئەگەر پێشتر تەنیا لای (رابیعەی عەدەوی)، ئەم جۆرە چنینە بۆ خودا دانرابێو خوداش لە زمانی عارەبیدا لە واژەی (نێر)ەوە گوزارشتی لێ بکرێ. ئەوا دەشێ سەرتاپای دەقەکە ستراتیژییەتی نێرینانەی هەبێتو لە

---

* ئەحمەدی مەلا، لە تێزی دکتۆراکەیدا کەوتۆتە ئەم هەڵە زەقەوە، بڕوانە: مەحوی لەنێوان زاهیرییەتو باتینییەتو سەرچاوەی عیشقو وێنەی مەعشووقدا، ئەحمەدی مەلا، ئاراس، ٢٠٠١، لا ٣٠

** مەلا کاکە حەمەی (ناری) بۆ کۆچی دوایی (مەحوی) شیوەنێکی نووسیوەو دەڵێ:

لەبەر تیری موژەی بێ مروەتی ئەو شۆخە نەخشینە

لە هەر جێ دەنگی یا تەلقینە، یا یاسینە، یا شینە. / دیوانی مەحوی، مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوسمانی بالخی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کریم، چاپی سێیەم، انتشارات کردستان، سنە، ١٣٨٥ لا ٥٤٩

*** لە بەشی سێیەمی ئەم تێزەدا بە وردی تەئویلی لێوو زولف ئەنجامدراوە.

**نێویشیدا خۆی لەوە دوور نەگرێت، کە پەنا بۆ بەکارهێنانی وشە مێینەکان ببات و ئاڕاستەی دەقەکە بەرەو جوانی مەعشووقی مێینە ببات، کە لە راستیدا لێرەدا مەعشووقەکە نێرە نەك مێ.**

**لەم چەند نموونانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، ناکرێ هەموو رەوتی سۆفیگەری بە یەك قالب بپێوین و دەبێ رەچاوی ژینگەو سەردەم و چۆنیەتی بیرکردنەوەی تاکەکان بکەین، هەر ئەوەشە دەقی سۆفییانەی بە دەقی کراوە حسێب کردووە، بەوەی بیرو ڕوانینی سۆفی و شاعیر بۆ خۆی داهێنەری کۆمەڵێك بیرۆکەو ڕوانینە، کە لە هەندێ بنەمای گشتی بە یەك دەچن، بەڵام هەر یەکەشیان خاوەنی دیدو ئایدیای خۆیانن. بۆ نموونە ئەوەی (رابیعەی عەدەوی) لە بەکارهێنانی شێوازی نێرینەتی دەق کردوویەتی، شێوەیەکی ناوێزە (شاذ) ە و پێشتر بەکارنەهێنراوە. پرسیاری گرنگ لێرەدا دروست دەبێ و وەڵامەکەشی بە نادیاری دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە: رابیعە ئافرەتە، بۆیە پێچەوانەی رەگەزی خۆی، دواندووە؟ یان درکاندنی راستییەکانی ئیلاهی و دەرخستنی راستەوخۆی خۆشەویستی خوداییە، کە دەبێ هێزی نێرینەی بۆ بەکاربێت؟ یان ئەگەر (رابیعە) لە ڕەگەزی نێر بوایە هەردوو ئەگەری بۆ دەبوو؟ ئەگەرێك دەقی بە ستراتیژی نێرینە بردباو بە ستراتیژی مێینەشی بردبا، ئەگەر مێینەیەتی دەق چێژ بەخش بێ بۆ دەق، ئەدی نێرینەتی دەق لە چیدایە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن، کە تا ئێستاش تەنیا لە ڕوانگەیەکی هێرمینۆتیکیەوە قسەیان لەسەر دەکرێ، لەگەڵ رەچاوکردنی پشت بەستن بە بنەما تیۆرییەکانی سۆفیگەری لە مێژووی ئیسلامیدا.**

**ئەوەی لای مەحوی دەردەکەوێت هەمان لاسایکردنەوەی (رابیعەی عەدەوی) نییە، بەڵکو زیاتر لە شاعیرە سۆفییەکانی فارسی نووسەوە نزیکە. لە نموونەی (مەولانا جەلالەدینی رۆمی*)، کە ناوبراویش بۆ کەسێکی نێرینە، دەقی بە شێوازی مێینە نووسیوە، لە هەموو ئەو شیعرانەی کە بۆ (شەمسی تەبرێزی** ) نوسیون و دیوانێکی هەر بەو ناوە ناوناوە، سەرتاپای لەگەڵ ئەم شیعرەی (مەحوی) کە بۆ**

---

* جەلالەدیین محەمەدی بەلخی، ناسراو بە مەولانای رۆمی، (١٢٠٧-١٢٧٣ز) نازناوی رۆمی لێنراوە، چونکە زۆربەی ژیانی لە ئەرزەرۆم بەسەربردووە، نازناوی باوکی بەهائەدین وەلەدی بو، بە سوڵتانی زانایانی شاری بەلخ بەناوبانگ بوو، لەسەر مەزهەبی حەنەفی بوو، لەبەر هەڵمەتی مەغۆلەکان ناچاربوو رووبکاتە وڵاتی تورکان و دواین ساتەکانی ژیانی لە شاری (قۆنیە) بەسەربردووە، سۆفییەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە، تا ئیستا هاوشێوەی لە رووی عیرفان و رۆحناسییەوە نییە. بەرهەمەکانی بۆ سەر دەیان زمانی دونیا وەرگێڕدراون و لە گرنگترین بەرهەمەکانی:

–مەسنەوی (المثنوی)، گرنگرتین بەرهەمی مەولانایە و نزیکەی ٢٥٦٦٨ بەیتە شیعر دەبێت، کۆمەڵە چیرۆکێکی نوورانی رۆحانی عیرفانییە, لە جیهانی ئیسلامی و رۆژئاواشەوە ناوبانگێکی زۆری هەیە.

–دیوانی شەمسی تبریزی نزیکەی پەنجا هەزار بەیتی شیعرییە.

–فیە ما فیە. وتەو قسەکانی مەولانایە لە مەجلیس و دیوانەکان دا.

–مەکتوبات، ئەمەش هەموو نامەکانی مەولانایە کە بۆ مریدو کەسە پایەبەرزەکانی ناردووە.

–المجالس السبعة: ئامۆژگارییەکانی مەولانا لەخۆدەگرێت.

ئێستا قەبرەکەی لە شاری قۆنیەی تورکیایەو بۆتە مەزارێکی جیهانی بۆ هەواداران و موریدانی بەرهەمەکانی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مولانا جلال الدين الرومی، أ. د. جيهان أوقويوجو، ترجمة: اورخان محمد علی، الطبعة الاولى، دار النيل، القاهرة، ٢٠٠٩م.

** ناوی شەمسەددین محەمەد کوڕی عەلی کوڕی مەلیکداد، خەڵکی تەبرێز بوو، یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە سلوك و موریدایەتیدا گەیشتبووە پلەیەکی بەرز، کە موریدی باوکی مەولانا بوو، هێشتا مەولانا تەمەنی بیست و چوارساڵی تێنەپەڕاندبوو، کە شەمس هاتە قۆنیە، ساڵی ٥٤٥ بۆ یەکجاری قۆنیەی جێهێشت، مەولانا عاشقی شەمس ببوو، شەوو رۆژ بە ئاگری عیشقی شەمس، دەسوتا. بەدوای شەمس چووە دیمەشق، بەڵام نەیدۆزییەوە. هەر لەبەرئەوەبوو دیوانێکی پەنجا هەزار دێری بەناوی (كليات شمس تبريزی)

مەولانا خالیدی نوسیوە، زۆر لەیەك دەچن. لە چنینی دەق بە ئاراستەی مێینە بوون، کە ئێمە پێمان وایە جگە لەوەی لاساییەکی سۆفییانەی وەك حەللاجو ئیبن عەرەبی... هتد، یە، کە ژن تێیدا رەمزێکی خودایییە لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك چێژ بە دەق دەبەخشێتو هەنگاوێك ئاسۆی تێگەیشتنی خوێنەر/ وەرگر دوور دەکاتەوە، چونکە ئەگەر ئەم دوو نموونەی سەرەوە، یەکەمیان شیعرەکەی رابیعەی عەدەویو ئەوی دیکەیان شیعرەکەی مەحوی لە ڕووی ئاسۆی تێگەیشتنی خوێنەر لەمەڕ خۆشەویستی خودایییەوە بپێوین، ئەوا یەکەمیان بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی نێرینە هەنگاوێك لە تێگەیشتنی خودایییەوە نزیك دەکەوینەوە، هەرچی دەقی دووەمە لەبەر بەکارهێنانی شێوازی مێینە، وەرگر وێنەی ژنێکی دێتە پێش چاو، ئینجا بەهۆی مەعریفەی سۆفییانەوە هەنگاو بۆ واتای دووەمو سێیەم دەبا، تا دەگاتە کرۆکی مەبەستو راستیی واتاییەوە، کە ئەویش بۆ خۆی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە.




## ١-٣-٢ عیشقو مێینەتی دەق :

ئەگەر یەکێك لە کۆڵەگە هەرە سەرەکییەکانی غەزەل هەر لە کۆنەوە چنینی دەق بێت لە چوارچێوەیەکی مێینەتیدا، ئەوا بە وەرگرتنی بنەماکانی غەزەل لە لایەن ئەدەبی سۆفییانەوە، دەگەینە ئەو راستییەی کە لە ڕووی ڕووخسارەوە ئەدەبی سۆفییانەش لە چوارچێوەی مێینەبوونی دەق خولاوەتەوە، (رابیعەی عەدەوی) لێ دەربچێ، ئەگەرنا سۆفییەکی گەورەی وەك (ئیبن عەرەبی) هەڵقوڵینی دەق لەناو کانگای رەگەزی مێینەو حسێبکردنی جوانییەکانی دەق لە مێینەوە، بە بیرۆکە سەرەکییەکانی ئەو دادەنرێو ((ژن بۆ گەوهەرە مێینەبوونەکەی دەگەڕێنێتەوە بەوەی، کە سەرچاوەی بوونو کانگای بەخشینە، نەك حەزلێکردنو بابەتی خۆشەویستی، بەڵکو ژن وێنەیەکی نموونەییە لەنێو ئەو وێنە جۆراوجۆرانەی کە خۆشەویستە لای خودا))[١]. کەواتە لێرەدا ژن تەنیا وەك ئامرازێکی عیشقو خۆشەویستی تەماشا ناکرێ، بەڵکو وەك سەرچاوە مێینەبوونەکەی تەماشا دەکرێ، کە مێینەبوون جوانی بەرهەم دەهێنێو ئەم جوانییەش لە لای خودا خۆشەویستە.

لە سۆنگەی ئەم وتەیەی یەکێك لە ڕابەرانی سۆفیگەری، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، کە دەق بۆیە بە شێوازی مێینە دەچنرێ، تا خۆشەویستی لە خودی خۆیدا بەرهەم نەهێنێ، بەڵکو لە بەرەنجامی جوانییەکەدا، چێژێك لای نووسەرو وەرگر بێتەکایەوە، کە بیانخاتە پلەو مەقامێکی بەرزی خۆشەویستی

---

ناوناوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پێشەکی کتێبی (کلیات شمس تبریزی، مولانا جلال الدین محمد بلخی رومی (مولوی)، مطابق نسخه بدیع الزمان فروزانفر، جلد اول، انتشارات طلایه، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٨.)

١- تحلیل الخطاب الصوفي، امنة بلعلی، ص٨١

خودایی، چونکە ئەو پێی وایە (( شاعیر کاتێك وێنەی ئافرەتێك لە بەیتێکی شیعریدا دەسازێنێ، دڵی شاعیر بە دروستکەرو خالقی وێنەکە پەیوەست دەبێ))[1]، واتە تەنیا ئافرەتەکە لە جوانیو چێژەکە، ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە خۆشەویستییەکی گەورەتر کە خۆشەویستی خودایی یە.

ئەم تێڕوانینی رابەرانی ئەدەبی سوفییانەو رابەرانی بزاڤی سۆفیگەری، بە درێژایی مێژوو گۆڕانی بە سەردا هاتووەو لە هەر سەردەمێکدا جۆرێك لێکدانەوەیان بۆ دەربڕینەکانی خۆیان هەبووەو، هەندێ جاریش رەخنەگران شرۆڤەیان بۆ دەقە ئەدەبییەکان کردووەو کۆمەڵێك ڕوانینیان لێ هەڵهێنجاون. لێرەشدا ناکرێ دەقی ئەدەبی لە سەردەمی خوێندنەوەی ئێستادا، تەنیا بە تاکە پێوەرێك لە مێژووی سۆفیگەریدا بپێورێتو واتایەکی تایبەتی بە بەردا بڕدرێ. لەبەرئەوە ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە مەدلوولەکانی چنینی دەق بە شێوازە مێینەکەوە دیاری بکەین، بەوەی لە نێو دەقێکی سۆفییانەی وەك مەحویدا، وا هەڵدەگرێو زانستیتریشە، کە لە ڕوانگەی دەقەکانو بە روانینێکی هێرمینۆتیکیانەوە مێینەبوونی دەق وەك میراتێکی غەزەلیو سۆفییانە دابنێینو بشسەلمێنین، کە ناکرێ هەموو دیوانەکە تەنیا لە ڕوانگەی بیروڕای تاکە ڕابەرێکی سۆفیگەرییەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێ، بەڵکو پەیوەندی عیشق لەگەڵ نێرینە بوونو مێینەبوونی دەق بدۆزرێتەوە، تا لەو ڕێگایەوە بتوانین وردەکارییەکانی چەمکگەلی تری ئەدەبی لەناو دەقەکان دەستنیشان بکەین.

زۆرجاریش دەشێ بۆ جاری یەکەمو بۆ سەرەتای دەستپێکردنی هۆگربوونەکە، مەعشووق مێینە بێت. هەر ئەمەشە شاعیر/ سۆفی بەرەو پلەی یەکێتی بوون (وحدة الوجود) دەبات. بە واتایەکی تر عیشقی دونیاو ئەوەی لە دونیادا هەیە، کە بە زەمینی ناسراوە پەیژەیەکە بۆ گەیشتن بە پلەی عیشقی ئاسمانی، ئەوەتا یەکێکی وەك (بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی*) زۆر ورد لەم راستییە گەیشتووەو پێی وایە ((گرنگترین رووەکانی ئەو جۆرانەی عیشق کە دەبنە هۆی ئەوەی، مرۆڤ مەشرەبی (وحدة الوجود) پەسەند بکات، بریتیە لە عیشقی دونیا، چونکە هەر ئەوەندەی عیشقی دونیا کە مەجازی دەگۆڕێت بە عیشقی حەقیقی، یەکسەر دەبێت بە (وحدة الوجود)، گەر کەسێك کەسێکی تری بە عیشقی مەجازی خۆشویست، هەر هێندەی (نەمان)ی خۆشەویستەکەی دەبینێت، ناتوانێت ئەو (نەمان)ە لە دڵی خۆیدا جێ بکاتەوە. بۆیە خۆشەویستی حەقیقی ئاراستەی خۆشەویستەکەی دەکاتو دەست لە داوێنی حەقیقەتێك گیر دەکات تاکو دڵی خۆی پێ بداتەوەو دەچێ بە عیشقێکی حەقیقی، سیفەتی (مانەوە) بە خۆشەویستەکەی دەبەخشێتو دەڵێت: خۆشەویستەکەم ئاوێنەی جوانیی (خۆشەویست)و (پەرستراو)ی راستەقینەیە! ئەو

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢

* بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی (١٨٧٦- ١٩٦٠ز) لە گوندی نوورسی پارێزگای بەدلیسی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە بنەماڵەیەکی کوردی دیندار لەدایك بووە. صۆفی میرزای باوکی بە خواپەرستیو پیاوچاکی بەناوبانگ بووە، هەر خۆراکێك حەڵاڵ نەبووبێت دەرخواردی مناڵەکانی نەداوە. لەبەر زیرەکیی بێ وێنەی بە بەدیعوززەمان ناوی دەرکردووە. لە شەڕی رووسەکان بەشدار دەبێت لە ساڵی ١٩١٦ بە بریندار بەدیل دەگیرێ. هەتا ساڵی ١٩٥٠ بە پچڕپچڕی لەم شارو ئەو شار دەژیاو زیاتر لە ١٣٠ کتێبو نامیلکەی نووسیو بەناوی سەرجەمی پەیامەکانی نوور بڵاوبوونەوە. تا ئێستا لە تورکیاو دەیان وڵاتی دیکەی دونیا، دەیان کۆنگرەی زانستی لەسەر کەسایەتیو بەرهەمەکانی سازکراوەو بەرهەمەکانیشی بۆ زیاتر لە چل زمان وەرگێڕدراونو وەك کەسایەتی بە یەکێك لە گەورە پیاوانی سەدەی بیستەم دادەنرێ. (وتەکان، بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی، و: فارووق رەسوول یەحیا، نشر احسان، تهران، ١٣٨٥، ل٩٧٦-٩٨٦)

کەسەش کە ئەم دونیا مەزنەی خۆش دەوێتو سەرانسەری گەردونی کردووە بە مەعشووقی خۆی، بە هەمان جۆرە، چونکە هەر کات قامچی (نەمان) و شووڵ (جودایی) لە خۆشەویستەکەی دەسرەوێنرێت، یەکسەر خۆشویستنە مەجازییەکەی دەگۆڕێت بە حەقیقیو ئیتر ئەو شەیدایە لەناچاریدا پەنا دەباتە بەر (وحدة الوجود) تاکو خۆشەویستە مەزنەکەی لە (نەمان)و (جودایی) رزگار بکات)).[1]

لەوەشدا دەبینین مێینەبوونەکەش هەر مەجازییەو دواتر سەردەکێشێ بۆ بنەمایەکی حەقیقی.

## ٤-١ مێینەبوونی دەقو چەمکی جوانی

مێینەتی دەق ئەگەر لە جوانی بەخشین کورت بکرێتەوە، ئەوا وەك پێشتر ڕوون کرایەوە مەرج نییە قسە بۆکراو مێ بێت، ئەگەر دەقەکەش بە شێوازی مێینە نووسرابێت، بەڵام مادەم (لە کایەی نووسینی سۆفییانەدا ڕەگەزی مێینە بە یەکێك لە دیاردەکانی جوانی دادەنرێت، کە سۆفییەکان گرنگییەکی گەورەیان پێداوە، هەر لەو کاتەی بیریان لە سیفاتی جوانی (الجمال) کردۆتەوە لای خوا، یان بە زیاتر لە سیفەتی جوانیشی کە سیفەتی (الکمال)ە، خوداش جوانەو جوانانیشی خۆش دەوێ، یەکەم جار سۆفییەکان ئەم گوتەیان دەربڕی، خواش بۆیە جوانە، چونکە هەموو شتێکی جوان دادەهێنێ)[2]، کەواتە سۆفییەکان لەوەدا لەگەڵ دەقی ئەدەبی خۆیان دەگونجێننەوە کە:

١- دەق لە لایەك مێینە دەکرێ، بۆ ئەوەی خودی دەق جوان بێتو چێژێکی تایبەت بە وەرگر ببەخشێ.

٢- دەق وەك پەیڕەوێکی غەزەلی، مێینە دەکرێ، بۆ ئەوەی دواجار بنەمای غەزەلیش لەگەڵ دەقی سۆفییانە خۆی بگونجێنێتەوە.

٣- دەق مێینە دەکرێ، تا ئاوێنەی ئافرەت بسازێنێو لە جوانی وێنەی ئافرەتەکەوە تەماشای خالقی وێنەکە بکاتو لە وێنەکە جوانتر، کە خودایە ببینێو لەگەڵی ئاوێتە بێت.

ئەگەر لێرەدا شاعیر وێنەی نێرینەیەکی سازاندووە، بەڵام بە کەرەستەی مێینە، ئەوا لە زەینی شاعیردا ئەم کەسە نێرینەیە، دەبێ لانی کەم رێژەی جوانییەکەی لە مێینەکە کەمتر نەبێتو بەڵکو زیاتر بێت، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ تەجەللای نوورەکە لە وێنەی ئەودا ببینێ، هەر لەبەرئەوەشە زۆرجاران وەسفکردنێکی ورد لە ڕێگای نووسینی دەقێکەوە وێنەیەك لای وەرگر دروست دەکات، کە لە زەینی خۆیدا دەیکێشێو پێشبینی دەکات، بەڵام لای شاعیرەکە ئەگەر کەسەکەی بە چاوی سەر بینی بێت، ئەوا دووبارە یادی دەکاتەوەو بە پلەیەکی تەسەووفی تێدەپەڕێ، کە بە هێنانە پێشەوەی وێنەکە لە شێوەی خەیاڵدا جۆرێك چێژ دەخاتەوە لەشیو دەکەوێتە حاڵەتێکی رۆحی. بۆ نموونە (لە عورفی ئەهلی تەصەوف دا صۆفیەکان بە تەرتیبێکی تایبەتی دادەنیشنو چاو دەنێن بە یەکداو صورەتی مورشیدەکەیان دەهێننە بەرچاوو بە دڵ بەرەکەتی لێ وەردەگرن، کە ئەمە رابطە ی پێ دەڵێن)[3] وەك مەحوی دەڵێ:

---

١- تریسکەکان، بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی، وەرگێڕانی فاروق رەسول یەحیا، کتابفروشی ملی ایران، چاپ دووەم، ١٣٨٦، لا٨٠

٢- النص الشعري بوصفه افقا تأويليا، ص١٤٢

٣- دیوانی مەحوی، لا٤٦٧

**جەمالی رابیطە ی، وا دڵ بەرە، بەختی خەواڵووشم**

**بەئومێدی تەماشایەك هەمیشە چاوی بێدارە / ٤٦٧**

لێرەشدا، ئەم هێنانە بەرچاوەی وێنەی رابەر، بە لایەنی جوانی پەیوەست دەبێتەوە، جوانییەکە چێژی دروستکردووە، دڵی بردووە، چاوی لە ئاستیدا بێدار کردووە... هتد، بە زۆریش وێنەکە دێتە بەرچاو زیاتر وێنەی ڕووخساری سەرە، وەك (کمال الدین قاشانی*) پێی وایە (جەمال– جوانی، نووری ڕووە بە بێ پەردە)[1]، سەرتاپای جوانییەکەش دەرکەوت، لە دەرکەوتنی نوورە لە ڕووخساردا، بە بێ هیچ بەربەستو پەردەیەك.

دەرکەوتنی جوانی هەر تەنیا لە (رابەر– مرشد) ەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو بە گوێرەی جۆری چێژی سۆفییەکان گۆڕانکاری بە سەردا دێت. مانەوەی ئەم چێژەش بە مانەوەی جوانییەکە بەندە، بە واتایەکی تر ڕۆحی ئیستێتیکی لەلای سۆفی/ شاعیر/ نووسەر هەتا بەرزتر بێت، پلەی چێژ زیاتر دەبێت، بەمەش گەیشتن بە مەبەست لای شاعیریش بەرەو جیهانی ڕۆح زیاتر دەبێت، ئەگەرچی سەرەتای دەستپێکردن بەم کردەیە لە واقیعێکی دونیاییدا دەستی پێکردووە، مادەم بەرەو جیهانێکی تر هەنگاوی نا، کەواتە سۆفی لە نێوان هەردوو جیهاندا دەژییێتو کاردەکات، بەڵام مەرج نییە لەکاتی نووسینی دەقەکەی گەیشتبێتە پلەی وەصلی جیهانی دووەم. هەموو هەوڵەکانی ئەویش، کە دەقی تازە بەرهەم دەهێنێتەوەو عیشقەکە لە گەڕانو سووڕانەو وەرگر هەستی پێ دەکات، کە هێشتا بەشێکی دونیایی تێدا ماوە، بۆیە ئەو ناواخن (باطین)ە، دەشێ هەندێ لە نهێنییەکانی بکەونە بەر دەستی وەرگر، بەڵام بە چوونی بۆ جیهانەکەی تر، گەیشتن بە مەعشووق، بواری ئەوە نامێنێ کە وەرگر زانیاریو چێژی ئەوێ هەست پێ بکات. لەبەر ئەوەشە لێکدانەوەی ئەو دەقانە بوونەتە فرە ڕەهەند، چونکە هەمیشە لە نێوان بەریەککەوتنی جوانی زەمینیو جوانی ئاسمانیدا، لە هەڵبەزو دابەزدانە.

عیشقو خۆشەویستی، کە لە ئەنجامی هەستکردن بە جوانی دێنەکایەوە، ئەم جوانییەش زیاتر لەو دەقانەدا لە ڕەگەزی مێینە بەرجەستە بووە، بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە، کە لە دەقی سۆفییانەدا جوانی مێینە بۆ کات بەسەر بردن، یان چێژێکی سێکسی نییە، بەڵکو بۆ بە دەستهێنانی پلەی عیشقو خۆشەویستییە، کە لەو دیو ئەم خۆشەویستییەوە ئامانجێکی تر هەیە، کە خۆشەویستی خولقێنەری جوانییەکەیە. بەڵام دەربڕینی ئەو جوانییە بە زمانێکی تایبەت نیشان دەدرێ، هەموو کەسێکیش هەست بەم جوانییە ناکات، مەگەر بەهۆی مێینەتی دەقەوە دەستخەڵەت بدرێ، بەرەو واتایەکی دیکە بڕوات، کە خۆی چێژی لێ وەردەگرێ وەك وەرگر نەك وەك نووسەر، لەو بارەوە (قوشەیری**) دەڵێ

---

* کەمالەدین عەبدولرەزاق کاشانی (؟– ٧٣٠ك)، سۆفییەکی ناودارەو راڤەی کتێبی (فصوص الحکم)ی ئیبن عەرەبی کردووە. لە بەرهەمەکانی تری (شرح منازل السائرین)و (اصطلاحات الصوفیة). المنجد، ص٥٨٠.

١–الروح الصوفي، جمالیة الشیخ في زمن التیة، أ.د. ضاری مظهر صالح، المجلد الثاني، دار الزمان ودار التفسیر، الطبعة الاولى،٢٠١٢ ص٢٤١

** ناوی قاسم عەبدولکەریم کوڕی هەوازن کوڕی عەبدولمەلیك کوڕی تەڵحەی قوشەیریی خوراسانی نەیسابووری یە، لە ساڵی ٣٧٦ك لە گوندی (ئوستو)ی خوراسان لەدایك بووە. سۆفیو راڤەکاری قورئان بووە، لە شەرعدا ڕێبازی شافیعی لە زانستی کەلامو ئوصولدا ڕێبازی ئەشعەری گرتووەو شەریعەتو حەقیقەتی لێکگرێداوە، لەساڵی ٤٦٥ کۆچی دوایی کردووە. لە بەرهەمەکانی (التفسیر الکبیر، الرسالة، اداب الصوفیة، لطائف الاشارات، الجواهر، المناجاة، احکام السماع، الاربعین في الحدیث، نکت اولى النهى، عیون الاجوبة في

((زمانی سۆفییانە زمانێکی تایبەتە، لەنێو خۆیاندا لەسەری رێککەوتوون بە شێوەیەك کە لێی تێدەگەن و جگە لەوان کەسی تر تێی ناگا))[1]. کەواتە جوانییەکە حاڵەتێکی تایبەتەو پەیوەندی بەو تێگەیشتنە هەیە، کە ئەزموونی لەگەڵ بردراوەتە سەر.

کەسێکی وەك (محی الدینی ئیبن عەرەبی) کە هۆگری جوانی کچێکی حیجازی بووە، لەو میانەدا جوانی دروستکراو (مخلوق)ی بۆ جوانی دروستکەر (الخالق) بەرجەستە کردووە، لەو حاڵەتەدا گەیشتۆتە بارێکی بێ ئاگایی و کتێبی (ترجمان الاشواق) ی نووسیوە، کە هەستی بە پلەی عیشقی خودایی کردووە[2]، لەمەشدا جوانی ئافرەتەکە مەبەست نییە، بەڵکو هەروەك چۆن زمانی مێینەبوونی دەق ئامراز بووە، ئاواش جوانی ئافرەتە حیجازییەکە ئامراز بووە بۆ بینینی جوانی خودایی تێیداو، هەوڵدان لەو رێگایەوە بۆ گەیشتن بە جوانی خودایی، کە ئەو کۆتا مەبەست و کۆتا لوتکەی عیشقەو بێ ئاگابوونە لەناویدا. ئەوانەشی کە نەتوانن لە جوانی خودا نزیك بکەونەوە، ئەوا هەر لە جوانییە دونیاییەکە دەمێننەوەو ناتوانن ئەو چێژە رۆحییە وەربگرن، لەو میانەشدا وەرگریش وەك حاڵەتێکی رۆحی هەست بەم حاڵەتە دەکات، ئەگەرنا بۆ سەرتاپای دەق و شیکردنەوەی بنەمای جوانی و چێژ، لە ناو مێینەبوونی دەقدا هەوڵی خوێندنەوەی جیاواز دەدات.

مێینەبوونی دەق ئەو کاتە لای وەرگر حەقیقەتی خۆی بە تەواوی دەردەخات و هێرمینۆتیك دەتوانێ دەسەڵاتی بە سەردا بشکێ، ئەو کاتەی وەرگر لە ئەزموونی سۆفییانەدا بە خودی خۆی چێژی وەرگرتبێ و هیچ نەبێ هەندێ لە پلەکانی بڕیبێ، هەتا پلەکان زیاتر بڕێ، زیاتر دەتوانێ لە بەها باڵاکانی دەقی سۆفییانە تێبگات و وردەکارییەکانی جوانی هەست پێبکات.

نووسەر/ شاعیر هەروەکو چۆن دەقی کردە ئامرازو لەنێوانیشیدا خۆشەویستی و عیشق پلەی باڵایان هەبوو بۆ دەرخستنی خۆشەویستی و عیشقی خودایی، وەرگر دەشێ پلەکانی ئەو خۆشەویستییە وەك شاعیر هەست پێ نەکات، بەڵام بە ئەندازەی ئەمە، دەبێ خۆشەویستی بۆ خودی دەق هەبێ، هەتا خۆشەویستی بۆ دەق دروست نەبێ، هێرمینۆتیکاش ناتوانێ کاری خۆی بە تەواوی بکات. چونکە لە نێوان وەرگرو نووسەردا، ئامرازی خۆشەویستی دەبێتە نێوەند بۆ وەرگرتنی زانیاری تازە لە دەقەوە بۆ وەرگر. بەو پێیەی مادەم وەرگر بیەوێت لە پێناو تێگەیشتنێکی دروست و گەیشتن بە بنەما سەرەتاییەکان، رەگ و ریشەی دەق هەڵتەکێنێ، ئەوا (ئەم کردەیە کردەیەکی سەختەو جۆرە خوێنەرێکی دیاریکراو نەبێ دەرەوەستی نایێ، رەنگە خوێنەرەکە خوێنەرێکی نموونەیی، یان فەلسەفی بێ، بەڵام زۆر پێویستە خوێنەرێکی عاشق بێت، دەقی خۆشبوێت، تام و چێژ لەوە وەربگرێ، کە شتە شاراوەکان بەدەربخا، لەهەمان کاتیشدا بە تەواوبوونی دڵی ئاو نەخواتەوە، چونکە هێرمینۆتیك لە ئەگەرو شیمانەکانی واتا دەگەڕێ، کە خۆی لە بارەی واتاوە دەدوێ، واتە واژە بەو ئاڕاستەیە دەبا، کە واتایەکی

---

فنون الاسئلة). بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (الرسالة القشیریة، للامام ابو القاسم عبدالکریم بن هوزان القشیری، الجزء الاول، شرکة القدس للتجارة، الطبعة الاولی، القاهرة، ٢٠٠٩ ص٢٢-٤٢).

١- جمالیة الرمز فی الشعر الصوفی، رسالة ماجستیر، ص٦٤

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠

بۆ بگونجێ) [1] ئەو واتایەش تەنیا ئەگەرەو بەس. دروستبوونو هاتنەکایەی هەموو ئەم ئەگەرانە واژە لە تاکە واتایەکی چەقبەستووەوە بەرەو فرە واتایی دەجوڵێنێ. بکەری سەرەکی ئەم کارەش خودی وەرگرە بەڵام وەرگر/ عاشق، کە بەبێ دەق ئۆقرە ناگرێو وەك ئەوەی خوێنەر نێرو، دەق مێ بێتو پەیوەندی عیشقو خۆشەویستییان لە نێوان بێت، بەو هۆیەوە ئەم خۆشەویستییە، دەق دووبارە لە ئەنجامی قووڵبوونەوەی کردەی خوێندنەوە بەشێوەیەکی تازەتر دروستدەکاتەوە.

دەکرێ ئەم پەیوەندییە لە نێوان وەرگرو شاعیردا، بەم هێلکارییە روونتر بکەینەوە:




لێرەدا پەیوەندی لەگەڵ دەق دەبەستێ، بەڵام دوای ئەوەی شاعیر دەقەکەی کردۆتە دەقێکی مێینە، لە شاعیرەوە بەرەو دەق چوون، سەرەتای چوونە بەرەو خۆشەویستی خودایی، هەستکردن بە تامو چێژی ئەم خۆشەویستییەش لە لایەن وەرگرەوە لە دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستی دێت لە نێوان وەرگرو دەق دا. کەواتە لێرەدا مێینەتی دەق لە لایەك بووە مەعشووقی وەرگرو، لە لایەکی تریش بووە ئامرازی مەعشووق بۆ وەرگر (عاشق) لە عیشقی خوداییدا.

دەقە سۆفییانەییەکان بە دەقی (مەحوی)شەوە بە گشتی پرسی خۆشەویستە خوداییەکەو توانەوە لە عیشقیدا بۆ وەرگر چێژ بەخشە، ئەم چێژ بەخشینەش بە پێی ڕادەی تێگەیشتنەکە، بە جۆرێك لە جۆرەکان تێگەیشتنی جۆراو جۆر دەسازێنێ، چونکە خۆشەویستی خودا دەچێتە ناو چوارچێوەی خۆشەویستیی بۆ مەعشووقێك، کە نادیارە، واتە مرۆڤ ناتوانێ بە چاوی سەر ببینێ، وەك ئەوەی مەولانای رۆمی دەڵێ: (مرۆڤ هەمیشە عاشقی ئەو شتەیە کە نەبینراوو نەبیستراوە)[2] و خوداش لێرەدا، دەچێتە ناو ئەم بوارەی خۆشەویستییەوە. لە روانگەی چنینی دەقیشەوە، ئەمە دەق بەرەو کراوەیی دەباتو لەم پرسەشدا، کە خۆشەویستی تێدا باڵا دەستە خوێنەری ئاسایی لە خوێندنەوەی ئەم شیعرانە دوور ناخاتەوە وەك هەندێك کەس وای بۆ دەچن* ، بەڵکو هەر تێگەیشتنێك، قووڵ یان سادە، بۆ خۆی

---

١- تحلیل الخطاب الصوفي، امنة بلعلی، ص٨٧

٢-مقالات مولانا- مولانا جلال الدین محمد بلخی (رومی)، ویرایش متن: جعفر مدرس صادقی، نشر مرکز، چاپ یازدهم، تهران،١٣٩٠، ص٥٧

* (کامەران ئیبراهیم) لە ماستەرنامەکەیدا ئەم بۆچونەی دەربڕیوە، گوایە دەقی سۆفییانە دەرگا لە بەردەم خوێنەری ئاسایی دادەخات، بەهۆی بوونی بنەما سۆفیگەرییەکانەوە، بەڵام لەراستیدا بۆچوونەکە کتو مت راست نییەو پێمان وایە مەرج نییە هەموو جارێ ئەم بنەمایە راست دەربچێت، چونکە ئەگەر بە قووڵیش واتا هەڵنەکرێنێو دەرگای واتای لێ دابخات، لێ تام و چێژێکی تایبەتی بە خوێنەر دەبەخشێ، کە لە لاساییکردنەوەی غەزەلی کۆنەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆ رایەکەی ناوبراو، بڕوانە سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیری دا، سپیرێز بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، دهۆك٢٠١١ز، ل١٦٠

تامو چێژێك بەرجەستە دەكات، با واتا راستەقینەكەشی نەپێكێ. ئەگەرچی قۆناغەكانی ئەدەبیاتی سۆفییانە لە سەردەمێك بۆ سەردەمێكی دیكە جیاوازی هەبووە. لە هەموو قۆناغەكاندا سەبارەت بە وەرگر، چونكە وەرگر ئەوەندەی لە خۆشەویستی زەمینییەوە نزیكە وەكو واقیع، ئەوەندە لە خۆشەویستییە ئیلاهییەكە نزیك نییە، بۆیە تامو چێژ لە یەكەمیان زیاتر وەردەگرێ، لەبەرئەوەش بووە بە زمانی خۆشەویستی زەمینییەوە تەعبیر لە خۆشەویستی ئاسمانی كراوە، وەرگریش چێژی لە چینە زەمینیەكە وەرگرتووە. با نووسەر/ شاعیریش ئەوەندەی مەبەستی گەیاندنی ڕێبازە فیكرییەكە بووبێ، ئەوەندە مەبەستی چێژگەیاندن نەبووبێ.

دەقی سۆفییانە سەبارەت بە بابەتی خۆشەویستی خودایی لە سەدەی سێیەمی كۆچی دا، بە تایبەت دەقەكانی حەللاج تەحەددایەكی گەورە بوون لە ئاسۆكانی چاوەڕوانی وەرگر لەوسادا، هەرچی ئێستایە زیاتر دەوەستێتە سەر ئەوەی وەرگر لەگەڵیان كارلێك بكات. سۆفییەكانی سەرەتاش ئامانجیان گواستنەوەی ژانو ئەزموونەكە بوو، كە پێشتر ئەو ئەزموونە نەدەنووسرایەوە، بەڵام سۆفییەكانی پاشین لە نموونەی ئیبن عەرەبی ئامانجیان گەیاندنی ئەم ئەزموونە نەبوو بۆ وەرگر، بەڵكو ئارەزوویان كارتێكردن بوو وەك ئەوەی لە وەرگری بوێت، كە چێژی دەقو زۆرلێكردنی ئەزموونەكە كۆبكاتەوە، بەشێوەیەك ئەگەر پێشینەكان ڕەمزو ئامرازەكانی ڕەمزیان وەك جۆرێك لە ئازادی گەیاندن بەكاردێنا. ئەوا بەكارهێنانی ئەم ڕەمزانە لای پاشینەكان بۆ ئەوە بوو، كە وەرگر لە گەڵ دەقی سۆفییانە كارلێك بكا[1]. كەواتە بۆ دەقێكی وەك مەحوی ناكرێ بۆ یەكێك لە قۆناغەكان پەلبەست بكرێ، بەوەی چێژ تێیدا بەندكراوە، بەڵكو ئامانج لەوەدا چ لە غەزەل بە گشتیو پرسی خۆشەویستیو جوانی ئافرەت ئەوەیە، سەرەتایەك لە كەشی چێژبینین لای وەرگر بسازێنین، بەڵكو پەیژە دوای پەیژە وەرگر لەگەڵ بەرزی ئاستی مەعریفییەكەی بتوانێ لە خۆشەویستی ئاسمانییەكە بگات، بەڵام ئەگەر وەرگری سادە بێت، چێژ لە وێنە واقیعییە دروست كراوەكە دەبینێو ئەگەر ئەزموونداریش بێت لە هەردوو لاوە كارلێك لەگەڵ دەقو شاعیر دەكات.

ئەم كارلێككردنە سەرەتا لەگەڵ ئەو وشەو دەستەواژانە دەبێ، كە چەقو سەنتەری وروژاندنی چێژن، بەو واتایەی، كە دەبنە ئامرازی جوانیو چێژ بۆ خودی كردەی خۆشەویستییەكە، جا خۆشەویستییەكە زەمینی یان ئاسمانی بێت. لەو سۆنگەیەوە وا دەبێ لە دەقێكی وەك دەقەكانی مەحوی ئەم شێوانەی ببێ:-

### ١-٤-١ جوانیی دەق بە كلیلی مێینەبوونیەوە

وێڕای ئەوەی، كە لە پێشەوە پەیوەندی نێوان چێژو جوانیو مێینەبوونی دەق سەبارەت بە وەرگر ڕوون كرایەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە، هەندێ وشە كلیل هەن لە شیعری كۆنەوە تا ئێستا لە فەرهەنگی زمانی كوردیدا ئەوەندەی نزیكیان لەگەڵ مێینەدا هەیە، ئەوەندە لەگەڵ نێرینەدا تەبانین. بەو واتایەی كۆمەڵگە لە مێبنەبوونیان نزیكدەكاتەوە. ئەمەش ئەگەر بۆ ئەدەبیات بە گشتی ئاسایی بێت، بۆ شیعری سۆفییانە ئەگەر بە پێو دانی شەریعەتەوە لێكبدرێتەوە كەمتر لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانییەكانی وەرگردا تێك دەكاتەوە، بۆیە نەك هەر ناوەكانی (یار، دولبەر، مەعشووق، شۆخ...)، كە

---

١- تحليل الخطاب الصوفي، امنة بلعلى، ص٨٩

له پێشتردا به بەڵگەوه سەلماندمان، که شاعیر له حاڵەتی تایبەتیدا بۆ ڕەگەزی نێری بەکارهێناون و ئاوەژووی کردوونەتەوەو ئاراستەی مەبەستی دەقەکەی تەواو پێچەوانه کردۆتەوە، که بۆ مەبەستی سۆفییانەش واتای رابەر، یان خودا، یان رەمزێکی عیرفانی و سۆفییانه دەگەیەنێ.

ئەمجاره ئەو وشه مێینەیه لەگەڵ چنینێکی زمانی بەهێز کارلێك دەکات و له ڕووکەشدا چێژێکی خۆشەویستی و عیشق لای وەرگر دروستدەکات، واته وەرگر له خۆیەوه بەهۆی چێژەوه بۆ دەق دەچێت، لەوێشەوه بۆ مەبەسته قووڵەکانی، ئەگەر پاشخانه مەعریفی و رۆشنبیرییەکەی هاوکار بێت.

(ماچ) که ئەگەر کێڵگەیەکی واتایی نزیك له مێینەی هەبێت و نیشانەیەکی سادەی عیشقێکی زەمینی بێت و لەگەڵ ناوهێنانی وەرگری ئاسایی لەخۆی نزیك بکاتەوه، به ئومێدی ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بیهێنێ و کارلێکی لەگەڵدا بکات، ئەوا ئاسۆی چاوەڕوانیی وەرگر، به بێ گومان له مێینەبوونی دەقدا دەسەنگرێتەوه، بەڵام ئەگەر پێشتر زانیاری لەسەر رەگەزی شاعیر نەبێت، ئەوا تووشی ئاڵۆزی و تەم و مژاوی دەبێت لەوەی بکەرو بەرکارەکەی ماچ کێیه؟ :

**ماچی دەمی له کەڵکه ڵه مابو، چ خۆشی وت**

**قرم، ئەی ئەسیری واهیمه، خۆش ناکرێ له هیچ** / ٩٩

وێڕای ئەم مێینەبوونی دەقه به وشەی (ماچ)، که به تەمای ماچێکی دەمی یاره، بەڵام له ڕاستیدا دوای خەیال کەوتووه، ئەو دەمی نییه، تا ماچی بکاو ناکرێ مرخ له شتی هیچ و نەبوودا خۆش بکرێ، راستەوخۆ وەرگر دەچێتەوەو جیهانێکی دیکەی خەیاڵ، که لەگەڵ ئامانج، یارییه زمانی و فیکرییەکانی شاعیر تێکەڵ دەبێتەوه، گرنگ لێرەدا ئەوەیه خوێنەر کەمەندکێشی ناو کەشێکی مێینه بکرێتەوه، ئەگەر سەرەنجامەکەشی ئەو چاوەڕوانییه نەبێ، که پێشتر وەرگر پێشبینی بۆ کردووه.

یان: **به دڵمه جوێنی ئەو لێوه، له بۆسه نەشئه بەخشاتر**

**لەکن ترياکییه ئەلبەتته قاوه صەد له چا چاتر** / ١٢٥

لێرەشدا سەرنجڕاکێشانی وەرگر به لای ماچی یارەوه، بەڵام به دوو لاوه کاریگەرییەکەی دوور دەکاتەوه، لەلایەك وشەکه دەکاته عارەبی و ئەو هێزەی کەمتر دەمێنێ، لەلایەکی تریشەوه جوڵانی لێو ئەگەر به قسەو جوێنیش بێت لای له ماچ خۆشتره، ئەمەش له ڕووی ڕوخسارەوه دەق بەرەو مێ بوون دەبات، بەڵام مەرج نییه پاڵپشتی کردەکه بکات، بەجۆرێك لێو سەرچاوه/ شوێنەکەیه، ماچ کردەیه، لای شاعیر جوڵه به سەلبییەکەشی بۆ وەرگرێکی وەك مەحوی له ماچێکی کردەیی نەشئه بەخشتره.

## ١-٤-٢ مێینەبوونی دەق، نێر ینییەتی شاعیر

ئەگەر دەق به لای کەسێکی وەك (رابیعەی عەدەوی) خەسڵەتی نێرینیەتی ببەخشێت، ئەوا چونکه خۆی وەك شاعیر بکەرێکی مێینەیه، کارلێککردنەکه بۆ وەرگرێك، که شارەزای شاعیر بێت دروست دەردەچێت و چێژ له خۆشەویستییەکه دەبینێ، ئەگەرچی راستەوخۆش نیشاندەری خۆشەویستییه خوداییەکه بێت، هەرچەنده راستەوخۆ نیشاندانی قسه بۆکراو قورسایی و هێزی چێژه زەمینییەکه کەم دەکاتەوه له چاو ئەوەی مەعشووق نادیار بێت و وەرگر هەمیشه به دوایدا وێڵ بێت.

خۆ حسێبکردنی (مەحوی)، وەك کارەکتەرو بکەرێکی نێرینە، ئەو کاتە چێژ بەخشەو وەرگر لەگەڵیدا کارلێکدەکاتو هەست بە جوانییەکان دەکات، کاتێك مەعشووقە ئاساییەکە بە (مێ) بناسێندرێو ستراتیژییەتی دەقیش بەرەو لای مێینەبوونی بچێ، بەمەش کارلێکەکە بۆ عیشق ڕێکتر خۆی بەرجەستە دەکات.

بۆ نموونە (سەلما) ئەگەر لە ڕاستیشدا خودی ئافرەتێکیش نەبێت، بەڵام مادەم لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتدا بە (مێ) حسێبی بۆ کراوەو لە بەرامبەریشدا منی شاعیر پێچەوانەی عاشقەکەی بێت، ئەوا ئەم بکەری نێرو بەرکاری مێیە لەناو دەقدا دەسەنگرێتەوەو ئاراستەی کردەی تێگەیشتن لای وەرگر دەگۆڕێتو لەو بارەدا بەهۆی ئەم بکەرو بەرکارە، وەرگر ڕادەکێشێتە ناو بازنەی کارلێککردن لەگەڵ دەق:

**بەدوویا وێڵمو ئەشکم دەپرسێ**

**لە هەر دارو دیوارێ (أين سلماك)** / ١٨٥

کە دەگونجێ لێرەدا (سەلما) کە بە مێینە خۆی نیشانی وەرگر دەدا، تا هەرچی زووە کارلێکی لەگەڵ بکا، بەڵام دەبێ بنەما سۆفییانەکەش بهێنێتە دی، کە ئەمە مەجازی بێ، حەقیقەت شتێکی دیکەیە، کە دونیایەو شاعیر بە دوایدا وێڵەو لە ڕاستیشدا وەك کەلاکی تۆپیو وایەو شەڕی لەسەر دەکرێو شاعیریش تامەزرۆیەتی:

**دەزانێ جیففەیە دونیا، دە حەیفە**

**وەکو سەگ ئەم شەڕو شۆڕە لەسەر لاك**

**خودا! تۆ لاگری لەولاکە مەحوی**

**بە جاهی پادشاهی تەختی لولاك*** / ١٨٧

یان دواندن لەگەڵ خودی مێینە بە گشتیو ڕەمزێکی مێینەو مەعشووقەکان بە تایبەتی، کە ئەویش (لەیلا)یەو خۆ حسێب کردن نەك بە ئەندازەی پێچەوانەی (لەیلا)، کە (مەجنوونە)و لە ڕەگەزی (نێر)ە، بەڵکو زیاتریش، واتە خۆ کردنە مەجنوون نییە، بەڵکو نیشاندانی نێرینەیی زیاترە بۆ بکەر، کە (مەحوی) یەو نیشاندانی مێینەی زیاترە بە گریمانەیی بۆ (لەیلا)، کە بەرکارە:

**ئەگەر تۆ ڕوو بەخاڵێکی لە لەیلا شۆخو زیباتر**

**منیش ئاشوفتە حاڵێکی لە (قەیس)م شێت و شەیداتر** / ١٢٥

یان:

**بە لەیلاوە وەرە بەر قاپیی ئەم لەیلایە ئەی مەجنوون**

**شەهێکە صەد سەری فەرهادو شیرینی لەبەر پێ کەوت** /٨٥

کە دەگونجێ وا لێك بدرێتەوە ((مەحوی بەهۆی ڕەگەزی مێینەوە ئاماژە بۆ خوا دەکاو ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو پەیوەندییە بەتینەی کە لە نێوان غەزەلی عوزریو خۆشەویستی سۆفیدا هەیە،

---

* نالی شاعیر هاوشێوەی ئەمە خۆی و دونیا بە قالۆچەو پاشماوەی ئاژەڵان دەچوێنێ:

نالی چییە وا میثلی جوعەل غەرقی شیاکەی

خۆ تۆ بە حیسابێ وەکو پەروانە شەمت بوو

بڕوانە دیوانی نالی، مەلاعبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، لا٣٧٠

چونکە پاکیو زوهد نیشانەیانەو هەردووکیان بەرەو بەرزیو باڵیی دەچن، ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە مەحوی بەهۆی عیشقی خوازراوەوە بەرەو عیشقی حەقیقی چووە، بۆیە سەری سەت فەرهادو شیرینو لەیلاو مەجنوون لەبەر دەرگانەی کەوتوونەو چاوەنواڕی تۆزێ بەزەیینە لێی.))[١] ئەم عیشقە ڕاستەقینەیەش هێندە گەورەیە هیچ یەکێ لە نموونە ناسراوو بەناوو دەنگەکانی عیشقی دونیایی پێی ناگات.

لێرەدا خستنە ڕووی وێنەی ژنو لە نێویشیدا ڕەمزە گەورەکانی مێینەبوون وەك لەیلاو سەلما، هەروەها ئاماژە مێژووییەکانی خۆشەویستی زەمینیش، کە لە قەیسو لەیلا، یان فەرهادو شیرین، یان خوسرەوو شیرین خۆیان بەرجەستە دەکەن، لای مەحوی لەگەڵ خۆشەویستی خوداییدا لەناو بۆتەی سۆفیگەریدا جوانییەك دەبەخشن، کە پێشتریش ئەمانە بوونەتە کەرەستەی وێنەی سۆفییانە لە شیعری شاعیرە سۆفییەکاندا*، کە تێیدا لای مەحویش پانتاییەك دەسازێنن، کە جوانی ڕەهای خودایی تێدا دەدرەوشێتەوە، بە جۆرێك ئەو حاڵەتە ڕوحییەی سۆفییەکان بەسەریان دێت، حاڵەتێکی تایبەتە. ئەم تایبەتییە وایکردووە ئەوان ڕوانینیان بۆ شتەکانی جیهان تایبەت بێتو لەو ڕوانگەشەوە چەمکەکان بخزێننە ناو دقو بەم تێگەیشتنە تایبەتییە، تێگەیشتنی دیکە لەلای وەرگر بسازێنن.

مێینەبوونی دەق بە واتای باسکردنی ژن لە ڕووکەشدا، جگە لەوەی نیشاندانی بنەمایەکی جوانیو گەیشتنە ترۆپکی خۆشەویستییە، جێبەجێکردنی فەرمانێکی ڕێبازی سۆفییانەشە، بۆ ئەوەی دەقەکە لە لایەك بە مێینەبوونی، باسکردنی ئافرەتی تێیدا ڕووەو خۆشەویستی ئامرازێك بێت بۆ گەیشتن بە ڕۆشناییو نووری خودا بەو پێیەی جوانترینی بوونەوەران ژنەو لەویشدا تەجەللاو ڕۆشنایی نووری خودا دەردەکەوێت.

بابەتی ژنو سۆفیزم بۆ وەرگری ڕۆژهەڵات شیکردنەوەیەکی وای گەرەك نییە، چونکە ئەم دیاردەیە بە لای وەرگری ڕۆژهەڵات تازە نییە، بەڵام لە سەرتاسەری دونیادا بە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات، ئافرەت لەناو دەقی ئەدەبیدا، هێندە نەچۆتە ترۆپك ئەوەندەی لە ئەدەبیاتی سۆفیزمدا گرنگی پێدراوە، لەبەرئەوە ڕۆژئاواییەکان بە گرنگەوە لە ئەدەبیاتی سۆفییانەیان ڕوانیوە، کە قسەبۆکراو هێندە زۆر هەر ژن بێتو وێڕای ئەوەی بکەرەکان نێرینەن، بەڵام دەق هەر بە مێینەتی ماوەتەوە. بۆیە زۆربەی هەرە زۆری سۆفییە گەورەکان ژنێك ڕابەرو ڕێنیشاندەریان بووە*. یەکێکی وەك (ئیبن عەرەبی) پێی وابووە، کە (خۆشەویستی

---

١- سۆفیگەری، شیعری ئایینیو سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٩٢.

* بۆ وێنە ئیبن عەرەبی لە دێرێکدا دەڵێ:

أدين بدين الحب انى توجهت    ركائبه فالحب ديني وايماني

لنا اسوة في بشر هند واضتها    وقيس وليلى ثم مي وغيلان

بروانە: تحليل الخطاب الصوفي، امنة بلعلى، ص٧٥

* بۆ نموونە ئوم هارونی دیمەشقی بۆ ئەبوسەلمای دارانیو فاتیمەی نەیسابوری (٨٣٨ز) بۆ ئەبویەزیدی بوستامیو زەننونی میسری، دایکی حمید کچی قاسم بۆ ئەبو سەعیدی خەرازو ژنە سۆفی بەناوبانگ أمة العزيز ناسراو بە هۆرەو فاتیمەی زەیتونەو فاتیمەی ڕوزباریو فاتیمەی دیمەشقیو شەمسی ئومولفوقەراو فاتیمەی ئشبیلی بۆ ئیبن عەرەبی... بۆ زیاتر زانیاری سەیری کتێبی نقد/ تصوف،(النقد- الخطاب- التفكيك)، شريف هزاع شريف، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨ بكە، لاپەرەکانی ١٥٣-١٦٣

بۆ ژن لە کەماڵی عارفی دایەو میراتێکی پێغەمبەرانەو هەروەها خۆشویستنێکی خوداییشە، چونکە خۆشەویستیمان بۆ ژن لە خوامان نزیک دەکاتەوە).[1] کەواتە بە هۆی ئەم پرەنسیپەوە جۆرێك لە هاندانیش هەبووە، کە شاعیران دەقەکانیان بە ئاراستەی مێینەبوون ببەن و جۆرە جوانییەك بە دەق ببەخشن، کە لاسایی هەمان جوانی مێینەبوونی غەزەل بووەو لە ڕووی بابەتی بوونیشەوە هێندە لە چەمکی ژن و جوانییەکەی وا قووڵ ببنەوە بە جۆرێك کەسێکی وەك (مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی) زۆر بە بەرزییەوە لێیان دەڕوانێ، کە پێی وایە (ئەوان نموونەی تەواوی توانای خوداییین لەسەر زەوی، وەك لەمەسنەویەکەیدا دەڵێ: بێگومان ژن تریسکایی خودایە، ئەو دروستکەرە نەك دروستکراو، دروستکەر بە واتای شیاوی خۆشەویستییە، ئەو پەیوەندییەی لە ئافرەتدا هەیە بۆ سۆفی ڕێگای کرانەوەیە بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ خودادا)[2].

لێرەدا شەرعییەتدانەکە بە مەزراندنی ئافرەت بۆ ناو دەق و گرنگیدانێکی وەها پێی، بۆ خۆی بواری هیرمیۆنتیك خۆشتر دەکات، چونکە ئەگەر ئەستەم بێت خودا بە چاوی سەر ببینرێ. گەیشتن بە خودا لە ڕووە مەعنەوییەکەی دروستکردنی جوانترین وێنەیە، کە لە وێنەی قورسی خودادا نزیك بێتەوە. لە ئافرەت جوانتریش بوونی نییە، کەواتە بە ناچاری دەبێ ڕووەو ئافرەت هەنگاو بنرێ و ببێتە دەرگای چوونە ژوورەوەی عیشقی خودایی.

لە قۆناغی عیشقدا ئەگەر ئافرەتە، یان هەر چەمکێکی دیکەیە بۆتە دەروازەی ئەم عیشقە، ئەوا بە لای سۆفییەکانەوە (خودی قورئان بە ڕوونی خالیق و مەخلوقی لە یەك جوێ کردۆتەوە، تەنیا لە عیشقدا تێکەڵی و ئاوێتە بوونێك لە نێوان هەردووو چەمك هەیەو ناکرێ جیابکرێنەوە).[3] بۆیەشە عیشقی خودایی لە چوارچێوەی وێنەی ژندا لەناو ئەدەبیاتی سۆفییانەدا بەرەو خالیق دەچێ و ڕووەو ئاسمان هەنگاو دەنێ.

### ١-٤-٣ مێینەبوونی دەق بە باره ئەرێنی و نەرێنی یەکەی، لە شیعری مەحوی دا

لە باسەکانی پێشوودا لەسەر ئەوە دواین، کە مەحوی ستراتیژییەتی دەقی بە ئاراستەی مێینەبوون بردووە، لەمەشدا هەوڵی گەیشتن بە خۆشەویستی داوەو لەو نێوەندەشدا کلیلی مێینەبوونی جەستەی دەق کۆمەڵێك وشە بوون، کە بۆ قسەبۆکراو خۆیان دەنوێنن و دەکرێ بەشێکیان بە مەعشووقی شاعیریان دابنێین، یان ئامرازن بۆ بانگکردنی مەعشووق و دەروازەیەك و نێوەندێکن لە نێوان شاعیر (عاشق)و مەعشووقدا. لەبەرئەوە لەو هەموو تەوژمانەدا شاعیر بە ئەرێنی لە مەعشووق دواوەو ئەگەر حاڵەتەکە دابڕان (فیراق)یش بێت. لە بنچینەدا وشەی کلیلی مێینەبوون بارێکی ئەرێنییان لەناو دەقدا سازاندووە، کە دەلالەتی سەرتاپای دەق دەبەخشێت، بەوەی مەحوی ڕوانینی بۆ مێینە ڕوانینێکی ئەرێنییە. لەمەشدا ناگەینە بڕیارێکی ببڕای بڕ، چونکە بە خوێندنەوەمان بۆ ئەم حاڵەتە لە ڕوانگەی خوێندنەوەی شیعرەکانی مەحوی یەوە، ڕووبەڕووی دۆخی جیاوازی واتا دەبینەوە، بۆ هەر یەکێکیشیان پاساوێك

---

١- تحليل الخطاب الصوفي، امنة بلعلي، ص٧٧

٢- نقد/ تصوف، شريف هزاع شريف، ص١٦٣

٣-در امدى بر تصوف و عرفان اسلامى، وليام چيتيك، ترجمه جليل پروين، انتشارات حكمت، چاپ سوم، تهران ١٣٨٩ص٢١٩

خۆی قیت دەکاتەوە، کە لەو گۆشەنیگاوە بۆ بنەماو ڕەگو ڕیشەی واتاکەی بچین. لەبەرئەوە (خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیانەمان بۆ هەر دەقێك تەنیا واتای گەیشتن نییە بە مەبەستی خاوەنەکەی، بەڵکو پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی تازەمان ئەنجامداوە، کە هۆکاری جیاواز دێتە ناوی، کە لە بەشێکیان بابەتی و لە بەشێکیان خودی دەبێت)،[1] بەڵام ئەوەی لێی دەفامرێتەوەو نزیکە، ئەوە هەڵدەبژێرین.

لە شیعرە ئەرێنییەکاندا تێبینی ئەوە دەکەین، کە گوتاری دەق تێیدا گوتارێکی خۆشەویستی و گەشبینییە. عیشقێکە کە هەمیشە جۆرێك لە ڕەسمیبوونی تێدایە، کە بەشێکە لە میراتی کۆنینەی سۆفیگەری. بە تایبەتی لە ستایشکردنی عیشقەکە بە ئامرازەکانی مێینەبوون لە چەشنی (یار، دلبەر، شۆخ...)، ئەمەش وێڕای بنەما غەزەلییەکە، ستراتیژییەتی باتینییەتی دەقیشی لێ ئاشکرا دەبێت، کە وەك نەریتێك ئەمانە بوونەتە پردی نێوان شاعیرو عیشقی خودایی.

لە بارێکی دیکەدا، مەحوی ڕەگەزێکی مێینەبوون باس دەکات، بەڵام گوتارەکە بەرەو نەرێنی (سلبی) بوونە. بەوەی ئامرازەکان دووبارە ناکاتەوە، کە چێژێکی تایبەت لە پرسی خۆشەویستی بە وەرگر دەبەخشن. بەڵکو وشەی (ژن) وەك ڕەگەزی (مێ) بەکاردێنێت، کە هەر زوو هەست دەکرێ سیاقەکە سیاقی ئامرازەکان بۆ گەیشتن بە مەعشووق و چێژ بەخشین بە وەرگر نییە. وەك ئەم بارانەی خوارەوە:

### ١-٤-٣-١ باری یەکەم: پیرەژن

پیرەژن کە ڕەگەزی مێیە، بەڵام لە ئەفسانەدا بە نەرێنی قسەی لەبارەوە کراوەو مەحویش کە بە ئەرێنی باسی ناکا، بەڵکو سەر کۆنەی دەکا لە ئەنجامی جوانکردنی وێنەی دەقە، نەك بە ئاراستەی مێینەبوون، بەڵکو پیرەژن بوون، وێنە شیعرییەکە لەوەدا بەهێز دەکات، کە شاعیر دەیەوێ مەبەستێك ئاشکرا بکا:

**ئەتۆش ئەی نەفسی بەدطینە بەبێ جێ دڵ مەسوتێنە**
**لەبەر کەسرو کەمی دونیا، بەسە ئەم شین و گریانە**
**هەموو کارت بە حیلە خزمەتی فیکری عەزازیلە**
**عەزا وەك پیرەژن مەگرە، دیارە کاری مەیدانە / ٤٢٥**

خودی گوتاری ئەم دوو بەیتە ئاراستەی نەفسی مرۆڤەو، شاعیر دەروونی بە پیرەژن چواندوە کاتێك پرسە دادەنێ و دۆش دادەمێنێ. ئەمە جۆرێکە لە سەرزەنشت، بەڵام بە دەروون پەیوەستکراوە. ئەگەر بە سەرچاوە سۆفیگەرییەکانیشدا بچینەوە، سازاندنی ئەم وێنەیەی شاعیر لێرەدا لە هەرەمەکی نییەو بەڵکو ڕەگێکی کۆنتری هەیەو، لە کلتوری سۆفیگەری ڕۆژهەڵاتدا ئەم ڕوانینەو نزیك لەمە بوونی هەیە، بۆ وێنە کەسێکی وەك (ئیبن عەرەبی) دەڵێ: ((ژن بریتیە لە دەروونی مرۆڤ))[2]. ئەم دەروونەش خۆی بە مرۆڤ پەیوەست دەکاتەوەو کاری ئەرێنی و نەرێنی لەوێدا سەرچاوە دەگرێت. کاتێك لە دەقەکەش رابمێنین ئاراستەکەی بەرەو ئەو مێینەیە نییە، کە جوانی و چێژو عیشق و گەشبینی بێنێتە کایەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێرشێکی توندەو وشەکانی (دڵ مەسوتێنە، بەدطینە، کەسرو کەمی دونیا، شین و گریان، حیلە، عەزازیل، عەزا) ئاماژەن بۆ ڕەشبینییەکە.

---

١- اشكالية التلقي والتأويل (دراسة في الشعر العربي الحديث) الدكتور سامح الرواشدة، جامعة مؤتة ٢٠٠١، ص١٨

٢- الفتوحات المكيه، ابن عربى، المجلدالثالث، ص٨٧

لە دێڕێكی دیكەدا گوتاری مەحوی بۆ فەلسەفەی ژیان و بارە كۆمەڵایەتیەكەیەو، وەرگری ئاسایی بە هیچ كلۆجێك بیری بۆ عیشقە ئیلاهییەكە ناچێت، لە سیاقی وشەی پیرەژن دا كە دەڵێ:

**بەخششی دونیا مەخۆ، یەعنی بە نانێكی جۆ**

**خۆ مەكەرە بەر منەت پیرەژنی نانەوا** / ٣٧

سیاقی ئەم دەقەش لێوانلێوە لە زوهدو دونیا بە كەم گرتن، كە بنەمایەكی گرنگی سۆفیگەرین، بەڵام لەناو كایەی سۆفیگەریدا مێینەبوونی دەق بەرەو عیشق لەم دێرەدا هەنگاوی نەناوە.

یان:

**تەعەججوب گرتمی، صۆفی كە تەسبیحم لە ملیا دی**

**كە بێ تەقریبە پێرەژن لەبەریا بێ بەرو بەرموور** / ١٢٩

هەردوو دێرەكەی سەرەوە ڕویەكی سۆفیگەری نیشان دەدەن، بەڵام بە نیشاندانی وێنەی نەرێنی پیرەژن، كە مەبەستی دیكەی شاعیری لە پشتە بۆ بەهێزكردنی دەق، نەك بۆ مێینەبوون و عیشق.

## ١-٤-٣-٢ باری دووەم: ژن

ژن ئەگەر وەك بنەمای سیمۆلۆجیا بە تەنیا بێت، زیاتر لە وشەی (پێرەژن) كاریگەری زیاترە، بە تایبەتی لە بەرەو ئاڕاستەی عیشق و وێنەی خۆشەویستیدا، بەڵام كاتێك وشەكە دەخرێتە پاڵ وشەی ترو سیاقێكی دیكە دەسازێنێ، خوێندنەوەكە دەگۆڕێت. ئەگەر حسێبیش بۆ لایەنی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وەرگر بكرێ، دەق واتای دیكەی لێ بەرهەم دێت:

**چییە دونیا ژنێكە هەر شەوی سك پڕ بەصەد فیتنە**

**سبەینێ زوو بە خوێنی جەرگی ئەهلی دڵ دەكا بێزو** / ٢٥٥

یان:

**هەی لەژن كەمتر موعەططەل بۆچی نەی ژەن لێدە نەی**

**ساقیا ساقت شكێ بەس ڕابوەستە بێنە مەی**

**ئەو قورمساغە دەلێن پیری موغانە، پێی بڵێن**

**پیری ئاخر شەڕ! دەری مەیخانە تاكەی دادەخەی** / ٣٨٥

ژنی سەت شووكەرو لە ژن كەمتر، دوو دەربڕینن دەبێ بە دۆخە كۆمەڵایەتییەكەو فەرهەنگی زمانی كوردییەوە ببەسترێنەوە، ئەگەرچی ڕەگەزی ڕەوانبێژیشیان پێكهێناوە كە خوازە بۆ بەخشینی دیوێكی دیكەی واتا بە دەق، ڕۆڵی تێدا بینیوە، (بەلای یاكوبسۆنیش* هەردوو خوازە سەرەكییەكانی شیعر بریتین

---

* ڕۆمان یاكۆبسون(١٨٩٦– ١٩٨٢ز)، ڕۆڵێكی گرنگی لە بونیادگەری و فۆرمالیزمو زمانەوانیی بەگشتی هەبووە، زمانەوان و ئەدیبێكی رووسیاییە. گەلێك تیۆری گرنگی لە بوارەكانی ڕەخنەو تیۆری ئەدەبی هەیە. لەساڵی ١٩١٥ (بازنەی زمانەوانی مۆسكۆ)ی دامەزراندووە. لەكۆتاییەكانی دەیەی١٩٢٠ لەگەڵ هەندێ لە هاوكارانی (قوتابخانەی زمانەوانی پراگ) یان دامەزراند. لە ١٩٤١ لەگەڵ لیڤی شتراوس چووە ئەمریكاو بازنەی زمانەوانی نیۆیۆركی دامەزراند. گرنگترین كاری لەبواری تیۆری ئەدەبی، بەرهەمێكە بەناوی زمان و شیعر. بڕوانە: Literary Criticism From Plato to the Present, M.A.R.Habib,Wiley- Blackwell, first published٢٠١١,p:٢٠١.

له خواستن‌و درکه، که له رووی واتاوه له چڕبوونه‌وه‌و ئاڵوگۆڕی فرۆید* و نائاگایی‌و واتای شاراوه نزیکن)،[1] ئه‌مه‌ش چێژێکی تایبه‌ت، زیاتر له ده‌قێکی نائه‌ده‌بی به وه‌رگر ده‌به‌خشن. له‌و ڕوانگه‌شه‌وه وێنه ئه‌رێنییه‌کان بۆ راکیشانی وه‌رگر بوون، بۆ ناو پرسی عیشق، هه‌رچی نه‌رێنییه‌کەیه وه‌رگر که‌مه‌ندکێش ده‌کات بۆ چێژ وه‌رگرتن له ته‌نز، که (ته‌نزیش خوازه‌یه‌کی دژه)[2] و بواری هێرمینۆتیك له‌خۆی ده‌گرێت‌و ده‌ق به‌ره‌و ئاڕاسته‌ی گوتاری شاعیر ده‌بات، که ده‌یه‌وێ به پاڵپشت به فه‌رهه‌نگی زمانی گه‌له‌که‌ی گوزارشت له ناخی خۆی بکات، نه‌ك ره‌چاوکردنی کێڵگه‌ی واتایی (ژن)و پێداهه‌ڵدانی. له‌وه‌دا ده‌رکه‌وت که شاعیر چ به باره ئه‌رێنییه‌که‌ی، یان به باره نه‌رێنییه‌که‌ی (ژن)و چه‌مکه‌کانی (مێینه)ی وه‌ك ئامرازێك بۆ مه‌به‌ستی جیاواز له ده‌قدا به‌کارهێناوه، هه‌روه‌ك پێشتر ئاماژه‌مان پێدا.

## ١-٥ ره‌گه‌زی ئافره‌ت‌و هێرمینۆتیکا

ئه‌گه‌ر بۆ ته‌ته‌ڵه‌کردن‌و خوێندنه‌وه‌یه‌کی وردی هه‌ر ده‌قێکی ئه‌ده‌بی، سێکوچکه‌ی نووسه‌ر، ده‌ق، وه‌رگر به هه‌ند دابنێین، ئه‌وا زۆرترین خوێندنه‌وه‌ی هێرمینۆتیکانه به‌ر وه‌رگر ده‌که‌وێت، به تایبه‌تی له مامه‌ڵه‌کردنی له‌گه‌ڵ چه‌مکه‌کانی ناو ده‌ق‌و چۆنیه‌تی تێگه‌یشتن‌و میکانیزم‌و ئامرازه‌کانی کرده‌ی تێگه‌یشتن به شێوه‌یه‌کی گشتی. له‌به‌ر ئه‌وه هه‌وڵه‌کانی به‌رده‌م خوێندنه‌وه‌ی ئافره‌ت له‌ناو ده‌ق به گشتی‌و ده‌قی سۆفییانه به تایبه‌تی، به‌ره‌و ئه‌و ئاقاره‌مان ده‌بات، که هۆشی وه‌رگر/ خوێنه‌ر، له‌گه‌ڵ چه‌مکێکی وه‌هادا چۆنه‌و چۆن به‌ره‌و ڕووی ده‌بێته‌وه؟ له لاپه‌ڕه‌کانی پێشوودا، تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی مێینه‌بوونی ده‌ق خرانه به‌رباس، ئه‌گه‌رچی وه‌ك میراتێکی سۆفییانه غه‌زه‌ل هه‌موو بنه‌ما مێینه‌کانی له‌خۆدا هه‌ڵگرتووه، به‌ڵام ته‌ئویلی ئه‌م بنه‌مایه کاره‌که به لای وه‌رگر گرنگ ده‌کات. به‌وه‌ی له ڕووکاردا (ظاهر)، به لای وه‌رگرێکی ئاساییه‌وه مه‌سه‌له‌ی عیشق‌و کردنه سه‌نته‌ری ئافره‌ت له‌ناو ده‌قدا له شیعری مه‌حویدا، هه‌مان ئه‌و سه‌نته‌رو گرنگیدانه‌یه، که له شاعیره‌کانی پێش مه‌حویش بوونی هه‌بووه، بۆیه لێره‌دا خوێندنه‌وه‌ی هێرمینۆتیك به‌و ئه‌ندازه‌یه گرنگه، که چنینی ده‌ق بواری ئه‌وه‌ی نه‌هێشتۆته‌وه، که وه‌رگر به سانایی له مه‌به‌ست‌و ناوه‌ڕۆك‌و باتینیه‌تی ده‌ق تێبگات، له‌به‌رهه‌ندێش وه‌رگری ئاسایی هه‌مان حسێبی شاعیرانی تر بۆ مه‌حوی ده‌کات.

لێره‌دا ئه‌وه‌ی ئاڵۆزی ده‌خاته‌وه، بریتییه له زه‌لاندنی په‌یوه‌ندییه‌کانی ناو ده‌ق، به‌و ئاراسته‌یه‌ی که کرده‌ی تێگه‌یشتن ئاڵۆز بکات، ئه‌گه‌رچی ئاڕاسته‌کانی فیکری سۆفیزم له‌ناو ده‌قدا له‌به‌ر هه‌ڵگرتنی ئایدیاو بیروڕای تر، ده‌قی قورس‌و ته‌م‌و مژاوی کردووه، به‌ڵام (ئه‌گه‌ر په‌یوه‌ندی نێوان وه‌رگرو ده‌ق له‌نگی که‌وته ناو، ئه‌وا به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌یه یه‌کێك له‌و دوو لایه‌نه به ڕۆڵی خۆی هه‌ڵنه‌ستاوه‌و ناکرێ هه‌موو

---

* سیگمۆند فرۆید(-١٩٣٩ز) Sigmund Freud: پزیشکێکی نه‌مساوییه، گرنگی به لێکۆڵینه‌وه‌ی خه‌ون‌و سێکس‌و نائاگایی داوه، مرۆڤایه‌تی زیاتر له روانگه‌ی سێکسه‌وه ته‌ماشا ده‌کات، دواتر ئه‌و روانگه ده‌روونییه له‌سه‌ر که‌سایه‌تی تاك کورت ده‌کاته‌وه. به‌رهه‌مگه‌لێکی له‌باره‌ی ده‌روونه‌وه نووسیوه، وه‌ك (تیۆری خه‌ون، نیگه‌رانی، میتا ده‌روونناسی شیکاری....تد) (سجن التفكيك، ص٢٨٨)

١- السيمياء والتأويل، روبرت شولز، ترجمة سعيد الغانمى، الطبعة الاولى، ١٩٩٤، ص١٣١

٢- سه‌رچاوه‌ی پێشوو ص١٢٩

بەرپرسیاریەتیەکیش بکەوێتە ئەستۆی داهێنەر/ نووسەر، رەنگە وەرگریش دەوری لە مراندنی کردەی تێگەیشتن هەبێ‌و تەئویلیش هەموو لایەنێك ناخوێنێتەوە. لەبەرئەوە تەم‌و مژییەکە دەکەوێتە نێوان وەرگرو چۆنیەتی دەرك کردنی بە پەیوەندییەکە) [1]، بەمەش چێژی ئێستێتێکی لە دایك نابێت.

ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە خزاندنی ئافرەت بۆ ناو دەقی سۆفییانە، بۆ خۆی جۆرێکە لە تەم‌و مژی، چونکە ئاراستەکانی فیکری نووسەر لەلای وەرگر ڕوون نییە، لەبەرئەوە مامەڵەکردنەکە بە ڕووکەشی مامەڵەکردنێکی غەزەلی، دڵدارییەو دۆزینەوەی ئاسۆیەکی دیکەی چاوەڕوانی وەرگرە بەهۆی خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیانە، کە وەرچەرخانێکی گرنگ لەبواری واتاوە لەناو کردەی تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە لە ژێر ڕۆشنایی ڕوانینی سۆفیگەریدا بەرەو هۆشی وەرگر دەچێت‌و ڕەگەزێکی دیاری ناو دەق لەناو مێینەبووندا، کە ئافرەتە دەیکاتە (پانتاییەکی ئیستێتیکی‌و ئارەزووکردن لە نزیکبوونەوەی‌و بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی تەجەللای کەماڵی خودایی لە گەردووندا‌و خۆشەویستی‌و ئەوینی بۆ خودای خاوەنی خەسڵەتی جەمال‌و وێناکردنی حاڵی یەکبوون لەگەڵ خوداو، فەنابوون تێیداو راستکردنەوەی ئەو خۆشەویستییە بە راستکردنەوەی ناسین‌و بە یەکگرتنی‌و چێژی جەمال‌و جەلال‌و کەمالی خودا) [2]، هەموو ئەمانە ئەرکە قورسەکەی دەکەوێتە سەر وەرگر لە پێناو تێگەیشتن لەم بنەمایانەی دەق‌و مەبەست‌و ئامانجی نووسەر لە هێنانەوەیان.

## ١-٦ مەحوی لە میراتی سۆفییانەی عیشقی زەمینی‌و ئاسمانیدا

ئەگەر بەر لەوەی یاساو ڕێساو ڕێبازی سۆفیگەری بەسەر دەقدا بسەلمێنین، لە ڕوانگەی شیعری سۆفییانەوە تێگەیشتنمان بۆ سۆفیگەری بڕیار بدەین، ئەوا هاوکێشەکان گۆڕانیان بە سەردا دێت. بە جۆرێك وشەکان‌و دالەکان هەمان ئەو مەدلوولانەیان تێدا بەرجەستە نابێت، کە پێشتر لە ئەدەبیاتی سۆفییانە بۆی دروستکراوە. ئەگەرچی ئێمەش لێرەدا ڕۆڵی خوێنەر دەبینین، تەنیا دەتوانین واتایەکی دیکە بخەینە سەر ئەو واتایانەی تر، بەڵام بە سەرنجدان بۆ ڕۆڵی وشەکان لە ئەدەبیاتی سۆفییانەو لە دانپێدانانی ڕەمزێکی گەورەی سۆفییەکان وەك ئیبن عەرەبیش: (وشە هەیە بە مرۆڤ دەچێ، هەیە بە فریشتەو هەیشە بە جنۆکە، لەوەشدا بە گوێرەی زمانەکە زاهیرو باتین بۆ دال‌و مەدلوول دەگۆڕێن) [3] و ناکرێ لە هەموو حاڵەتەکانیشدا بنەمایەکی سۆفیگەری بەسەر هەموو دەقێکی ئەدەبی سۆفییانەدا بگشتێنرێ، مادەم زاهیرو باتینی وشە بۆ هەمیشە جێگیر نەبن.

عیشقی حەقیقی‌و مەجازی، یان زەمینی‌و ئاسمانی، دوو چەمکن لەناو ئەدەبیاتی سۆفییانەدا بوونەتە ئامراز، یان هۆو ئەنجامی یەکتر، بەوەی بۆ عیشقی حەقیقی، عیشقی مەجازی دەکرێتە ئامرازو لە عیشقی مەجازیشدا مەبەستی سەرەکی عیشقی حەقیقی‌و ئاسمانییەکەیە، بەڵام چۆنیەتی ئەم ناسینەوەیە لەناو دەقی ئەدەبیدا کێشەو گرفت بۆ وەرگر دروست دەکات، بەوەی ئەگەر لە چوارچێوەی بنەما

---

١- الشاعر والنص والمتلقي عند حازم القرطانجي، نصيرة غربش، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة العقيد الحاج الخضر، باتنة، ٢٠٠٦م، ص٢٤٩-٢٥٠

٢- النص الادبي بوصفه افقا تاويليا، ص١٤٣

٣- شعرية النص الصوفي في الفتوحات المكية لمحى الدين ابن عربي، د.سحر سامي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٥، ص٨٩

سۆفیگەرییەکان لە دەق بڕوانین سەبارەت بەم بابەتەوە، ئەوا کارێکی زانستی نییە راستەوخۆ بڕیاری پێش وەختەو لاساییکەرەوە وەك میرات بدرێ، بەڵکو بنەماو یاساکە شتێکەو دەقی شیعرەکەش لە ڕووی واقیعەوە شتێکی تر. هەمووشی دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ ئەم وشەیەو ئایا بە هۆشیارییەوە واتە بە زانایی و پابەندی بە یاساکانی تەسەووف رەفتاری کردووە، یان بە ئیحا وەرگرتن لەوان و بە سەربەستی خۆیەوە لە دانان و تێکەڵکردنی وشەکان وەك ئەوەی بڕوای پێیەتی؟

لە مێژووی شیعری سۆفییانەدا، لەناو گەلانی مسوڵمان، بە زۆری باس لە هەردوو عیشقی حەقیقی و مەجازی کراوەو هەوڵدراوە خەسڵەتەکانی هەردووکیان باس بکرێ. زۆر جارانیش مەدلوولی ئەم خەسڵەتانە لە سیاقی تردا، بەکارهاتون و بوونەتە دالێکی ترو مەدلوولی تریان لێ بەرهەم هاتووە. بەگشتی وشەی (نار/ ئاگر) بۆ عیشقی مەجازی و وشەی (نوور) بۆ عیشقی حەقیقی بەکارهاتووە، هەر لەو سۆنگەیەشدایە ئایەتی نووری قورئان (ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشۡكَوٰةٖ فِيهَا)[1] تەئویلی تایبەتی لەناو سۆفییاندا بۆکراوە، کە پەیوەندی (قرينة)یەکی سازاندووە، بەڵام لە واتای تەفسیرەکانی تر زۆر جیاوازە.[2] لەو بارەوە خانی دەڵێ:

عیشقبازی دو طە ریقن چ حەقیقەت چ مەجاز

شەمعێ جان دێ بسوژێتن چ ب نارو چ ب نور

لێرەدا سەرنج دەدەین هەردوو ڕێگای عیشقەکە دیارکراوەو دڵ دەکرێ یان بە (نار)، یان بە (نوور) بسوتێ، کە بە شێوەی پێچ و پەخشی نارێك، (نار) بۆ مەجاز، (نوور) ی بۆ حەقیقی داناوە.

جزیری- یش هەروەها دەڵێ:

موحبەتا صوری دو قسمە قوفل و مفتاح و طلسمە

هن ژ روحە هن ژ جسمە نورو نارە هن هەوایە

جزیری، مەجازی و زەمینەکەی بە جەسەد داناوەو ئاسمانی و خوداییەکەشی بە ڕۆح بڕیارداوە:

هەر کەسێ موحبەت ژ رووحە موبتەلای نورا سوبوحە

وی د دل دا صەد جروحە جەزبەوو لەرزین و تایە

بەڵام ئەوەی لای (مەحوی) دەبینرێ، راستەوخۆ وەرگر ئەم راستییەی بۆ ڕوون نابێتەوە*، کە دەکرێ ئێمە لە ڕوانگەی شیعرەکانەوە بەم جۆرە شی بکەینەوە:

---

١- قورئانی پیرۆز، سورەتی نوور، ئایەتی ٣٥

٢- جواهر المعاني في شرح ديوان احمد الخاني، تحسين ابراهيم الدوسكي، سبيريز، دهوك، ٢٠٠٥، ص١٤٣

* هەندێ جار باس کردنی سەرچاوەکانی بەهرەی شیعرو عیشق لەناو دەقدا، ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات لە ڕێگای ئەو سەرچاوانەوە ستراتیژییەتی جۆری عیشقەکە دەستنیشان بکرێت و لەو سیاقەشەوە پێناسەی عیشقەکە بدۆزرێتەوە. ئەوەتا مەحوی باس لە دوو سەرچاوە دەکات، کە دان بەوەدا دەنێ ئەوانیش نەیانتوانیوە لە دەریای عیشق مەلە بکەن، کە هەردوو کتێبی فتوحاتی مەککییەی ئیبن عەرەبی و مەسنەوی مەعنەوی جەلالەدینی رۆمین، بە رامانمان لەم دوو کتێبە دەردەکەوێت، کە هەردووکیان لە عیشقی خوداییدا رۆچوون و مەحویش دەیەوێ عیشق لەو چوارچێوەیە بدۆزێتەوەو بەو هۆیەوە عیشقی ناو دیوانی مەحویش بێ بەش نییە لە سەرچاوەکانی عیشقی ئەم دوو کتێبەوە:

باسی چبکەم بێ کەرانیی بەحری پڕ تەشویری عیشق

تاقە قەترێکی (فوتوحات)ە، نمێکە (مەثنەوی)..../٣١٨

**أ/ نوور لە نارەوە دروست دەبێ نەك بە پێچەوانەوە :**

نوورو نار لە لای مەحوی، راستەوخۆ بەسەر دوو جۆرە عیشقەکە تاپۆ ناکرێن. بەڵکو (نوور) بە بێ بنەمای (نار) دروست نابێ، کە دەبێ نار تەواوو کامل بێت، ئەنجا لە نارەوە نوور دێتەکایەوە:-

**کەمالاتو مەعاریفو مەبیە، بێ دەخلی هەوێنی عیشق**

**عەجەب پشکوتوە لەم جەذوە نارە پڕ بە عالەم نوور / ١٢٨**

بە لای مەحویەوە شتێکی سەر سوڕهێنەرە، لە ئاگردا نوورێك بپشکوێ، کە مەبەستی دیکەی لە پشتەو لە وێنەیەکی شیعری تایبەت هاتووە، بەڵام بە عیشق پەیوەست کراوە، چونکە هەر ئەم دالەی (نار) لە دوای ئەو دەبوا (نوور) هاتبا، کەچی (نار)ەکە بۆ تەواوکردنی جوانییەکی دیکەی وێنەی شیعری هاتووە:

**ویصالت نارە، هیجرت ڕۆژە رەش، وەك ئافتابی تۆ**

**لە تۆ نەزدیکە پشکۆیە، خەڵوزە گەر لەتۆ بێ دوور /١٢٩**

لێرەدا ویصال ئەگەر بۆ وەصلی عیشقی خوداش هاتبێ، دەبوایە نوور بوایە نەك نار، بەڵام بە خوێندنەوەی سیاقی کۆی شیعرەکە، وەرگر لە سازاندنی وێنەکەدا، هەست بە پاشخانی ئاینی دەکاتەوە، بەوەی هەڵگرتنی ئایین لە سەردەمانێك بۆ کەسی ئایندار وەك پشکۆی لێدێتو کە دەستی لێبدا کەسەکە دەسوتێ، واتە ئاگرە، کە لێی دوور دەکەوێتەوە، ئاینەکەی لەدەست دەڕواو دەبێتە ڕۆژێکی ڕەش، خەڵوزو رۆژی رەش لە یەك دەچن، نارو ئافتابو پشکۆش بوونەتە بنەڕەتی لێکچواندنی یەکتر، کەواتە میراتە سۆفییانەکە لێرەدا کرایە قوربانی مەبەستی ترو، خودی وشەکە بووە هەڵگری واتایەکی تر.

لەلایەکی ترەوە ئەم نوورە کاتێك لە نار دروست دەبێو دەبێتە کەرەستەی سۆفییانە، کە بە ڕێڕەوی عیشقدا تێپەڕێ، ئەگەرنا لە ماددەیەك زیاتر چیتر نییە، ئەگەر نارو نووریش کەسێك پەی پێ بردن، ئەوا دەگاتە پلەی کەماڵو تەواو لە بارودۆخەکە تێگەیشتووەو بەرەو پلەکانی تری خەسڵەتی خودایی هەنگاو دەنێو لە مەقامی عیشقی خودایی تەواو نزیك دەبێتەوە:

**بە سۆزی عیشقە بوونە ذی کەمالات**

**(اذ الانوار من ذی النار تنشأ) /٤١**

**ب- نوور راستەوخۆ عیشقی ئاسمانییە:**

وا دەبێ وشەی (نوور) لە جیاتی عیشقی ئاسمانی لەناو دەقدا بەکاربێتو لەگەڵ سیاقەکەدا وەرگر ئەگەرچی کاتێك نەگونجانێك لە ڕووی دالو مەدلوول دەبینێ شپرزە دەبێ، بەوەی وشەی (نوور)، کە لە زەینی وەرگر بۆ عیشقێکی ئاسمانییە، کەچی لەگەڵ چەمکێکی تری دونیاییدا خۆی گرێ دەدا، بەڵام بە تەواوبوونی دێرەکە، هەست دەکرێ مەبەستەکە شتێکی ترە:

**بە نوری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چبکەم**

**بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وانەکەم چ بکەم / ٢٣٠**

نوورەکە دەبێ لقی وەك شەمع هەبێ، کە خۆی لە واقیع نزیك بکاتەوە، بەوەی کە (نوور) چەمکێکە وەرگر یان تایبەتتر مرۆڤ، بە بێ ئەزموونی عاریفانە نەیدیوە، بۆیە دەکرێتەوە شەمع، بۆ ئەوەی وەرگر کردەی تێگەیشتنی تێدا ساناتر خۆی بنوێنێ.

لەلایەکی تر نووری بادە دەکرێ بە نووری خۆشەویستی خوا لێك بدرێتەوە، چونکە سۆفییەکان گوتویانە نووری راستەقینە، زاتی خودایە... هەر کەسێکیش ئەگەر هەوڵی دۆزینەوەی ئەم نوورە بدات، ئەگەر پێغەمبەر بێت ئەوا مەعصومەو لەگوناه پاکبۆتەوە، ئەگەر وەلی بێت، ئەوا پارێزراوە. لەکاتی تاریکایی گوناهو عەدەمییەتی ئەم نوورەدا، شەمعی نوور کەلێنە تاریکەکان پڕ لە رووناکی دەکات، بۆ ئەوەی زۆرترین ئامادەکاری بکات بۆ دیدەنی خودا، چونکە زاتی خودا لەلایەن پێغەمبەریشەوە بە نوور چوێندراوە، ئەوکاتەی لێیان پرسی خودات بینیوە؟ فەرمووی نوورەکەیم بینی، ئێوەش خودا دەبینن، وەك چۆن مانگ لە چواردە دەبینن.[1]

## ١-٧ مەحەببەت میراتی سۆفییانەی عیشقی ئاسمانی

بۆ ناسینەوەی دیاردەکانی عیشقی ئاسمانی لەناو دەقی ئەدەبیدا، شارەزابوون لە ئەدگارو هێماکانی ئەم جۆرە عیشقە لەناو مێژووی سۆفیگەریدا، ڕێگا لەبەردەم خوێندنەوەی هێرمینۆتیکانە خۆشتر دەکات، تا بە زانیارییەوە وەرگر رەفتار لەگەڵ پارچەکانی ناو دەق بکات. یەکێك لەو بوارانەی ناو عیشقی خودایی، مێینەبوونی دەقە بەو ئاراستەیەی، کە وەرگر هەست بە ناسینەوەی جۆری عیشقەکە بکات. لە نێویشیدا خودی ڕەگەزی وشەکان لە ڕووی نێرینەیی و مێینەبوونەوە ئاسۆی بەردەم پێشبینییەکانی وەرگر دەگۆڕن، بە تایبەتیش ئەگەر ڕەگەزی وشەکان بۆ ڕەگو ڕیشەیەکی سۆفییانە بگەڕێنەوە، کە بەهۆی ئەم پەردە پۆشیەوە تێگەیشتن لێی و کاردانەوەی وەرگر لە هەمبەریدا بە هۆی ئەو بنەمایەوە ڕەوتی تێگەیشتن زیاتر بەرەو خۆی کەمەندکێش دەکات.

بەکارهێنانی تاکە وشەیەك بە ڕێژەیەکی زۆر لەناو دەقدا، وەرگری شارەزا دەخاتە باری هەڵوەستە لەسەر کردن و گەڕان بە دوای سیاقی وشەی ناوبراو، ئەگەرچی هاوواتاشی بەرامبەر هەبێت، دەچێتەوە چوارچێوەی چۆنیەتی کارکردنی شاعیر لەسەر وشەکەو خوێندنەوە بۆ ئەو ڕەوتە فیکرییەی کە وشەکەی لە لا گرنگەو پێیەوە پەیوەستە. یەکێك لەو وشانە وشەی (مەحەببەت)ە، ئەم وشەیە لەناو شیعری سۆفییانەی کوردیدا، هێزو قورسایی لە وشەی خۆشەویستی زیاترە، کە هاوواتایەتی بە زمانی کوردی. بەکارهێنانی بە ڕێژەیەکی زۆر لەناو شیعری مەحویدا، وێڕای ئەوەی حسێبی لایەنی تەکنیکی و ڕەوانبێژی لەناو دەقدا بۆ کراوە، بەڵام زانیاری شاعیریشی تێدا دەردەکەوێت، کە ئەم وشەیە پێشتر لە میراتی شیعری سۆفییانەدا، لە ناو هاوواتاکانیاندا زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە.

بە لای کەسێکی وەك (سوهرەوەردی)یەوە، عیشق لە مەحەببەت تایبەتیترە، چونکە هەمو عیشقێك مەحەببەتە، بەڵام هەموو مەحەببەتێك عیشق نییە، مەحەببەت لە مەعریفەت تایبەتترە، چونکە هەموو مەحەببەتێك مەعریفەی هەیە، بەڵام هەموو مەعریفەیەك مەحەببەتی نییە. یەکەمین پایە مەعریفەت و

---

١- حکمت اشراقی در هند- برخی ملاحظات تاریخی/ متن شناختی، محمد کریمی زنجانی اصل، انتشارات اطلاعات، چاپ اول، تهران، ١٣٨٧، ص١٤٣-١٤٤

**دووەمین مەحەببەت‌و سێیەمین عیشقە... ناتوانی بە جیهانی عیشقیش بگەیت، تا لە مەعریفەت‌و مەحەببەت نەگەیت.[1] بۆیە ئەگەر شێوەی واتاکانی خۆشەویستی سۆفییانە (الحب الصوفی) لە میراتی سۆفییانەدا بپشکنین، ئەوا لە پێناسەکانی هەریەکە لە ناوداران‌و رابەرانی ئەو بوارە وەك (سری سەقەتی[*]،جونەیدی بەغدادی[**]، شبلی[***]، حەللاج، سمنون المحب[****]، حسین النوری، ئەبو یعقوب السوسی، ئیبراهیم الخواص.... بۆ خۆشەویستی سۆفییانە بڕوانین، ئەوا بە درێژایی چەندین سەدە لە دەربڕین‌و کتێبەکانیاندا، لە جیاتی وشەی (الحب) وشەی (المحبة)یان بەکارهێناوە، کە مەحببەت لە زمانی عارەبیدا وشەیەکی مێینەیە، ئەمەش لە وشەی (الحب) رەوانترو ناسکترەو شکۆمەندی زیاتری پێوە دیارە، بەتایبەت کە ناوەڕۆکەکەش‌و بابەتەکەش تەنیا لەسەر خۆشەویستی خودایی بێ. حەللاج لە دیارترین ئەو کەسانەیە لە شیعرو پەخشانەکانی لەم ڕێرەوە لایداوەو وشەی (الحب)ی بەکارهێناوە.[2]**

**مەحوی لە شیعرە کوردییەکانیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوەو دەرخەری ئەوەیە کە:**

**أ/ پەیڕەوی میراتی سۆفییانەی کردووە بە ئاڕاستەی تێگەیشتنی خۆشەویستی خودایی.**

**ب/ مێینەبوونی دەق دەسەلمێنێ، وەك ئەو تێگەیشتنەی، کە وشەکە شکۆمەندی زیاتر لە خۆدا هەڵدەگرێ، ئەگەرنا خودی وشەکە هاوواتای دیکەی لە کوردیدا بەرامبەر هەن. دەتوانرا مادەم وشەی دانسقەو رەوانی تری کوردی لای شاعیر بەکارهاتوون، دەکرا ئەگەر لەبەر رەچاوی ئەم حاڵەتە نەبوایە وشەی تر بەکارهاتبان.**

**مەحوی دەڵێ:**

**لەبەر باری مەحببەت ئاسمان‌و ئەرز ئەناڵێنن**

**چییە ئەم دەعوییەت زاهید، جلی لێ بارە گاپیرت / ٦٨**

**یا دەڵێ:**

**قوڕی بکەم بەسەرا یا بە دادڕینی بەرۆك**

---

١- سهروردی شیخ اشراق مدیحه سرای نور، نگارش عطاءالله تدین، چاپ چهارم، انتشارات تهران، ١٣٨٨، ص٣٢٢

[*] ناوی ابوالحسن سڕی کوڕی موغەللەس سەقەتی یە (؟-٢٥١ك) ئاسنەواڵە فرۆش بووە لە بەغدا، بۆیە بە سەقەتی ناسراوە، یەکەمین کەسێك بووە لە بەغدا بە زمانی تەوحید قسەی کردووە و لەو رێگایەدا بووە شێخ و پێشەوای بەغدادییەکان، قوتابی زۆری هەبووەو دیارترینییان جونەیدی بەغدایییە. بڕوانە (صد میدان، خواجه عبدالله انصاری، بررسی و تصحیح متن وفهرستها:دکتر سهیلا موسوی سیرجانی،چاپ سوم، انتشارات زوار، تهران،١٣٨٥ ص٣٣٣

[**] جونەید کوڕی محەمەد (ابو القاسم الزجاج القواریری) (؟-٣٣٤ك)، سۆفی‌و زاهیدێکی بەغدایی بووەو لەوێ لەدایك بوەو لەوێش مردووە، زانستە شەرعییەکانی لە سوفیانی سەوری‌و زانستەکانی سۆفیگەریشی لە سیڕی سەقەتی، رابەری تەریقەتی سۆفیگەری‌و خاڵی وەرگرتووە، سی جار بە پێ چووە بۆ حەج، موریدەکانی بە هەموو جیهاندا بڵاوبونەتەوە. المنجد، ص٢١٩

[***] ئەبوبەکر دولەف کوڕی جەحدەری شبلی خوراسانی بەغدادییە، سۆفی و عارفی سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچییە، لە بەغدا لەدایك بووە، هیچ بەرهەمی وەك کتێب لەپاش بەجێ نەماوە، بەڵام وتەکانی کە بە (اشارات) ناسراوە، نوسراونەتەوە، لە قوتابییەکانی ابوالقاسم ابراهیم بن محمد نصرابادی یە. بروانە صد میدان،لا٣٣٦

[****] سەمنون کوڕی حەمزە، بە ئەبولقاسم ناسراوە، لە بنەڕەتدا خەڵکی بەسرایەو لە بەغدا دانیشتووە. لەبارەی زوهدەوە شیعریشی نووسیوەو دوای جونەید کۆچی دوایی کردووە. (الرسالة للقشیری، ص ١٧٥)

٢- الحب في التصوف الاسلامی، ابن عربي نموذجا، یحیی الراضی، دار التکوین للتألیف والترجمة والنشر، دمشق، الطبعة الاولی، ٢٠٠٩، ص٧٢

**حەقی مەحەببەت ئەدا کەم، بەدەی خودایە دەست. / ٧٠**

**مەحوی لە تەواوی دیوانەکەیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە*، کە ڕێژەیەکی بەرچاوەو سەلمێنەری ئەو بۆچونەی پێشوومانە بۆ ناسینەوەی ڕەگەزەکانی پێکهاتەی عیشقی خودایی لەناو دەقدا. کەچی لە**

---

* بۆ نموونە جگە لەم دوو شوێنەی سەرەوە، لە خوارەوە شێوەکانی تر دەخەینە روو:

ئەی مەحەببەت ئاگرێکی هێندە خۆش و دڵ نشین

ئەم کەسەی سوتوتە، هەر ئەو هەوڵ ئەدا بۆ سوو بە سووت/ / ٧٩

یان دەڵێ:

لە ئیعجازی مەحەببەت چار فەصڵم جوملە بۆ جەمعە:

سروشکم سوورە، ڕەنگم زەردە، لێوم وشکە، چاوم تەڕ... / ١٣١

یان:

ڕەهرەوی ڕێگەی مەحەببەت وا دەبێ، هەر سەعیەتی

تا هەیە لەم ڕێگە ئاخر کاری سەردانانە ڕۆژ /١٣٧

یان:

ئابروو ڕێژە ویصالی یارو خوێنرێژە فیراق

عالەمی عیشق و مەحەببەت هەر بڕێژە هەر بڕێژ.. / ١٤٣

یان:

گەر عازیمی زیارەتی کەعبەی مەحەببەتی

ڕێ، چاکی دڵ، عەلامەتی ڕێ، داغو شوێنی داغ.. / ١٧١

یان:

دڵ چوە وادیی مەحەببەت، هەرچی دی هەر کوشتە یا

نیوەکوژراوە، لەسەر لێو ئاه و ناڵەی (وا اسف)... / ١٧٦

یان:

پەروانەیەك بە بولبولی وت کە (بوالفظول)

سوتانە، ئیشی ئەهلی مەحەببەت، نە هولە هول.. /٢٠٦

یان:

گەر ئاگری مەحەببەتی شك بەم لە دۆزەخا

ئەو دۆزەخە بەهەشتمە، جەننەت دەکەم حەرام../ ٢١٣

یان:

دەمێکە شاری پڕ شۆڕی مەحەببەت ماتو خامۆشە

بە قانونی تەجەننون شۆرشێ ئینشا نەکەم چبکەم / ٢٣١

یان:

لەبەر قاپی مەحەببەت ئەو خودا پێداویە روو سوور

حەزینە دیدە پڕ ئەسرینە، دڵ خوێنینە، روو زەردە / ٢٧٠

یان:

سوتانی بە بێ دەنگییە ئادابی مەحەببەت

وەك بلبل ئەم ئەفغانە بە پەروانە حەرامە / ٢٧٥

یان:

بکەین ئاهو فوغان و ئاگرێ بەردەینە خانو مان

خەراباتی مەحەببەت حەیفە بێ ئاشوب و غەوغا بێ / ٢٩٦

یان:

تەواوی دیوانەکەی مەحویدا لەناو غەزەلەکانیدا وشەی (حب) هەر نابینریّ، تەنیا لە قەسیدەی (بەحری نور)دا بەدواییەکدا لە دوو دیّردا، سیّ جار ئەم وشەیە بەکارهاتووە، کە خودی دوو دیّرەکە لەچاو سیاقی ئەو دیّرانەی وشەی (مەحببەت)یان تیّدایە، زۆر سادەو ساکارن‌و نابنە بەربەست لە بەردەم تیّگەیشتن‌و پیّویست بە خویّندنەوەی هیّرمینۆتیکانە ناکا، چونکە لە مەسەلەی عیشقی خوداییدا، هەر زوو لە بەحری نووردا، وەك شیعریّکی ئاینی خۆی بەدەستەوە دەدا:

**لەتۆ حوببی خودا بۆ خۆم‌و بۆ ئەولادو ئەحبابم**
**کە حوببی ماسیوا دەرکا لە دڵ وەك بت لە بتخانە**
**خودایا هەم لە تۆ حوببی رەسول‌و ئیتتیباعی ئەو**
**کە ئیکسیری مسی ماهییەتی مەغشوشی ئینسانە./ ٤٥٨**

## ١-٨ دەقی سۆفییانە لە جەمالی خوداییەوە بۆ جەمالی مرۆڤ

مامەڵەکردنی وەرگر لەگەڵ هەندیّ وشە لەناو دەقدا، ئەگەر بە تەنیا بە واتا فەرهەنگییەکە بیّت، دەق شیّوەیەکی چەقبەستوو نیشان دەدات‌و ناتوانیّ هەڵگری کۆمەڵیّك واتا بیّت. شیعری سۆفییانەش سروشتەکەی وایە لە پشت هەر واتایەکەوە واتایەکی تر خۆی نیشان دەدات، بەڵام چیّژی دەق ئەو کاتە پلەکەی بەرز دەبیّتەوە، کە واتای دووەمی دەق واتایەکی زەمینی‌و دونیایی نەبیّت‌و هۆشی مرۆڤ پەلکیّش بکات بۆ جوانییەکی نەبینراو بە چاوی سەر، بەڵکو مەعنەوییەت‌و باتینییەتی ئەو کەسانەی لەناو ئەزموونەکەدان دەرك بە جوانییەکە بکەن‌و ئەو جوانییەش سەرچاوەکەی ئەو دیو سروشت‌و هۆشی مرۆڤ بیّت.

---

سەنەد بیّ مرۆو خەط دەعویی مەحەببەت کردنە (مەحوی)
تەعەششوق، بیّ دڵیّکی داغدارو سینەیی ریّشیّ / ٣٠٤
یان:
جەنابی موفتی ئەفەندی رشیّنەیەك باران
لە دلمت ششتەوە نەقشی مەحەببەتی یاران / ٣٤٦
یان:
بۆ گومبوانی چۆڵی مەحەببەتیە بیّ خودا
تەبشیری والسلام علی من اتبع الهدی / ٥
یان:
شەوی ریحلەت پەدەر رۆحی موررەوەح وەسیەتی فەرموو
مەحەببەت مەزهەبت بیّ، نوری چاوم مەیکەشی مەشرەب / ٥١
یان:
پەلی داویّنی پاکت گرتنی بۆ بوو زیاد ئەوجا
لە مەیدانی مەحەببەتدا ئەگەر مەحوی کرا پەل پەل / ٢١٠
یان:
لەسەرخۆچوونە، شەیدابوونە، قورپیّوانە، سوتانە
هەتا مردن، مەحەببەت ئیّشی زۆرە ریزی لیّ دەگرم / ٢١٩

بەدەر لە دەقی ئەدەبیش، خودی مرۆڤ وەك وەرگرێك لە هەمبەر جوانییەكانی دەوروبەردا، هەر لە زووەوە بۆتە جێگای سەرنج و روانینی جیا جیا. لەو سۆنگەوەش فەیلەسوف و زانایان لەسەردەمی گریكەكانەوە لەسەر ئەم بابەتە هەڵوەستەیان كردووە، هەندێكیان جوانییان گەڕاندۆتەوە بۆ مەسەلەی سوودو هەندێكیان بۆ شكۆمەندی و بە لای هەندێكیانەوە جوانی لە عەقڵدا جێگیرەو ناكرێ زیاتر بكرێ و یاخود هەموو جوانییەك سەرچاوەكەی تاكە جوانییەكە. یەكێكی وەك ئەفلاتونیش* سەرچاوەی جوانیەكانی بۆ خودا گەڕاندەوە بەوەی هەموو وێنەیەكی هەستی تیشكدانەوەی جوانی خوداییە[١].

ئەو وشانەی كە لەناو دەقدا دەلالەتی جوانی دەگەیەنن، وێڕای ئەوەی ئەگەر خوێنەرەكە شارەزای بنەماو بنچینەی وشەكەش نەبێ، جۆرێك لە ئیستێتیك بە دەق دەبەخشێ و لە ناو وەرگرتنی ئەو جوانییەدا چێژ خۆی بەرجەستە دەكات. (جەمال) كە ناوێكە لە نەوەدو نۆ ناوەكانی خوای گەورەو واتای جوانی دەگەیەنێ، بەلام مەزراندنی بۆ ناو دەقی ئەدەبی سۆفییانەو پراكتیككردنی بنەمای وەرگرتنی، بەشێك لە تروسكایی جوانی خوداییە بۆ مرۆڤ. بە واتایەكی تر، گواستنەوەی پشكی جوانی ئاسمانییە بۆ جوانی سەر زەوی، ئەمە ئەگەر لە شیعری عارەبیدا ئیشكالییەتی زۆر دروست نەكات، بەلام لە شیعری كوریدا لە چۆنیەتی پاچڤەكردنی وشەكە بۆ سەر زمانی كوردی جۆرە ئیشكالییەتێك دەخاتەوە، چونكە لە هەندێك كاتدا پاچڤەكردن كۆمەڵێك سیمای دەلالی لە دەست دەدات، كە پێشتر لە زمانی یەكەمدا هەڵگریان بوو.

لە پاچڤەكردندا ئەگەر بە رێگایەكی تازە وشەكە داڕێژرایەوە، ئەوا وادەكات بە پێی بیروڕای (گادامیر) هەموو وەرگێڕانێك هێرمینۆتیك بێت[٢]، چونكە بەشێك لە واتای زمانی یەكەم لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەلام بە گوێرەی بونیادو پێكهاتەی زمانی دووەم، هەندێك واتا لە خۆیدا زیاد دەكات و دەربڕینێكی تر دەهێنێتە كایەوە، كە كردەی تێگەیشتن هەمان كردەی تێگەیشتنی یەكەم نابێ و بە پێی وەرگرەكانی زمانی دووەم چێژو ئیستێتیك بەرجەستە دەكات. دەست بردنیش بۆ ناوەكانی خوداو مەزراندنیان بۆ ناو دەق، هەموویان لە یەك ئاستدا ئەو قورساییەیان نییەو كردەی تێگەیشتن لە هەموویاندا وەكو یەك نییە، بەلام ئەوانەی كە پێشتر لەناو تیۆرەكانی سۆفیگەریدا مەدلوولێكیان جێگیر كردووە، بە تێپەڕبوونی كات ئەو ڕێچكەیە كەم تا زۆر دەمێنێ. گرنگ ئەوەیە شاعیر بە هۆشیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەكات و ئامانجێكی لە پشت بەكارهێنانیدا هەیە، كە پەیوەستكردنی واتا زەمینییەكانە بە واتا ئاسمانییەكان و سازاندنی وێنەیەكی بەهێزە بۆ دەقەكەو بەرز كردنەوەی پلەی شیعرییەتە تێیدا.

ئەگەر لە ڕوانگە سۆفیگەرییەكەوە لە (جەمال) بڕوانین، بەوەی ئەگەر یەكێك لە ئامانجەكانی رەوتی تەسەووف گەیشتن بێ بە حەقیقەت، ئەو حەقیقەتەی كە ئەوان لە باتینەوە بۆی دەچن و بە گەیشتن بە

---

* ئەفلاتون platon كوڕی ئەرستۆن Ariston، فەیلەسوفێكی یۆنانییەو مامۆستای ئەرستۆ بووە، بە یەكێك لە فەیلەسوفە مەزنەكانی مرۆڤایەتی دادەنرێ، دەگوترێ پێگەیشتنی ئەفلاتون وەك فەیلەسوف، چاكەكەی بۆ مامۆستاكەی خۆی (سوقرات) دەگەڕێتەوە. لە ٣٤٨ پ. ز، كۆچی دوایی كردووە. بڕوانە: (موسوعة الفلسفة، عبدالرحمن بدوی، الجزء الاول، منشورات ذوی القربی،مطبعة سلیمان زادة، قم، ایران، الطبعة الاولی ١٤٢٧هـ، ص ١٥٤-١٥٦)

١- بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی چەمكی جوانی بگەڕێوە بۆ ئەم كتێبە: تاریخ الفكر الجمالی، د.محمود خضرة، الطبعة الاولی، جامعة دمشق،١٩٩٩

٢- سیرورات التأویل من الهرموسیة الی السیمیائیات، سعید بنكراد، منشورات الاختلاف، الرباط، الطبعة الاولی،٢٠١٢ م، ص١٥٩

نوور دەگەنە مەبەست. لە ڕاستیدا لەناو خودی حەقیقەت و ڕۆشنایشدا جوانی هەیە، ڕوانینی خودی مرۆڤەکان بۆ جوانییەك، کە ئاسان دەست ناکەوێ و یەکێکیشە لە پایەکانی تەسەووف، پێویستە ڕێ و شوێنی پێویستی بۆ بگیرێتە بەر، بۆیە بەر لەوەی جۆرەکانی (جەمال) لەناو مێژووی سۆفیگەریدا دەستنیشان بکەین، وەك هەڵوەستەیەك لەسەر مێژووی جوانیناسی، ئەوا دەبێ نکۆڵی لەوە نەکەین لە ناو وردەکاریی جوانیدا، کە چاو وەك ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆڵی بینینی جوانییەکە دەبینێ لە کەسێك بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە. هەبوونی ئەم جیاوازییە ئەگەر لە بیروڕا گشتییەکانیش بێت، لەناو کایەکانی ژیاندا، ئەوا لە بابەت پرسی جوانیدا خاڵی هاوبەش زۆرە. لەبەرئەوەشە جوان و جوانترو جوانترین هەمیشە لە مەعریفەی مرۆڤایەتیدا ئامادەیی هەیە.

ئەگەر لای گریکەکان و ئەفلۆتین* یش سەرچاوەی جوانییەکان بۆ خودا بگەڕێندرێتەوە، ئەوا ئەم بیرە بۆ سەردەمانی دواتریش درێژ دەبێتەوە، لەوەدا گرفتیکی گەورە نایەتەکایەوە. ئەوەی کە هەمیشە بە ترسەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە پرسی هەڵتۆقینی سەرچاوەی جوانی بووە لەناو خودی ئادەمیزادەوە، چونکە لە زووەوە سۆفییەکانیش پشتگیری جوانییە خوداییەکەیان کردو بە دونیا پەیوەستیان کردەوە، بەوەی (خودا جیهانی لەسەر شێوەی خۆی دروست کردووە، کە خۆی جوانەو جیهانیشی هەمووی جوانە)[1] و ئەگەر لەناو چوارچێوەی جیهانیشدا، مرۆڤ بە نموونەی سەرەکی وەربگرین ئەوا دەگوترێ (خودا ئادەمی لەسەر وێنەی خۆی خەلق کردوە)[2] کە ئەمە ئەگەرچی دەچێتە ناو یەکێتیی جوانی (جەمال) و شهودیش**، بەڵام ئەم پەیوەست بوونە بەرەو ئەو ئاقارەمان دەبات، کە لە گوتاری ئیسلامی و شەرعیدا جۆرە ترسێك لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسەدا هەبووە، هەر ئەمەش ڕێگای زیاتر لە بەردەم سۆفییەکان خۆشکرد، کە لە پێناو قسە لەسەر جەمالی خوداییدا، سنور ببەزێنن و بواریان بۆ خۆش بێت، کە کەرەستەی ناپەسەند بە دیدی ئیسلامییەوە بۆ دەربڕینەکانیان بەکاربێنن و یان قسە لەسەر مەترسی و قەدەغە لەسەر کراوەکان بکەن.

ئەم دوو وشەیەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە سەرچاوەی جوانییەکان لە خوداوەن و پاشان بەشێکی بۆ جیهان و مرۆڤ گواستراوەتەوە. ئەمە لەو مێژووەدا نکۆڵی لێ نەکراوە، ترسەکەش دەگونجێ لەوەدا بووبێ، کە پیرۆزکردنی خودی مرۆڤ لە چوارچێوەی جوانییەکەیدا، لە بەهای جوانی خودا کەم

---

* ئەفلۆتین Plotin (٢٠٤– ٢٧٠)، لە میسر لەدایك بووە، فەیلەسوف و زاهیدو سۆفی بووە، بە ئەفلاتون کاریگەر بووە، دامەزرێنەری ئەفلاتونێتی نوێیە، هەوڵی دا گونجانێك لە نێوان فەلسەفەی یۆنانی و بیروباوەڕە ئاینییەکان ڕۆژهەڵات و لە نێویشیاندا مەسیحیایەتی بسازێنێ. ڕێنماییەکانی لە ژێر ناوی (نۆمینەکان) کۆکردەوە، کە بۆ دوای خۆی مەترسی بوو بۆ سەر فەلسەفەو سۆفیگەری. المنجد، ص٥٦

١– الفتوحات المكية، ابن عربي، المجلد الثانى،ص ٢٣١، هەروەها موسوعة مصطلحات التصوف الاسلامى، الدكتور رفيق العجم، مكتبة لبنان ناشرون، الطبعة الاولى، ١٩٩٩، ص٢٥٢

٢– ئەبو عەلای عەفیفی دەڵێ: ئەم وتەیە سۆفییەکان بە حەدیسی پێغەمبەری دادەنێن و دەربڕینێکە لە تەوراتیش هاتووە. بڕوانە الحب فى التصوف الاسلامى، يحيى الراضى ص٢٤٧، ئەویش لە کتێبی فصوص الحكم/٢ ص٨٦ی وەرگرتوە.

** یەکێتی شهود (وحده الشهود) لە بەئاگاهاتنەوەی نووستوو دەچێ لە خەونەکەی، کاتێك چەند ساتێکە خەوتووە، ئەمە حەقیقەتێکە، کە تەواو بەئاگادێتەوە، ئەوەی بینیویەتی هیچی لە واقیعدا نییە، بۆیە پەنا بۆ لێکدانەوەی خەونەکەی دەبا، یان بۆ تەئویلەکەی، چونکە دەزانێ ئەو وێنانەی ئەو بینیویەتی تەنیا ڕەمزگەلێکن، ڕەمزەکانیش پێویستیان بە خوێندنەوەو تێگەیشتنە. (تأويل الشعر وفلسفته عند الصوفيه، ل٢٣٤)

دەکرێتەوە. هەر لەو ڕوانگەوەش فەیلەسوفە مسوڵمانەکەن وەك شێوەیەك لە ڕوانین بۆ جیهان، یان دەستخستنی جوانی، بایەخیان بە ڕوانینی جوانیناسانە نەداوە، بەڵکو وەك دەربڕینێکی جوانی بایەخیان بە هونەر داوە، لەمەشدا تیۆری لاسایکردنەوەو خەیاڵکردنی ئەفلاتونو ئەرستۆیان بە هەند وەرگرت. ئەم ڕوانینەش لەکاری فەیلەسوفانی وەك (فارابی* و ئیبن سینا** و ئیبن روشد) و هەتا سۆفییەکانیش بەرجەستە بوو بەدەر لە ئیبن عەرەبی، کە ئەو لاسایی رای جوانی (جەمال)ی ئەفلاتونو ئەفلۆتینی نەکردەوە، کە پەیوەست بوون بە شتە جوانەکان، کە هەست بۆ ڕۆحو بۆ جیهانی نموونەیی و دواتر جوانی رەها دەبات، ئەمەش تەنیا خودی خودایە، ئەی جوانی خودا چیە؟ بۆیە ئەو پەیوەستی کردوە بە شهود، کە هەر کەسێك جیهانی لەبەر جوانییەکەی خۆشویست، کەواتە خوداشی خۆش ویستووە.[1]

جیاوازییەکە لێرەدا لە نێوان خوداو جوانیی خودا دا بوو، رەوتی سۆفیگەری دوای ئیبن عەرەبی زیاتر لەسەر سەرچاوەی جوانی خودا چڕبوونەوە نەك خودی خودا، بۆیەشە دواتر هەر خودی ئەم وشەیە واتای تری لەخۆدا هەڵگرت، کە لە واتا فەرهەنگییەکەدا خۆی دەترازێنێو لەگەڵ ناوەکانی تری خودا خۆی تێکەڵ دەکات. جیاوازییەکی واتایی ئەوتۆ کە بواری لێکدانەوە (هێرمینۆتیك) لە خۆیدا بەرجەستە دەکاتو لە هەمبەر ئەدای جوانیو ئیستێتیکای ئەدەبیاتدا، سۆفییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەدەبیات دەکەنە ئامرازی دەرخستنی جوانی خودایی. لەناو ئەم دەربڕینە ئەدەبییانەشدا بۆ وشەی (جەمال) دەستەوەستان نابنو لێکدانەوەی جیاواز نیشان دەدەن. ئەوەتا یەکێکی وەك شانیعمەتوڵلا*** دەڵێ: (جەمال- جوانی دەرکەوتنو تەجەللاکردنی حەقە بەرەو ڕووی حەقو بۆ حەق).[2] ئەم پەردەپۆشکردنەی واتای ڕووکەشی، لە واقیعدا لای سۆفییەکان گرنگیدان بوو بە جوانی خودایی، هەر ئەمەش وای لێکردبوون تێبینیان لەسەر ئەدای پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ خودادا هەبێو لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەو پەیوەندییە بڕازێننەوەو جوانتری بکەن، ڕێژەی شەیدابووەکانو هۆگرانی جوانی خودایی زیاتر بکەنو بە دوای ئەو جوانییەدا بکەونە حاڵەتی ناوێزەبوون، لەناو کۆمەڵگایەکی سەرلەبەری نائاشنا بەم جوانییە سەرچاوەییە، ئەوان لە بەرگێکی سادەو ساکارو خاکیدا لە باتیندا، بەرەو ئەم جوانیو جەمالە هەنگاو بنێن.

---

* فارابی (ابو نصر محمد)، (؟-٩٥٠)، لە فاراب-ی تورکستان لە دایك بووەو لە دیمەشقیش مردووە، بە یەکێك لە فەیلەسوفە مەزنەکانی مسوڵمانان دادەنرێت، لە بەغداو حەڕان خوێندویەتی، لە دوای ئەرستۆ بە مامۆستای دووەم ناسراوە، بە کتێبی (الجمع بين رأی الحکیمین)، ویستویەتی رایەکانی ئەفلاتونو ئەرستۆ بەیەکەوە بگونجێنێ. لە بەرهەمەکانی (رسالة فصوص الحکم، السیاسة المدنیة، اراء اهل المدینة الفاضلة، کتاب موسیقی الکبیر). المنجد، ص٥١٦.

** ئەبو عەلی کوڕی سینا (٩٨٠- ١٠٣٧)، لە ئەخشەنەی نزیك بوخارا لەدایك بووەو لە هەمەدان مردووە، لە گەورە فەیلەسوفو پزیشکانی مسوڵمان دادەنرێ، ناوبراو لە فەلسەفەی ئەرستۆ قووڵ بۆتەوەو بە ئەفلاتونی هاوچەرخ کاریگەربووە، سۆفییەکی ناسراوی سەردەمی خۆی بووەو لە بەرهەمەکانی (القانون في الطب، الشفاء، الاشارات والتنبیهات، النجاة). المنجد، ص١١

١- الحب في التصوف الاسلامی، یحیی الراضی، ص ٢٤٦-٢٤٧

*** شا نیعمەتوڵلا وەلی کرمانی (؟- ٨٣٤) لە وەلیو سۆفییە گەورەکان دادەنرێو خاوەنی تەریقەت بووەو پەیڕەوی ئیبن عەرەبی کردووەو راڤەکەرو بلاوکەرەوەی بەرهەمەکانی ئەو بووە، کتێبی (جواهر)ی نووسیوە کە وەرگێڕانی (فصوص الحکم)ی ئیبن عەرەبییە. بڕوانە (مفاتیح الاعجاز، شرح گلشن راز، ص، شستو نه)

٢- فرهنگ اصطلاحات تعبیرات عرفانی، دکتر سید جعفر سجادی، چاپ نهم، افست گلشن، ١٣٨٩ص٢٨٨

ئەگەر جوانییەکان بە پێی کەسەکانیش جیاواز بن، ئەوا خودی جوانییە، عیشق دروست دەکات. عیشق دەچێتە دڵەوەو جوانیش لە ڕێگای چاوەوە دەبینرێ، لێرەدا چاو ئامرازی گواستنەوەی عیشق و خۆشەویستییە لە دەرەوە بۆ ناو دڵ. کەواتە ئەگەر هەر جۆرە خۆشەویستییەك بە دونیایی و ئاسمانیشەوە هەبێت، ئەوا بە بێ بوونی جوانی تێیدا ناگاتە لوتکە، لەوەشدا لای سۆفییەکانیش بەشێك لە هۆکاری دروستبوونی مەحەببەت و عیشق بوون بە سەنتەری عیشق، لە (جەمال– جوانی) دایە، کە شاعیری سۆفی لە دەقی شیعریدا هەردوو چەمکی جوانی و عیشق بە یەکەوە گرێدەدات و دڵیش دەکاتەوە چەقی بەرهەمهێنان و مانەوەی عیشقەکە:

**بەو جەماله عیشق و بەو جاهە حەسەد**

**هەم دڵی من، هەم دڵی دوشمن کەباب** / ٤٤

لە شیعری مەحوی دا، سیاقی دەربڕینەکان وایە، جوانی– جەمال لەگەڵ عیشق بە یەکەوە گرێدەدرێن. واتە دەرووبەرە واتاییەکە دەبێ لە چوارچێوەی خۆشەویستیدا بخولێتەوە، کە باس لە جوانی– جەمال بکرێ. ئەمە ئەگەر بە تەنیا بێت و لە ڕووە ئاساییەکەی بێت، کە جوانی خودی مەعشووقەکانیش تریسکەی جوانی خودایان تێدا دەدرەوشێتەوە، بەڵام پەیوەستکردنی جەمال بە خەسڵەتی تری نزیك لە خۆی و بە تایبەتیش وەرگرتنی هاوشێوەکانی خەسڵەت و سیفاتی ناوەکانی خودایی، مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات و سەلمێنەری ئەو بارەیە، کە شاعیر بە مەبەست و هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم چەمکانەدا کردووە، حاڵەتی دوێندراویش (المخاطب) هەمیشە بە جوانی پەیوەست کراوە. لە سێگۆشەی عاشق و مەعشووق و جەمالدا، عاشق چونکە هەڵوەدای گەیشتنە بە مەعشووق، مەعشووقیش لە سیفەتی جوانی سیخناخە، بۆیە کەسی عاشق، یان بکەرەکە، لە جوانی خاڵییە و بە ڕێگایەکی سەختدا گوزەر دەکات بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا جوانی دەست کەوێ. جوانییەکەش لەناو باتینی مەعشووقدا خۆی حەشارداوە، لەبەرئەوە دەگونجێ مەحەببەت بۆ گەیشتن بە جەمالی رەها ئامراز بێت، بەو پێیەی دەستخستنی مەحەببەت لە دەستخستنی جوانی ئاسانترە. بە واتایەکی تر عاشق لە خۆشەویستی دەگلێ و پێیەوە دەتلێتەوە، بە ئامانجی گەیشتن بە جوانی. هەر بۆیەشە مەحوی بە ناچاری ڕێز لە مەحەببەت دەگرێ، ئەگەرچی ئێش و ئازاریشی زۆر بێت، چونکە دەسکەوتێکی دیکەی لە خۆیدا حەشارداوە، ئەویش گەیشتنە بە جەمالی راستەقینە:

**لەسەرخۆ چوونە شەیدا بوونە، قوڕ پێوانە، سوتانە**

**هەتا مردن مەحەببەت، ئیشی زۆرە ریزی لێ دەگرم** / ٢١٩

## ١-٩ عيشق له نێوان جەمال و جەلال و كەمالدا

یەكخستنی ئەم وشانە لەناو هەردەقێكی ئەدەبیدا، وەرگر دەخەنە بارێكی تایبەتەوە، بەوەی لە جۆرە سیاقێكدا خۆیان نیشان دەدەن، كە ناكرێ هەروا بە ئاسانی بە سەریدا تێپەڕێ، چونكە ئەگەر دەقی كوردی بە نموونە وەربگرین، ئەم وشانە لە بنەڕەتدا، كوردی نین و بێگانەن. لێرەدا وشەكانی دووەم و سێیەم هێندە بە پڕی و قووڵی خۆیان نیشاندەدەن، كە پاچڤەكردنیان بۆ وشەیەكی دیكەو دانانی هەر وشەیەك لە بەرامبەریاندا، بە كەم‌وكوڕی دێنە پێش چاو. كەواتە وەرگر دیسان مامەڵە لەگەڵ مێژوو دەكاتەوە بۆ گەیشتن بە دڵنیاییەك تا كردەی تێگەیشتن بە سەركەوتوویی بەرهەم بهێنێت.

وەك (گادامیر) پێی وایە ئەمڕۆ لەم ئاستانەیەدا وەك ئەوەی لێی تێگەیشتووین چەمكێكی وەك هێرمینۆتیك هەر تەنیا لەسەر دەق، یان كەلەپووری زارەكی (شفهی) پراكتیك ناكرێ، بەڵكو لەسەر هەموو ئەوانەی بە درێژایی مێژوو بە ئێمە گەیشتوون پراكتیك دەكرێ. بۆ نموونە ئەگەر قسە لە بارەی هێرمینۆتیكی رووداوێكی مێژوویی، یان هێرمینۆتیكی دەربڕینێكی رۆحانی، یان هێرمینۆتیكی رەوشت و خەسڵەتێكی دیاریكراو... هتد، بكرێت، بێ هیچ نێوەندێك لە پشت واتا ڕاستەوخۆكە دەلالەتێكی تر دەبینرێ. ئەم گشتاندنەش بۆ ئەم چەمكەی هێرمینۆتیكایە بۆ (نیچە*) دەگەڕێتەوە، كە پێی وایە هەر دەبڕینێك، كە بە عەقڵەوە پەیوەست بێت، ئەوا شیاوی تەئویلە. بۆیە واتای راستەقینە لەناو لایەنە ئایدۆلۆجییەكاندا بە جۆراو جۆر خۆی نیشان دەدات، هەموو ئەم بەرماوانەی مێژووش هێرمینۆتیكی رەخنەییان پێویستە،[١] بۆ ئەوەی لە لایەك گیانی مێژوویی تێدا هەر بمێنێ و لەلایەكی تریش گیانی نووسەرو سەردەمی نووسەریشی لەگەڵ دا تێكەڵ بێت. بەمەش ئەو دەربڕینە دەبێتە هەڵگری كۆمەڵە واتایەك، كە رابردوو و سەردەمی نووسەرو ئێستای وەرگر بە یەكەوە گرێدەدات و ئەو زیندوێتییەی تێدا دەمێنێ، كە هەتا وەرگر بمێنێ، ئەم بەرماوەیەش جوانتر خۆی دەخاتەوە بەر دەستی.

ئەگەر عیشق بە درێژایی مێژوو لە بۆتەی دڵەوە قۆرخ كرابێت و كەمتر لە ژێر قەڵەمڕەوی عەقڵ دا بێت، ئەوا بیركردنەوە لەو عیشقەی، كە سۆفییەكان بە عیشقی حەقیقیان داناوە، بریتییە لە كارێكی عەقڵانی، بۆ وەرگریش خۆ دۆزینەوە لە ئەزموونە رۆحییەكەدا، چێژێكی وای هەیە، كە دڵ سەرچاوەی سەرەكیی بەرهەمهێنانی بێت، بەڵام بیركردنەوە لەو چەمكانەو بەستنەوەی بەرەو ڕووی مێژووەوە، وشە گەلێكن لەناو دەقدا راڤەكردنیان بۆ عەقڵ سەختە، بۆیەشە هەر زوو ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، كە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە پەردەی واتایان لە سەر هەڵبدرێتەوە.

شیعری سۆفییانە هەر لە زووەوە لە جۆرەكانی تری شیعر عەقڵانی تر بووە، چونكە مامەڵەكردنیان لەناو زماندا مامەڵەكردنێكی تایبەت و لە چوارچێوەی ئایدۆلۆجیایەكی تایبەت بووە، كە لەناو خودی خۆیشیدا جێگای زمان و جیاوازی بووە، چ جای لەناو گۆڕەپانە ئەدەبی و كۆمەڵایەتییەكەیدا. لەبەرئەوە

---

* نیچە (١٨٤٤- ١٩٠٠ز)، فەیلەسوفێكی ئەڵمانییە، پێی وابوو مرۆڤی باڵا ئامانجێكەو دەبێ بیگەینێ، لە دامەزرێنەرانی رەگەزی جەرمەنییە، رێبازەكەی بە (ویستی هێز) ناونراوە. المنجد، ص٧٢٠

١- فلسفة التأويل، الأصول، المبادىء، الاهداف، هانس غيورغ غادامير، ترجمة محمد شوقي الزين، منشورات الاختلاف، الجزائر، الطبعة الثانية، ٢٠٠٦م، ص١٥٠

گەڕانەوە بۆ مێژوو بۆ گەیشتن بە کەڵکەڵەکانی واتا، بێ دەسەڵاتکردنی وەرگر نییە، بەڵکو بەهێزکردنیەتی و ئاشکراکردنی گەمەی نێوان ئێستاو مێژووە لەبەرامبەر دەقێکی ئەدەبیدا.

چڕکردنەوەی ئەم سێ چەمکەی (جەمال و جەلال و کەماڵ) لەناو دەقدا، هەروا بە ئاسانی نەهاتووە، ناکرێ وەرگر هەروا بە سادەیی بە سەریاندا تێپەڕ بێت، بەڵکو بە گەڕانەوەمان بۆ مێژووی تەسەووف لە ڕۆژهەلاتدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە لە بیری عەقلانی ئەواندا، مرۆڤ و ڕوانینەکەی بۆ جیهان، دەبێ لە چوار چێوەی ئەم سێ چەمکەوە بێت. بەمەش مادەم لە بیری ئیسلامیدا ئەمانە هەرسێکیان ناوی خودان، پەیوەستکردنیان بە ڕوانینی مرۆڤ، دیسان دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە ناکرێ مرۆڤایەتی لە دەرکەوتەکانی جوانی و نووری خودادا بپچڕێنرێت و بەڵکو مانەوەیان بە مانەوەی ئەم چەمکانەوە پەیوەستە.

بەلای ئیبن عەرەبی و بنەماکانی تەسەووفەوە، ئەم سێ چەمکە سێگۆشەی بوونە، هەموو جیهان لە چوارچێوەی ئەم سێ ناوونیشانەدا خۆی بەرجەستەکردووەو هەموو بوونەکان لە هیچ یەکێك لەم سێ چەمکانەدا خاڵی نین[1]. هەرچی پەیوەستە بە دەقی ئەدەبییەوە، وەك ڕێگایەك بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ئایدۆلۆجیانەی سۆفیزم، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم سێکوچکەیە مامەڵەکردنێکی هۆشیارانەیە، کاتێك عیشق و خۆشەویستی پێوەری جوانی لە خۆیدا دەکاتە بنەما، ئەوا ئەو جەمال– جوانی یە، لەگەڵ هەریەك لە چەمکەکانی جەلال و کەمالدا، پەیوەندی دەبەستێ، کە دەکرێ لەو چوارچێوەیەدا بەم دوو شێوەیە تیشکیان بخرێتەسەر:

### ١-٩-١ جەمالی جەلال

بۆ دەقێکی وەك شیعری کوردی، ئێمە لە بەردەم وشەی (جەلال) خۆمان دەبینینەوە، کە وشەکە جگە لەوەی ناوێکە لە نەوەت و نۆ ناوەکەی خودا، بەڵام وەك ئاماژەی پێدرا، لە ڕێبازی سۆفیگەریدا ناوەکانی خوداش وەك واتا فەرهەنگییەکانیان مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێ، بەڵکو بە چەمکی تر پەیوەست دەکرێت و لەگەڵ ئەزموونە ڕۆحییەکەی عیشقی خوداییدا، کەم تا زۆر بەندیوار دەبن.

ئەگەر لە ڕووی فەرهەنگییەوە (جمال) جوانی و (جلال) شکۆمەندی بێت، ئەوا بە لێکدانیان و پەیوەست کردنیان بۆ مەعشووق بارێکی ئاسایی دەخەنەوە، کە ڕاستەوخۆ هەست دەکرێ هەردوو خەسڵەت لە مرۆڤیشدا هەن و بەو واتایەی لە ڕوانگەو چاوی مرۆڤەوە ئەم پێناسانە دەکرێن، بەڵام لەناو سۆفیاندا ئەوەندەی پێناسەکان لە ڕووی واتاوە تریسکەی خوداییان بۆ دێت، ئەوەندە ڕوانینی مرۆڤی بەسەریدا زاڵ نابێت.

دوو جۆر جەلال هەیە، یەکەمیان جەلالی ڕەها، کە بە واتای شکۆ دێت و تایبەتە بە خوداو لەناویدا خۆی دەبینێتەوە. دووەمیان جەلالی جەمال، ئەوەش پەیوەستە بە خۆشەویستان و عاریفان و، شوێنەواری هەیبەت و سام و ترسی لەناو دڵاندا هەیە، بۆیە خودای گەورە لە جەلالدا خۆی دەرناخات، چونکە ئەم ڕووەیان ڕوویەکی سووتێنەرە، بەڵکو لە جەلالی جەمالدا دەردەکەوێت. ناکرێ ئەم دوو چەمکەش لەیەك دابڕێن و بە لای ئیبن عەرەبی و زۆربەی سۆفیانیش شادی (الأنس) بە جەمال پەیوەستە، سام و ترسیش بە جەلالەوە. ئەگەرچی ئەوان بێ ئاگان لەوە، جەلال و جەمال خەسڵەتی خودان و شادی و ترسیش

---

١– الحب في التصوف الاسلامي، يحيى الراضي، ص٢٤٨

خەسڵەتی مرۆڤ. بە تەنیا باسکردنی جەلال، جەلالی رەها، قووڵبونەوەیە لە خوداو بە یەکەوە باسکردنیشی شادی دەخاتەوە دڵی مرۆڤ[1]. بە واتایەکی تر هەموو جەمالێك جەلالێکی هەیەو هەموو جەلالێکیش جەماڵێکی هەیە، پەیوەندیش لە نێوان جەمالو جەلالدا، پەیوەندییەکە لە سەر ئاستی ئەزموونی سۆفییانە، بە جۆرێك جەلال باتینێکە لە خوا بترازێ کەسی تر نایزانێ، جەمالیش زاهیرو رووکارێکە لە میانی بوونەکانو گەردووندا خۆی دەردەخات.[2]

ئەم بیروڕایە ئەوەمان پێ دەڵێت: کە بە تەنیا جوانی کردنە پێوەر بۆ گەیشتن بە کردەی خۆشەویستیو مەعشووق، ترسو سامێکی وای تێدایە، کە عاشق دەفەوتێنێ. بە تەنیاش شکۆمەندێتی، خولانەوەی عیشقەکە دەوەستێنێو بێ بەرهەم دەبێت. لەبەرئەوە شکۆمەندی عاشقان لە ئاوێتەکردنی هەردووکیاندایە. مەحوی زۆر بە ڕوونی ئەم ئاوێتەکردنە نیشان دەداتو لەگەڵ ئەم بنەما دێرینەی فەلسەفەی جەلالی جەمالدا هاوڕایە:

**جەمالت حەیفە دەرخەی بۆ کەسو ناکەس. وتم فەرمووی:**

**جەلالی حوسنە ئێمەی کردە شاهەنشاهی (لایسأل)** /٢٠٩

جەلالی حوسن، یان جەلالی جەمال، کە گۆڕانکاری دەسازێنێو لە ئاساییەوە بەرەو شاهەنشاهی دەبات. ئەم دیالۆگەی نێوان عاشقو مەعشووق زۆر بە ڕوونی ئاوێتەکردنی هەردوو چەمکەکەی نیشان داوە، بە تایبەتی لەوەدا عاشق بە تەنیا پرسیاری جەمال– جوانی لە مەعشووق دەکات، بەڵام چونکە خەسڵەتی جەلال– شکۆ، بە مەعشووق پەیوەستە، بەندیوارکردنیشی لەگەڵ جوانیدا، خۆشییەك دێنێتەکایەوە، چونکە لە ڕاستیدا (دەرخستنی جوانی– جەمال لە پشت وێنەوە، واتە لە دیوی واتاوە لە ڕوانگەی عاشقەوە، دۆزینەوەی چێژە)[3]. ئەگەر جوانییەکەش پاڵپشتو شکۆمەندیو سەربەرزییەکی لەگەڵدا بێت، ئەوا دەرکەوتەکانی مەعشووق روونتر دەبن.

بۆ کەسێکی وەك مەحوی، کە هەڵوەدای ئەم جەلالی جەمالەیە، ئەگەرچی لە حاڵەتی پیریشدایە، واتە لە ئاخرو ئۆخری دونیاشدایە، بەڵام بەرەو ڕووی تەجەللایەکەدا هەر بانگ دەکا. ئەوەتا نیشانەی جەمالەکە هەر بە گەنجی پەیوەستی ناکاتو لە ئەزموونی پیری خۆیدا بەدوای ئەم جەمالەدا وێڵە، کە هاوتەمەنەکانی هەموویان ڕۆیشتونو مەرج نییە بە دیداری جەمالەکە گەیشتبن:–

**بەجێ ماوم لەگەڵ من حەسرەتا، مەکثم لەسەر بایەك**

**بەجارێ هاژە بێنم (مەحویا) وەك دارەکەی سەرکەل** /٢١٠

ئیقاعی ئەم جۆرە دواندنەی مەحوی لەگەڵ مەعشووق، ئیقاعێکی حەزینو بە ئەدەبە، بە جۆرێك سامو هەیبەتی جەلال لەگەڵ جوانیدا لە لایەك ترسو، لە لایەکی دیکە شادی دێننەکایەوەو، لەگەڵ ئەم بۆچوونە یەکدەگرێتەوە، کە ((جەلال دەرخەری گەورەییو مەزنی مەعشووقەو نەفی کردنی فیزکردنی عاشقەو

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨-٢٤٩

٢- العاذل وتجلياته في الشعر الصوفي في القرن السابع الهجري، عباس يوسف عبدالله الحداد، رسالة دكتوراه، جامعة القاهرة، كلية الاداب، قسم اللغة العربية، باشراف أ. د. جابر أحمد عصفور، ١٤٢٥-٢٠٠٤، ص ٣٩

٣- اللمعات للشيخ فخرالدين العراقى، ترجمة من الفارسية الى العربية: ملا حسين شيخ سعدى، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٦، ص٢٢

داننانە بە بێ چارەیی عاشق)).[1] بەو واتایەی کە ناهێڵێ عاشق مەغرور بێتو لە سیاقی ئەم دەقانەدا بێ چارەییەکەی نیشان دەداتو شکۆمەندی مەعشووقیش ئاماژە پێ دەدات، کە لە لایەك کەس لێی ناپرسێتەوەو لە لایەکی تریش بە هەر پێو دانێك بێت لە عاشق زاڵترو بە دەسەڵاتترە.

خودی جەمال نزیکییە، لەگەڵیشیدا بۆ ئێمە سامو پەیوەست بووە، کە جەلالی جەمال بۆ ئێمە دەردەکەوێت، دڵخۆش دەبین، ئەگەر نا دەفەوتێین. جەمال بینینی سادەیی خودایە، جەلالیش شکۆمەندییەکە، بۆیە سادە لەگەڵ سادە بدوێ، بێ ئەدەبی دەخاتەوە، بێ ئەدەبیشی لە حزووردا ئەنجامەکەی دەرکردنو تۆرانو دوورکەوتنەوەیە. لەبەرئەوە بۆ ئەوەی ئەدەبی حزوری عاشق لای مەعشووق بمێنێ، پێویست وایە هەیبەتو سامەکەی لەگەڵ تێکەڵ بکرێ. هەتا هەست بە دڵخۆشی بکرێ، وای لێ نەیەت بە دڵخۆشی جوانی مەعشووق ترسی جەلالەکە فەرامۆش بکرێ[2]. بەو ڕایەی ئیبن عەرەبیش دەگەینە ئەو ڕاستییەی، ئەو شێوازە ئەدەبەی مەحوی لەناو ئەم شیعرەدا زۆر نەرمو نیانی تێدایە، بە جۆرێك ئەوەندەی ترسو سامی جەلالەکە هەیە، ئەوەندە جوانی- جەمالەکە نەیتوانیوە خۆی دەرخات. لە لایەکی تریش تێکەڵکردنێکی سەرنج ڕاکێش لەنێوان هەردوو جووت خەسڵەتەکەی مرۆڤو خودادا هەیە. بەمەش ئەو دەرفەتە لە بەردەم وەرگر دەڕەخسێنێ، کە ئیتر مەعشووقی سەرەتایی، کە مرۆڤە، دەبێ لە بەرامبەر مەعشووقی ڕەها، کە خاوەنی هەردوو خەسڵەتی جەمالو جەلالە، چۆك دابداو ئەمە قۆناغو سەرەتای ڕۆیشتنە بەرەو عیشقی ئاسمانی، کە ترسو سامێکی گەورەی لە خۆدا هەڵگرتووە. لەلایەکی تر گوتاری مەحوی پەنجە خستنە سەر جوانییە، کەچی وەڵامو گوتاری مەعشووق ترساندنی عاشقە بە جەلال، بۆ ئەوەی بە تەنیاو بە بێ ئەدەبی بەرەو مەیدانی عیشق نەڕواتو ئەو سامو ترسەی لەگەڵ بێتو بەرەو بەرزیو شاهەنشاهی هاوسەفەر بێت، کە پێگەو مەقامێکە کەس لێی ناپرسێتەوە.

## ١-٩-٢ جەمالی کەمال

لە پێشدا ئاماژە بەوە درا، کە جوانی- جەمال، لەگەڵ جەلال یەکدەگرێتو لە نێوان عاشقو مەعشووقدا خۆی بەرجەستە دەکات. هەرچی خەسڵەتی تەواوی (کەمال)ە، بە شێوە ڕەهاییەکەی لەخوداوە سەرچاوە دەگرێو دەچێتە ناو هەموو خەسڵەتێکی دونیاییانە، چونکە لە هزری سۆفییانەدا، هەموو چەمکە زەمینییەکان تریسکەیەکی کەمالیان بۆ هاتووەو هەر لەبەر ئەوەشە مەعشووقی مرۆڤ لە لای عاشق، جوانیو ڕۆشنایی کەماڵی بۆ هاتووە. بە واتایەکی تر، عاشق وێڕای ئەوەی بە دوای جوانیدا وێڵە، بەڵام جوانییەك کە کاملو تەواو بێتو وەك ئەوەی خۆی ناتەواو بێتو بیەوێت خۆی بگاتە مەقامی کەمال.

ئیستێتیکاو جوانی- جەمال بە دەست ناهێنرێت، مەگەر بە (کەمال) نەبێت، چونکە جەمالی ناتەواو نییە، ئەمەش واتای ڕاستەقینەی جەمالە، کە پێویستە لە هەموو بەشەکانی تەواوو کامل بێتو کەمو کوڕیی گەورەو بچووکیشی نەبێت، لەبەر ئەوەشە خودا جیهانی لە هەردوو مەبەستی جەمالو کەمال

---

١- فرهنگ اصطلاحات تعبیرات عرفانی، دکتر سید جعفر سجادی، ص٢٨٧

٢- الحب في التصوف الاسلامي، يحيى الراضی، ص٢٤٩

دروست کردو وێنەی کامڵ بوونەکەش لە جەمالەکەیدایەو جەمالەکەیشی لەکەمالەکەیدا. هەر ئەوەشە بە لای ئیبن عەرەبییەوە مرۆڤی کامڵ دروست دەبێت، لەوەدا کە دانەیەکی کۆکەرەوەی جیهانی گەورەیە لە جەمال‌و کەمال‌و جەلال، کە هەر ئەوەشە (حەقیقەتی موحەممەدی) دێنێتە کایەوە[1]. لێرەدا ئەوەی پەیوەستە بە عاشق، گرتنەبەری ڕێگای عیشقی حەقیقەتە، بەو پێیەی عیشقی حەقیقی بە بێ حەقیقەتێکی عیرفانی نایەتەکایەوە، کە خودی عیرفانە ڕاستەقینەکە لەسەر ئەم سێ کوچکەیەی سەرەوە بەندە، کە هەرسێکیان لەناو ناوەکانی خودان‌و لە ڕووی دەلالیشەوە بە یەکتری پەیوەستن.

لە زاراوەی سۆفییەکاندا، کەمال پاکبوونەوەو بێگەردبوونە لە سیفاتی ماددی‌و دوو جۆریشە، یەکێکیان خودی، کە دەرکەوتنی خودا (حەق) یە لە خودی خۆی بە خودی خۆی، بێ حسێبکردنی هیچ شتێکی دیکە. ئەویتریان کەماڵی ئیسمی، کە دەرکەوتنی حەق (خودا)یە لە خودی خۆی‌و بینینی خودی خۆی لە جیهانی دەرەوەدا[2]، کە ئەمەیان تێکەڵ بوونەکەی سۆفییە لەگەڵ شهودو بینینی زاتی خودادا. کاتێك ئەمە ڕوویدا، مرۆڤ بە تەواوی دەگات بە پلەی کەماڵ‌و لە هەموو شتێکی ماددی پاك دەبێتەوە، کە کۆڵەگەی سەرەکیی ئامانجەکانی سۆفی‌و شاعیری سۆفییە.

گەیشتن بەم پلەیە، بە عیشق نەبێت، بە هیچ ڕێگایەکی تر ناکرێت. لە عیشقدا سووتان‌و داغکردن‌و ئێش‌و ئازار هەیە، ئەمە وەك کردەی عیشق، بۆ عاشقیش دەبێ ئەم ئەزموونە ببڕێ، چونکە شاعیر بڕوای هەیە کە ئەم سیفاتە لە خودادا هەیەو بەر لەوەی بە عیشق بۆی بچێت:

**خۆی‌و هەمووصیفاتی کەمالی بووەو هەیە**

**دەشبێ ئەزەلیەتی ئەبەدیەت دەدا نیشان / ٣٧٠**

مەحوی دەیەوێ بە وەرگر ڕابگەیەنێ، کە جەمال بە بێ کەماڵ بەدەست نایەت‌و کەمالیش بێ جەمال سوودی نییە، هەردووکیشیان بۆ خودی شاعیر پلەو پێگەیەکی مەزنن‌و هەمیشە لە بەدەستهێنان‌و لەدەستچوونیدا لە هەڵبەزو دابەزدایەو پێویستی بە ئەزموونی قووڵتر هەیە، ئەزموونە قووڵەکەش لە عیشق دایە، کە هەوێنی بەدەستهێنانی ئەم پلەیە:

**کەمالات‌و مەعاریف مەبیە بێ دەخلی هەوێنی عیشق**

**عەجەب پشکوتووە لەم جەزوە نارە پڕ بە عالەم نوور / ١٢٨**

هەمیشە کەماڵی ڕەهای مەعشووق بۆ عاشق مایەی نەهامەتییە. نەهامەتی بەو واتایەی دەبێ شاعیر/ عاشق لە مەعشووق دوور بێ، ئەگەرچی نزیکیش بێت، چونکە عاشق نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە زۆر نزیك، یان یەکسان بێت بە مەعشووق‌و پەیژەکانی پلەی کەماڵی نەبڕیوە، بۆیەشە لە دوورەوە نووری لێ هەڵدەستێ، بەڵام سەرەتای نزیکییەکە لە عاشق بریتییە لە ئاگری گەرمی، بە بڕین‌و تەواوبوونی ئاگرەکە ئینجا گەیشتن بە نوور دەست پێ دەکا، لە نووریشدا کەماڵ بەدی دێت. لە بناغەی تیۆری مرۆڤی کامڵ‌و حەقیقەتی موحەمەدیشدا، هاتووە، کە لە پلەیەکی بەرزی جەمالیدایە، بەوەی (کەمالی ڕەها هەر دەبێ لە دووریدا بمێنێتەوە، ئەگەر زۆریش نزیك بێت، هەروەها هەر دەبێ بە پەنهانیش بمێنێتەوە، ئەگەر تریسکەی دەرکەوتنیشی هەبێت، هەتا پێی دەڵێ: جەلالی خۆمم نیشان نەدای‌و جەماڵی خۆم بۆ

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١-٢٥٢

٢- فرهنگ اصطلاحات تعبيرات عرفانى، سجادى، ص٦٧٠

دەرنەخستی بۆ ئەوەی بزانی من لە هاوشێوەی کەمالدا بێگەردم. هەروەها لە گەیشتن‌و هاونشینی‌و دەست بردن بۆم... لەبەرئەوە هەتا ئەم قەدەغەبوونە نەبێت، کەمال ناچەسپێ، کە تیایدا جەمالیش دروست نابێت)[1].

لە لایەکی دیکەوە لە لای مەحوی، کەماڵ سەرچاوەی جەلال‌و جەمالیشە، ئەمەش لەگەڵ ئەم تیۆرەی سۆفیگەریدا یەکدەگرێتەوە، کە پێی وایە عیشقی حەقیقی لەگەڵ عیرفانی حەقیقیدا، لە دوو ڕەهەندەوە بەرەو یەك حەقیقەت دەچن، کە لە ڕەهەندی یەکەمدا ماندوویی‌و بێ قەراری عیشقە بۆ کەمالی رەها، کە جەمال‌و جەلالی رەهایە. دووەمیش قەرار گرتنە لە کەمەندکێشکردنی هەمان کەماڵی رەها، کە بریتییە لە عیرفانی راستەقینە.[2] مەحویش لەو بارەوە دەڵێ:

**دەردو داغێکی دەروونی گەر ببێ، با رەنگ‌و ڕوو**

**سیس‌و موغبەر بێ، کەماڵم بوو جەماڵم بۆچیە / ٢٩٢**

لێرەدا دوای ئەوەی بە پلەی کەماڵی رەها گەیشت، جەمال سوودی نیەو نابێتە ئامانج، چونکە ئامانجە هەتا کەماڵ بە دەست دێ.

نیوە دێری دووەم کەماڵە نەك ماڵ، چونکە خۆی لە چەند دێری دواتردا، ماڵ‌و حال وەلاوە دەنێ، بەرەو تێگەیشتن هەنگاو دەنێ، تێگەیشتنیش بەشێکە لە بەدەستهێنانی پلەی کەماڵ:-

**ماڵە پیتکێنیە ماڵ‌و گەینە حاڵی خۆیە حاڵ**

**من کەوا حاڵی بم، ئیتر ماڵ‌و حاڵم بۆ چیە / ٢٩٣**

هەمیشە باسکردن لە پلەی کەماڵ لە لای مەحوی، سووتان‌و حاڵی ناخۆشی لەگەڵدایە، بەڵام لەگەڵ پلەی کەماڵ ئەگەر عەقڵیش بڕوا، بە لای ئەو گرفت نییە، مادەم بە هۆی کەماڵەوە پلەی جەمال بدۆزێتەوە، هەر ئەمەشە وای لە (مەحوی) کردووە، کە وێنەی لەیلاو مەجنوون لە ڕووی کەمال‌و جەماڵەوە بۆ وەرگر بهێنێتەوە، ئەویش دوای ئەوەی مەجنوون لە ڕووی ڕووکارەوە عەقڵ‌و کەماڵی دوێنەری خۆی لەدەست دەدا، لە جوانی لەیلاوە پێی وایە کەمالیشی دەسگیر دەبێ، وەك دەڵێ:

**شەوێ لەیلا بە مەجنوونی دەوت بنواڕە حاڵی خۆت**

**بە خۆڕایی کە چۆنت دا بە با عەقڵ‌و کەماڵی خۆت؟**

**جوابی دایەوە مەجنوون: ئەگەر طاقەت ببێ لەحظێ**

**لەناو ئاوێنەدا بنواڕە حوسن‌و جەماڵی خۆت / ٣٣١**

کەواتە لە ناو ئاوێنەی حوسن‌و جەماڵدا کەمالیش دەدۆزرێتەوە، کە بە لای لەیلا/ مەعشووق کەمالی مرۆڤی ونە، بەڵام تەجەللای جەمالی مەعشووق، کەماڵیش لە ڕووی مەعنەویەت‌و باتینیەت بۆ مەجنوون/ عاشق، دەهێنێت.

---

١- الحب في التصوف الاسلامي، يحيى الراضى، ص٢٥٣

٢- عرفان اسلامى، علامة محمد تقى جعفري، تهران مؤسسة تدوين و نشر اثار علامة جعفرى، چاپ هفتم، ١٣٨٧، ص١٨٤

## تەوەرەی دووەم

### ١-١٠ مەی وەك میراتێكی سۆفییانە لە شیعری مەحوی دا

#### ١-١٠-١ مەی قورئانی وەك سەرچاوەیەكی سۆفیگەری

نكۆڵی لەوە ناكرێ سۆفیگەری وەك بەرنامەیەكی گشتگیرو هەمەلایەن بە هەموو چڵەپۆپەكانییەوەو لە نێویشیدا ئەدەبیاتەكەی، كاریگەری دەقی پیرۆز (قورئان) ی بەسەرەوەیە. لەو ڕوانگەوە ئەوەی كە كاریگەرییەكەی كەمێك لەبارە ئاساییەكەوە دوور كردۆتەوە مەسەلەی تێگەیشتنە، كە بە لای ئەوانەوە كاریگەربوونەكە دەبێ چنینێكی تایبەت لە خۆیدا بپۆشێ، بەڵام ئەگەر لە بابەت غەزەل‌و میراتە كلاسیكییەكەشەوە بۆی بڕوانرێ، دەردەكەوێت ئەم تایبەتمەندییە لە سەرچاوەكەیەوە، كە وەرگیراوە، تا دەگاتە ڕوانینی تایبەتی نووسەرەكە، لە چنیندا گۆڕانی بە سەردا هاتووە.

بابەتێكی وەكو (مەی)، كە لە ناو ئەدەبیاتی سۆفییانەدا، شوێنێكی دیاری گرتووە، بەر لەوەی ڕاڤەو تەئویلی جیاجیای بۆ بكرێ، بۆ ناسینەوەی سەرەداوەكانی كاریگەربوونەكە، پێویست وایە سەر لە سەرچاوەی ئاینیش بدرێت، بۆ ئەوەی لە تیشكی ئەوەوە لایەكی تەئویلەكە پشتگیری بكرێ، بێ ئەوەی حاڵەتی بە زۆر دابڕین بە سەریدا بسەپێ، چونكە ئەگەر بۆ دەقی ناسۆفییانەش وەك سەرچاوەیەكی كلتوری بیروڕای ئاین لە كاریگەرییەكەدا وەربگیرێ، ئەوا بۆ دەقێكی پڕاو پڕ لە ڕەمزی ئاینی‌و سۆفیگەریدا، گەڕانەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە كۆڵەگەیەكی گەورەی خوێندنەوەو لێكدانەوەی دەقەكەیە.

لە قورئانی پیرۆزدا لە شەش شوێناندا وشەی (خمر) هاتووە*، كە هەندێكیان لە چوارچێوەی قەدەغەكردن‌و یەكێكیش بۆ برەو پێدان‌و دەربڕینی گێرانەوەیە[١]. تەرخانكردنی تاكە وشەیەك بۆ لایەنە ئەرێنی‌و نەرێنییەكە، كردنەوەی دەرگایەكە بە ڕووی ئەوەی مادەم بۆ دەقێكی وەك قورئان دروستەو بە تەنیا واتای وشە پەردە لەسەر مەبەست هەڵناداتەوە، بەڵكو دەوروبەرو سیاقی گشتی مەبەستەكە ڕوون دەكاتەوە. كەواتە لێرەدا ئەمە دەبێتە پاساوی ئەوەش، كە بەكارهێنانی وشەیەكی وەك مەی، یان پێكهاتەیەك لەم وشەیە دەگونجێ بە دوو ئاراستەی جیاواز هەڵگری واتا بێت، بێ ئەوەی بێتە نەنگی، بەڵكو بە پێچەوانەوە جۆرێك لە جوانی‌و لێزانی لە چنینەكەشدا بەرجەستە دەكات.

بەشی یەكەمی گوتاری قورئانی لەبارەی نەهی كردن لە (مەی) دونیاییەوە، ڕاستەوخۆو بێ پێچ‌و پەنا دژایەتی خۆی ڕادەگەیەنێ**، بەڵام هەرچی بەشی دووەمە نەك هەر مەی قەدەغە نییە، بەڵكو ستایش دەكرێ‌و بە خواردنەوەیەكی خۆش‌و جێگای چێژ وەرگرتن لای ئەو كەسانەی كە دەیخۆنەوە دایدەنێت، وەك هاتووە: ﴿ مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ فِيهَآ أَنۡهَٰرٞ مِّن مَّآءٍ غَيۡرِ ءَاسِنٖ وَأَنۡهَٰرٞ مِّن لَّبَنٖ لَّمۡ يَتَغَيَّرۡ طَعۡمُهُۥ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ خَمۡرٖ لَّذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ عَسَلٖ مُّصَفّٗىۖ وَلَهُمۡ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡۖ كَمَنۡ هُوَ خَٰلِدٞ فِي ٱلنَّارِ وَسُقُواْ مَآءً حَمِيمٗا فَقَطَّعَ

---

* شەش شوێنەكان بریتین لە (البقره٢١٩، المائده ٩٠و٩١، محمد١٥، یوسف ٣٦و ٤١)

١- المفهوم الرمزي للخمر عند الصوفية، الدكتور حسن الفاتح قريب الله، مكتب الدار العربية للكتاب، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٩٩ص٧١

** كە لە سورەتەكانی (البقره و المائده)ن.

أَمۡعَآءَهُمۡ ﴿١٥﴾ ﴾* لێرەدا مەی لە ئاوو لە شیر جیادەکرێتەوەو خەسڵەتی مەی- یش، کە تامو چێژی هەیە لە روباری ئاوو روباری شیر زیاترە، دەگونجێ گرنگی دانی سۆفییەکان بەم وشەیە، لە ئەنجامی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:-

١- نـاوی مـەی (خمـر) وەك بابـەتێکی ئـەرێنیو بـە ستایشـەوە بـۆ بەهەشـتییەکان لـە قورئانـدا بەکارهاتووەو سۆفیش بۆ بەهەشتو دۆزینەوەی مەحبوب لە هەڵپەدایە، وەك بابەتێکی ئاسایی و حەڵاڵو بە واتا ئەرێنییەکەی گرنگی پێداوە.

٢- لە نێو خواردنەوەکانی شیرو ئاوو مەی دا، چاکترینیان بە پێی دەربڕینە قورئانییەکە (مەی)یە، بۆیە ئەوەندەی مەی لە ئەدەبیاتی سۆفییانەدا باس دەکرێ، ئەوەندە خواردنەوەکانی تر گرنگیان پی نەدراوە.

٣- مادەم بە دوو ئاراستەی جیاواز لە قوڕئاندا باسکراوە، بۆ مەسەلەی تێگەیشتنیش گەنگەشە دروست دەکات. ئەم گەنگەشەیەش بە قازانجی بیرو هزری ئایدۆلۆژیای سۆفییانە تەواو دەبێت.

٤- بە پێی دەربڕینە قورئانییەکە، دەبێ مەی چێژ بەخش بێت (لذة للشاربين)، لێرەدا چێژ بۆ بخۆرەوەی مەیەو ئەم چێژەش وەك بنەمایەکە، کە بیری سۆفییانە کاری لەسەر دەکات، بە جۆرێك هەردوو چەمکی مەیو ئافرەت لە بابەتی چێژدا یەکدەگرنەوە.

٥- دانانی (مەی) لەبەردەم پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ شیردا لە کاتی شەوڕەوی (المعراج)دا لە ئاسمانداو هەڵبژاردنی (شیر) لەلایەن پێغەمبەرەوە بۆ خواردنەوە[1]، مەدلوولی زۆر هەڵدەگرێ، بەوەی بۆچی (مەی)یش بۆتە کەرەستەیەکی تری تاقیکردنەوەی پێغەمبەر (د.خ)، ئەگەر نەیشیخواردبێتەوە، خودی دانانەکە رەمز هەڵدەگرێ، کە تا دونیا ماوە شەڕاب لە نێوان حەزو بڤەبووندا لە کێبڕکێ دایە.

### ١-١٠-٢ مەیو دەرکەوتەکانی

وەکو چۆن خۆشەویستی لە چوارچێوەی غەزەلدا بووەتە بنەمایەکی گرنگی میراتی شیعری سۆفییانە، وەك قالبو چوارچێوەیەك بۆ دەربرینێکی تایبەت بە خۆیانو بەخشینی چێژو تایبەتمەندی بە دەقەکانیان. بە هەمان شێوە بابەتی مەی وەك هاوتایەکی ڕەگەزی خۆشەویستی، ئەو پێگە گرنگەی لەناو شیعری سۆفییانەدا هەیەو گرنگییەکەشی لە چۆنیەتی کارلێککردنیەتی لەگەڵ بابەتی خۆشەویستیو وەك پاشکۆیەكو لایەنێکی جوانی بۆ دەقو چێژ بەخشین بە وەرگر، خۆی بەرجەستە دەکات.

ئەگەر خەیاڵ لە ناو چێژو جوانیدا بەرهەمهێنەری وێنەیەکی جوانو کاریگەری خۆشەویستی بێت، ئەوا لە ئەزموونی تایبەت بە مەیو مەیخواردنەوە لە دونیای واقیعدا، خەیاڵێکی تایبەت بە خۆی سازاندووە. ئەم سازاندنە بەرهەمی کەشێکی تایبەتە، کە بەهۆی مەیەوە بەرەو جیهانبینیو روئیایەکی

---

* نموونەو وێنەی ئەو بەهەشتەی، کە بەڵێن دراوە بە پارێزکاران بدرێت، بریتییە لە: چەندین رووباری ئاوسازگاری تام نەگۆڕ، هەروەها چەندین رووباری شیر، کە تامی تێکنەچووەو چەندین رووبار لە شەڕابی تامخۆشو بۆنخۆش، کە ئەوانەی دەیخۆنەوە، هەرگیز لێی بێزار نابنو بە چێژەوە دەینۆشن... هتد، سورەتی محمد، ئایەتی ١٥.

١- مسند الامام احمد بن حنبل، تحقيق: شعب الارنؤط واخرون، رقم الحديث ١٠٦٤٧، المجلد ١٦، مؤسسة الرسالة، الطبعة الاولى، ٢٠٠١م. ص٣٧٩

دیاریکراو دەڕوات و تێیدا جۆرێك لە خۆ جیاکردنەوەو ڕازی نەبوونە بە واقیعێکی زاهیری، کە مرۆڤایەتی لەناو ئەم زاهیرییەتەدا سیخناخ بووە. لێرەشدا پەیامی سۆفیگەری لە بنەڕەتدا ڕۆیشتنە بەرەو باتین، باتینێك کە خەیاڵێکی تایبەت بەرهەم بهێنێ و توانەوەیەك بێت بۆ گەیشتن بە جەوهەری خۆشەویستی و حەقیقەت، کە لەو نێوەندەشدا هەروەك چۆن لە چوارچێوەی غەزەلدا پەنابردن بۆ شتە مەجازییەکان سازێنەری گرتنەبەری بەرەو حەقیقەت و جوانی چوون بوو، کە خۆی لە کردەی خۆشەویستیدا دەبینیەوە، ئەوا بۆ جوانترکردنی ئەم کردەیە میکانیزمگەلێکی پێویستە، کە کۆڵەگەیەکی هەرە سەرەکییان بریتییە لە شەڕاب و خۆگرخاندن لە مەیخانەیەکدا، کە یەکەمین دەرگایە بەرەو ڕووی گەورەبوون و گەیشتن بە ترۆپك.

جوانی و خۆشەویستی و چێژ، کە بنەمای هەرە سەرەکیی پێکهاتەی غەزەل بوون، مەی و پێکهاتەو ڕۆنانەکانیشی ئەم سێ چەمکەیان تێدا بەرجەستە دەبێ، بە تایبەتی لەناو ئەو ململانێیەی کە مرۆڤایەتی هەر لە زووەوە لەگەڵ لایەنی ماددی و ڕۆحیدا هەیبووە. هەموو ئەمانە خۆیان لە باتین و لایەنی ڕۆحیدا دەبیننەوە، بەجۆرێك ئەگەر ئەنجامی مەی خواردنەوە کاریگەرییەك جێ نەهێڵێ، ئەوا نابێتە چەقی باسکردن لە شیعری سۆفییانەدا. ئەم کاریگەرییە گۆڕانکاری بەسەر مرۆڤەکەدا دەهێنێ و لە پەیوەندییەکەدا لەگەڵ بنەمای سۆفیگەریدا یەکدەگرێتەوە، هەر ئەوەشە دیوی حەقیقەت بە دیوی مەجاز پیشان دەدات.

هەموو چەمکەکان لەناو ڕەوتی سۆفیگەریدا، وەك ئەڵقەی زنجیرێکی بەدواییەکداهاتوو پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بۆیە پێشتر هەر چەمکێك لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا پەیوەست کرابێت، لە هزری سۆفییانەدا کەم تا زۆر بەیەکەوە بەندیوارن. لێرەشدا مەی لەگەڵ فێڵدە واتاییەکانی خۆیشی دا، لەگەڵ چەمکە سۆفیگەرییەکاندا دەبێ لە هۆو ئەنجامێکدا، لەگەڵ یەکتر سەروکاریان هەبێت. دەستنیشانکردنی دۆزینەوەی سەرەداوەکانی ئەو پەیوەندییە یارمەتی ئەوە دەدات، کە خاڵی مەعنەوییەت و مەجازی بوون و لایەنی رۆحی، کە هەموویان لە چوارچێوەی خۆشەویستی و گەیشتن بە پلەی (کەمال)ـە، بدۆزرێتەوەو تێیدا ئەو ئەزموونە شی بکرێتەوە، کە مەی و فیلدەکانی ڕۆڵ لەناو شیعری سۆفییانەدا دەگێڕن و وەرگر بە ئاراستەیەك دەبەن، کە لە جوغزە ڕەمزی و واتا تایبەتییەکەوە بۆ چێژو جوانی و خۆشەویستییە دونیاییەکەوە دەیسەنگرێنێتەوە.

### ١-١٠-٣ مەی و ئەهلی کەماڵ

لە مەقامی بینینی جەماڵی مەعشووق و نقومبوون لە مەستی (سکر) دا، عاشق وا لێدەکات، کە بکەوێتە حالەتێکی تایبەت، بە جۆرێك ئەم حالەتە مەبەست و ئامانجی ئەوەو بەهەشت وکۆشك و تەلارەکانی و حۆری و نازو جوانییەکانی ئەوێ وەلاوە دەنێ. ئەگەر خەڵکی بەهەشت لە دۆزەخ رابکەن و خۆیانی لێ بپارێزن، ئەوا ئەهلی کەمال کە گەیشتوونە حەق، لە بەهەشت و چێژو خۆشییەکان رادەکەن، بە دوای خۆشەویست (مەعشووق) دەکەون.[١] لەبەرئەوە گەیشتن بە پلەی کەماڵ ئامانجی سەرەتاو کۆتایی سۆفییە و بۆ ئەم گەیشتنەش دوو هەست بەشداری دەکەن، یەکێکیان هەستی بینینە بۆ بینینی جوانی،

١- مفاتیح الاعجاز فی شرح گلشن راز، شمس الدین محمد لاهیجی، مقدمە، تصحیح وتعلیقات محمد رضا بزرگی خالقی و عفت کرباسی، چاپ چهارم، انتشارات زوار، تهران، ١٣٨١، ص٤٥١

**ئەگەرچی ئەمەیان بە چاوی دڵ دەبیٚ، هەستەکەی تریش کە میکانیزم و ڕێگایەکە بۆ بینینەکە، بریتییە لە هەستی چەشتن، کە خواردنەوەی ئەو مەیەی خۆشەویستییەو تام لیٚ وەرگرتنیەتی، ئەمە وا دەکا سۆفی/ شاعیر هەموو خۆشییەك لەبیر بکا، ئەگەر خۆشییەکە بەرزترینیش بێت کە بەهەشتە:**

**هەر کەس بە نەشئەی ئەو مەیی بێچوونە فەوزی بوو**

**جەننەت لە فکری چوو، لە نیشاط و لە خۆشییان / ٣٧٨**

**کەواتە لێرەدا لای کەسی سۆفی، خودا مەبەستە نەوەك بەهەشت، بینینی خوداو تامو چێژ وەرگرتن لەو بینینەو خواردنەوەی شەرابی ئەو خۆشەویستییە هەموو شتێك لە بیر شاعیر دەباتەوە، هەتا دەگاتە ئەوەی، کە ئەم بینینە لە ئەنجامی خۆشەویستییەوە سەری هەڵداوەو ئەگەر خۆشەویستی لە بەهەشتیش نەبیٚ، ئەو بەهەشتەش لە خۆی حەرام دەکاتو ئامادە نییە لە شوێنێك بێت کە نەشئەی مەی خۆشەویستی تێدا نەبێت:**

**گەر ئاگری مەحەببەتی شك بەم لە دۆزەخا**

**ئەو دۆزەخە بەهەشتمە، جەننەت دەکەم حەرام / ٢١٣**

**گەیشتن بە پلەی کەماڵ، کە دوا مەنزڵو مەقامە، بە بیٚ مەی نایەتە دی، بۆیە ئەم مەی یە لە دواین شوێنیش هەستی تامکردنە بە چێژی بینین، یان هەستکردن بە بوونی مەعشووق (خودا) و ئەوپەڕی هاتنەدی ئامانجەکانەو هەموو خۆشییەك دەکرێتە قوربانی گەیشتن بەم تەجەللایە. (مەحمود شەبستەری*) لە (گولشەنی ڕاز)دا، کە مەحوی یش ناوی ئەم کتێبەی هێناوە، هاوشێوەی ئەم وێنانەی هێناوەتەوە، کە بەهەشتێکیان ناوێت تەجەللاو مەحەببەتی تێدا نەبێت**. هەرچی مەحوی یە، جیاواز لە سۆفییەکانی تر، بە تەنیا جوانیو گەیشتن بە جوانی بە پلەی کەماڵ دانانێت، بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا مەستبوون دەکاتە حالەتێك، کە بە هۆیەوە هەموو خۆشییەکانی بەهەشت لە هەستی مرۆڤ دەسڕێتەوەو هەر ئەوەش وا دەکات بەهەشت بکاتە قوربانی دۆزەخ.**

---

* مەحمود شەبستەری: ناوی شێخ سەعدەددین مەحمود کوڕی ئەمینەدین عەبدولکەریم کوڕی یەحیا شەبستەری یە، لە عاریف و شاعیرەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچییە. ساڵی لەدایك بوونی روون نییەو لە دەوروبەری ساڵی ٦٨٧ك لە شەبستەری نزیك (تەورێز) لەدایك بووەو لە تەمەنی سی وسیٚ ساڵیدا لە ساڵی ٧٢٠ك کۆچی دوایی کردووەو لە باغی گوڵشەن لە تەبرێز نێژراوە. شەبستەری بە ئیبن عەرەبی کاریگەر بووەو لە نەزمدا دوو بەرهەمی نووسیوە: یەکەمیان بەناوی **گوڵشەنی راز**، کە نزیکەی هەزار بەیتە شیعری لەسەر کێشی هەزەجی شەشی مەقصورو مەحزوف نووسیوە، هەمووشی وەڵامی پرسیارەکانی ئەمیر حوسێنی یە، دووەمینیان ناوی **سەعادەت نامە** یە، نزیکەی سیٚ هەزار بەیتە لەبارەی زاتو سیفاتی خواو مەعریفەی خودایە. لەو بەرهەمانەشی، کە بە پەخشان نووسراون بریتین لە (حق الیقین، مرآة المحققین، شاهد، کنز الحقایق، زمان ومکان، رساله معراجیه، تفسیر سوره فاتحه، ازهار گلشن، مراتب العارفین یا مرآت العارفین) بۆ زیاتر زانیاری لەو بارەوە بڕوانە پێشەکی کتێبی: مفاتیح الاعجاز فی شرح گلشن راز، سەرچاوەی پێشوو.

** شەبستەری دەڵێت:

بهشت و حورو خلد اینجا چه سنجد     که بیگانه در اَن خلوت نگنجد

بی جمالش مرگ بهتر از حیات     وصل اوشد زندگی هجرش ممات

گرنماید دوست در دوزخ جمال     هست ان دوزخ بهشت اهل حال

در بهشت ار وعدهء دیدار نیست     جان عاشق را به جنت کار نیست

بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥١-٤٥٢

### ١-١٠-٤ مەیو ئیشکالییەتی تەئویل

دوای ئەوەی زانیمان، کە کەم تا زۆر کاریگەری مەیی قورئانی لەسەر شیعرو ئەدەبیاتی تەسەووف هەیە، بەڵام خودی ئەم بەڵگانەی قورئانی پیرۆز راستەوخۆ نابنە پاساوی ئەوەی، کە شاعیران هەر کاتێك وشەی (مەی)و پێکهاتەکانیان لەناو دەقەکانیان بەکارهێنا، ئەوا بێ سێو دوو بە مەی قورئانیو ئیلاهی بیانناسێنین، چونکە دەشێ لەو کردەیەدا وەرگر وەك رەخنەگرێك مەبەستەکە نەپێکێو نەتوانێ بگاتە لوتکەی حەقیقەت، لە سۆنگەی ئەوەی خودی دەقەکە وەها چنراوە، چەمکێکی وەك (مەی) لە نێویدا بە سەختی خۆی بەدەستەوە دەداتو کە خۆیشی بە دەستەوە دەدا، سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ، رەنگە بە لا رێیدا ببات، ئەم لارێیەش خاڵی هەرە سەرەکیی هاتنە کایەی پرۆسەی تەئویلو هێرمینۆتیکە.

حوکمدان لەسەر ماهییەتی دەق، بە بێ دۆزینەوەی سەرە داوەکانو رێخۆشکردنێکی گونجاو، کە لەگەڵ چوارچێوەی بونیادی دەق بێتەوە، ئەو گرفتەی هێناوەتە کایەوە، کە وەرگر بە شێوەیەکی گشتی لەسەر حوکمدانی پێشینە بۆ شاعیرو ژینگەو بارە رۆشنبیرییەکەی لە هەمبەر وشەگەلێکی وەكو مەیو دەرکەوتەکانی خۆشەویستی، لە نێوان دوو بەرداشدا خۆی دەبینێتەوە. یان ئەوەتا حوکمی ئیلاهی حەقیقی، یان سەر زەمینیو مەجازی پێ دەبەخشێ. لەوەشدا هەرگیز ئەم حوکمدانە تەقلیدییە بە خوێندنەوەیەکی قووڵی تەئویلیانە حسێب ناکرێ، با هەر ناوی لێکدانەوەی هێرمینۆتیکیانەی بە بەردا ببڕێ، هەتا رێو شوێنە گونجاوەکانی دۆزینەوەی بنەچەی کردەی تێگەیشتنی تەئویلیانە نەگیرێتەبەر. قورساییو سووکی ئەم حوکمدانەش دەوەستێتە سەر چۆنیەتی چنینی دەقەکە، هەتا تەمومژاویو ئاڵۆزی زیاتر دەقەکەی گرتبێتەوە، بۆ وەرگر زیاتر پێویستە سیاقو دەوروبەری چنینەکە شیبکاتەوە، بۆ ئەوەی خوێندنەوەکە زۆرتر لە راستی نزیك بێت، چونکە با ئەوە راست بێت کە دەگوترێ (هەموو تێگەیشتنێك بۆ گوتارێکی دیکە تەئویلە)[١]، بەڵام جۆری تێگەیشتنەکە گرنگە، بەو واتایەی کە دەقێك دەکەوێتە بەر شاڵاوێکی خوێندنەوەوە، ئەوا تێگەیشتنێکی بڕای بڕ لە هەڵەو راستی نییە، بەو پێیەی خودی کردەکە کەم تا زۆر واتا هەڵدەکرێنێ. لە دواجاریشدا دەبێ باڵانسێك لە نێوان دەقو وەرگرو کردەی تێگەیشتن هەر بمێنێ، بۆ ئەوەی گەیشتن بە راستیو حەقیقەت تەنیا لە سەر یەك جۆر تێگەیشتن تاپۆ نەکرێو (شلایرماخەر) گوتەنی: (هەموو تێگەیشتنێك بە رێژەییو بە تەواونەکراوی دەمێنێتەوە)[٢]. کەواتە ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر هەڵەو راستی نییە، ئەوەندەی جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە لەناو کردەی تەئویلدا، ئەگەر میکانیزمی گونجاو بگیرێتە بەر، زۆرتر راستیو حەقیقەت لێی نزیك دەبێتەوە، بە واتایەکی تر حوکمدانەکە بە رووی وەرگردا ئاسانتر دەبێو زووتر دڵی پێ ئاو دەخواتەوە.

مەیو ساقیو بادەو مەیکەدەو مەیخانە... هتد، ئەم زاراوانە لە ناو ئەدەبیاتی سۆفییانەدا تایبەتمەندی خۆیان هەیەو هەروا بە وشەیەکی ئاسایی سەیر ناکرێن، ئەگەرچی لە بەردەم وەرگری ئاساییدا واتاکانیان تەنێ واتای فەرهەنگینو هیچ واتای تریان لێ بار ناکرێن، بەڵام هەر راستەوخۆ ئەگەر دەق تامو بۆنی سۆفیگەری لێ بێو دانەر/ شاعیریش یەکێك بێ لە سۆفییەکانو رۆشنبیرییەکەشی لەو

---

١- الفهم والنص (دراسة في المنهج التأويلي عند شليرماخر وديلتاي) ، بومدين بوزيد، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠٠٨، ص٨١

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨

**چوارچێوەیەدا بێت، ئەوا بەکارهێنانی ئەم وشانە لە ناو زاراوەی مەبەستداردا، جێگای خۆیان دەکەنەوەو تێگەیشتنێکی دیکەیان بۆ دێتە ئاراوە. ئەگەرچی ئیشکالییەت لەو کاتەوە دروست دەبێ، کە ئاسۆی پێشبینییەکانی وەرگر سست بێتو بە دەقێکی ئاسایی رەفتاری لەگەڵدا بکات، لەو حاڵەدا هەڵبەزو دابەزی واتا نامێنێو دەق لە بارێکی تەجریدی* و چەقبەستوویی خۆی نیشان دەدات.**

**وەرگری ئاسایی لە دوو لاوە دەست خەڵەت دەدەرێو چۆنیەتی تێگەیشتن (الفهم)ی بە ئاراستەی وەرگێڕانی وشە بە وشەیی لا بەرجەستە دەبێتو ئەم دوو لایەنەش یان ئەوەتا:**

**أ/ لە ڕێی کەسانی ترەوە چ بە نووسین، چ بە وەرگێڕان بونیادی هزری شاعیرەکەو چوارچێوەی دەقەکەی بۆ شیکراوەتەوە، کە ئەمەش لە دواجاردا، مۆرکێکی تایبەتی بە تێگەیشتنی وەرگر داوەو ئەم تێڕوانینەی لا دەقگرتوو بووە.**

**ب/ یان ئەوەتا بە بێ زانیاری خوێندنەوەی رێبازەکانی وەرگرتن (نظرية التلقي)، تەنیا بە سادەیی لە دەقەکە تێگەیشتووەو راستەوخۆ لە واتای فەرهەنگی بترازێ، هیچ واتایەکی لێ هەڵنەکراندووە. ئەم نموونەیە لەناو وەرگرەکاندا زۆرەو دەقێکی وەك چوارینەکانی (خەیام**)، ئەو شیکردنەوەیەی (هەژاری موکریانی و وەرگێڕە کوردەکانی تر) بۆیان کردووە، خوێنەر وا تێدەگا خەیام زۆرینەی کاتەکانی بە مەی خواردنەوە بەسەر بردووە. بە تێگەیشتنی خەڵکانی تریش، کە واتای دیکەیان لێ بەرجەستە کردووە، خەیام خەریکی شەرابخواردنەوەی خۆشەویستی خودا بووە، ئەوەتا (مەلا حوسێن شێخ سەعدی، کوردی، ئەربیللی ١٨٨٣-١٩٨٣ز)*** کە چوارینەکانی خەیامی بە عارەبی راڤەکردووە، دەڵێ: (من روانینم بۆ خەییام لە رێی ئەو کەسانەی بەرهەمەکانیان چاپ کردووە، ڕوانینێکی ناسۆفییانە بوو، چونکە ئەوان دەڵێن خەیام ئەگەرچی زاناو داناو فەیلەسوفێکی مەزن بووە، بەڵام ئیدمانیو خدوی بە عارەق گرتووەو**

---

*** تەجرید Abstraction: رێبازێکی فەلسەفییە دژی ئەزموونی هەستی Empiricismیەو پشت بە ئەزموونی عەقڵانی لە دروست کردنی تیۆری بوونەکانو هەڵهێنجانی حوکمەکان دەبەستێ، بۆ گەیشتن بە دەرك کردنی مەعریفە. هەروەها بەوە جیادەکرێتەوە کە ئەمە جۆرێکی تایبەتە لە دەرك پێکردن، لە رێگای ولاوەنانی هۆش و زەین بۆ شتەکان، یان وەلاوەنانی پەیوەندییەکانی سەبارەت بە شتەکانی تر. لەوبارەوەیش گرنگی چالاکی زانستی و ئیدراکی مرۆڤ دیار دەکات، وێڕای دیاری کردنی سروشتی شتەکە خۆی. (سجن التفكيك، ص٣٠١)**

**** ناوی ئەبولفەتح عومەری کوڕی ئیبراهیم ئەلخەیامە، پێدەچێ باوکی خێوەتی دروستکردنو فرۆشتبنی، بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە، لە ساڵی ٤٣٠ك لە نەیسابوور لەدایك بووە، لە نێوان ساڵانی ٥٠٦و ٥٣٠ ك، هەر لەوێ مردووە. زانایەکی مەزنی سەرەمی خۆی بووە، بە بیرکاریزانو فەلەکناس ناسراوە. لەگەڵ چەند ئەستێرەناسێك، لە ساڵی ٤٦٧ رۆژژمێری کۆچی مانگی، بۆ کۆچی هەتاوی بۆ مەلەکشای سوڵتانی سەلجوقی گۆڕیوە. وێڕای ئەمە بە چوارینەکانی ناوبانگی دەرکردووە، کە بە زمانی فارسی دایناونو هەمویان لەسەر کێشی هەزەجی هەشتین. دەگوترێ دوای مردنی، زۆر چوارینیان داوەتە پاڵیو ئەو خاوەنی ئەم هەموو چوارینانە نەبووە. لەبەر ناوبانگی چوارینەکانی، شارەزابوونەکەی لە بیرکاریو فەلەکیات لەبیرکراوە، ئەگەرنا بە زمانی عەرەبی بەرهەمی لەبارەی فەلەكو بیرکاری داناون. (المعجم المفصل في الادب، ص٤٢٠)**

***** ناوی مەلا حوسێن سەعدی فەیزوڵڵا ئەربیلییە، لە گەڕەکی خانەقای هەولێر لەدایك بووەو لە هۆزی بڵباسەو خوێندنی مەلایەتی لە شارو دێهاتەکانی کوردستان تەواو کردووەو لەسەر دەستی مەلافەندی هەولێری ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، جگە لە تەفسیری تەواوی قوڕئانی پیرۆز لە شەش بەرگ داو فەرمودەکانی بوخاریشی لە دە بەرگدا راڤە کردووەو نزیکەی دە کتێبی تری بە کوردیو عەرەبی نوسیوەو لە شیعریشدا نازناوی (فانی) بووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: اللمعات، الشيخ فخرالدين العراقي، ترجمة: ملا حسين شيخ سعدى المفسر الاربيلى (فانى)، اربيل، الطبعة الاولى،٢٠٠٦.**

هەتا لەبارەی دەڵێن کە خەیام زەندەقەش* بووەو لەو حەقە لایداوە، کە بە رەمز باسیان دەکاتو ئەو ڕەمزانەش فەناو بەقاو جەمعو فەوقو جەمعی جەمع ... هتد هەموویان نیشانەی زەندەقەی ئەون، بەڵام کە لێی وردبوومەوە ئەنجا هەستم کرد چ سۆفییەکی مەزنە!)[1]. کەواتە لێرەدا گرفتو ئیشکالییەتەکە هەر بۆ خوێنەری ئێستا نییە، بەڵکو بە درێژایی مێژوو خراپ حاڵی بوونو سەختی تێگەیشتن لە ئارادا بووەو هەر ئەمەشە ڕۆحی بە بەر تەئویلداوەو دەقی بەرەو نەمر بوون بردووە. هەندێك جار ئەم تێگەیشتنە تەنیا دوای مردنی شاعیرەکە نەبووە، بەڵکو هەر لە سەردەمی خودی شاعیریشدا لە هەمبەر خراپ تێگەیشتنیان لەدەقەکەدا، تیرو توانجیان لە شاعیر داوەو هەندێ جار گەیشتۆتە تەکفیرو شێتو لە ڕێ دەرچوونیش. زۆرترین ئەو توێژانەی کە لەگەڵ شاعیرە سۆفییەکان دەبەریەك ڕاچوون، توێژی زانایانو شەرعناسان بوونە، بەتایبەتی ئەوانەی کەمتر خۆیان لە قەرەی باطینو کردەی تەئویلداوە، بێ سێو دوو خەتی ڕاستو چەپیان بەسەر بەرهەمەکاندا هێناوە، ئەمەش بۆ ئێمە لەو حاڵەدا دەردەکەوێ، کە لە شیعری هەندێ شاعیری سۆفی بە ڕوونی بە دیار دەکەوێ، شاعیر لە زاهیدو رەقیبو واعیزو هەندێ سۆفی بە هەنجەتەو هێرشی توندیان دەکاتە سەرو رشتتر دەبێ بۆ حاڵەتی مەستبوون، چونکە بە بڕوای ئەوان هۆشیاربوون لە دونیایەك، کە قبوڵی بیری سۆفیگەریو خۆشەویستی خوداو خواردنەوەی شەرابی خۆشەویستی خوادا نەکرێ، ئەو حەلە مەستبوون لە جیهانە تایبەتییەکە گەیشتنە بە ئامانجە گەورەکان.

لێرەدا بەهۆی دۆزینەوەی سەرچاوەی واتای چەمکەکانی مەیو جۆرەکانی، بەشێکی دیکەی تاریکایی دەق ڕۆشن دەبێتەوە. بە واتایەکی تر مەبەستداری (القصدية) روون دەبێتەوە، کە بۆچی شاعیر لەپاڵ وشە شەڕابیەکاندا رەقیبو زاهیدو واعیزو سۆفی... هتد بەکاردێنێو هێرشیان دەکاتە سەر، بە جۆرێك

---

* زەندەقە، لە ئەسڵدا وشەیەکی ئێرانییەو فارسەکان بۆ ئەو کەسانەیان بەکارهێناوە، کە هەوڵی ئەوەیان داوە (ئاڤێستا)ی زەردەشت تەئویل بکەنو لە واتا رووکەشیو زاهیرییەکەی دابماڵن. ئەم وشەیە لەناو عارەبانیشدا بۆ ئەو کەسانە بەکارهات، کە بڕوایان بە ئایین نەبێتو مسقۆف (ملحد) بن، لەوەشدا یەکێك لەو تۆمەتانە کە لە سەردەمی عەباسییەکان درانە پاڵ بەشێك لە شاعیران، بەکارهێنانی زاراوەکانی (مەی) بوو بە هەموو جۆرەکانییەوە. لەلایەکی تریشەوە بڵاوکردنەوەی هەندێ بیروبۆچوونی نائیسلامی لەلای ئەو کۆمەڵە کەسانەوە، بەهۆی تێگەیشتنی سادەی دەسەڵات لە واتا رووکەشییەکەی، کەسانێك رووبەرووی کوشتن بوونەوە، لەوانە (بشار بن برد، ابن المقفع، صالح بن عبدالقدوس، ...) دەیانی تر. کە لە ناویاندا خەلیفە مەهدی زۆری نەمابوو ئادەم بن عبدالعزیز نەوەی خەلیفە عومەری کوری عەبدولعەزیز بکوژێ، کە شەرابو زەندەقەیان خستە پاڵ، دواتر لێی خۆش بوو بەوەی شیعرەکەی (مجنون)ە نەوەك زەندەقە، شیعرەکەش ئەو دەقە بوو کە پێی ناسراوە:

اسقني واسقي خليلي      في مدى الليل الطويل

قهوة في ظل كرم      سبيت من نهر بيل

في لسان المرء منها      مثل طعم الزنجبيل

قل لمن يلحاك فيها      من فقيه او نبيل

انت دعها وارح اخرى      من رحيق السلسبيل

تعطش اليوم وتسقى      في غد نعت الطلول

بروانه المفهوم الرمزي للخمر عند الصوفية، ص١٣٩-١٥٢

بۆیە لێرەدا ناڵێین شیعرەکانی ئەم شاعیرە کوژراوانە تەسەووفن، بەڵام جۆرە نزیکییەك هەیە لەوەی، کە ئەوان لە پاڵ بیرۆکە ئیلحادییەکەیان باسی شەڕابو مەینۆشیشیان کردووە، بۆیە دوور نییە خەیامیش، کە خراوەتە ناو ئەم بازنەیە بەشێکی لەبەر مژولبوونی بووە بە باسکردنی مەی و مەیخانە، بێ ئاگا لەوەی بەشێك لە سۆفییەکان بنەمای سەرەکیی دەقەکانیان ئەم بابەتانە بووە، لەبەرئەوە زۆربەی شاعیرە سۆفییەکانیش بە ئاگری ئەوانەوە سوتێندراون.

١- حقائق الخيام- شرح واف لرباعيات الخيام، الاستاذ ملا حسين سعدي الاربيلي، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٥ ص١١

که هەتا ئەم سیاقی تەئویلە نەدۆزرێتەوە، وەرگر بە ئاسانی ناتوانێ کۆدەکان بە کلیلی مەعریفەی خۆی بکاتەوە.

## ١-١١ هۆکارەکانی بەکارهێنانی مەی لە دەقی سۆفییانەدا

ئەوەی کە کاکڵەی تەئویل پێك دەهێنێ، ئەو پرسیارەیە، کە لای وەرگری ئاسایی خۆی قیت دەکاتەوە، بەوەی چما سۆفییەکان حەوجێ بەوەن باس لە مەیو شەڕابو ساقی... هتد، بکەن؟ ئەم سەر لە خوێنەر شێواندنە بۆ؟ ئەگەر ئەوان حەزیان بە چەهرەی (مەی) نایە، بۆ هێندە لە نێو دەقدا ئالودەی بوون؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر سەرهەڵدەدەن، بە تایبەت لەو کاتەی وەرگر رەچاوی ژیانو ژینگەی شاعیر دەکاتو لە تێگەیشتنی بۆ ژیانەکەی بە هیچ باران لەگەڵ دەقەکانی تێك ناکاتەوە. ئەمە لای ئێمە هێندە گرنگ نییە، بە قەد گرنگی ئەوەی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەوروبەری دەق خۆشتر دەکەن، تا بتوانین خوێندنەوەیەکی راستو دروستی هێرمینۆتیکانە بۆ دەقەکە ئەنجام بدەین.

لە ڕوانگەی رامانمان بۆ دەقەکانی مەحوی، دەبێ ئەوە هەڵبهێنجین، کە هۆکارەکان خۆیان لەم خاڵانەی خوارەوە دەبیننەوە:

١- مەحویو زۆربەی شاعیرانی سۆفی، لە حەقیقەتی تەئویل تێگەیشتوون، نەك هەر بەمە نەوەستاون، بەڵکو لە مەسەلەی بیروباوەڕ (العقیدة) شدا، خۆیان بوونەتە لێکدەرەوە (مؤول)* و لەمەشدا مەبەستی تەئویل یەکێك بووە لەو هۆیانەی کە حەزیان بە یاری کردن بووە بە واتا، بۆ ئەوەی لەو دەروازەوە، هێزی شیعرییەتی خۆیان بە پاڵپشت بە ئایدۆلۆژیای سۆفییانە نیشان بدەن.

٢- لاسایی کردنەوەیەکی ئەدەبیاتی سۆفییانە بووە، کە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچییەوە مەیو دەرکەوتەکانی لە شیعردا خۆیان بەرجەستە کرد، ئەگەرچی ئەم جۆرە شێوازە بە درێژایی مێژوو هەڵبەزو دابەزی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام وەك ڕێچکەیەکی دیار، بووە بە بنەمای نووسینی شیعری سۆفییانە. ئەدەبی کوردیو لە نێویشیدا مەحوی تەواو پەیڕەوی ئەم ڕێچکەی گرتووە، ئەگەرچی لە لقو پۆپەکانییەوە دەشێ جیاوازی تێدا ببینرێ، بەڵام جیاوازییەکە بەو شێوەیە نابینرێ، کە مەودای نێوانیان دوور بکاتەوە. وێڕای ئەمەش مەحوی، جگە لەم وشەی ("مەی" یە، چەندین وشەی دیکەی وەکو "بادە"، "شەڕاب"، "صەبووح"، "مەی"و..تاد بەکاردەهێنێ، لەگەڵ چەندین وشەی تەواوکەری ئەم مەبەستە، وەك "مەیکەشی"، "ساقی"، "مەست"، "خەراب"، "حاجیب"، پیاڵە"، "قەدەح"و...تاد. زۆربەی بەکارهێنانی ئەو وشەو داڕشتنانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەحوی شاعیرێکی صۆفییەو لە روانگەی ئەو ئەزموونەوە بە شێوەیەکی ورد بە وریایی، زاراوە کەرەستەی پێویستی خۆی هەڵدەبژێرێتو بەکاریاندەهێنێ) [١].

---

* مەحوی لە (عقد العقائد)ەکەی زۆر بە روونی موئەویلەو تەئویلی بۆ عەقیدە کردووە، دەشێ ئەم عەقیدەیە لە ریزی عەقیدەی (ئیمامی تەحاوی) حسێب بکرێ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بە شێوەی سەربەخۆو زانستانە قسە لە بارەی ئەم بەرهەمە شیعرییەی مەحوی نەکراوە.

١- دەیری عیشق-کاتێك کە ناخی مرۆڤ دەدوێ، عەبدوڵڵا قەرەداغی، زنجیرەی کتێبی گۆڤاری کۆچ، ژمارە ١١، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، ل١٩٣.

٣- لێك نزیکییەك لە نێوان هەڵکەوتەی مەیو جۆرەکانیان لەگەڵ بەرنامەو پەیڕەوی سۆفییانە لە لایەكو خودی مەیخۆرانو ساقیو شاعیرو سۆفی لە لایەکی تر هەیە، بە جۆرێك ئەگەر ئێمە لە ڕوانگەی دەقە شیعرییەکانەوە ئەو بنەمایە شرۆڤە بکەین، ئەوا ڕوونتر دەتوانین لە مەبەست نزیك بکەوینەوەو بە هیچ کلۆجێك تاکە واتاو تاکە ڕەهەندێك بۆ بنەمای مەی دانەنێین، ئەگەر لە بەرژەوەندەی ئەدەبیاتی سۆفییانەش بێت، چونکە هەر لەناو خودی بنەما سۆفیگەرییەکان بە پێی دەق، باسکردنی مەیو دەرکەوتەکانی بە شێوازی جۆراو جۆرو رەهەندی جیاجیا دەبینرێ، کە لە هەر کامێکیاندا دەوروبەر (سیاق) یارمەتی دەرو ڕێگاخۆشکەرە، بۆ ئەوەی کردەی تەئویلەکە زووتر بە ئەنجام بگات.

ئەم لێکچوونەو خاڵی هاوبەشە، بۆ دۆزینەوەی هۆکاری بەکارهێنانی مەیو مەستی لەناو دەقی سۆفییانەدا یارمەتی دەرە، کە دەتوانین دابەشی سەر چەند رەهەندێکیان بکەین:-

أ/ سۆفی کە لە دونیای تایبەتی خۆی دا ڕێ دەکاو دەیەوێ خۆی لە خەڵك دوور بگرێو دوورە پەرێز بێ، بە هەمان شێوە شەرابخۆرێکی دونیاش، دەیەوێ لە دونیا تایبەتییەکەی خۆیدا مەست بێتو پەیوەندی بە خەڵکی ترەوە نەمێنێ.

ب/ دەهشەتو سەرسامی پەیداکردن لە هەردوو لادا هاوبەشە. لای سۆفییەکان زاراوەیەك هەیە بە ناوی (سکر)، ئەم زاراوەیە، کە سەرسامبوونو ڕامان نیشان دەدات، کە خەڵکی تر تێیدا لایان ئاساییەو هیچ گۆڕانێکیان بە سەردا نایەتو بەم ئاساییبوونەیان بە هەمان ریتمی خەڵکی ئاسایی دەجوڵێنەوە. هەرچی پەیامی سۆفیگەرییە، کە تێیدا سەرسامبوون بە خوداو مەستبوون بۆی پایەیەکی گرنگەو بە پشت بەستن بە فەرموودەکەی پێغەمبەر (د.خ)، کە نزای کردووەو فەرمویەتی (اللهم زدني فيك تحيراً، واتە خودایە لەتۆدا سەرسام بوونم زیاد بکەو کەسی مەستو سەرسامیش حەیرانە)[١]. لێرەدا مەستیو سەرخۆشی لە بیرکردنەوە لە خوداو بینینی بە چاوی دڵ، هەروەك بینینو خواردنەوەی مەی لە لایەن مەیخۆرەوە دەشێ حیرەتو دەهشەتو مەستی تێدا بەرجەستە دەبێت.

ج/ مەیخۆرانی دونیا هەمیشە گلەیی ئەوە دەکەن، کە خەڵك لەوان تێناگەنو ئەوان دەچنە عیشوەو کەشێکی تایبەتەوەو خەڵکی تر پێینەگەیشتووە. بە هەمان شێوە لەناو ئەزموونی سۆفییانەدا ئەوەی بە حاڵو مەقامەکاندا تێنەپەڕی بووبێ، ناتوانێ لە تامو چێژی سەرخۆشیو کەشی تایبەتییەکەیان تێ بگا. لەبەرئەوە ئەگەر موفتیو زانایان بە پێی شەریعەت بانگەشەی جێبەجێ کردنی حەددی شەرع لە شەرابخۆران بکەن، ئەوا ئەو واعیزو شەرعزانانەی کە سۆفیایەتیو بنەماکانیان قبوڵ نییەو توانجو پلاریان تێدەگرنو بە تاوانباریان دادەنێن، ئەوا ئەوانیش هەمان گلەیی مەیخۆرانی دونیا دوپات دەکەنەوە وەك مەحوی دەڵێت:

ببینن گەر لە ساقی نازو عیشوێك، ئێمە دەیبینین

بە مەی نۆشی دەدەن فتوا بە مەستی موفتی یو قاضی / ٣٠٥

واتە موفتیو قازی- یش ئەو نازو عیشوەیە ببینن، کە ئێمە لە دەست پیاڵەگێڕی مەی دەیبینن، ئەوسا ئەوانیش وەك ئێمە سەرسام دەبوون، حەرامیان نەدەکرد، ئەم بینینەش (بصر)ێکی تایبەتەو خۆ

---

١- الفتوحات المكية، الشيخ الاكبر والنور الابهر العارف بالله العلامة: محى الدين ابن عربي، المجلد الرابع، بيروت، بدون سنة الطبع، ص١٩٨

**دۆزینەوەیە لەناو کەشێکدا، کە تەنیا ئەوانەی بە سلوکدا تێپەڕیون دەتوانن هەست بەم سەرسامیو گەشە ڕۆحییە بکەن، هەر بۆیەشە توانەوە لەناو خۆشەویستی خوداییدا، سەرسامییەکی هێندە مەزنە، ئەوەی لە بازاڕەکە نەبوو بێ، ناتوانێ گوزارشتی لێ بکات.**

**د/ هاوژانیو هاویەکبوون لە ڕووی ئازاری دونیاوە:**

**ئەگەر هەندێ جار(مەیخۆر)ی دونیایی لە ژیانی خۆی بێزار بێو لەتاو خەمو خەفەتو ئازارەکانی ژیان خۆی مەست بکات، ئەوا سۆفیش هەمان ئازاری هەیە، ئەگەرچی ئەم ئازارەیان قووڵترە، بەڵام مەیخۆر، کە داوای بادە لە مەیخانەدا دەکات بۆ ئەوەی کەمێك ئازاری کەم بێتەوە، لای سۆفی لە خودی خۆیدایە. واتە دەبێ ڕاهێنان لەسەر دەروون (نەفس)ی خۆی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ هەنگاوی (من عرف نفسه فقد عرف ربه) [*] جێبەجێ بکات، هەر بۆیە مەحوی دەڵێ:**

**لەبەر قاپیی خەراباتا منی دی، عیشوەیێکی کرد**

**وتی (مەحوی) لەبادەت چی، ئەتۆ خوێنی جگەربەستە / ٢٦٦**

**لە شوێنی تردا خاڵە هاوبەشەکە هەر لە خەفەتو خەفەتخانەدا دەبینێتەوە، بەوەی شاعیر پێویستی بە (مەی) خواردنەوە نییە، چونکە ناخو جەستی خۆی وەك مەیخانەیەك جێگاو خەفەتخانەیەو لە جیاتی (مەی)یش (جگەرو خوێناوی خۆی) ئامادەیە بۆ خواردنەوە:**

**خوێناوی جگەر، گۆشەیی (بیت الحزن)ێ بوو**

**(مەحوی) بەسە! مەیلی مەیو مەیخانە حەرامە / ٢٧٦**

**ئەم مەیو مەیخانەیەش بۆیە حەرامە، چونکە لە ناو جەستەی خۆیدا هاوشێوەی مەی هەیە، کە خوێناوی جگەرە، بۆیە هەتا لە ناو لەشی خۆیدا هەبێ، حەوجێ بە شوێنی تر ناکات.**

**لە شوێنێکی تردا هاوشێوەی مەیخانە، مەحوی کونجێکی دیکە دەگرێتەبەر، هاوشێوەبوونەکە لەوەدایە وەك چۆن مەیخۆر لە کونجێك دوور لە چاوی کۆمەڵگە مەی دەخواتەوە، کە ناوی لێناوە مەیخانەو کەمترین بەندیواری لەگەڵ خەڵك دەبێت، ئەمەش نایەوێت لەسەر ئەم حاڵو بارەش منەت لەسەر خەڵك**

---

[*] واتە هەر کەسێك دەروونی خۆی ناسی، خوداشی ناسیوە. ئەم وتەیە بە لای هەندێك لە زانایانی ئیسلامی فەرموودەیەکی لاوازی پێغەمبەرە، پێشەوا نەوەوی ڕەتی کردۆتەوە کە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) بێت. ئیبن حەجەر پێی وایە، وا بلاوە ئەمە وتەی یەحیای کوڕی مەعازی ڕازی بێ. بڕوانە (**الصواعق المحرقة على أهل الرفض والضلال والزندقة، احمد بن محمد بن حجر الهيتمي الانصاري، المحقق: عبدالرحمن بن عبدالله التركي، المجلد الثاني، مؤسسة الرسالة– لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٧، ص٣٧٩.**) لەبارەی تەئویلی ئەم وتەیەش زانایان ڕاوبۆچونی جیاوازیان هەیە، لەوانە: (نەوەوی) کە بە فەرموودەی دانەناوە دەڵێ: واتاکەی ئەوەیە هەر کەسێك دەروونی خۆی لەکاتی بێهێزیو بەندایەتی بەرەو لای خوا ناسی، ئەوا خودای بە بەهێزیو ربوبییەتو کەماڵی ڕەهاو خەسڵەتی بەرزەوە ناسیوە. شێخ تاجەدین عەتائوڵلاش دەڵێ: لە مامۆستای خۆم ئەبو عەباسی مورسیم بیستوە، کە ئەم وتەیە دوو تەئویلی بۆ هەن: یەکەم، هەر کەسێك لە بێ هێزیو لاوازی دەروونی خۆی ناسی، ئەوا خودای بە مەزنیو عەزەمەتەوە ناسیوە، کەواتە ناسینی دەروون لە سەرەتاوە، پاشان ناسینی خودایە. دووەم، هەر کەسێك دەروونی خۆی ناسی، بەڵگەی ئەوەیە پێشتر خوای ناسیوە، یەکەم حاڵی ڕێبوار (سالك)انەو دووەم حاڵی کەمەندکێشکراوان (المجذوبين)ە. ئەبو تاڵیبی مەککیش پێی وایە ئەگەر مرۆڤ خەسڵەتی دەروونی خۆی ناسی، ئەوا خەسڵەتی خوداش دەناسێو حەز دەکا هەمیشە ڕەفتار لەگەڵ خودادا بکات. ئەم وتەیە دەیان تەئویلی تری بۆ کراوە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: **الحاوي للفتاوي، عبدالرحمن بن ابي بكر، جلال الدين السيوطي، المجلد الثاني، دار الفكر للطباعة والنشر، بيروت– لبنان، ٢٠٠٤م.ص ٢٨٨.**

بكات، لەجیاتی مەیخانە کونجێك پەیدا دەکاو لە جیاتی (مەی)ش خوێناوی جگەری خۆی، کە خەمو ژانو ئازارەکانیەتی نۆش دەکات:

**خوێنی جەرگو کونجی عوزلەت بەسمە بەش**

**بەر منەت بوونی مەیو مەیخانە بۆچ / ٩٦**

ئەم خوێنی جەرگە، بە لای شاعیر خواردنەوەی ئاسانترە، نەك تێکەڵ بوونی لەگەڵ خەڵك، بە واتایەکی تر لەگەڵ دڵ ژیانو خۆخستنە داوی نالەو ئازاری دڵ، پیشەی هەمیشەیی ئەوە، لێرەشدا وەك مەی خۆر تەنیا زەرەری بۆ خۆی دەبێتو بەس:

**ئەی دڵ بنالە ساز بدە چەنگی بەزمی عیشق**

**مەی خوێنی جەرگە، نالەیی مەحزونییە گەرەك / ١٩٢**

عیشقو مەی بەیەکەوە گرێدراون، چونکە لە عیشقی سۆفییانەدا، سۆفی نایەوێ بە هیچ شتێکەوە پەیوەست بێت، بەو پێیەی بالاتر لەوە دەڕوانێ، تێپەڕین لەو پەیوەستییانەو بەخۆگەیشتنو خۆناسین، مەستییە، بە واتایەکی تر عیشق بە باڵاییو بەرزیو عیشق بە حەقیقەتو عیشق بە نەمریو عیشق بە مەعشووقی ئەزەلیو ڕەهابوونی لە هەموو پەیوەستییەکان، بریتییە لە مەستی[١]. لەبەرئەوە لە شیعری مەحویشدا ئەم بیرکردنەوەیە بوونی هەیە، بەوەی بە زۆری کە باس لە مەستی دەکرێ، دەبێ ئامانجێکی لەپشت بێت، ئەویش عیشقەو مەستی ڕێگاو کەرەستەی گەیشتنە بە عیشقەکەو بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بە تەنیا تەئویل بۆ یەکێك لە چەمکەکان بکرێت، چونکە هەردووکیان پێکەوە گرێدراونو بنەمایەکی سۆفییانەیان لەخۆدا بەرجەستە کردووە.

دڵو جەرگو خوێنەکەیان لەناو لەشی مرۆڤدا بە لای بابای سۆفییەوە تایبەتە. ئەوەی ئاشنای خوێنی ئەم دوو ئەندامە بێتو زاتی ئەوە بکات نۆشیان بکات، ئەوە پلەیەکی بەرزی بڕیوە. بۆیە بە لای سۆفییەکانەوە خوێنی دڵ، مەی مەیخۆرانە:

**خۆشە بە یادی ئەو لەبەوە نۆشی خوێنی دڵ**

**بەم نەشئە ئاشنا نەبووە غەیری ئەهلی ذەوق / ١٨٣**

دەستنەکەوتنی مەی بە لای مەیخۆرەوە ناخۆشترین ساتەکانە، بە لای سۆفیش دەستنەکەوتنی شەڕابی خۆشەویستی خودایی ناخۆشترین حاڵە، لە هەردووکیاندا خۆخۆریو زیاتر قووڵبونەوە بە خۆناسین، بریتییە لە ڕاهێنانێکی دەروونی، کە خۆی لە خواردنەوەی خوێن دەبینێتەوە:

**قوم هەر دەبێ لە خوێنی جگەردا بە ئاهەوە**

**ئەو مەستی غەفڵەتە لەبی مەیگونییە گەرەك / ١٩٣**

ئەم حاڵەتە بە لای (مەحوی) یەوە جێگرەوەیەك (بدیل) ی تەواوی (مەی)ی دونیاییە، نالەی دڵو خوێنی جگەر، کە نیشانەی زیندوێتین، بۆیە خوێنیان فیچکە دەکاو دڵیش هاوارو نالەیەتی بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی، ئەم گەیشتنەش بە سەرخۆش بوونو گوێ لە نەی گرتن نابێ، بەڵکو بە خواردنەوەو تێکەڵ بوونە لەگەڵ خوێنو نالەی جگەرو دڵ:

---

١- هستیو مستی، حکیم عمر خیام نیشابوری به روایت حکیم دکتر دینانی/ گفتگو از کریم فیضی، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٨٩، ص٣٠٤-٣٠٥

**خوێناوی جەرگ‌و ناڵەیی دڵ گەر عەطاکرا**

**نۆشینی مەی، سەماعی نەیەو زیرو بەم حەرام / ۲۱۲**

هـ/ بێ مەئواو بێ شوێنی لە هەردوو لادا خاڵی هاوبەشە. بەو واتایەی سۆفی، کە هیچ کونجێکی دەست ناکەوێ لە ناو کۆمەڵگادا، یان لە ترسی هێرشکردنی خەڵکانی ترو تیرو توانج تێگرتن، بە دوای شوێنی خۆ حەشاردنەوەدا دەگەڕێت، بێگومانیش ئەم شوێنە لە نەبوونەوە باشترەو وێڕای ئەوەی شوێنی خەم بە باکردن‌و خەفەتخانییە، بەڵام تا ڕادەیەك ئۆقرەو سوکنایی دەبەخشێ، ئەگەر گۆشەی (بیت الحزن)ی لە شیعرەکەی پێشووتردا لە بەرامبەر مەیخانەدا دانابێ‌و نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئەم گۆشەیەی پیرۆزتر داناوە، ئەوا هەر ئەم گۆشەیەی لە بەرامبەر خۆشی بەهەشت داناوەو ئەو گۆشەیەش جێگای دەردو جەفایە:

**بەختە زاهید کە بەهەشتی بوەتە مەئوا، من**

**غەیری (بیت الحزن)ی دەردو جەفا نیمە مەلاذ / ۱۱۷**

هەر لەو شیعرەشدا مەیخانە بە مەئوای خۆی دادەنێ‌و ئەم مەئوایەش باشترین شوێنە بۆ بێ شوێنان لە ناو ئەم هەموو غەمەی کە جیهانی داگرتووە، نەك هەر ناو مەیخانەکەش، بگرە بەر دەرگایەکەشی سوکنایی دڵ‌و دەروونە:

**تەمی غەم عالەمی داگرتووە، بێ مەئوا بووم**

**بەر دەری مەیکەدەیەو بەس، لەوەلا نیمە مەلاذ / ۱۱٦**

بێ شوێنی وەك نیشاندانی ئاوارەیی‌و بێ کەسی‌و بێ پارەیی، بۆتە خاڵی هاوبەشی هەردوولا، هەر لەبەر ئەمەشە مزگەوت کە شوێنی بڕوادارانە، سۆفی هەڵینابژێرێ‌و نایەوێت‌و لە شوێنێك بوونی هەبێت، کە لەگەڵ خەڵك تێکەڵی هەبێت، چونکە (بوونی سۆفی لە مزگەوت ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی ئەوان‌و پیاوانی سەر بە کایەی تری ئاینی بە تایبەت فەقیهەکان بەهێز دەکات، لەو جۆرە ڕووبەڕووبەنەوەش سۆفیان ناچار دەبن مزگەوت چۆڵ بکەن، یان لایەنی کەم هەوڵ بدەن مزگەوتی تایبەتی خۆیان هەبێ)[1]، کە دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی خانەقا لەناو مێژووی سۆفییەتیدا، لە خانەقاش دوورە پەرێزتر، کە سۆفی دڵی پێوە دابمرکێ‌و هاوشێوەی مەیخانەی مەیخۆر کەسی بە سەرەوە نەچێ‌و تێیدا لە جیهانی تایبەتی خۆیدا بگاتە حاڵ‌و مەقامی خۆی، ((گۆشە- الزاوية) کان بوون، کە تایبەت بوو، بە یەك سۆفی‌و وا پێدەچێ زیاتر لە دەشت‌و دەرو ناوچەکانی دوور لە ئاوەدانییە گەورەکان دەرکەوتبێ... ئەگەرچی سۆفییەکان بۆ پێداگیری لەسەر ڕەهەندی دوورە پەرێزییانەی بیرو بۆچوونەکانیان خانەقاو گۆشەکانیان لە شوێنی دوورە دەست دادەمەزراند، لایەنی کەم لە گوندو دێهاتەکان، بەمەش پەیوەندییان بە سروشت نەدەپچڕاندو کەمتر تێکەڵ بە ژیانی شاری دەبوون‌و زیاتر پشتیان بە سروشتەکە دەبەست)[2]. گۆشەی خانەقاو پەرستش بۆ سۆفییەکی بەدبەختی ناو کۆمەڵی کوردەواری‌و ناڕازی لە کۆمەڵگاو، بێزار لە ژیانی

---

۱- لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت، سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا، د. حەیدەر لەشکری، موکریان، چاپی یەکەم، ۲۰۱۳، ل۲۸

۲- سەرچاوەی پێشوو، ل۲۸

**ریابازانەی دونیا، وەك کونجی ئەو مەیخانەیە وایە، کە بۆ مەیخۆر لەناو ئەو پانتاییەی کۆمەڵگەدا خۆشترین شوێنە بۆ بەسەربردنی کاتێکی تایبەت.**

**لەو نموونانەی سەرەوەی شیعری مەحویدا، بە ڕوونی هەست بەوە دەکرێ، کە کونج و گۆشەو مەیخانەکان لە کۆمەڵێك ڕەهەندەوە لە یەکتر نزیکن، ئەگەر لە بیرو باوەڕیشدا سنوورێکی درێژو دووریان هەبێ، بەڵام لە وێکچوونی حاڵدا هاوبەشن. بە واتایەکی تر هەردووکیان هەمان قالب و چوارچێوەن بۆ ئەوانەی ئازارو ژانەکانیان لە هەمبەر کۆمەڵگەدا وەك یەك و هەوڵدانیشیان بۆ جیهانێکی دوور لە کۆمەڵگەیە.**

**و/ وڕێنەکردن و قسەی هەڵیت و پەڵیتی مەیخۆران لە کاتی مەستی و سەرخۆشیدا، حاڵی سۆفییەکانی پێ چوێنراوە، بەوەی کە سۆفییەکان لەکاتی جەزبەگرتن و توانەوە لەناو حاڵی خۆیاندا، هەرچی وشەو زیکری تایبەتیان بە دەمدا بێت، ئەگەر لە لایەن فەقیهو زانایانیشەوە جێگای قبوڵکردن نەبێت و وەکو وڕێنەی مەیخۆران تەماشا بکرێ و بە هیچ کلۆجێك لێیان نەگیرێ و بە حاڵەتی ناهۆشی و شێتی لە قەڵەم بدرێن، ئەوا جیهانی تایبەتی خۆیانەو لەم دوو کایەدا هەردوو لا هاوبەشن.**

**ز/ مەیخۆران هەمیشە هۆشیاری ڕاستەقینە لەمەستبووندا دەبینن، بە واتایەکی تر بۆیە شەڕاب دەخۆنەوە تا بچنە جیهانێکی ئارام و ڕاستەقینە. مەیخانەی تەسەووفیش دەروازەی دۆزینەوەی حەقیقەت و هۆشیارییە، بە جۆرێك دونیا، چونکە جێگای بێ ئاگاو غافڵانە، بە شەڕابی سۆفییانە هۆشیان دێتەوە بەرو لەو ناهۆشیارییە رزگاریان دەبێت، لەبەرئەوە ئەگەر نەتوانن بچنە ژووری مەیخانەش، ئەوا خۆڵی بەر دەرگاکە هەستی هۆشیارییان لا بەرجەستە دەکات، ئەم وێنەیەش لای مەیخۆری دونیایی و مەیخۆری سۆفییانە تا ڕادەیەکی زۆر لە یەك نزیکن، ئەوەتا مەحوی دەڵێ:**

**لەبەر قاپی خەراباتا کە یارەب دایمە ئاوابێ**

**مەگەر خاکێ بەسەرداکەم، بکەم گاهێ دەماغێ چاغ / ١٠٦**

**ح/ ڕاکردن لە تانەو تەشەر لای هەردوو لا بوونی هەیە. بە جۆرێك بابای سۆفی، کە شوێنە سەرەکییەکەی خانەقاو، دەروێشیش شوێنە سەرەکییەکەی تەکیەیە، بۆ ئەوەی ئایدیاو بیروباوەڕی خۆیان بپارێزن، لە پێناو ئەم پاراستنە دەبێ خۆیان لە هەرچی بەربەست و ڕێگری دوور بگرن، ئەگەر ئەنجامەکەی فەوتان و ئازاریش بێت، بەڵام بۆ ئەوەی بنەمای فیکری ڕێبازەکەیان تووشی ڕووشان نەبێت، ئەوا دەست لە خۆشییەکانی خۆیان هەڵدەگرن و بەرەو نادیار تەی دەکەن:**

**ئەو تەکیە سەببی عیشقی تیا بێ، تیا مەبە**

**بۆ سوننیە تەوەططونی موڵکی عەجەم حەرام / ٢١٢**

**بەو واتایەی لە هەر شوێنێك مەترسی بۆ ڕێبازەکە بێتە کایەوە، دەبێ سۆفی هەڵوێست وەربگرێ. هەڵویست وەرگرتنەکەش لەوەدایە، کە ئاشکرایە سۆفی ئەو دەسەڵاتەشی نییە بەرەنگارییان ببێتەوە، پەیامەکەشی ئاوا ڕشت نییە، کە جەنگ بەرپا بکا، بۆیە بە ناچاری دەبێ وەك حاڵەتێکی شەرعاندن، ئەو شوێنە جێ بهێڵێ و لە شتە پروپوچەکان (لەغوو لەهو)ی دونیادا دووربکەوێتەوە. خاڵە هاوبەشەکەش لەوەدایە مەیخۆریش لە پێناو خۆ دوورگرتن لە توانج و جنێوی خەڵك، ناتوانێ لەناو خەڵکدا مومارەسەی مەستبوونی خۆی بکات، بۆیە مەیخانە هەڵدەبژێرێ، لە بەرامبەریشدا (سۆفییەکان نە ڕووبەڕووی واقیع**

دەبنەوە، نە لەگەڵیدا ڕادێن، بۆیە بە هۆی شەڕابی عیشقی یەزدانییەوە مەست دەبن و لە جیهانی واقیع دادەبڕێن و لە جیهانی خەیاڵدا دەگیرسێنەوە)[1]. ئەم خەیاڵەش لە هەردوو لادا دژە واقیعە، جا بە هەر تەرزێك خۆی نیشان بدات، كە بێگومان لە شتە گشتییەكاندا وێكچوونێكی زۆر هەیەو هەرچی جیاوازییەكەشە تەنیا لە وردەكارییەكاندایە.

ط/ وێكچوونی ساقی و رابەر: ئەم وێكچواندنە بە زۆری و زۆرداری نییە، ئەوەندەی ڕێخۆشكردنە بۆ كەشفكردنی چەمكی تر، كە لە دەوروبەر (سیاق)ی دەقەكەدا هەیەو، دواجاریش سەردەكێشێ بۆ دۆزینەوەی مەبەستی دەق و نووسەر، چونكە دەشێ لە ناو ئاڵۆزی و چنینی دەقدا، تاكە وشەیەك لە چەندین شوێندا، لە هەریەكەیان جۆرێك قورسایی هەبێت و بۆ مەبەستی جیاواز، خۆی بەرجەستە بكات. لەبەرئەوە وەكو چۆن مەیخۆر چاوەڕێی مەیگێڕ (ساقی) یكە تا تێر مەی بكات و ئاواتە دەروونییەكەی بێنێتە دی و بە تامی مەی شادی بكا، بە هەمان شێوە سۆفیش بە دوای خۆشەویستەكەی خۆی دەگەڕێت و نایەوێت ناوی ببات، چونكە ئەگەر ئەوەی ئەو بە دوایدا دەگەڕێت، هەموو خەڵك هەمان بینینیان بۆی هەبێت، ئەوا نهێنیی پیشەكە ئاشكرا دەبێت و واتایەك بۆ كردەكە نامێنێت.

لێرەدا تامی گەیشتن بە مەی لە لای مەیخۆرو تامی گەیشتن بە یار لەلای سۆفی، لەوەدا لە یەكتر نزیكدەبنەوە، كە هەردووكیان گەشەو نەشئەیەك دەبەخشن و بۆی هەڵوەدان.

## ١-١٢ یارو مەی

بۆ شیكردنەوەو لێكدانەوەی مەی و پێكهاتەكانی پێویستمان بەوەیە لە سیاقی دەقەكاندا بە دوای پەیوەندییەكانی مەی لەگەڵ چەمكەكانی تر بگەڕێین، چونكە ئەگەر شیعری سۆفیگەری لە هەندێك ڕوودا وەك وێنەكانی غەزەل و بەكارهێنانی شیعری شەرابی لاسایی كۆنینەی كردبێتەوە بە جۆرێك (لە وەسفی كاسەی شەڕاب و بۆن و بەرامەی و دیوانی شەرابخۆران، دەستی ساقیاندا.... دایەلۆگی نێوان ساقی و مەیخۆرو مەستبون تێیدا، لاساییكەرەوە بووبن)[2]، ئەوا داهێنانەكەیان لەو بوارەدا بووە، كە بنەچەی وشەو دەربڕینەكانیان لە ڕووی واتاوە لەو قاوغە هێنادەرو بەرەو دەلالەتێكی سۆفییانەیان برد. ئەمەش هەر لەو حاڵەدا نەبوو، كە هەمیشە ساقی بە كچێكی جوان دابنێن، بەڵكو مەبەستە ڕۆحییەكە ئەوەندە زاڵ بوو، بنەمای پەیوەندی مەی لەگەڵ چەمكەكانی تری بە تەواوی گۆڕی. بە شێوەیەك لاساییكردنەوەكە هەر تەنیا لە شێوەی قالبێك مایەوەو ستراتیژییەتی دەقی لە بنەچەوە بە ئاڕاستەی بیری سۆفییانە گۆڕی.

ئەگەر بە چاوێكی هێرمینۆتیكیانە بڕوانینە شیعرەكانی (مەحوی)، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە لە چەند ئاراستەیەكەوە، شیعرەكانی تەواو تەواو خۆیان لە بنەما میراتییە تەقلیدییەكە داماڵیوە، ئەمە وایكردووە كە ئەگەر هەر قالب و پێكهاتەیەكی جێگیر بۆ مەدلوولی وشەیەك و پەیوەندییەكانی دانرابێت، ئەوا مەحوی تێكی شكاندووە. تێكشكاندنەكەش بە لای وەرگرەوە جێگای سەرنجە، كە بۆچی مەحوی ئەو واتایە چەقبەستووو نەگۆڕ (ثابت)انەی دووبارە نەكردۆتەوەو بەڵكو لە ئاستی خۆیدا سەرچێغ چووە

---

١- مەی و مەستی لە شیعری سۆفیگەری كوردیدا، محەمەد سلێمان عەباس، گۆڤاری رامان، ژ١٧٧، ٢٠١٢/٢/٥ لا٥٢

٢- بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی لاساییكردنەوەی سۆفییەكان لەبارەی مەی و دەركەوتەكانی لە شیعری سۆفییانەی عەرەبیدا، بڕوانە كتێبی تأویل الشعر وفلسفته عند الصوفیة، ص ١٩٥-١٩٩

بەو بارەی، کە پەیوەندی یارو مەی، هەمان ئەو پەیوەندییەی پێشوو نییە؟ هەمیشە مەی خواردنەوەی دەستی دڵبەر بێت بۆ دڵدارو، یان هەنگاوی یەکەمی گەیشتن بە یار بێت، ئەم وێنانە هەر جۆرێك بن، لە بەرژەوەندی تەئویلدان، بۆ ئەوەی لە ڕێی دۆزینەوەی پەیوەندییەکانیان ئاراستەکانی کارکردنو مەبەستەکانی نووسەر/ دەق هەڵبکرێنینو چیتر ئەو بڕیارە کۆنانەی، کە گشتێنراون بۆ هەموو شیعری سۆفییانە بەڕاستی نەزانینو خوێندنەوەیەکی هێرمینۆتیکیانە لە ڕێگای شیکردنەوەی پەیوەندییەکان بۆ هەموو بڕیارو سەرنجەکان ئەنجام بدەین، وا بە پێویست دەزانین، پەیوەندی نێوان مەیو یار، بخەینە چوارچێوەی چەند پۆلێن بەندییەکەوە، کە خۆیان لەمانەی خوارەوە دەبیننەوە:

### ١-١٢-١ غیابی مەیو ئامادەیی یاری نێرینە

لە ڕێگای کۆمەڵێك نیشانە لە نێو دەقدا، دەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین، کە ئیتر هەموو جارێ (مەی) هەوێنی گەیشتن بە (یار) نییە، ئەمەش ئەو کاتە دەبێ، کە خوێندنەوەیەکی تەئویلییانەی (شلایرماخەر)انە لە دوو ڕەهەندەوە وەربگرین:

أ/تەئویلێکی ڕستەسازیی زمانی (فیلۆلۆجیا)، کە تەئویلێك بێت، بوەستێتە سەر تێگەیشتنی زمان. بەو جۆرەی کە ئامرازی گەیاندنو مەرجی گوتارو نواندنی زەینی تاك بێت.

ب/ تەئویلی دووەم بریتییە لە تەئویلێکی تەکنیکیی دەروونی، ئەویش خۆی لە دوو شێوە دەبینێتەوە: یەکەمیان تێگەیشتنی دەربڕین. دووەمیان تێگەیشتنی فیکر، کە دواتر سەردەکێشێ بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی نووسەر، ئەمەش لە ژێر سایەی دەسەڵاتی دانەر دەبێ، کەواتە دوالیزمی خودیو بابەتی، کە تێیدا قسەکەر هەوڵ دەدا بە بەکارهێنانی پێکهاتەکانی زمان، شێوازێك دابڕێژێت، کە تەعبیر لە ناخی خۆی بکات، بەمەش تەئویلە تەکنیکییە دەروونییە گوتار ئامێزەکە بەسەر تەئویلە ڕستەسازییەکە زاڵ دەبێت[١].

لە هەڵسەنگاندن بۆ پەیوەندییەکانی نێوان مەیو یار، هەمیشە لە زەینی وەرگرێکدا، ئەوە دەخەملێندرێ، کە دەبێ پەیوەندییەکان هاویەك بنو یەکێکیان ئەویتر تەواو بکات، بەڵام کە دێینە سەر تێگەیشتنی تەکنیکی دەروونی، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە (مەی) لێرەدا، حاڵەتە حەقیقییەکەی خۆی هەڵدەگرێتو پێویستی بە ڕەمز نییە، ئەم پێویست نەبوونە دەبێ لە سەرێکی ترەوە قازانج بە گوتاری دەق ببەخشێتو هەتا ستراتیژییەتی گوتاریش ڕوون نەکرێتەوە، گرنگیو نا گرنگی مەی وەكو ڕەمز، یان مەی ئاسایی خۆی دەرناخات. تێگەیشتن لە شیعری مەحویش هەندێ جار پێویستی بە ڕەچاوکردنی ئەو بڕوایەی سەرەوەی (شلایرماخەر) هەیە، چونکە لە چوارینەکەیدا ئەم ئیشکالیەتەی دەرخستووە:

**بەبێ بەزمی حوزوری تۆ، حەرامم کردوە بادە**
**نەوەك بشکێ بە نەشئەی مەی خوماری دەردی بێ تۆیی**
**لە میحنەت خانەکەی مندا بە بێ تۆ هەر براڕۆیە**
**کە جارێ ئێوە ناپرسن کە من بۆچی بڕاڕۆیی** / ٣٥٩

---

١- قراءات في الخطاب الهرمينوطيقى، الدكتور عامر عبدزيد، ابن النديم للنشر والتوزيع، الجزائر، الطبعة الثانية، ٢٠١٢، ص١١٢

یەکێك لەو ناڕوونییانەی، کە ڕووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە، بریتییە لە سیاقی چوارین، ئەگەر هاتباو ئەم دێرە لە ناو غەزەلێکدا هاتبا، ئەو کاتە مەی لە ناو غەزەلدا بە شێوەیەکی ئاسایی ئەوەندەی لەگەڵ میراتە کلاسیکییە غەزەلیەکەدا پەیوەندی هەیە، ئەوەندە مل بۆ گوتاری تر کەچ ناکات. لەوەدا دەبێ وردتر بین، هەر لەبەر ئەوەشە چوارین بوارەکەی ئەوەندە تەسکە، ڕێ بەوە نادات غەزەلیانە مەیو خۆشەویستی بە شێوەی نیشاندانی میراتە کۆنینەکە نیشان بدرێت.

وردبوونەوەش بە شێوە دەروونیو تەکنیکییەکە ئاڕاستەی گوتارەکە لە زەیندا بەرەو سەرسامبوونی وەرگر دەبات، بەوەی ئەمجارە:

١- مەی لەگەڵ یار تەبا نییە، چونکە لێرەدا مەی سەرخۆشبوونی دونیاییە. مەستبوونەکە شاعیر لە بیرکردنەوە لە یار بێ ئاگا دەکات، ناشیهەوێت بێ ئاگا بێت، کەواتە چەقو سەنتەری گوتارەکە لێرەدا (یار)ە، ئەگەرچی هاودەمی هەمیشەیی پێشتر (مەی) بووە، کە حەڵاڵی خۆی بووە، بەڵام بڕیاری حەرامکردنی داوە، لەبەر ئامادەنەبوونی یار لە واقیعدا. ئەم ئامادەنەبوونە، ئامادەییەکی زەینی خولقاندووە، ناشکرێ لە لیقاو بە یەکگەیشتنە زەیینەکەدا بە هۆی (مەی) بشێوێندرێتو ونی بکات.

٢- دەرکەوت، کە شەراب لە کاتی وەصل دایە، نەك فیراق. کاتێ بە یار دەگات مرازی هاتۆتە دیو ئیتر لە بینینیدا مەست دەبێتو هەروەك ئەوە وایە شەرابی خواردبێتەوە، بەڵام لە غیابی ئەودا هەمیشە هۆشیارە، تا لەبەر چاوو زەینی ون نەبێت.

٣- ئەگەر زۆربەی جار (یار) لەگەڵ (مەی)دا، ڕەگەزی مێینەتی بەخۆیەوە بەخشی بێت، یان فریشتەو خودا بێت، ئەوا ئەمجارە لە گوتارە دەرونییەکەدا، (یار) پشتیوانێکە، کە لە فەرهەنگی کوردیانەدا پشتیوان دەبێتە (برا)، بۆیە بە بێ بوونی ئەو بۆ هەردوو لا، لە لایەك لەدەست چوونی برایە، واتە بە بێ یار لای شاعیر براڕۆیە. واتە شاعیر ئەوی بە (برا) دانا. لەلایەکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شاعیر هێندە وەفای هەیە، شەڕابیشی لەخۆی حەرام کردووە، کەچی جارێك نەیبیست یار بڵێ کوا برام؟ بەو واتایەی شاعیر خۆی بە برای ئەو دادەنێتو ئەویش بە برای خۆی دادەنێت، بەڵام دەشێ لای یار وا نەبێت.

٤- ڕۆچوون بۆ ناو سینتاکسو گەمەی زمانی، کە لە بەرژەوەندی ئاڵۆزکردنی دەقدا دەبێت، دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی گوتارە تایبەتییەکەی شاعیرو تێیدا لەناو وردەکارییەکاندا واتای قووڵتر خۆی هەڵدەکرێنێ، بەجۆرێك، کە لە بونیادە زمانییە سینتاکسییەکەی ئەم چوارینەیە ڕادەمێنین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە جێگۆڕکێیەك لە جێناوەکانی تۆ/ ئێوەدا کراوە. گۆڕینی یەکەمیان بە دووەم لە سیاقە زەینییەکەدا، مەدلوولێك دەهێنێتە ئاراوە، کە دایەلۆگ سازاندنەکە لە نێوان شاعیرو یاردا سەرەتا ئامادەییەکەی بە تەنیا لە (تۆ)دایە، واتە وجودی تەنیا یەك کەس، کە بارتەقای هەمووانەو هەر ئەو قورساییەشە بادەی لە پێناودا بۆ حەرام کراوە، بەواتایەکی تر دەردی (بێ تۆیی) نەك (بێ ئێوەیی) وای کردووە ئەم هەڵویستە بگرێتەبەر. واتە شاعیر یەك کەسی گەرەکە، کە (تۆ)یە، بەڵام لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ شاعیردا لە حاڵەتێکی دەروونیدا، کە ژیانە لەناو میحنەتخانەداو پشت شکانە بە نەمانی برا/ تۆ، ئیدی گوێی لە پرسینێك نییە، کە هێزو قورسایی (ئێوە) بپرسن بۆچی براڕۆیی دەکەی؟ یان بۆچی دابڕان هاتۆتە کایەوە؟

٥- نیشانەیەکی تری ئەوەی هەر دوولا نێرینەن، جۆرێك وێکچواندنە بۆ وێنەی یەعقوب لەگەڵ یوسف، کە بۆتە ڕەمزێك لەناو مێژووی ئەدەبیاتدا، بە نیشانەی غەمگینیو ئەو کونجەی تێدا گیرسایەوە بە کونجی غەم (بیت الاحزان) ناسراوە. کەواتە خودی شاعیر لەگەڵ نێرینەیەکی تردا فیراقی کردووە، هەمیشەش لە مەیخانە تەنگو ناخۆشتر ئەو کونجو گۆشەی زیندانی ژیانە، بە تایبەتی بۆ بابای سۆفی، میحنەتخانەکە لە مەیخانەکە ناخۆشترەو هەندێ جار بە دونیاش چوێنراوە، دونیایەك کە بۆ سۆفی پڕ لە ناخۆشیو ئازار بێ. وەك دەڵێ:

**لە حینی نەزعی رۆحا، رۆحی عاشق**

**وتی ئۆخەی لە میحنەتخانە دەرچووم.** /٢٢٥

ئەم میحنەتخانەیە، هەمان میحنەتخانە تایبەتییەکەی چوارینەکەی سەرەوەیە، کە یاری نێرینەو رابەری ڕێگاکەی خۆی بەهەموو هێزو قورسایيو موریدو دەستو پێوەندییەوە قسەیەك لەبارەی شاعیرەوە ناکەن، ئەگەر خودی یاریش قسە ناکات، بەڵام فەرمانێك ناکەنو بە یەکەوە چرپەی براڕۆیەکیان لێوەنایەو لێی ناپرسنەوە.

### ١-١٢-٢ یار یەکسانە بە مەیو ساقی

دوای ئەوەی زانیمان پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان مەيو یار هەیە، پەیوەندییەکەش ئەگەر لە ڕووکەشدا دۆستایەتی پێوە دیار بێت، بەڵام ئامادەیی یەکێکیان غیابی ئەویتریانە. ئەوەی ئیشکالییەت دەسازێنێ، ئەوەیە، کە ریتمەکە هەر بەم شێوەیە نامێنێتەوە، بەڵکو ئەوەی گەمەی زمانيو کێشەی واتا دروست دەکات، بریتییە لە نیشاندانی تەرزێکی تر لە وێنەی ئەم پەیوەندییە، ئەویش خستنە ڕووی وێنەیەکی تێکەڵە، بەوەی یار لە چوارچێوەی مەيو ساقیدا خۆی بەرجەستە دەکات، بەڵام وەرگر ناتوانێ لە یەکێکیاندا یەکلاییان بکاتەوە. وەرگری ئاسایی هەمیشە لە گونجانی یەکەکانەوە حوکمی ئاسایی بوونی واتا دەکاتە پێوەری لێکدانەوەی راستترین واتا، چونکە بۆ مرۆڤ نزیکییەکە لە ساقییە نەك مەی، چونکە مەیگێڕ (ساقی) لە بونیادی وشەکە لە ڕووی دەروونيو کۆمەڵایەتییەوە لە خودی شاعیر هاوبەشی دەدۆزێتەوە زیاتر وەك لەوەی (مەی)، کە تەنیا هەوێنی دەستی ساقییە بۆ مەیخۆر. هەر تەنیا ئەمە بەس نییە کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگاداو رەچاوکردنی لۆجیك، وەرگری ئاسایی شاعیرو ساقی لەیەك نزیك بکاتەوە، بەڵکو ڕامان لە سیاقەکەداو وردبونەوە لە تەئویلی غەزەلەکەدا، ئەوەی لێ هەڵدەکڕێندرێ، کە شاعیر کاتێك دەڵێ:

**دەفەرموێ کە حەکیمو دەوا مەیەو ساقی**

**دەگرنەوە لە نەخۆشی منا کەوا (حافظ)** / ١٦٢

ئەوا چنینەکە جیاوازی تێگەیشتن دروستدەکات، چونکە ئەگەر پێش هێنانەوەی شیعرەکە پرسیارێك بەم شێوازە بکرێ: ئایا مەیگێڕ (ساقی)، یان مەی، لە مرۆڤ نزیکترە؟ بێگومان دەربڕینەکە لەگەڵ شیعرەکەدا زۆر جیاوازە. لە شیعرەکەدا مادەم حەکیمو دەوای بەکارهێناوە، دەشێ مەی دەواو، ساقی حەکیم بن. لە بەرامبەریشدا نەخۆشی پێویستی بە هەردووکیانە. بە بێ مەیەکە دەوا بەهای نییەو بە پێچەوانەوەش راستە، هەروەها ساقیش ئەگەر حیکمەتی نەبێت ناتوانێ هەڵسوکەوت لەگەڵ (مەی)ەکە بکات.

لێرەدا شێوازێك لە ڕووی تێگەیشتنەوە هاتە ئاراوە، بەڵام (مەحوی) بە كارزانیی لە چنینی دەقەكەدا بڕیاری یەكلاكەرەوە نادات، ئەوە خوێنەرو ڕەخنەگرن لە وردبونەوەیان هیچ نەبێت لایەنێكی تاریكی مەبەستەكە ڕۆشن دەكەنەوە. نەخۆشی شاعیر پێویستی بە دەواو حەكیمەكە هەیە، بەڵام لە ئەنجامدا ئەو نەخۆشییە لە ڕووی ناواخنو عەقڵەوە دەشێ كەمو كوڕی هەبێت، كەمو كوڕییەكەشی لە خۆ سازدانە بۆ لیقای گەورەو جەزبەو هۆگریو حاڵ گرتن، ئەوەی لە ناخەوەش (باطین) كەمو كوڕی هەبێ، دواجار هەر دەردەكەوێو ڕەنگە شەلو شێتیش بن، ئەم شەلو شێتییەیە دواتر سەردەكێشێ بۆ خەڵوەیەكی تایبەتی بوو:

**لە نەقصی باطین ئەگەر ئاخری دەبێ ظاهیر**

**لە ئاخرا شەلو شێتی عەقیدەما جاحظ / ١٦٣**

كاریگەرییەكە ڕوون بوویەوە، كە بۆیە پێویستی بە مەیو ساقی هەیە، كە حەكیمو دەوانو نەقصی ناواخنیان هەیە، بەڵام سەرسەختترین ئازار، كە پێویستی بە چارەسەر بێت، ئەم نەخۆشیەیە، كە دەشێ دەركەوتنی زاهیر ناوەرۆكی لەبیر بردبنەوە. هەتا ئێرەش وەرگر بیری بۆ ئەو پێشبینییە ناچێت كە دەڵێ:

**چ شۆخە هاتبۆ گۆیا عەیادەتە مەحوی**

**كە ڕۆیی، ڕووشی نەدامێ، بڵێ خوا حافظ / ١٦٣**

ئەم شۆخو دڵبەر، یارە، هاتۆتە لای مەحویشو قسەی نەكردووە، ڕوونەدانو قسە نەكردنەكەش پەیوەندی نەخۆشییەكە لەگەڵ یار كەمتر دەگونجێ. نەك هەر ئەمە، بەڵكو لە سڵاوو ماڵئاوایی ئاینییش بێزاری پێوە دیاربێتو لە دڵی بۆتە گرێ، كە ئەو هاتووە بۆ عەیادەتو لێپرسین، بەڵام ڕووی نەداوەتێ، چونكە زانیویەتی لە نەقصی باطیندا، دواجار شوێنەوارەكەی هەر دیاردەكەوێت.

## ١-١٢-٣ مەی نوورو یار مێینەیە

مێینە بوونی دەق لە لاپەڕەكانی پێشوودا لێی كۆڵدرایەوە، بەڵام تێكەڵكردنی جۆراو جۆری یار لە ڕووی ڕەگەزەوەو دووبارە هاتنی لەگەڵ (مەی) دا، بە جۆرێكی تر سەر لە وەرگر دەشێوێنێ. ئەم ئاڵۆزییەش لە سەرتاپای غەزەلەكەوە بە دیار دەكەوێت، چونكە جگە لەوەی كە بەكارهێنانی ئەم جۆرە لە داڕشتنی غەزەلییانە لە مێینەبوونی یارو ئاوێتەبوون لەگەڵ مەستیو ڕەگەزەكانی مەی، چێژ بە دەق دەبەخشێو لاسایی میراتی كلاسیكییانەی بەر لە سۆفیگەرییە، بەڵام داهێنانەكە لە ڕەگەز گۆڕینو هەوێنی مەیو مەیینەكەدایە.

بە زۆری لە شیعرەكاندا دەردەكەوێت، ئەگەر نیگەرانیو هیجرانو فیراق لەگەڵ یار هەبێت، ئەوا پێویست دەكات كە (مەی) بێتەوە ناو دەقەكە، بە جۆرێك ئەوەی ئێمە تێبینیمان كردبێت، هەر كاتێك یار ون بووبێت، خودی شاعیر تەئویل بۆ وێنەكەی دەدۆزێتەوە، بەوەی هێندە حەوجێی یارە خۆی كردۆتە خاكی بەر پێی، ئەمە دەیگەڕێنێتەوە بۆ تاریكایی كردەوەكانی، بەوەی بە وەصلی یاری حەقیقی نەگەیشتووە، بۆیە ئەم تاریكاییە دەبێ بە نوورێك روناك بكرێتەوە، كە لە نوورەكانی تر جیاوازبێت، ئەویش نووری بادەیە. بەكارهێنانی (مەی)و تێكەڵكردنەوەی لەگەڵ دۆزینەوەی (یار)دا رەونەقێكی تر بە چنینی دەق دەبەخشێت:

**بە نوری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم، چبکەم**

**بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وانەکەم چبکەم! / ٢٣٠**

**یان لە شیعرێکی تردا دەڵێ:**

**کە هەڵگیرسا لە نووری بادە شەمعی حوسنی جانانە**

**نەچێتە سەر طەریقەی حەزرەتی پەروانە، دڵ چبکا؟**

**لەلایەکی تر بەکارهێنانی وشەی (شەمع) لە هەردوو دێرەکەداو هاتنی بە هاوشانی لەگەڵ بادەدا، بە بارە تەئویلییەکەی (نوری عیرفانە کە لە دڵی عاریفی خاوەن شهود هەڵدەگیرسێ و ئەو دڵە رۆشن دەکاتەوە.. ئەم شەمعەش ئەو گڵۆپەیەو نوورەکەش تەجەللایەکەیە، کە لە شێوەی شووشەدا خۆی دەنوێنێت، شووشەکەش پارێزەری چرایەکەیە).[١] بە هەردووکیان (بە بادەو شەمعەکە) بەرەو دۆزینەوەی بوونی حەقیقی دەچن، واتە ئامرازێکن یاری راستەقینەی پێ دەدۆزنەوەو لەوەدا دەگەن بە کەمالی تەواو.**

**بەم قۆناغانەی خوارەوە، ئەگەر یار بدۆزرێتەوە، ئەوا شاعیر هەنگاوی بۆ دەنێ:**

**یەکەم: دەسگیر نەبوونی یار لەلایەن شاعیرەوە، هەمان کلتورە کۆنەکە دەسازێنێتەوە، کە ئاین گۆڕین و مەزهەب گۆڕینە، ئەمە مەبەستە راستەقینەکە نییە، ئەوەندەی سەرسوڕمانییە لەوەی، کە ئەگەر کارێکی وانەکەم چ شتێك بکەم؟:**

**لەگەڵ دەستی مەلا رێ ناکەوێ زوننارى زولفی یار**

**وەکو (شێخ) ئیختیاری مەذهەبی (تەرسا) نەکەم چبکەم / ٢٣١**

**دووەم: خۆکردنە خاك، کەچی یار ئامادە نییە پێی خۆی بەسەر شاعیرەوە بنێ، ئەمە هێندە رەشبینی دەکا بەوەی خۆڵی هەموو دونیا بەسەرخۆیدا بکا، هەمووشی لە پێناوی (یار)ە:**

**لە رێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاك و پێی نەنا پێما**

**دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما، نەکەم چبکەم**

**سێیەم: قۆناغی شێت بوونە، بۆ ئەوەی لە رێی ئەو شێتییە شۆڕشێك بەرپا بکاو (یار)ی دەسگیر ببێ، چونکە دوو قۆناغەکەی تر مەحاڵە. ئەمجارە بە پاساوی ئەوەی شێت هیچی لەسەر نییە هەوڵی خۆی بدات:**

**دەمێکە شاری پڕ شۆری مەحەببەت مات و خامۆشە**

**بە قانونی تەجەننون، شۆڕشێ ئینشانەکەم چبکەم**

**چوارەم: کڕنوش بردن لەبەر دەرگای یار، ئەم دەرگایە هاوشێوەی دەرگای مەیخانەیە، کە لە دەقی تردا ئاماژەی بۆکراوە، ئەگەر دەری مەیخانەشی دەسگیر ببێ هەر گەرەکیەتی، لەبەرئەوە دوای نەمانی گریان، نۆرەی سوجدەبردن دێت:**

**لەچاوانم نەما گریە، نۆبەی سەجدە بەردەریە**

**سیاسالم نەبارە، نوێژی ئیستیسقا نەکەم، چبکەم**

---

١- مفاتيح الاعجاز في شرح گلشن راز، شمس الدين محمد لاهيجى، مقدمة، تصحيح تعليقات: دكتر محمد رضا برزگر خالقى و عفت كرباسى، انتشارات زوار، چاپ ششم، تهران، زمستان ١٣٨٥ص٥٠٨،٥٩٧

پێنجەم: یارویستن‌و نەویستنی سەرتاپای خەڵك، ئەگەرچی هێشتاش دەسگیری نەبووە، بەڵام بۆ دەرخستنی راستگۆیی و وەفاداری خۆی، (یار) لە کۆتاییدا هەڵدەبژێرێ‌و ئەوانیتر لەخۆی قەدەغە دەکات:

**لەسەر تۆم دوشمنە دونیا قەزییەم (مانع الجمع) * ە**

**کە تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دونیا نەکەم چبکەم**

شەشەم: بێ ئومێدی لە (یار)و هیوا خواستن بۆ مردن:

**بەجێ ماوم لەیاران، نابەجێ ماوم، ئەجەل: زووبە**

**بە مردن لەم قوصوری ژینە ئیستیعفا نەکەم چبکەم**

حەوتەم: کۆتا قۆناغ‌و وەعدانی یارە بۆ بە یەك گەیشتن لەرۆژی حەشردا:

**ئەوا لەیلا بەرۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا مەحوی**

**هەتا قامی قیامەت، ئاهو واوەیلا نەکەم چبکەم** / ٢٣٤

لەکۆی ئەم حەوت قۆناغە دەشێ ئەم سەرنجانە هەلبهێنجین:

١- مەی هەوێنی گەیشتنە بە (یار)، هەر بۆیەش لە سەرەتاوە دەست پێکردنەکە بە نووری بادەیەو کۆتاییەکەش وادەی لیقای (یار) ە.

٢- ئەگەرچی لە دێری سێیەم‌و چوارەمدا وشەکانی (یار)و (شۆخ) هاتوون، کە رەگەزی مێینەبوون دەبەخشن، بەڵام لە ئەدەبیاتی سۆفیگەریدا مەرج نییە یارو شۆخ هەموو جارێ مێینەبن، هەتا ئێرە وەرگری نیمچە شارەزا لە نێوان نێرینەیی‌و مێینە بووندا دوو دڵە، کە دەگاتە دێری کۆتایی بە وشەی (لەیلا) مێینەبوونەکە زیاتر دەسەلمێ، هاتنیش بە هاوتا لەگەڵ بادەدا، چێژی دەق زیاتر دەکەن‌و لە رووکەشدا (یار) دەکەنە مێینە، بەڵام رەنگرێژکردنە سۆفییانەییەکە سەلمێنەری ئەوەن لە رووخساردا نیشاندانی مێینەبوونەو لە باتینیشدا یاری حەقیقییە، لە نێوان خوداو پێغەمبەر (د. خ)و رابەردا.

٣- تەکنیکەکەی ئەم غەزەلە وا هاتووە، کە لە رووی واتاوە ئاسان نییە جێگۆرکێ بە بەیتەکان بکرێ، ئەگەر لە غەزەلی تردا ئەمە ئاسایی بێت، لەم غەزەلەدا تەکنیکەکە قۆناغ قۆناغ دارێژراوە، لە رۆشنایی بۆ ژووری تاریك‌و پاشان ئاین گۆڕین‌و ئینجا خۆکردنە خاك‌و دواتر شێت بوون‌و کڕنوش بردن‌و وازهێنان لە سەرتاپای خەڵك‌و بەرەو مردن‌و حەشرچوون. هەموو ئەمانە وەك ئەلقەی زنجیرێك وان‌و لە یەکتر دانابڕێن. واتە یەکێتی بابەت بەسەر سەرتاپای شیعرەکەدا دابەش بووە، کە ئەمە داهێنانێکی تازەگەرییەو لەسەر دەستی مەحوی ئەنجام دراوە.

## ١-١٢-٤ مەیگێڕ (ساقی) یارە

پەیوەندی نێوان یارو مەی لێرەدا دەگاتە لوتکە، بەوەی چیتر مەی هەوێنی نزیککەوتنەوە نابێت بۆ یادخستنەوە، یان ون بوونی یار، وەك پێشتر روون کرایەوە. بەڵکو لە سیاقی دەقەکەدا وا دەبێ یار خۆی دەبێتە مەیگێڕ (ساقی):

---

* لە بەشی سێیەمی ئەم تێزەدا بە وردی لەسەر ئەم وشەیە دواوین.

**ئەگەر ئەو شۆخە ساقی بەزمە، باتل قاچی بوو موفتیش**

**دەبێ ببنە قەدەح وەرگر لەگەڵ فەتویی (ولا یقدح) / ١٠٣**

لێرەدا ئەم سەرنجانە هەن:

أ/ نیشاندانی ئەوەی قازیو موفتییەکان لە دژی شەرابی سۆفییەکانن. مەبەستی شاعیریش ئەوەیە دەبێ کەشێك بڕەخسێ ئەوان فتوای حەرامکردنی (مەی) نەدەن، چونکە ئەو مەیە تایبەتە بە مەی مەعنەویی سۆفییانە.

ب/ وەرگر لەسەرەتادا بۆ وشەکانی شۆخو ساقی، بیری بۆ مێینەبوون دەچێت، بەڵام لە سیاقەکەدا دەردەکەوێت کە (شۆخ/ یار) بە پلەو پایەی کەماڵیو زانستەوە لە قازیو موفتی بەرزترە، ئەم پلەیەش لە ڕوانگە شەرعییەکەدا بۆ پیاوانە نەك ئافرەتان. کەواتە هەردوو واتاکە بۆ یارێکی نێرینەیە.

ج/ لە سیاقی تەواوی ئەم غەزەلەدا دەردەکەوێت، کە یار تەنیا (مەی) دەگێڕێو بەس، ئەوەندەی شاعیر بیەوێت پێی بگات پێی ناگات، ئەم بەخشینەوەیە بۆ ئەوەیە بۆ مەحزونان (لاتحزن) بکاتە دیاری. لەگەڵ ئەوەشدا چونکە ئەوان نەگەیشتوونە پلەی کەماڵو هێشتا لەو قوتابخانەیەدا هەر سوختەن، بۆیە پەیامی دڵخۆش مەبە (لاتفرح)یان پێ نادا، مەی- ەکە تەنیا لاکەوتنی نیگەرانییە، بەڵام مەرج نییە دڵخۆشیان بکات:-

**بەخەندەی لەب دەداتن مژدە (لاتحزن) بەمەحزونان**

**دەمی تیغی برۆی ئینشا دەکا تەهدیدی (لاتفرح) / ١٠٦**

زوبانی شاعیریش بەتەمای لێستنەوەی لێوو زمانی سوێری ئەوە، بەڵام هەر بە تەمایەو نەگەیشتوەتێ. وێنەکە لە لاسایکردنەوەی گیانداران بۆ لێستنەوەی شتی سوێر وەرگیراوە:

**بووە هەم قافیەی لێوت زوبانم، ئیتیفاقانە**

**دەبێ عاجز نەبێ، وا هاتووە ئەو ئەملەح، ئەم ئەفصەح / ١٠٦**

## ١-١٢-٥ ساقی خودایە

لە نموونەکەی سەرەوەدا، بە هیچ کلۆجێك دڵی وەرگر بەوە ئاو ناخواتەوە، کە ساقی خودا بێت، چونکە لە سیاقەکەدا بە مرۆۆ بەرجەستەی دەکا، بەڵام دەگونجێ دەورەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن، بەو پێیەی ئەگەر مەی هەوێنی گەیشتن بێت بە (یار)، ئەوا لێرەدا مەی نزیکترین بواری گەیشتنە بە یارو لێی جوێ نابێتەوە. دەشێ مەی وەك هەمیشە شادی بەخش بێت، بەڵام مەرج نییە مەیگێر (ساقی) لە مەیخۆران ڕازی بێت. بە تایبەتی ئەگەر مەیخۆران بە دڵەوە لە دڵسۆزییەوە بەرەو مەیخانە نەچن.

جا هەنگاوەکانی گەیشتن بە (یار) لە ئەدەبیاتی سۆفیگەریدا، جۆراو جۆرن، بەو واتایەی وەك پەیژەیەك وایەو دەبێ سۆفی بیانبڕێت، تا دەگاتە لوتکە، هەیانە بە هۆی نێوەند (وسیط)ی ڕابەرێکەوەیەو، هەیانە بە هۆی پێغەمبەرە (د.خ)و هەشیانە لە حاڵێکی نزیك دایەو ڕاستەوخۆ مەی بە شەرابی خۆشەویستی خوداو مەیگێڕیش بەخودا دادەنێ:

**گوڵاوو ئاگراوە بادە ئەمشەو**

**طە رە بناکە مەیو ساقی غەضەبناك / ١٨٦**

ئەم وێنەیە ڕاستەوخۆ بۆ وەرگر شەوێکی ناو مەیخانەیەو، شەراب شادی هێن بۆ دڵی شاعیرو مەیگێڕیش تووڕە بۆ بەخشینی مەی. ئەگەر بە تەنیا ئەم دێرە وەربگیرێو بە دەوروبەر نەبەسترێتەوە، ئەوا وەك ئەوە وایە وەرگر دەست خەڵەت بدرێ. لەبەرئەوە وەك بنەمای شیعری کلاسیکی، خودی تاکە دێرەکە یەکێتیی بابەتی تێدا ئاخنراوەو واتا بە تەواوی خۆی بە دەستەوە دەدات، بەڵام کە شاعیر لە سیاقێکدا مەیخانەو ساقیو مەی پێکەوە بەرجەستە دەکات، لە شەرحی خودی دیوانەکەشدا، لەم دێرەدا وەرگر هەست بە بوونی خودا ناکات، بەڵام کە سەرتاپای غەزەلەکە دەخوێنێتەوە، ساقی دەلالەتی خودا دەبەخشێ، کە لە بەخشینی شەرابی خۆشەویستی خۆی بۆ بەندەکانی تووڕەیە. وەك خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیش مامۆستایانی مودەڕیس وەك وەرگری سەرەتایی تەماشایان کردووە، بەرەو تەئویل نەچوونە، بەڵام لە دێری دواتردا وەرگر هەست بەوە دەکات، ئەگەر پێشتر ساقییەکەی بە ساقی دونیایی دانابێت ئەوا بەهۆی ئەم دێرە پووچەڵ دەبێتەوە:

**لە دڵدا خەلقو خوا بوو، فائیدەی چی**

**کە دەم پڕ بێ لە إياك...و إياك** / ١٨٧

کەوایە خوا (ساقی) لەبەرئەوە تووڕەیە، قایل نییە بەوەی جگە لە ئەو کەسی تر لە دڵی بەندەدا هەبێت. لەبەرئەوە ئەوەندەی بەندە بانگی ساقی بکات، کە دڵیان بە شەڕابی خۆشەویستی خۆی تەڕ بکاتەوە، هەتا دڵ ئامادە نەبێتو خۆی لە دونیا پەرستیو بەندەی تر پاك نەکاتەوە، ئەم شەڕابە (گوڵاو)*ەی پێ نابەخشرێ.

ئەم پێشبینی نەکردنە، لەسەرەتادا وەرگر توشی جۆرێك لە ئاسۆی چاوەڕوانی دەکات، بەوەی لە واتاکەی ڕاڕا دەبێت، یان کتومت بڕوا بە یەکێکیان دێنێت، بەڵام بەرە بەرە واتاکەی زەینی، کاڵ دەبێتەوەو واتای تر جێگای دەگرێتەوە، ئەمەش ئەگەر وەرگرەکە شارەزا نەبێو تەئویلیانە بۆ دەقەکە نەچێت، ناتوانێ لە مەبەستی نزیك بکەوێتەوە. لەلایەکی تر ئەگەر وەرگر سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکەی، ڕۆشنبیرییەکی ئاینی بێت، ئەوا بە دوو شێوە تەئویلێکی ئاینی بۆ شیعرەکە دەکات:

أ/ **تەئویلێکی پەنهان:** ئەمەش ئەو تەئویلەیە، کە لە سیاقی دەقەکەدا بەهۆی واتاوە، هەوڵی ئەوە دەدرێ، هاو شێوەکەی لە قورئاندا بدۆزرێتەوە، بۆ نموونە، کە دەگوترێ:

**گوڵاوو ئاگراوە بادە ئەمشەو**

**طه رە بناکە مەیو ساقی غەضەبناك** / ١٨٦

وەرگر بیری بۆ ئایەتی وَسَقَىٰهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا ** دەچێت، بەڵام سەرەتا ناتوانێ ئەم حوکمە بدات، هەتا خاڵی دووەم وەك بەڵگەو ساغکردنەوە بەرجەستە نەکات.

ب/ **تەئویلێکی ئاشکرا:** ئەم تەئویلەیە ڕاستەوخۆ بەهۆی هونەری (تیل نیشان، یان تێهەڵکێش) ی ڕەوانبێژییەوە بیری بۆ سەرچاوەکە دەچێ. لە نیوە دێری:

**کە دەم پڕ بێ لە اياك و اياك**

* گوڵاو لە جیاتی (مەی)، یان ناوێکە بۆ مەی لە ئەدەبیاتی سۆفییانەدا، بەکارهاتووە.

** واتە لەلایەن پەروەردگارییانەوە شەرابی پاكو خاوێنیان پێشکەش کراوە. قورئانی پیرۆز سورەتی الانسان :٢١

وەرگر بیری بۆ سورەتی فاتیحەو لە نێویشیدا ئایەتی ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥﴾ *دەچێ، کە بۆی ساغ بوویەوە ئەم ئایەتە پەیوەندی بە ساقییەکەوە هەیەو زانی ئیدی ساقی خودایە، ئەوسا بە دوای هاوشێوەکەی دەگەڕێت بۆ بەرجەستەبوونی لە قوڕئان، ئەنجا دەتوانێ خاڵی یەکەم یەکلایی بکاتەوە، بە مەرجێك تا ڕادەیەك شارەزای قورئان بێت.

لەلایەکی تر دەشێ چەند تەئویلێك لەناو یەك دێردا خۆیان بەرجەستە بکەنو بە هەموویان واتای تەواو بدەن بەدەستەوە، بەتایبەت لەوەدا، کە پرسی مەیو ساقی هێندە پەنهان بکرێ، بتوانرێ لە روانگەی جیاوازەوە واتای لێ هەڵبکرێندرێ. بۆ وێنە کاتێك مەحوی دەڵێ:

شەو دەبێ بادەی لە دەستی ساقییەك وەرگرتبێ

ئەم سبەینێیە لە مەشریق دێتە دەر مەستانە ڕۆژ /١٣٨

لە لێکدانەوەی وشەکانی ساقیو بادە، مامۆستایانی مودەڕیس پێیان وایە شەو پیاڵەی شەڕابی لەدەستی پیاڵەگێڕێك وەرگرتووە، بۆیە ڕۆژ سبەینان وەك سەرخۆش لەودیوی شاخەکانەوە دێتە دەر. ئەمە ڕاڤەیەکی سادەی دێرەکەیە، پێچەوانەی بەستێنو دەوروبەری دەقەکەیە کە گۆڕانکاری لە سەرەتاو بنەتای دەق دروست کردووە. کاتێك جۆرێکی تر لێکدانەوە دێتە گۆڕێ، کە پێی وایە : (شاعیر بەرەو عەشقی ڕۆژ دچێتەوەو روونی کردۆتەوە دەبێ بە شەو پێکی لە دەستی مەیگێڕ (خوا) وەرگرتبێ، بۆیە وا بە مەستی لە بەیاندا سەر دەردێنێو کەوتۆتە مەقامی نەمانەوە (فنا))[١]. ئەمە هەنگاوێك بەرەو تەئویل چوونە، بەڵام هیچ ئاماژەیەك نابیندرێت، بەوەی خودی شاعیر خۆی پێکەکەی وەرگرتبێت، بەڵکو دەگونجێ مادەم لە کۆتاییدا چەقی دەقەکە لە باسکردنی پێغەمبەرو میعراجدا چڕبۆتەوە، پەیوەندییەك بسازێنین، بەوەی لە شەودا قورئانی پیرۆز هاتۆتە خوار، ئەم هاتنە خوارەش بۆ زەوی، کارلێکێکی ڕۆحی وای سازاندووە، کە ڕۆژ نیشانەی چالاکیو ڕۆشنایيو گەشبینییە، بەهۆی وەرگرتنی ئەم پەیامەوە لە شەودا، مەست بووەو تەواو گەیشتۆتە پلەیەکی بەرزی، ساقییەکە خودایەو نووری خوداش هێندە ڕۆشنو کاریگەرە، ڕۆژو پێغەمبەرو گەیاندنی پەیامەکەی مەست کردووە.

## ١-١٣ نەیو مەیو عیشق

هەر لە چوارچێوەی پەیوەندیی فێڵدەکان بە یەکترەوە، لەناو پانتایی بەکارهێنانی (مەی) لە گوتاری شیعریدا، ناکرێ ڕۆڵی (نەی) فەرامۆش بکرێ، کە کەم تا زۆر خۆی لەگەڵ مەیو کەشە عیشقیەکەدا دەگونجێنێ. ئەم بەکارهێنانەش هەر تەنیا شێوە تەقلیدییەکە نییە، کە لە ئەدەبیاتی سۆفییانەدا بەکارهاتووە، بەڵکو جۆرێك لە هەستکردنە بە مەعشووق، یان مەستبوونە لەناو دیدگا ئەوینییەکەدا، کە ئازارو ماتەم لەگەڵ خۆی بهێنێ.

ئەگەر (مەبەست لە مەی نوورو ڕۆشناییەکانی واتاو، زاڵبونی عیشقی تاکانەیی (ئەحەدییەت) ـەو، ساقی شەپۆڵی فەیزی ڕەهاو بینینی تەجەللای ناوو سیفات (ئەسماء وصیفات) بێ)[٢]، ئەوا دەبێ لە کاتی

* واتە: خودایە هەر تۆ دەپەرستینو داوای یارمەتیش هەر لە تۆ دەکەین. قورئانی پیرۆز سورەتی الفاتحة :٥

١– مەحوینامە، پ. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠١٠، لا١٦٥.

٢– مولوی معنای مثنوی، کریم فیضی، انتشارات یاران علوی، تهران، ١٣٨٤، ص٣١

هاتنی (نەی) لەگەڵ ئەم دوو کەشەدا، بناغەیەکی نزیك لەوانی هەبێتو بە بۆنی ئەوان واتاکەی بسازێنینەوە، ئەگەرچی خودی وشەکە لە ناو زاراوەی سۆفیگەریدا پایەیەکی بەرزی نییە، بەڵام بە خوێندنەوەی سیاقەکە دەردەکەوێت، کە نەی لە سیفەتی (ناڵین) دا، خۆی لەگەڵ سۆفی/ شاعیر هاوبەش دەکاتو (لە دەفتەری یەکەمی مەسنەویشدا، نەی، تەنیا رەمزی مەولانا نییە، بەڵکو رەمزە بۆ هەموو مرۆڤێك) [1].

نەی، کە یەکێکە لە ئامێرە مۆسیقاییەکان، بە رێژەیەکی زۆر لە چاو ئامێرەکانی تر لە ناو دەقی سۆفییانەدا، بەکارهاتووە. خودی مۆسیقاش، چونکە جوڵەیەکی تێدایە، ئەم جوڵەیە لەگەڵ جوڵەی ئاوازی بێ دەنگی سۆفییەکاندا دێتەوە، بە تایبەتی هەر لە دەروازەی زیکری (لا اله الا الله) دا، شێوەیەك جوڵەی جەستەیی بە سۆفییەکانەوە دیارە، کاتێك چ بە کۆمەڵو چ بە تاك دەریدەبڕن، دوور نییە بەکارهێنانی ئامێرە مۆسیقاییەکان لەناو سۆفییەکاندا بەو حاڵو مەقامانەی کە بەشێکن لە ڕێگای گەیشتن بە ئەنجامو دەربڕینی خۆشەویستی لای کەسی سۆفی پەیوەست بێت.

کەواتە ناڵینو هاوارکردنو دەنگ هەڵبڕین لە هۆشیاری، یان لە مەستی حەقیقیدا بێت، کە مەستبوونە لەناو ئەو جیهانەی کە سۆفی تێیدا دەژی، جۆرێك لە وێکچواندن لەگەڵ مۆسیقاو ئامێرەکانی دێنێتە کایەوە، هەر لەبەر ئەوەشە شاعیرانی سۆفی بە گشتی کەم تا زۆر ئامێرەکانی مۆسیقایان بەکارهێناوە:

**ئەی دڵ بناڵە، ساز بدە چەنگی بەزمی عیشق**

**مەی خوێنی جەرگە، ناڵەیی مەحزونیە گەرەك** / ١٩٢

لێرەدا ئەگەر سیاقی وشەکان وەربگرینو هەر سێ چەمکی مۆسیقاو مەیو عیشق دەدۆزینەوە. ئەو سیاقەش لەگەڵ چەمکێکی تردا، چەقو سەنتەری دروستکردوە، ئەویش (دڵ)ـە. دڵ چەقی ڕێ کردنی سۆفییە بەرەو جیهانی مەبەستدار، جوانترین دەست پێکردنیش بریتییە لە (ناڵین). جا ئەم ناڵینە، چونکە ناڵینی دڵە، ناڵینێکی پەنهانو دەنگ کزە، هەر ئەمەش ڕێچکەو ڕێبازی نەقشییەکانە، پێچەوانەی قادرییەکانە، کە دەنگ بەرزییە. کەواتە ناکرێ لێرەدا ئەم ناڵینە بە ناڵینی بەرز بچوێندرێ، چونکە خۆی بە مەحزوونیو نیگەرانی لە قەڵەمی دەدات، ڕۆیشتنی دڵیش بۆ ڕێگاو بەزمی عیشق، دەبێ ئاوازێکی لەگەڵدا بێ، کە لەگەڵ ناڵەی دڵ بێتەوە، ئەویش ئاوازی (چەنگ)ە. هەر تەنیا ئەمەش بەس نییە، بەڵکو لەگەڵیدا دەبێ مەستبوون ڕووبدات. مەستبوونەکەش لەناو ئازاری خوێنی جەرگەوە دروست دەبێت، کە خودی جەرگەکە (مەی)یەو (مەحوی)ش ئەم ناڵە نیگەرانییەو ئەم چەنگەو ئەم مەی یەی گەرەکە.

بە لای (مەحوی)یەوە، نەیو ئامێرە مۆسیقاییەکان، هەروەکو چۆن کۆڕی خواردنەوە دەرازێننەوە، بە هەمان شێوە کۆڕی عیشقو مەحەببەتی سۆفییانەش دەڕازێننەوە. مەبەستەکەش لێی دەبێتە هۆکارێك بۆ زوو مەست بوون، یان بە واتایەکی تر بەهێز بوونی مەستی لە بەهێزی کۆڕی نەیو مەی دایە:

**هەستانت ئەرقیامی قیامەت نیە، چیە**

**بێ دەخڵی چەنگو نەیو مەی لە مەست ئەچم** / ٣٤٢

قسەی ئێمە لەسەر ئەوە نییە، کە بۆ کێ گوتراوە؟ وەك مامۆستا (عبدالکریمی مدرس) پێی وایە بۆ سەید ئەحمەدی نەقیبە، گرنگییەکە لێرەدا کارلێککردنی چەنگو نەیو مەی یە، بۆ خۆشکردنی کۆڕی

---

١- دربارهء نقد ادبی، دکتر عبدالحسین فرزاد، سلسله انتشارات نشر قطرة، چاپ پنجم، تهران ١٣٨٨، ص٨٦

زیکرو فیکرو عیشقی مەحوی، ئەم سازاندنە جگە لەوەی، کە وەرگر هەنگاوێك لە تێگەیشتن دوور دەکەوێتەوە، کەشێکی پڕ لە چێژی خەمرییانە دەسازێنێ، کە هەر سێ چەمك ئامادەییان هەیە.

پەیوەندی نەی لەگەڵ بنەمای خۆشەویستی، هەتا ئەو کاتە گرنگە، کە نەی کاتێك کاردەکات و دەنگی لێوە دێت، ئەو کاتەی گەیشتن (وەسل) دێتەدی. ئەم گەیشتنە پڕۆسەیەك دێنێتە کایەوە، کە بریتییە لە مەستبوون، چونکە خودی (نەی)یش دەبێ کەسێك هەبێ بیژەنێ، کەسەکەش مەعشووقە بۆ عاشقێك کە شاعیرە:

**هەتا لەو یاری دەمسازە جودا مام**

**وەکو نەی بێ نەوا کەوتووم و بێ دەنگ.** /١٩٨

ئەگەر لەناو خودی دیوانی مەحوی دا، سەرنج بدەین، دەبینین بە پێی سیاقی دەقەکان، نەی و کارەکتەرەکەی دەگۆڕێت. لە هەندێکیاندا شاعیر لە بێدەنگی و بێ کەسیدا خۆی وەکو (نەی)ێکی بێ (نەیژەن) دێتە بەرچاو، کە لە راستیدا شاعیر بێ یارە. هەندێ جاریش کارەکتەری (نەیژەن) تەنیا ئەرکی خۆشکردنی کۆڕی خواردنەوەی خۆشەویستی خودایە، بەتایبەتی لەو دونیا عیرفانییەی مەحویدا، کە پێی وایە ناکرێ مەیخانەو نەیژەن و ساقی دەستە وەستان بن و دەبێ هەمیشە دەرگای مەیخانە بکرێتەوەو نابێ بە وەزیفەی دونیایی حسێب بکرێ و لە ناو تێگەیشتنە سادەکەی خەڵك بۆ مەی و مەیخانەو نەی و ساقیدا، مەحوی گەرەکیەتی بچێتە جیهانێکی تر، کە نەیژەنی ڕاستەقینە لەناو ساقی و مەیخانەیەکی مەعنەویدا بدۆزێتەوە:

**هەی لە ژن کەمتر موعەططەل بۆچی؟ نەی ژەن! لێدە نەی**

**ساقیا، ساقت شکێ بەس رابوەستە بێنە مەی**

**ئەو قورمساغە دەڵێن پیری موغانە پێی بڵێن**

**پیری ئاخر شەڕ! دەری مەیخانە تاکەی دادەخەی؟!** / ٣٥٨

دەبینین هەر سێ چەمکی (نەی و ساقی و مەی) لە چوارچێوەی مەیخانە کۆبوونەتەوەو هەریەکەیان بەهایەکی مەعنەوی بۆ بەهێزکردنی دەربڕینی عیشقی حەقیقی هەیەو هەرسێکیان کۆڵەگەیەکن بۆی. وەرگری شارەزا بە بنەما سۆفیگەرییەکانیش، بیری بۆ ئەوە دەچێ، کە نەی دەمارێکی گرنگی ڕۆیشتنی ئەو پڕۆسەیە لە هەریەکە لە ساقی و مەی بۆ گەیشتن بە پلەی خۆشەویستی.

هەندێ جار شاعیر دەیەوێت ئاوازێکی سۆفییانە بخاتە پاڵ ئاوازی نەی، کە بە ئاوازی ناسۆفییانە دەژمێردرێ. بەڵام لە هەردووکیاندا ئەندامەکانی جەستە بە هەردوو ئامێرەکەوە پەیوەست دەکات و کۆڕی خواردنەوەکە جوانتر دەکات و خودی (یار) لێرەدا دەبێتە ساقی و کارەکتەرەکانی تریش یەکێك نەی بە لێوەکانی دەژەنێ، ئەویتریش بە پەنجەکانی دەستی، دەف لێدەدا:

**وەرنە سەیری سەرخۆشان! ئەو شۆخی مینا گەردنە**

**بوو بە ساقی دەم بە شککەر خەندە دێ، مینا بەکەف**

**دەمدەمەی ئەم حەشرە هەستان ئەم دەمە یا ڕەب چبو**

**لێوی نەی ژەن گەییە نەی، دەف زەن کە پەنجەی گەییە دەف** / ١٧٤-١٧٥

کەواتە دیسان بە هۆی لێدانی دەفو ژەنینی نەیو چالاکی ساقی، سەرخۆشییەکە گەرمتر دەبێ، هەمووشی بۆ بینینی جوانی (یار)ە، چونکە هەموو ئەم کەرەستانە بە تێگەیشتنێکی سادەو ڕاستەوخۆ ناگەنە پایان، بەڵکو دەبێ پەنا بۆ لێکدانەوەو هێرمینۆتیك ببردرێ، بە تایبەتی لەوەدا، کە ئەمانە بە یەکەوە کۆکراونەتەوەو بناغەن بۆ نیشاندانی جوانی. هەر لەبەر ئەوەشە (مەحوی) بۆ خۆی لە ئەنجامی نیشاندانی ئەم کەشەی سەرخۆشبوونە لە عیشقو بیستنی ئەم ئاوازانە، ناتوانێ بە بێ تەئویل وەسفەکە بکات بۆیە دەڵێ:

**لاڵە خۆ (مەحوی) لە وەسفی حوسنی بێچوونی نیگار**

**لا لە تەئویلی خەلەف، قوربانی تەئویلی سەلەف** / ١٧٦

نایەوێت بە ڕوانینی تازەوە وەسفی نیگار بکات، بەڵکو هەر بە کۆنەکەوە ڕاڤەو لێکدانەوە بۆ ئەم دیمەنە دەکاتو دەیخاتە بەر نەشتەری تێگەیشتنەوە.

لێرەدا بواری ئەوە نییە، هەموو نموونەکانی تێکەڵکردنی ئەم کەرەستانە لای مەحوی بهێنینەوە، لێ ئەوەی گرنگە ئەوەیە با (نەی)و هاوشێوەکانی زاراوەی تایبەتی سۆفییان نەبن، بەڵام بە هاتنیان لە پاڵ چەمکەکانی (ساقیو مەیو خۆشەویستی) دا مۆرکێك لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەن، کە گیانو دڵی سۆفی لە هەندێ خاڵدا لەگەڵ نەی هاوبەشە، بە تایبەتی لە ناڵینو بێ دەنگیدا، بە ئامادەییو نا ئامادەیی ڕابەر/ نەی ژەن. لەوەشدا دەردەکەوێت ئەم (نەی)یەو ئامێرە مۆسیقاییانە تەنیا کەرەستەن بۆ بەهێزکردنی دەربڕینی سۆفییانەو وێکچواندنە بە حاڵی سۆفییانو بۆ دەرخستنی لایەنێکی حەقیقی، بە شێوەی مەجازی هاتوون .

## ١-١٤ سیماکانی مەیی مەعنەوی

بێگومان مەی سۆفییانە، وەك ئەوەی لەم چەند لاپەڕەیەی پێشوو تایبەتمەندییەکانی خرایە ڕوو، لە ڕووکەشدا هەمان چنینو شێوەی مەی دونیایی لە دەقە شیعرییەکاندا بەرجەستە بووە، بەڵام هەندێك سیماو خەسڵەت هەن، کە نیشاندەری ئەوەن مەبەستە شیعرییەکە، لەگەڵ چنینە مەعنەوییەکە دێتەوە، بە تایبەتی لەمەڕ پرسی مەی مەعنەویدا، کە گرنگترینیان:

١- شڵەژان و لاربوونەوە:

ئەم دوو چەمکەو ئەوەی کەم تا زۆر، لەگەڵیان دێتەوە سیمایەکی مەعنەوین، (سۆفییەکان ئەم دوو چەمکەیان لە بۆتەیەکی ڕەمزیو خوازەیی بەکارهێناونو بە واتای زاڵ نەبوون بە سەر ئەندامەکانی جەستەو ون بوونی خۆڕاگری... ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم* کاتێك دەیبیست یەکێك إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ الانشقاق: ١ دەخوێنێ، دەشڵەژاو ڕادەچڵەکی)[1]، بەو واتایەی زۆربەی سۆفییەکان، کاتێك بیریان لەو

---

* ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم (؟- ١٦١ك)، کوڕی یەکێك لە پاشاکانی بەلخە، زاهیدێکی بەناوبانگەو بە ئامۆژگاریکردنی خەڵکییەوە لە مەککەو لە وڵاتی شام خەریك بوو، بەهۆی هێرشێکی دەریایی دژی بیزەنتییەکان مرد، لە سوریا نێژراوەو گۆڕەکەی بۆتە مەزار. (المنجد، ص٧.)

١- بين اثار الخمر الحسي والمعنوى، الدكتور الحسن الفاتح قريب الله، مكتبة الدار العربية للكتاب، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٩٩، ص٧٨

ئایەت و گوتانە دەکردەوە، جۆرە راجفرینێکیان تووش دەبوو، کە ترسی خودایان تێدا نیشان دەدرا. جا لەو سۆنگەیەوە، هەر کاتێك باس لە پێکهاتەی (مەی) بکرێ و لە سیاقەکەشیدا لە جیاتی دڵخۆشی، راجفرین و پەشۆکانی تێدا بێ، ئەوا نیشانەی چڕبوونەوەیە لە مەی مەعنەوی:

**لەپڕ بەردی ئەجەل بۆ شیشەیی عومرم نەوا بێ زوو**

**فیدانم، دەست بردێ، ساقیا جامێ شەڕابێ زوو /٢٥٥**

دەبینین لە سیاقی بانگ کردن بۆ ساقی و بۆ هێنانی جامێ شەڕاب، بە نیشانەی مردن و هانابردن و دەست بردن و فیدابوون، جۆرێك راجفرین و پەشۆکانی تێدایە، کە لەم حالەتەدا لە کاتی ئاساییدا بانگی مەی ناکرێ، هەست دەکرێ لەگەڵ جۆری مردنەکە، فەنابوونێك دەسازێ، بەڵام شاعیر نایەوێت ئەم فەنابوونە هەروا بە بێ مەی مەعنەوی، کردەکە دەست پێ بکات.

پیری، کە قۆناغێکی دیاری لاربوونەوەی لاشەیە، بە ئومێدی هاتنی مردنە، بەڵام مردنێك بە بادەو مەی مەعنەوییەوە بێت، ئەنجا بە مردن حسێب دەبێت. مەحوی هەر لە سیاقەکەدا نایشارێتەوە کە:

**صەفای صافی جوانی رۆی و دوردی دەردی پیری هات**

**خوماریّ ماوە بەس ئەمشەو لە بادەی بەزمی دۆشینە /٢٨٣**

کە لە پیریشدایە بەڵام بادەیەکی حەقیقی و مەعنەوی هەر ماوە، ئەگەرچی کۆمەڵگا هەر چی ناوێکی لێ بنێت.

٢- رشانەوە

رشانەوە وەك چەمکێك کاتێك لەگەڵ دەربڕینی سۆفییانە دێت، بەو واتایەی کرداری رشانەوە لەگەڵ مەی و پێکهاتەکانی یەکانگیر دەبێت، ئەوا بارە فەرهەنگییەکەی نامێنێت و دەلالەتێکی تر دەبەخشێت و پایەیەکی مەعنەوی بە دەربڕینەکە دەدات. چونکە (سۆفییەکان ئەم واژەیان لە بۆتەیەکی رەمزی و خوازەیی بەکارهێناوە، وەك دەربڕین روونی، دەرکەوتنی تەجەللا، هەروەك رەتکردنەوەو رازی نەبوون و سەرنەکەوتن... یش دەگەیەنێت) [1]. مەحویش ئەم شێوەیەی لەو چوارچێوەیەدا بەکارهێناوە:

**قەی کردنی سوراحی ئەگەر تێ بگەی، دەڵێ**

**دڵ تێکەڵ هاتنە لەگەڵ ئەم خەڵکە تێکەڵی /٣٠٧**

لێرەدا سوراحی مەی کاتێك دەرشێتەوەو تەجەللاکە دەردەکەوێت، کەچی خەڵك ئامادەی وەرگرتنی ئەم نوورو مەی خوداییە نین، بۆیە کردەکە لەگەڵ ئەم خەڵکە سەرکەوتوو نابێت.

٣- بیرچوونەوە:

بیرچوونەوە پەیوەندییەکی زۆری بە مەست بوون هەیە، بەڵام مەستبوونێکی مەعنەوی، کە حەقیقەتی خەرابات و مەیخانەیەکی راستەقینە، مرۆڤایەتی و گەوهەرەکەی تێدا بدۆزێتەوە، بۆیە ئەم لەبیرچوونەوەیە (رەمزێکی سۆفییانەیەو ئاماژەیە بە وازهێنان و بێ سەروبەری) [2] و مێشك لەسەر خۆ نەبوون. لەبەر ئەوەشە هیواخواستن بۆ وەرگرتنی مەیە مەعنەوییەکە، بەو ئومێدەیە کە ببێتە مرۆڤ (کەس) ێکی مەعنەوی و حەقیقی:

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣

**لەبەر قاپیی خەراباتا، کە یاڕەب دایمە ئاوا بێ**

**مەگەر خاکێ بەسەردا کەم، بکەم گاهێ دەماغێ چاخ** /١٠٦

بەهۆی ئەو خۆڵی بەر دەرگەی مەیخانە، هیوای وایە بێتەوە سەرخۆی، بە مەیە مەعنەوییەکەش تەواو دەبێتەوە بە کەس. لە رووی کردەوەش (مەحوی) تووشی لەبیرچوونەوە بووە، بە تایبەتی بە هۆی سەرقاڵی بە دونیاوەو بەقسەکردنی نەفس و دەروون، وای کردووە قیامەتی بیر نەماوە:

**خەیاڵی پووچی دونیا وا دەماغ و دڵمی پێچاوە**

**قیامەت! هەر مەگەر رۆژی قیامەت بێتەوە فکرم** /٢٢١

لەم چەند نمونەی سەرەوە بۆ چەند سیمایەکی مەی مەعنەوی، دەرکەوت، مەحوی بە مەبەستەوە ئەم زاراوانەی بەکارهێناوەو ئاگاداری ئەوە بووە، کە مەی مەعنەوی دەبێ هەڵگری چەند خەسڵەت و سیمایەك بێت، بۆیە هەمان کردەی پەیڕەو کردووە، لەوەشدا ئەوە روون دەبێتەوە، کە سەرباری ئەوەی لە لاپەڕەکانی پێشوودا تەئویلی مەی نیشان درا، بەڵام ئەوەی تەئویلەکە بەهێزتر دەکات، ئەم سیمایانەیە، کە خۆیان خزاندۆتە ناو ئەو سیاقەی، کە مەحوی بۆ پێکهاتەی مەی چنیویەتی.

## بەشی دووەم

## ٢-١ هێرمینۆتیکا ی فینۆمینۆلۆجیا

### ٢-١-١ تەوەرەی یەکەم

### هێرمینۆتیك و چەمکەکانی ترو ئاوێتەبوونی لەگەڵ مەبەستداریدا

یەکەمین پرسیار، کە لێرەدا خۆی قیت دەکاتەوە، ئەوەیە بۆچی فینۆمینۆلۆجیا تێکەڵی هێرمینۆتیکا کراوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە، دەبێ دەوروبەری کردەی خوێندنەوە لەبەر چاو بگرین، بەوەی ئەگەر جاران هێرمینۆتیکاو تەئویل جۆرە ڕاڤەو شەرحێکی تایبەتی بوون بۆ دەقو ڕاستەوخۆ لەباتی تەفسیر بەکاردەهاتن، ئەوا بۆ مامەڵەکردنی وردتر لەگەڵ دەقدا ڕازی نەبوون بە تەنیا چوارچێوەیەکی تەئویلیانە بۆ دەق دابنرێ، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدابوون، کە هەر لەناو چوارچێوەی تەئویلدا میکانیزمو ئامرازی دیکە بۆ لێکدانەوەی دەق بدۆزنەوەو هەر بە کردەی تەئویلیشدا تێپەڕن، بەڵام بە کەرەستەی تر خوێندنەوە بۆ دەق بکەن.

ڕامان لە دەق وەك یەکێك لە چەمكو کەرەستەکانی ژیان، بۆ دۆزینەوەی چەند بەهایەك تێیدا، بەرەو چەمکی فەلسەفەمان دەبات، لەو نێوەندەشدا، گەڕان بەدوای داناییو بەها مەعریفییەکان خۆی دەخزێنێتە ناو چوارچێوەی فەلسەفەوە، بۆیە هەر لە زووەوە خودی تەئویلو هێرمینۆتیکاش لەگەڵ فەلسەفەدا بەناو یەکداچوون، توانیویانە لە میکانیزمی کارکردندا، سوود لە یەکتر وەربگرن. لێرەشدا، بیری ئێمە لەسەر کردەی خوێندنەوە دەسەنگرێتەوە، بەڵام چۆنیەتیو قووڵبونەوەی بیرکردنەوەکە گرنگە، نەك چەندێتی. لەبەرامبەردا، خوێنەر/ وەرگر، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقێکی ئەدەبیدا، پێویستی بە قووڵبونەوە هەیە، بۆ ئەوەی لە بەرهەمهێناندا هەر تەنیا ڕووکەشیانە واتاو مەدلولی دەق نەهێنێتەکایەوە، بەڵکو بە دوای میکانیزمی تر بگەڕێ، تا ئەوەی خەڵکی تر دەرکی پێ ناکا، ئەو بۆی بچێتو دەقی دیکە بە دەنگو واتای جیاواز بەرهەم بهێنێ.

رامان لە دەق، یان بە دەربڕینێکی تر، کردەی بیرکردنەوە، هەنگاوێك وەرگر لە خودی دەق نزیکدەکاتەوە. لەو سۆنگەیەوە کۆمەڵێك ڕێبازو میتۆد لە سەدەی رابردوودا دەرکەوتن، کە هەوڵی ڕێکخستنی تیۆرەکانی بیرکردنەوەیان داوە، وەك فەلسەفەیەك بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەوروبەرداو لەو نێوانەشدا، دەق وەك چەمکێکی دونیای ماددی کەوتۆتە بەر ئەم کارلێککردنە. ئەگەر فینۆمینۆلۆجیا وەك زانستێك سەرەتا وەك ڕێگایەکی بیرکردنەوەی فەلسەفی خۆی ناساندبێت، ئەوا هاوشان لەگەڵ بنەما فەلسەفییەکانی تر، کە کەم تا زۆر لەگەڵ ئەدەبیاتدا پەیوەندیان دروستکردووە، بەوەی کە ئەدەبیاتیش سەرەتا لە مندالدانی فەلسەفە خۆی جیاکردۆتەوە، ئەوا بە تێپەڕبوونی کاتیش ئەم فەلسەفەیە بەرەو رەخنەی فەلسەفەی دەق هەنگاوی ناوەو تێیدا هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی ئامانجدارانەو مەبەستداری لەناو دەقدا کردۆتە کاری خۆیو بەم جۆرە پانتایی هزری لەناو ئەدەبیاتدا پشکی زۆری بەر فینۆمینۆلۆجیا کەوتووە. لەو ئاقارەشدا ئەم پشکە زۆرە وە نەبێت هەموو رەهەندەکان بگرێتەوە، بەڵکو کاری هەرە سەرەکی ئەوەیە، کە میتۆدێکی تازەی بۆ ڕاڤەو لێکدانەوەی دەق خستەڕوو.

زاراوەی فینۆمینۆلۆجیا لەکۆن و نوێدا، گۆڕانی بە سەردا هاتووە. گۆڕانەکەش چ لە زاراوەکە بێت، یان لە ئاڕاستەی کارکردنی، خودی (وشەی Phenomenom لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، ئەفلاتون بەکاری هێناوە، کە جیاوازی لە نێوان دیاردەی هەست پێکراو لە جیهانی ماددی لەگەڵ ڕاستییە عەقڵییەکان لە جیهانی نموونەیی "میثالی، ئایدیالی" کردووەو لە چەرخی نوێشدا هەندێك لە لێکۆڵەران پێیان وایە، کە (یوحنا هنری لامبرت) یەکەم کەسە وشەی (فینۆمینۆلۆجیا)ی لە ئەڵمانیا لە سەدەی هەژدە بەکارهێناوەو پاشان (ئیمانویل کانت) بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان Phenomenom، یان دیار appeoronce لە بەرامبەر ئەو شتانەی کە لە پشت دیاردەکانەوە خۆیان دەشارنەوە)[1] ی بەکارهێناوە. بوونیش وەك حاڵەتێکی ئاڵۆزو شاراوە، دیاردەیەکە بە هەموو پێکهاتەکانی ناویەوە جێگای ڕامان و بیرکردنەوە بووە. خودی میتۆدی کارکردنی ئەم فەلسەفەیەش پەیوەندی بە بوون هەیە، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسووفەکان لە کارەکانیاندا پشتی پێ دەبەستن و بە جۆرێك لە جۆرەکانی تەوزیفی ناو هەنگاوەکانی خۆیانی دەکەن.

هاتنەکایەی فینۆمینۆلۆجیا جێگای بە هێرمینۆتیکا لەق نەکرد، بەڵکو پتەوتری کرد. بە جۆرێك سنوورەکانی تەئویلی فراوانترکرد، چونکە لە کۆندا هەموو بەشەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان سنووربەند بوون و پابەندی کۆمەڵە یاسایەکی دیاریکراو بوون، کە تیۆرناسان دایانهێنابوو، هەر لەناو چوارچێوەی ئەدەبیاتیشدا، ڕەوانبێژی وەك زانستێکی کۆن بە کۆمەڵێك یاسا وەکو هونەرەکانی ڕەوانبێژی پەیوەست بوو، بەڵام لە چەرخی نوێدا شێوازگەری هاتەکایەوە، کە هەر لەسەر میراتی ڕەوانبێژی کاری دەکرد، بەڵام سنوورەکانی فراوانتر کرد، بواری زیاتری هێشتەوە بۆ زیاتر مامەڵەکردن لە شێوەی ئازادانە لەگەڵ دەقدا. ئەم مامەڵەکردنە زیاتر بۆ کردنەوەی دەرگابوو بەسەر هۆش (الوعی) بەوەی کە قووڵتر بەناو دەقدا شۆڕبێتەوەو پتر خۆی لەگەڵ بگونجێنێ، بۆ ئەوەی لە ڕووبەرێکی کەمدا زۆرترین واتا بەدەست بێنێ.

(بیتر کۆنزمان)و هاوڕێیانی، ڕایان وایە کە فینۆمینۆلۆجیا (ڕەوتێکی فەلسەفییەو بەهێزترین کاریگەری لە سەدەی بیستەمدا هەبووە. ئەم ناونانەش لەو سۆنگەیەوە، کە پابەندبوون بە خۆ لادان لە فەلسەفە لە هەموو ڕاڤەکردنێکی خێرا بۆ جیهان و وازهێنانی لە هەموو ئەحکامەکانی پێشوو بۆ شیکردنەوەی ئەوەی بۆ هۆش- الوعی دەدرەوشێتەوە، هاتووە)[2] بۆ ئەوەی هۆش بە سەربەخۆیی بمێنێتەوەو دوور بێت لە هەموو ئەو بڕیارانەی، کە پێشتر دراون بۆ ڕاڤەکردنی جیهان و ئەوەی لەناویدایە بە جۆرێك وەك (هۆسرل) پێی وایە دەبێ (هۆش لەو تێڕوانینانەی پێشتر دابماڵرێت، جا چ تێڕوانینی فەلسەفی، یان هەستی بن)[3]، چونکە وەرگرەکان، چ بە کاریگەری فەلسەفەکان، چ بەهۆی هەستەکانەوە جاری وا هەیە ڕاڤە ئەنجام دەدەن. لەبەرئەوە تێکەڵکردنی هەر یەکێك لەمانە لەگەڵ هۆشدا، گرفت دەخاتە بەردەم گەیشتن بە حەقیقەتی واتاو دواتر تێڕوانینی تاك و بێ خەوشی وەرگر لەگەڵ بیرو فەلسەفەی تردا، بە پوختی بە قوڵایی واتادا شۆڕنابێتەوە.

---

١- التبئير الفلسفي في الرواية- مقاربة ظاهراتية في تجربة سليم بركات، د.شاهو سعيد، سردم للنشر، السليمانية، ٢٠٠٧ ص٧٥

٢- معجم السيميائيات، فيصل الاحمر، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠١٠ص٣٠٤

٣- سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠٥

دیاردەگەرایی (فینۆمینۆلۆجیا) بە تەنیا لە دیاردە ڕووکەش و ڕووخسارییەکان ناکۆڵێتەوە، وەك لە ناوەکەی دیارە. دیاردەبوون بە تەنیا دیمەنی دەرەوەی دەق نییە، بەڵکو (دیمەن و دەلالەتی کرۆك و جەوهەری شتێکە، کە دوو ڕووی یەك دراون، ئەویش خودی بوونە و هەروەکو شێوەو ناوەڕۆکی کاری ئەدەبی یان هونەرییە)[1]. گەیشتنیش بە دەلالەتی باتینی شتەکان وەك هۆشی داماڵراو لە هەموو شتێك، دۆزینەوەی بنەمایەکی گرنگی تێگەیشتنە.

لێرەدا روون دەبێتەوە، دیاردەگەرایی مادەم بە دوو لایەنەوە پەیوەستە، کە ئامانجەکەی ئاشکراکردنی لایەنی شاردراوەو پەنهانە، کەواتە هەموو ئەو دوالیزمانەی لایەك هەوڵی ئاشکراکردنی لایەکەی تر دەدا، لەو چوارچێوەیە دەسەنگرێتەوە. هەموو ئەمانەش لە ناو دەقدا، بۆ خوێنەر دەبنە جێگای سەرنج، بە تایبەتی لایەنی باتین و شاراوەکە، بۆیە لە دیاردەگەرایی بە دوالیزمەکانی زانراوو نەزانراو، تەن و رۆح، بەش و گشت، وەستاوو جوڵاو، کرۆك و ڕووخسار، تازەو کۆن (حادث، قدیم). خولقێنەرو خولقێنراو، زاهیرو باتین، هۆو بەرهۆیی، رەهاو رێژە، دەرەکی و ناوەکی، پەیوەستە. بەجۆرێکی دیکە دەکرێ بگوترێ زاهیرو باتین و حەقیەقەت و زاهیر لەیەکتر جودا نین. هەر زاهیرێك لەگەڵ باتینێك پەیوەستەو هەر باتینێکیش زاهیرێکی هەیە)[2]. هەبوونی ئەم دوالیزمانەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە دەق نابێ تەنیا لەسەر دیارو ئاشکراکان خول بخواتەوە، بەڵکو کامڵبوونی واتای رووکەش لە قووڵبونەوەی واتای ناوەڕۆکەوە سەرچاوە دەگرێ، هەر ئەمەشە وای کردووە لەگەڵ هێرمینۆتیك لە یەك سەنگەردا جێگایان ببێتەوە، چونکە تایەکی ئەم دوالیزمە دەبێتە کەرەستەیەکی سەرەکی لەبەردەم خوێنەر بۆ ئەوەی کردەی تێگەیشتن بە تەواوی بێتەکایەوە، ئەگەرچی هەموو ئەمانەی باسکران لەناو چەمکی (بوون)دا جێگای خۆیان دەکەنەوە، یان بە دەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین بەشێکن لە پێکهاتەی بوون، بەڵام بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا هەر یەکێك لەمانە جیهانێکی تایبەتی هەیەو بۆ گەیشتن بە واتای راستەقینەو نزیکبوونەوە لە مەبەستی نووسەر، دەبێ ئەم دوو رێچکە فەلسەفییە یەکبگرن، یان لانی کەم ببنە کەرەستەی یەکتر بۆ ئەوەی وەرگر بگاتە واتای تەواو. هەتا ئێرە فینۆمینۆلۆجیا کاری خۆی لە قووڵبوونەوە لە دیوی ناوەوە دەکات، کە ئەمە لەگەڵ زۆر لە چەمکەکانی تری ناو رێبازە فەلسەفییەکاندا یەکانگیر دەبێت، بە تایبەتیش لەگەڵ هێرمینۆتیك، چونکە هەتا ئەم قۆناغە خاڵی هاوبەشیان زۆرە. لێرەشەوە هێرمینۆتیك وەك کردەیەکی لێکدانەوەی شتەکان، دەست بە دۆزینەوەی واتای ترو گەڕانەوە بۆ سەرەتاو ئەسڵی واتاکان دەکات.

مارتن هایدگەر بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٣ز، زاراوەی هێرمینۆتیکای خستەڕوو بە تایبەتی کاتێك کتێبی (بوون و کات)ی نووسی و تێیدا پەنجەی خستە سەر یەکەمین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان فینۆمینۆلۆجیا و هێرمینۆتیکا، ئەویش لێکۆڵینەوەی بوون و حوکمدان لەسەر بوونە بەوەی کەوا هەیە. لەو بارەوە سەلماندنی هێرمینۆتیکا جەخت لەسەر مەودای پەیوەندی خود بە بوون (الوجود) دەکاتەوەو بە هیچ شێوەیەك ناکرێ لە یەکتر دابڕێن، بەو پرۆژەیەی، هێرمینۆتیکای هێنایە لای فینۆمینۆلۆجیا. واتە

---

١- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

٢- پدیدارشناسی چیست، اندره دارتیگ، ترجمە: دکتر محمود نوالی، سازمان چاپ، انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، چاپ پنجم، تهران، زمستان ١٣٨٩،ص١٩٩-٢٠٠

فینۆمینۆلۆجیای هیرمینتۆتیکا گوتاری بوونەوەر- ئەو مرۆڤەی کە خاوەنی سروشتێکی هێرمینۆتیکییە- دەگوازێتەوە، هەتا خودی (هەرمس)ی دانا، پەیامنێرێك بوو گوتاری بۆ مرۆڤ دەگواستەوە. ئەو لێکدەرەوە (مؤول) بوو و لە هەمان کاتدا خودی پەیامهێنیش بوو. چونکە مرۆڤ لە بوونی خۆی تێدەگات، بێگومان لە ڕێگای هێزی وشە، هێزی زمان، ئەو واتایەش لە میانەی پەیوەندیان بە جیهان، دەسەلاتی خود بەسەر بابەت دروست دەبێ، بەلام لە بواری تەئویلدا، خالێکی دیکەی هاوبەش دەدۆزینەوە، ئەویش دەرخستنی واتایە. گەڕان بە دوای واتای جیهان و واتای شتەکان لە جیهانی فەلسەفەیە، بەلام دواتر لە مەیدانی فەلسەفەدا دەرچوو و مەیدانی تری گرتەوە، هەروەك هۆسرل دەلێ: پێویستە لە سەرمان بۆ خودی شتەکان بگەڕێینەوە، کە تەنیا لە بوون چەقبەستووی نەکەین، بەلکو واتاش بە هەند هەلبگرین، بە تایبەت کاتێ پرسیار لە بوونەکەی دەکەین، بۆیە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیا فەلسەفەی ڕوونکردنەوەو ڕۆشنگەری و شۆڕش و دەرخستنی چەمکی واتاو دەلالەتە.[١]

گەڕانەوە بۆ بناغەو ئەسلی شتەکان، ئەگەر کاری تەئویل بێت و لەو سۆنگەیەوە لە مامەلەکردنی دەقی ئەدەبیدا، هەلزنانە بەرەو پلیکانەکانی واتاو دۆزینەوەی مەبەستێتی (القصدية) یە، ئەم مەبەستەش بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕانی بەسەردا دێ. لەو بارەیەوە مادەم خودی دیاردەگەراییش فەلسەفەی ڕوون کردنەوەو دەرخستنی واتا بێت، ئەوا هەردووکیان ئەرکیان دەبێتە ڕۆشنکردنەوەی لایەنی نادیار، جا ئەم نادیارە لە هەر دوالیزمێکدا خۆی ببینێتەوە، گرنگ ئەوەیە واتایەکی ون بوو دووبارە دێتەوە بوون و تیشکی دەخرێتە سەر.

هەر لە زووەوە هایدگەر ڕەگ و ڕیشەی وشەکانی فاینۆمینۆن Phainomenon، یان فانیستای Painesthia و لۆگۆس Logos ی دەرهێناوەو بە ئێمە دەلێ کە فاینۆمینۆن بە واتای ئەو شتەیە، کە خۆی نیشاندەدات و شتێکی دیارو ئاشکرا بێ، هەروەك فا Pha لەگەل فوس Phosی یۆنانی دەستەخوشکن و بە واتای نوورو ڕۆشنایی دێن و (ئەو شتەی کە دەتوانی دەربکەوێت و ببێتە ئاوێنە. کەواتە دیاردە گەرایی- فینۆمینۆلۆجیایش کۆی ئەو شت (بوون) انەیە، کە لە ڕووناکایی ڕۆژدا ئاشکرا دەبن، یان دەتوانن خۆیان بناسێنن، لەبەر ئەوە ئەگەر هێرمینۆتیکش لەو پەیوەندییەدا وەربگرین، ئەوا لەناو زانستی مرۆڤایەتیدا، پێکهاتەیەکی تەئویلی تەئویل نییە، کە ڕونکردنەوەو شرۆڤەی دەق بێت، بەلکو سەرووی تەئویلە، کە بنجی شتێکە پەنهان و ون بوو بخاتە ڕوو و ئاشکرای بکا.[٢]

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییە، کە خالی هاوبەشی هەردوو چەمك پەیوەندی بەستنە لەگەل دەق. بە جۆرێك ڕێگاو میکانزیمێکن بۆ زیاتر ڕۆشنبوونەوەی کەلێنەکانی ناو دەق و دەرخستنی هەموو ئەو لایەنە ون و پەنهانانەو کردنەوەی ئەو کۆدانەی دەق، کە کات دوای کات بە واتای تر بارگاوی دەبن و هەمووشی لەپێناوی ئەوەی دەق لەگەل هێنانی شەپۆلی تازە لەگەل خۆیدا ئەسل و سەرەتا لەبیر نەکات. بەمەش هەولەکان لە پێناو گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای گوتن و گەرمی واتای سەرەتا، کە حەقیقەت و ڕەسەنایەتی زیاتر لەودا کۆبۆتەوە. بۆیە ئەگەر هێرمینۆتیك بە لایەنە زمانییەکەو تەکنیکی پێکهاتەی دەقدا ڕۆدەچووە خوارێ، ئەوا دیاردەگەرایی کاری هێرمینۆتیك بەرەو بالاتر دەبات. بەوەی ڕۆشنایی دەخاتە سەر هەموو

---

١- هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، د.مليكة دحامينة، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٨، ص٤٥-٤٦

٢- علم هرمنوتيك، ريچارد ا. پالمر، ترجمه محمد سعيد حنايی كاشانی، انتشارات هرمس، چاپ هفتم، تهران١٣٩١، ص ١٤١- ١٤٣

ئەو بوون‌و پێکهاتانەی کە هۆش بۆی دەچێت‌و لەو ڕوانگەشەوە بوارەکە فراوانتر دەبێت. ئەمەش بە دەگمەن ڕوودەدات، ئەگەرنا هەموو ڕایەڵەکانی دەق دەکەونە بەر ئەم تیشکانەو بەشێکی زۆری واتا لە ونبوون‌و شاراوەیی رزگاریدەبێت.

## ٢-٢ فینۆمینۆلۆجیاو بازنەی تەئویل

دوای ئەوەی سەرە داوەکانی پەیوەندی نێوان فینۆمینۆلۆجیاو هێرمینۆتیك دۆزرایەوە، خاڵی هەرە گرنگ، کە هەردووکیان پەیوەندی لەگەڵ دەبەستن بریتییە لە دەق. لەو ڕووەوەو بە تەنیا کاری هەر یەکێکیان، ناتوانێ بازنەی تەئویل فراوانبکات، چونکە مادەم فینۆمینۆلۆجیا وەك زانستی درەوشانەوەی هەموو بوونەکانە، ئەوا وردتر لە هێرمینۆتیك پارچەکان دەخاتە بەر کاری خۆی. لەوەشدا (بازنەی تەئویل جوڵەی دیاریکردنی واتای گشتی دەقە، لە ڕوانگەی دیاریکردنی واتەی پارچە بچوکەکانی دەق‌و ئەوەی پەیوەندی بە سەرتاپای دەق هەیە)[١]. بۆیە دەتوانین بڵێین بەرهەم‌و ئەنجامی دیاردەگەرایی لە تێڕوانینی ڕەخنەیی نوێدا دەچێتە گیرفانی هێرمینۆتیك، بەو واتایەی ئەگەرچی هەریەکەیان بە میکانیزم‌و ڕێگایەك بەرەو ڕووی دەق دەچن، وەك زانایان بۆیان داناون، بەڵام دواجار خودی کردەکە هێرمینۆتیك بەهێز دەکات، با بە ناوی تەئویلیش نەبێت.

پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەق، لە ڕێگای کردەیەك دەبێت، کە پێی دەگوترێت: کردەی خوێندنەوە، لەناو خوێندنەوەشدا حاڵەتێك هەردوو ڕێگاکان لە یەکتر نزیکدەکاتەوە، یاخود دووڕیانێکە هەردووو چەمك بە یەکتر دەگەیەنێ. ئەویش بریتیە لە کردەی (تێگەیشتن– الفهم). ئەم کردەیەش لە ڕێگای هۆشەوە دەرکی پێدەکرێ. هەتا ئێرە خاڵە هاوبەشەکان بە چڕی دەردەکەون. ئەوەی کە تێگەیشتنی جیاواز دێنێتە کایەوە، هەر تەنیا درەوشانەوەی دیاردەکان نییە، بەڵکو گومان‌و وەهمە لە تێگەیشتندا، کە دواتر دەق بەرەو جوڵەو بزوتنێك دەبەن‌و هەر ئەمەشە وا دەکا دەقەکە بە نەمری بمێنێتەوە.

لەناو دەقە ئاینییەکاندا، ئەگەر بە لای هۆش– خوێندنەوە، گومانیش هەبوبێت، ئەوا بە هۆی ترس لە ئەنجامەکەی، زۆرجاران جوڵەکەی پەکخستووە، یان گومان لە شتەکە وەك پارچەیەکی بوون، سەری نەکێشاوە بۆ گومان لە هۆش (الوعی)یش، بەڵام (ئێمە لەوەتەی مارکس* و نیچەو فرۆید هەن، گومان دەبەین**. دوای گومانکردنیش لە شت، چووینە ناو گومان لەبارەی هۆشیش، ئەگەر (دیکارت*) بەسەر

---

١- Dictionary of Literary Terms& Literary Theory, J.A.Cuddon, penguin books,tahran, ١٣٨٥, p:٣٧٧

* کارڵ مارکس Karl Marx(–١٨٨٣ز): فەیلەسوفێکی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و جولەکەیەکی ئەڵمانیایی بوو. لەگەڵ ئەنگلز دامەزرێنەری ئابووری هاوچەرخ بوون لە ڕێگای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی کۆمۆنیزم لە ساڵی ١٨٤٨. لە بەرهەمە گرنگەکانی سەرمایە بە سێ بەرگ. زۆر بە زەقی بە فەلسەفەی هایدگەرەوە کاریگەر بوو. هەڵوێستی نەرێنی بوو بەرامبەر ئایینەکان. لە بەرهەمەکانی تری (دەستنوسەکانی ئابووری‌و فەلسەفی ١٨٤٤)و (ڕەخنەی فەلسەفەی هێگڵی ١٨٤٥). (سجن التفکیك، ص٢٩١)

** (نیچە، مارکس و فرۆید ڕاڤەیان لە گێچەڵی ئاڵ‌و گۆڕی نیشانەکان رزگارکرد. لەپاش ئەوان نیشانەکان بە کۆمایەکی ناکۆتاو بێ سنوور گرێ دران... ناکامڵی ڕاڤەو ئەم کەتوارە کە هەر ڕاڤەیەك بەردەوام پاتۆر پاتۆرە، لە بەرهەمەکانی هەر سێ هزرڤانەکەدا زۆر جاران بە یەك شێوە دەردەکەوێ: نکۆڵی لە شوێندەسپێك، ئەم ئەزموونە بۆ هێرمینۆتیکی مۆدێرن ئێجگار گرنگە، هەتاکو کەسێك زیاتر لە ڕاڤەکاریدا نغرۆ ببێ‌و پێشڤە بچێ، زیاتر لە هەر جێیەك (فۆکۆ دەڵێ لە ناوچەیەکی بە شێوەیەکی ڕەهاو ترسناك) نزیك دەبێتەوە، کە لەودا ڕاڤە نەك تەنیا ڕێگەیەك بۆ گەڕانەوە پەیدا ناکات بەڵکو خۆی لەژێر ناوی ڕاڤە دەڕەوێتەوە. لە دەرونشیکاری فرۆید دا، ڕاڤە

گوماندا زاڵ بوو لەبارەی شتەوە بە هۆی بێ بایەخی هۆشەوە، ئەوا مارکس و نیچەو فرۆید بەسەر گوماندا زاڵبوون لەبارەی هۆشەوە بەهۆی تەئویلی واتاوە. بەجۆرێك ڕێگای تەئویلیان خۆش کرد، کە هۆش سەرچاوەی واتاکان بێت، نەك شتەکان سەرچاوەی واتا بن. بۆ زاڵبوونیش بەسەر ئەم گومانەدا، لە بارەی هۆش (الوعی)ەوە هەرسێکیان تەئویلی واتایان ئەنجامدا. گرنگی ئەم تەئویلەش بریتییە لە گۆڕانی پێشوازی هۆش لە دیاردە زمانی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕێککردنی ڕوانینی خوێندنەوەو جوڵاندنی گۆشەی جیهانبینی بۆ بوون و گەڕاندنەوەی بونیادی دیاردەگەرایی (فینۆمینۆلۆجیا) بوونناسی، بۆ هەموو واتای بابەتێك بە ڕەچاوی بونیادە زمانییەکەی. لەبەرئەوە گرنگی هێرمینۆتیك هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی وەهم، بە جۆرێك مادەم هەموو بوونێك واتای هەبێت، واتاش لە دوا جاردا، بەدەستهێنانی کۆششی مرۆڤێکە، کە لە خودی خۆیەوە بەرەو ئەو جیهانە دەچێ، کە مەبەستیەتی)[1]. جوڵەی هۆشیش لە بەرامبەر زیندوو ڕاگرتنی کردەی تێگەیشتن بازنەیەکی هێرمینۆتیکە، بەو پێیەی هەتا هۆش بەرەو بونیادی لایەنی زمانی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و پرۆسەی نووسینی دەق بچێت بە ئامانجی تێگەیشتن، ئەوا خولانەوەیە لەناو بازنە تەئویلیەکەدا، کە لەناو ئەم زمانەدا واتا هەڵگیراوە. دەرکپێکردنیش بەم واتایە لە وردەکاریدا، ڕۆشنکردنەوەی دیاردەکانەو لەکۆی پێکهاتەکەشدا دەرەوشانەوەی بازنەکەیە. حاڵەتی هەرە گەشیش لێرەدا پەیوەندی نێوان خودو ئەویترە، بەوەی هەر کاتێك گومان لە تێگەیشتنەکە دروست ببێ، پەیوەندی خودو ئەویتر بە ئامانجی زیاتر ڕۆشنبوونەوەی واتا گەش دەبێتەوە. لەمەشدا بناغەی ئەنتۆلۆجیا** ی واتا لە جێگیرییەوە بەرەو جوڵاوی دەڕوات، ئەم جوڵەیەش بازنەکە بەرەو بەردەوامی دەبات.

ئەسڵ لە شتەکان ئەوە ناگەیەنێت ئەم شتانە لە کوێ پەیدا بوون، بەڵکو چۆن پەیدا بوون، پێکهاتەیان چۆنە؟ ئەمە بوو کە (هایدگەر) لە خوێندنەوەکانی بۆ (نیچە) ڕوونیکردەوە، لەو سۆنگەیەی زانستی ئوصول و بنەماکان لە سەرەتا دەکۆڵێتەوە، ئەوا هەموو سەرەتایەك پێکهاتەیەکە، هەموو ئەسڵێکیش ڕۆنانە، هەموو چییەتی (ماهیة) یەك شێوەو پێکهاتنە، واتاش بریتییە لە ئامادەبوون، خوێندنەوەش بریتییە لە هێرمینۆتیکا، حەقیقەتیش لە کۆتاییدا نییە، جگە لەوەی کە ئێمە دووبارە دەیسازێنینەوەو لێکی دەدەینەوە... ئەگەر بنەماناسێك لە ڕووی جیاوازییەوە سەیری مێژووی شێوەو پێکهاتنەکان دەکات، ئەوا بۆ ئەوەی نییە بگاتە تاکە واتایەك، یان بیباتەوە سەر بنەماو ئەسڵەکەی، بەڵکو بۆ ئەوەیە

---

هەرگیز ناتوانێ ڕابوەستێ و ناگاتە کۆتاییش. لە بەرهەمەکانی نیچەشدا بە ئاشکرا ڕاڤە بەردەوام ناتەواوە..) (ئەفراندن و ئازادی- باستەوەرەکانی هێرمینۆتیك و جوانیناسی، بابەك ئەحمەدی، و.مەسعود بابایی، دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، هەولێر ٢٠١٠، لا١١٦-١١٧)

* رینیە دیکارت (؟- ١٦٥٠): فەیلەسوف و بیرکاریزانی فەرەنساییە، خاوەنی عەقڵیەتێکی لاهوتی زانستی بوو، چووە ناو گۆڕەپانی میتافیزیك و بیرکاری و ئەندازیاری، لە جیاتی میتۆدی ئایدیالی لە زانستی تەقلیدی ئەرستۆیی، میتۆدێکی تری پێشنیار کرد کە لەسەر تێبینی و تاقیکردنەوە وەستاوە. لە بەرهەمەکانی بنەماکانی فەلسەفە، نامە فەلسەفییەکان، فەلسەفەی ئەخلاق...هتد. (سجن التفكيك، ص٢٨٥)

١- اللغة والتأويل – مقاربات في الهرمنوطيقا الغربية والتأويل العربي الاسلامي، عمارة ناصر، دار الفارابي، بيروت، الطبعة الاولى ٢٠٠٧، ص١٦٨

** ئەنتۆلۆجیا Ontology: لە فەلسەفەی هاوچەرخدا بابەتی ئەنتۆلۆجیا بریتییە لە خودی شتەکان، یان بە دەربڕینێکی تر زانستی هەبووەکانە بە گوێرەی ئەوەی کەوا هەیە. کە لە خودی هەبووەکان دەکۆڵێتەوە بە شێوەی سەربەخۆ. واتە بە حەقیقەتی وجوود پەیوەستە نەك بە ڕووکارەکەی. (تأويل الشعر وفلسفته عند الصوفية، ص٢٤٤)

هەڵوەستە بکات لەسەر چۆنیەتی هەڵقووڵین و پێکهاتنەکەی، ئەم شێوانە شێوەی رۆنانی (اشتقاق)ن، یان بە واتایەکی وردتر لێکدانەوەو هێرمینۆتیکای بەدواییەکدا هاتوون. بۆیە لێرەدا لێکدانەوەو هێرمینۆتیکای کۆتایی بۆ حەقیقەت نییە، چونکە حەقیقەت لق و جۆگایەکی لێکدانەوەکان و تەئویلە[1].

کەواتە بۆ دۆزینەوەی بوون و لەناو بوونیشدا دۆزینەوەی حەقیقەت حەوجێ بە لێکدانەوە دەبین، چونکە لەنێوان حەقیقەت و هێرمینۆتیکا خاڵی هاوبەش هەن، بەو واتایەی وەك چۆن گەیشتن بە حەقیقەت تەنیا بە تاك واتایی وازی لێ ناهێندرێ و دەبێ چۆنیەتی پێکهاتنی و شێوەو شێوازو بونیاد و مەوداکانی شی بکرێتەوەو لێك بدرێتەوە، بە هەمان شێوە کاری هێرمینۆتیکیش وایە، بەو پێیەی لێکدانەوەو فرە واتایی و فرە رەهەندی دەبێتە گرنگترین کارەکانی. لێرەدا هەر هەوڵێك لە چوارچێوەی هێرمینۆتیك بدرێ، جا هەوڵەکە هەر جۆرە کەرەستەیەکی فینۆمینۆلۆژی یان ئەنتۆلۆجی، بۆ شیعرەکانی مەحوی بەکاربهێنێ، جۆرێکە لە رۆیشتن بەرەو حەقیقەت، بەو واتایەی هەموو مەبەست و نیازی شاعیر، بە هەر جۆرێك دەربڕی بێت، دەبێ بە لێکدانەوەی زۆرو واتا هەڵکڕاندنی، لە حەقیقەت نزیکمان بکاتەوە، ئەو حەقیقەتەی کە دەشێ واتای دیکەی هەبێت، کە بە لای ئێمەوە خودی لێکدانەوەکە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە رێگایەکی دیکە، لە سۆنگەی بڕوا نەهێنان و دڵ ئاو نەخواردنەوە بە واتای یەکەم و سەرەتا، بۆیە گرنگە لە رووی ئەنتۆلۆجییەوە بەرەو هەنگاوەکانی دیکەی کەرەستەی لێکدانەوە بڕۆین.

واتای ئەو ئەنتۆلۆجیایەی، کە لە دیاریکردنی فینۆمینۆلۆجیاکەی هۆسرلەوە دەردەکەوێت، بریتییە لە شێوازێکی تەئویلیی بۆ واتای جیهان، کە بارێکی ئەنتۆلۆجییەو بوونێکی هەمەکی نیشان دەدات، واتە جیهان بەگشتی روون دەکاتەوە.[2] فینۆمینۆلۆجیاو ئەنتۆلۆجیا دەچنە ناو یەکتر، لە رووی ئاراستەکردنەوە زۆرجاران یەکتری تەواو دەکەن و کاری یەکتر دەکەن، بەو پێیەی ئەگەر کارکردنی هاوبەش لە چوارچێوەیەکدا بنەمای دروستبوونیشیان جودا بێت، ئەوا مادەم لە بەرهەمدا هاوبەشن، دەکرێ لەیەك قەپێلکدا جێگایان بکرێتەوە. زانستە مرۆڤایەتییەکانیش لەو سۆنگەیەی لەگەڵ بووندا ، بە قەڵەمڕەوی هەست و سۆزی مرۆڤەکان کارلێك دەکەن، ئەوا خودی (فینۆمینۆلۆجیاش زانستی بوونەوەرە و ئەنتۆلۆجیاش بایەخ و گرنگی بە زانستی بوون (بووناسی) دەدات، کەواتە ئەویش گرنگی بە بوونەوەر دەدات، بۆیە هەموو فینۆمینۆلۆجیایەك ئەنتۆلۆجیایە، لەبەرئەوە بابەتی فینۆمینۆلۆجیای ئەنتۆلۆجیا بریتییە لە بوونەوەر)[3]. خودی ئەم میتۆدانەش دەبێ لەسەر رێڕەوێك بڕۆن بۆ ئەوەی هەندێك لایەنی شاردراوەی بوونەوەرمان بۆ ئاشکرا بکەن، لەبەرئەوە خودی مرۆڤ راستەوخۆ بە تەنیا بە هەست و سۆزەکەی، بە بێ رێڕەوێکی دیاریکراو ناتوانێ ناوەوەی مرۆڤەکانی تر دەربخات، چونکە لە ڕوانگەی

---

١- التأويل والحقيقة (قراءات تأويلية في الثقافة العربية)، علي حرب، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت- لبنان، الطبعة الاولى،١٩٨٥، ص٦٨- ٦٩

٢- الفنومنولوجيا والمسألة المثالية، إدموند هوسرل، د.محمد حسن الزارعي، دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٠ ص٢٨٩

٣- هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، ص٣٨

هایدگـەر (بوونـەوەر لـە سـەرەتاداو لـە یەکـەم خۆنیشـانداندا دەرناکـەوێت، بـەڵکو پێویسـتمان بـە ڕێگـاو میتۆدێکە بۆ ئاشکرابوونی، ئەویش میتۆدی فینۆمینۆلۆجیایە) [1].

بێگومان هەموو مرۆڤەکانیش وەك یەك توانای ئاشکراکردنی دیاردەکانیان نییە، بەڵکو لە مرۆڤێك بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێت. لێرەدا ڕوانینی مرۆڤەکان بۆ شتەکان پێوەرێکی هەرە سەرەکیو هەوێنی سازاندنی ئەم میتۆدەیە. هەروەك (گریکەکانیش بۆ وشەی دیاردە، پێیان وایە، ئەوەی کە دەردەکەوێتو دەدرەوشێتەوە دیاردەیە)،[2] بۆیە هەموو درەوشانەوەو دەرکەوتنەکان لە ڕێگای ڕوئیاو ڕوانینی مرۆڤەکانە، کە لە هۆشەوە سەرچاوە دەگرێو بە پێی میتۆدێك وردەکارییەکان دەردەخاتو تیشك دەخاتە سەر لایەنە تاریكو ناڕوونەکان، کە لای خەڵکی تر نادیارنو لای ئەویش (ڕاڤەکار) ڕۆشن دەرکەوتوون. هەموو ئەمەش لە ڕێگای ئەزموونێکی چڕو پڕ دێت بۆ کارلێککردن لەگەڵ دەقدا.

کەوابوو هەتا پرۆسەی خوێندنەوە زیاتر بێت، بوون زیاتر دەکەوێتە بەر ڕۆشنایی. خودی ڕۆشنبوونەوەکەش، لەلایەك هۆش چالاکتر دەکات، لەلایەکی تریش گومانو ڕاڕایی وەرگر لەهەمبەر واتای ڕاستەقینە زیاتر دەکات، قوڵبوونەوە تێیداو سەنگرانەوە لەسەر یەك لا، گومان کەمتر دەکاتەوەو بازنەی هێرمینۆتیك چالاکتر دەکات. لەناوخۆشیدا بوون بە هەموو وردەکارییەکانیەوە بەوەی دەرکەوتووەو بەوەی شاردراوەتەوە، لەناو دیاردەگەراییدا دەبێتە بابەتو دواجاریش وەك بەرهەمێکی تەئویل بازنەکە فراوانترو گەشەدارتر دەکات. ئەم کردەیە دەتوانرێ بە جۆرێکی دیکە تەماشای بکرێ، بەوەی (ئەڵقەی هێرمینیۆتیکی-پرسیارەکە هی کێشەی بنەڕەتیی هێرمینیۆتیك- لێکۆڵینەوەی تێکستە، چۆن ئەمە وا دەکەوێتەوە کە ئێمە "تێبگەین"و خۆمان لە مانای تێکستێك نزیکبکەینەوە کە هۆشو زەینی کەسێکی غەریب هێناویەتە ناو. لە چ کەشو هەوایەکدا ئێمە بە "ئامێتەبوونو توانەوە"ی نێوان "ئەوی تر"و خۆمان دەگەین؟ مەبەست لە زاراوەی ئەڵقەی هیرمینیۆتیکی لای مرۆڤ ئەو پرۆسە عەقڵییەیە کە لەکاتی تێگەیشتنو لێکدانەوەی تێکستدا دێتە ئارا).[3]

ئەگەر تەنیا بازنەی تەئویل جیابکەینەوە، ئەوا لە دووریانی کردەی تێگەیشتندا، شێوەیەك لە سەربەخۆیی وەردەگرێ، بەو پێیەی وەرگر لەناو چەمکی (تێگەیشتن) دا، پەل بۆ ئەوە دەهاوێژێت، کە ڕوانینی خۆی سەقامگیرو سەربەخۆ نیشان بدات. ئەمە لە بەرەنجامی گومانکردن لە خوێندنەوەکانی تر دێتەکایەوە. هەر ئەم گومانەشە وا دەکات تایبەتمەندییەکەی خۆی بپارێزێت. لە کۆندا هەردوو چەمکی فینۆمینۆلۆجیاو تەئویل بە یەکترەوە پەیوەست نەبوون، چونکە دیاردەگەراییەکە بەم دواییانە هاتەکایەوەو پێشتر هەر تەنیا تەئویل قەڵەمڕەوی تەفسیرو شیکردنەوەی دەق بوو، بەڵام بۆ سازاندنی بازنەکە، هەمیشە وەرگر حەوجێ بە چەمکی ترە بۆ ئەوەی هەردوو جەمسەرەکە لە ناو بازنەدا یەکانگیر بنو پێچەوانەی تەئویلی کۆن بێتو لە یەك خاڵو چوارچێوەدا نەخولێتەوە، کە تێگەیشتنێکی بێ هاوکاری چەمکەکانی تر بوو.

---

١- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٧

٣- تیۆری ئەدەبیو شێوازناسی، پیتـەر هـاڵبێرگو دانـەرانی تـر، ئامـادەکردنو وەرگێڕانـی: ئـەنوەر قـادر محەمـەد، کوردۆلـۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠ ل١٣٥

ئەم تێگەیشتنەی وەرگر، لەناو چوارچێوەی مەعریفەدا خۆی بەرجەستە دەکات، کە مرۆڤ بۆ ئەوەی تێ بگات دەبێ هەوڵی بەدەست هێنانی مەعریفە بدات. لەلایەکی تر مرۆڤ بۆ ئەوەی تێ بگات پێویستە لە رابردوو تێ بگات، واتە تێگەیشتنێکی رابردووی هەبێ‌و هەڵوەستە بکات‌و سیاقەکە بخوێنێتەوە، ئەمە بە چوارچێوەی هێرمینۆتیك دادەنرێ، هیچ کەسێکیش هەوڵی تێگەیشتن نادات، تا شیاوی دۆخەکە نەبێ، لەبەرئەوە ئەم چوارچێوەیە تەنگەو بۆ هەموو کەس دەست نادات. مەگەر کەسەکە شیاوی کارەکە بێ. بە پێی تیۆری هێرمینۆتیکای فینۆمینۆلۆجیا چوارچێوەی هێرمینۆتیك داخراو نییە، بەڵکو کراوەیە، ئەویش بەهۆی سروشتی رەمزو بیرکردنەوەی خودی لە بوونی خۆمان[1]. ئەمەش وا دەکا مرۆڤ لە چوارچێوەی تێگەیشتنی پێشووترەوە لە چەمکێکی تازەوە تێبگات. واتە لە زەینی هەموو کەسێکدا تێگەیشتنێکی پێشووتر هەیە بۆ ئەوەی راڤەو تەفسیر بۆ دەقی دیکە بێنێتە کایەوە.

هێرمینۆتیکای هاوچەرخ لەگەڵ رۆمانسییەتی ئەڵمانی هاتەکایەوە، کە ئاستی مەبەستی نووسەرو واتای تا ڕادەیەك لە یەکتر جیاکردەوەو شلایر ماخر Schleir macher (١٧٦٨-١٨٣٤)ی بیرمەندی ئەڵمانی دوو لایەنی تەفسیری لە یەکتر جیاکردەوە، یەکەمیان تەفسیرێکی بە سووسەکردن‌و داهێنراو، دووەمیشیان شرۆڤەیەك، کە لەسەر لێکۆڵینەوەی زمانی‌و مێژوویی بوەستێ. هەر بۆیەش گواستنەوەی خوێندنەوەی دەقی ئاینی بۆ دەقی ئەدەبی‌و هونەری‌و فەلسەفی بە لای ئەوەوە دەبێ تێگەیشتنەکە بە بیری کەسێکی دیاریکراوەوە پەیوەست بێت. لەمیانی سیاقێکی زەمەنی دیاریکراوو مومارەسەی تێگەیشتنەکەش بەلای ئەوەوە یان تێگەیشتنێکی زبرە یان نازبرە. بۆیە لە مومارەسەی تەئویلدا، ئەو دوو میتۆدی لەیەکتر جیاکردەوە: میتۆدی رێزمان، کە لە میانی زمانە تایبەتییەکەو دەلالەتەکەدا چارەسەری دەق دەکات، ئەوی تر میتۆدی تەئویلی دەروونی، کە پشت بە بیۆگرافیای نووسەرو ژیانی فیکری‌و گشتییەکەی‌و ئەو پاڵنەرانەی بوونەتە هۆی نووسین دەبەستێ. لێرەشدا، لێکدەرەوە (مؤول) جێگای نووسەرەکە دەگرێتەوەو لە ڕووی زەین‌و هۆشەوە لە هەمان باری دەروونی نووسەرەکە دەژییێت.[2]

لێرەدا دەردەکەوێت، کە دەق بە تەنیا هەڵگری بونیادە زمانیەکە نییە، بەڵکو هەڵگری بارێکی مێژوویی، دەروونیی کۆمەڵایەتییە، کە هێزو پاڵنەری نووسەرەکەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە بە لای (ماخر)ەوە لە کردەی تێگەیشتنیشدا، دەبێ هەردوو ڕێبازەکە ڕەچاو بکرێ، بۆ ئەوەی تێگەیشتنەکە لە ڕاستی‌و دروستی نزیك بێتەوە، چونکە دیاردەگەرایی بوونەکانی بە تەنیا حسێب دەکردو لەگەڵ چەمکەکانی تری گرێ نەدەدان، بەڵام دەربازبوونی وەرگر لە هۆشەوە بۆ تێگەیشتن لەوێوە بۆ ڕەچاوکردنی ئەم میتۆدانە سەردەکێشێ بۆ سەرەتای چزورەکردنی واتای جیاوازو لێکدانەوەی تایبەتی وەرگرو دەرکەوتنی بونیادی تەئویلییانە.

هێرمینۆتیکای (شلایر ماخر) لەسەر ئەو بنچینە دامەزراوە، کە دەق نێوەندێکی زمانییەو بیری نووسەر بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. ئەمەش لەلایەك ئاماژەیە بۆ زمان‌و لەلایەکی تریش بۆ بیری خودیی نووسەرەکەو پەیوەندییەکەش هەر لە مشت‌و مڕی دایە، هەتا دەق لە رابردوو دوور بکەوێتەوە بەلای

---

١- فهم الفهم، مدخل الى الهرمنوطيقا مظرية التأويل من افلاطون الى جادامر، د. عادل مصطفى، دار رؤية للنشر والتوزيع، مصر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧، ص١٧

٢- إتجاهات التأويل النقدي من المكتوب الى المكبوت، محمد عزام، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٨، ص٨١-٨٢

ئێمەوە ئاڵۆزتر دەبێت‌و لە تێگەیشتنی خراپ‌و بەد نزیك دەبینەوە، بۆیە بۆ ئەوەی خراپ حاڵی نەبین پێویستە ڕێگا چارەیەك بدۆزینەوە. لەم ڕووەوە (ماخر) بناغەیەکی بۆ تێگەیشتنی دەق داناوە، کە پشت بە بەهرەی مەعریفەی زمان‌و توانای چوونە ناو سروشتی مرۆڤایەتی دەبەستێ. بۆ هەر دەقێکیش دوو لایەن هەن: لایەنێکی بابەتی، کە ئاماژەیە بۆ زمان‌و لایەنێکی خودیش، کە بۆ بیری نووسەر دەگەڕێتەوە. خوێنەریش لە هەر کامەیان دەست پێ بکا ئاساییە، لە هەریەکەیان خاڵێکی تێگەیشتن هەیە، ئەم دوو لایەنەیش بابەتی‌و خودی، یان زمانی‌و دەروونی، خۆیان لە بونیادی سەرەکی تەئویل دەنوێنن‌و هەر ئەم دوو لایەنەشن بازنەی تەئویل بەڕێوە دەبەن[1]. لەناو هێرمینۆتیکای هاوچەرخدا ئەم بناغەیەی شلایرماخر، بووە باشترین ڕێگاو میکانزم بۆ تێگەیشتنێکی ڕاست‌و دروستانە، چونکە بە تەنیا زمان‌و بونیادی زمانی بە خاڵی سەرەکی تێگەیشتن دانەنا، بەڵکو ڕەچاوی ژینگەو بیرو هزری نووسەرەکەشی کردو ئەم ڕێڕەوی گواستنەوەی بیری نووسەر بۆ وەرگری بە ڕێڕەوێکی سەلامەت سپارد، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ وەرگر لە زۆرترین حەقیقەت‌و مەبەستی نووسەر نزیك بکەوێتەوە. هەر ئەم بازنانەی تەئویلیش بوو، کە بووە باوکێکی تەئویل‌و بۆ دوای خۆی، بەتایبەت بۆ هەر یەك لە (دەلتی‌و گادامیرو ریکۆر) بووە بە سەرچاوەو پاڵپشت.

## ٣-٢ ئیپستیمۆلۆجیای تەئویل‌و ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتن

هەر لە سەرەتاوە هەنگاوەکانی هێرمینۆتیك لەبارەی تێگەیشتن (الفهم)ەوە دەستی پێکردووە، بەو پێیەی جۆراو جۆری لە تێگەیشتن بە بارە ئەرێنی‌و نەرێنییەکەیەوە، ڕوانینی هەمەجۆری وەرگر لەبارەی دەق‌و نووسەر نیشان دەدات. بەمەش گەنگەشەیەکی زۆر لە هەمبەر دەق دێتەکایەوە، بە تایبەتیش لە چوارچێوەی ئیپستمۆلۆجیاو هەبوونی مەعریفەیەك، چ لای نووسەر، یان لای وەرگر بۆ ناوەوەی دەق‌و نووسەرەکە خۆی، کە وا دەکات هەر تەنیا لایەنی تەکنیکی‌و ڕێزمانی‌و وشەئارایی لەبەرچاو نەگیرێ، بەڵکو نووسەر لەگەڵ دەق بە یەکەوە ڕوویان نیشان بدرێ‌و لەوەشدا باری دەروونی‌و مەعریفییەکەی بخرێتە ڕوو، کە ئەمە سەردەکێشێ بۆ ئەوەی هەر تەنیا تێگەیشتن لەدەق، لە ڕێگای تەکنیکی زمان نەبێت، بەڵکو ڕێگای تێگەیشتن خۆشتر بکرێ بە زانینی سیاق‌و هەبوونی مەعریفە لە کەسێتی نووسەرو هەڵهێنجانی مەعریفەی شاراوە لە خودی نووسەرەوە. ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگیرێ، کە ناتوانرێ سەرە داوەکانی ئەم پەیوەندییە باس بکرێ، هەتا چەمکەکان لە ڕووی مێژووییەوە ئاراستەکانیان دیاری نەکرێ، لەبەرئەوە پەیوەندی ئەنتۆلۆجیا بەم چەمکانە لەم دوو ڕەهەندەوە سەرچاوە دەگرن:

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢-٨٣

## ٢-٣-١ لە فینۆمینۆلۆجیاوە بۆ ئەنتۆلۆجیا

ئەگەر (هۆسرل) دامەزرێنەری کردەیی دیاردەگەرایی بێت، ئەوا بە تەنیا بە بیروڕاکانی هۆسرل ناتوانرێ کرۆکی مەبەستداریintentionality لەناو دەقدا بەرجەستە بکرێ، بەو پێیەی دیاردەگەرایی پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەی دیاردەکانو گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان، بەڵام هەموو دیاردەکان مەبەستو سەرەتایەکی دیاریکراوی خۆیان هەیە. ئەوەی گرفتەکەش لێرەدا دەسازێنێ بریتییە لە هۆش (زەین)، چونکە هۆش ئامرازێکە بۆ گەیشتنی ئێمە بە دیاردەکان، یان هەستکردنمان بە خودی شتەکە، جا کرۆکی گرفتەکەش ئەوەیە، کە دیاردەگەرایی گەڕانەوە بێ بۆ ئەسڵی شتەکان، نابێ هیچ پێشێلێکی مەعریفی (زانین)ی تێدا ڕووبدات. گومانیشی تێدا نییە، کە مەبەستداری چەمکێکی فرە رەهەندو فرە دەلالەتەو بە تەنیا بە هۆشو هەستو بە یەکێتیی بابەت، کە بە سەر یەکێتیی مەبەست تێدەپەڕێ دەسگیرنابێ، بەڵکو دەبێ بەو جۆرە سەیری مەبەستداری بکرێ، کە پرۆسەیەکی تەواوکاریی، ئاڵوگۆڕییە، جا لە خود Subject – و بابەتەوە object بۆ ئەسڵو مەبەست (الغاية Origineseles) بچێت، یان لە ئەسڵو مەبەستەوە بۆ خود- بابەت بچێ، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ هاوکێشەیەك، کە لەسەر بناغەی کارلێکی نێوان هەست- بابەت conscience – object ، هەست – واتا sens بونیاد بنرێ، کە دواجار هەر تەنیا ئەم فینۆمینۆلۆجیایە جیهانی واقیعی نەگرێتەخۆ، بەڵکو ئامانجی گەڕان بێ بە جیاوازی واتاو دەلالەتەکان.[١]

مەبەستداری وەك رەگەزو بنەمایەکی گرنگی دیاردەگەرایی، لەبەرئەوەی پەیوەندی بە کاکڵەی (بابەت)ەوە هەیەو دەبێ خودی دانەرەکە تێیدا بەشدار بێ، بۆیە ئەم کارلێککردنە لەگەڵ خوددا بەرەو ئاقاری چەمکەکانی تر دەچێت، وەك سایکۆلۆجیا، چونکە ئەگەر هۆش بەرپرسی یەکەمی بڕیاردانی خودو گەیشتن بە یەقین بێت، ئەوا لەنێو ئەم یەقینەدا سایکۆلۆجیاش بە ئەندازەی خۆی دەتوانێ قسە لەسەر بنەماکانی بیرکردنەوەو خودی دانەرەکە بکاتو لە هۆشو هزری بکۆڵێتەوە.

کەواتە جگە لەوەی خود دەبێتە کەرەستەی لێکۆڵینەوە سایکۆلۆجییەکان، بە هەمان شێوە ئەو بابەتەی، کە خود کاری لەسەر دەکات، ئەمیش دەبێتەوە کەرەستەیەكو وەك ئاوێنەیەك خودی تێدا دەبینرێ. لەبەرئەوە پەیوەندی نێوان خودو بابەت بۆتە بنەمایەکی مەزنی فەلسەفەی دیاردەگەرایی. لە کۆتاییشدا، ئەوەی ئەم پەیوەندییە رێکدەخات خودی مەبەستداری (القصدية)یە، کە دەتوانێ شیکردنەوەیەك لە ڕەگو ڕیشاڵەکانیان ئەنجامبداتو ئەم شیکردنەوەش بە بێ هەڵوەستەکردن لەسەر واتا کامڵ نابێتو هەر دەبێ نهێنییەکانی واتای تێدا بەرجەستە بێت. (جان فرانسوا لیوتار)* دەڵێ: (پێویستە

---

١- المنعرج الهرمنوطيقي للفينومينولوجيا، جان غراندن، ترجمة وتقديم د.عمر مهيبل، منشورات الاختلاف، الجزائر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧، ص١٠-١٢

* جان فرانسو لیوتار (١٩٢٤- ١٩٩٨ز)فەیلەسوف و کۆمەڵناسو تیۆردانەرێکی فەرەنسایی بوو، بەوە بەناوبانگە کە یەکەم جار لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، چەمکی پۆست مۆدێرنەی بۆ فەلسەفەو کۆمەڵناسیی داهێنا، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی بوفون لە پاریس تەواو کردووەو فەلسەفەی لە زانکۆی سۆربۆن خوێندووە، لە سەرەتادا مارکسی بووەو سەر بە کۆمەڵەی سۆسیالیزمو بەربەریزمەوە بووەو پاشان بۆتە دوژمنێکی سەرسەختی ئەو رێبازەو بەتایبەتیش پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی، لەگەڵ پێرێك لەوانەی پەشیمان بوونەوە، وەك رۆژیێ گارودیو لوی ئەلتۆسێروهربرت مارکۆزە. لە زانکۆی پاریسی حەوتەم وانەبێژ بووەو هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٨٧ دەبێتە ئوستادی فەخریو دکتۆرای لە ئەدەبیات بەدەست هێناوەو لە دوو دەیەی دواتردا وەك مامۆستای میوان لە

شیکردنەوەی مەبەستدارانە دەرخستنی چۆنیەتی (پێکهاتن)ی واتای بنەڕەتی شتێك بێت، چونکە مەبەستداری راستی دەپێکێ، بەڵام لەگەڵیشیدا واتا دەبەخشێ. ئەم شیکردنەوە مەبەستدارییەش، دەست بە سەر شتێکی وەك پێکهاتەی واتا دەگرێو پێکهاتەکە کەشف دەکات، بۆیە مەبەستداریی (هۆسرل) پێش مەبەستی رووکارێکی واتاداری مەبەستدارەو وەلامی بکەرو (خود) بابەتێکیش دەداتەوە)[1]. لەناو دیاردەگەراییدا دەبێ هاویەکییەك لەنێوان خودو بابەتدا هەبێت، چونکە بە تەنیا گرنگیدان بە یەکێکیان هاوکیشەی دۆزینەوەی مەبەستو واتا لاسەنگ دەکات. ئایدیالیسمییەکان ئەوەندە لەناو خوددا نقوم ببوونو بە تەواوی بابەتیان رەتکردبووەوەو بە تراویلکە (سەراب) یان چواندبوو، بۆیەش لەناو ئایدیالیدا بابەت وەك سەرچاوەیەك بۆ بەدەستهێنانی واتا سوودی لێ نەدەبینرا، هەرچی (هۆسرل) بوو (بە هۆشەوە مەبەستدارییەکەی نێوانی خودو بابەتی یەکخست)[2].

لێرەدا دەردەکەوێت، کە با (هۆسرل) دامەزرێنەری دیاردەگەرایش بێت، بەڵام دیاردەگەرایی بە تەنیا ناتوانێ ببێتە ئامرازێك بۆ خوێندنەوەیەکی وا، کە مەبەستداری لەسەر پێی خۆی بوەستێنێ، چونکە بە تەنیا پەیوەست بوونی بە هۆش (زەین)، بێ رەچاوکردنی جۆری زانین (مەعریفە)، کە هۆش لەسەر تاکە بابەتو تاکە واتایەك ناسەنگرێنێتەوە، ئەمەش بۆ خوێندنەوەیەکی تەئویلیانە کێشە دروست دەکات، وێڕای ئەوەی بوون (ئەنتۆلۆجیا) وەك دیاردەیەك بە لای هۆسرلەوە سەیرنەکراوە. بەو پێیەی دەبێ هەموو ئەوانەی کە بەر هەست دەکەون، یان ئەوانەش بەر هەست ناکەون، بەڵام لە زەینو هۆشی مرۆڤدا هەن دەبێ لەناو ئەو ئیپستمۆلۆجیایەدا بوونیان بۆ بدۆزینەوە. ئەمە ئەگەر لە جیهانە فەلسەفییەکەشەوە بۆ کایەیەکی وەك ئەدەبیات بێتە خوارەوە هەمان گرفت لەخۆیدا هەڵدەگرێ، لەبەرئەوە ناچار دەبین بە تێکەڵکردنی لەگەڵ هێرمینۆتیکدا سنووری چەمکەکە فراوانتر بکەینو ئەوجار ئیپستمۆلۆجیاو ئەنتۆلۆجیا لە چوارچێوەی تێگەیشتن (الفهم)ـەوە بەرجەستە بکرێن.

## ٢-٣-٢ لە ئەنتۆلۆجیاوە بۆ هێرمینۆتیك:

دوای ئەوەی هەوڵەکانی هۆسرل لە دیارکردنی دیاردەکانو گەڕانەوە بۆ ئەسڵی شتەکان بەردەوام بوو، بەڵام نەتوانینی بۆ دۆزینەوەی بوونو ئەوەی لە ناواخنو ژێرەوەی شتەکانی دایە، وای کرد کە بابایەکی وەك (هایدگەر) بە کارکردن لەسەر زمانو کردنە تەوەری سەرەکیی زمان لە چوارچێوەی خودو بابەتدا، رێگا خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی بوونەوەرو باتینی بوونەکە، وەك دایکی دیاردەکان بناسێنێ. ناسینی ئەم دیاردانەش لە رێگای تێگەیشتن دەبێ. ئەم تێگەیشتنەش بۆ ئەم بوونەوەرە پەنهانە دوای شرۆڤەو لێکدانەوەو هەڵوەشاندنەوەی رەمزو نیشانەو چەمکەکان دێن، کە هەمووشی خۆی لە زماندا دەبینێتەوە.

---

ژمارەیەك لە زانکۆکانی جیهان وانەی وتۆتەوە. لە دیارترین ئەو بیرمەندانەیە کە هەموو تیۆرەکانی مارکسیو هەڵوەشاندنەوەگەراییو سیمیۆلۆجیو دەروونناسی لە بۆتەی پۆست مۆدێرنەدا کۆکردەوە. رەخنەی ئەو لە رێبازەکان ئەوەبوو کە مارکسیزم تەنیا خۆی لە ئابووری سیاسیو فرۆیدیزم خۆی لە فەلسەفەی ئارەزووو ئاناگاو، سیمیۆلۆژی بە سیستەمی نیشانەکان، قەتیس کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە سایتی وێکیپیدیاو هەروەها: لیوتار وفلسفة ما بعد الحداثة، د.معن الطائی وأمانی ابو رحمة، مجلة شهريار الالكترونية.٢٠١١ /١١/٩. ئینتەرنێت. www.google.com

١- معجم السيميائيات، ص٣٠٦

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٧

ئەم بوونە، بەر لە هەموو شتێك دازاین Da-seinـە* دازاینیش واتە هیچ شتێكو لە هەمان كاتدا هەموو شتێك، بە واتایەكی تر بوونەوەر، بەڵام ئەو بوونەوەرە نا، كە ئێمە دەیناسین، یان ئەو بوونەی كە ئێمە فامی دەكەین، واتە كات، بەڵام ئەو كاتە فیزیاییە نا، كە ئێمەی داگرتووە، واتە مردن، بەڵام ئەو مردنەی كە حەواڵەی بوونمان دەكات، بەو پێیەی مردن– عەدەم، لە دواجاردا لە بوونەوە وەرگیراوە. لەسەر ئەم ڕێڕەوە ئەو زمانەی هایدگەر پەنای بۆ بردووە زمانێكی باتین (سۆفی) یانەی میتافیزیكییە، زیاتر خۆی دەشارێتەوە نەك دەربكەوێ، زیاتر دەپرسێ لەوەی وەڵام بداتەوە، ئەم زمانە جەلاتینییە ولۆلە ئاڵۆزە، شیاوی لێكدانەوە (تأویل)و فرە واتایە، هەر ئەمەش بوو وای لە گادامیرو فەیلەسوفەكانی تری هێرمینۆتیك كرد، كە ئەم ئەنتۆلۆجیای هایدگەرە بەرەو تەوەرێكی تازەی فەلسەفی بەرن.[1]

هەمدیس فینۆمینۆلۆجیا نەیتوانی بە تەنیا لە دیاریكردنی شتەكانو گەڕانەوە بۆ ئەسڵ، ڕۆڵی خۆی ببینێ. لەو سۆنگەیەوە بە هەند هەڵگرتنی پرسی ئەنتۆلۆجیا، فینۆمینۆلۆجیای نزیكی هێرمینۆتیك كردەوە، نزیككردنەوەكەش لە بایەخ و گرنگیدان بووە بە بوونی ناوەوە، یان باتینی شتەكان. هەر ئەمەش بووە لە رۆژهەڵاتدا، هەر لە كۆنەوە پرسی زاهیرو باتین گەنگەشەی گەورەی ناوەتەوە، چونكە واتای ڕووكەشو زاهیر ئەو كاتە بە گرنگ سەیر كراوە، كە واتای ناوەكی خرابێتە ڕوو و هەمیشەش هەڵوەدای باتینەكە بوونو لە نێو ئەویشدا هەموو واتا بەرهەستو نابەرهەستەكان (ڕۆحی یەكان) لە جیهانی سۆفیگەریدا پرسی گرنگی بوونەو بە دوای ئەو بوونە میتافیزیكیو رۆحی نائاساییە گەڕاون، كە تەنیا هۆش (زەین) خەیاڵی بۆ كردووە، ئەمەش بۆ هەموو كەسێك نەبووە، بەڵكو ئەوانەی كە بە ئەزموونێكی تایبەتیدا ڕۆیشتوون، توانیویانە هیچ نەبێ بوونەكە دەرك پێ بكەن، ئەگەر جیاوازیشی خستبێتەوە، هەر جێگای بایەخ بووە، چونكە لە دواجاردا بە قازانجی تەئویل تەواو بووەو ئەو گوتە بەناوبانگە خۆی بەرجەستە كردۆتەوە، كە گوتراوە (لە كاتی خراپ حاڵی بوونو خراپ تێگەیشتن، تەئویل پەیدا دەبێ)[2]. تەئویلەكەش وێرای ئەوەی مەعریفەكەی لەوەوە هاتووە، كە ئەنتۆلۆجیایەك بۆ تێگەیشتن بەرهەم بێت. بەو واتایەی مەبەستدارییەكە كە كرۆكی كۆی كارەكەیە، دەبێ لە كەشف كردنی ئەو زمانە بێتەكایەوە، كە بوونی ناواخن بە دیار دەخاو لەو سۆنگەوە بوونی تێگەیشتن بەرهەم دێتو دواتریش بۆ لێكدانەوە (تأویل) بە مەعریفەیەكی تەواوەوە سەردەكێشێ.

هەرچی ئیپستمۆلۆجیایە لە پەیوەندی نێوان خودو بابەت سەرچاوە دەگرێ، ئەو پەیوەندییەیش لە ئەنجامی تێگەیشتنەوە دێتەكایەوە. بە واتایەكی تر هیچ مەبەستێك نییە لە ناو بۆتەی هێرمینۆتیكدا واتادار نەبێت، ئەم واتادارییە لەناو مەبەستدا، دەبێ بە فلتەری ئیپستمۆلۆجیادا ڕەت ببێ، چونكە پەیوەندی هێرمینۆتیك لەگەڵ چەمكێكی وەك (ئیپستمۆلۆجیا) لەوەوە دێتە بەرهەم، كە دەكرێ بڵێین

---

* دازاین Da-sein یان بوون لێرەیە وشەیەكی ئەڵمانییە، هایدگەر بۆ گوزارشت كردن لە بوونی مرۆڤ بەرەو جیهانی ژیانو ئاوێتەبوون تێیدا بەكاری هێنا، بۆ ئەم پرۆسەیە، كە ناوبراو بەكاری هێنا بۆ دڵنیابوونە لە یەكبوونی تەواوی نێوان مرۆڤو جیهان. ئەمەیش رەتكردنەوەی فەلسەفەی دیكارت بوو كە پێی وابوو جیاوازی لەنێوان خودی ناوەوەو جەستەی دەرەوە هەیە. بڕوانە (الهرمنوطیقا والفلسفة، نحو مشروع عقل تأویلي، عبدالغني بارة، الدار العربیة للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الطبعةالاولی، الجزائر، ٢٠٠٨م ص٢٠٩)

١- المنعرج الهرمنوطیقي للفینومینولوجیا، جان غراندن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢-١٤

٢- الحقیقة والمنهج، غادامیر، ترجمة حسن ناظم وعلی حاكم صالح، دار اویا، الطبعة الاولی، طرابلس٢٠٠٧، ص٢٦٤

خاڵی هاوبەشی هەردووکیان چۆنیەتی کارلێك کردنە لەگەڵ دەق، ئەمەیش خۆی لە کردەی تێگەیشتن دەبینێتەوە. بەو پێیەی ئەگەر لە سەرەتادا (گرنگی ڕاڤەو تێگەیشتن تەنیا لەسەر لاهوتیەکان کورت کرابویەوە، ئەوا ئێستا ڕەخنەگرانی ئەدەبو کۆمەڵناسو ئەنترۆپۆلۆجیستەکان... هتد یش دەگرێتەوە)[1] بۆیە ئەم کردەی تێگەیشتنە لە دەقە ئاینیو پیرۆزییەکانەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکان دەگوازرێتەوەو ڕەخنەگرەکانیش ئەو ڕۆڵەیان دەبێ، کە شیکردنەوەو ڕاڤە لە ڕێگای تێگەیشتنەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکان بکەن.

ئەگەر پێشتر هەژموونی نووسینو تێگەیشتن، تەنیا لە نووسەرو پاشان لە خودی دەق چڕ دەکرایەوە، ئەوا دواتر ڕەوڕەوەکە بە لای وەرگردا شکایەوەو وەرگر ئەو ڕۆڵەی بینی، کە دووبارە گیان بە سەر دەقدا بکرێتەوە. هەموو ئەم کردەیەش دەبێ بە فلتەری خوێندنەوەدا تێپەڕێت، کە دواتر تێگەیشتن دەسازێنێ، لەو سۆنگەی (کردەی تێگەیشتن هەوڵێکە بۆ دووبارە بنیادنانەوەی کردەی داهێنانی نووسەر، یان هونەرمەند، چونکە خوێندنەوە تەنیا وەرگرتن نییە، بەڵکو داهێنانێکە وەك نووسین، لەم ڕووەوە بایەخی سەرەکی (دەلتێ) بریتی بوو لە چۆنیەتی مەعریفەو تێگەیشتنمان بۆ هەر شتێك، کە لە فەلسەفەدا ناوی دەنێن ئیپستمۆلۆجیاو بە ڕەگو ڕیشەی هێرمینۆتیك دادەنرێ)[2]. لەم ڕوانگەوە دەگەینە ئەو تێگەیشتنەی کە خودی ئیپستمۆلۆجیا وەك چەمکێکی فەلسەفی لە ناو مندالدانی ڕاڤەو تێگەیشتن لە دایك دەبێو دەبێتە کۆڵەگەیەكو ڕێگایەکی سەرەکی، کە هێرمینۆتیك لە سەری دەڕوات.

(دەلتێ) کاری لەسەر ئەوە کرد، کە کەمو کوڕییەکانی ئیپستمۆلۆجی میتۆدی تەئویل، لای شلایرماخر پڕبکاتەوە. بە هەوڵی ئەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان لەسەر بنچینەیەکی جیاواز لە زانستە سروشتییەکان قیت بکاتەوە. بە شێوەیەك بابەتی زانستی سروشتی لە خودی سروشتەوە هەڵهێنجرابێو هەرچی بابەتی زانستە سروشتییەکانە بریتی بێت لە بیرو ئاکارو سۆز، کە دەکەونە ژێر رکێفی ژیان، بۆیەشە زانستی سروشتی ڕاڤە (تفسیر) هەڵیدەسوڕێنێو، تەئویل لە ڕێگای تێگەیشتن لە بیرو دەربڕینەکان بەڕێوەی دەبات. ئەمەش لە کاتیگۆری (مەبەستداری)، کە خودو بابەت پێکەوە پەیوەست دەکات دێتەکایەوە، کە بڕوای بە لێك کردنو جیاوازی لە نێوان خودو بابەتدا نییە.[3] لەسەر ئەو بنچینەیە تەئویل هەوڵی ئاشتکردنەوەی پەیوەندی بوون لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتییەکان دەدا، کە هۆش دەتوانێ قەڵەمڕەوی بێت. لە سۆنگەی ئەوەی خودی مرۆڤو لایەنە پەنهانییە ڕۆحییەکەی، کە لایەکی پەیوەندی بە سایکۆلۆجیاوە هەیە دەتوانرێ بیرو ئاکارو سۆزی مرۆڤەکەی لێ بفامرێتەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ بوونی جیهان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، تەبا بێتەوەو وەرگر بۆ تێگەیشتن لەمە، دەبێ مەبەستداری بهێنێتە ئاراوە، کە لەو ڕێگایەوە دەتوانێ لە دەقەکان تێ بگات.

ئەنتۆلۆجیای تازەی هایدگەر، کە جەختی لەسەر ئازادکردنی بوون کردەوە، بە پەیوەندی نێوان خودو عەقڵو گرنیگدان بە خودی باڵا، یان هۆشی مرۆڤ لە بەندیوار بوونی لەگەڵ جیهانو بوونی مرۆڤو، بەندیوار بوونی لەگەڵ جیهان، لەسەر ئەم بنەمایە پرۆژە فینۆمینۆلۆجیاکەی بنیادنا، کە گواستنەوەی

---

١- مقدمة في الهرمنوطيقا، دايفيد جاسبير، ترجمة: وجيه قانصو، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، ٢٠٠٧ ص١٣٣

٢- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

٣- شعر فاضل العزاوي، مقاربة تأويلية، ص٥٦

ئیپستمۆلۆجیای تەئویلە بۆ ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتن[١]، تێگەیشتنەکەش لەناو خودی بوونەوە سەرچاوە دەگرێ. بە چالاکبوونی پەیوەندییەکە، چ لای هۆش لەگەڵ دەوروبەر (جیهان)، چ لای خودی مرۆڤەوە بۆ جیهان، تێگەیشتنەکە چالاکتر دەبێ‌و لە ڕوانگەی زانستی مرۆڤایەتییەوە تیایدا کۆڵەگەکانی تەئویلیش بەهێزتر دەبن.

لێرەدا ڕۆڵی ئیپستمۆلۆجیا لە هەمبەر زانستە مرۆڤایەتییەکان، کە یەکێکی وەك (دەلتێ) بە زانستی ڕۆح–ی ناو دەنێ، بریتییە لە زانینی خود، یان منی نووسەرو کارلێککردنی لەگەڵ جیهانەکەی خۆیدا، بۆ زیاتر تێگەیشتن لێی، واتە بۆ ئەوەی چەمکی تێگەیشتن لە ڕێگای ئیپستمۆلۆجیاوە بۆ منی باڵا، یان ڕۆحی مرۆڤەکە بگاتە کاملی، چونکە ئەگەر ڕۆح بۆ زانستی مرۆڤایەتی بێت، ئەم زانستەش لە بەرامبەر زانستی سروشتی ڕابوەستێ، ئەوا لە بەرامبەر ڕۆح‌و سروشتدا دەروون‌و ماددەش هەیە، کە دەتوانرێ ڕۆح لەگەڵ دەروونی مرۆڤ‌و سروشتیش لەگەڵ ماددە هاوتای یەکتر بن. هەر ئەمەش بنەمای فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیای تەئویل بوو. بەو پێیەی لە هەموو هەوڵەکانیان کە ئێمە لێیان ڕادەمێنین، پرسی هۆش لە هەمبەر مێژوو و لایەنی سایکۆلۆجی وەك دیاردەی مرۆڤ‌و ژیان تەماشاکراوە. بە واتایەکی تر زانستی سروشتی ناتوانێ شارەزای ناوەوەی مرۆڤ بێت، هەرچی جیهانی ڕۆحە بەهۆی واتاو ڕێگای خودەوە بۆ بابەت دەتوانێ لە ناوەوەی مرۆڤ شارەزایی پەیدا بکات.

کەواتە لێرەدا دەستە جەمعی گرنگ نییە، بەڵکو خودی تاکە مرۆڤێك گرنگە، کە پەیوەندی لەگەڵ جیهانەکەی دەبەستێ. لەوەشدا تێگەیشتن لەدەق، تێگەیشتن نییە لە تەواوی مرۆڤایەتی، بەڵکو گونجاندنی نووسەرو دەقە لە لایەك بۆ دۆزینەوەو تێگەیشتنی سەرە داوەکانی جیهانی خودی نووسەرو لایەنە ڕۆحیەکەی‌و بابەتەکانی، کە دەرخەری لایەنی مێژوویی، کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆجییەتی ئەون، کە ئەمە تێگەیشتنی تیادا ڕوودا، لە چوارچێوە گشتییەکەشدا (پەیوەندییەك لە نێوان تاك‌و گشت‌و هۆشی من‌و هەموو بونەوەرەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی دێتەکایەوە، کە خۆی لە پرەنسیپی تێگەیشتنی گشتی دەبینێتەوە).[٢] ئەم تێگەیشتنەش هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دایە بە قەڵەمڕەوی ئیپستمۆلۆجیا بۆ چەمکەکانی تر، بێ سنوور واتا بەرهەم بهێنێ، بەتایبەت کە بە ڕەگەزەکانی دەقدا دەچێتە خوارو بونیادی ژێرەوە شەن‌و کەو دەکرێ، لەو ڕێگایەوە بەهۆی زمانەوە لە ڕەمزو خوازەو خواستن‌و گەمەی دیوی دەرەوەو ناوەوەدا پەیوەندی نووسەر لەگەڵ خودی خۆی‌و دەوروبەرەکەی دەدۆزرێتەوە. لەو ڕوانگەوە لە ڕێگای بابەتەوە خود دەدۆزرێتەوە. هەندێ جاریش لە ڕێگای زانینی ژیانی نووسەرەوە لە خودەوە بەرەو بابەت دەڕوات‌و لە هەردووکیشیان زۆرترین واتا دەبنە کەرەستەو، کە دیاردەکان خرانە ڕوو تەئویل کاری خۆی دەکات. لێرەدا ئەم پێوەرە بەرجەستە دەبێتەوە کە پێی وایە (فینۆمینۆلۆجیا بە بێ هێرمینۆتیك کوێرەو هێرمینۆتیکاش بەبێ فینۆمینۆلۆجیا بە بەتاڵی‌و پوچەڵی دەمێنێتەوە)[٣]، چونکە هەر هۆشی

---

١- الهرمنوطيقيا والفلسفة، عبدالغني البارة، ص٢٠٨

٢- الفهم والنص، دراسة في المنهج التأويلي عند شلايرماخر ودلتاي، بومدين بوزيد، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨، ص٨٠

٣- المنعرج الهرمنوطيقى للفينومينولوجيا، جان غراندن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠

دیاردەکانە دەیەوێ ئەسڵی شتەکان بزانێ، تەئویلیش لەسەر ئەم بنەمایە تێگەیشتن بەرهەم دێنێت و پەیوەندی خود و بابەت زیندوو دەکاتەوە.

خاڵی هەرە گرنگی هێنانە گۆڕی ئیپستمۆلۆجیا بۆ ناو ڕایەڵەکانی ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتن، بریتییە لە بەرهەمهێنانی واتا، بەو واتایەی کە دەبێ لەناو ئەم ئاراستەیەدا واتا بە تەنیا و بەبێ کاریگەری دەوروبەر سەیر نەکرێ، هەر لە دیاردەگەراییەوە چەمکەکە، داڕنین (تجرید)ی تێدا بەرجەستە نەبێ، بەڵکو مادەم هۆش قەڵەمڕەوە، هەر دەبێ لە زەمەنی سەرەتاکانی هۆش و بۆ زەمەنی بەرهەمهێنانی بیرکردنەوەو خەیاڵکردن و دواتر نووسین و پاشان لەکاتی خوێندنەوەدا خەرمانەیەك لە واتا دێتەکایەوە، کە ئەم واتایە بەوە دەکەوێتە بەر نەشتەری تەئویل، کە هەڵگری مەدلولی جیاواز بێت و ئەم مەدلولانەش چەمکی دیکەی ئیپستمۆلۆجیا لەگەڵ خۆیاندا بهێنن.

((دەلتێ) بیرۆکەی جێگربوونی (واتا)ی لەناو کاری ئەدەبیدا ڕەت کردەوە، وای بینی کە (واتا) لە ئەدەبدا لەسەر کۆمەڵێك پەیوەندی وەستاوە، کە بە ئەزموونی خودی لە ساتێکی دیاریکراوی مێژووییدا دەست پێ دەکات و ئێمەش کت و مت لەم ساتەوە لێی تێدەگەین، ئەگەرچی ئەزموونی ئێمە گۆڕانی بەسەردا دێت و لەمیانی ئاسۆی تازەوە ڕەهەندی تازە لەخۆ دەگرێ، بۆیە تێگەیشتنمان بۆ کاری ئەدەبی و بۆ (واتا)ش دەگۆڕێ. کەواتە (واتا) لە ئەدەبدا نە شتێکی بابەتی و نە شتێکی خودیشە، بەڵکو لە بارێکی گۆڕانی بەردەوام دایە. مادام بە پێی کات و شوێن پەیوەندی لە نێوان (ڕاڤەکار) و (بابەت) لە گۆڕانی بەردەوامدا بێ)،[1] هەموو ئەم گۆڕانگارییانە سەلمێنەری ئەوەن، کە ئەزموونی ژیان بۆیە گرنگە، چونکە نووسەریش گۆڕان بە سەر بونیادی دەق دادەهێنێ. بەمەش کردەی تێگەیشتنی وەرگر دەگۆڕێت. لێرەدا چوارچێوەی ژیان بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە لە ئیپستمۆلۆجیایەك خۆی دەنوێنێ، کە چەمکەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکان دەگرێتە خۆ هەمووشی لە پێناو گەیشتنە بە ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتن، کە دواجار لەم پرۆسەی گۆڕانکارییەدا لێکدانەوەو تەئویلی جیاواز دێتە کایەوە.

هەر لە سەرەتاوە ڕاگەیەندرا، کە بە تەنیا خودی، یان بابەتی، ناتوانێ کارە ئەدەبییەکە کامڵ بکات و میتۆدەکانیش بۆ خوێندنەوەکە بخاتە گەڕ، ئەگەرچی ئاشتکردنەوەی خودو بابەت زیاتر بۆ دەستنیشانکردنی هەردوو دیوی ڕووخسارو ناوەڕۆك بوو، بۆ ئەوەی بە هیچ کلۆجێك (واتا) لەسەر خود، یان لەسەر بابەت تاپۆ نەکرێ و هەموو گۆڕانکارییەکانی واتا سەلمێنەری لڤین و ناجێگیری کارە ئەدەبی و واتاکەن، کە ئەمەش دەماری تێگەیشتنەکە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە.

لە نووسینی لەمەوپێشدا، سەرەتاکانی چڕووڕەکردنی بونیادی فینۆمینۆلۆجی و پرسی ئیپستمۆلۆجیای تەئویل و گواستنەوەی بۆ ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتن لەلایەن ڕابەرانی فەلسەفە لە ڕۆژئاواوە خرایە ڕوو. نزیك لەم جۆرە ڕوانین و ئەزموونە لە ڕۆژهەڵاتدا، زۆر پێش ئەوان لەلایەن ڕەوتی سۆفیگەرییەوە قسەی لەبارەوە کراوە، بەتایبەتی پرسی ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتن لە ناوەوەی مرۆڤ، کە ئەوان بە جیهانێکی تایبەتی دادەنێن و دەبێتە لا باری ڕووی دەرەکی و ئەوەی پێی دەگوترێت (ظاهر)، بۆیە ڕوانینیان بۆ بوونی مرۆڤ لە دوو ڕەهەندەوە بووە، ڕەهەندێکی زاهیرو ڕەهەندێکی باتین، یان

---

1- اتجاهات التأويل النقدي من المكتوب الى المكبوت، محمد عزام، ص٨٥-٨٦

جەسەدو ڕۆح، یان مرۆڤی کامڵو مرۆڤی گیاندار (حەیوان)، جا مەعریفەکە ورد دەکرێتەوە بۆ کۆمەڵێك بنەما تا مرۆڤەکە دەگاتە پلەی کەماڵ[1]. لێرەدا تێگەیشتنەکەش ئەو کاتە واتا بەرهەم دەهێنێ، کە تەنیا یەك لایەن دەرنەخات، بەڵکو لە بوارە ئیپیستیمۆلۆجیەکەیو ئەنتۆلۆجیەکەیەوە پەیوەندی لەگەڵ مەعریفەی چەمکەکانی تر شی بکرێتەوە، تا لە خودی ئەو ئەزموونە ژیانییەی کە (هۆسرل) بانگەشەی بۆ دەکات لەسەر بنەمای لێکدانەوەو تەئویل بخرێتە ژێر پرسیارو لایەنە باتینیو ناوەکییەکەی بە هەموو پارمەتییە مەعریفییەکانەیەوە شەنو کەو بکرێ.

لە سۆنگەی ئەوەی لە نێوان هێرمینۆتیکی کۆنو نوێدا جیاوازی بۆچوون هەیەو ئاراستەکانیان وەك یەك نین، بۆیە مادام رابەرانی تەئویل ستراتیژییەتێكو میتۆدێکی فەلسەفەی جێگیریان نییە، ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین لە ڕوانگەی دەقەکانی مەحوییەوە پەنا بۆ میتۆدە فەلسەفییەکانی تەئویل ببەین، بە تایبەتی لەمەڕ پرسی مەبەستو نیازی نووسەرو دەقو وەرگردا، لە چاوی شیعرەکانی مەحوییەوە پشت بە بنەماکانی تەئویل ببەستینو لەو بەستێنەوە سوود لە تیۆرەکان وەربگرین، نەك بە پێچەوانەوە، بۆیە لە مەبەستو نیازی نووسەر ئیپستمۆلۆجیای شلایرماخرو دەلثیو هیرش، زۆرترین بەندیوارییان لەگەڵ نووسەر هەیە. وێڕای تەئویلی گشتی ئیسلامی، کە ئەمەش قسەی خۆی لەو بارەوە دەبێت، لەو ڕوانگانەوە باسیان لێوە دەکەین.

## ٢-٤ مەبەستو نیازی شاعیر

ئەگەر کردار ئاوێنەیەك لە ئاوێنەکانی گوفتار بێت، ئەوا بە جۆرێك لە جۆرەکان، مەبەستو نیازی تێدا هەڵدەهێنجرێ، چونکە راستە مەبەستو نیاز ماددەیەکی بەر دەست نین، بەڵام هۆش بە هۆی فلتەری تێگەیشتنەوە، دەتوانێ مەبەستو نیازەکە لە ناوەوەی بیری دانەر (نووسەر/ شاعیر) بدۆزێتەوە. ئەگەر بۆ دەقەکانی ئاینیش بگەڕێینەوە، ئەوا نیازو مەبەست لەگەڵ کرداردا وەك دوو ڕووی یەك دراو وانو، هیچ کردارێك بەبێ نیاز حسێبی بۆ ناکرێ. لە فەرموودەیەکی پێغەمبەریش (د.خ)دا هاتووە (إنَما الأعمال بالنيات) واتە هەموو کردارەکان نیەتو نیازێکیان لە پشتە، ئەم نیازەش بە واتایەك پەیوەستەو مەرجیش نییە لە کردارەکەدا تەواوی نیازەکە دەربکەوێت، بەڵکو کردارەکە لایەنێکی دەستنیشان دەکات. کەواتە ئەگەر کردار دەرخەری نیاز بێت، ئەوا نووسینی دەقێك هاوشێوەی کردارەکەیە، بەڵام سەختتر خۆی بەرەو ڕووی وەرگر نیشان دەداتو لەناو ئاڵۆزییەکانی دەقدا مەبەستو نیازی دانەرەکە شاردراوەتەوەو ئەو مەبەستەش هەڵگری کۆمەڵێك مەعریفەیە. فرە جۆری ستراتیژییەتی مەعریفەکان لە ناو مەبەسەتو نیازی دانەرەکەدا، واتای جیاوازو دواجار تێگەیشتنی جۆراو جۆر بەرهەم دەهێنێ.

---

١- بۆ زیاتر زانیاری لەو بارەوە بڕوانە:( فلسفه التأويل، دراسه في تأويل القرآن عند محى الدين ابن عربى)، د.نصر حامد ابوزيد، دار التنوير، لبنان، الطبعة الاولى،١٩٨٣، ص١٩٥-٢٠١

گومانیشی تێدا نییە، نووسین کردەیەکی ئاڵۆزەو ئەوەی دەیخاتە پلەیەکی باڵا بریتییە لە (زمان)، زمانیش بە هەموو چنینەکانیەوە دیاردەکان بە چڕی لە خۆ دەگرێ. لە نێو ئەو دیاردە (فینۆمین*) انەشداو بە هۆی دەمەقاڵی خودو بابەتو لایەنی دەرەوەو ناوەوەو جەستەی دەقو ڕۆحی دەق، واتا لە هەڵبەزو دابەزدا دەبێو مەبەستی نووسەر** سەخت خۆی نیشان دەدات.

خودی کردەی تێگەیشتن لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە، بەو واتایەی لەناو دەقی سەرزاریو دەقی نووسراودا زۆرترین تێگەیشتن بە میکانیزمە هێرمینۆتیکییەی خۆی لە دەقی نووسراودا دەبینێتەوە، واتە دەقی زارەکی، یان هونەری گوتن کەمتر دەکەوێتە بەر ئەم کردەیە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەقی نووسراو هونەرییانەترو زۆرترین ئاڵۆزی لە زمانو کۆدەکانیدا هەیە، کە ئەمە بە ئەرکی هونەرو کردەی تێگەیشتن دادەنرێ کارلێکی لەگەڵ ببەستێو لەوەوەش دەردەکەوێت، کە زمان لەناو دەقدا هێڵی سەرەکییە بۆ ئەوەی چەمکەکانی تر کار لەسەر ئەو دەقە ئەدەبییە بکەنو هەر زمانە چۆنیەتی هونەری تێگەیشتنو کردەکە لەخۆیدا بەرجەستە دەکات، یان نا، بۆیە لەو ڕوانگەوە پێناسەی هێرمینۆتیک تەواو دەبێت، کە پێی وایە ((هونەری تێگەیشتن کاری زمانە، ئەم پێناسەیەش زۆر لە پێناسەکەی شلایرماخر دەچێت کاتێک دەڵێ: هێرمینۆتیک هونەری تێگەیشتنێکی ڕاستو دروستی ئەو گوتارەیە، کە لەلای کەسانی ترەوە دەردەچێت، بەتایبەتی گوتاری نووسراو)).[1] ئەم گوتاری نووسراوەش لە ڕەمزو کۆدگەلێك سیخناخ بووە، کە زمان پتەوی کردوونو بەهۆی زمانەوە قەدیان ئەستوور بووە. لەبەرئەوەش گۆڕەپانی ئەدەبو فەلسەفەو زانستە مرۆڤایەتییەکان پێویستییان بە کلیلێکە بۆ دەرخستنی ناخی ناوەوەیانو هێرمینۆتیکاش بە پەیڕەوکردنی میتۆدێك بۆ خوێندنەوە، کە کۆڵەگەکەی کردەی تێگەیشتنو زانینی نیازو مەبەستی نووسەرە، هەوڵی شکاندنی ئەو ڕەمزو کۆدانە دەداتو لێکدانەوەو ڕاڤەیان بۆ دەکات.

تێگەیشتن هەر بە تەنیا لەسەر پێی خۆی ناوەستێ، بەڵکو دەبێ تێگەیاندنیش هەبێ، بەو واتایەی مەبەستو مەبەستداری ئاخاوتنو کردەی تێگەیشتن، بە بوونی نێرەرو وەرگر نەبێ سەرناگرێ. مەبەستی تەئویل ئامێزیش لە مەبەستی واتایی ڕووت، کە بەندیوارە بە سیاقو کرداری ئاخاوتنەکە، جیاوازە.

---

* دیاردە Phenomenon: بابەتێکە بۆ شارەزایی، بەهۆی هۆشەوە دەرك دەکرێ، تێیدا لە میانەی لێکۆڵینەوەیدا دەگاتە ئەوەی جیاوازی لە نێوان جەوهەری شتەکەو رووکارەکەی بکات. ئەوەی فینۆمین لە نۆمین (Nomenon) جیادەکاتەوە ئەوەیە نۆمین سنووری شارەزایی لە دوای خۆی جێ دەهێڵێ، کە هۆشی مرۆڤ ناتوانێ دەرکی پێ بکا، یان بیگاتێ. (سجن التفکیك، ص٣٠٨)

** توێژەرانی بواری تەئویل بۆ مەبەستی نووسەر، لە جیاتی نووسەر، دانەر (المؤلف)یان بەکارهێناوە، لە سۆنگەی ئەوەی دانەر شتێك دەخاتە رووو نیازو مەبەستەکە زیاتر لە دانەرەکە نزیکە نەك نووسەر، ئەمە بە گوێرەی زمانی فەڕەنسی، چونکە زۆرترین کتێبە عارەبییەکانی بواری تەئویل لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراونو یان کاریگەربوون بە سەرچاوەکانی ئەم زمانە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش رۆلان بارت (نووسەر)ی لە (دانەر) جیاکردۆتەوەو پێی وایە یەکەمیان تەنیا ئەرك و کاری نووسینە، هەرچی دووەمیانە بواری داهێنانی فراوانترەو وەك ئەوەی پەیام ئاڕاستە بکات. ئێمەش لێرەدا بۆ (مەحوی) وشەی (شاعیر) لە جیاتی دانەر بەکاردێنینو پێمان وایە مەحوی هەر تەنیا ئەرکی نووسینەوە نەبووە، بەڵکو پەیامە مەعریفییەکانیشی دەیخەنە ناو جوغزی دانەرو لە چوارچێوەی داهێنەردا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، لەم بابەتەشدا هەر وشەیەکی شاعیر مەبەستمان دانەرە. بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی رایەکەی رۆلان بارت لە هەمبەر نووسەرو دانەر، بڕوانە (صدع النفس وارتجالات المعنى، ابراهيم محمود، مرکز الانماء الحضاري، الطبعة الاولى، حلب، سورية، ٢٠٠٠ ص٥٢.)

١- هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، د.مليكة دحامنية، ص٤٣

بەوەی مەبەستی دیاردەگەرایی بە واتای مەبەستم شتێکە، یان دەگەڕێمەوە لای ئەو شتەو بۆ لای دەچم، هەروەك لە کرداری مەبەستو نیازەکەو هەروەها بابەتەکەش پێکدێت. لەبەرئەوە ئەم مەبەستدارییە بەرەو ڕووی لێکدەرەوە (مۆول) دەچێتو بە تێگەیاندنیش بەندیوار دەبێ. بەبێ ئەم خەسڵەتەش، ئاخاوتن تەنیا هەڵگری واتایەکی سادەی هەواڵدانی دەبێتو مەبەستی قووڵ لە خۆیدا هەڵناگرێ[1]. لەهەمان کاتدا، کە ئیپستمۆلۆجیا خۆی دەخزێنێتە ناو ئەم کردەیە، دەبینرێ، کە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك چەمك پەیوەستدەکات، بە تایبەت لە ڕووەکانی مێژوویی‌و دەروونی‌و کۆمەڵایەتی، لە هەر یەکێکیشیاندا سیاقێك هەڵدەگرێ، کە بۆ سەردەمی لێکدەرەوە ڕەنگە تازە بێت. لەم کارلێککردنەدا جوڵەیەکی واتایی سەرسوڕهێنەر دێتە کایەوە، کە مەبەستداری پتەوتر دەکات.

دۆزینەوەی خودی نووسەرو مەبەستەکەی لەناو کردەی داهێناندا، لە چوارچێوەی خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبیدا ئاسان نییەو بە بێ بوونی میتۆدێکی کارکردن، ناکرێ دۆزینەوەی خودەکان لە حەقیقەت نزیك ببنەوە. فینۆمینۆلۆجیاش لەو بارەدا خۆی تەرخانکردووە بۆ هەوڵدان لە گەڕان بە دوای بوون‌و دەرکەوتەکانی لەناو جیهاندا، بەو پێیەی (هەوڵی دروستکردنی ڕوانینێکی نوێ بۆ بوون‌و خودی مرۆڤایەتی دەدات... لەو سۆنگەشەوە سیمۆلۆجیاش، کە لە گەردوون دەکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی نیشانەکانەوە، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی واتای نیشانەکان، کە لە ڕاستیدا مەبەستدارییەو کۆمەڵگەو سیاقی ڕۆشنبیری‌و مێژوو، دەلالەتی دیاریکراویان پێ دەبەخشن)[2]. لەبەرئەوە هەردووکیان کار لەسەر خود دەکەن لە ڕوانگەیەك، کە واتا بدۆزرێتەوەو تێیدا مەبەستەکە لە ناو واتاکەدا ڕوونبکرێتەوە، چونکە خودی مەبەستدارییەکەش‌و نیازەکە، واتای تر لە خۆیان بار دەکەن، بەو پێیەی ئەگەر بۆ دەقە ناسۆفیگەرییەکانیش فینۆمینۆلۆجیا بە یەك هەنگاو بەرەو دەلالەتی واتایی وشەو دەربڕینەکان بچێت، ئەوا بۆ ئەم دەقانە هەنگاوێکی تر، دەبێ بچێتە پێش، چونکە دەربڕینەکان تێگەیشتنی سۆفییانەی لەخۆیدا بارکردووە. لێرەشدا وەرگر دەبێ شارەزای نووسەرو سیاقە ڕۆشنبیرییەکەی خودی نووسەر بێ، بۆ ئەوەی تێگەیشتن ڕووبدات. بە دەربڕینێکی تر ئەو جیهانە ڕۆحییەی، کە دەقی سۆفییانەی تێکەوتووە، جارێکی تر لە کردەی تێگەیشتندا، لە خوێنەری ئاسایی دوور دەکەوێتەوەو بەرەو (واتای واتا) هەنگاو دەنێ‌و فینۆمینۆلۆجیاش لێرەوە وەك کارێك بۆ هێرمینۆتیك، هەوڵی سازاندنی ئەو ڕوانینە تازەیە دەدات، کە ڕستەکەی لەسەر بنیات نراوەو لە پێناو گەیشتن بە تێگەیشتن‌و لێکدانەوەیەکی تازە، خودو بابەت یەکدەخات.

وەرگر دوای ئەوەی هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ خوێندنەوەی قووڵی دەق بەکارهێنا، لە پێناو گەیشتن بە نیازو مەبەستی نووسەر، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو سیاقەکان لە هەر ڕەهەندێکەوە بێ، ئەوا دەشێ ئەو دەقەی لەبەر دەستیەتی، خوێندنەوەو لێکدانەوەی وەهای بۆ بکات، کە زۆر لە ڕاستیی نیازی نووسەر نزیك بێت، یان کت‌و مت ئاشکراکردنی نهێنییەکانی بێت. هەروەك دەشگونجێ کە تەواو نەیپێکێ، بەڵام (مەبەستی سەرەکی هێرمینۆتیك، بریتییە لەو تێگەیشتنە تازەیەی، کە زیاتر لە خودی نووسەرەکە خۆی

---

١- شعر فاضل العزاوي، مقاربة تأويلية، اطروحة دكتورا، ص٦٢

٢- معجم السيميائيات، ص٣٠٨

تێبگا)[١]. بەو واتایەی خودی نووسەر/ دانەر، هێندەی وەرگرەکە لە دەقەکە قووڵ نەبۆتەوەو وەرگر زیاتر لە دانەرەکە شارەزای نیازی دانەرە، کە ئەمەش لە وەرگرێك بۆ وەرگرێکی دیکە دەگۆڕێت.

وا دەبێ مەبەستو نیازی دەقو وەرگر/ لێکدەرەوە، لە مەبەستی دانەرەکەش تێدەپەڕێ، لەو بارەوە دەگێڕنەوە: جارێکیان (ئەبو نواس*)ی شاعیر بە لای کۆڕی وانەوتنەوەیەك تێدەپەڕێ، تێیدا باس لە شیعر دەکەن، ئەویش گوێ دەداتێ و سەرنج دەدات مامۆستاکە بەیتێك لە بەیتەکانی ئەم شیعرە لێکدەداتەوە:

ألا فاسقني خمرا وقل لي هى الخمر

ولا تسقني سرا إذا أمكن الجهر

مامۆستاکە وتی: بێگومان شاعیر مەی بینیو هەستی بینین چەکەرەی کرد، بۆنی کردو هەستی بۆن کردن دەرهات، چەشتیو هەستی چەشتن پشکوت، دەستی لێداو هەستی دەست لێدان چەکەرەی کرد، تەنیا ئەوەی مایەوە هەستی بیستن بوو، کە لەو نەشئەیە بێ بەش بوو. شاعیرەکە گوتی: دەی پێم بڵێ ئەمە مەی- یە، تەنیا ئەوەی مایەوە هەستی بیستنیش هاتە ناو هەستە چەکەرە کردووەکان، گێڕانەوەکە وایە کە (ئەبو نەواس) بەم لێکدانەوەیە هەستی چەکەرەی کردو هات دەستو سەری مامۆستای ماچ کردو گوتی بە دایبابەوە بە قوربانت بم، هەنووکە وا لە شیعری خۆم تێگەیشتم، کە پێشتر وەها تێنەگەیشتبووم[٢]. کەواتە لێرەدا دانەر لە پێشدا مەبەستێکی هەبووەو سەرەتا ئەو بۆ یەکەم جار واتایەك بەرهەم دەهێنێ، کە مەبەستو نیازی خۆی تێدا شاردۆتەوە، پاشان وەرگر کارلێك لەگەڵ ئەم واتایە دەکاتو بە وەرگرتنی زانیاری لەسەر بنەمای خوێندنەوە بۆ دەقو بۆ خودی نووسەرەکە، مەبەستی نووسەر بۆ جاری دووەم لای وەرگر بەرهەم دێت. ئەم مەبەستەش پەیوەستە بە تێگەیشتنێك، کە واتا بە بێ سنووری دروستدەکات. لەبەر ئەوە ((پێویستە خوێنەر مەبەستو نیازی واتاو واتای چەسپاوو نەگۆڕ لەبیر بکا، ئەگەرچی لە نێو بنەمای تیۆری هاوچەرخی هێرمینۆتیکدا گەیشتنە بە واتایەکی قووڵتر، بەڵام لۆجیکی جەدەلی، کە هزری هاوچەرخ تێیدا دەژی، پێویستی کردووە، کە مامەڵە لەگەڵ واتای بێ کۆتاو دەلالەتی بەردەوام بکرێ))[٣]. ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر واتای بێ کۆتاو بێ سنوور بەو مەبەستەیە، دەق لە تاکە خوێندنەوەیەك دوور بکەوێتەوە، ئەگەرچیش گەیشتن بە حەقیقەت یەکێکە لە بنەماکانی هێرمینۆتیك، بەڵام حەقیقەتەکە لەوەدایە، دەق بەرەو فرە واتایی بچێتو هەمیشە لە تازە بوونەوەدا بجولێتەوە، چونکە تازەبوونەوەی دەق لە ئەنجامی بەخشینی واتای ترەو هەموو مەدلولەکان دەلالەتی تازەتر بە بەر خۆیاندا بکەنەوە.

---

١- من فلسفات التأويل الى نظريات القراءة- دراسة تحليلية نقدية في النظريات العربية، عبدالكريم شرفي، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧، ص٣٣

* ئەبو نواس: حەسەن کوڕی هانی، یەکێك لە شاعیرە دیارەکانی سەردەمی عەباسییەکانە، زۆر مەیلی بەلای فارسەکاندا هەبوو، لە سەرەتاکانی ژیانی لە بەصرەو کوفە بووەو لەوێ خوێندویەتی، بە غەزەلو شیعری مێردمنداڵانەو شەراب بەناوبانگ بووەو لە رووی خراپی رەوشتیشی قسەی لەسەر هەیە، بەڵام لە رووی هونەرییەوە شیعرەکانی بەهێزن. جیاوازی بۆچوون لە بارەی ساڵی مردنی هەیە، زۆربەیان دەڵێن لە نێوان ساڵانی ١٩٠- ١٩٩ی کۆچی، مردووە. (المعجم المفصل في الادب، الدكتور محمد التونجي، الجزء الاول، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩٩، ص٢٩- ٣٠.

٢- البلاغة وتحليل الخطاب، حسين خالفي، منشورات الاختلاف، دار الفارابي، الطبعة الاولى، ٢٠١١، ص١٨٥-١٨٦

٣- شعرية القراءة والتأويل، د. فتحي بوخالفة، دار اربد، عالم الكتب، الطبعة الاولى، ٢٠١٠، ص٣٢

ڕەنگە ئەم زیاتر تێگەیشتنەی وەرگر لە مەبەستی دانەرو دەقدا، هەموو جارێ بە ئەنجامی باش کۆتایی نەیەت، چونکە بە پێی وەرگرو جۆری دەقەکە دەگۆڕێت و هەموو دەقێك ئەو هەڵکەوتەیەی نییە، کە وەرگرەکە باشتر لە دانەرەکە تێ بگات، بەڵام بە سوود وەرگرتن لە ژیان و ژینگەی نووسەرەکە، وەرگر زانیارییەکانی بەهێزتر دەکات، بەجۆرێك (مێشکی نووسەر لە بنەڕەتدا موشەففەرەو پێویستە خوێنەر کۆدەکانی بزانێ، لەبەر ئەوەی لە زۆر حاڵەتدا، جیهانی بێ ئاگایی کار دەکاتە سەر دەق، تەنانەت شاعیر خۆیشی نازانێ چۆن کۆدەکان بکاتەوە... ڕەخنە نوێیەکان هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو کۆدانە، ئەمەش دەچێتە فرە واتایی و دەقی کراوەو بنیاتی بێ کۆتایی) .[1]

## ٢-٤-١ چۆن لە مەبەست و نیازی (مەحوی) تێ بگەین؟

لە سەرەتادا دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین، کە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر دەقێکی ئەدەبیدا، بە ئامانجی تێگەیشتن و هەڵکڕاندنی نیازو مەبەستی دانەرەکە، ڕێژەی تێگەیشتن لە دەقێکی نووسراودا ئاسانترە تا دەقێکی سەرزاری، بەو پێیەی دەقە ئەدەبییە سەر زارییەکە، بۆ بابایەکی وەرگر، تەنیا دەبێ هەستی بیستن بەشدار بێت، ئەمە لە کاتێکدا سەختتر کردەی تێگەیشتنێکی درووست دێتە کایەوە، کاتێك بە ئاوازو ریتم و مۆسیقاوە ببیسترێ و دانەرەکەشی لە ژیان نەمابێت و بە شێوەی گوتن و گۆرانی لەلایەن کەسانی ترەوە بێتە گوتن. بە تایبەتیش (ئەگەر لەکاتی وتندا گوێندەکە نەبینین، دەشێ لە تێگەیشتنەکەو مەبەستەکەی دووچاری گرفت ببینەوە... بەڵام ئەگەر هەمان گوتە بە وێنەی نووسراو بخوێنینەوە، تێگەیشتن ئاسانتر دەبێ بە هۆی ئەوەی زیاتر لە بنەما ڕێزمانییەکەی ورد دەبینەوەو دەروونی ئێمەی لەگەڵ تێکەڵ دەبێ)[2]، چونکە چاو ڕۆڵێکی گرنگی لە بەدەستهێنانی واتا هەیە. هەر بۆ نموونە نابینایەك ناتوانێ وەك چاوساغێك لە کۆڕێکدا بینەران و گوێگران بۆ خۆی ڕابکێشێ و ئاستی تێگەیشتنی وەرگرەکان بۆ نابیناکە وەك چاوساغەکە بەرز نابێتەوە، بە هۆی ئەو کارلێکە مەزنەی چاو لە هەمبەر بەرامبەردا هەیەتی. کەواتە ئەگەر دەقی نووسراو ڕێگا خۆشتر بکات بۆ ئەوەی وەرگر بە ئاسانی لێی تێ بگات، ئەوا تێگەیشتن هەموو جارێك جێگای مەبەست و نیازی نووسەر ناگرێتەوە، بەڵکو خوێندنەوە ڕێگایەکە بۆ ئاسانتر دۆزینەوەی نیازی دانەر. واتە سەرچاوەیەکی دروستە بۆ ئەوەی کەمترین هەڵە ڕووبدات لەو میکانیزمانەی، کە بۆ بەدەستهێنانی نیازی دانەرەکە دەگیرێنەبەر. کەواتە:

١- دیوانی (مەحوی)، دیوانێکی نووسراوەو لەبارترین دەقە لەچاو ئەوەی سەرزارییە، بۆ ئەوەی لە یەك کاتدا کردەی تێگەیشتن و هەروەها نیازو مەبەستی شاعیرەکەی تێدا بخرێتە ڕوو.

٢- وەك چۆن ئیپستمۆلۆجیای تەئویل و ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتن لەگەڵ دیاردەگەراییدا سەرو کاریان هەبوو، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی لایەنی ناوەکی دەق و، لەبەرچاوگرتنی لایەنی مێژوویی و دەروونی بەلای هۆسرلەوە خاڵی دەستپێکی خوێندنەوەی دەق بوو بە هەناسەی تەئویلیانە، ئەوا مەرجیشە بۆ

---

١- بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، د.عبدالقادر محمدامین محمد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل٦٥

٢- تأملات تنهایی (دیباجەای بر هرمنوتیك)، حسن یوسفی اشکوری، نشر سرای، تهران ١٣٨٢، ص٥١

بالآبوونی تێگەیشتنمان بۆ شیعری مەحویو گەیشتنمان بە نیازو مەبەستی شاعیرەکە، لە رستەوە وردتر بۆ واژەیەکەوە بە زمانو ڕێزمانو واتاوە ئاشنا بینو هەستو ڕوانینی شاعیرەکە بخوێنینەوە.

ئەم ڕوانینە پێچەوانەی بونیادگەراکانو بە تایبەتیش تیۆری (مردنی نووسەر*)ی (ڕۆلان بارت)ە، چونکە ئەگەر ملیۆنان ساڵیش بە سەر نووسینێك تێپەڕی بووبێت، ناتوانین لە شوێنەوارو پاڵنەرو ڕوانینەکانی نووسەرەکە جیابینەوە. هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت دوای بیستو پێنج سەدە نووسینەکانی سوقراتو ئەرستۆ بە ئاشنابوونی زیاتری ژیانو ئاکاریان، زیاتر لێیان تیدەگەینو تا لە جیهانی دانەرەکانیش نەزانین، بە سادەیی لە مەبەستو نیازیان حاڵی نابین[1]. لەبەر ئەوە شارەزابوون لە ژیانو سەردەمو بارودۆخە جۆراو جۆرەکانی ژیانی ئەوان، ڕێگا خۆشکەرە بۆ زیاتر تێگەیشتنو گەیشتن بە هەندێ لە مەبەستەکانیان. ئەمە بۆ شاعیرێکی وەك (مەحوی)ش تا ئەو ئەندازەیە دروستە، کە ژیانو سروشتی بیرکردنەوەی بۆ شیکردنەوەو ڕوانینی شیعرەکان سوودی لێ وەربگیرێ.

٣- لەمەڕ پرسی ئەوەی بە چ تەرازوێك شیعرەکانی مەحوی بپێورێن؟ واتە بە تەرازووی سەردەمی خۆی، یان بە بیروڕای ئێستا؟ بیرو بۆچوونی جیاواز لەناو ڕەخنەی کوریدا هەیە، بەو پێیەی مەحوی نزیکەی سەدەیەك کەلێنی کاتی لەگەڵ وەرگر (ڕەخنەگر)ەکاندا هەیە، ئەگەرچی لەچاو شاعیرانی وەك مەولاناو سەعدیو حافز**و شاعیرانی کۆنی عەرەب، مێژووەکە دوور نییە، بەڵام ئەم سەدەیەش گۆڕانکاری بەسەر جۆری خوێندنەوەو حوکمدان بەسەر نیازو مەبەستەکەیدا کردووە. بۆ وێنە (مەسعود محەمەد ١٩١٩-٢٠٠٢ز) پێی وایە (شیعری مەحوی دەبێ بە کێشو تەرازووی سەردەمی خۆی هەڵبکێشرێت، ناشێ لە پەنا فکری (نوێ)وە تیری تانەو ڕەخنە بۆ سەد ساڵ بەر لە ئیمرۆ بەڕێ بکرێت).[2] ئەم وتەیە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گوتراوەو لە کەشێکدا، ڕەخنەگران دژایەتی خۆیان بۆ سەردەمی کلاسیكو نەبوونی هەڵویستی شاعیرانی ئەوسا لە هەمبەر چینایەتی ڕاگەیاند. لە سەرەتای سەدەی بیستو یەکەمیشدا، ڕەخنەگران دوای ئاشنابوونیان بە تیۆرو قوتابخانە ڕەخنەییو فەلسەفییەکان، بە ڕوانینێکی ترەوە تەماشای ئەدەبیاتی کلاسیکیان کردووە، ئەوەتا (عبدالخالق یعقوبی) لە بەرامبەر شیکردنەوەی تازە بۆ شیعری مەحوی دەڵێ: (بۆ ناسینی پلەوپایەو نرخو بەهای ڕاستەقینەی بەرهەمگەلی

---

* مردنی نووسەر The Death of Author: زاراوەیەکی ڕەخنەییە لەگەڵ بوونیادگەریدا هەڵتۆقیو لەدوای بوونیادگەریش پەرەی پێ درا. لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە سەرچاوەی گرت، کە فەلسەفەی مردنی خوداوەندە، کە تێیدا دەق لە نووسەرەکەی دادەبڕێنو جەخت لەسەر بەرهەمی داهێنراو دەکرێتەوە، نەوەك داهێنەر. هەروەها گرنگی بە داهێنانە مرۆڤایەتییەکان دەداتو مرۆڤ تێیدا فەرامۆش دەکرێت. بۆ ئەم زاراوەیەیش خۆ نواندنی تر هەیە، کە هەوڵ دەدا لە میانی هەژموونی بوونیادی دەق لەسەریدا مرۆڤ هەڵبوەشێنێتەوە. (سجن التفکیك، ص٣١٦)

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣

** خواجە شەمسەدین محەمەد حافز، کە بە لسان الغیب-یش ناوی دێنن، لە دەوروبەری ساڵی ٧٢٦ی کۆچی لە شیراز لەدایك بووە. باوکی ناوی بەهائەدین بووەو لە هەمەدانەوە هاتۆتە شیراز، سەردەمی حافز، ڕۆژگارێکی پڕ لە شەڕو دەردەسەریو خوێنڕێژی بوو. ئەمە لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە.. هەرچی پرسی عیرفانە، شاعیر عاریفو سۆفییەکی مەزنی سەردەمی خۆی بووە، دیوانێکی شیعری لەدوای خۆی جێهێشتووە کە نزیکەی پێنج سەت غەزەلو چەند قەسیدەو چوارینێکن. لە ساڵی ٧٩٢ی ك، کۆچی دوایی کردووەو هەر لە شیراز ئەسپەردەی خاك کراوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پێشەکی(دیوان حافظ شیرازی با تعبیر فالگونەء غزلیات، نصرالله ارژنگ، نشر محمد، چاپ نهم، تهران١٣٩٠.

٢- کەوچکێك شەکر بۆ قاوەی تاڵ، مەسعود محەمەد، چاپی یەکەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٦٠

گرینگی ئەدەبی، دەشێ لەم ڕاستیە بگەین، کە ئەم بەرهەمگەلە بە سەنگی مەحەکی گونجاوی خۆیان هەڵسەنگێنینو لە بری بەکارهێنانی پێوانەگەلێکی کۆنو لەبرەو کەوتوو، با خەڵکانێکی زۆریش پەسەندی بکەن، دەشێ پێوانەیەکی تازەو کارا بدۆزینەوەو لەم ڕێگەیەوە تێگەیشتنی ڕەخنەگرانەی خۆمان ڕوو بە ڕووی دەق بکەینەوە نەك قەناعەتی گشتی کۆمەڵێك بیری سواوو هزری پەککەوتەی کۆن پەسند*)[1].

دەشێ ئەم دوو بۆچوونەی سەرەوە، پارسەنگێك بن بۆ قسەکردنی تەئویلیانە لەسەر شیعری مەحوی، بەڵام بە ڕای ئێمە بۆچوونی دووەم تا ئەو ئەندازەیە بڕ دەکات، کە لە بەرژەوەندی بنەمای خوێندنەوەو دەستکەوتنی مەبەستو نیازی نووسەر پێوانەی تازە بدۆزینەوە، ئەگەرنا ناکرێ بڕای بڕ بۆچوونی یەکەم ڕەت بکرێتەوە، چونکە دەشێ بۆ پرسی جوانکاریی دەقو خزمەتکردن بە ڕێبازی بونیادگەری، دەق بکرێتەوە چەقو بنچینەو بە هەر خوێندنەوەو میکانیزمێکی تازە شیبکرێتەوە، بەڵام ئەو حەلە بەهیچ ئەنجامێك ناگەین، کە هیچ لە مەبەستی شاعیرەکە هەڵکرێنین. لەبەرئەوە ئێمە پێمان وایە بۆچوونی یەکەم تەواو ڕاستە، بەڵام دەبێ لەگەڵیشیدا هەرچی ئامرازو ئیپستیمی** تازە هەیە بەکاری ببەین، بۆ ئەوەی ئامانجو مەبەستی تەئویل بێتەدی، کە دواجار مەبەستی شاعیریشی تێدا دەسەنگرێتەوە. واتە لێکدانی هەردوو بۆچوون بە ئەندازەی قازانج گەیاندن بە ستراتیژییەتی بابەتەکە، لەهەمان کاتدا دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ، مادەم هێرمینۆتیکی تازە جۆرە نوێبونەوەیەکە بە قەبارەی تەئویل بۆ لێکدانەوەی دەق، دەبێ بە هەمان هەناسەی نوێبوونەوەی ڕێبازەکەش ئامرازی تازەو هاوچەرخ، لە پاڵ ئامرازە دێرینەکان (کە بە بێ دێرینەکان ناتوانین هەنگاوێك بەرەو ڕووی لێکدانەوەی دەق بچین) بۆ گەیشتن بە واتاو مەبەستی دەقو شاعیر بەکاربێن.

٤- دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین*** ، کە مادام شیعری غەزەل لە هەمبەر قەسیدەدا سەبارەت بە مەدلولەکانی واتا، زۆرترین نهێنیو گێرەو کێشەی تێدا بەرجەستە بووە، ئەوا خودی غەزەلیش بەرزترینو ڕەوانبێژیترینو نەرمترین سنووری ئاخاوتنە، وێڕای ئەمانە مرازو مەبەستی شاعیر زۆر بە سەختو درەنگ خۆی ڕادەستی تێگەیشتنی وەرگر دەکات... هەر لەبەر ئەمەش بووە، زۆرترین تۆمەتی ناو چوارچێوەی بیروباوەڕ لەسەر غەزەل بووە، کە ئاڕاستەی شاعیران کراوەو تەنیا ئەوانەی خۆیان شاعیر بوونە بە جیهانی شاعیران ئاشنابوونە خۆیان لەو تۆمەتانە دوور گرتووە. بۆیە یەکێکی وەك (ئیقبال**** )

---

* ڕەوتێکی ڕەخنەگرانی دەرەوەی زانکۆکان لە کوردستان بانگەشەی نوێکردنەوەی ڕەخنە دەکەنو دژی ئەوەن کە بایەخ بە ژیانو سەردەمی شاعیر بدرێ، وا دەزانن ئەوەی ئەوان دەیکەن هاوچەرخێتییە، بێ ئاگا لەوەی ئەوان لە بوونیادگەریەوە وەستاونو هەموو ئەو تیۆرانەی شلایرماخرو هێرمینۆتیك ناسان دەکەونە دوای بوونیادگەریو کە زانیان بوونیادگەری مردنی نووسەری ڕاگەیاند، ئەنجا ئەوان هێرمینۆتیکی تازەیان خستە کار.

١- لە کلتورەوە بۆ ئەدەبیات (کۆمەڵە وتار)، عبدالخالق یەعقوبی، بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٨٠

** ئیپستیمەکان Epistemes: چەند یەکەیەکی بنەڕەتین، کە بە هۆیانەوە مەعریفە دەچنێت، ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی میتۆدی لە لایەن میشێل فۆکۆ ( -١٩٨٤) بەکارهات، لە میانی لێکۆڵینەوەی لە سیستەمەکانی گوتاری مەعریفیدا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (سجن التفكيك، ص٢٩٥.)

*** هەروەك لە بەشێکی ئەم لێکۆڵینەوەیەش ئەوەمان سەلماندووە.

**** ئیقبال ناوی محەمەدە لە ساڵی ١٨٨٧ز لە شاری سیالکۆتی سەر بە ویلایەتی بنجاب- ی کشمیر لەدایك بووە، باپیرە گەورەیان پێش دوو سەت ساڵ مسوڵمان بوونە، باوکیشی سۆفییەتی بەسەردا زاڵ بووە، لە قوتابخانەیەکی ئینگلیزی لە شارەکەی خۆیدا خوێندویەتی، لەوێ بە مامۆستا میر حەسەنی مامۆستای ئەدەبی عەرەبیو فارسی ئاشنا دەبێ. بۆ زانکۆ دەچێتە لاهور، لە خوێندنی

دەڵێ: نەفرینی خودا لەو کەسەی، کە منی خستۆتە ناو (تۆمەتی شاعیری). خۆی لەوە بواردووە، خۆی بە شاعیر بزانێ، لە بەرامبەردا لە قەسیدەدا بواری دۆزینەوەی مەبەستو نیازی شاعیر زۆر ئاسانترە[1]. لەبەرئەوە لەناو دیوانی مەحویدا، بۆ دۆزینەوەی مەبەستی سانا، زۆرترینی بەر قەسیدە دەکەوێتو دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە زۆرترین مەبەستو نیازی پەنهانی شاعیر لەناو غەزەلەکاندا خۆیان شاردۆتەوە، بۆیە غەزەلەکان زیاتر بەر تیشەکەکانی تەئویل دەکەون.

٥- بلیمەتیی دانەر، کە سەرچاوەی گەیاندنو داهێنانەو لە (کانت)ەوە بۆ یەکەم جار بەدی هاتووە، ئەم بلیمەتییە بارێکی چڕو پڕو زەبەلاحی خودێتی ڕۆمانسیەتو تاکانەیی (الفردیة) لەکاتی نوسینی کارە ئەدەبییەکەدا لای داهێنەر بەرهەم دەهێننو جیهانێکی تایبەتی دەسازێنێ. ئاوێتە بوونی فەلسەفەو ڕۆمانسیەتیش پاشخانێکی مەعریفیو دیالۆگی لە ئیپستمۆلۆجیای تەئویلی (شلایرماخرو دەلثی) بەجێ هێشتووە، چونکە فەیلەسوفیش کوڕی ژینگەکەیەتی، بۆیە بیری خودی، یان دانەرو تێگەیشتنی لە مەبەستداری، بەو پێیەی بارێکە بە بێ سەرچاوەیەکی سەرەکیی عەقڵیو کولتوری، ئامانجی ئیپستمۆلۆجی تەئویلیش لای شلایرماخرو دەلثی تێگەیشتنی مەبەستو نیازی دانەر، یان خودی بلیمەتەکەیە، لەبەر ئەوەش هەریەك لە گادامیرو ریکۆر ڕوانینەکانی شلایرماخرو دەلثی بە تەئویلییەتی ڕۆمانسی دەناسێنن[2]، لەبەرامبەر فەیلەسوفیشدا بۆ ئەم سەرچاوە ئیپستمۆلۆجییە (سۆفیش کوڕی سەردەمەکەیەتی)[3]، لەبەرئەوە هەمان تێگەیشتن لە مەبەستو نیازدا، لە سۆفیش داوا دەکرێ، بۆیە بە ڕەوا دەزانرێ بە پێی زۆربەی ڕێبازە تازەکانی هێرمینۆتیکای هاوچەرخ، لە مەبەستی شاعیر بکۆڵدرێتەوە، بەتایبەتی لەو بوارەدا، کە کەسێکی وەك مەحوی لە یەك کاتدا شاعیرو سۆفیشە، لەمەشدا بلیمەتەکە لە دوو سەرەوەیەو زیاتر ڕێگا خۆش دەکات وەرگر عەوداڵی مەبەستەکەی بێ. ئەم تەئویلە ڕۆمانسییەتەشی لە دەوری ئەم دەقانە دەخولێتەوە، کە زیاتر بۆنی تەسەووفو عیرفانیان لێ دێت، لەمەشدا میکانیزمی کارکردن لەسەر دیوانی مەحوی ڕەهەندی ئاشکرای پێوە دیارە. *

٦- هەموو ئەو دیاردانەی لەناو دەقدا هەن، دەبێ لەسەر هەر یەکەیان بوەستینو بتوانین زیاتر لە جارێك بیانخوێنینەوەو لێیان ڕابمێنین، چونکە قووڵبونەوە لە هەر دیاردەیەك ئاستی تێگەیشتن بەرزتر دەکاتەوەو بواری هەڵکڕانی سەرەداوەکانی مەبەستو نیازی دانەر زیاتر دەبێت. ئەمە لە چوارچێوە

---

زانکۆییدا دەستی بە شیعر نووسین کردووە، دوای ئەوەی ماستەر لە فەلسەفە بەدەست دێنێتو دەبێتە مامۆستای مێژوو و فەلسەفەو سیاسەت، لە ١٩٠٥ بۆ خوێندنی دیکە دەچێتە زانکۆی کامبیردجی بەریتانیاودوای چوار ساڵ دەگەڕێتەوە زێدی خۆی، تەنیا بە زمانی فارسی نزیکەی هەشت کتێبی بلاوکردۆتەوە، هەروەها بە ئوردوییو ئینگلیزیش بەرهەمی ناوازەی نوسیوەو شێوازێکی ڕۆحیی تایبەتی سۆفییانەی لە دەقەکانیدا هەیە. لە ١٩٣٨ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (رسالة الخلود او جاويدنامة للشاعر والمفكر الاسلامی الكبير محمد اقبال، ترجمها من الفارسية وشرح وعلق عليها: الدكتور محمد السعيد جمال الدين، مطابع سجل العرب، مصر، ١٩٧٤، ص٢-٤

١- تأملات تنهایی (دیباچەای هرمنوتیك) سەرچاوەی پێشوو، لا٥٤

٢- شعر فاضل العزاوی، مقاربة تاويلية، ص٦٣-٦٤

٣- تأويل الشعر وفلسفته عندالصوفية، امين يوسف عودة، ص٩٦

* لەبەرئەوەی ژمارەیەك نامەی ئەکادیمی لەبارەی تەسەووفی شیعری مەحوی نووسراون، ئەمانە وێڕای هەبوونی تێبینی لەبارەی تەئویلەوە، بەلاّم دەروازەکەی ئاساتر کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە شیعرە سۆفیگەرییەکانی مەحوییەوە بەرەو بابەتی تەئویل بچین.

گشتیەکەشدا، یەکێك لە ڕێگاکانی خوێندنەوەی تەئویلییانەیە، چونکە (ڕوانینی کەسێکی وەك (گادامیر)یش بۆ هێرمینۆتیك ئەوەبوو، بە تەنیا قووڵبوونەوە لەسەر دیاردەکان، تێگەیشتنە)[1]. لەبەرئەوە هەتا قووڵتر ببینەوە، بواری تێگەیشتن لەناو دیوانی مەحویدا زیاتر سەردەکێشێ بۆ دۆزینەوەی مەبەستی شاعیر.

٧- پەیڕەوکردنی تیۆرە ڕەخنەییەکان بۆ کردنەوەی کۆدەکانی ناو دەق، دەبێ تەنیا لەوەوە سەرچاوە بگرێ، کە ئەم ڕێبازانە بۆ تێگەیشتن لە دەق هاوکار بن، ئەگەرنا جێهێشتنی دەق بۆ هەر سەردەمێك هیچ گۆڕانێك بەسەر واتاو مەدلولەکانی داناهێنێ، کە بتوانێ ستراتیژییەتی مەبەستو نیازی شاعیرو دەق نیشان بدات، لەبەرئەوە بە بێ تیۆری ڕەخنە، چ بە سەردەمی ڕابردوو، چ بە ئێستا، پێوانەی لێکدانەوەی دەق لاسەنگ دەبێ، (( دەقەکانی (امرءو القیس* و نالیو مەحوی) ی ئیستایش شفرەو کۆدەکانیان، سەردەم ناتوانێ بیانکاتەوە ئەگەر تیۆرە ڕەخنەییەکان کار نەکەن)).[2]

٨- ڕەنگە جیاواز لە شاعیرانی کلاسیکیمان، لە سۆنگەی ئەوەی مەحوی دەقەکانی ئەوەندە چڕو بەناویەکداچوونو بواری لێکدانەوەی جیاوازیان هەیە، بۆیە ئاڵۆزییەك لە ژیانی تایبەتی مەحوی لە چوارچێوەی شیعرەکانیدا دەبینرێ، ئەم ئاڵۆزیو تایبەتمەندییەی گوتاری شیعری مەحوی ئەوە هەڵدەگرێ، کە لە ڕوانگەیەکی دەروونییەوە هەوڵ بدرێ نیازو مەبەستەکەی ئاشکرا بکرێ. ئەم بناغە دەروونییە چ بۆ خودی دەق، چ بۆ سەرچاوەکانی ژیاننامەکەی، وادەکەن تای تەرازووی هێرمینۆتیك گرانتر بکەن، بۆیە سوود وەرگرتن لە ڕوانینەکانی دەلتیو شلایرماخر بۆ یەکگرتنی خودو بابەت لەگەڵ لایەنی مێژوویيو دەروونيو مرۆڤایەتی، یەکێك لە ئامرازەکانی گەیشتن بە واتاو تێگەیشتن لە مرازی شاعیرە.

لەلایەکی تر خودی (فینۆمینۆلۆجیا سەیری واتا دەکات، بەوەی کە کارلێککردنێکی بەرهەمدارە لەنێوان دەقو لەنێوان گەڕانی خوێنەرو هەوڵدانی بۆ ڕوونيو ئاشکرایی)[3]. کەواتە بەندیوارییەکی پتەو لەنێوان فینۆمینۆلۆجیاو واتادا هەیە، بە جۆرێك بە هەموو شێوەیەك چاوی لە واتایە، کە چۆن دەبێتە داینەمۆیەك بۆ بەستنی پەیوەندی لەنێوان خوێنەرو دەقدا، لە سۆنگەی ئەوەی ئەگەر واتا لێشاوی ڕۆشنایی خۆی نەخاتە بەردەمی خوێنەر، ئەوا خوێنەر ناتوانێ پەیوەندییەکی باش لەگەڵ دەق ببەستێو مەبەستی نووسەر ڕوون ناکرێتەوە، چونکە لە هەنگاوی یەکەمدا، پەیوەندییەکە ڕێك دەخاتەوەو دواتر بەهۆی کردەی خەیاڵکردنو کارکردن لەناو خوددا، مەبەستداری دەقو نووسەر دێتە ئاشکرا کردن.

ئەم خاڵانەی سەرەوە هێڵە گشتییەکانی چۆنیەتی ناسینەوەی مەبەستی مەحوی بوون، بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ تایبەتمەندیی شیعری ئەم شاعیرەو لە چوارچێوەی بنەماکانی هێرمینۆتیك بە

---

١- زیباشناسی در هرمنوتیك گادامر، رضا طاهری، نشر نگاه معاصر، تهران، ١٣٨٩ ص١٢

* امرؤ القیس: نازناوی شاعیرێکی بەناوبانگی جاهیلییە، خاوەنی موعەللەقەی یەکەمەو ناوی حەندەجی کوڕی حەجەری کوڕی حاریسە، قەیس واتە توندوبەندی، گوتراویشە قەیس ناوی یەکێك لەو بتانە بووە کە جاهیلەکان دەیانپەرست. (المعجم المفصل فی الادب، ص ١٣٣)

٢- بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، د.عبدالقادر حمەامین محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٥

٣- التفکیکیة، النظریة والممارسة، کریستوفر نوریس، ترجمة: د. صبری محمد حسن، دار المریخ للنشر، الریاض، ١٩٨٩م، ص ١٢١.

شێوەیەکی گشتی، هەروەها ڕەچاوکردنی ئەوەی هەر شیعرەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لە سەرتاپای دیوانەکەدا ستراتیژییەتی سەرەکیی شاعیر وەردەگرین، کە بۆتە جێگای مشتو مڕو هەر لەو سۆنگەشەوە لێکدانەوەو تێگەشتنی جیاوازی بۆ کراوە، چونکە لە ناو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، ڕەهایی بوون دەگمەنەو ناکرێ بە ڕەهایی (مطلق) سەیری شتو دیاردەکان بکرێ، هەر بۆیە ناکرێ لەناو هەموو چەمکە ئەدەبیو ڕەخنەییەکاندا مادەم هێرمینۆتیك پەیوەندی بە (تێگەیشتن) هەیە، وا دابنێین ئەم تێگەیشتنەیان لە هەموویان باشترە. نەخێر !! ئەم ((هونەری تێگەیشتنە هونەری بیرکردنەوەی باش نییە، بەڵکو هونەری خوێندنەوەی باشە)).[1] لە سۆنگەی ئەو پەیوەندییە پتەوەی، کە هێرمینۆتیك بە وەرگرو تیۆری وەرگرتنو کردەی خوێندنەوە دەبەستێتەوە، تێگەیشتن تەنیا لە بیرکردنەوەی باش قەتیس ناکرێ. بە واتایەکی تر ئەم کردەیە کارەکانی تر ناخاتە ژێر پرسیارەوە، هەموو تێگەیشتنەکانیش لە شوێنی خۆیاندا ڕۆڵی خۆیان هەیە، نەك هەر ئەوەی پەیوەندی بە لێکدانەوە (تەئویل) هەبێ، بۆیە ئەو میکانیزمو ڕێگاو بنەمایانەی کە وەرگر (ڕاڤەکار) پەیڕەوی دەکات، بەهۆی ئەم بنەمایانەوە کردەی خوێندنەوەکە خوێندنەوەیەکی ئاسایی نابێت، بەڵکو مۆرکێکی دیکە وەردەگرێت، کە لە خوێندنەوەکانی تر جودا بێت، هەر لەبەر ئەوەشە باشترین چەمکی تیۆری وەرگرتن (نظرية التلقي)، کە پەیوەندی لەگەڵ ببەستێ، چەمکی هێرمینۆتیکە، کە لێرەدا هێڵە گشتیو تاڵە وردەکانی ناخی دەقو مەبەستی نووسەر بەهۆی ئەم بنەمایانەوە دەکەونە بەر کردەی خوێندنەوەو بۆیەش دەبێتە هونەری خوێندنەوەی باش.

---

١- هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصرن د.مليكة دحامينة، ص٤٢

## تەوەرەی دووەم

## ٢-٥ ئیپستمۆلۆجیای تەئویل و ئەزموونی ژیان

دوای ئەوەی لە لاپەڕەکانی پێشوودا، زانیمان، کە هەریەکە (شلایرماخرو دەلثیّ و هیرش) لەبارەی مەبەستداری دانەرو ڕۆڵی ئیپستمۆلۆجیا تێیدا بیروڕایان لەیەك نزیکەو لە چوارچێوە گشتییەکەی پێکهاتەی ئەزموونی ژیانداو ڕۆڵی چوارچێوەو بازنەی تەئویل لە کارلێکپێکردنی پەیوەندی بەش بە گشت و بە پێچەوانەوەش، کە خۆی لە دووبارە بنیادنانەوەی هەردوو لایەنی زمانی و لایەنی دەروونی دەبینێتەوەو ئامانجەکەشی بریتییە لە دەرخستنی بەهرەو تواناو رادەی داهێنانی شاعیرەکە وەك تاکێك، کە لەوێوە چوون بۆ نیشاندانی خودو دەروونەکەی، یان هەڵکراندنی لایەنی دەروونی و مێژووییەکەی، بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو دەقەوەوە لە مەبەست و نیازەکەی نزیك ببینەوە، ئەوا ڕوانینی شاعیرو جیهانبینییەکەی لەناو ئەزموونی ژیانی خۆیدا، دەبێتە هەوڵێك بۆ جۆرێکی دیکە لە تێگەیشتن، کە لە تێگەیشتنە تەقلیدییەکە بەو ئەندازەیە سوود وەردەگرێ، کە لە بەرژەوەندی دەرخستنی نیاز بێت و ئەوەی تریش بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ئیپستیمانەی لەناو ژیاندا بوونیان هەیەو پێشتر دیاردە بوونە، لایەنێکی تاریکی بیروڕاو ئایدیای تایبەتی و مرازی، ڕووناك بکرێتەوە.

بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانەوە، لە نێویشیدا زانستە مرۆڤایەتییەکان و بەتایبەتیش زانین و مەعریفەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و شت و دەروبەر، ڕوانینی وەرگر لەهەمبەر دەق و دانەری دەق گەشتر دەکات، بەوەی دەتوانێ بە سوود وەرگرتن لە ئیپستمۆلۆجیاو زانستەکان، زیاتر لە دانەرو لە مەبەست و نیازەکە تێ بگات. ئەم کارزانی و لێزانی و بەهایەش بە تەنیا بۆ خودی وەرگر ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو هۆکارانەی پێشکەوتنە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆڵیان لە قووڵبوونەوەی شیکاری هەیە بۆ دەق.

بێگومان دەقیش کە لە چەند نیشانەو دالێك پێك دێت. هەر یەکێك لەم نیشانانە جگە لە واتای تایبەتی خۆیان مەدلوولێك، یان زیاتریان هەیە، کە ئەم مەدلوولە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا دێت و وەرگر بە پێی ئیپستیمی تازە دەتوانێ باشترو ئاسانتر لە واتای گشتی دەق تێبگات، بەشێك لەو نیشانانەش، بوونەتە لانەی مەبەست و نیازی دانەرەکە، لەبەر ئەوە هەر هەوڵێك بۆ بارگاویکردنی ئەم دالانە بە زانستی سەردەم، ڕێگا لە بەردەم تێگەیشتن لە ستراتیژییەت و ئایدیای دانەرەکە خۆشتر دەکات. بۆ نموونە (کاتێ مێژوونووسێك دەنووسێ: "سوڵتان مەحمودی غەزنەوی بە نەخۆشی سیل چوو" مەبەستەکە ئێستا ڕوونتر دەبێ، چونکە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرە تازەکاندا، تێگەیشتنی مرۆڤی ئەمڕۆ لە نەخۆشی سیل و مردن لە مێژوونووسانی سەردەمی غەزنەوی زۆر قووڵترو پڕ زانیاری ترە)[١]. کەواتە مەبەستی دانەرەکە لێرەدا واتایەکی هەواڵدانی نەگۆڕە، بۆ کەسێك کە بە سوڵتان و نەخۆشی سیل ئاشنا نەبێ، تێگەیشتنی ئاسان نییە، مەبەستی ئەویش تێگەیاندنی وەرگرە بە ڕووداوی مردنی سوڵتان بەهۆی سیل، لەبەرئەوە ئەم دەربڕینە دەربڕینێکی سادەی هەواڵگەیاندن بوو، کە بۆ وەرگر، مەعریفە هەمیشە کەرەستەیەکی بەسوودە بۆ لێکدانەوەی وردو قووڵتر، ئەم مەعریفەیەش کە لە هۆشەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوەندەی پێشبینی دروستدەکات، ئەوەندە خۆی بە دەقەوە کۆت و بەند ناکات، چونکە هەموو هەوڵەکان بە ئامانجی

---

١- راز متن (هرمنوتيك، قرائت پذيرى متن و منطق فهم دين)، عبدالله ناصرى، چاپ اول، سروش، تهران، ١٣٨٩، ص٦٧

ئەوەیە واتا بەرهەم بێت، ئەم واتایەش ئەزموونی ژیان دەیسەلمێنێ، کە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووە بۆ واتا. لەبەر ئەوە (هیرش)یش ئەو بۆچوونەی هەبووە کە (واتا شتێکە بە هۆش‌و ئاگاییەوە بەندیوارە نەك بە واژە (لفظ))[1]، ئەم ئاگایی‌و هۆشەش ستراتیژییەتی بیرو خەیاڵی دانەر دیاریدەکات‌و لە ناو بۆتەی واتادا جێی دەکاتەوە.

بەرامبەرکردنی هەردوو لایەنی زمانی‌و دەروونی‌و پەردە هەڵماڵین لە سەر نهێنی‌و مەبەستەکانی دانەر، یەکێك لە کارەکانی (شلایر ماخر) بوو، کە بەو بەرامبەرکردنە دووبارە پێکهاتەکە، یان بەرهەمی فیکری بە خودێتی‌و بابەت بنیادبنێتەوە، بە مەبەستی تێگەیشتنی تاکرەوی دانەرو مەبەستەکەی، بە هۆی بەکارهێنانی ئەو زمان‌و شێوازەی، کە تەئویل تێیدا هەر تەنیا واتا نادۆزێتەوە، بەڵکو ئەو تاکرەوی‌و مەبەستە دەدۆزێتەوە، کە خۆی لە لادان‌و تێکشکانی زماندا نواندووە. هەر ئەم دوو لایەنەی زمانی‌و دەروونییەشە بەلای شلایرماخرەوە وەك خاڵی سەرەتای تێگەیشتنە لە دانەر[2]، چونکە مەبەست‌و مرازی دانەر لە هەموو دەقێکدا، خۆی وا ناشارێتەوە، کە پێویست بە گرتنە بەری کۆمەڵێك ڕێ‌و شوێن بکات، تا بدۆزرێتەوە. بەو پێیەی لە دەقی سادەو ساکاردا کە بنەماکانی زمانی تێدا بەهێز نەبێت، شیعرییەتەکەی هێندە بەرز نییە، تا دەقەکە وا لە وەرگر بکات تووشی هەڵوەستەو ڕامان بێت، بەڵام کاتێك دەق وەرگری وەستاندو زمانی کردە ئامرازێك بە هۆی لادان‌و تێکشکانی بونیادو واتایەکەی، نهێنی‌و مەبەستی دانەری تێدا شاردەوە، ئەوا بواری تێگەیشتن تەنگ دەبێت‌و بەربەست دەکەوێتە نێوانی وەرگرو دەق، بە تایبەتی لە ستراتیژییەتی مەبەستی دانەردا. جا لەو چوارچێوەیەدا ڕەچاوکردنی لایەنی زمانی‌و دەروونییەکە تا ڕادەیەکی باش ڕێگاکە لە بەردەم کردەی تێگەیشتن ئاسانتر دەکات. وێڕای ئەوەی بە هەند هەڵگرتنی بیری تاکرەوی‌و خودی، لە بەرامبەردا کردنەوەی دەرگایەکی گەورەی ژیان بۆ مرۆڤەکانی تر، یەکێ لە پرەنسیپەکانی بیری سۆفیزمە، ئەم خۆ دوورگرتنە لە کۆمەڵ‌و خول خواردنەوە لە ناخی خودی مرۆڤەکەدا کەرەستەیەکی گەورەی لێکدانەوەی دەروونییە، چونکە ئەگەر توێژێکی گەورە، یان خودی کۆمەڵگایەك بە سەرتاپا بۆ لێکۆڵینەوە وەربگیرێ، بە هۆی وەرگرتنی داتاو ڕێژەوە، کارکردن لەسەر خودو دەروون ئاسانتر دەبێ، بەڵام دۆزینەوەی تاك تاکی ئەو جۆرە مرۆڤانەو هەوڵدان بۆ خوێندنەوەی هزریان بە ئامانجی تێگەیشتن لە مەبەستیان، تەنیا لە ڕێگای لایەنی زمانی دەق‌و لایەنی دەروونیی خودی دانەرەکە خۆی دەبێت، بۆیە ئەمە کاری تەئویلەکە تا ڕادەیەکی زۆر سەختتر دەکات.

ئەزموونی تەسەووف لە ناو ژیاندا ئەزموونێکی هزری خودییە، ڕوانینێکی تایبەتە بۆ ژیان‌و دەروبەر، تەئویلیەکە بۆ مرۆڤ‌و خودا، دژی رووکار (ظاهر)و زۆرینەو سیاسەتی دەسەڵاتدارو مەعریفەو پاشخانی دەسەڵاتە[3]، بەهۆی خولانەوەیان لە ئاستێکی رووبەر بچوکی زاهیدیەت‌و گەشتی بەردەوامیان لەناخ‌و باتینیەتدا. لەو ڕوانگەوە بیرکردنەوەو ڕوانینی تایبەت، قسەو ئاخاوتنی تایبەتیش دێنێتەکایەوە، سۆفییەکانیش بە هۆی ئەو ئەزموونە تایبەتییەیان، ڕوانینیان بۆ ژیانیش تایبەتمەندی هەیە. ئەم

١- ساختار وتأویل متن، بابك احمدی، چاپ ششم، تهران، ١٣٨٢، ص٥٩٢

٢- شعر فاضل العزاوی، مقاربة تاویلیة، ص٦٥

٣- النظریات في فلسفة الوجود والعقل والخیر (اسئلة الایسیات والمعرفیات والقیمیات)، الدکتور علی زیعور، دار النهضة العربیة، بیروت، لبنان، الطبعة الاولی، ٢٠٠٦، ص٣٨٨

دوورەپەرێزیو ئاڵوودەبوون بە خەڵوەتیش، وە نەبێ ڕوانینیان بۆ ژیان تەلخ بکات، بەڵکو ئەگەر تەڵخیش بێت لەپێناو بەرژەوەندی مرۆڤەکانی ترە. کەواتە ئەزموونی ژیانو بیری مرۆڤایەتیو هیومانیزم لە بیرۆکەی ئەواندا، ڕەخنەیەکە لە کۆمەڵگەو مرۆڤەکان، بە ئاڕاستەی چاکسازیی ناخو دڵو هەنگاو هەڵگرتن بە پەیڕەوکردنی ڕێبازەکەیان. لەبەرئەوە ئەم ستراتیژییەتەی ئەوان زۆرترین ئاڵۆزی لەگەڵ خۆی دەهێنێ، بە تایبەتی لە دەقەکاندا زۆرترین نائاسایی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە لەخۆ دەگرێت، بگرە زۆرجاریش ئەم نائاسایی بوونە لە بیری مرۆڤەکانی تر تەکفیرو، لەبیری سۆفییایەتیشدا ئاسایی بوونێکی ڕەها بەرجەستە دەکات، هەر ئەمەشە کە بنەمای تەئویلی لەخۆدا زیندووتر کردۆتەوە.

فەیلەسووفو تیۆردانەرانی بواری مەبەستداری لەناو هێرمینۆتیکدا، ئەگەر لە هەر ژانرێکی ئەدەبیشدا تیۆرەکانیان بەکاربێنو تێیدا تەواو سەرکەوتوو نەبن بە پێی ئەو بنەمایانەی ئەوان گرتویانە بەر، ئەوا لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی سۆفییانەو بیری سۆفیزمدا، کتو مت وەك ئەوەی بۆ یەکتر دروستکرابن وان، چونکە یەکێ لە بنەما سەرەکییەکانی ناو ئەم تیۆرە، گونجاندنەوەی هەردوو لایەنی خودیو بابەتییە. واتە خودی بکەریو بابەتی ستراتیژییەتی دەروونیو مێژوویی دانەرو دەق. ئەمەش لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی پڕۆژەی بیری سۆفییانە بە تەواوی تێکدەکاتەوە، بەتایبەتی لە بایەخدان بە خودێتیو هەوڵدان بۆ زاڵکردنی ئەو بیرۆکە بکەرییە لەگەڵ بابەتدا، کە چوارچێوەی ژیانو پێکهاتەی مرۆڤایەتی لەخۆیدا بەرجەستە دەکات.

خودی بوون لای سۆفی ڕەهایە، میتۆدو فەلسەفەیەکە، خودی بوونەکە سۆفی لە دیوی دەرەوەی دادەبڕێنێ، لە کۆمەڵگا، لە شتەکان، بەڵکو دەرەوەو ناوەوە یەکدەگرنەوەو مەعریفەی هەردوو لایان پێکەوە دەبنو دەبنە نە ناوەکیو نە دەرەکی، چونکە ناوبڕیان لە نێواندا نییە، ئەوەی لە ناوەوە بێت لە دەرەوەشە[1]. واتە خەڵوەتو تاکڕەوییەکەش لە بنچینەدا لەگەڵ کۆمەڵدان، دیوە زاهیریو باتینیەکەو خودیو بابەتییەکە ئاوێتەی یەکترنو لەبیری سۆفیدا لە ڕێی زاهیرەوە باتین دەخوێنرێتەوەو لە تاریکیدا ڕۆشنایی دەدۆزرێتەوەو لە دەقی ڕواڵەت گشتیدا ناوەڕۆكو مەبەستێکی بەهێزی دانەر بەرجەستە دەکرێت. لەبەرئەوە مەودای هێرمینۆتیك ئەوەندەی لەگەڵ دەقی سۆفییانەدا بڕ دەکات ئەوەندە لەگەڵ دەقەکانی تردا ڕێ ناکات، با بنەمای تیۆرەکە ڕۆژئاواییش بێت، حەقیقەتی سۆفیگەری سەرتاپای جیهانییەو مرۆڤایەتی لە سەرتاپای جیهانەوە لە وەرگری ڕێبازەکەی دەزانێت.

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤

## ٢-٦ ئەزموونی گەڕان بەدوای ئازادی لای مەحویو ئاڵۆزی لای لێکدەرەوە

مامەڵەکردن لەگەڵ دەقێکی سۆفییانەدا بۆ گەڕان بەدوای مەبەستی دانەر، زۆر سەختترە وەك لەوەی رەفتار لەگەڵ دەقێکی ناسۆفییانە بکرێ، چونکە وەك لە لاپەڕەکانی پێشتردا، چەمکی مەبەستداریمان لەناو چوارچێوەی ئیپستمۆلۆجیای تەئویلو ئەزموونی ژیاندا شیکردەوە، تاکڕەویو بە تەنیا وەرگرتنی هزری دانەر بە شێوەیەکی سەربەخۆو گونجاندنی لەگەڵ باری ژینگەو دەروونو ئایدۆلۆژیایەکەیدا چەمکی مەبەستی دانەر لای وەرگر گۆڕانی بەسەردا دێت. بەتایبەتیش ئەگەر دەقەکە سەر بە بنەمایەکی هزری سۆفییانە بێت، لەوێدا شادەمارەکانی دەق، هێزێکیان بە ناودا تێدەپەڕێت، کە هەر تەنیا مەعریفەی خودی دانەر نییە، بەڵکو گەڕانەوە بۆ بنەماو سەرچاوە مەعریفییەکانی دانەر، گرێ کوێرەکانی کردەی تێگەیشتن تا ڕادەیەك دەکاتەوەو ئەو دوو رەهەندانەی شلایرماخر، کە وەك سەرەتای خاڵی تێگەیشتن داینابوو، کە لایەنی زمانیو دەروونی بوون، دەبنە ئەو خاڵەی، کە وەرگر/ لێکدەرەوە لێیانەوە دەلالەتەکانی دەق هەڵدەهێنجێ.

گەڕان بەدوای بوون بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەشێکە لەو هەوڵە ئیپستمۆلۆجییەی، کە بە درێژایی مێژوو مرۆڤایەتی بەدوایدا وێڵە، جا چ لە چوارچێوە مرۆڤایەتییەکە بێت، یان ئەوەی کە هۆش دەرکی پێ دەکات، بە هەموویانەوە هەمیشە لە چوارچێوەیەکی فەلسەفیدا ئەم پرسە دێتەوە بەرباسو لە شێوەی چەمکی گێڕانەوەدا خۆی دەنوێنێت. بەو پێیەی گێڕانەوە لە کۆنەوە لەگەڵ (بوون)ەوە دەڕواتو هەر جارەی بەهایەکی مەعریفی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەر ئەوەشە وایکردووە، کە (پێناسەیەکی تازەی فەلسەفی بۆ مرۆڤ بکرێ بەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی گێڕەرەوەیە....و دەقە میتۆلۆجییە کۆنەکان، نەخشەکانی مرۆڤی سەرەتا لە ئەشکەوتەکان جگە لە گێڕانەوەو هەقایەتو ئەفسانەی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەویو سەرکێشییەکانی لە بووندا، چیتر نین)[١]. بۆیە هەر هەوڵێك بۆ تۆمارکردنی ئەزموونی ژیانو بوون، لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبی بە گشتیو شیعر بە تایبەتیدا، جۆرێکە لە گێڕانەوە، جا ئەم گێڕانەوەیە مادەم هەڵوەستەکردنە لەسەر چۆنیەتی ڕوانینی نووسەرەکە بۆ بوونو ژیانو بونەوەر، ئەوا چۆنیەتی وێناکردنەکە بەرهەمهێنەری جۆرە واتایەکە، کە لە بەرهەمهێنانی کەسێکی تر جیاوازە، لەبەرئەوە ئەگەر مەعریفەو کاتی مێژووشی لەخۆدا هەڵگرتبێت لەلایەكو لەلایەکی تر ڕوانینی داهێنەرانەی تایبەت بە خۆی بێت، هەردووکیان ئەوە هەڵدەگرن، کە لایەنە زمانیو دەروونییەکە بۆ وەرگر لەبەرچاو بگیرێ، تا زووتر مەبەستو نیازی نووسەر دەستنیشان بکرێ.

خودی بابەتی بوونو ژیان، بە ڕوانینە سادەو ئاساییەکە نا، بەڵکو بە هزرە فەلسەفییەکەی، بوارێکی قووڵو بەهێز لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، ئەمە ئەگەر لە ئاخاوتنی ئاساییدا، تێگەیشتن تێیدا سەخت خۆی نیشان بدات، ئەوا لە دەقی ئەدەبیداو لە شیعریشدا، کە بواری گێڕانەوە تەنگترە، تێگەیشتن زۆر بە ئاڵۆزی لای وەرگر دێتە کایەوە. ئەمەش تایبەتمەندی ئەدەبییەتەو لێرەدا دەق هەڵکەوتەیەکی فرە لێکدانەوەیی بۆ خۆی مسۆگەر دەکاتو نووسەر بە ڕامانی لەخودی ئەزموونی ژیانو دونیادا، پەیوەندییەك لە نێوان خودو دەوروبەردا دەسازێنێ، کە دەشێ بەجۆرێك لە جۆرەکان خودو بابەت بێ. بە

---

١- هرمنوطيقا المحكي (النسق والكاوس في الرواية العربية)، محمد بوعزة، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧، ص٣٩

واتا کۆنەکەی، کە مرۆڤو ناوەڕۆك، یان مرۆڤو ئەویتر دەگرێتەوە، ئەمەش بۆ خوێندنەوەیەکی تەئویلیانە، خودی شاعیر لە لایەك موئەویلە بۆ گواستنەوەی ئەزموونەکەو تێگەیشتن لە چەمکی بوونو ژیانداو، لە لایەکی تریش تەنیا دەقنووسەو چیتر نا. لە هەردووکیشیاندا ئەوەی هاوبەشە لەنێوان خودی شاعیرو دەوروبەردا، بریتیە لە پەیام، کە خۆی لە گێڕانەوەی دەق دەبینێتەوە.

ئەگەر ئێمە تەواو خۆمان بە میتۆدەکانی لێکدانەوە پابەند بکەین، بە تایبەتی لەناو فینۆمینۆلۆجیادا بۆ تەواوکردنی هێرمینۆتیکا، هەوڵی دۆزینەوەی بوونەکان بدەین، هەروەك هایدگەر تیشکی خستۆتە سەر، ئەوا ئەو حەلە دەبێ بەو قالبەوە بە زۆرو زۆرداری، شیعری مەحوی بخەینە ناو چوارچێوەی تیۆرەکانی ئەو، لەبەرئەوە ئێمە پێمان وایە بۆ پرسێکی وەك بوونی ئازادیو بوونی خودی دونیا، تا ئەو ئەندازەیە سوود لەم تیۆرانە وەردەگرین، کە بە هۆیەوە ئاڵۆزیو چنینی زمانی دەقمان نیشان بدەن، نەك تەسلیمبوونی دەق بە تیۆرەکە، بەو پێیەی ئێمە لە روانگەی دەقەوە هەوڵی کەشفکردنی مەبەستداری دەدەینو ئەو مەبەستدارییەش ئەو کاتە ڕۆشندەبێتەوەو لەناو دیاردەبوونی فینۆمینۆلۆجیادا بوونی دەردەکەوێت، کاتێ وەرگر/ لێکدەرەوە ئاسۆی ئەزموونی دەق تەواو دەکاتو دەیگەیەنێتە پلەی باڵا.

ئاڵۆزی لای لێکدەرەوە ئەو کاتە چزورە دەکات، کە ناسنامەی شیعری مەحوی نەدۆزێتەوە، بە تایبەتی لەو چەمکانەی کە زۆرترین تێگەیشتن هەڵدەگرن، لەبەرئەوە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی هاتنەکایەی چەمکەکان لە هزری شاعیر، وێڕای ئەوەی ڕێگا خۆشکەرە بۆ نزیکبوونەوە لە مەبەستو نیازی شاعیر، بەڵام دەرگاش لەسەر واتا داناخاتو واتای دیکە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەمووشی بە بەڵگەیەك خۆی ساغ دەکاتەوە، نەك بە زۆر بەسەریدا ببڕێت. زۆرجاران لە شیعرو هونەری مۆدێرندا، شاعیرو هونەرمەند مەبەستەکەی هێندە ئاڵۆزکردووە، (واتا) بە هیچ شێوەیەك خۆی بەدەستەوە نادا، مەگەر شاعیر، یان هونەرمەند خۆی دواتر مەبەستەکە ڕابگەیەنێو بەو هۆیەوەش بە پاساوی گرتنەبەری ڕێبازو میتۆدی تازەو شێوەیەك لە داهێنان، پاساو بۆ کارەکەی دێنێتەوە. هەرچی ئەدەبی کلاسیکییە، بنەمایەکی پتەوو سەرچاوەیەکی رۆشنبیری وای لە پشتە، کە دەکرێ ئەم ئاڵۆزییە لە تێگەیشتن، لە بەرژەوەندی بەرهەمهێنانی واتا بێتو بە قازانجی فرە تێگەیشتن تەواو بێتو لە هەریەکەشیاندا بەڵگەی حاشا هەڵنەگر خۆی نیشاندەدات، کە وەرگر تەنیا سەرسوڕمانی لە هەمبەردا، لەگەڵ هەستکردن بە چێژو ئیستێتیکایەکی بەرزی بۆ دەمێنێتەوە.

### ٢-٦-١ بوونو ئازادیو تایبەتمەندیی مەحوی

یەکێك لەو هەنگاوانەی کە پێویستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شیعری مەحوی بەگشتیو وردبونەوە لە چەمکەکانی بوونو ئازادی بەتایبەتی بگیرێتە بەر، ئەوەیە، کە دەبێ وەرگر بەناو بنەماکانی سۆفیگەریدا گوزەرێك بکات، چونکە دۆزینەوەی سەرەداوەکانی ستراتیژییەتی هزری سۆفییانە بە جۆرێك لە جۆرەکان بە قازانجی تەئویل تەواودەبێت. لە سۆنگەی ئەوەی مەسەلەکانی بوونو عەدەمو دەرکەوتنو دەرنەکەوتنو ژیانو مردن.... هتد. لەناو چوارچێوەی سۆفیگەریدا، تێگەیشتنێکی دیکەی بۆ هەیەو لە تێگەیشتنە فەلسەفییە ڕۆژئاواییەکانەوە لە کرۆکدا جیاوازە، ئەگەرچی لە هەندێك لایەنی ڕووکارییەوە هاوبەش بێ، بۆیە مادام ناسنامەی سۆفیگەری لە زۆربەی دەقەکانی مەحوی بەرجەستە دەبێت لەم

ڕووەوە بە لێکۆڵینەوە ساغکراوەتەوە، وێڕای ئەوەی لە سیاقدا تەئویلی ئازادی خۆی بە سۆفیگەری دەبەستێتەوە، ئەوا گەڕانەوە بۆ ئەم بنەمایانە دەرگا لە بەردەم تێگەیشتن دەکاتەوەو هەست دەکرێ پەیوەندییەکی بەڵگەدار ئەم چنینە ساغدەکاتەوەو لەگەڵ بناغەی تەئویلیش دێتەوە، کە چەندین سەدە پێش مەحوی لەگەڵ شیعری گەلانی مسوڵماندا تاقی کرابوویەوە.

ئەگەر پێشتر چەمکی (بوون) لە شیعری مەحویدا بە تەنیا لە چوارچێوە فینۆمینۆلۆجیەکەیدا شیکرابێتەوەو بێ ئەوەی بەرەو هێرمینۆتیك چووبێت، ئەوا ئێمە لە چوارچێوەی چەمکی (ئازادی)دا دەیخەینە قالبی تەئویلو حسێبیش بۆ شاعیر دەکەینو (بارت)انە، مردنی نووسەر ڕاناگەیەنینو لە هەر کاتێکدا ئاڵۆزی تێگەیشتن دروست بێت، پەنا بۆ بیری شاعیرو ژینگەو لایەنی دەروونیو مێژووییەکەی دەبەین.

دەق تەواو بە دانەرەکەی بەندیوارە، جا دانەرەکە تاکە کەس، یان کۆمەڵە کەسێك بێت، یان بە ناوی خوازراوەوە بنوسرێت. بەشێك لە ڕابەرانی هێرمینۆتیك هەوڵی ئەوەیان داوە، کە پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان دانەرو کارەکەی بسازێنن، بۆ نموونە (دەلثی) ئاماژە بە هەردوو چەمکی شارەزایی (خبرة)و تێگەیشتن دەکات، ئەم پرۆسەیەش تەواو نابێت، هەتا خۆی لەو گریمانەو شتە گشتییانە کورت نەکاتەوە، چونکە گریمانەی بوونی، هاویەکییەکی تێرو تەواو لە نێوان کارە ئەدەبییەکەو لە نێوان ژیانی دانەرەکەی شتێکە، تەنیا لەناو چوارچێوەی هێرمینۆتیکا بەڕێوە دەچێت. ئەمە سەرەتا کاری ئەو کەسانە بوو کە خەریکی ئەدەبیات بوون. بەم تێڕوانینە لە ئەدەبیاتیان دەڕوانی، هەتا وای لێهاتبوو لەناو ڕەخنەی ئەکادیمیشدا ئەم پرسە تەواو گرنگی پێدرابوو، ئەم دەستەواژە زۆر بەناوبانگ بوو کە دەگوترا: (بۆ ئەوەی لە بەلزاك تێبگەی پێویستە لە هەستو سۆزی ژیانەکەی زانیاریت هەبێ)[1]. لێرەدا ئەگەر بەم ئاراستەیە کار بکرێ، ئەوا زیاتر مەبەستو نیازی دانەر کەشفدەکرێ وەك لە مەبەستی دەق، بەو پێیەی چەسپاندنی هەندێ لایەن لە ناسنامەی شاعیر، وا دەکات وەرگر بڕێکی زۆری تێگەیشتن بە ژیانی شاعیر دەبەستێتەوە، ئەم بڕەش وا دەکات تێگەیشتن لە دەق ئاسانتر بکات.

مەعریفەی سەرەتایی وەرگر لە بارەی سۆفیگەرییەوە، هەر زوو بێ سێو دووو ئاسۆیەك دەکاتەوە، کە ئەو زانیارییە جێگیرانەی بۆ هەموو کەسێکی سۆفی وەك پرەنسیپ وان، ببنە کەرەستەیەك نەك بۆ ئەوەی بڕای بڕ دەقیان پێ بپێورێ، بەڵکو لە شیکردنەوەی هەندێ لە رەمزو کۆدەکان یارمەتیدەر بنو ئەم ڕەمزو کۆدانەش نیشانی ئەوە بدەن، کە جیهانبینیو هزری شاعیر، لە چ چوارچێوەیەکدا دەخولێتەوە بۆ ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا تەئویل بە ئاسانی ڕێبکات.

ئەگەر بەم ئەندازەیەو بەم شێوازەی سەرەوە مامەڵە لەگەڵ مەحویدا بکەین، ئەوا بەر لەوەی ئێمە بەدوای ئەو چەمکانەدا بگەڕێین، مەحوی خۆی لەناو گەڕانێکی سەیردا دەژییت، گەڕانێك کە هەمیشە دەرگای دیالۆگ لەبەردەم وەگردا بە کراوەیی جێدێڵێتو بوارێك بۆ گەنگەشە کردنێکی جاویدانی دەهێڵێتەوە. ئەمەش لەلایەك لە هزری سۆفییانەدا بەگشتی بوونی هەیەو لە خودی دەقە پڕ لوغزو ئاڵۆزاوییەکانی شاعیریش بە تایبەتی زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت، بە شێوەیەك ئەوەندەی وەرگر تووشی

---

١- موت المؤلف وافاق التاويل، موسى ربابعة، مجلة علامات، العدد ٥٨، السعودية، ديسمبر ٢٠٠٥، ص٤٤-٤٧

ڕامانی فیکری دەکات، ئەوەندە تووشی ڕامانی ڕەوانبێژیو ئێستێتیکی دەقی ناکات، هەر ئەمەشە وا دەکات خوێنەر هەوڵدای مەبەستی شاعیر بێت زیاتر وەك لە مەبەستی دەق.

ئەزموونی ئایینی تایبەتمەندییەکی دیکەی خستۆتە سەر گوتاری شیعری مەحوی لەبارەی (بوون)ەوە، چونکە هەڵکەوتەی ئایین وایە، ئیپستمۆلۆجیایەکی وای تێدا بەرجەستەیە، کە ئەو (بوونو کات)ەی هایدگەر ڕوونی کردۆتەوە، دەتوانرێ لەناو بۆتەی ئاییندا خۆی بگرێ. لەبەرئەوە ئەزموونی ئایین لە فکری هەر شاعیرێك بوارێکی وەها دەڕەخسێنێ، کە گەڕانو هەڵوەدابوون بۆ مێژوو و لایەنی دەروونیو چالاکییەکانی دەق وا لێبکات، گۆشکراوی بیرو هزرێکی وا بێت تێگەیشتنێکی بووناسانە لە خۆیدا بەرجەستە بکات. لەو ڕوانگەشەوە، ئەگەر لەناو ئەزموونە ئاینییەکەشدا، ئەزموونی عیرفانی خۆی وابەستە کردبێت، ئەوا دەشێ هەموو ئەو هەوڵانەی لەنێوان بوونی مرۆڤو بوونی دونیا لەگەڵ ئاسمانو خودادا، کە بە درێژایی مێژوو باسی لێوەکراوە، وێڕای بەسەرچوونی کاتێکی زۆر لەناو دەقدا خۆی بگرخێنێو هەرچەشنە چەمکێکی تازە لە بارەی لێکدانەوەی دەق بێتە ئاراوە بۆ تێگەیشتن لە نیازی شاعیر لەبارەی ئیدراکی خودا، کە لە ڕۆژئاوا میکانیزمێکی هێرمینۆتیکە، یان کەشفو شهودی سۆفییانە، کە لە ڕۆژهەڵاتدا بناغەیەکی تەئویل بووە، دەکرێ وەرگر بۆی هەڵوەدا بێتو لەناو ئەویشدا، خودی شاعیر بەدوای ئەم ئیدراکەوە بێتو لە دوابەدواشدا، تایبەتمەندیش بۆ خۆیو دەق جێ بهێڵێ.[1]
ئەم ئیدراکەش جۆرێکە لە بوونو ناکرێ لە دوالیزمی بوونو نەبوون (وجوودو عەدەم)دا، بە بێ گەڕانەوە بۆ بوارە سۆفیگەرییەکە هیچ حومکێك بەسەر مەحوی بدەین، ناشلێین لەوەدا تەواو وا بەستەین، بەڵام چونکە خودی سۆفیگەری جۆرێك لە گیانفیداییەو لە سۆنگەی جیاوازی بوونەکان، شاعیر تەنیا خۆی لە چەقبەستنی بونێكو عەدەمێکدا قەتیس ناکاتو نکۆڵی لە بوونی دونیا ناکات، بەڵام خەسڵەتی وای دەخاتە پاڵ، کە بوونێکی بێ بەها بێت. لێرەشدا نە بوونەکە، نە عەدەمەکە، تەواو پڕ بە پێستی خۆیان نین. ئەم بێ بەهابوونەو خستنە پاڵی خەسڵەتی تر بۆ بوونی دونیا، بوونەکەی کاڵ کردۆتەوەو کاڵبوونەوەکەش جۆرێك لە کەمو کوڕی پێ بەخشیوە. ئەمەش پێچەوانەی (کەماڵ)ە، کە شاعیری سۆفی هەڵوەدای گەیشتنە بەم پلەیە:

**هەر گفتۆگۆمە کەچی هەر دەڵێمو تێ ناگەم**

**هەر جوستوجۆمە، کەچی هەر دەڕۆمو پێ ناگەم /٣٤٣**

ئەم پێ نەگەیشتنە بە پلەی عەشقو کەماڵ، بنەمای هەرە سەرەکیی وجوودی شاعیرە لە دونیادا، چونکە دونیا شوێنی وەستان نییە، بەڵکو شوێنی گەڕانە، یان بە تێگەیشتنێکی ئاینیانە کێڵگەی دوارۆژەو*، کەواتە گوتنو گفتوگۆو گەڕانو ڕۆیشتن، مەرجی تێگەیشتنو پێگەیشتن نین، چونکە بوونەکە کرچو کاڵەو پڕە لە کەمو کوڕی، ئەم کەمو کوڕییە هەرگیز لەگەڵ تێرو تەواویو کەماڵدا یەکناگرێتەوە،

١- بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ئەزموونی ئایینی و هێرمینۆتیك، بڕوانە کتێبی (تجربۀ دینی و چرخش هرمنوتیکی- بررسی ونقد ارایی ویلیام السنون)، بابك عباسی، نشر هرمس، تهران، چاپ اول ١٣٩٠

* ئاماژەیە بۆ گوتە بەناوبانگەکەی غەزالی: **الدنیا مزرعة الاخرة**، کە غەزالی لە ئایەتی (من کان یرید حرث الاخرة نزد له في حرثه) هەڵیهێنجاوە. کە ئەو بە فەرموودەی پێغەمبەر (د. خ)ی حسێب کردووەو توێژەرانیش ڕەتیان کردۆتەوە، بڕوانە: احیاء علوم الدین، ابی حامد الغزالي، ومعه المغني عن حمل الاسفار في الاسفار لزین الدین عبدالرحیم العراقي الکردي، المجلد الرابع، دار المعرفة، بیروت، بدون سنةالطبع، ص١٩.

یان بە واتایەکی تر (کەماڵ) بەم پلە بەرزییەی ناتوانێ خۆی بئاخنێتە ناو وجوودێکی تەسكو تەنگ، لەبەر ئەوە با هەمیشە مرۆڤ لە دونیادا لە جوڵەشدا بێت، بەڵام تێنەگەیشتنو نەبوونی مەعریفە وزەی لێ بڕیوەو ناتوانێ بە ئازادی بگات. بوون لێرەدا بوونێکی بەندکراوە، با لە گەڕانیش بەردەوام بێت، وەکو چۆن وجوودو عەدەم دژی یەکترن، بەهەمان شێوە بوونو ئازادی دوالیزمێکن، دیالۆگی وجوودو عەدەم لای شاعیر دێننە کایەوە. ئەمەش تایبەتمەندییەکە ڕۆشناییەکی لە سەرچاوە سۆفیگەرییەکەوە بۆ هاتووە، بەڵام بە شێوازێك وێنای کردووە، کە بوونی ڕاستەقینە لە ئازادی دەبینێتەوە نەك چەمکی تر.

## ٢-٦-٢ ئازادی لە نێوان قەلەقو گوماندا

بە ڕامانمان لە شیعری سۆفییانە بە گشتیو شیعرەکانی مەحوی بە تایبەتی، لە چوارچێوەی دایەلۆگی نێوان وجوودوو عەدەمدا، هەست بەوە دەکەین، کە حەقیقەتو گەیشتن پێی، ئامانجی سەرەکییە، نەك مەبەست، چونکە مەبەستەکە (غایة) ڕازی بوونی خودایە، ئەمە پەیوەندی بە ناخەوە هەیە. هەرچی ئامانجەکەیە دەشێ نەیەتە دی، یان درەنگ پێی بگات، لەم چاوەڕوانییە بۆ شاعیر، جۆرێك لە قەلەقی دێتەکایەوە، بە تایبەتی ئەو قەلەقییە سوودێکی وای هەیە، کە شتێکی دیکە بۆ شاعیرو جۆرێك لەمەڕ (بوون) کەشف دەکات، ئەویش عەدەمە، ((واتە پێش حاڵەتی قەلەق، کە مرۆڤ بە مەوجوودەوە خەریك دەبێت، ناتوانێت وەك مەوجوودێك دەرك بە مەوجوود بکات، لەم بارەدا ئەم مرۆڤە لە بەرامبەر ئەو مەوجوودەدا بوونی خۆی لەدەست دەداتو تیایدا ڕۆدەچێت، بەڵام لە حاڵەتی قەڵەقەکەدا، مەوجوود لێی دەکشێتەوەو (عەدەم) دەردەکەوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، تەنها بوونی خۆی بمێنێتەوەو هەست بەم بوونەی بکات))[1]. دەرکەوتنی ئەم عەدەمە لە ناڕازیبوونە بەم بوونەی ئێستاو لە هەوڵی گەڕانە بەدوای بوونێکی تردا، کە سەرەتا لە زەینی مرۆڤەکەوە عەدەمێك دێتە کایەوەو دواتر بە پرۆسەی حەقیقەتەوە بوونی خۆی لەدەست دەداتو بوونێکی تر هەڵدەبژێرێ. ئەم هەڵبژاردنە بۆخودی شاعیر بریتییە لە هەوڵی ئازادبوون، توانەوەکەشی ڕزگاربوونە لەو کۆتو بەندانەی دەوری بوونەکەیان داوە. ئەمەش قەلەق هێنایە کایەوە، کە کاریگەری بە سەر بیرو هزری شاعیر هەبوو، بۆ دەستکەوتنی ئازادییەك، کە تێیدا لە ئامانجو مەبەستەکانیدا خۆی دەنوێنێت.

مەحوی خۆی لە (عقد العقائد) ەکەشیدا، قسەی لە بارەی (عەدەم)ەوە کردووەو ئەهلی سوننەتانەو ئەشعەرییانە بڕوای وایە (ئەوەی ئێستا نەبێ، بەڵام لەوانەیە پەیدا ببێ، نە بە شتو نە بە بینراو دانانرێ، چونکە شتێ کە نەبێ، ئاکاری لێ پەیدا نابێ، بەڵام هەندێ لە موعتەزیلەو فەیلەسوفەکان بە (شت)ی ناو دەبەن. ڕاستەکەی ئەگەر مەبەستیان لەو شتیەتیە بوون بێ لە زیهنا، ئەوە دیارە هەیە، ئەگینا قسەکەیان بێ شوێنو ناڕەوایە)[2] وەك دەڵێ:

مەعدوم ئەوە دیارە نە شەیئەو نە مەڕئییە
مەبیە قسەی ئەوانە کە هەم کێشی فەلسەفین / ٣٨١

---

١- بوون لە شیعری مەحوی دا، د.محمدامین عەبدوڵڵا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ٢٠٠٨، ل١٣٩
٢- دیوانی مەحوی، ل٣٨٩

لێرەشدا شاعیر یەقینی تەواوی بە دونیایەکی تر هەیە، کە خۆی دەیەوێ لەم دونیایە رزگار بێت و بۆ ئەوێ بڕوات، بۆیە ئازادییەکەی ئەگەر لە هەڵوەدا بوون بۆی، قەلەقیشی بکات، بەڵام لەم حەقیقەتە تووشی گومان نابێت، بەڵکو گومانەکە وەرگر دروستی دەکات بۆ ئەوەی بەهۆی تەئویلەوە لە تاك واتاوە بەرەو لێکدانەوەی هێرمینۆتیکیانە بچێ، نەك بە پێچەوانەوە وەك هەندێ کەس، گومان بخەنە ئەستۆی شاعیر[*]، بەتایبەتی لە دێری : هەر گفتوگۆمە کەچی هەر دەڕۆم و پێ ناگەم ... هتد، یان غایب بوونی مەحوی لە نیشانەی وێنەی غیاب و بزر بوون، بەهیچ شێوەیەك گومان نییە، دەق بۆ وەرگر، گومان لە واتاکە دروست دەکات، هەر ئەمەشە جوڵەیەکی سەرەکی هێرمینۆتیك، هەروەك لە (عقد العقائد)یش هەر گومانێکی مەحوی ئەگەر هەبێ دەیکا بە یەقین.

بە واتایەکی تر نیگەرانی و قەلەق لای (مەحوی) لە وردەکارییەکانی پێکهاتەی (بوون)ە، بە تەفسیرێکی هایدگەرانەش (قەلەقەکە ئەنتۆلۆجییە زیاتر وەك لەوەی قەلەقێکی سایکۆلۆجی بێت)[1]، بوونێك کە شاعیر بە سەرچاوەی خەم و مەینەتی دادەنێ و تێیدا ئامانج و مەبەستەکانی لێ ئاڵۆز دەکات، یان ڕێگرە لەبەردەم زوو گەیشتن بە خۆشەویستەکەی. بۆیە لە گوتاری مەحویدا نیگەرانی وەك بنەمایەکی فەلسەفی بوونی هەیە، ئەگەرچی زۆربەی ئاڕاستە فەلسەفییەکان لە پێناو گەیشتن بە واتایەکی راستەقینە گومانیان کردۆتە ستراتیژییەت، لێ چونکە میتۆدی سۆفییانە یەقینێکی تری بۆ (بوون) هەیە، ئەم یەقینە جێگای گومانی گرتۆتەوەو ناهێڵێ هەمان بیرو هزری فەلسەفیانەی فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان لە ناخیدا بەرجەستە بێت، هەر ئەوەشە بە ڕای ئێمە یەکێك لەو خاڵانەیە کە فەلسەفەی ڕۆژهەڵات لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا جیا دەکاتەوە، هەردووکیشیان لە مەسەلەی وەرگرو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا لە چەمکی (گومان) دا هاوبەشن، بەو پێیەی لە یەکەم خوێندنەوەدا گومان بۆ سەر واتا کەڵکەڵە دەبێت، ئەوە هێرمینۆتیکە هێدی هێدی گومانەکان کاڵ دەکاتەوە، هەتا کاڵتریش بێتەوە، وەرگر لە مەبەستێتی و نیازی نووسەر نزیکتر دەبێتەوە. ئەم گومانەش زۆرجاران هەر تەنیا لەسەر دەق بەرجەستە نابێت، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی (خود)ی نووسەر هەر سەرەتا مەعریفەی وەرگر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خود دەردەکەوێت، بەڵام بەهۆی پیادەکردنی بنەماکانی تەئویل، گومانی هێرمینۆتیکی کاری خۆی دەکات و بە کۆتایی هاتنی کەمترین گومان دەمێنێتەوەو زۆرترین و بەهێزترین واتا بەرهەم دێت. ئەم کەمترین گومانانەش سەرەتا زۆرترین بەربەست و بەرگ بوونە لەسەر جەستەی واتا، بە فڕێدانیان مەودای نێوان وەرگرو واتا نزیکتر دەبێتەوە. لەبەرئەوە هەندێك لەو گومانانە زۆرجاران شەرعیەتیشی پێدراوە، بۆ نموونە قاڵب و چوارچێوەی ڕەمز بە بەرنامەو بە مەبەست، واتای راستەقینە شاردراوەتەوەو واتایەکی تر نیشانی وەرگر دەدرێت، ئەمە گومان کردنە لە ڕاستی واتای سەرەتا، کە بە خوێندنەوەی تەئویلیانە ئەو واتایە نامێنێ و ڕاستەقینەکە خۆی نیشان دەداتەوە.

---

* نەجات حەمید لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر شیعری مەحوی، کەوتۆتە هەڵەیەکی زەق، کە قەلەق و گومان- ی تێکەڵ کردووەو بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی دەقی شیعری لەبەردەست بێت، مەحوی بە گومانبەرێکی گەورە دەزانێ، لەم بارەوە بڕوانە: تیۆری بنیاتی شاراوە، نەجات حەمید ئەحمەد، ئاراس، ٢٠٠٨، ل٣٦٠- ٣٦٥

١- القراءة الظاهراتية بين الوعي والقصدية، منتهى طارق المهناوي، مجلة الاقلام، العدد الاول، ٢٠١٠، بغداد، ص٤٧

کەواتە دەتوانین بڵێین، هەروەك چۆن کردەی تەئویل، بە لابردنی واتا ڕووکەشییە ساختەکە، واتای ڕاستەقینە لە شاراوەییو زینداندا ڕزگار دەکاتو دەیهێنێتەوە گۆڕێ، بە هەمان شێوە (مەحوی) لە هەڵپەی ئەوە دایە خۆی لەو بوونە رزگار بکات، کە ژیانی تێدا بەسەر دەباتو نیگەران (قەلەق)ە لێی، لەبەر لەدەستچوونی کۆمەڵێك بنەما، کە ئەو بەستراتیژییەتی کارکردنی خۆی دادەنێ، واتە بۆ دەقنووس (مەحوی)، خۆ رزگارکردن لە بوونی ساختە (دونیا)، ئامانجی هەرە سەرەکییەو بۆ وەرگریش گومان خستنە سەر واتا بۆ ئەوەیە خۆی لە واتای ساختە رزگار بکاتو واتای رەسەنو ڕاستەقینەکە بدۆزێتەوە.

مەحوی لەوەدا یەقینی هەیە، کە حەقیقەتی بەقا وجوودی هەیە، بۆیە لەناو خودی دونیای فانیدا ،هەوڵ بۆ دەستخستنی بەقاو حەقیقەتەکە دەدات، بۆیە لەوەدا گومانی نییە، بەڵام نیگەرانییەکەی لە درەنگ گەیشتنو لە هەوڵدانەکەی خۆیەتی، نیگەرانییەکە دەشێ بگاتە رادەی گومان بۆ بە زایەچوونی هەوڵەکانی خۆی، کاتێك ئەو دەڵێ:

**هەر گفتوگۆمە کەچی هەر دەڵێم و تێ ناگەم**
**هەر جستو جۆمە کەچی هەر دەڕۆمو پێ ناگەم**
**چاوم رواوو گۆشەیی ئەو ئەبڕویەم نەدی**
**دڵ بوو بە بەحری عولومو لە ئەلفو بێ ناگەم**

ئەو هەموو ئامرازەکانی هەوڵدانی خۆی خستۆتە گەڕ، لە گفتوگۆکردن و گەڕانو ڕۆیشتن و روانینو دڵ بوونە دەریای زانست، کەچی تێناگاتو پێناگاتو نایبینێ، بۆیە بوونی حەقیقەتەکە لای شاعیر مسۆگەرەو هەر هەیەو گومانی لێی نییە، بەڵام تێنەگەیشتنو نەبینینەکە لە کاتی خۆیدا، گومانی لە کارەکانی خۆی دروستکردووە، گومانەکەش گومان لە حەقیقەت نییە، بەڵکو گومانە لە هەوڵی خودی مرۆڤەکە، بەو پێیەی فەیلەسوفێکی وەك (غەزالی)ش بۆ گەیشتن بە حەقیقەت وای داناوە، کە (گومانەکان مرۆڤ بەرەو حەق دەگەیەننو هەرکەسێك گومان نەکات ناڕوانێ، هەر کەسێکیش نەڕوانێت، نابینێ، ئەوەی نەشبینێت هەر لە کوێری و تاریکایی دەمێنێتەوە)[1]. کەواتە ئازادییەکە لەو خاڵەدا خول دەخواتەوە، کاتێك لە گومانەکان دەرچووو هەنگاوی بەرەو حەقیقەت ناو نزیك بوو لەوەی بگاتە حەقیقەتو یان پێی گەیشت، چونکە ئەم گومانە سۆفییانەیە بەبێ حەقیقەت سەرناگرێ، پێچەوانەی گومانەکانی ترن، کە گومانن لە حەقیقەتو نکوڵی بوونی دەکەن. ئەمەیان نکۆڵی لە حەقیقەت ناکاتو هەوڵی گەیشتن پێی دەدات. بوونێکیش کە ساختە بێ، وا لە شاعیر دەکات خۆی لێ رزگار بکاتو چاوەڕوانیش نیگەرانی کردووەو گومانی خستۆتە سەر کردەوەکانی، کە نەبوونەتە کەرەستەی دەستکەوتنی حەقیقەتەکە.

---

١- المنهج الفلسفي بين الغزالي وديكارت، دكتور محمود حمدى زقزوق، دار المعارف، القاهرة، بدون سنة الطبع، ص٧٠

### ٢-٦-٣ ئازادی لە لۆجیکداو کێشەی بوون و عەدەم

بێگومان مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، بە پشت بەستن بە فەلسەفەی هاوچەرخ، لەگەڵ پشت بەستن بە فەلسەفەی دێرین جیاوازی دەخاتەوە، رەنگە بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك بنەما هاوبەش بن، بەڵام کە دەگاتە وردەکارییەکان و لە لێکدانەوەی مەبەستی دەق و نووسەر، هەست بەوە دەکرێ، کە ئاڕاستەی بیرکردنەوەو جۆری تێگەیشتنەکە جیاوازە. پەی بردن بەمە خاڵێکی گرنگە بۆ تەئویل و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی شیعریدا. نکۆڵیش لەوە ناکرێ، شیعری سۆفییانە هەر لە کۆنەوە خۆی لەو بنەما فەلسەفییەی بوون و عەدەم نەبواردووەو تەنانەت لای یەکێك لە ڕابەرانیان کە (ئیبن عەرەبی)یە، یەکێك لە تەوەرە گرنگەکانی کارکردنی بووە*. ئەمە سەری کێشاوە بۆ ئەوەی ئەرکی شیعر لە چوارچێوە باوەکەی بچێتە دەرەوەو لە ئیپستمۆلۆژییەوە باڵاتر ڕێ بکات و بەرەو بنەمایەکی فەلسەفی بڕوات، کە سەرچاوەکەی لۆجیك و زانستی کەلام بووە. وە نەبێ ئەمەش هەر تەنیا لاساییکردنەوەیەك بووبێت و بەس، یان مەزراندنی ئەم زانستە بۆ ناو دەق کارێکی هەڕەمەکی بوو بێت، بەڵکو لۆجیك وەك دەمارێك بەناو هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا تێپەڕ دەبوو و ببووە ستراتیژییەتێك بۆ تێگەیشتنی زانستانە لە هەموو چەمکەکان:-

دەق ← ئیپستمۆلۆجیا ← فەلسەفەو لۆجیك

لێرەدا بەهای دەق دەردەکەوێت، کاتێك ئەو دەقە لە قالبی خۆی دەربچێت و بە مەعریفەیەکی تەواو خۆی نیشانی وەرگر بدات و لەوێدا هەر تەنیا ئەرکی چێژ بەخشین بە وەرگر نەبێت، بەڵکو زانیارییەك ببەخشێت کە پێشتر وەرگر پێیەوە ئاشنا نەبووە، پاشان باڵاتر ڕێ بکات و لە ئەرکە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی...هتد، یەکەی دەربچێت و خۆی لەبۆتەی فەلسەفەیەکدا بەرجەستە بکات، کە لە کۆمەڵگا دابڕێ و کۆی مرۆڤایەتی و جیهان بخاتە ژێر رکێفی تێگەیشتنی زەینی. لێرەدا ئەم بەرز ڕوانین و قووڵ بیرکردنەوەیە ڕەنگە دەقی شیعری لە زۆر ڕەگەزو بنەمای سادەی شیعر خاڵی بکات، بەڵام لە ڕوانینێکی فەلسەفی نزیکی دەکاتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا کێڵگەکە زیاتر بۆ تەئویل خۆشتر دەبێت و لە خودی خۆیدا بۆ گەڕانەوەی بۆ دەق و ئاوێتەبوونی لەگەڵ بنەماکانی دەقدا، تەئویل دەبێتە زەرورەت، تا تێگەیشتن بێتەکایەوە.

ئەگەر لە سێ نموونەی شیعری مەحوی رابمێنین، دەردەکەوێت پلەبەندی شیعر لە سێ ئاستەکەی سەرەوە خۆی دەنوێنێت و ناکرێ دیوانێك بە تەنیا لە پلەی یەکەم سیخناخ بێت، چونکە ئەو حەلە ئەرکی شیعر لە هەواڵدان و واتایەکی ئاسایی و سادە زیاتر لە خۆیدا بەرجەستە ناکات. بۆ وێنە:

هەر کەسێ ساتێ لەگەڵ ئەو قەومە بوبێ، تا ئەبەد
بێتەوە فکری، لە زاری دادەبارێ (العیاذ) /١١٧

یان:

---

* ئیبن عەرەبی لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا بەناوی (الفتوحات المکیة) دا، تەوەرێکی تایبەتی بە ناوی عەدەم و وجوود نووسیوە.

**دڵفریبی، دڵبەری دڵدار، هەی !**

**فیتنەگەر، هەی! ڕەند هەی! عەییار هەی / ٣٢١**

دەبینین لەم دوو نموونەی سەرەوەدا چنینی دەق، چنینێکی سادەو ساکارەو ئەرکی شیعر لە شێوەی هەواڵدانەو ناتوانرێ پارچەی مەعریفی لێ هەڵبکرێندرێو وەرگر لە هەواڵدانو چێژێکی مۆسیقایی زیاتر زانیارییەکی تازەی پێ نابەخشرێ، ئەمە ئەگەرچی لە تەواوی دیوانی مەحویدا، لە چەند شیعرێك بترازێ، دەقی وا نابینرێ. هەر ئەمەشە وای لە شیعری مەحوی کردووە، کە بە چنینێکی وا بناسرێ، واتا لەناو مەعریفەدا خۆی شاردۆتەوەو لەوە دەرچووە وەرگر بە ئاسانی بتوانێ بە بێ زانیاری وەرگرتن لە شیعری مەحوی دەربازی بێ.

هەرچی قۆناغی دووەمە، کە زۆرترین قەبارەی شیعری مەحوی داگیرکردووە. تا ڕادەیەکی زۆریش بۆتە تایبەتمەندیی شیعری مەحوی لەناو شیعری شاعیرانی کلاسیکدا، بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی فیکری ڕۆژهەڵاتیو بە تایبەتی فیکری ئیسلامیو فیکری تەسەووف، چنینەکە شێوەیەکی وای وەرگرتووە، بە پشت بەستن بە بنەماکانی شیعر بە گشتیو ڕەوانبێژی بە تایبەتی وەك بەرگێك لە دەوری مەعریفەدا، دەقەکان خۆیان لە زانیاری سیخناخ کردووە، زانیارییەك کە هاوکات لەگەڵ ئەمە بەهۆی ئەم چنینەوە وێنەی شیعریشیان بەهێز کردووە.

بە دەیان شیعری مەحوی لەم جۆرەن، ئەگەرچی لەمەشدا، هەموویان یەك ئاست نین، بەڵکو بەهۆی چنینەکەو جۆری مەعریفەکە، ئاستەکە گۆڕانی بەسەرداދێت. زانیارییەکانیش بەشی زۆریان بەهۆی شارەزابوون لە بنەما ئاینیو سۆفیگەرییەکان ڕوون دەبنەوە:

**دەزانی جیفەیە دونیا دە حەیفە**

**وەکو سەگ ئەم شەڕو شۆڕە لە سەر لاك / ١٨٧**

**یان:**

**سەر کە هۆشێکی نەبێ من زرکە تاڵم بۆچییە**

**دڵ کە جۆشێکی نەبێ شیشەی بەتاڵم بۆچییە /٢٩١**

ئەمانەو دەیان نموونەی تر، مەعریفەیان لێ دەبارێو تا وەرگر تێیدا قووڵتر دەبێتەوە، دەقەکە وەها چنراوە بواری فراوانبوونی واتای دەبێتو لە فەلسەفە نزیك دەبێتەوەو ئەوسا بەهۆی زانستەکانی سەر بە فەلسەفەوە واتا خۆی بە دەستەوە دەداتو بواری لێکدانەوە قووڵتر دەبێتو واتا زیاتر بەرهەم دێت.

هەڵگرتنی هەموو ئەو بەها ئیپستمۆلۆجییانە بۆ بابایەکی شاعیر، یان بۆ دەقێکی شیعری، تەنیاو تەنیا لە ڕێگای زمان دەبێت. بۆیە خودی ئیپستمۆلۆجیایش بە هەموو بارە ڕۆشنبیرییەکەیەوە سیستەمێکی نیشانەی زمانییە، کە دەتوانین لەناو بوون (الوجود) دا بەرجەستەی بکەین. لەلایەکی تر هەموو ئەم بارانە لە هۆش (زەین)ی مرۆڤداو خستنە ڕوویان لە ڕێی زمانەوە بە واتای گواستنەوەی بوونێکە لە بوونی سروشتییەوە بۆ (هۆش)، کە دەرککردنی ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازە، لەبەرئەوە ڕۆشنبیریو کلتوور وێناکردنی جیهانە لەلای کۆمەڵە مرۆڤێك، زمانیش سیستەمی گوزارشتکردنە لەم وێناکردن (التصور)ە، ئەمەش تەنیا لەیەك ئاست خۆی نانوێنێ، هەتا ئاستی

ڕۆشنبیرییەکە فرەتر بێت، ئاستی زمانەکەش دەگۆڕێت، چونکە جیهان لە بوونە بابەتییەکەی خۆیدا لە (هۆش) سەربەخۆیی وەرگرتووە. وێناکردنو چەمکە ڕۆشنبیرییەکان کوێرانە ناگوازرێنەوە. لەبەرئەوە ئێمە لەبەردەم سێ ڕاستیدا خۆمان دەبینینەوە: ڕاستی (الحقیقە)ی یەکەم جیهان (العالم)ە، هی دووەم (کلتوور)و سێیەمیشیان زمانە. پەیوەندی هەرسێکیشیان بە گوێرەی ئەو کەسەی ڕێکیان دەخا دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەگەر لێکۆڵەر لە ڕوانگەی ئەنتۆلۆجیەوە دەست پێ بکات، واتە بوون وەك چەمك وەربگرێت، نەك ماهییەت، ئەوا سەرەتا جیهانو پاشان کلتورو ئەنجا زمان دادەنێ، لێ ئەگەر بە ڕوانگەی ئیپستمۆلۆجیا- مەعریفەوە دەست پێ بکات، سەرەتا زمانو پاشان کلتورو ئەنجا جیهان دادەنێ، ئەگەر شێوەی پێکهاتە (ترکیبی)شی مەبەست بێ، ئەوا پەیوەندییەکە بازنەیی دەبێ بەم شێوەیە:[1]




کەواتە مامەڵەکردنمان لەگەڵ دەقێکی سۆفییانەش هەر لەو چوارچێوەیەدا دەبێت، کە زمان لەناو بوونی (جیهان) دا بە (بوون) دابنێین، بە پاڵپشت بەوەی (بوون لە دەرکەوتنی یەکەمیدا (وشە) بووە، هەروەك لە ئینجیلی یوحەنناش هاتووە (کە لە سەرەتادا وشە هەبوو، لە قورئانی پیرۆزیشدا ئەصل لە بووندا فەرمانی خودایی بووە (ببە- کن)و هەروەك (لۆجۆس)یش لە بیری گریکەکاندا (عەقڵ)ە. کە چالاکییەکەی لەمیانی (وشە) نەبێ دەرناکەوێ، ئەمە وای لە ڕاڤەکارانی وتەکەی ئەرستۆ (مرۆڤ گیانلەبەرێکی قسەکەرە) کردووە، بە واتای (ژیر- عاقل) تەفسیری بۆ بکەن، چونکە گۆکردنی زمانی بواری دەرکەوتنی چالاکی عەقڵییە، هەر لە بیری سۆفیەگەری ئیسلامیشدا هەبووەکان (الموجوودات)، وشەی خودان ﴿قُل لَّوْ كَانَ ٱلْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَٰتِ رَبِّى لَنَفِدَ ٱلْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَٰتُ رَبِّى وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِۦ مَدَدًا ﴿١٠٩﴾﴾ الکهف: ١٠٩...[2]، ئەمانە دەرخەری ئەوەن، کە ئیپستمۆلۆجیا خۆی لە بوونی زماندا دەبینێتەوەو لەناو چوارچێوەی زماندا، دەرك بە کلتوور (ڕۆشنبیری) و جیهان دەکەین. لە ڕوانگەی ئەنتۆلۆجیاشدا، لەناو بوونی جیهاندا کلتوورو زمان خۆیان دەردەخەن. ئەمە ڕاستەڕێمان دەکات بۆ ئەوەی بزانین، کە لە هەر کام ڕوانینەوە بۆ

---

١- النص، السلطة، الحقيقة (الفكر الدينى بين إرادة المعرفة وإرادة الهيمنة)، د.نصر حامد أبو زيد، المركز الثقافي العربي، الطبعة الثانية، ١٩٩٧، ص٨١-٨٢

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣

شیعری مەحوی بچین، فەلسەفەی تەئویل رابەرایەتی ئەو گەشتە دەکات، تا نیازی شاعیر لە ڕێی زانینی بوونێکی ئەنتۆلۆجیانە بزانین، یان وەرگر ئەم بوونە لە ڕێی زمانەوە کەشفبکات، دوای ئەوەی بە فلتەری ئیپستمۆلۆجیا تێپەڕ دەبێت.

هەتا ئێرە سەرەتایەکی باشە بۆ پەیوەندی نێوان بوونێکی ئەنتۆلۆجیانە لەگەڵ ڕوانینێکی ئیپستمۆلۆجیانە بە هاوبەشی پێکردنی جیهان و زمان. لەوەشدا بۆ دەقی شیعری ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، گوتاری شیعر زۆرجاران گوتارێکە چارەسەری بۆ کۆمەڵگە پێیەو لەنێو ئەم چارەسەرییەدا مەعریفە دابەشدەکات. هەندێ جاریش گوتارەکە خودییەو ڕوانینی خودی شاعیرە بۆ بوون و عەدەم و سەرسامبوونە لەناو جیهان و، ڕادەی سەرسامی و ستراتیژییەکەش بەندە بە زمان و چۆنیەتی گوازرشتکردنی.

## ٧-٢ بوارەکانی ئازادی

ئێمە لێرەدا بە ئاگاداربوون لەو تیۆرانەی ڕۆژئاوا سەبارەت بە چەمکی عەدەم و وجوودو، بە هاوبەش پێکردنی فیکری ڕۆژهەڵاتی، بەتایبەتی لە لۆجیك و عیلمی کەلامدا، خاڵی هاوبەش بۆ شیکردنەوەی بنەمای ئەم دوو چەمکە لەناو ئەدەبیاتدا دەدۆزینەوە، چونکە بە ڕای کەسێکی وەك هایدگەر (لە لای مرۆڤ لەکاتی نیگەرانی مردندا، هەست بە عەدەم دەکرێ)[1]، بەڵام چونکە کەسێکی وەك هایدگەرو کەسێکی وەك مەحوی لە ڕووی بیرو باوەڕو ژینگەدا لەیەکتر نزیك نین، بۆیە زانستی نییە هەتا سەرچاوەیەکی نزیك هەبێت، سەرچاوەیەکی دوور وەربگرین، بەتایبەتی عەدەمی مەحوی لە نیگەرانی مردندا نییە، بەڵکو لە وجوودی ژیاندا هەست بە عەدەم دەکرێ، لە پێناو گەیشتن بە وجوودێکی دیکە. لەبەر ئەوە بە گەڕانەوەمان بۆ کلتووری ئیسلامی و کارکردن لە ناو تەئویلی ئەم کلتورەدا، ڕێگا ئاسان دەبێت بۆ دۆزینەوەی سەرە داواکانی واتای ئەم دوو چەمکە لای شاعیرێکی وەك مەحوی.

پرسی ئازادی، کە پرسێکی گرنگە بۆ بابای سۆفی، بە تایبەتی لە جیهانە باتینییەکەدا، بەوەی ڕەخنەگرتن و ناڕازیبوون لە بوونی دونیا، ئارەزووەکانی ئەوی تێدا نایەتەدی، جۆرێك لە نیگەرانی دەسازێنێ. ڕزگاربوون لەم دۆخەدا، هەنگاوە بەرەو ئازادبوون، بەڵام ڕزگاربوونەکە هەر تەنیا ڕەها نییە بەبێ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەم بێزارییە کێڵگەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی، کە خودی پرۆسەکە هەڵوەدابوونە بەرەو چەمکی ئازادی، ئەمەش بە ویست و ئیرادەیەکەوە بەندە، کە بۆتە میتۆدو ڕێبازی ئازادبوونەکە بۆ گواستنەوە لە جەمسەرێکەوە بۆ جەمسەرێکی تر، هەروەك چۆن گەشتی پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئیسڕاو میعراج لەبیری سۆفییانەدا ڕووداوێکی ئاسایی نییە، بەڵکو تەئویلی ئەوان بۆ ڕووداوەکە سەرەتای گەیشتن بووە بە کەماڵی خوداو کاریگەرییەکەی هێندە زۆر بووە، نەك هەر لەسەر دەوروبەر، بەڵکو کاریگەریی لەسەر ناخ و دەروونی پێغەمبەر (د. خ) یشدا هەبووە، کە سۆفییان بە گەورەترین پلەی ئازادی دادەنێن و ئەم جەمسەرە گۆڕینەش بۆ هەردوو چەمکی (وجوودو عەدەم) دەتوانین لە بواری ئازادیدا بەرجەستەی بکەین، کە خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

---

١- المعجم الادبي، جبور عبدالنور، دار العلم للملايين، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٧٩، ص١٧١

**٢-٧-١ بوون لە عەدەمو عەدەم لە بوون دا:**

لەناو زانستی کەلامو بنەماکانی سۆفیگەریدا بۆ پرسی وجوودو عەدەم، دەگەڕێنەوە سەر بیروباوەڕ (العقیدة)، بەڵام تەئویلی تایبەتی خۆیان هەیە، لەو ڕوانگەوە بە تەنیا بوونو عەدەم لە چەند شتێکدا قەتیس ناکەن، بەڵکو خودی ئەم دوو چەمکە دەبنە بەرهەمهێنەری واتاو لە ڕوانگەی تەئویلکردنیاندا مەدلولی جیاوازیان لێ هەڵهێنجراوە. بە تایبەتی ئەم دوو چەمکە کراوەتە سێ چەمك، واتە چەمکێکی تری بۆ زیادکراوە، کە بریتین لە وجوود و عەدەمو ئیمکان. لەوەشدا ئەم تێگەیشتنە لای کەسێکی وەك ئیبن عەرەبی (جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی بوون (وجوود) هەیە بە گوێرەی هەبووە (الموجوودات)کان. وەك ئەوەی بوونی زەرووری (الله) وەك بوونی مومکین (مرۆڤ) نییەو عەدەمی مومکین "عەدەمی ئیمکانی"ش وەك عەدەمی ڕەها نییە، دواتر گەیشتۆتە ئەو ڕوانینەی عەدەم جۆرێك لە وجوود لە خۆیدا هەڵدەگرێ)[1]. لێرەدا دەردەکەوێت، کە بوونی خودا وەك بوونی مرۆڤ نییە، چونکە لە ڕووی خەسڵەتەوە جیاوازن، هەروەها ئەو عەدەمەی بەسەر مرۆڤدا دێت لە هەموو بوارەکانەوە، بە هیچ شێوەیەك بەسەر وجوودی خودا نایەت، کەواتە هەمان مامەڵەکردن نین لەلای وەرگرەوە، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین: بوونی مرۆڤ تا ئەو ساتەی قسە دەکا واتە لە سەرەتاوە، کە لە بیریەتیو دەتوانێ تۆماری بکات، هەمووی پەیوەستە بە رابردوو تاکو ئێستا، ئەم تەمەنە وجوودێکە ئەگەرچی بەشە رابردووەکەی تەنیا لە زاکیرەو هۆشدا ماوەتەوەو لە کاتی قسەکردندا وجوودی نییەو لە عەدەمدایە، بە هەمان شێوەش ناتوانێ داهاتووی خۆی دیاری بکات، لەبەرئەوە (عەدەم خەسڵەتێکی ڕەسەنە بۆ مومکینو لە میانیشیدا بۆ مرۆڤ... ناشتوانین جیاوازی ئیمکانی ئەم مومکینە بکەین مەگەر بە ڕوانینی عەدەم نەبێ، کە وجوودەکەی دیارکردوە... ئەم بونەوەرە (مومکین)ـەش نیشتمانەکەی عەدەمە، بەڵام عەدەمەکەی عەدەمێکی ئیمکانییەو لە عەدەمی ڕەها جیاوازە... لەبەرئەوە هەر خودی مومکینیش نێوەندێکە لە نێوان وجوودو عەدەمدا... حەقیقەتی ئەم مومکینەش بە وجوودو عەدەم نەبێ دەرناکەوێ، ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە مومکین هەمیشە کۆکەرەوەی وجوودو عەدەمە، کە دەبێتە هەبوونی نەبوون، ئەگەر هەبێ پێویستە ون بێ، ئەگەر ونیش بێ ئیمکانی وجوودی دەبێ هەبێ... لەبەرئەوە کۆکەرەوەی هەردووکیانە).[2] ئەمە بۆ ئەوە بوو بڵێین: لە ڕوانگەی بابەیەکی سۆفی وەك مەحوی، وجوودو عەدەم سەرچاوەکەی سەرچاوەیەکی سۆفییانەیە. ڕەنگە ئەمە بۆ خۆی جۆرێك تەئویل هەڵبگرێ، بەڵام (عقد العقائد)ەکەی مەحوی زۆر گرێ کوێرە لەبەردەم ئەم کێشەیە دەکاتەوە، ئەگەرچی عقد العقائدەکە چونکە قەسیدەیەو شەرحی بیروباوەڕی ئیسلامییەو لەگەڵ غەزەل تێکەڵی ناکەین، لێ ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی بزانین شاعیریش بڕوای وابووە کە (واجب الوجود) زەرورەتی بوون، تەنیا تایبەتە بە خوداو بۆ مرۆڤ نییە. لێرەدا یاسایەك خۆی دروست دەکات، بەوەی کە خودا واجب الوجود بێت، دەبێ هەمان ئەو بڕوایەی عیلمی مەنتیقو کەلام بێنێتە گۆڕێ، کە مرۆڤیش مومکین (وجود الممکن)ـە:

**واجب بە ذاتە، بوونو وجوودی لەخۆوەیە**

**فەردێکی مونفەرید بە بەقاوو هەمیشە مان /٣٧٠**

---

١- نظرية الانسان والحرية في عرفان محي الدين بن عربي، سعيد الشبلي، مكتبة حسن العصرية، بيروت، ٢٠١٠، ص٢٠٦

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦-٢٠٨

یان:

**ڕێگەی نیە بەسەریەوە (قطعا) فەنا، عەدەم**

**شەو قەت دەگاتە خدمەتی شەمسی ضیافشان / ٣٧٠**

یان:

**واجب نیە لەسەر مەلیکی (واجب الوجود)**

**ئەصلەح وەیا مەصلەحە دەرحەق بە بەندەکان / ٣٧٨**

لێرەدا یەکلایی بوویەوە، کە مەحوی تەواو بڕوای بەوە هەیە، کە خودا (واجب الوجود)ە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی مەحوی، ئەگەر بە تەئویلی کلتووری ئیسلامییانە بۆ شیعرەکانی بچین زۆر نزیکترە وەك لەوەی رۆژئاواییانە، کە ڕەنگە لە مامەڵەکردنی بۆ چەمکی خودا (وجوود)و (واجب الوجود) نەبێ، بۆیە لەوەدا ئیشکالییەت دێتە کایەوە. *

مرۆڤ لەنێوان جیهان و خودادا بونەوەرێکی نێوەندە، واتە شێوەیەکی بەرزەخی هەیە**، وجوودو عەدەمەکەی تێدا کۆدەبێتەوە، وەك ئەم نموونەیەی ئیبن عەرەبی لە هێنانەوەی نوورو ئەو سێبەرەی لێیەوە دەردەچێ، نوورەکە خوداییەکەیەو سێبەرەکەشی مرۆڤە، کە سێبەرەکە لا دەکەوێت عەدەم دێتە کایەوە، بۆیە نوورێك کە بی سێبەر بوو عەدەمی نییە، عەدەمی ئیمکانیش وەك سێبەر وایە بۆ کەسێك کە تیایدا شاردراوەتەوە، بەڵام جێی ناهێڵێ. لەبەر ئەوە وجوودو عەدەمەکەی لەیەك کاتدا لەخۆدا بەرجەست کردووە[1]. ئەمە سەبارەت بە مرۆڤ. بەڵام خودی خودا چونکە واجب الوجودە، مەوجوودێکی (ئەزەلیی)و ئەبەدییە:

**خۆی و هەموو صیفاتی کەمالی بووەو هەیە**

**دەشبێ، ئەزەلیەتی ئەبەددییەت دەدا نیشان / ٣٧٠**

هەرچی ئەوەی کە پێی دەگوترێت وجوودی مومکین، وجوودێکی نا ئیلاهییە، واتە پێچەوانەی وجوودی خوداییە، کە ئەمەش مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەم وجوودەش چونکە وجوودێکی ڕەسەن نییەو لە خوداوە وەرگیراوە، یان بە واتایەکی تر بە ویستی خۆی نەهاتۆتە بوون و بەڵکو لەلایەن لایەنێکی ترەوە هاتۆتە کایەوە، بۆیە تەنیا (حاڵەتەو حەقیقەت نییە)[2]. بوونێکیش کە حەقیقەت نەبوو، ئەوا دەبێ عەدەمی لەگەڵدا بێ، کەواتە لەو حاڵەتەدا، وجوودی عەدەم و عەدەمی وجوود بەرجەستە دەبێ، لەبەرئەوە مرۆڤ لەو بارەدا جێگیر نییە، بەو واتایەی هەمیشە بە دوای حەقیقەت وێڵە. ئەم وێڵبوونەش جۆرێك مومارەسەو

---

* ئەوەی محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا لە دکتۆرانامەکەی ئەنجامی داوە لەبارەی (بوون لە شیعری مەحوی دا)، بە پێی ڕێبازی هایدگەر، هیچ ئاماژەیەك بۆ واجب الوجودی خودا نەکراوە، کە ئەمە گرێیەکانی دوالیزمی وجوودو عەدەم دەکاتەوەو لەو ڕوانگەوە زۆر چەمکی ئاڵۆزی سەر بەو دوو چەمکە دەتوانرێ بە ئاسانی تەئویل بکرێن و پەیوەندی واتایی بۆ بەرهەمهێنانی واتا تیایاندا بدۆزرێتەوە.

** ئیبن عەرەبی ئەم ڕوانینەی خستۆتە ڕوو، کە مرۆڤ لە نێوان خودایی (الالوهیة) و بەندایەتی (العبودیة)دا، نێوەندو بەرزەخێکە، لەبەرئەوە مرۆڤ دوو دانەیە، دانەیەکی ڕووکار (ظاهر)و دانەیەکی ناواخن (باطن)، یەکەمیان ڕووی بەرەو دونیایەو دووەمیشیان بەرەو خودا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (تأویل الشعر وفلسفته عند الصوفیة، ص٧٦.)

١- نظریة الانسان والحریة، ص٢٠٩

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠

هەوڵدانە، کاتو شوێنی ئەم هەوڵدانەش حاڵەتێك دێنێتە کایەوە، کە غوربەتە بۆ شوێنە ڕەسەنەکەی هێشتا لای سۆفی بە چاوی سەر بەرجەستە نەبووە، بەڵکو تەنیا دڵو ئەحواڵی دڵ ئاگاداریەتی.

ئەوەی سۆفییەکان لە خەڵکی تر جیادەکاتەوە، واتە لە مرۆڤی مومکین، بریتییە لە نزیکبوونەوە لە وجوودی حەقیقی کە خودایە، ئەم نزیکبوونەوەیەش بە ئاسانی بەدەست ناهێنرێت، بەڵکو گرتنەبەری حاڵو مەقامەکانە، کە دڵ بزوێنەرو مەڵبەندی سەرەکییەتی. گەیشتن بەم مەقامە لە ئەنجامی گەڕانیش دێتەدی. گەڕانێك، کە لە چوارچێوەی بنەما سۆفیگەرییەکانەوە بێت، بۆ دۆزینەوەی خود لەلایەكو لەلایەکی تریش بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، ئەم گەڕانەش دوو جەمسەر لەخۆی دەگرێت، جەمسەرێکیان کە سەرەتای دەستپێکردنی ئامانجەکانی سۆفییە، کە بریتییە لە دۆزینەوەی خود، خودیش لە خودی مومکینەوە دەست پێ دەکات بۆ جەمسەری دووەم، کە خودی وجوودی بێ عەدەم (خودا)یە.

مەعریفەی گەیشتن بەم مەقامە لای ڕابەرانی سۆفی، ئەوەیە بە ناوەکانی خودا چەمکەکانی دونیا بناسێت، واتە دەرك بە هەموو ئەو نهێنییانە بکات، کە خەڵکی ئاسایی پێی ناگەن، بەمەش لە چوارچێوەی بەندە (عبد) سەرچیغ دەچێتو بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێت، چونکە ئەگەر لە بەرامبەر مەعریفەی حەقیقەتەکانەوە دەستەوەستان بوو، ئەوا بەندەیەکی هەژاری لێ دەردەچێتو ناتوانێ دەرك بەشتەکان بکات.[1] بەو پێیەی خۆداڕنین لە هەموو ئەو چەمکە دونیاییانەی، کە مرۆڤ دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەوا جۆرێك لە ئازادبوون دێنێتە کایەوە، ئازادبوونێك کە بەندایەتیەکی تەواوی بۆ خودا تێدا ساغکرابێتەوە، بۆ ئەوەی بە ﴿نِعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٞ﴾ ص: ٤٤ ناوبنرێ، ئەمەش تەنیاو تەنیا بە مەعریفەیەك دێتە کایەوە، کە مرۆڤ تێبگاتو پێبگاتو دەرك بە شتەکان بکات. هەتا نەگاتە ئەم حاڵە نەیتوانیوە لە وجوود نزیك بێتەوە، بەڵکو هەر لە وجوودێکی عەدەمیدا بووە. کاتێك مەحوی دەڵێ: هەر جستوجۆمە کەچی هەر دەڕۆمو پێناگەم، ئەوا تەئویلەکەی ڕۆیشتنە بەرەو گەیشتن بە ئازادی، کە گەیشتن بە دەرککردن دێتە کایەوە، لەهەمان کاتیشدا، ناوی شتەکانیش دێنێ، قسە دەکات بەڵام لە مەعریفەکە تەواو تێنەگەیشتووە: (هەر گفتوگۆمە کەچی هەر دەڵێمو تێناگەم). بۆیە لێرەدا مەحوی هەڵوەدای ئازادییە، ئازادییەك لە بەندیخانەی وجوودی عەدەمی دونیا ڕزگاری بکاتو بە تەنیا ببێتە بەندەی خوداو بتوانێ لە وەرگرتنی بەهرەی نووری خودادا عەدەم وەلاوە بنێو بگاتە نوورێك کە سێبەری نەبێ، ئەو سێبەرەی لەگەڵ تاریکیدا هاویەکە، هەتا سێبەرو تاریکی هەبن لە بەندی دایەو وجوودێکی عەدەمیو عەدەمێکی وجوودی دەبێ.

مەحوی بە لاساییکردنەوەی فەلسەفەی عەدەم ی ئیبن عەرەبی، کتو مت وێنەی وجوودو عەدەم دەکێشێ. لەلایەك وەك میراتێکی سۆفییانەو لەلایەکی تر وەك فەلسەفەیەك کە ئەو بڕوای پێیەتی، بۆ دەستخستنی چەمکی ئازادبوون لە چوارچێوەی مەسەلەی نوورو سێبەردا، لەو ڕوانگەوە دیاریکردنی عەدەم لەناو بۆتەی دونیادا، لای مەحوی ئەو مرۆڤ (مومکین)انە دەگرێتەوە کە لە نووردا بێ بەشن، ئەم نوورەش چونکە سەرچاوەکەی لە وجوودێکەوە دێت، کە سۆفییەکان بە نووری ئیلاهی دادەنێن، بە تایبەتی لەوەدا ئەگەر بڕوانینە سەرچاوەکانی کۆنی سۆفیگەری دەیان تەئویلیان بۆ ئایەتی ﴿ٱللَّهُ نُورُ

---

[1]- لەم بارەوە بڕوانە (الفتوحات المكية، ابن عربي، الجزء الثالث، ص٢٦٤)

ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشۡكَوٰةٖ فِيهَا مِصۡبَاحٌۖ ٱلۡمِصۡبَاحُ فِي زُجَاجَةٍۖ ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوۡكَبٞ دُرِّيّٞ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٖ مُّبَٰرَكَةٖ زَيۡتُونَةٖ لَّا شَرۡقِيَّةٖ وَلَا غَرۡبِيَّةٖ يَكَادُ زَيۡتُهَا يُضِيٓءُ وَلَوۡ لَمۡ تَمۡسَسۡهُ نَارٞۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٖۚ يَهۡدِي ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَيَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَٰلَ لِلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٣٥﴾ ﴾النور: ٣٥ **كردووەو لەوەدا يەكانگیرن، كە ئەم نوورەی خودا، دەشێ مرۆڤ (مومكین)ەكانیش پەی پێ ببەن، بە مەرجێك خۆیان لە عەدەمیەتی دونیا دووربگرن، لەبەرئەوە زوڵمەتو سێبەر بە لای مەحوییەوە عەدەمی دونیا نیشاندەدەن، با وجوودێكیشی لەلای خەڵكی تر هەبێت. هەرچی نوورو هەتاوەكەشە، وجوودی خودا نیشاندەدەن، كە (واجب الوجود)ەو شاعیر هەڵوەدایە لەو وجوودی عەدەمو عەدەمی وجوودە رزگاری بێ و بەرەو ئەم نوورو هەتاو و وجوودە هەنگاو بنێ، بۆیە دەڵێ:**

**تا ظوڵمەتی وجوودە تەریكی لە نووری عیشق**

**سێبەر نەما هەتاوە. كە مەحوی نەما خودا** /٥

**ئەم نوورەش دەشێ لەناو ئاوێنەی عەدەمدا تەجەللا بكات، لە چوارچێوەی یەكێتی بوون (وحدة الوجود)، با عەدەمەكەش دونیاو مومكینات بێ، لەبەرئەوە مادەم سۆفی هەڵوەدای حەقو حەقیقەتە، كە خۆی لە نووری واجب الوجود دەبینێتەوە، بوونەكە مەرج نییە لە ناخی شاعیر بێت، بەڵكو دەبێ لە واقیعدا ئەم نوورە لە كردەوەكانیدا رەنگبداتەوە، بۆ ئەوەی نوورەكە جێ بە تاریكییەكە لەق بكات. تەئویلی تاریكییەكەش كردەوەكانە، بەڵام لەسەر ئاستی كۆمەڵگەو خودی شاعیر، لەسەر ئاستی كۆمەڵگە كە شێوە گشتییەكەی ئاستی خودە، واتە بوونەوەر لە هەوڵی ڕوناكییەكی هەمیشەییە، ئەم ڕوناكییە هەمیشەیی و هەتا هەتاییە خۆی لە بوونێكی ئیلاهی دەبینێتەوە، كە دوورە لە نەخۆشی و غەمو مەینەت، چونكە ماهییەتی خودا ماهییەتێكی رەسەنە، لەگەڵیشیدا، حەقیقەت خۆی وێنا كردووە، بۆیە لەناو ئەم ماندووبوون و نەخۆشی وجوودی عەدەمدا، كە جێگای (عیشق)یشی تێدا نابێتەوە، مرۆڤی عاشق لەناو ئەم ئیمكانە عەدەمییەدا هێندە تامەزرۆی نوورو حەقیقەت و مەعشووقە، كە مردن دێت، بە باشترین ڕێگای گەیشتن بەم نوورەی دەزانێ، ئەگەرچی لەناو هۆشی ئیمكانە دونیاییەكەدا كۆتایی و سەرەتای چوونە ناو عەدەمە، بەڵام لای شاعیر ئازاد بوونە لە میحنەتخانەو گەیشتنە بە دەروازەی وجوودی راستەقینە:**

**لە حینی نەزعی رۆحا رۆحی عاشق**

**وتی ئۆخەی لە میحنەتخانە دەرچووم** /٢٢٥

**دەرچوون لە میحنەتخانە، كە دونیایەكی عەدەمییە، واتە ڕۆیشتن بەرەو وجوود، ئەم ڕۆیشتنەش لە ئەنجامی رازیبوونە بە قەزاو قەدەر، چونكە (رازیبوون بە قەزا لە دابی سۆفییانەدا، ژیانە، واتە سەرەتایەكی راستەقینەی ئازادییە، قایلبوونیش بە حەقیقەت لە خودی خۆمان، رازیبوونە بە حوكمی خودا (الحق) لە خۆماندا، حوكمی حەقیقیش لە خۆماندا، واتە حەقیقەتێكی ئازاد بووە لە هەموو كۆت و بەربەستێك)[١]. كەواتە دەرچوون لە دونیا، مادەم پلەی رازیبوونی خوداو رازیبوونی بەندەی تێدا بێ، جۆرێكە لە پاكبوونەوەو هەست كردن بە نزیكبوونەوەی نوورو حەقیقەت، ئەم هەستكردنەش چ لە**

---

١- نظرية الانسان والحرية، ص٢١٧

جیهانی ظاهیرو چ له باطیندا، ئازاد بوون دێنێته کایەوە، بەجۆرێك (ئۆخەی) یەك دەدەبڕێ له تام و چێژ وەرگرتن له دەرچوون و له هەستکردن به خۆشی بۆ تامەزرۆیی (اشتیاق) و (شەوقێکه بۆ نادیارێك، که ئامادەیی هەیه)[1]، ئەویش بوونه پێویستییه ئیلاهییەکەیه، که له دونیای (عەدەمی ئیمکان) دا نادیارو له دوای مردنیش گەیشتن پێی، ئامادەیی وجوودی پێویستییەکەیه.

## ٢-٧-٢ فەنابوون و ئازادبوون له عەدەمدا

یەکێك لەو پایه گرنگانەی بنەماکانی سۆفیزم، بریتییه له فەنابوون، یان ونبوون و کۆچکردن له حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر. لەناو هەموو ئەو پێناسانەی بۆی کراوە، که تەئویلیانه لێی ڕادەمێنن، دەچێتەوە نێو بوارەکانی ئازادبوون، به تایبەتیش له کاتی بەهەند هەڵگرتنی جەمسەرێکی کاریگەری ژیان، ئەویش دونیا، یان عەدەمی وجوودە. لێرەدا هەڵوەدابوون بۆ گەیشتن به پلەی حەق، یان خۆشەویستی ڕەها، سەرەتا له خۆ داڕنین له عەدەم و ژیانێکی فانی دەست پێدەکات، دونیاش، که به ژیانێکی فانی ناسراوە لەچاو ژیانێکی هەمیشەیی (بەقا)، که ژیانی دوارۆژە. بۆیه ڕامانمان لەم چەمکه دەمانباتەوە کێبەڕکێکانی نێوان ظاهیرو باطین، چونکه هێندەی سۆفیگەری بایەخ بەم دوو چەمکه دەدا له پێناو گەیشتن به حەقیقەتێکی شاردراوە، هێندە رووە ئاشکراکانی ئاینی مەبەست نییه، که بڕواداران به ئاسایی لێی تێدەگەن، به تایبەتیش له مەسەلەی پاکبوونەوە (التطهیر)، که دەشێ لەناو ئەم چەمکەدا لێی هەڵبهێنجدرێ و پەیوەندی لەگەڵ دەروون (نەفس) بێنێتەکایەوە، لەوەشدا کوشتنی نەفس گەیشتنه به فەناو پاشانیش پلەی (بەقا)، که هەمیشه لەگەڵ فەنادا خۆی بەرجەسته دەکات، به کۆتایی هاتنی پلەی فەنا ژیانێکی باقی مسۆگەر دەکرێ.

هەرچی پرسی جوانی و خۆشەویستییه، وەك بناغەیەکی دیکەی تەسەووفی ئیسلامی، بۆ گەیشتن به پلەکانی جەلال و جەمال و کەمالەوە، که له بەشێکی ئەم نامەیەدا لێی دواین، هەڵوەدابوونی سۆفی/ شاعیره بۆ پلەی کەماڵ، هەیانه پێی دەگات و هەشیانه زادەکەی کەمەو ناتوانێ مەرامەکانی جێبەجێ بکات، بۆیه (ئەوانەی که کامڵن ئەگەر له ڕوانگەی جەلالەوە به کەمال گەیشتبن، واته هەتا هەتایه هەر له حاڵی فەنادا ئەمێننەوە، کاریشیان نابێ بەسەر پەروەردەکردنی مورید (ڕێبوار) ەوە. وە له دەریای (حیرەت)دا له فەنادا جێ ئەگرن).[2] لێرەشدا، زیاتر بەرەو خودپەرستی و خۆویستی هەنگاو دەنرێ، بەوەی شاعیر به تەنگ خەڵکی ترەوە نییه، بەڵکو ئەوانەشی که ئەم نازناوی ڕێبوار، یان شێخ و زاهیدیان له خۆیان ناوە، دەکەونه بەر نەشتەری ڕەخنەی ئەوەوەو به هەموو کلۆجێك لێیان ناڕازییه، هۆکاری سەرەکیش ئەوەیه ڕێگای فەنابوونەکەیان جیاوازە، یان به واتایەکی تر ئەوان به کەماڵ نەگەیشتوون و لەناو ئەو بازاڕەدا، که بازاڕی سۆفیگەریی راستەقینەیه له هەڵوەدای فەنابون و ئازادبوون نین له کۆت و بەندی نەفس به تایبەتی و دونیا به گشتی. هەر ئەمەشه به رای ئێمه خاڵی هەره گەشی بنەما ڕەخنەو تەنز ئامێزەکەی مەحوییه له بەناو سۆفییەکانی سەردەمی خۆی.

مشت و مڕی زۆر له سەر پرسی بەندایەتی پوخت، که به لای سۆفییەکانەوە قۆناغێکی گرنگه، لەوەدایه مرۆڤ بۆ ئەوەی نزیك بێتەوە له ناوی (الحق)، هێدی هێدی خۆی له بەندایەتی دونیا و دەروونی

---

١- الرسالة القشيرية، الامام ابو القاسم عبدالكريم بن هوزان القشيري، شركة القدس للتجارة، القاهرة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩، ص٣٠٨

٢- تەصەووف چی یە، ئەمین عەلائەدین نەقشبەندی، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، دار الحرية للطباعة، ١٩٨٦، لا٢٦٤

خۆی، دادەڕنێت. ئەمە لە حاڵێکی ئاسایی ئەگەر تەماشا بکرێ خۆداڕنین لە هەر شتێ دەچێتە ناو چوارچێوەی فەنا، بەڵام چونکە بە لای سۆفیەکانەوە بەندایەتییەکی رەسەن مەبەستە بۆ نزیکبوونەوە لە پلەی خۆشەویستیو خۆشەویستی خوداییدا، بۆیە بە لای ئەوانەوە فەنابوون گەڕانەوەیە بۆ بەندایەتی (دەروونیو راستەقینی خۆی)و بەقاش حاڵی جێگیری بەندەیەکە، کە بەسەر ناچێتو مەحاڵە عەینی جێگیرییەکەی بەرەو عەدەم بچێتو وجوودەکەی لە بەندایەتیدا، جێگیرەو حوکمەکەی هەمیشەییە ﴿ مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُۖ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٖۗ ﴿٩٦﴾ ﴾النحل: ٩٦. کەواتە لێرەدا ناکرێ فەنابوون تەنیا لە مردن کورت بکرێتەوە، ئەگەرچی مردن دەرگایەکە بەرەو بەقا، لێ بنەماکانی دەروونو خۆ گرخاندن لە چوارچێوەی بەندایەتیەکی راستەقینەدا، دەرگا بەرەو رووی ئامانجەکانی سۆفیگەریدا دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هەرچی زووە بە ڕوویەکی وەها بچێتەوە لای خودا، کە شایان بێتو بە ئەندازەی چوونی بۆ بەقایەکە دەبێ زادو زەخیرەیەکی شیاوی بۆ ئەو ڕێگایە پێ بێت، کەواتە وەك ئەوەی بێ باوەڕان وای بۆ دەچن مردن عەدەمێك نییە، کە کۆتایی نەیەتو وجوودێکی دیکە نەیەتە ئاراوە، بەڵکو تەنیا گۆڕینی حاڵی وجوودە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، ئەگەرچی ئەگەر وجوودێك نەبێت عەدەم واتایەکی نابێت، چونکە هەردووکیان دژی یەکترنو بەبوونی یەکێکیان ئەوی تر بەهێز دەبێت، لەبەرئەوەشە مردن لە هزری سۆفییانەدا کارێکی زۆر ئاساییەو تەنانەت لەبەری ڕاناکەنو بگرە پێشوازیشی لێ دەکەنو دەگاتە ئەو حاڵەتەی بە ویستی خۆیان داوای بکەنو هەڵیبژێرن. بۆیە ئەم بۆچوونەی پێی وایە بە مردن مرۆڤ بەرەو عەدەم دەچێت، هەڵەیەکی زەقە، مادەم بەرزەخ هەبێتو ئەم بەرزەخە بە چەمکە ئاینییەکەش دەرگاو دەروازەیە بۆ نزیکبوونەوە لە (حەق)و نزیکییەکیشە لە خۆشگوزەرانی، کە دواتر سەردەکێشێ بۆ دۆزینەوەی رۆشنایی بەقاو مانەوەی هەمیشەیی:

**لە حینی نەزعی رۆحا رۆحی عاشق**

**وتی ئۆخەی لە میحنەتخانە دەرچووم** /٢٢٥

ئەم ئاسوودەبوونە لە کاتی دەرچوونی رۆح (رۆحی عاشق)، وەك بنەمای سۆفیگەری، نە راکردنە لە مردن، نە ترسە لێیو نە هەستکردنە بە عەدەمێك، کە هەموو شت کۆتایی پێبێ، بەڵکو جۆرێك لە ئازادبوونو رزگاربوونە لە سەختیو قورساییەکانی خۆی، بەمەش مردن لە شێوەی عەدەمێکی دووەم خۆی نیشان دەدات، کە بنەمایەکە بۆ ژیانو نەمری لێوە دەردەچێتو دەبێتە ڕووکارێکی تازەی واتای وجوود لە عەدەمدا. ئەمە پێچەوانەی ئەو ڕەوتەیە، کە مردنیان بە دەرگای عەدەمو کۆتایی مرۆڤ داناوە، وایکردووە، ژیان وێران بێتو بەرەو نەفی وجوودی مرۆڤایەتی بچنو هەڵوێستێکی دوژمندارانە بە چەمکی (نازانم) لە وجوود تێبگەن، هەر ئەمەشە لە بیری بوونخوازیی ئیلحادییانەی هاوچەرخدا خۆی بەرجەستە دەکات، بە تایبەتی لای سارتەر* و هایدگەر، ئەگەرچی ئەوان دان بە عەدەم دەنێن وەك

* سارتەر Jean Paul Sartre: فەیلەسوفو ئەدیبێکی فەڕەنساییە، لە ساڵی ١٩٠٥ لە پاریس لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ خەڵاتی نۆبڵ هەڵبژێردرا، بەڵام خەڵاتەکەی رەت کردەوە، رەتکردنەوەکەشی لەبەر دوو هۆکار بوو: یەکەمیان خودی، کە پێی وابوو نووسەر نابێ پەسن بکرێو بە خەڵاتکردن بەهاکەی کەم دەبێتەوە، دووەم هۆکار ئەوەبوو، کە پێی وابوو خەڵاتی نۆبڵ لەسەر بناغەی داهێنان دابەش ناکرێ، بەڵکو سیاسەتو بەرژەوەندی رۆڵ دەبینێ. پێی وابوو دەبێ جەنگی نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا بە ئاشتیانە

پێکهاتەیەکی جەوهەری لە وجوودی بونەوەردا، کە دەرگا بە سەر ئازادیش دەکەنەوە، بەڵام ئەنجامەکە کارەساتبارە بەوەی کۆتاییەکەی بۆ دەردەکەوێت کۆتاییەکی بێ هودە (عبث)ی ئازادییە، هەر ئەمەشە نیگەرانییەکی لە ڕادەبەدەر بە سەر هۆشدا دەهێنێ و هۆش (ئاگا) رادەستی نائاگا دەبێت و لە بەردەم مردندا، وەك خۆکوشتنێك وایە لە بێ ئەنجامی و نەزانی و نیگەرانیدا[1]، بۆیە ئازادییەکەی ئەوان ویستی و حەزی نییە، بەڵکو لە ئەنجامی نەمانی هیچ ڕێگایەك لەهەمبەر قەلەقیان لەبەردەم فەلسەفەی وجووددا، بەرەو مردن ڕادەکەن، بە نابەدڵی و ناچاری، نەك بە ویست و ئارەزووەوە بێت.

لە سیاقی دێرەکەی مەحویشدا، دەردەکەوێت، کە ئەم ئاسوودەییە بۆ هەموو کەسێك نییە، بەڵکو بۆ مرۆڤی عاشقە. هەروەها دەرچوونەکەش لە نائومێدییەك سەرناگرێ، کە سەربکێشێ بۆ عەدەمێك و تێیدا ون بێت، بەڵکو گواستنەوەی حاڵی مەحوییە، لە بارێکی پڕ لە میحنەتەوە بۆ بارێکی خۆشتر کە (ئۆخەی) بۆ بەکاردێنێت.

ئەگەر سەرەتا لەناو دیوانی مەحویدا، بەدوای تەئویلی وشەی (فەنا)دا بگەڕێین، بۆئەوەی وەك دەروازە لە وشەکەوە پاشان بۆ سیاقەکە هەنگاو بنێن، ئەوا دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

**١- فەنابوون، کۆتایی هەمیشەیی نییەو گەڕانی راستەقینە لە فەنابووندایە:**

بەواتای ئەوەی فەنابوون جگە لەوەی حاڵێکەو بەسەر مرۆڤدا دێت، لێ دەتوانرێ وەك قۆناغی ئەو ڕێبوارە حسێببکرێ، کە هێشتا ڕێگای لەبەردەمدا ماوەو دەیەوێ بگاتە مەبەستی سەرەکی خۆی. لەلایەکی ترەوە ئەم قۆناغی فەنابوونە زۆر بە چالاکی ترە لە قۆناغی بەر لە فەنابوون، چونکە لێرەدا مرۆڤ بەرهەمی کۆششی سەرەتایی خۆی دەدۆزێتەوەو دەبێتە وزەیەکی راستەقینە بۆ ئەوەی (دڵ) بتوانێت جیهان تەی بکات:

**هەر کۆششە بەکارە، ئەگەر چووبیە فەناش**
**دڵ بوو بە گەردو عالەمی دامەن دەکا سۆراخ / ١٧٢**

**٢- فەنابون قۆناغی دەست گەیشتنە بەیار:**

دوای ئەوەی لە وجوودی مومکیندا کۆشش کرا، بە ئەندازەی کۆشش کردنەکە لە قۆناغی فەنادا ئامانجەکانی دێتە دی، کە یەکێك لەو ئامانجانە گەیشتنە بە یار، جا لێرەدا هەر کام لە یار بێت، واتا خودا، یان پێغەمبەر (د.خ)، یان رابەری ڕێباز، یان ئەو یارەی شاعیر لە جوانی ئافرەتێکدا تەماشای دەکات:

**موشتاقی دەمی تیغت ئەوەندە بە بەهانەن**
**بۆ چوونە فەنا. هەر بە ئیشارێکی برۆ چوون / ٢٤٥**

---

چارەسەر بکرێ، نەك بە جەنگی دەروونی و دابەشکردنی خەڵات. سارتەر لەبارەی فینۆمینۆلۆجی و فەلسەفەی بوونگەرایی بەرهەمگەلێکی نووسیوە. لە ساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی کردووە. (موسوعه الفلسفه، عبدالرحمن بدوی، ص٥٦٣-٥٦٥).

١- نظرية الانسان والحرية، ص٢١٩-٢٢٠

ئەم چوونە فەنایە، کۆتایی ژیانی مومکینە، ئەگەرچی وشەکە لە سیاقدا بۆ پتەوکردنی وەسفی (یار) بەکارهاتووە، چونکە فەنابوون، ون بوونو بزربوونێکە لە وجوودێکی راستەقینە، بە مەبەستیش بۆ بچوکی، یان نەمانی (دەم)ی یار هاتووە، کە وەکو بنەمایەکی رەوانبێژی لە لێکچواندندا لە بیری رۆژهەڵاتدا بچووکی دەم، نیشانەیەکی ئیستێتیکی دەبەخشێت. هەر ئەمەشە وایکردووە شاعیران پەسنی بچووکی، یان لە بچووکیدا نەمانی دەم بکەن، ئەم گونجاندنە لە نێوان وشەکان وای لە مەحوی کردووە چەمکێکی وەك (عەدەم) لە هەمبەر بچووکی، یان نەمانی (دەم) بهێنێتەوە، کە مەبەستی سەرەکی عەدەم نییە، ئەوەندەی دەیەوێت وا وێنەکە بخاتە بەرچاو، وەك چۆن بە بێ عەدەم بەهای وجوود دیارناکرێت، ئاواش ئەو دەمەی کە لە بنچینەدا، وجوودی هەیە، بەڵام لە بچووکیاندا دیار نییە، بۆیە چوونە جیهانی عەدەم واتە فەنابونو مردنێکی ئاسایی، کە وجوودی مومکین کۆتایی پێ بێنێو لەوێدا دەم بدۆزرێتەوە، تەئویلی ئەم دەمەش وەك بناغەیەکی بەش لە گشتە، مەبەستەکە کۆی ئەندامەکانە، واتە وجوودی یار، بەڵام کورتکردنەوەی لە ئەندامی (دەم)دا، وێڕای نیشانە ئێستێتیکییەکەی، بەرەو غەزەلیات چوونە لە مەسەلەی رۆچوون لە عیشقی خوداییدا لە ڕێگای عیشقی جەستەیی و ئامرازێکی دڵدارانەوە:

**بێ چوونە عەدەم، پەی بە سۆراغی دەمی نابەی**
**فایز ببە بەم گەوهەرە لەو بەحرە بە ڕۆچوون** /٢٤٤

گەیشتن بە (یار) لە ڕێگای فەنابوون بە لای مەحوییەوە، قوربانیدانی پێویستە، واتە قوربانیدانێك، کە جەستەییانە نەبێ، بەڵکو ڕۆحییانە بێت، بە واتایەکی تر مەحوی رۆحی خۆی دەکاتە قوربانیو بەرەو فەنا دەچێ، بۆ گەیشتن بە جەستەی (یار) یان گەیشتن لە نووری ئەو و دۆزینەوەی، ئەمەش لە هەوڵو هێزی خودی مرۆڤەکە نابێت، ئەگەر هێزێکی خودایی لە پشت نەبێت:

رۆحی مەحوی ← چوون ← دەمی یار

رۆحی زاهیدو سۆفی ← چوون ← کولێرە خڕی جۆ

هی زاهیدو سۆفی ریاباز، چونکە رۆحییانە کۆششیان نەکردووەو نیازو مەبەستیان لە خواردن چڕکردۆتەوە، نەك دیداری راستەقینەی یار، بۆیە چوونی مەحوی چوونێکی ئاسایی نییە، بەڵکو دەبێ لەناو ئەو کۆششەدا بتوێتەوەو بچووکبێتەوە، بە ئەندازەی بچووکی، یان نەبوونی (دەم)ی یارو، سەرەنجامیش خۆی فیدا بکات:

**بۆ جیلوەیی بێچوونی نییە قووەتی چوونم**
**(لا حول ولا قوة) کەم حەولمە بۆ چوون** /٢٤٤
**بۆ قورص گەنم گۆنیە رۆحی چوە (مەحوی)**
**وەك زاهیدو صۆفی کە لە بۆ خەپلەیی جۆ چوون** / ٢٤٥

**٣- لە فەنادا تەنیا دیداری خۆشەویستان دەسازێ‌و فەوتانی ئۆینچییانە:**

بە لای مەحوی‌و وەك ڕێبازی سۆفییانەش، مردن ونبوونێکە لە دونیادا، بەڵام بۆ کەسانی خۆشەویست سەرەتای سازانیانە بۆ گەیشتن بە وەصل، لە بەرامبەردا مردنی خەڵکانی ڕەوشت خراپ، یان ئەوانەی لە پێڕی مەحوی نین، ڕۆیشتنێکە بۆ سەرەنجامێکی خراپ، کە لەوێدا هەست بە بوونی ڕاستەقینەو خۆشگوزەرانی ناکەن، بەڵکو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ‌و سزا دەدرێن. سزادانیان واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە کۆششی دونیایان ئاین‌و ئۆین‌و فڕو فێڵ‌و دڕندەیی بووە. لە مەقامی فەناشدا، بوارێك بۆ وجوودی ڕاستەقینەو خۆشی ئەوان نامێنێتەوە، بەڵام مەحوی پێی وایە ئەگەر لە فەنادا بە ڕوو بە دوای یاریشدا بڕوات‌و نەشیگاتێ*، هەر بۆ ئەو سەرفرازییە:

**خودا کەی! بەس کە بۆ دونیا ئەمەندە ئاین‌و ئۆیین**
**تەماشاکە ئەحیببا ساغ‌و ئۆین چی هەموو ڕۆین /٢٥٠**

یان:

**لەبەرچاوی بتم کەوتووم ئەمن وەك ئەشکی نەومێدێ**
**هەتا دەچمە فەنا، خاکم بەسەر، منم‌و بەڕوو ڕۆین**
**بلا نەیشیگەمێ، هەر بۆ سەرئەفرازی بە سەر نەك پێ**
**بە ڕێگەی یاردا (لابد منه)ە دوو بە دوو ڕۆین / ٢٥١**

**٤- قایل بون بە کەلاوەکانی فەنا بۆ دەستکەوتنی ئاوەدانیی بەقا:**

بەقا بە لای ڕابەرانی سۆفیگەری، بەوە دێتە دی، کە مرۆڤ حاڵەتی فەنای بڕیبێت، بۆ ئەوەی لەم توانەوەو نەمانەوە مانێکی هەمیشەیی بە دەست بێنێ. لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژە بە خولقاندنەوەیەکی تازە دەکات، دوای خولقاندنی سەرەتا، لە ئایەتی ﴿ أَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الْأَوَّلِ بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٥﴾ ﴾ ق: ١٥ دا، لە تەئویلی ئەم ئایەتەش دەڵێن: (بەقای ڕاستەقینە حەق‌و تەجەللاو عەزەمەتیەتی‌و ئەوەی مایەوە لە بوونەکان لە خودی خۆیاندا فانین... هەموو مومکیناتەکان لەبەر ئیمکانیەت بە نوێکردنەوەی فەیزی خوداو بەرگی بوون دەپۆشن لە وێنەی خوڵقاندنێکی تازە خۆیان دەنوێنن).[1] لەو سۆنگەشەوە مەحوی بۆ گەیشتن بە (بەقا)، کە هەموو پلەکانی خۆشەویستی‌و مەبەستی سۆفییانەی تێدا گیرساوەتەوە، تەنیا لە ڕێگای فەنابوونەوە پەی پێدەبات:

**بەڵکە لەو ڕێیەوە من پەی بەمە عیمرانی بەقا**
**(مەحویا) غەیری خەراباتی فەنا نیمە مەلاذ /١١٧**

---

* بە سەر ڕۆیشتن لە جیاتی بە پێ ڕۆیشتن، لای مەحوی لە شوێنی تریشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، دەشێ ئەوپەڕی پەیڕەوکردن بێت‌و دەرخستنی ئیستێتیکییەکی سەرنجڕاکێش بێت، ڕۆیشتن بە سەر بۆ پێشوازی لە (یار):

سەرت پێ لازمە، مەیبازە (مەحوی)

دەبێ دولبەر کە هات ئێمە بەسەر چین/٢٥٠

١- مفاتیح الاعجاز فی شرح گلشن راز، شمس الدین لاهیجی، ص ٤٣٢

کەواتە وێڕای بێ بایەخی دونیا، کە فانییە، بەڵام فەنابوون لەم شوێنە فانییەدا، تاکە ڕێگا چارەیە بۆ گەیشتن بە وجوودێکی هەمیشەیی، پێچەوانەی بوونخوازەکان (ئیگزیستانسیالیزم) لە خەراباتی فەنادا پەناگەو شوێنی مانەوە بەرجەستە ناکەن‌و ئەم فەنایەشیان بۆ وجوودێکی تازە سەرناکێشێ.

**٥- ئەو جەستەیەی بە فەنادا دەچێ، بەقا پێی رازی نابێ‌و لە نوێوە دەیسازێنێتەوە:**

لە سۆنگەی ئەوەی ستراتیژییەتی بیری سۆفییانە بۆ سەرزەنشت‌و سەرکۆنەکردنی مومکیناتە، ئەم مومکیناتەش، چونکە فانی دەبێت، سۆفی دەبێ لەو ژیانەدا چەندین قۆناغ ببڕێت بۆ ئەوەی لە وجوودی هەمیشەییدا قبوڵ بکرێ.

یەکێ لەو پایانەی فەنابوونیش، قوربانیدانە بە جەستەی مومکینات، هەر شتێکیش لەو ماددەو بەرجەستانەی فانی بێت، جارێکی تر بە هەمان شێوەو شێوازەوە ناخولقێتەوە، بەڵکو بە گوێرەی گوتاری ﴿بَلۡ هُمۡ فِي لَبۡسٖ مِّنۡ خَلۡقٖ جَدِيدٖ ١٥﴾ق: ١٥ تازە دەبێتەوە، جەستەش کە داپۆشەرو قەڵەمڕەوی خراپەکارییە، یان بە تەئویلێکی تر خۆ ڕاهێنان بۆ ئەنجامدانی فەنابوون، بەشێکی سەرەکی کردارەکە بە جەستە دەکرێ، هەر بۆیەشە کزکردن‌و بێهێزکردنی دەروون (نەفس)، وەستاوەتە سەر بێهێزکردنی جەستە لە کۆمەڵێك ئارەزووو راهێنانی لەسەر سەختییەکان*، بۆ ئەوەی بەم زەحمەتییەوەو لەناو ئەو وێرانی‌و خەراباتی‌و قوربانیدانەدا، دەستی بە لیقاو دیداری یار بگات‌و لە چوارچێوەی (بەقا)و مانەوەی تا هەتایی بمێنێتەوە:

**چ خەیاڵێکە لیقا بێ بە فەناچوونی جەسەد**
**(تا پریشان نشود کار بسامان نرسد) /١١١**

لەو هەموو نموونانەی سەرەوەدا، دەرکەوت، کە فەنابوون بە تەئویلە ئاساییەکەیەوە بە گوێرەی ئەوسیاقەی لێیەوە هاتووە، بریتییە لە ئازادبوون لە عەدەمێك، کە وجوودی مومکینە. ئەم هەستکردن‌و هەڵوەدابوونەی ئازادی -یش بە بێ مەعریفەی (بەقا) نایەتە دی، چونکە لە ژیانێکی فانیدا سۆفی هەست بە ئازادی ناکات، بەوەی رۆژێك هەر دێت حاڵەتەکە بەجێ بێڵێ، بۆیە بەرەو تەجەللابوون‌و گەیشتن بە مەبەستی سەرەکیی هەنگاو دەهاوێژێ‌و هەنگاوەکەش لە ئازادبونێك دێتەدی، کە بە کۆشش‌و قوربانیدان دەست پێبکات‌و بە وەصل کۆتایی پێبێت. ژیانی فانیش ئازادییەکەی بە ئەندازەی کورتی ماوەی ژینەکە نەبووە، هەرچی وجوودە هەمیشەییەکەیە، وێڕای ئازادبوونەکەش، ئازادیشە لە نزیکبوونەوە لە وجوودی یار، کە بەهۆی ئەو وجوودەوە وجوودی کەسەکەش هەمیشەیی دەبێت.

---

* ئەم دیاردەیە لە سۆفیگەریدا پێی دەگوترێت کۆشش (المجاهدة)، کە زاراوەیەکە بە واتای وازهێنان لەو شتانەی دەروون (نەفس) دەیەوێت، لە چێژو ئارەزووەکان، جێگرتنەوەیان بە پارێزکاری (التقوی) و ترسان لە خودا، ئەمە لە رووی دەروونییەوە، لە رووی جەستەییشەوە ماندووکردنی بە وەرزشێك کە پێچەوانەی ئارەزووەکان کار بکات، بە واتایەکی تر بە لەدەستچوونی پەرستشێك دەبێ سۆفی لە بەرامبەریدا لەشی خۆی ماندوو بکات بۆ پڕکردنەوەی کەم و کوڕییەکانی لە خواپەرستیدا، لەوبارەوە گوتراوە مجاهدة سێ جۆری هەیە: یەکەم گشتییەو لەگەڵ بێ بڕوای ئاشکرا، دووەم تایبەتەو لەگەڵ بێ بڕوای پەنهان (باطن)، سێیەم تایبەتترە لەگەڵ دەروون، هەروەها ئەبوعەلی دەقاق گوتوویەتی: ئەوەی رووکاری بە مجاهدە جوان بکات، خوداش نهێنییەکانی بە موشاهەدە (شهود) جوان دەکات. بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەوە بڕوانە: موسوعة مصطلحات التصوف الاسلامي، الدكتور رفيق العجم، ص٨٢٩-٨٣٠

## ٢-٨ ئیکسیری سۆفیگەری و فەلسەفەی فەنابوون

لە نێو فەلسەفەی فەنابووندا، چەمکێك پێویست دەكات هەڵوەستەی لەسەر بکرێ‌و تیشکی هێرمینۆتیکی لەسەر بسەنگرێتەوە، ئەویش چەمکی گۆڕانە. بە واتای ئەوەی لەناو کردەی فەنابووندا گواستنەوەی بارێك بۆ بارێکی تر دێتەکایەوە، لە بنچینەشدا ئەم بیرۆکەیە لە سەردەمی گریك‌و میسرییە کۆنەکان قسەی لەبارەوە کراوەو دواتر بەرەو جیهانی ئیسلامی پەلی هاویشتوەو لەناو بۆتەی سۆفیگەریدا بە کیمیای بەختەوەری (کیمیاء السعادة) ناسراوە، بە تایبەتی لای غەزالی‌و جابری کوڕی حەیان* و هەمووشی لەسەر مەسەلەی زاهیرو باتین دەوەستێ، بەڵام وردتر لەمە لەسەر رۆح‌و دانایی، بە جۆرێك رەگەزی نزم بەهۆی پیشەسازییەکەوە بەرەو رەگەزی باڵا بگوازرێتەوە، ئەمەش سەرچاوەکەی لە زانستی کیمیا هات. (دوای پەرەسەندنی تیۆری کیمیا بەهۆی تیۆرەکەی ئەرستۆ لەبارەی پێکهاتەی گەوهەرو کانزاکان، کە لە چوار رەگەزدا چەسپاندی ئەوانیش ئاگرو هەواو ئاو و خاکن‌و ئەمانە بوونە دایك لە زاراوەکانی فەلسەفەو پەیرەوانی پیشەی کیمیا، بەو پێیەی هەر یەکێکیان لەگەڵ رەگەزی تردا بنچینەی گەردوون پێك دێنن).[١] هەروەتر لەمە، گەڕانەوە بۆ ئەسڵی شتەکان لە پێناو ئەو گەشتەی مرۆڤ بەرەو مردن دەیکات بۆ دۆزینەوەی گەوهەری مەبەست‌و کارلێککردنی ئەم مەبەستە لەگەڵ رۆح‌و ئەو لایەنە ناوەکی (باطن)یەی کە لای مرۆڤ نادیارە، هەر ئەمەش لە لایەك بووە بنەمای کارکردنی سۆفیگەری‌و لە لایەکی تریش بۆ ناسینەوەی رێبازی سۆفیگەری بە جیهانی ناوەکی لایەنێکی سەرەکی بوو.

لە دیوانی (مەحوی) داو لە شیعرە کوردییەکانیدا، تەنیا سێ جار وشەی ئیکسیر هاتووە، کە وەك وشە فەرهەنگییەکە، ماددەیەکە کیمیاگەرەکان ماددەی بێ نرخیان پێ کردووە بە ماددەی بەنرخ‌و لەوێشدا بە مەبەست بۆ دروستکردنی وێنەیەکی شیعری هاتووە. لە بنچینەشدا وەك لاساییەکی شیعری سۆفییانەو بۆ تەئویلکردنی دەق لە گواستنەوەی ماددەی مرۆڤێکی خراپ‌و کردنی بە مرۆڤێکی باش، یان باطینی خراپی مرۆڤ بۆ باطینێکی چاك، یان فروانتر گۆڕینی وجوودە عەدەمییە مومکینەکەی مرۆڤ، بۆ وجوودێکی هەمیشەیی کاتێك بە کردەی فەنابووندا تێدەپەڕێت، سەرچاوەی گرتووە.

ئاشکرایە، کە ئیسڕاو میعراجی پێغەمبەر(د.خ) لەدێر زەمانەوە کاریگەری بە سەر هزرو هۆشی مرۆڤەکان جێ هێشتووە، هەر لە بیری مرۆڤ بۆ ئەم پەرجوو (موعجیزە)ەو بڕوا پێهێنانی لە لایەن مسوڵمانانەوە، تا مەزراندنی بۆ ناو دەقی ئەدەبی لە رۆژئاواوە لەلایەن دانتی**، لە کۆمیدیای خوداییدا، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتیشدا لەلایەن محمد ئیقبال-ی شاعیری هیندستانیەوە، وایکردووە بۆ شیکردنەوەی ئەم پەرجوویە بەلای سۆفییەکانیشەوە هەستی فڕین، یان نزیکبوونەوە بۆ لای خودا بەرجەستە بێت. بە تایبەتی دوای ئەوەی دڵنیابوونە لەوەی، گواستنەوەی مرۆڤ بۆ ئاسمانەکان‌و لای خودا، بە جەستە

---

*جابری کوڕی حەییان (؟- ٨١٥)، لە زانا بەناوبانگەکانی کیمیایە، لە کوفە ژیاوەو بەرهەمگەلێکی زۆری هەیە، لەوانە (أسرار الکیمیا، علم الهیئه، اصول الکیمیا، الرحمه)، بەرهەمەکانی بۆ لاتینی پاچڤەکراون. (المنجد، ص٢٠٥)

١- نقد/ تصوف (النص-الخطاب- التفکیك) شریف هزاع شریف ص ٩٣

** دانتی ئەلیگیری لە ساڵی ١٢٦٥ز لە فلۆرانسا لەدایك بووە، یەکێك بووە لە رۆڵەکانی چینی مامناوەند، سەرەتا بە رووکەشی خوێندوویە، دواتر بۆ خۆی لە زانستدا قوڵبۆتەوە. گەورەترین شاکاری ئەو بریتییە لە کۆمیدیایی خودایی، کە ماوەی چواردە ساڵ خەریکی نووسینەکەی بووە، کۆمیدیا لێرەدا بە واتای قەسیدەی پیرۆز دێت، بیرۆکەی ئەم قەسیدەیە لە (رسالة الغفران)و (چیرۆکی میعراج)ی وەرگرتووە. لە شاری راڤینا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە (المعجم المفصل فی الادب، ص٤٣٤)

نابێت و تەنیا بۆ پێغەمبەر (د.خ) دەشێت، بۆیە بڕوایان بەوە هێناوە، کە ڕۆح توانای هەیە لە ڕێگای خەیاڵی مەعریفەییەوەش ڕووداوەکە بگوازێتەوە. وەك ئەوەی ئێمە لێی ڕاماوین، بە لای سۆفییەکانەوە گەڕانەوە لە دیداری خودادا، هێندە کاریگەری بەسەر ڕۆح و مرۆڤدا جێدەهێڵێ، کە نموونەی دوو بونەوەریان لەبەردەستە:

یەکەمیان: هاتنەوەی پێغەمبەر (د. خ) لە میعراج، شۆڕشی پێغەمبەرایەتی بردە قۆناغێکی ترو کەسایەتی پێغەمبەریشی بردە پایەیەکی تر، کە ئەمە بە ڕوونی لە گوتاری مەحویدا ڕوونکراوەتەوە.

دوووەمیان: میعراجی سۆفییانە بۆیە هێندە بایەخی هەیە، فریشتەکان بە نزیکییان لە خودا، ئەو توانا ڕۆحییەیان هەیە، ڕێزدار بن و (خەیاڵی مەعریفی مرۆڤ بڕوا بەوە بێنێ، کە فریشتەیەکی وەك جوبرائیل باری شێوەی خۆی گۆڕیوە وەك دەرکەوتنی لە شێوەی وەحییەکە بێ بۆ پێغەمبەر (د.خ)، یان دەرکەوتنی لەشێوەی پیاوە دەشتەکییەکە بەرامبەر هاوەڵانی... مرۆڤیش ئەو کاتە کامڵ دەبێ، یان دەگات بە پلەی حەقیقەتی محەمەدی، کە ئەو هێزە خوداییە لە ڕۆحی خۆی بەرجەستە بکات...، بۆیە جیاوازی لە نێوان بوونی خودا لە خەیاڵ و بوونی مرۆڤ، بەردەوامی یەکەم و فەنابوونی دووەمە، چونکە تەجەللای هەمیشەیی خودا وجوودی یەکەم دەپارێزێ، بەڵام ئەو مەوجوودە خەیاڵییەی کە عاریفەکە دەیخولقێنێ جێگیر نابێ، بەهۆی کەمی هێزی خەیاڵی مرۆڤ، بەڵام لە مرۆڤی کامڵدا هێزە خوداییەکە لە دڵدایە) [1]، ئەمە لەبارەی خەیاڵی مەعریفییەوە، کە هێزێکی لە بن نەهاتووی خودایی پێویستە، لە ناو ئەم هێزەدا، سۆفی بە دوای ئیکسیرو جەوهەرەکانی بووندا دەگەڕێ، بۆیە بە لای غەزالیشەوە دڵ سەرچاوەی سەرەکییە بۆ دۆزینەوەی گەوهەرەکانی مەعریفەت، تا لەو ڕێگایە دەروونی خۆی بناسێت و خوداش بناسێت.

غەزالی لە کیمیای بەختەوەریدا، دڵ پاککردنەوە لە ڕێگای کۆشش (المجاهدة) بە جیهانی مەعنەوی دادەنێ و دەیخاتە چوارچێوەی ڕەگەزی فریشتەکان و کانگای خودایی، مەعریفەی دەروونیش ڕێگای گەیشتنە لە حەقیقەت و پێی وایە جەوهەری مرۆڤ فریشتەی ڕۆحییە، بەختەوەری فریشتەکانیش لە بینینی جوانی پەروەردگارە، نەك تووڕەیی و ئارەزوو. بۆیە ئەگەر تۆ لە جەوهەری فریشتانی، کۆشش بکە لەمەعریفەتی خۆت، تا ڕێگای خودا بدۆزیتەوەو بە دیداری جەلال و جەمال بگەیت و لە کۆتی ئارەزووو تووڕەیی ڕزگارت بێت[2]. ئەم فەلسەفەی گۆڕانکارییەش لە میانی کۆشش و وەرزشی ڕۆحییەوە بەرهەم دێت.

شیعرییەتی زمانی ئەدەبیاتی سۆفییانە، بەوە دەکەوێتە بەردەم کردەی خوێندنەوەو هێرمینۆتیك، کاتێك وشەو سیاقی ڕستە هەڵگری فەرهەنگی ڕەها نییە، بەڵکو ڕۆحی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بە شێوەیەك پرسی تەجەللای خودایی لە دەربڕیندا دەچنن. کاتێك سۆفی لە ساتێکدا دەرك بە وجوود لە ناو عەدەم و عەدەم لەناو وجوود دەکات بەهۆی ئامادەیی (الحضور) و نائامادەیی (الغیاب)، یان فەناو بەقا، یان پوختتر خۆی دەردەخات بە گواستنەوەی لە ڕووکارەوە بۆ ناوەکی و لە بچووکەوە بۆ مەزنی و لە نزمەوە بۆ بەرزی لەگەڵ ئیکسیری سۆفییانەدا، خۆی هاویەك دەکات، چونکە پەیوەندییەکی پتەویش لە نێوان ماددەو ڕۆح هەیە، بێ ئەم پەیوەندییە ژیان ناسازێ، بۆیە سۆفیگەری ئەم بوونەی هەر تەنیا لە زەویدا

---

١- فلسفه التأویل- دراسه فی تأویل القران عند محی الدین بن عربی، د. ناصر حامد ابو زید، ص٢٠٢-٢٠٣

٢- مجموعة رسائل الامام الغزالي، الغزالی، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزیع، بیروت، لبنان، الطبعة الاولی، ٢٠٠٣، ص٤٢٠

کورت نەکردۆتەوە، بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ ئاسمان دەسازێنێتەوە، کە داینەمۆی جوڵەی رۆحە لە جیهانی تایبەتی خۆیدا.

پرسی زاهیرو باتینیش بە دەروونی مرۆڤەوە پەیوەست دەبێت. غەزالی لە کیمیای سەعادەتدا دڵو (لوح المحفوظ) بە ئاوێنە دەچوێنێ، بەرامبەریەککردنیان وێنەی هەموو مەوجووداتێك نیشاندەدات، وێنەکانی ناو (لوح المحفوظ)یش، لە بەرامبەر دڵدا، دەچنە ناو یەکتر، کاتێك دڵ لە ئارەزوو پیسی دونیا خاڵی بێت[1]. هەموو هەوڵی سۆفیگەریش بۆ پرسی فەناو بەقا لەناو وجوودو عەدەمدا، بۆ زاڵبوونە بە سەر چوار ڕەگەزی ئیشراقی، کە خۆیان لە چوار بووندا دەبیننەوەو ئەم چوارەش پەیوەستن بە دڵو بە دەست بە سەرداگرتنیان تەجەللای خودا بەرەو دڵ هەنگاو دەنێ، ئەوانیش (رۆح، عەقڵ، نەفسو جەستە)ن، بۆ جیاکردنەوەیان لە ماددیەت، کە لەو میانەدا سۆفی لە جیهانی باطین دا، بە یەکگرتنی هەر چوار رەگەزەکە دەگاتە نووری نەبڕاوەی خودا بەدەر لە کاتو شوێن، کە فەلسەفەی گۆڕینەوەیەکە، ئەویش گۆڕینی حاڵەتی چەمکی فەنا بە بەقایە.[2]

مەحوی ئەم چوار ڕەگەزەی لە ئیکسیرو کیمیای سەعادەتی سۆفیگەریدا لە شیعرەکانیدا لەبەرچاو گرتووە. بۆیە لە چوارچێوەی دڵدا هەر چوار ڕەگەزی جێکردۆتەوە، نەك تەنیا بە باسکردن، بەڵکو بە زاڵبوونیش بەسەریاندا، فەنابوونی خۆی سەلماندووەو بەرەو بارەگای حەق هەنگاوی ناوە. بۆ وێنە لە نموونەکانی پێشوودا، لەبارەی جەستەو رۆح، فەنابوونمان بە تەئویلی سادە لێکدایەوە، بۆ ئەم بنەمایەش نموونەکان هەر لە جێی خۆدانو مەحوی کۆنترۆڵی عەقڵیشی کردووەو بە عەقڵێك رازی نەبووە، کە دڵ پێبگەیەنێو لە بنچینەدا وەك زڕکەتاڵ، یان شوشەی بەتاڵ وا بێت:

**سەرکە جۆشێکی نەبێ من زرکە تاڵم بۆچییە**

**دڵ کە هۆشێکی نەبێ  شیشەی بەتاڵم بۆچییە  /٢٩١**

وێڕای ئەوەی وەك گوتارە قورئانییەکە لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا الأعراف: ١٧٩ ، یفقهون (هۆش)، یان عەقڵ بۆ دڵ دادەنێنو دڵ بە بەرهەمهێنەری عەقڵ دادەنێ، بەدوای ئیکسیری ئەم عەقڵەدا دەگەڕێ.

لەبارەی نەفسیش لەناو دیوانەکەدا دەیان نموونە لەبەردەستن، کە مەحوی بە ترسناکی دادەنێو زاڵبوون بەسەر دەروونو گەیشتن بە پلەی گۆڕینی دۆخی فەنابوونی دونیا بۆ بەقای هەمیشەیی دوا ڕۆژ:

**بە بێ یارێ مەچۆرە مەعرەکەی ئەسفەندیاری نەفس**

**یان:**

**ئەسیرو صەیدی قەیدی کەید و شەیدی نەفسی ئەممارەم  /٢٢٨**

**یان:**

**کوشتنی ئەسفەندیاری نەفسە بەستەیی رایی پیر      /٢٣٥**

هەروەها دەیان نموونەی تر، کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە، هەموویان دەبێ لە چوارچێوەی چوار رەگەزەکەدا تەئویل بکرێن بۆ ئەوەی بەو هۆیەوە فەلسەفەی فەنابوونو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی گوتاری

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٥

٢- نقد/ تصوف، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣-١١٤

مەحوی لە وجوودی عەدەمو عەدەمی وجووددا، بۆ گەیشتن بە پلەی بەقا لە چوارچێوەی جیهانی باطیندا، جیهانی پەنهانی ڕۆحو دڵ ئاشکرا بکرێو لەو میانەدا بەشێك لە مەبەستداری لە چوارچێوەی دیاردەگەرایی (فینۆمینۆلۆجیا) وەك کەرەستەو میکانیزمی هێرمینۆتیك بۆ پایەکانی دەق دەستنیشان بکرێ. لەبەر ئەوە لەو چوارچێوەیەدا لەلای وەرگرەوە جەستەی ڕەگەزە ماددیەکان بۆ جەستەی ڕۆحی ئاسمانی دەگوارزێتەوەو بونیادی تێگەیشتن بە هۆی ئەم سەرچاوە سۆفیگەرییانە، بە یارمەتی تیۆرە تازەو کۆنەکان بەرەو باڵاتر دەڕوات، ڕابەرانی سۆفیگەری فەنابوونیان لە چوارچێوەی سێ قۆناغدا داناوە. وەك (خواجە عبدالله ئەنصاری)* پێی وایە (دوێنێ پەیدا نەبووی‌و ئەمڕۆ نادیارو ونی‌و سبەی نیستی‌و لە حاڵەتی فەنابوونی)[1]، ئەم بڕوایەش لە ئەنجامی بە کەمگرتنی دونیاو سەرزەنشتکردنی دەروونەو بەشێکە لە زاڵبوون بەسەر چوار ڕەگەزەکە، هەر ئەمەشە مەحوی لەبارەی دوێنێ‌و سبەینێوە وتویەتی:

**بەچی بۆچ ئەم غرورو کیبرو نازە، دەبیە تۆزی خاك**

**بە ئەصل‌و فەصل ئەنازی؟ چۆرە ئاوێك ئەصلتەو ئەووەل /٢١٠**

بۆیە فەنابوون بە بێ ڕەچاوکردنی دوێنێ‌و ئەمڕۆ نایەتەکایەوە، چونکە عەدەمییەتی دوێنێ لە مرۆڤی مومکیندا، عەدەمی وجوودو وجوودی عەدەمی ئەمڕۆی دروستکردووەو، خۆداڕنین لە ڕەوشتە خراپەکانیش‌و زاڵبوون بە سەر چوار ڕەگەزەکەی مومکین، گۆڕینی جەستەی ماددیە بۆ جەستەی ڕۆحانی، ئەمەش لە لایەك بە وەرگرتنی ڕۆحی ئاسمانی بۆ جەستەی زەمینی‌و لە لایەك بۆ چوونی جەستەی زەمینی بۆ جەستەی ڕۆحانی ئاسمانی دەبێت‌و لەوێوە بەقای هەمیشەیی‌و گەیشتن بە (یار)و حەقیقەت، بەرجەستە دەبێت.

## ٢-٩ جێگرەوەکانی ماددەو میعراجی فەنای سۆفی

ئەگەر لەناو وجوودی مومکیندا، بنەماکانی ژیان خۆیان لە چوار ڕەگەزە ماددیەکەی (ئاگرو هەواو ئاوو خاك)** بەرجەستە بکەن، ئەوا سۆفی، چونکە خۆی لە ئەمڕۆی ئەم ژیانەدا بە ونبوو و نادیار وەسف دەکات، بۆیە لە هەوڵی ئەوە دایە، کە جێگرەوەی ئەمانە بدۆزێتەوە، بۆ گەیشتن بە حاڵەتێکی ڕۆحی پێچەوانەی وجوودە ماددیەکە، لەبەرئەوە سۆفی دڵنیایە لەوەی بەهۆی ئەم چوار ڕەگەزە ماددیەوە، بە ڕۆح ناگات‌و ئەمانە ڕۆڵیان لە ئامادەکردنی ڕۆح نابێت بۆ پلەی فەنابوون، یان قۆناغی سبەینێ. لەو

---

* ناوی شێخولئیسلام ئەبو ئیسماعیل عەبدوڵڵا کوڕی ئەبو مەنصور محەمەد ئەنصاری ئەلهەروی یە، کە بە خواجە عەبدوڵڵای ئەنصاری (٣٩٦- ٤٨١ك) بەناوبانگە، دایکی خەڵکی بەڵخ بووە، لە شاری هەراتی ڕۆژئاوای کابولی پایتەختی ئەفغانستان لەدایك بووە، لە شێخ ئەبولحەسەنی خەرقانی فێری تەصەووف بووە. خاوەنی تەفسیرێکی قورئانە بە هەناسەی سۆفییانە، لە بەرهەمەکانی (رسالات)ی بە پەخشانی سەروادار، مناجات نامە، نصایح زاد العارفین، کنز السالکین، قلندرنامە، محبت نامە، هفت حصار، رسالە دل و جان، رسالە واردات، الهی نامە). بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مقدمەی کتێبی: صد میدان، خواجە عبدالله انصاری

١- صد میدان، خواجە عبدالله انصاری، بررسی دکتر سهیلا موسوی سیرجانی، انتشارات زوار، تهران، ١٣٨٥، ص٣٠٦

** چوار ڕەگەز Four Elements، بڕوابوون بە چوار ڕەگەز لەگەڵ کاری کیمیاگەریدا تەواو پەیوەندی دارە، گوتراوە کە ئەم زانستە لە لای میسرییە کۆنەکانەوە سەری هەڵداوە و لەمێژوودا لەگەڵ چوار وەرزی ساڵیش پەیوەست کراوەو لە ئەفسانەکانیشدا بۆ ڕەمزی خوداوەندەکان بەکارهاتووە.. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (فرهنگ نگارەای نمادها در هنر شرق و غرب، جیمز هال، ترجمە: رقیە بهزادی، فرهنگ معاصر، چاپ سوم تهران، ١٣٨٧، ص٣٥٤)

ڕوانگەوە دەبێ بە دوای کەرەستەو ئامراز گەلێك بگەڕێت بۆ ئەوەی وجوودی خۆی لەناو عەدەمی مومکیندا بسەلمێنی، ئەم سەلماندنەش دەبێ لە خۆ گۆڕین، یان لە گۆڕینی کەرەستەکانی بوونی مرۆڤ لە ماددیەوە بۆ ڕۆحی دەست پێ بکات. گەڕان بەدوای ئەم جێگرەوانەش بە لای سۆفییەکانەوە چوار کارن (بێ دەنگی، گۆشەگیری، برسیبوون، بێداری).[1] ئەمانە هەر چواریان جێگرەوەن بۆ بنەما ماددیەکان‌و بنەمای سازاندن‌و ئامادەکردنن، تا سۆفی لە حاڵەتی باتینەوە، هەوڵی میعراجی سۆفییانە بداو بە پلەی حەقیقەت بگات.

بەکارهێنانی مەدلوولی ئەم چوار بنەمایانە لەناو دەقی شیعری سۆفییانەدا، دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە خودی شاعیر پەیڕەوی شیعرو گوتاری سۆفییانەی کردووەو لە لایەنی ڕۆحی‌و باتینییەوە هەوڵی میعراجی خۆی داوە، چونکە چ عەجەب ئەم چوار بنەمایە پانتاییەکی فراوان لە دیوانێك داگیر بکەن‌و هیچ تەئویلیشی بۆ نەکرێ‌و تەنیا فەرهەنگییانە دەلالەتیان دەستنیشان بکرێ؟ !! بۆیە بە لای ئێمەوە باسکردن لە بیری ئازادبوون، هەڵوەدای ڕۆحانییەت لای مەحوی لە چوارچێوەی چەمکی فەنابووندا، بە بێ ئەم چوار بنەمایە تەنیا لێکۆڵینەوەی ڕووکەشانەی دەقەو فەرامۆشکردنی گوتاری باتینی دەق‌و شاعیریشە، کە ئەمە بۆ خۆی یەکێکە لە ستراتیژییەتی فینۆمینۆلۆجیاو گەڕان بە دوای هونەری تێگەیشتن لە ڕێگای دۆزینەوەی دیاردەکانەوە.

چەمکی شیعر لەلای سۆفییەکان، هەمان ئەو چەمکەی شیعری ئاسایی ناگرێتەخۆو، بە بێ سەرچاوەیەکی مەعریفی هیچ وشەیەکی نانووسرێ. لەبەرئەوە لە لێکدانەوەی شیعری سۆفییانەشدا، ئەگەر ڕەچاوی ئەم سەرچاوەیەو ئەم مەبەستە ئیلاهی‌و میعراجییە نەکرێ، ئەو حەلە ئەرکی شیعر تەنیا لە ڕوانینێکی سادە کورت دەکرێتەوەو ئەو ستراتیژییەتە قووڵە فەرامۆشدەکرێ، کە هەمیشە لەبەر هەڵگرتنی تەئویلی زۆر دەبێتە بەرهەمهێنەرێکی واتایی بۆ هەموو سەردەمێك‌و وەرگریش بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. شیعرە کوردییەکانی مەحویش بە هۆی ئەم چنینە ئاڵۆزەی کە هەیەتی‌و گەشەکردنی لەناو ژینگەیەکی مەعریفی سۆفییانەدا، پرسی میعراج‌و ڕۆیشتن لە عەدەمییەتی مومکینەوە بۆ وجوودێکی هەمیشەیی‌و ڕۆحێکی ئاسمانی، لەم چوار جێگرەوە خاڵی نییە. تەنانەت لە چوارچێوەی عیشق‌و گەیشتن بە کەماڵ حسێبی بۆ کردووەو ڕێك‌و ڕەوان هەنگاوەکانی ئاڵوگۆڕی جەستەی ماددی‌و زەینی بۆ ڕۆحی ئاسمانی، بەم چوار کارنامەیە دەست پێدەکات:

١- **بێدەنگی**: جۆرێك لە ناڕازی بوون لە ژاوە ژاوو دەنگی دونیاو، هەنگاونان لە گواستنەوەی هزر لە هەراو زەنای دەرەوە بۆ ئۆقرەگرتن‌و بێدەنگبوون لە ناو خودو دەرووندا، (ئیبن عەرەبی)ش ئەم بێدەنگییەی کردۆتە دوو جۆر (بێدەنگی بە زمان‌و بێدەنگی بە دڵ، کە یەکەمیان لەگەڵ غەیری خودایەو دووەمیشیان لەگەڵ دەروون)[2]. مەحوی ئەم بێدەنگییە دەکاتە بنەمایەکی ئادابی خۆشەویستی‌و جۆرێك لاوازی بەندە بەرامبەر پەروەدگار نیشان دەدات لە شێوەی نوزانەوەو پاڕانەوەیەکی بێ دەنگ‌و هەرا:

سوتانی بەبێ دەنگییە ئادابی مەحەببەت

---

١- نقد/ تصوف، ص١٢٢

٢- سەرچاوەو لاپەرەی پێشوو

وەك بولبول ئەم ئەفغانە بە پەروانە حەرامە* /٢٧٥

٢- **گۆشەگیری:** لەناو ئەدەبیاتی سۆفیگەریدا دوورکەوتنەوە لە تەواوی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو لە ئەنجامی گەڕان بە دوای ڕۆح و حەقدا، دوورکەوتنەوەیە لە تێکەڵبوون لە بەدو بەدکاران. وەرگر بە ڕەشبینی دەڕوانێتە ئەم خەسڵەتەی سۆفییان، بەڵام لە ڕاستیدا گۆڕینەوەی ڕەشبینییە بە گەشبینییەکی هەمیشەیی، لەبەرئەوە شاعیر بە دوای هاوشێوەی خۆی دەگەڕێت، کە دەستی ناکەوێت، حەز بە گۆشەگیری و تەنیایی ژیان دەکات:

قەی کردنی سوراحی ئەگەر تێبگەی، دەڵێ

دڵ تێکەڵ هاتنە لەگەڵ ئەم خەڵکە تێکەڵی /٣٠٧

٣- **برسیبوون:** فێڵدەکانی برسیبوونی مرۆڤ چەند جۆرێکن، واتە مەرج نییە ڕاستەوخۆ شاعیر بە ڕاشکاویی برسیبوونی خۆی ڕابگەیەنێ، بەڵکو دونیا نەویستی و گەدایی و غەمخواردن لە شێوەکانی برسیبوونن، یان تێر نەبوونە لە خۆشییەکانی ماددیات و دونیا. برسیبوونی ڕاستەقینە دەبێ لە جەوهەر دابێ، نەك بە ڕواڵەت، زاهیدی بەناو زاهید ئەگەر نان و ئاویش لە برسان بخوات، ناچێتە ناو جێگرەوەکانی ماددی، بۆیە مەحوی لەبارەیانەوە دەڵێ:

لە نان و ئاو ئەوا ئیمساکیە مردوش، ئەرێ زاهید

چ عوجبێکە، ئەمەندە بۆ دەنازی تۆ بە مورتاضی /٣٠٥

مورتاضی و ریازەت کێشانەکە دەبێ لە قۆناغی گۆشەگیریدا بێت، نەك خەڵك پێیەوە بزانێ، بۆیە ئیمساك و دەست لە خواردن هەڵگرتن، کاری مردوانیشە، لەبەرئەوە دەبێ جەوهەرێکی وای لەگەڵ بێت، کە دونیا ویست نەبێت و قیامەت ویست بێت:

قسەو باست لە عیرفانە، کەچی دونیایە مە نظورت

لە عینوانی جەواهیر جۆییایی و روو لە ئەعراضی / ٣٠٥

ئەم کاکڵ و جەوهەر ویستنە، دەبێ لە وازهێنان لە ڕووکارەوە هاتبێ، ئەمەش لەناو خۆشییەکانی دونیادا وازهێنان لێی لە ڕووکەشدا گەدایی و لە جەوهەریشدا شاهەنشاهییە:

ڕێ درا بێ بە گەدایی نەفەسێ لەو دەرەوەدا

هەر کەسێ، تا نەفەس عاریە شاهەنشاهی / ٣٢٠

برسیبوونەکە وێڕای گەدایی و داوانەکردنی دونیایی، هەمیشە وەك یەکێکە لە پایەکانی، بە لای مەحوی یەوە غەمخواردن باشترە، نەوەك داواکردن لە دونیا:

---

* مەحوی لە شوێنێکی دیکەشدا گریانی بە دەنگ دەکاتە ئامرازی ڕێگای مەحەببەت، بە بۆچوونی ئێمە سیاقەکە وا دەخوازێ کە:

أ- واتای فەرموودەی (فلیضحکوا قلیلا ولیبکوا کثیرا) مو ناکرێ پێچەوانەی ئەم فەرمودەیە بێت، زیاتر مەعریفەیەکی ئاینی پەرش دەکاتەوە نەك فەلسەفەی ئاڵوگۆڕی ماددەو ڕۆح.

ب-حاڵەتەکە حاڵەتی پیرییەو لە بێ ئومێدیدا وا دەخوازێ، کە پاڕانەوەو هاواری زۆر، ئومێدێك دێنێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی خودا لێی خۆش بێت:

لەگەڵ فەریادو گریە حازرە فەریادرەس (مەحوی)

(لیبکوا) ڕێ دەدا پیری تەریقەت تیفلی ساوا بێ/ ٢٩٦

**بێ منەت رزقێکە غەم، بمرم لە برسان ئەو دەخۆم**

**تەفرە ناخۆم طەڵەب ناکەم لە دونیا قووتی رۆح   /١٠٢**

کەواتە غەمخواردن لە بەرامبەر تێریو داوای دونیا، بۆ ئاڵوگۆڕەکەی ماددەی دونیاو رۆیشتن بۆ سەفەری رۆح، بنەمای هەرە گرنکە، هەر ئەمەشە وای لە رێبازەکانی ناو سۆفیگەری کردووە، کە خەڵوەت ئەنجام بدەن، (چلە) واتە چل رۆژ رۆژانە بە دەنکە خورمایەك بەڕێ بکەن بۆ خۆڕاهێنان لەسەر برسیبوون و دروستکردنی ئیرادەیەکی پتەو، تا دەروونیان لە گوناه پارێزراو بێت. پێغەمبەر (د.خ)یش رێنمایی ئەوانە دەکا، کە ناتوانن هاوسەرگیری بکەنو ناتوانن بەسەر ئارەزووەکانیان زاڵ بن، بە رۆژوو بن بۆ ئەوەی بە برسییەتی ئارەزووەکانیان کەم ببێتەوە*.

٤- **بێداری:** بێداریو نەنوستنو ئێشکگرتن لە شەواندا، وەك مۆرکێکی سۆفییانە لەو کاتەی خەڵك لە شیرینی خەودان، ئەوان بە دیار چاوەڕوانی مەعشوقەکەیانو ناتوانن لەبەر وەفایان دڵو چاویان بچێتە خەو لە بێ ئاگاییدا ئاگاداری هەواڵی مەعشوق نەبن، ئەمەش (بێداری چاوو دڵ دەگرێتەوە، کە یەکەمیان بۆ داوای چالاکیو ورەو مانەوەیە لە ناو دڵو.. هی دووەمیش بێداری دڵەو ئاگاداربوونیەتی لە بێ ئاگاییو غەفڵەت، بەهۆی داوای شهودو (شاهدە)ەکان)[1].

مەحوی یەکانگیر لەسەر ئەم پرەنسیپە زۆر بە رێكو رەوانی لە دەقێکدا، کە هەر لە دێری یەکەمەوە باس لە فەنابوونو کۆششی جەستە دەکاتو دواتر لەو سیاقەدا عیشقو ئازارەکانی باس دەکات، ئینجا بێداربوونی بە گرنگی وەسف کردووە، بە جۆرێك خەو نییە، بەڵام دەی بنوو بەڵکو بێمە خەوت:

**خەو ئەزانێ نیە، دەیوت: دەبنوو بێمە خەوت**

**نێك بەختم بە وەنەوزێ بکە، ئەی بەختەمەدەد!   /١١٣**

برسی بوون لە سۆفیگەریدا دەروازەکانی ئارەزوو شەهوەت دادەخاو لاشە لغاوو دەروون (نەفس) زەبوون دەکات، گۆشەگیریش وا لە مرۆڤ دەکات بیر بکاتەوە، چونکە بەرەو بێدەنگی دەبات، بیرکردنەوە بەرەو یادکردنەوە هەنگاو دەنێ، یادکرنەوەش وادەکا، کە نەفی (من) بکاتو بەرەو ئەویتر بڕوات، ئەم تیرەش لە بەقاو ئاسماندا بەرجەستە بووە، بە بێداریش دەروونو رۆح لە چەپەرو پۆشین پاك دەبێتەوە، کە رۆحی لە عروجکردن لە جیهانی زەمینییەوە بۆ ئاسمانی قەدەغە کردبوو، ئەم گەڕانە ڕۆحییەش تەواوو کامڵ نابێت، تا هاوکێشە کیمیاییە سۆفییانەییەکان بەدوای خۆی نەهێنێ، کە بریتین لە کیمیای زیکرو کیمیای خەڵوەت[2]، کە بە هەردووکیان جیلوەو تەجەللای ئاسمانی بەرەو دەروون دێتو فەنابوون دێتە کایەوە.

---

* وێڕای ئەمە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: الفقر راحة والغنى عقوبة، والقتل والجهل ضلالة، والموت غنيمة، والعصية مصيبة، رواه الدليمى عن عائشة . واتە هەژاری ئاسوودەییەو دەوڵەمەندی سزایەو، کوشتنو نەفامی گومراییەو مردن دەسکەوتەو یاخی بوونیش کارەساتە. لێرەدا دەردەکەوێت کە هەژاری بۆ مەبەستێکی سەرەکی، کە پاککردنەوەی دەروونە، گرنگی پێدراوەو بۆتە کۆڵەگەیەکی دونیا نەویستە ئاخیرەت ویستەکان. بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی هەژاری لە روانگەی فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە (د.خ). بڕوانە (کشف الخفا ومزيل الالباس، عما اشتهر من الاحاديث على السنة الناس، الشيخ اسماعيل بن محمد العجلوني الجراحي، تحقيق: د.عبدالحميد هنداوى، الجزء الثاني، المكتبة العصرية، صيدا بيروت، ٢٠٠٦م، ص١٠١).

١- نقد/ تصوف، ص١٢٢

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢-١٢٣

ئەگەر لە بەرامبەر جیهانی ماددەدا، رۆح جیهانێکی تر بێتو سۆفی لە هەوڵی گەیشتن پێی دا بێت، بەتایبەتی بەهۆی پیادەکردنی کردەی چوار رەگەزەکە، ئەوا دۆزینەوە لەم جیهانەدا بۆ خۆی جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، چونکە واقیعێك نییە، کە زۆربەی خەڵك تێیدا بن، بەڵکو نموونەیەکی دیاریکراوە کە لە بەرهەمهێنانی کۆشش (المجاهدة)ەوە سەرچاوە دەگرێ. لەبەرئەوە خودی جیهانی رۆح زۆرترین رێژەی دەکەوێتە بەر هێرمینۆتیك، بەو پێیەی بە گەڕانەوەشمان بۆ سەرچاوەی سەرەکی بابەتەکە ئیشکالییەتی واتا دەخاتەوە، هەتا ئەو ڕادەیەی رۆح، چ وەك سازێنەری واتاو، چ وەك بابەتو، چ وەك خود سەیر بکرێت، لە هەموویاندا لە چوارچێوەی دەقدا، ئاڵۆزیو تەمومژی نیشان دەدات. ئەمە جگە لەوەی بەناو جیهانی سۆفیگەریشدا، وەك چەمکێکی سەربەخۆ تەماشای کراوە، بەڵام بۆ تیۆری وەرگرتنو چێژی خوێنەر/ وەرگر مەدلولاتی تایبەت بەخۆی هەیەو لەناو دەقی ئەدەبیدا، بەتایبەتی شیعری کلاسیکی، هەموو شاعیرێك نەیتوانیوە بە ڕێژەیەکی زۆرو قووڵ باس لەم چەمکە بکات، چونکە ئەگەر لە ڕوانگەی فینۆمینۆلۆجیا، یان ئیستیتێکییەوە لێی بڕوانرێت، ئەوا جۆرێك لە کلیلی پێویستە، تا کۆدەکانی ناوی دەکرێتەوە. بە جۆرێك ئەگەر چەمكو وشەو دیاردەکانی تر لە مێژووشدا روناکییان خرابێتە سەر، ئەوا پرسی رۆح تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە نادیاری ماوەتەوە. وێڕای نووسینو لێکۆڵینەوەی زۆریش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەتایبەتی لە مێژووی مەعریفەی ئیسلامیدا بە لەبەرچاوگرتنی خودی راڤەو لێکدانەوەی ئەو ئایەتانەی قورئان کە لەو بارەوە دواون، هەر لە یەکەم هەنگاوەوە تەئویل شوێن پێی خۆی تێدا دەکاتەوە. بەوەی لە بن چەنگی مرۆڤایەتی دێتە دەرەوەو بە بەڵگەی ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ ۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾ ﴾الإسراء:*٨٥ روون دەبێتەوە، کە خودی (رۆح) بە دەست خودایەو مرۆڤ زانستی کەم پێ بەخشراوە، تا لەو لایەنە باتینە تێ بگات، بەڵام ئەم کەمە زانستە کەڵکەڵەی خستە مێشکی مرۆڤ بۆ ئەوەی راڤەی ئەم چەمکە نادیارو ئاڵۆزانە بکات، بە گوێرەی ئەوەی کە ((تێگەیشتنی نەگۆڕو کۆتایی لە دەقدا بوونی نییە))[١]، بۆیە ئەمە بە ئاشکرایی واتای بەدەستەوە نەداو بواری ئەوەی خۆشکرد، کە وەرگرەکان خۆیان خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکەن، ئەگەرچی پێشتریش بۆ ئەم مەسەلەیە لە ئاینو بیرو بڕواکانی تریش باسی لێوە کراوە، لێ لەناو سۆفیگەریدا بووە بنەمایەك بۆ دیوی ناوەوەو باتین، کە دواتر تەجەللاو رۆشنی لێ پەیدا دەبێت، بەڵام گرنگە ئەوە بزانرێ رۆحی سۆفییانە بەرهەم نایەت تا چوار کردەکەی مرۆڤ ئەنجام نەدرێو لەوێوە ئاڵوگۆڕی ماددە بە رۆح نەکرێو کەڵکەڵەی تەجەللاو میعراجی سۆفییانە نەکەوێتە کەللەی شاعیرەوە، کە رۆح لای مەحویش لەو چوارچێوەیە تێ ناپەڕێ.

ئازادبوون لە شتە ماددیەکان، لە چوارچێوەی خۆداڕنینە لە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە سۆفییەوە نییە، بە واتایەکی تر لە هەموو ئەو شتانەی دەبنە بەربەست لە گەیشتن بە پلەی عروج، چونکە تەڵخبوونی مرۆڤ بە چەمکە دونیاییە ماددیەکان، رێگرە لە بەردەم ئازادبوون، بۆیە ئەگەر هێرشی بێگانەکان، واتە پێچەوانەی چوار رەگەزەکەی (بێ دەنگی، گۆشەگیری، برسیبوونو بێداری) بێتە سەر

* واتە پرسیارت لێدەکەن لە بارەی رۆح، بڵێ: رۆح لەژێر فەرمانی خودایەو ئەو زانستەی بە ئێوە دراوە، کەمێکەو هی ئەوە نییە لە رۆح تێبگەن.

١- هرمنوتيك فلسفى و تعدد قرائت ها، اية الله جعفر سبحانى، نشريه كلام اسلامى، شماره ٣٧، بهار ١٣٨٠ سال دهم، ص١٢.

مرۆڤ، ئەوا کۆت و بەندی دەکەن و کاردەکەنە سەر بڕواو حاڵەتە ڕۆحیەکەی، هەر ئەمەشە وایکردووە بەلای سۆفییەکانەوە (ئازادی، ئازادبوون و تێپەڕینە لە دوژمنی دەروون بە خۆشەویستی و ئیرادەو مەیل و پیرۆزی و نقوم بوون لە بارەگای حەزرەتی جەبار، کە جگە لەو، سۆفی لەگەڵ کەسی تر ئۆقرە ناگرێ و لە خوا بترازێ ئاگاداری کەس نابێ)[1] ئەم پلەیە بۆ هەموو کەس نییە، تەنیا لە هەڵگرتنی ئەو ئیکسیرە دێ، کە دەبێتە جێگرەوەی هەموو چەمکە ماددیەکانی دونیا لە پێناو سەرخستنی پرسی ئازادبوون و هاتنەدی فەنابوون لەم پڕۆسەیەدا.

چوار ڕەگەزەکەی جێگرەوە بۆ مەبەستێکی سەرەکی هاتوونەتە کایەوە، کە جەوهەری خۆشەویستی بەرهەم بێ، ئەم جەوهەرەش لایەنێکی مەعنەوییە، چونکە هەر چوار ڕەگەزەکەی ئیکسیر ماددەیە و گۆڕانی بەسەردا دێ، بەڵام بە پیادەکردنی چوار کردەکەی تر کە جێگرەوەن، گەیشتن بە جەوهەری رۆح و خۆشەویستی ڕاستەقینە فەراهەم دەبێ، ئەمەش ستراتیژییەتی سەرەکیی مەحوی شاعیرە. بەو پێیەی دەلالەتەکانی خودی ئاگریش کە لە ماددەکانە، نووری لێ دێتە کایەوە، بەو واتایەی بەرەو عیشقی ڕاستەقینە چوون، لە سووتان و لەناوبردنی ماددەی ئاگرەوە نوور پەیدا دەبێ، نووریش چڵەپۆپەی گەیشتنە بە پلەی کەمال، وەك مەحوی دەڵێ:

**بە سۆزی عیشقە بوونە ذی کەمالات**
**(اذ الانوار من ذی النار تنشأ)** /٤١

## ٢-١٠ مردن لە نێوان هەڵبژاردن و ناچاریدا

بەر لەوەی لەبارەی هەڵبژاردن و ناچاری مردن بدوێین، چەمکێك خۆی بەم بابەتە پەیوەست دەکات، کە بەبێ ئەو ناتوانرێ سەرەداوەکانی پەیوەندییەکەو لێکدانەوەی ژێرەوەی حالەتەکە بدۆزرێتەوە، ئەویش پرسی مرۆڤی کاملە. کەماڵی مرۆڤ یەکێکە لە ئامانجەکانی سۆفیگەری و خاڵی نێوان دونیاو دوای مەرگەو بەو هۆیەوە ڕێگای مردن بە ڕوانینە سۆفییانەکەیەوە بەسەر ڕێبواری ڕێگادا دەکرێتەوەو لەو نێوەندەشدا، هەمدیس مەسەلەی ئازادی دێتە کایەوە، ئەم مەسەلەیەش لە نزیکبوونەوە بۆ چەمکێکی وەك مردن، بەبێ چەمکێکی دیکە ناگاتە پایان، ئەویش چەمکی ئیرادەیە، بەو واتایەی دەبێ لەناو کامڵبوونی ڕۆحی مرۆڤدا ئیرادەو ویستێك هەبێ بۆ ڕۆیشتن و بارگە تێکنان، ئەم ئیرادەیەش پاڵنەرێکی بڕوای لە پشتە، کە خۆی لە بڕوابوون بە قەزاو قەدەر دەبینێتەوە:

**قەزا بێ دەسەڵاتت کا، چیە غەیری ڕەضا چارە؟**
**لەبەر دەستی جەلابا ڕێوییێکە شێری پەل بەستە** /٢٦٧

خودی فەلسەفەیەکی بوونگەرایی یەکەم جار بریتییە لە فەلسەفەی ئیرادە، هەر کاتیگۆڕی (مقولە)یەك لە بوونی مرۆڤ بکۆڵێتەوە هەر دەبێ لە دواجاردا پرسی ئیرادە بخاتەڕوو، ناشێ قسە لەبارەی ئازادی بکرێت، بەبێ مەرجەکانی دامەزرانی ئیرادە. خودی مرۆڤیش پڕۆژەیەو خۆشی خاوەنی پڕۆژەی بوونە، لەناو سۆفیگەریشدا کاتێ عاشق (ڕێبوار) لەناو بۆتەی خۆشەویستیدا لەگەڵ مەعشوق دەکەونە سەر یەك

---

١- قاموس المصطلحات الصوفية (دراسة تراثية مع شرح اصطلاحات اهل الصفاء من كلام خاتم الاولياء)، أيمن حمدي، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص٥٥

هێڵ، ئەوا بۆ یەکخستنی ئەم دوو خۆشەویستیەو ئاوێتە بوونو دواتر یەکێتی بوون، پێویستە ئیرادەشیان هاویەك بێت، ئەو گوتەیەی سۆفی (ئەوەم دەوێت کە تۆ دەتەوێت)، بریتیە لە یەکگرتنی هەردوو ئیرادە. ئەمەش بەبێ گرفت بڕوابوون بە قەزاو قەدەر دێنێتەکایەوە[1]، ئەو بڕوایەی کە ڕێبوار لە تەجەللادا بەری کەوتووەو لە دڵەوە ئامادەی هەموو قوربانیدانێکە، بۆیە مادەم دوو ئیرادە پێکەوە کۆنابنەوە، فەرمانی مەعشوق بە مردنی عاشق، لەلای عاشقەوە پێشوازی لێ دەکرێ، تەنانەت بە بێ ئەو فەرمانەش، کاتێك لە مردنی بترازێ بۆ گەیشتن بە پلەی مەعشوقو حەقیقەت هیچ دەروازەیەك نییە، ئەوا خۆی داوای مردن دەکاتو بڕوا بوونەکە لە (علم الیقین)ەوە دەبێتە (عین الیقین)و بە یەکخستنی ئەم دوو ئیرادەیە ڕێگای بەردەم فەنابوونەکە خۆشتر دەبێت، ئەگەرچی ئەم پرۆسەیە دەبێ میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەبێتو هەموو کەس ناگاتە ئەو پلەیە، کە یەکبوونی ئیرادەی لا بێتە کایەوەو لە عەدەمیەتی مەوجووددا ڕێگای ئازادی بدۆزینەوە.

ئەم گەنگەشەیە لەسەر چۆنیەتی بە پیرەوە چوونی مەرگ لەلای مرۆڤی سۆفی، سەردەکێشێ بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەك، کە مرۆڤەکە سازو ئامادە بکا بۆی، ئەم سازکردنەش لە چوارچێوەی کەماڵی مرۆڤدا دەخولێتەوە، چونکە بێگومان ئەم بە پیرەوەچوونە دەبێ ناخی مرۆڤەکەی وا لێ کردبێ، کە ئامادەییەکی وەهای تێدا بەرجەستە کردبێ، بۆ ئەوەی باطینەکەی وەك باطینی مرۆڤەکانی تر نەبێ، لەبەر ئەوە دووبارە کێشمە کێشمی پرسی ڕۆحو ماددەو زاهیرو باتین سەرهەڵدەداتەوە، بە بڕوای ئێمەش تێگەیشتن لەم کێشمە کێشمە دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە نهێنی بەپیر مردن چوونو تەئویلکردنی بە گوێرەی خوێندنەوەی سەرچاوەی مەعریفی کەسی سۆفی لەناو بۆتەی ژیانی دونیادا.

جیاوازی لەنێوان مرۆڤی کامڵو مرۆڤی حەیوان، جیاوازییەکی ئەنتۆلۆجی نییە، بەڵکو ئیپستیمییە، بەجۆرێك کەماڵی مرۆڤ کراوەیە بۆ هەموو مرۆڤێك، حەیوانییەتی ئێمە شیاوی بەرزبوونەوەو گەیشتنە بە قۆناغی کەماڵ، کەماڵێك بەو واتایە نا، کە مرۆڤ لە مرۆڤی خۆی دابڕێنێت، بەڵکو مرۆڤی کامڵ ئەوەیە بگاتە بەندایەتییەکی تەواو[2]، بەو پێیەی بە ناخی مرۆڤدا ململانێیەکە لەسەر بەرەو ئیلاهی چوونە، بەڵام هەندێکیان لەبەرەوخواچوونەکە بیری خۆکردنە خوا دەکەن لە ڕووی دەروون (نەفس)ەوەو هەندێکی تریش لەناو بەرەو خواچووندا تەجەللای خودا وەردەگرنو زیاتر لە بۆتەی بەندایەتی دەمێننەوە.

جا بە لای ئیبن عەرەبیش، کەماڵ دەبێ تەجەللای زاهیرو باتین بۆ خوداییو بەندایەتی تێپەڕێنێ، ئەنجا فەراهەم دەبێ، ئەم تێپەڕاندنەش بە کرانەوەو ئازادبوون نەبێ نایەتە دی، ئەمەش حاڵەتی فەنایە، کە سۆفی لە میعراجی مەعریفی خۆیدا دەیگاتێ، ئەم فەنایەش جۆرێکە لە بەرەو پیرچوونی مردنی کاتی، بۆیە کەماڵەکە سەرناگرێ تا ئەم هەڵبژاردنی مردنە نەیەتەدی، کە ڕزگاربوونە لە حەقیقەتە ماددیو سروشتە ڕەگەزپەرستییەکەی، لەبەرئەوە جیاوازیش لە نێوان فەناو مردنی سروشتی، بریتییە لە جیاوازی نێوان مەعریفەی بەحەز، کە مرۆڤ لە دونیا بەدەستی دێنێ و مەعریفەی ناچاری، کە ڕۆح لە دوای مردن بە ناچاری بەدەستی دێنێ. مەعریفە لە حاڵەتی یەکەمدا، ئەنجامەکەی پەردەپۆشییە لە خوداو ئەشکەنجەدانی جەستەییە، بەواتای ئەوەی مەعریفەیەکە بەرهەمەکەی وەك ئەنجامی مەعریفەی یەکەم

---

١- نظرية الانسان والحرية، ص٢٣٦و٢٤١

٢- فلسفه التأويل، دراسه فى تأويل القران، د.نصر حامد ابو زيد، ص١٩٩-٢٠٠

نییه .. ئەم مردنی بەحەزە- یان حاڵەتی فەنا- بەرهەمی گەشتێکی سەختو پڕ ماندووبونییەو ئامانجەکەشی گەیشتنە بە مەعریفەی حەقو کەماڵی مرۆڤییە، ئەم قۆناغەش هەر دەبێ لە زاهیری مرۆڤی گەردوونییەوە دەست پێبکاو لە باتینی ئیلاهییەوە کۆتایی پێبێ[1]، لەبەرئەوە سۆفییەکان نایانەوێ لە ناچاریدا بمرن، وەك ئەوەی خەڵکی ئاسایی بە پێی بیروڕای ئاینی بۆی دیاریکراوەو لەو کاتەدا دەمرێ، کە حەز ناکا بمرێ، ئەگەرچی خودا بۆی بڕاندۆتەوە، بەڵام بە لای ئەمەوە چونکە ئامانجێك چاوەڕێی دەکاتو لە ژیانیشدا لە ڕووی رۆحیو باتینییەوە، کاری بۆ کردووە، بۆیە پەلەیەتی لەوەی زوو لە زیندانی دونیا رزگاری بێتو دەروونی ئازاد بێتو بەرەو حەقیقەتو کەماڵ هەنگاو بنێ.

دەروازەکانی ئەم مردنە لە خودی مرۆڤەکانەوە لە گۆڕەپانی ئیرادەوە دەست پێدەکات، بەو واتایەی دەبێ ئەو ئیرادەیە مەبەستێك دنەی بدات بۆ ئەوەی جوڵەیەك دەست پێ بکات لە ناوەندی ژیانەوە بەرەو مردنێکی مەعنەوی، چونکە مردنە واقیعییەکە کاتو ساتی جێگیر کراوە، بەڵام سۆفی لە هەڵپەی زوو گەیشتن پێی، نایەوێ بەو لاشەوە بگاتە مردنە واقیعییەکە، بەڵکو لە پێشدا لە مەعنەوییەکەدا خۆی نقوم بکات، بۆ ئەوەی بە مەعریفەوە هەنگاو بنێو ئەم مەعریفەیەش حەقیقەتی هەمیشەیی بۆ مسۆگەر بکات.

دەرچوون لە چوارچێوەیەك بەڵام نیازدار لە جەمسەرە هەرە سەرەکییەکانی پێشوازی کردنە لە مردن، بۆ ئایەتی ﴿وَمَن يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدْرِكْهُ ٱلْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ النساء: ١٠٠ ی قورئانیدا، دەرچوون لە ماڵ واتە بڕیاردانو جێبەجێکردنی ئیرادەیەك بۆ دەرچوون لە دەروونێکی بەدو بەرەو خوا هەنگاونان واتە بەرەو ئازادبوون، جا ئەگەر مردنیشی تووش هات، ئەوا پاداشتی لای خوا هەیەو پاداشتەکەش گەیشتنە بەو ئامانجە سەرەکییە، کە کامڵ بوونی حەقیقییە، هەر بۆیە لە سێبەری ئەو ئایەتەدا (خواجە عبدالله انصاری) بۆ نیازی ئەم ڕاگواستنە لەناو ئیرادەدا، سێ پایە بۆ مەبەستو نیاز دادەنێ، کە بریتین لە:

(مەبەستی لاشە بۆ بەندایەتیو خزمەت، مەبەستی دڵ بۆ ناسینو مەعریفەتی خودا، هەروەها مەبەستی رۆح بۆ مەحەببەتو میحنەت)[2]. دەبینین هەر یەکێك لە نیشانەکانی مەبەستی رۆح بە (هۆگری بوونو حەزکردن بە مردن)[3]ی داناوە، کە دەبێ لە ناو ئیرادەکەدا هۆگرییەکە بوونی هەبێت، بۆ ئەوەی کردەکە سەرکەوتوو بێت.

لەناو ئەم هۆگربوونە بۆ مردن، دەبێ پاساوێك بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە، گونجاوترین پاساویش وەك حاڵەتێکی دەروونی، بریتییە لە بێزاری، یان ئەو هۆکارانەی لاشە لە بەندایەتیو، دڵ لە مەعریفەتو، رۆح لە مەحەببەت سارد دەکەنەوە، رەگەزی هەرە سەرەکیش لەناو ئەم هۆکارەدا بریتیە لە دەروون، کە دەروون ((گرفتو کێشەیەکی مەعریفییە نەك وجوودیو هەڵکەوتەکەی وایە، کەوتۆتە نێوان هەردوو بەرداشی رۆحو عەقڵ (بەواتا سۆفیگەرییەکەی) لەلایەك، هەواو ئارەزوویش کە سەر بە جەستەن لە لایەکی تر، ئەگەر مرۆڤ بە شێوەی مەعریفی خۆی لێ داڕنێ، ئەوا دەروون ملکەچی رۆح دەبێتو، ئەوسا پێی

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠-٢٠١

٢- صد میدان، خواجە عبدالله انصاری، ص٢٤

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥

دەگوترێت دەروونی دامەزراو (النفس المطمئنة). ئەگەر لەمەشدا سەرکەوتوو نەبێ، ئەوا دەروون ملکەچی هەواو ئارەزوو دەبێت و ناوی دەروونی بەد (الأمارة بالسوء)ی لێ دەنرێ، لە یەکەم حاڵەتدا مرۆڤ لە تەواوترین و کاملترین بارادایە، ﴿فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ٤﴾ التين: ٤ ە، کە حاڵی مرۆڤێکی کامڵەو جێنشینی ئادەمە، کە جێنشینێکی رەسەنە، بەڵام لە دووەم حاڵەتدا مرۆڤ لە خوارەوەیەو بریتییە لە حاڵەتی مرۆڤی حەیوان، کە لە رووکار (ظاهر)دا لە مرۆڤی کامڵ دەچێ، بەڵام لە حەقیقەتی ناخدا لەو ناچێ)[1]، هەتا ئەم گەنگەشەیەش دروست نەبێت کەسی سۆفی کەڵکەڵەی ئازادبوونی ناکەوێتە کەللە، لەبەرئەوە بێزاری لە دەروونێك، کە دەستەمۆ ناکرێ و رۆح و عەقڵ ناتوانن قەڵەمڕەوی بن، سەردەکێشێ بۆ بیرکردنەوە لە ئازادی. وێڕای ئەمە، خودی کەسەکەش لە ئەشکەنجەیەکی زۆری جەستەیی دایە، بە واتای ئەوەی چ لە لایەنە رۆحییەکەوە، یان ماددیەکەوە لاشە روبەرووی ئازار بۆتەوە لە ئەنجامی گرفتەکانی ڕێگا، یان لە گواستنەوەی ئەم پەیامە لە شاعیرەوە بۆ وەرگر هەر دەبێ ئازارە جەستەیەکە نیشانبدات، چونکە مەرج نییە خوێنەرەکە لە هەمان باری رۆحی شاعیر دابێت، بۆیە دەبێ بە ماددە گوزراشت لە ئازارەکانی رۆح بکات، کە بۆ بارە ئاساییەکە خۆی لە ئازاری لاشەش دەبینێتەوە. مەحویش لەو ئاستانەدا دانی پێدادەنێ:

سەراپامی بەر ئەشکەنجەی عقوبەت گرتووە دەوران

لەبەر بێ دەستییە وا تێدەگەن خەلقی کە بێچارەم /٢٢٩

بێچارەبوونەکە بێچارەیەکی دەروونی ناوەکییە، کە لە پەل و پۆی خستووەو خەڵکی بە بێ دەست و بازووی دادەنێن، کەچی لە ڕاستیدا کێشەکە وجوودی نییەو مەعریفییە، لە سۆنگەی خراپی دەروون و زاڵبوون بەسەریدا لە ڕووکاریش لای خەڵکی جۆرێکی تر نیشاندراوە.

لە جیهانی سۆفیگەریدا مردن وەك زاراوەیەك بە واتای داکەندنی بەرگی ماددی و کۆت و بەندو شتە دونیاییەکان و ڕێکردنە بەرەو جیهانی مەعنەویەت و فەنابوون لەناو سیفات و ئەسمای زات[2]، ئەم قەپێلك لەخۆ داکەندنەش جەمسەرە سەرەکییەکەی بریتییە لە دەروون، بە زاڵبوون بەسەر دەرووندا، کۆی چەمکە ماددیەکانی تر دەستەمۆ دەکرێن. دەتوانین لە ژێر رۆشنایی ئەم بارەدا چەند شێوەیەك لە سەرەتاکانی بەرەو مردن چوون لای مەحوی دەستنیشان بکەین،

١- بە دونیا مژولبون مردنێکی ناچارییە:

هەڵبژاردنی مردن لە پێناو خۆ رزگارکردن لە ماددیەت و بۆ مەبەستێکی سەرەکیش، کە عیشقی هەمیشەییە لە بەقادا، دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە هەموو ئەوانەی بە دونیاوە مژولن و بەتەواوی خۆیان بۆ ماددەو دونیا یەکلاکردۆتەوە، ئەوا ناگونجێ قسەیان لەبارەی عیشقەوە بۆ بکرێ، چونکە ئەم دوو چەمکە بەیەکەوە هەڵناکەن، بۆیە یەکەم هەنگاو لە خۆ دوور گرتن و بەرەو فەناچوون، بریتییە لە پچڕانی پەیوەندی قسەکردن لەگەڵ ئەهلی دونیادا:

---

١- فلسفه التاويل، نصر حامد ابو زيد، ص١٩٨

٢- فرهنگ اصطلاحات تعبيرات عرفانى، د. سجادى، ص٧١٤

**لە بۆ ئەربابی دونیا قەت مەدە بەسطو بەیانی عیشق**

**کە (مەحوی) شەرحی نوکتەی جانفزا بۆ مردووە ضایع / ١٦٦**

٢- سۆفیەکانیش ئەگەر ئەهلی دونیابن مردوون:

ئەگەر بۆ خەڵکی ئاسایی پچڕان بێت، ئەوا هەموو ئەو زاهیدو سۆفییانەش، کە پێویست وایە بکرێنە رابەرێکی رۆح و دڵ بە رووخساریان سەرسام بێ و دواتر موریدو موراد دروست بێ، لێ چونکە بابای سۆفی ئەهلی دونیایە، بۆیە لای مەحوی بە مردوو حسێبەو شایانی تێکەڵ بوون نییە لەگەڵی:

**دڵ دەبا غەمزەت. چ فەرقی رەندو صۆفی بۆ نییە**

**صەیدی مردوو حەیفە ئەم شەهبازەتی تێ بەرمەدە / ٢٧٤**

٣- بێ ئاگایی (غەفڵەت) مردنێکی ناچارییە:

بێ ئاگایی و هۆشیاریی، دوو چەمکن لەناو سۆفیگەریدا بەم شێوەیە جێگایان دەبێتەوە، کە هۆشیاربوون بە واتا فەرهەنگییەکەی لەگەڵ چەمکی صحو، نزیك دەبێتەوە، کە تێیدا بۆ ئەو رێبوارانەیە هەمیشە بێ ئاگان و نەکەوتوونەتە داوی دەروون و چەمکە ماددیەکان، بۆیە بە پێچەوانەوە هەموو ئەوانەی نقومی دونیا بوونە لەبەر گرنگیدانی زۆریان بۆ دونیا، پرسی حەقیقەت و عیشقیان ون کردووەو لەناو ئەو گێژاوەدا چەشنی مردوو وان، یان بە دەربڕینێکی تر، ئەوەی بکەوێتە بەر پێناسی بێ ئاگایی و خەوی غەفڵەت، ئەوا بە مردنی ناچاری/ ئاسایی دەمرێ و هەر دەبێ گیرۆدەی داوی دەروونی بەد بووبێت و شاعیریش لە سەرزەنشتکردنی خودی خۆیدا، جا بۆ خۆبەکەم زانین (التواضع)، یان پەیڕەوکردنی بنەمای شیعری سۆفییانە بێت، لە رێگای چەمکی غەفڵەتەوە جۆرە ترسێك لە مردن بەرهەم دێنێت، کە لە مردنی بەحەزەوە نابینرێ:

**ئەجەل دەورم دەدا حاضر بە وادەی دەورو تەسلیمە**

**منی غەفڵەت زەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم /٢٢٠**

لێرەدا چەند نیشانەیەك دەردەکەون، کە مردنی ناچاری جەخت لێدەکەنەوە، ئەوانیش دەوران دەوری ئەجەل، واتە ئەجەل بکەرو شاعیر بەرکارە، بەزۆری لە ئەدەبیاتی سۆفییانەدا لە پاڵ غەفڵەت چەمکی خەو دێت، چونکە لە خەسڵەتدا غەفڵەت و نووستن هاوبەشن، لە هەمان کاتدا خەوو مردنیش دەچنە ناو چوارچێوەی لێکچواندن، لەوەدا وەك بەرزەخ، لاشە لەلایەکەو رۆحیش لەلایەکی ترو (هەر کەسێك چۆن دەمرێت وەهاش زیندوو دەبێتەوە (تموتون تبعثون)، کە ئەمە مردنێکی ناچارییە لە دابڕانی رۆح لە جەستەو بە گوێرەی گوتەی (النوم أخو الموت) خەو برای مردنەو وەك چۆن دەخەون و پاشان هەڵدەستن، ئاواش دەمرن و پاشان زیندوو دەبنەوە)[1]. مرۆڤ وەك چۆن ناتوانێ نەمرێ، ئاواش ناتوانی نەخەوێ، بەم جۆرە زۆرتر دەسەلمێ، کە خەوو بێ ئاگایی، جۆرێکن لە مردنێکی ناچاری. داننان بە بێ ئاگایی خۆی، هۆکاری بێ ئاگاییەکەش خەریکبوون بە پرسی دونیا، پاشان هاتنی ئەجەل و ناچاربوونی شاعیر بۆ دەورو تەسلیم کردن، واتە گواستنەوەی تەن/ لاشە لە دونیاوە بۆ جیهانێکی ترو وەرگرتنی کەرەستەکانی بەندە، کە لە سیاقەکەدا نیشانی دەدات، دەروونی بەد کردارو بەد ئەفکارو رەوشت بەدی نەیهێشتووە بە

---

١- مفاتح الاعجاز فی شرح گلشن راز، ص ٤٢٧

زیندوویی بمێنێتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت، کە پێوەری زیندووبوونی مرۆڤەکە راستەڕێبوونی دەروونەکەیەتی و بە پێچەوانەوە، بە زیندوو دانانرێ و وەك بێ ئاگا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، بێ ئاگایش لەبنەمای شەریعەتدا نزیك لە شێت و منداڵ و خەوتوو، ئامانج و بەرهەمێکی وای نییە، کە پێیەوە بگاتە حەقیقەت.

لەم نموونانەی سەرەوە دەرکەوت، کە شاعیر سەر کۆنەی ئەوانە دەکا بەهۆی دەروونەوە لەلایەك بێ ئاگان و لەلایەکی تریشەوە حەزیان بەدونیایە، ئەوانە لە ڕێزی مردوان دان، ئەگەر سۆفی و کەسانی ئاینیش بن، لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە مردن بەرەو ڕوویان دێت، لە کردەکەش دەترسن، لەبەرئەوە شاعیر لێرەدا لەبەر بیری فەلسەفەی بوونگەرایی نییە، کە بەهەر شێوەیەك کۆچ بکات و دونیا جێ بێڵێ، بەڵکو ئەگەر مەبەستێکی جیهانی عیشقی هەمیشەیی نەبێت، هەڵپەی مردن ناکا، تەنانەت ئەم جۆرە مردنە تایبەت دەکا بۆ هەموو ئەو کەسانەی پێچەوانەی ئەون و ماددیانەو دەروون بەدانە بیر دەکەنەوە.

### ٢-١٠-١ بەرەو پیری مردن چوون، بنەمایەکی ئازادبوون و میعراجی سۆفییانەیە

بەرەو مردن چوون لە ئەنجامی سازانی ئیرادەیەکەوە دروست بووە، کە رۆیشتنە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، ئەویش عیشقی سۆفییانەیە. بەرەو پیرچوون بۆ ئەم عیشقە پێویستی بە قوربانیدانەو لەناویشیدا نەترسان و بێ باکی، لە پێناو سەرخستنی پرۆسەکەدا، لەبەر ئەوە (مردنی بەحەز ئامرازێکی مەعریفەتە، کە مەبەست لێی بوونە، ئەم مەعریفەتەش بە گەشەی مرۆڤەوە پەیوەستە، بۆیە هۆکارو ئامرازی ئەم مەعریفەتە بەرەو پیری مردن چوونە... لەناو هەموو بوونەکانی جیهانیشدا مردنی بەحەز تایبەتە بە جۆرە مرۆڤێك، کە هیچ شتێکی دونیا لەگەڵی هاوبەش نییەو ژیانی هەمیشەیی و نەمری لە چوارچێوەی ئەم جۆرە مردنەدایە)[١]، کە بەرەو پێگەیشتنی مرۆڤی کامڵ چوونە، بۆیە دەشێ ئەم شێوانەی هەبێ:

١- مەحوی پەسنی ئەم بە پیر مردن چوونەی کردووەو لە مردنی ناچاری جودای کردۆتەوە:

**بە پیری مەرگەوە فرسەخ بە فرسەخ رۆییون مەردان**

**ئەوەی باکی لە مردن بێ، دیارە بلح و نامەردە** /٢٧٠

نیشانەکانی پەسنەکە بریتین لە: بەرەو پیری مەرگ چوون و ناونانی ئەو کەسانە بە مەردو سەرکۆنەکردنی ئەوانەی لە مردن دەترسن، بە پێچەوانەوە ئەوانەی ناترسن و خۆیان دەچنە بەردەم مردن، مەردو ئازان.

٢- پەیڕەوی کردنی فەرمانی بمرن بەر لەوەی بمرن:

لە سۆفیگەریدا گوتەی (موتوا قبل أن تموتوا) زۆر بڵاوەو وەك ئاماژەیەك بۆ خێرا کردن لە ئەنجامدانی کردەی فەنابوون و بۆ خۆشەویستکردنی مردن هاتووە. لەو نێوەندەدا هەڵبژاردنی مردن لای سۆفیەکان تەواوبوونی ژیان نییە، بەڵکو دەستپێکردنەوەی ژیانێکی واقیعی و بەقایەکی نەمرییە، ئەمە تا ڕادەیەك لە

---

١- سەرچاوەو لاپەرەی پێشوو

فەنای (نێرڤانا[*])ی بودییەکانیش نزیکدەبێتەوە، لە حاڵێکدا نێرڤانا ڕوانینێکی سەرتاپا نەفیکردنەو توانەوەی تەواوی کەسایەتی مرۆڤە، هەرچی فەنایە سەقامگیری لەدوا دێت، بە جۆرێك توانەوەیە بەڵام (صحو) و دەنگی لەدوا دێت و فەنایەکە بەقای لەدوا دێت، بە دەربڕینێکی تر فەنای ئیرادەو ویستی مرۆڤە لە ئیرادەی راستەقینەی حەقدا. بۆیە بە پێچەوانەی نێرڤانا، فەنا بەردەوامییە لە ژیان، لە ڕێگای نزیکبوونەوە لە مەقامی ئولوهیەت. وێڕای ئەمە، فەنای نێرڤانا جوڵەیەکی فیزیکی نییە، کاتێك مرۆڤ لە خراپەو ئارەزووە ناپەسندەکان خۆی رزگار دەکا، بەرەو کامڵ بوون ناچێ، لێ فەنای سۆفییانە کاتێك مرۆڤ لەو خووە پیسانە خاڵی دەبێت، واتە دەروون (نەفس)ی مرد، لای خودا زیندووەو جگە لە خودا ڕوو لە کەسی تر ناکات، لەبەر ئەوە، کە دەڵێن (پێش مردن بمرە)، مەبەست لێی وێرانکردن و تەفروتوناکردنی دەروون نییە، بەڵکو ئەوەیە بە تەواوی لە خەسڵەتە خراپ و ئەهریمەنەکانی پاك بکاتەوە[1]. مەحویش ئەم ڕێگایە بە دەربازبوون لە مردن حسێب دەکات:

**مەحوی بە (موتوا) وە کە لە مردن ببی نەجات**

**ڕۆیاندنت لە پێشە، لە پێشا وەرە بڕۆ** / ٢٥٤

مردنی ناچاری لە کات و ساتی خۆیدا، هەر دێت، لێ بەلای مەحوییەوە پێش ئەوەی ئەو بێت، پێویستە مردنە مەعنەوییەکە ئەنجام بدات، کە بریتییە لە مراندنی دەروون، دواتر هەست بە هاتنی مردن ناکات و دەچێتە ناو ئەو کردەیەی کە ڕێگایە بۆ ڕۆح و ژیانی هەمیشەیی.[**]

٣- مردن لە بەر دەرگای یار:

مردنی بەر دەرگای یار بەلای مەحوییەوە لە ژیان باشترە، ئەمەش جۆرێکە لە بەرەو پیری مردن چوون، کەواتە هەوڵێکە بۆ هەڵبژاردنی بەحەزو، بە هیوایە دەستی بکەوێت:

**مردنێکی لەبەر ئەو قاپیەدا مەردانە**

**بەخودا چاکترە ئەمڕۆ لە گلاراوی حەیات** /٦٤

هەر لە سیاقی ئەم شیعرەدایە، هەڵوەدابوون بەرەو ئازادی نیشان دەدات، ئەگەرچی لە عەدەمیش بێت بەلای ئەو لە ژیانی دونیا باشترە.

٤- بەرەو مردن چوون دەرگاکردنەوەیە بەسەر ژیانی راستەقینە:

---

[*] نێرڤانا (Nervana) وشەیەکی سانسکریتییە، کە شۆپنهاوەری فەیلەسوفی ئەڵمانی بە هەمان واتا بنەڕەتییە هیندییەکە لە زمانەکانی ئۆروپایی بەکارهێناوە، بە واتای کوژانەوەو فەنابوونە، لە زاراوەی بوداییەکان بە واتای مردنی بە ویستە، بڕوانە: فنای عارفانەو بقای جاویدانە، ص٧٠

١- فنای عارفانەو بقای جاودانە، یداللە جلالی پندری‌و مهری زینی، مجلة مطالعات عرفانی، شمارە هفتم، بهارو تابستان ١٣٨٧، ص٥٧، سایتی www.sid.ir

[**] مەولانای ڕۆمی لە شیعرێکدا ئاماژەی بەم جۆرە مردنە داوەو دەڵێ:

مرگ پیش از مرگ این است ای فتی     این چنین فرمود ما را مصطفی

گفت موتوا کلکم من قبل ان     یأتی الموت تموتوا بالفتن

بڕوانە: مثنوی معنوی، مولانا جلال الدین محمد بلخی رومی (مولوی)، بر اساس نسخه اصلی رینولدالین نیکلسن (چاپ لیدن)، بە کوشش کاظم دز فولیان، انتشارات طلایة، چاپ دوم، طهران، ١٣٨٨، ص٧٣٩

مەحوی بە فەرماندان لەگەڵ خۆی دەدوێت‌و هەموو خۆشییەك، كە بە مادده پەیوەست بێت ڕەتی دەكاتەوەو پەلەیەتی بۆ ئەوەی بمرێ‌و لەوێدا دەرگاو كانیاوی ژیانی بەسەردا ببێتەوە:

**ئیذنی چوونە چەمەنی وەصلی سپێرا بە ڕەقیب**

**(مەحویا) بمرە كە مردن بووە میراتی حەیات /٦٦**

٥- مردنی بەحەز شیرینە:

**كە شك بەم (مەحویا) هەر شەربەتی مەرگ**

**لەســـەر ئەرزا نیـە ئاوی گـــەوارا /١٠**

یان:

**بەو هەموو تاڵییەوە شەربەتی مەرگ، ئەهلی حەیا**

**خۆش گەواراترە بۆی ئێستە لە شەكراوی حەیات /٦٥**

لێرەشدا، هەموو كەس بەرگەی تاڵی مەرگ ناگرێ، بەڵام چونكە مردنی بەحەزە، زۆر لە ژیان خۆشترە*.

٦- عاشقان بە مردنی ئاسایی نامرن:

ئەوەی دڵی زیندوو بێ‌و لە (كۆشش- مجاهدة) بێت، كە بشمرێ بە مردوو حسێب ناكرێ، نزیك دەبێتەوە لە خەسڵەتی تەجەللای نووری خودا، كە خەسڵەتی زیندوو نەمر (حی لا یموت)ی هەیە، بۆیە مەحوی پێی وایە ئەگەر عیشق بە لای خەڵكەوە دەردێكی كوشندەیە، ئەوا بە خۆی دەڵێ، كە بەم دەردە بمرە:

**دڵ زیندووە بە عیشق‌و بژی تۆ لەمەرگ ئەمین**

**بەم دەردە بمرە، تـــا ببیە حی لایموت /٨٣**

٧- مردن ڕزگاربوون‌و بەسەرپێكەوتن و زیندووبوونەوەی ڕاستەقینەیە:

بەلای مەحوییەوە، هەتا مرۆڤ نەمرێت، ناتوانێ بە تەواوی ڕێ بكات، بەو واتایەی لە مردندا بە سەر پێ كەوتن ئاشكرا دەبێ، چەشنی منداڵێك، ژیانی منداڵییەكەی دونیایەو ئەو كاتەشی كە دەتوانێ ڕێ بكات، ئەوا ژیانی دوای مردنە، لەبەرئەوە گرنگی مردن لێرەدا بە لای شاعیرەوە دەردەكەوێت:

**لە سەر شانی كەسانی دی جەنازەی من ، وتی : چا بوو**

**ئەم ئیفتادەش لە غەم رسگاری بوو بۆ خۆی و سەر پێ كەوت / ٨٦**

هەموو ئەوانەی لە غەم ڕزگارییان دەبێ، واتە لە دونیا ڕزگاریان بوو، ئیدی دەتوانن بە ئازادی خۆیان بڕۆن‌و ڕێ بكەن.

---

* پێچەوانەی د. ئیبراهیم احمد شوان، پێمان وا نییە ئەم دوو دێڕە ترسانی مەحوی لە مردن نیشان بدات، وەك ئەو وای داناوە، بەڵكو بێزاری لە دەروون و ماددەو دونیا، ختوكەی دەدا، كە بەرەو مەرگ بچێت، مردنەكەش لە ڕوانگەیەكی سۆفییانەوە هەمان مردنی واقیعی نییە، بەڵكو مەبەستدارەو ناكرێ بە ترسان لە مردن ناوی بنێین. لەبارەی ڕایەكەی د.ئیبراهیم، بڕوانە: سۆفیگەری، شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە كوردییەكانی مەحوی دا، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، بڵاوكراوەی دەزگای موكریانی، هەولێر، چاپی یەكەم، ٢٠٠١، ل٣٧٩

## ٢-١٠-٢ بەرەو کوشتن چوون، مردنێکی بەحەز

کوشتن بەدەستی یار، لە مردنی بەحەز پایەی بەرزترو گرنگترە، چونکە لە لایەك وێناکردنە بۆ پلەی شەهیدیو لە لایەکی تریش زوو ڕزگاربوونە لە ژیانی دونیاو هەنگاوە بەرەو (بەقا) چوون، پاشان چونکە بە دەستی یارە، عیشقەکە مسۆگەرتر دەکات، کە ئەوەی لەو ڕێگایەدا نەکوژرێ، ناگاتە پلەیەکی بەرزو فەنابوونەکەشی وەك شەهیدێك نییە بۆ گەیشتن بە پلەی کەماڵ.

مەحوی لە پاڵ چەمکی مردندا، وەك نەریتێکی سۆفییانە، لە لایەك غەزەل پتەوتر دەکاتو لە لایەکی تریش چێژێکی ڕۆمانسی پێ دەبەخشێ، کە زۆرتر دەبێتە کەرەستەی تەئویلو درەنگتر کردەی تێگەیشتنو چەمکی مەبەستو نیاز خۆی رادەستی وەرگر دەکات:

**شەرطی کرد ئیتر لە کوشتن بەس بکا، یاڕەب بکەی**

**ئەو وەفا بەم شەرطەکا، ئەمما لە قەتلی من بە پاش** /١٥١

یان:

**لەناوا باسی تۆبەی تۆ بوو ئەمڕۆ ئەی ستەمگەر شۆخ**

**بخە ئەم تۆبە پاش کوشتنی من، تۆ بیو پیرت** /٦٧

وازهێنان لە کوشتن بۆتە مەرج، بەڵام بە لای شاعیر دوای کوشتنی (مەحوی)، ئەنجا وازهێنانەکە دەست پێدەکا، لە شوێنێکی تردا بە هیوایە بکوژرێو بکوژ پەشیمان نەبێتەوە:

**شەو بە قەتلم وەعدی دا، ئەمڕۆ پەشیمانە، خودا!**

**خۆ لە (مەحوی) جونحە هەر گەردن کەچی بۆ سەر زەدە** / ٢٧٤

کوشتن دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە پلەی حەقیقەت، بۆیەشە مەحوی هێندە لەسەری مکوڕە:

**دە دەی وادەم بە قەتڵ ئەمڕۆ، سبەی هیچ**

**ئەتۆ شاهی، چیە وابێ ثە باتی** /٢٩٧

تەئویلێکی تر بۆ وشەی (قەتل)، بە ئەنجامدانی کوشتنەکە، بە یەکگەیشتن لە نێوان یارو دڵبەر ڕوودەدات، بۆیە دەگونجێ بکەرەکە مەعشوقو بەرکارەکە عاشق بێت، لەبەرهەندێش لە دێری دواتریشدا جەخت لەسەر دیدار دەکاتەوە.

هەندێ جار بەرەو کوشتنەکە هێندە دڵخۆشکەرە، پێش ئەوەی بکوژرێن، لە خۆشیان ڕۆحیان دەردەچێتو دەمرن:

**ئەسیرت وەقتێ کوشتن شادە مەرگن، ناگەنە کوشتن**

**لە خۆشیی خۆشیا ڕۆحی فڕیوە تا چووە مەذبەح** /١٠٣

شادەمەرگ دەربڕینێکی تایبەتە بۆ گوزارشت کردن لە بەرەو پیری مەرگ چوونو دڵخۆشیو شادی دەربڕین بۆ مردن.

ئەم کوشتنو مردنە مەعنەوییە، سەرچاوەکەی قورئانی پیرۆزە، کە ئەویش دەبێ وەك ئەم شیعرانە تەئویل بکرێو مەبەست لێی کوشتنی دەروونو داڕنینی خراپەکانە. لە ئایەتی ﴿فَتُوبُوٓاْ إِلَىٰ بَارِئِكُمۡ فَٱقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ عِندَ بَارِئِكُمۡ فَتَابَ عَلَيۡكُمۡۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ٥٤﴾ البقرة: ٥٤ ، کە بە مەرج دانراوە مەرجی

گەڕانەوە خۆ کوشتنە ﴿فَٱقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ﴾ گەڕانەوە ئەگەر بە تەوبە بێت، حاڵ گۆڕینە، ئەگەرچی بە لای سۆفییەکانەوە مردنی راستەقینەش حاڵ گۆڕینە:

**بە خۆ کوشتن نەجاتی خۆ بدە (مەحوی) وەکو فەرهاد**

**لە زۆری قەهرەمانی عیشق ئەفەندم، هەر ئەجەل بەستە / ٢٦٧**

**یان:**

**کوشتنی ئیسفەندیاری نەفسە بەستەیی راهی پیر**

**گەر مەدەد کا یا نەکا، لەو شاهە ئیمدادێ دەکەم /٢٣٥**

کوشتن دژ بە دەروون بوون، لە زاراوەی سۆفیاندا مردنی سووری پێ دەڵێن[1]، بۆیەشە مەحوی بە هیچ کلۆجێك بێ جێگرەوەیەك پەسنی ناکاتو هەمیشە بە کوشتن، بان بەرەو پیری مردن چوون لە خەباتدایەو لە هەوڵی کردنەوەی دەرگای ئازادبوونە بۆ ئەوەی هەست بە مردنی ناچاری نەکاتو بە (پیری مەرگ)ەوە شاد بێت، لە هەمووشیاندا مەبەستی سەرەکی لابردنی پەردەیە بۆ دەرکەوتنو تەجەللا.

ئەم هەولانەی پێشەوە جۆرێکن لە خوێندنەوەی دەق بە ئامانجی شیکردنەوەو لێکدانەوەیەك، کە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، مەحوی هەر لە خۆوەو بە لاساییکردنەوە چەمکەکانی بەکار نەهێناوە، بەڵکو بەشێکە لە کارێکی ئەدەبی، کە هێندە چڕبوونەوەو چنینی زمانی تێدا بەرجەستە بووە لە نێوان جوانیو هونەریدا، هێرمینۆتیك دەسازێنێو لە لایەك چێژ بە وەرگر دەبەخشێو لە لایەکی تر تێگەیشتنی لا ئاڵۆز دەکات، ئەویش لەبەر درەنگ گەیشتن بە چەمکی نیازو مەبەستی دەقو نووسەر، چونکە ئەگەر پێشتر دەق چەقی سەرەکیی نێوان مامەڵەی نووسەرو وەرگر بووبێت، ئەوا هەر دەقیشە وەك بنەمایەك ڕێڕەوی کارکردنی وەرگری گۆڕیوەو بەم گۆڕینەش نووسەرو خودی دەقیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. لەو سۆنگەیەوە ئەگەر لەناو جیهانی ئەدەبیاتدا، دەق وەك چەقو سەنتەری ناو کاری ئەدەبی دەستنیشان بکەین، ئەوا خودی ((کاری ئەدەبی دوو جەمسەری هەن، دەشێ بە جەمسەری هونەری artistic و بە جەمسەری ئیستێتیك esthetic ناویان بنێین، کە جەمسەرە هونەرییەکە بۆ لای دەقەکەو نووسەرەکە دایهێناوە، جەمسەری ئیستێتیکیەکەش بۆ لای دەرکپێکردنە، کە خوێنەر بەرهەمی هێناوە. لەم دوو جەمسەرداریەشدا، ئەوە بەرهەم دێت، کە کاری ئەدەبی ناشێت بە تەواویو کتو مت لەگەڵ دەقدا، یان لەگەڵ دەرککردنی دەقدا هاویەك بێت، بەڵکو لە ڕاستیدا لە نێوان هەر دوو جەمسەرەکەدا میانگیرە، لە بنەڕەتیشدا کارەکە بۆ خۆی دەقێکە، چون دەق دەبێ دەرکپێکراو بێت، کردەی دەرکپێکردنیش سەرباری ئەمە بۆ خۆی سەربەخۆیە، لە هەر حاڵێکدا بە پێی میزاجی تاکی خوێنەرەکەیە، وێڕای ئەوەی خوێنەر بە نموونەی دەقی جیاواز کاریگەر دەبێت) [2].

کەواتە هۆکاری سەرەکیی یاری کردنی خەیاڵی خوێنەر/ وەرگر لەناو دەقی ئەدەبیدا، بۆ جەمسەرە هونەرییەکە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر بوارێکی وەها جێ بهێڵێ، بۆ ئەوەی کردەی دەرك پێکردنو لەناویشدا کردەی خەیاڵکردن بواری ئەوەی بۆ بمێنێتەوە، ڕۆڵی خۆی لە تێگەیشتنی دەقدا ببینێت. لەبەر

---

١- مفاتح الاعجاز في شرح گلشن راز، ص٤٢٦

٢- نقد استجابة القارىء من الشكلانية الى ما بعد البنيوية، جين ب- تومبكنز، ترجمة: حسن ناضم، عل صالح، المجلس الاعلى للثقافة، ١٩٩٩، ص١١٣

ئەوە نابێ نووسەر هەموو هەگبەی خۆی لەناو چوارچێوەی تاکە دەقێکدا خاڵی بکاتەوە، بەڵکو ئەو کاتە بەشداری کارای نووسەر لە پێشوازیکردنی وەرگردا دێتە دی، کە لەو بۆشاییەی جێی هێشتووە خەیاڵی خوێنەر بەشداری بەرهەمهێنان و پڕ کردنەوەکەی بکات.

لەناو سۆفیگەریشدا، خەیاڵکردن گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری پێدراوەو بۆتە شێوەیەك لە بەرزەخی نێوان هەستی و زەینی، جارێك وەك ئیکسیری کیمیایی و، جارێك وەك ڕۆشنایی فیزیایی و وەك ڕەمزو ئاوێنەیەك و وەك خەون و سروش (وەحی) و تەجەللاو نهێنی خەسڵەتەکانی خودایی، خۆی بەرجەستە دەکات، کاتێك واتا دەخاتە بۆتەیەك لە چوارچێوەی وێنەدا، توانایەکی وای بۆ فەراهەم دەکات کە هەموو شتێك هەست پێکراوو هەست پێنەکراو لە هۆشدا زیندوو بکات و دەرکی پێ بکات[1]، هەر ئەمەشە بۆتە تایبەتمەندییەکی چنینی دەقی سۆفییانە، ئاودراو بەم خەیاڵە، کە چ بۆ نووسەرو، چ بۆ وەرگریش گرنگی خۆی هەیە.

ئەگەر مەحوی بە نموونە وەربگرین، لە نموونەکانی پێشوودا، ئەم خەیاڵەی وا بەرجەستەکردووە، بۆ وەرگرێك مایەی سەرنجە، بە تایبەتی لە ئاوێتەکردنی لەگەڵ جوانکارییەکانی دەقدا، بە جۆرێك بەشداری خوێنەر زیاتر لە مامەڵە کردنیەتی لەگەڵ بەها ئیستێتکییەکانی دەق، نەك ڕەگەزە هونەرییەکان، چونکە هەتا خوێنەر زیاتر هەست بە جوانی و بەهای ئیستێتیکی بکات، ئەوا مانای وایە دەقیش بناغەیەکی هونەری و تەکنیکی بەهێزی هەیە، ئەگەر چی خودی بنەمای فینۆمینۆلۆجیاش ئەوە دەسەلمێنێ، کە هۆشیاری هەموو وەرگرەکان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەقدا وەك یەك نییە، بەڵام لە خاڵێك لە خاڵەکانیش، یان زیاتر، دەبێ هاوبەشی هەبێت.

هۆشیاری خوێنەر لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقێکی سۆفییانەدا، لەوەدا بەدیاردەکەوێت، کە تاچەند دەتوانێ کەلێنەکانی دەق پڕ بکاتەوە. بۆ ئەوەی پڕ کردنەوەی ئەم کەلێنانە بەرجەستە بێت، هەموو هەوڵەکانیش لەو پێناوە دایە، بۆیە ئەگەر خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا هەندێ مەدلولی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوا لەکاتی خوێندنەوەی دووەمدا، لەوانەیە بە ئاقارێکی تر بڕوات و شتی هاویەك، یان پێچەوانەی بۆ دەربکەوێت، ئەگەرچی ئەمە بەو واتایە نییە کە ((خوێندنەوەی دووەم لە خوێندنەوەی یەکەم ڕاستترە، بەڵکو زۆر بە سادەییەوە هەردووکیان جیاوازن))[2]، هەر ئەمەشە پەرە بە کردەی تیۆری وەرگرتن دەدات و بواری هێرمینۆتیکا خۆشتر دەکات، چونکە ئەگەر لە کۆتاییدا مەبەستی هێرمینۆتیك نەهێنێتەدی، ئەوا لە سەرەتاکاندا، بەرهەمەکەی بۆ هێرمینۆتیك دەبێت، لەوەی کە بە خوێندنەوەی تر واتای تری بۆ بەرهەم دێت و هەموو هەوڵیشی بۆ دەرکپێکردن و هۆشیاری خوێنەرە لەمەڕ دەقداو، دۆزینەوەی مەبەستی نووسەر بۆ جارێکی تر خزمەت بە ڕاڤەو لێکدانەوەی جیاواز دەکەن و بەجۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ هێرمینۆتیکدا دەچنە ناو یەك سەنگەری هاوبەشەوە.

---

١- بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەوە بڕوانە: الخيال مفهوماته ووظائفه، د. عاطف جودة نصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٤، ص٨٧-١٠٧

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢

## بەشی سێیەم

## ٣-١ هێرمینۆتیکا ی سیمیۆلۆجیا

## (بنەماو ئیشکالییەت)

### تەوەرەی یەکەم

### ٣-١-١ سیمیۆلۆجیا وەك كەرەستەیەك بۆ هێرمینۆتیكا

ئەگەر بەشێکی سەرەکیی کاری هێرمینۆتیك دەرخستنی رووە پەنهان و شاردراوەکانی ناو دەق بێت، ئەوا لە چوارچێوەی زمانەوە، دەکرێ هەموو ئەم کۆدو رەمزانە بدۆزرێنەوە، کە کردەی تێگەیشتن بە قەڵەمڕەوی خۆیان دادەنێن. بەو واتایەی لەناو هەموو قەپێلکە واتاییەکاندا ناوەڕۆکێك هەیە، کە هێرمینۆتیك بەکاری خۆی دەزانێت ئاشکرایان بکات، ئەمەش لە بچووکترین یەکەی زمانییەوە دەست پێدەکات کە وشەیەکە، هەتا رستەو تەواوی دەق، چونکە ((شیکردنەوەی سیمانتیکیانە -دەلالی- ی وشە لێك نزیك و لێك دوورەکان، هەروەها لێکۆڵینەوەی زمانی بە جیاوازی شێوە مێژووییەکانەوە، هەموو ئەمانە لە چوارچێوەو بازنەی کاری هێرمینۆتیك دان))[١]. بەم شێوەیە کاری هێرمینۆتیك سنووردار ناکرێ، بەڵکو چۆنیەتی کارکردنەکە سنووردارە. بەوەی، تا چەند سوود لە چەمکەکانی تر وەردەگرێ بۆ چڕبوونەوە لە دەرخستنی واتا شاراوەکان و بەها بەخشین بە وەرگر، بۆ ئەوەی دەستەڵاتی ئەوەی هەبێت و ئازاد بێت، کردەی تێگەیشتن بەرهەم بهێنێ و دواجاریش تێگەیشتنی تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەقەکە بسازێنێت، تا هەرچی زووە دەق لە وەستان رزگار بکات و بیخاتە جوڵەیەکی وا، کە هەمیشە لەگەڵ بوون و جیهاندا لە کارلێك دا بێت و واتای تازە لە خۆیدا بەرجەستە بکات و دەق بەرهەم بهێنێتەوە.

ئەگەر بنچینەی سەرەکیی زانستی سیمیۆلۆجیا* لەسەر دال و مەدلوول وەستا بێ، ئەوا (هەموو گوتارێکی دال هێرمینۆتیکایەو تەئویلیشە، چونکە شتێك لە بارەی بابەتێکەوە دەڵێ. لێرەدا هێرمینۆتیك دەبێتە زانستی گشتی تەئویلی دەلالەتەکان)[٢]. ئەم دەلالەتانەش لە میانی نوێکردنەوەی واتاکانی پێشووی و بەبەردابڕینی واتای تازە لە ئەنجامی کردەکەدا، دووبارە بەرگێکی دیکەی بە بەردا دەکرێ، کە پێکهاتەیەکی دیکە لەخۆ دەگرێت و وا دەکات دەق هەمیشە لە خۆ نوێکردنەوەدا بێت، چونکە سروشتی دالەکان بە نوێبوونەوەیان زیاتر دەق بەرەو نائاساییبوونی واتا دەبەن، لەوەشدا شیعرییەتی دەق پتەوتر دەبێت.

هێرمینۆتیك وەك میتۆدێکی خوێندنەوەی دەق، پەیوەندی بە چەمکەکانی تری ئەدەب و ڕێبازەکانی ترەوە هەیە، بەو پێیەی بە تەنیا ناتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ و پێویستە بە هاوکاری چەمکەکانی

---

١- هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، د. مليكة دحامينة، اتحاد كتاب العرب، دمشق،٢٠٠٨ ص ٤٧

* سیمیۆلۆجیا وەك زانستێکی نوێ لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەسەر دەستی دوو زانا دەرکەوت، کە یەکێکیان فەیلەسوفێکی لۆجیکی ئەمریکی بوو ناوی چارلز ساندرز پیرس Charles Sanders Peirce (١٨٣٩- ١٩١٤) بوو، کە ناوی زانستەکەی نا سیمیۆتیکا semiotics. زانایەکەی تر زمانەوانی سویسری فردیناند دی سۆسێر Ferdinand de Saussure (١٨٥٧- ١٩١٣) بوو، کە ناوی لە زانستەکە نا سیمیۆلۆجیا semiology. بۆ زیاتر زانیاری لەو بارەوە بڕوانە: (الاتجاه السيميائي في نقد الشعر العربي، غريب اسكندر، سلسلة الفكر العراقي الجديد، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ٢٠٠٩، ص١٧.)

٢- هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، ص٤٧

ترەوە لە دەق بڕوانێ‌و چاودێری پەیوەندییە ناوەکییەکانی ناو دەق‌و ڕێکخستنەکانی بکات‌و مەوداو مەداری هێڵە گشتی‌و تایبەتییەکانی دەق ئاشکرا بکات. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین: هەموو وردە دەمارو ئێسکەکانی جەستەی دەق بە هۆی هێرمینۆتیکاوە بە تەواوی نیشان دەدرێن. لەسەر ئەم بناغەوە (شیکردنەوەی هێرمینۆتیکیانە لە ڕەخنەی دەلالی "سیمیۆلۆجی"یەوە، دەتوانێ واتای ناوەوە لە کارێکی ئەدەبی ئاشکرا بکات، هەروەك لە شیکردنەوەی ڕەمزییانەی ئەدەب، هەموو ڕەمزو ئەفسانەکان، کە لەناو دەق هاتوون شییاندەکاتەوە. هەر لە ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایشەوە سپیاتی ناو دەق‌و ئەوەی قسەی لەسەر کراوە دەریدەخات‌و چاودێری واتا دەکات لە ڕووی لادان‌و نائاساییبوون... بۆ ئەوەی (مەبەستی نووسەر)و (دەسەڵاتی دەق) لە دایەلۆگی نێوان خوێنەرو دەقدا بەرجەستە بکات) [1]. بەو پێیە هەرچی لە خزمەت دەرخستنی ڕووە شاراوەکەی ناو دەق بێت، دواجار دەبێتەوە کەرەستەیەك بۆ خوێندنەوەیەکی تر بۆ دەقەکە، چونکە ئەم هەماهەنگییە بۆ سازاندنی خوێندنەوەکە، خوێندنەوەکە بە ئاقارێکی فرە ڕوانین دەبات، لە سۆنگەی ئەوەی هەتا کەرەستەکانی هەماهەنگی جیاواز بن، خودی خوێندنەوەکەش لە جوغزی تاك ڕێڕەوی‌و تاك ئایدۆلۆجیایی دێتە دەرەوەو سروشتێکی تر بە مەسەلەی ڕەخنەی ئەدەبی دەبەخشێ.

بێگومان ئەگەر هێرمینۆتیك بە میتۆدی خوێندنەوە حسێب بکرێ، ئەوا هەمووی بۆ ئەوەیە دەمارەکانی ناو دەق بجولێن‌و لەو کەشە چەقبەستووە ڕزگار بێت، کە تاکە واتایەك بەبەر دەق دەکرێ‌و ئەویش لەنێوان پێکان‌و نەپێکاندا دەسەنگرێتەوە، چونکە وەك (ئەمبرتۆ ئیکۆ) دەڵێ: (تیۆرە تازەکان دەڵێن تاکە خوێندنەوە بۆ دەقەکان خوێندنەوەیەکی هەڵەیە) [2]. بەو پێیەی لە نێوان ئەگەری ڕاستبوون‌و ڕاستنەبووندایەو دەق بەرەو یەك ئاراستە دەبات، کە دواجار هەموو دەمارو هێڵە پەنهانەکانی ناو دەق ئاشکرا نابن.

سیمیۆلۆجیا دەرفەتێکی وا دەرەخسێنێ، کە وشە هەمان ئەو وشە فەرهەنگییە ڕووتە نەبێت، بەڵکو لەگەڵیدا وەرگر بەرەو جیهانبینییەکی تر دەبات، ئەم جیهانبینییە جوڵەو لڤین بە وەرگر دەبەخشێ، کە تێیدا لەناو بوونی خۆی‌و گەردووندا هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ چەمکی ترو واتای تر دەدات، لەبەرئەوە ئەگەر کردەی بیرکردنەوەی وەرگر، مەرج نییە لە هەموو وشەیەك ڕووبدات، ئەوا (سیمیۆلۆجیا ڕێگامان دەدات، بیر بکەینەوەو پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر ببەستین، واتایەك ببەخشین، کە گەردوون بۆ ئێمەی پێشبینی دەکا). [3] لە هەمان کاتیشدا (هەموو تەئویلێکیش هەوڵدانە بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی دایەلۆگ لەنێوان لێکدەرەوەو دەق) [4]. بەم شێوەیە خودی ئەم هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی واتای تر، بەرەو ئاراستەکانی لێکدانەوەمان دەبات‌و باشترین پەیوەندی لەگەڵ هێرمینۆتیك دەسازێنێ. پەیوەندی ئەم دوو چەمکە لەوەدا لەیەکتر نزیکدەبنەوە، کە ئەوەی پێی دەگوترێت (زانستی نیشانەکان "سیمیۆلۆجیا"،

---

١- اتجاهات التأويل النقدي من المكتوب الى المكبوت، محمد عزام، الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠٠٨، ص٣٥٣

٢- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

٣- العلاماتية وعلم النص، (نصوص مترجمة)، اعداد وترجمة: منذر عياشي، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤ ص٣٤

٤- الاتجاهات النقدية الحديثة، عمر كوش، دار كنعان للدراسات والنشر والخدمات الاعلامية، دمشق، الطبعة الاولى ٢٠٠٠، ص٤٣.

بریتییە لە زانستی راڤەکردنی واتا دەلالی و رەمزو هێماکان... هتد)[1] و هێرمینۆتیکاش لەسەر بنەمای راڤەی راڤە وەستاوەو یان خودی راڤەکردن (التفسیر) کۆڵەگەیەکی گرنگی تەئویلە، چونکە لە هەموویدا کار لەسەر واتا شاردراوەکانی ناو دەق دەکرێ، بۆیە ئەگەر پێشتر زمانەوانی هەوڵی ئەوەی دا بێت، کۆدەکانی زمان شیبکاتەوەو وشە بە وشەو مۆرفیمو یەکە زمانییەکان بخاتە بەر مەکینەی لێکدانەوەوە، ئەوا سیمیۆلۆجیاش (درێژەپێدەری زمانناسییە)[2]. لەبەرئەوە ئەمە وەك زنجیرەیەك وایەو دەشێ بگوترێت: لە مەیدانی زمانناسییەوە ئەوەی نەکەوێتە بەر راڤەکردنی تەواوەوە، پەنا بۆ سیمیۆلۆجیا دەبردرێ، تا لە روویەکی فراوانترەوە دەق لەخۆ بگرێت، چونکە لە کوێ زمانناسی نەیتوانی پەی بە نهێنییەکانی دەق ببات، لەو شوێنە سیمیۆلۆجیا کاری خۆی دەکات. بەو پێیەی (سیمیۆلۆجیا سنووری تاکە رستەیەکی زمانی دەبڕێتو بەرەو لێکۆڵینەوەی گوتار بەگشتی دەچێت... بەلای سۆسێر*یشەوە سیمیۆلۆجیا لە زمانناسی هەمەلایەنترو فراوانترە، چونکە پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەی سیستەمی دال، جا چ زمانی، یان نازمانی بێت، هەرچی زمانناسیشە تەنیا بە سیستەمی زمان پەیوەستە)[3]. لەو نێوەندەشدا وردەکارییەکانی ناو سیمیۆلۆجیاو قووڵبوونەوە تێیدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەچێتە ناو بواری هێرمینۆتیك، چونکە لە هێرمینۆتیکادا مەرج نییە راڤەکردنەکە تەنیا زمانی بێت، بەڵکو دەشێ رووبەری دەق بگرێتەوەو لە گۆشەنیگایەکەوە کۆدو رەمزە ئاڵۆزەکانی دەق بخوێندرێتەوەو مەرجیش نییە تاك واتایی بەرهەم بهێنێ، بەڵکو ئەوەی گرنگە خودی کردەکە، فرەواتایی بەرهەم بهێنێ، ئەم فرەواتاییەش هەر بە تەنیا لە ئاستی وشەو رستە نەبێت، بەڵکو خودی گوتارەکە سەرلەبەری لەگەڵ خوێندنەوەیەکدا شەنو کەو بکرێو ئاراستەکەی لەگەڵ خوێندنەوەی پێشتر تەواو پێچەوانە بێت.

### ٣-١-٢ خودێتیو دەرکەوتەکانی لە شیعری مەحوی دا

لەسەرەتادا پێویستە ئەوەمان لا ڕوون بێت، کە پرسی منو خودێتی لە چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا لێی دەکۆڵدرێتەوەو لەگەڵ چەمکەکانی تری ئەو زانستە خۆی بەرجەستە دەکات. بەتایبەتی لەمەڕ خودو بابەت، وەك دوالیزمێك لەو ستراتیژییانەی، کە واتا بەرهەم دەهێننو دەبنە داینەمۆیەك زیاتر وەرگر دنە دەدەن بۆ ئەوەی لە واتادا قووڵ ببنەوە، رۆڵ دەبینن. لە هەمان کاتدا جۆرێك لە ئیشکالییەتیش لەناو دەقدا دەخەنەوە، بەوەی خاڵی سەرەکیی لە خودێتیدا مەبەستدارییە، بەو واتایەی نیازو مەبەستی نووسەر زیاتر لەناو قەپێلکی خودو منێتیدا خۆی دەگرخێنێ، وەك لە چاو سەرتاپای دەقدا، چونکە بەشێك لە سێبەری دانەری لەخۆگرتووەو چەمکی (من) لەناو دەقدا دەبێتە هەڵگری بنەمایەکی مەعریفیو کۆمەڵایەتیو هزری لە خودی نووسەرو ژینگەو بارودۆخەکەیو،

---

١- اتجاهات التأويل النقدي من المكتوب الى المكبوت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦

٢- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

* سۆسێرFerdinand De Saussure (١٨٥٧-١٩١٣): زمانەوانێکی سویسرایییە، بابەتی تێزەکەی (موزاف لە زمانی سانسکریتی) بوو، لە جنێڤ خوێندویەتی، پاشان لە پاریس گیرسایەوە، لە ساڵانی ١٨٨٠-١٨٩١ لە قوتابخانەی خوێندنی باڵا (سینتاکسی بەراوردکاری) خوێندووە، پاشان گەڕایەوە بۆ جنێڤ. لەدوای خۆی لەساڵی ١٩١٦قوتابییەکانی وانەکانی ئەویان بە ناوی (زانستی گشتی زمان) بڵاوکردەوە. بڕوانە (الاسلوبية والاسلوب، عبدالسلام المسدي، ص ٢٤٨)

٣- اتجاهات التأويل النقدي من المكتوب الى المكبوت، ل١٨٧

ناتواندرێ قسە لەبارەی مەبەستی دەق بکرێ‌و (من) بە مەدلوولەکانیەوە فەرامۆش بکرێ، بۆیە ئەگەر لە چوارچێوەی پێکهاتە (ترکیب)ی دەقەوە، چەندە لە چنینی دەقدا گرنگ بێ، ئەوا زیاتر لە ئاستی ژێرەوەو لە دیواری پەنهان‌و تاریکیی دەقدا گرنگە، لەبەرئەوە نەك هەر لە بونیادی گشتی‌و نیازی سەرتاپای دەقەوە، بەڵکو لە جۆری وشەو سیمیۆلۆجیاشداو لە بچوکترین یەکەوە، کە دەنگ‌و وشەن، تا گەورەترین یەکە کە دەقە، دەبێ لەبەرچاو بگیرێ بۆ لێکدانەوەو گرتنەبەری پرۆسەی تەئویل وەك بەشێك لە تێگەیشتن.

لە هەمان کاتدا، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە خودی زمان لە کرۆکدا گوزارشتکردنە لە خود، بۆیە ئامادەیی خودی نووسەر لەناو دەقدا نکۆڵی لێ ناکرێ، بەتایبەتی لە پرسی هێرمینۆتیکادا، ناکرێ بە تەنیا دەق وەربگیرێ‌و نووسەری لێ جویبکرێتەوە. لەبەرئەوە قسەکردن لەبارەی سیمیۆلۆجیاو نیشانەو دال‌و مەدلوولەکان، وەرگر دەخزێنێتە ناو کەڵکەڵەی دۆزینەوەی خودی نووسەرو هەستکردن بە هەژموونی خودی نووسەر لەناو دەقداو لە نێویشیدا، دۆزینەوەی واتاو مەبەستەکان. هەر لەو سیاقەشدا واتا بە فرەیی بەرهەم دێت، چونکە (من‌و خود) لەگەڵیدا چەندین کایەی دیکەی واتا لەخۆ دەگرێت. بەتایبەتی لەوەدا کە (من) لەگەڵ باری دەروونیدا، خۆی پەیوەست دەکات‌و جیهانی دەروونیش هاوتای باتین‌و ناوەڕۆکەو، دەست پێی گەیشتنی، تەئویل دەسازێنێ. لەو میانەشدا پرسەکانی سۆفیگەری لە باتین‌و دەرووندا، خۆیان جێگیر دەکەن، بۆیە ئەم بابەتە دەبێتە کێڵگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی واتاو فرە ئاراستەیی لە تێگەیشتنی وەرگر بۆ خودی دەق‌و خودی نووسەرو هەموو ئەو پاشخانە مەعریفی‌و دەروونییەی، کە گوتاری نووسەری لەسەر وەستاوە.

مامەڵەکردن لە بارەی پرسی خودو منێتی لەگەڵ شیعرەکانی مەحویدا، مامەڵەکردنێکی تایبەتە، چونکە مەحوی هەمان مامەڵەی شاعیرانی سەردەمی خۆی لە تەك شیعرەکانی نەکردووە، بە جۆرێك خودی گوتاری شیعر لای ناوبراو، گوتارێکە ئامانج لێی شیعر نەبووە، بەڵکو خۆ دواندنێکی رۆحییەو لەناویدا پەیامێکی وای گەیاندووە، کە ستراتیژییەتی بیرو ئایدیای خۆی بووە لەمەڕ پرسی تەسەووف‌و جیهانی باتینداو لەم خاڵەشدا، چەقی پرسی خودو منێتی، ئەگەر بەو چاویلکەوە سەیر بکرێ گۆڕانی بە سەردا دێت. قووڵبوونەوە لە شیعرەکانی ئەم ستراتیژییەتە نیشاندەدات، بە ڕەچاوکردنی دوالیزمی من‌و ئەوانی تر، چونکە بە بێ ئەوانی تر (الأخر)، بەهای (من) لاسەنگ دەبێت. لەبەرئەوە لێکدانەوەی مەبەستی راستەقینەی (من)ی شاعیرو منەکانی تر بەم کردەیە، هەنگاوێکی دیکە دەچێتە پێش‌و هەوڵێك دەبێ بۆ ئەوەی لەگەڵ چەقی (من)دا، مەبەستی دیکەی دەقیش خۆی ئاشکرا بکات.

بە ڕامان لە تەواوی شیعرە کوردییەکانی (مەحوی) دا، بە پشت بەستن بە میتۆدێکی هێرمینۆتیکیانە لەبارەی پرسی خودو منێتی دا، لە نێوان ئامانجە دیارو نادیارەکانیدا، سەبارەت بە وەرگر، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە بە گوێرەی سیاق‌و جۆری بیرکردنەوەی شاعیر، کەشی هەستکردن بە (من) دەگۆڕێت‌و ئەم گۆڕانکارییە کەشێکی پڕ لە گۆڕانکاریش لای وەرگر دەسازێنێ، کە خۆی لە قەپێلکی زمانێکی تایبەت شاردۆتەوە. ئەم زمانە تایبەتەش لە چوارچێوەی بنەما سۆفیگەرییەکانەوە زیاتر پتەو دەبێت، چونکە پاساوی زیاتر لە خۆیدا بەرجەستە دەکات‌و ئەم پاساوەش، پاساوەکانی وەرگر لە هەمبەر فرەتێگەیشتن‌و فرەلێکدانەوە لای وەرگر بەهێزتر دەکات. لە سۆنگەی ئەوەی لە شیعری سۆفییانەدا وەرگر تا ئەم

ئەندازەیە گرنگە، کە گرنگییەکەی لای خودی شاعیر ئامانجە، بەو واتایەی ئەگەر لە غەزەلی ناسۆفییانەدا بەشێك، یان زۆربەی ئامانجەکانی شیعر لە کەف و کوڵ و هەست و سۆزی شاعیرو ئامانجی تایبەتیدا، قەتیس بووبێت و ئەزموونی هەڵقوڵاوی هەستی، ماوەیەکی دیاریکراوی شاعیر بووبێت، ئەوا گوتاری سۆفییانە لەناو شیعردا وێڕای ئەوەی درێژەپێدەری ستراتیژییەتی پێشووەو ئامانجەکەی گەیاندنی پەیامە بۆ وەرگرێك، کە وەرگرەکە بۆن و بەرامو ستراتیژییەتی ئەم گوتارەی پێبگات و لە پێناو گواستنەوەش بێت بۆ نەوەکانی تر. بۆیە ئامانجەکە لێرەدا دوورترو هەگبەدارترە، لەبەر هەندێش ئەگەر مردنی نووسەر لە دەقە ناسۆفییەکاندا، تا ڕادەیەکیش بۆ یەکێك لە ڕێبازە ڕەخنەیی و ئەدەبییەکان سوودمەند بێت و سەرکەوتن بەدەست بێنێ، یان فەرامۆشکردنی وەرگر تا ئەو ئەندازەیە بێت، کە بونیادگەراییانە لە چوارچێوەی دەق بخولێتەوە، ئەوا ئەم مامەڵەیە بۆ شیعری سۆفییانە دروست دەرناچێ، چونکە بنەمای گوتارەکە لەسەر گەیاندنی پەیام و ئامانجەکەیە بۆ وەرگر. لەبەرئەوەشە چەمکی (من) لە شیعری سۆفییانەدا دەبێ زۆر بە هەند هەڵبگیرێ، چونکە ستراتیژیەتەکەی پێ ڕوون دەبێتەوەو جۆری ئامانجەکەشی پێ دیاری دەکرێت، کە هەر ئەمەش دەبێتەوە بە کەرەستەو بناغەی کردەی تەئویل.

### ٣-١-٣ مەحوی لە نێوان منی سۆفییانەو خودبینی و منی شیعریدا

ئەوەی مەحوی لە شاعیرانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی من و خوددا، جۆرە تایبەتمەندییەکی لە خۆدا بەرجەستەکردووە، کە لای ئەوانی تر بەم شێوەیە نییە، یان بە دەگمەن دەبینرێ، ئەویش هاوسەنگیی دروستکردنە لە نێوان منەکان. بە واتایەکی تر بەکارهێنانی (من)، هەر لە بنەڕەتدا جۆرێك ئیشکالییەت دەسازێنێ، بە تایبەتی وەرگر لە نێو دەقدا بۆ دۆزینەوەی خودی ڕاستەقینەی شاعیرو لێکجیاکردنەوەی منەکان تووشی گرفت دەبێتەوە، گرفتەکەش بە خوێندنەوەی سەرچاوەکانی بیری شاعیرو بنەماکانی سۆفیگەری کاڵ دەبێتەوەو ڕێگا خۆش دەکات من لە چوارچێوەی یاریی زمانی و هەروەها لە بۆتەی ستراتیژییەتی گوتاردا خۆی هەڵاوێرد بکات.

ئەگەر چی لە ڕوانگە فینۆمینۆلۆجیەکە، (من) وەك دیاردەیەکی ناو (بوون) وەربگرین، یان لە ڕوانگە سیمیۆلۆجییەکە وەك دالێك تەماشای بکەین، ئەوا لە هەردووکیاندا (من هەستکردنە بە بوونی خودێکی بەردەوام و پەرەسەندوو پەیوەندیکردن لەگەڵ جیهانی دەرەکی و تاقیکردنەوەو ڕۆشنبیرکردن، پاشان بە بیرکردنەوەو زانین، ئەم (من)یش چەقی کردارەکانە، کە مرۆڤ لە دەوروبەری دەیکات و ئامانجەکانی تێدا دێنێتە دی و ئەو ناکۆکیانەشی پێ چارەسەر دەکات، کە بەربەستن لە بەردەم هیوایەکان)[١] و مەدلوولەکەش لە چوارچێوەی چەمکەکانەوە بە گوێرەی ڕێسای گوتارەکانیانەوە خۆی نیشان دەدات. لەوەشدا لەناو دەقی ئەدەبیدا خۆی لە جوغزە ڕێزمانییە هەواڵدانییەکە دێنێتە دەرەوە، کە کاری تەنیا تەواوکردنی ڕستە بێت و بەس، بەڵکو دەبێتە هەڵگری گوتارێك، کە تەواوی، یان بەشێکی دیاری ستراتیژییەتی شاعیرو دەقی لەسەر بونیاد دەنرێ.

---

١- المعجم الادبي، جبور عبدالنوور، دار العلم للملايين، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٧٩، ص٣٦

لەپاڵ (من) ی ئاساییدا، خودبینیو خۆپەرستی، کە ڕووبەرێکی تەسکی لە (خود) گرتووە، نیشانەی پرسیار دەخرێتە سەر خودی مرۆڤ ئەگەر تێیدا بەرجەستە بێ، چ جای ئەوەی مرۆڤەکە شاعیریش بێ، لەناو شاعیربوونیشدا سۆفی بێ، چونکە ئەم هەستکردن بە خودبینییە، کە دواتر لە خەسڵەتدا خۆی نیشاندەدات، بەربەست دەخاتە بەردەم ساغیو دروستی پەیامەکەو لە مرۆڤ پەروەرییەوە دووری دەخاتەوە، ئەمە لە زاراوەی سۆفیاندا ناوی خودبینی یان (ئەنانییەت*) ی لێ نراوە، کە (بەندە، هەموو شتێ ئیزافەی سەر خۆی بکاتو وەك بڵێ نەفسم، ڕۆحم، زاتم. یان بریتییە لە حەقیقەتێك، کە لە لایەن بەندەوە هەموو شتێ ئیزافەی سەرخۆی بکات، وەك بڵێی نەفسم، ڕۆحم، دەستم، ئەمانەش هەموویان هاوبەشدانانێکی پەنامەکین، یاخود حەقیقەتو باتینت جگە لە (حەق) بێتو نەفیکردنی منێتی واتای "لا إله" یەو جێگیرکردنی حەقیش لە دەروونو باتیندا واتای "الا الله" یە. بە دەربڕینێکی تر خودبینیو ئەنانییەتی حەق وجوودییەو ئەنانییەتی ئێمەش عەدەمییە)[1]. ئەمە لە ڕوانگەیەکی سۆفییانەیە، بەمەش پشتیوانی شاعیر لەم بۆچوونە وێڕای سەلماندنی ئەوەی، کە پەیڕەوی پێشینانی سۆفییانی کردووە، ئەو کاریگەرییەشی بە سەردا جێدەهێڵێ، کە پرسی شانازیکردن بە خود لە دەقەکانیدا کەم ببێتەوە، چونکە بەرهەمی ئەم بۆچوونەی سەرەوە، دەبێ لە ئەزموونی کردەییدا ڕەنگبداتەوە. شیعرو مەیدانی ئەدەبیاتیش بە لای سۆفییەکانەوە، چونکە بەشێکە لە ئامانجی دوورو درێژیان، بۆیە لە چوارچێوەی مەیدانە کردەییەکەدا حسێبی بۆ دەکرێ.

(مەحوی) بە داننان بە پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایە، زۆر ئیشکالییەتی لە بەردەم لێکۆڵەری بواری تەئویلدا کاڵ کردۆتەوە، چونکە بەشێکی (من)و خودبینی پێوە ڕوون دەبێتەوە بۆ لێکدانەوەو دەروازەیەك لە بەردەم منەکانی تریش دەکاتەوە:

ببیە لەمن، درەختی (منی) لەعنەتە بەری

یەعنی بکە لە کیبرو ئەنانییەت ئیحتیراز /١٣٥

مەحوی ئەم خودبینیو ئەنانییەتە بە تێگەیشتنە ئاینییەکەیەوە گرێ دەدات، کە لەگەڵ خۆ بەزلزانین (کیبر) هاوتا دەبنو دەبنە تەواوکەری یەکتری، لەگەڵ تێگەیشتنە سۆفییانەکەشدا دەچێتە چڵەپۆپە، بەوەی ئەنانییەت لوتکەی ئەو ڕێگایەیە، کە لە کردەی دەروون (نەفس)ەوە سەرچاوە دەگرێ، پەیوەستکردنی بە دەروون لە شیکردنەوەی چەمکی خودبینییەکەوە دێت، کە ئەنانییەت (پەیوەستبوونێکی ناسروشتیو نائاساییە بە دەروونو ئەوەی لێوەی دەردەچێ، بەبێ ڕەچاوکردنی هەڵوێستو بەرژەوەندی ئەوانیتر)[2]. هەتا ئێرە ئەم بۆچوونە بە سەر هەموو سۆفییەك دەگشتێنرێ، کە بەم شێوەیە دژایەتی دەروونو خودبینی بکات، بەڵام بۆ شاعیرێکی سۆفی کاریگەرییەکە بۆ سەر دەقە

---

* ئەنانییەت Egoism: وێڕای بنەما سۆفیگەرییەکە، ئاراستەیەکی فەلسەفیشە، ئاماژەیە بۆ هەوڵی (من) بۆ سوودی تایبەتیو کەسی، یان بەرژەوەندیی خودی. ئەم فەلسەفەیە بڕوای بە وروژاندن، یان بەرژەوەندی گشتی نییە، بەڵکو بڕوای بە بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانی تاك هەیە، ئەگەر ئەم دەسکەوتانە لەسەر حسێبی هەموانیش دا بێت. (سجن التفكيك- الاسس الفلسفية لنقد مابعد البنيوية، لا٢٩٧)

١- كشاف اصطلاحات الفنون، الشيخ العلامة محمد على بن على بن محمد التهانوي الحنفي، وضع حواشيه احمد حسن بسيج، المجلد الاول، دار الكتب العلمية بيروت، الطبعة الثانية، ٢٠٠٦، ص١٣٢

٢- المعجم الادبي، جبور عبدالنوور، ص٣٦

ئەدەبییەکەش دەگوازرێتەوەو لەناو دەقدا بە گشتی خودبینی کاری خۆی دەکات. لەبەرئەوە ئەگەر لە ڕوانگە ئیستێتیکییەکەوە وەربگرین، ئەم جۆرە لە لوتکەی زلی دەروون (دەبێتە هۆی زاڵبوونی ئەنانییەت لەناو بەرهەمی ئەدەبی، یان هونەری، لە چوارچێوەی تاکڕەوی (الفردیة)داو دەرخستنێکی لە ڕادەبەدەری خودو دوورکەوتنەوەی لە کێشەکانی کۆمەڵگا، لەوەشدا لەباری توندوتیژیدا زۆر بە ڕوونی نەرجسییەتی لێ بەرهەم دێت)[1]. لەبەر ئەمەشە مەحوی هێندە بە ڕاشکاوی ئەم بارەی دەروون دەخاتە ڕوو، کە لە پێشتریشدا لە کۆی سەرزەنشتەکانی بۆ دەروون و بێزاربوونی لە دەروون (نەفس)ی بەد، نیشانەی خۆداڕنین و هەوڵدان بۆ خود، وەرگرتنە لەم جۆرە خودبینی و من پەرستییەدا. لەو ڕوانگەشەوە بەشێکی زۆر لە (من)ە ئاساییەکانی تر، کە خۆیان دەخەنە چوارچێوەی منی سۆفییانەوە گوزارشتن لە کۆمەڵگا، بەو واتایەی قسەکردن لەگەڵ خود، دواندنی هەموو ئەو کەسانەیە، کە هەمان ژانی مەحوییان هەیە. ئەمەش سەلمێنەری تێکەڵبوونە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، بەڵام مەرج نییە بە جەستە بێ، بەڵکو بە ئامانج لێیان دەڕوانێ و دەیەوێ لەو ئامانجەشدا کۆیان بکاتەوە.

شیعری ( **لەناکەس کاریا**)، کە لە پاڵ خۆشاردنەوەی لە چوارچێوەی ستراتیژییەتی ئاینیدا، لە ناویدا بە گوتاری سۆفییانە ئاخنراوە. (من) لەم شیعرەدا، وێڕای ئەوەی گوزارشتە لە منی مەحوی لە کاتی پیریدا، بەڵام چنینەکەی بەم زمانە پڕ لە ڕیزکردنەی چەمکە سۆفیگەرییەکان، نووزانەوەو سکاڵاکردن لە دژی دەروون (نەفس)، کە جەنگە سۆفیگەرییەکە لە بەرامبەر دەروون نیشاندەدات. لە دواجاردا، تەنیا بە مەحوی تایبەت نابێ، بەڵکو منەکانی تری کۆمەڵگاش لەگەڵی ئاوێتە دەبن و بە منی خۆیانی دەزانن:

**لەناکەس کاریا خاکم بەسەر رۆیی بەباعومرم**

**خودا تۆ بمژێنە تا لەبەر قاپی کەسێ دەمرم** / ٢٢٠

هەر لەسەرەتادا، گوتارەکە نیشاندانی (من)ی ئاساییە، تا شیعرەکەش بەرەو کۆتایی دەچێ، (من) چەقی پێکهاتنی دەقەکەیە، واتە شیعرەکە بە بێ (من) هیچ واتایەك نابەخشێ، تا لە کۆتاییەکەدا جەمسەری دژی خودبینی (ئەنانییەت)، ئاشکرا دەکات و لە بچووکترین پلەی خۆبەکەمزانیندا خۆی دەدۆزێتەوە، کە نیشانەی تەواو تێکشکاندنی پلەی ئەنانییەتە:

**لەمن نازانم ئیتر نەفسی بەدخوو چی دەوێ (مەحوی)**

**کە بەد ئەفکارو بەد ڕەفتارو بەد گوفتار بەد طەورم** /٢٢٢

داننان بە ڕاگەیاندنی شەڕکردن لەگەڵ دەروون، لە سۆنگەی ئەوەیە، کە بڕوای بە خودبینی نییە، بەڵام ئەو لەناخیدا نامرێ و هەمیشە لە هەڵپەی ئەوەدایە، کە بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، وێڕای ئەوەی، کە ئامانجە دەروونییەکانیشی هێناوەتە دی، کە خۆی لە خراپی بیرو گوفتارو ڕەفتارو ڕەوشتدا دەبینێتەوە. لێ دەروون داوای زیاتریشی لێ دەکات. بە واتایەکی تر، خۆدۆزینەوە لەناو جیهانی سۆفیگەریدا، لاکەوتنە لە نغرۆبوون لە دونیایەکی عەدەمی، چونکە لێرەشدا پرسی وجوودو عەدەم خۆی دەخزێنێتەوە ناو جیهانەکە، بەو پێیەی هەموو ئەوانەی لە خودبینیو خودپەرستیدا نغرۆبوون، ئەوا لەناو وجوودێکی

---

[1]- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

راستەقینەدا ونن و کەوتونەتە بارێکی عەدەمی. ئەم عەدەمییەش لە چوارچێوەی نغرۆبوون لەدونیادا خۆی بەرجەستەدەکات، کە حەقیقەتی لێ ونەو ناتوانێ بەرەو حەق هەنگاو بنێ.

هەرچی پەیوەندی بە منی شاعیرەوەیە، ئەوا ئەو کاتە لە ناو دەقدا خۆی بەرجەستە دەکات. وەك منێکی ئاسایی، کە گوزارشت لە خودی نووسەر بکات، بە شێوەیەك ڕیتمێکی فەلسەفی لە بوونی خۆیدا بێنێتەکایەوەو ببێتە ناسنامەیەك تەواوی دەق لە خۆیدا هەڵبگرێ. لەوەشدا (دیکارت)انە (وەك پرەنسیپێکی دیالێکتێکی هەردوو منی ئەنتۆلۆجیاو منی ئەپستمۆلۆجیا، بە یەکەوە پەیوەستدەکات و مەعریفەیەکی دیکە دێنێتە کایەوە، کە بریتیە لە منی بیرکەرەوە)[1]. ئەم منی بیرکەرەوەیە منێکە هۆش تێیدا قەڵەمڕەوەو بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ چەمکەکان دەکات، بەڵام بە هۆی کاریگەریی دەروونی و کۆمەڵایەتی و بنەمای ژینگەی کۆمەڵگاوە، دەشێ منەکە لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا قەتیس بێت، بەوەی ئەوەندەی پەیوەندی لەگەڵ خودبینی و ئەنانییەتەوە دەبەستێ، ئەوەندە بنەما سۆفیگەرییەکە ڕەچاو ناکات. لەوەشدا شاعیر وەك پەیڕەوێکی سۆفییانە دژایەتی خۆی لە هەمبەر ئەنانییەت ڕادەگەیەنێ، بەڵام ناتوانێ کاریگەری ئەم خودبینییە لەسەر بەرهەمەکانی کەم بکاتەوە، چونکە خودی خودبینی لە ڕووی ئێستێتیکییەوە سەردەکێشێ بۆ زاڵبوون بەسەر بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان، کە بە دەوری تاکڕەوی (الفردیة) دەسوڕێنەوە* و وادەکات جۆرێك لە شانازیکردن بە بەرهەمە ئەدەبییەکە نیشان بدات، لەوەشدا دوو ئەگەری بۆ هەیە:

١- شاعیر دەشێ لەم حاڵەتەدا وەك هەر شاعیرێکی تر شانازی بە بەرهەمی شیعری خۆی بکات، لەوەدا منەکە گوزارشتە لە منی شیعری، نەوەك منێکی سۆفی، چونکە مەرج نییە هەموو دەقەکانی شیعری شاعیرێك بنەمای سۆفیگەرییان تێدا بێ، دەشێ لەوەدا شاعیر لە ڕووی دەروونییەوە نەیتوانیبێ خۆی لە کۆمەڵگە جیابکاتەوە، وێڕای ئەوەی شاعیرێکی وەك مەحوی خۆی قەیرانی دەروونی هەبووە لە پرسی سەرزەنشتکردنی دەروونندا.

٢- دەشێ بەرهەمە ئەدەبییەکەش بە بەشێك لە کردەی سۆفیگەری دابنرێ، چونکە شیعریش بەشێکە لە گوفتار، لەنێو ئەم گوفتارەشدا فەلسەفەو ئایدۆلۆژیاو پرەنسیپەکانی بیرو مەعریفەی شاعیری تێدا بەرجەستە بووە، لەوەشدا شانازیکردن بە هەوڵ و کۆششەکانی گوزارشتکردنە لە منێکی شیعری، کە ئەویش بە شیعر دەتوانێ خزمەتێك پێشکەش بکات و شانازییەکەش بۆ زمان و گەمە زمانییەکان و وێنەکان و چنین بە گشتی دەگەڕێتەوە، نەوەك نزیکبوونەوە لەو خودبینی و ئەنانییەتە دەروونییەی، کە بە زەرەری بنەمای سۆفیگەری تەواو دەبێت.

هەوڵدانی (مەحوی) بۆ شانازیکردن بە شیعرەکانی، لەچاو منی سۆفییانەو منێکی خۆ بەکەمزانانە، ڕووبەرێکی ئەوەندە فراوانی نەگرتۆتەوە، تەنانەت لەناو ڕۆحی شانازیکردنەکەشدا، وەرگر جۆرێك سادەبوونی شاعیر هەست پێدەکات و دەردەکەوێ، کە شاعیر لەوەشدا ترسی ئەوەی هەیە لە ئەنانییەت نزیك بێتەوە، بەڵام مەبەستەکە شیعرە، نەوەك دەروون:

**لە هەر شیعرێ لە دیوانت دەجۆشێ نەشئەیێ (مەحوی)**

---

١- تجليات الأنا في شعر ابن الفارض، عباس يوسف الحداد، سلسلة كتاب رابطة الادباء في الكويت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠م، ص١٩٣

* وەك لە لاپەڕەی پێشوو ئاماژەمان پێدا.

صەداییێکی لە یەکتر جویێ دەدا هەر تاری قانونت / ٧٥

ئەم دێرە شیعرە لەناو ئەو غەزەلەی کە هاتووە، هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە پێنج دێرەکەی پێش خۆیەوە نییە، بەڵکو شێوەیەك لە کاردانەوەیەو خۆدواندنە دوای نائومێدبوون. بە واتایەکی تر لە دوای هەوڵدان بۆ گەیشتن بە عیشقی حەقیقی لە غەزەلەکەدا، شاعیر ئامانجی سۆفییانەی خۆی وەها دەردەبڕێ، کە لە هەر دەقێکیدا جۆرێك لە نمایشی رۆحو گەشەی رۆح بەرجەستەبووە، کە جیاوازە لەوەی تر، ئەمەش دڵدانەوەیەكو ئاسودەیی هێنانە بەسەر دەرووندا، هەر خۆیشی ئەم شانازیکردنە بە منی شیعری بە کۆتا دێر کاڵدەکاتەوە، لە شێوەی موناجاتەوە منە شیعرییەکەش وەك پێکهاتەی ناسنامەی شاعیر لەناو کردەی فەنابووندا، دەخاتە بەردەم خوداوە:

لەچەندو چوونی دونیادا، بە ضایع چونی عومرم چەند!

خودایا بەس بە ضایع چم، بە حەققی ذاتی بێچوونت / ٧٦

مەحوی بە شەرمەوە شانازی بەمنی شیعری دەکات، بەجۆرێك لە ترسی تووشبوون بە خودبینیو ئەنانییەتەوە، جۆرێك لە موناجاتو هاواری خواکردن دەکاتە نوێنەری بیری شانازی، لەوەشدا هەردووکیان بە ئاراستەی یەکتری دەڕۆن، بەڵام چونکە لە دوای شانازییەکە، خودا دەهێنێتە ناو پرسەکە، بۆیە وەك ئەوە وایە جۆرێك لە سەرزەنشتی تێدابێو بە خودی خۆی بڵێ: شانازیکردن بە من بەسەو من لە بەرامبەر خودادا جێگای شانازی تێدا نابێتەوە:

وتی میوەی بەهەشتە شیعری (مەحوی)

خودا نەبڕێ لە باغم داری بەردار / ١٢٠

لە ڕوانگەی سیمیۆلۆجیاو هێنانی وشەی شیعر لەگەڵ دەربڕینی میوەی بەهەشت، بەهۆی کردەی هونەری لێکچواندن، دەرخستنی ئەو هێڵەیە، کە جەمسەرێکی لە بەهەشتو جەمسەرەکەی تری لە دونیایە، بەو واتایەی ئامانجو مەبەست لە پەیامەکانی (مەحوی) ئامانجی دونیایی نین. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی شاعیر لە پێناو گەیاندنی مەبەستەکانیش، بێ بەرهەم نین، کە خۆی لە داری بەردار دەبینێتەوە. کەواتە لەناو رۆحی شیعر بە گشتیو خودی شانازیکردن بە منی شیعریش لای مەحوی، کۆی کردەی پتەوکردنی هێڵی مەحوی یە لە دونیاوە بۆ دونیایەکەی تر، کە بەهەشتو بنەمای حەقیقەتە. پاشان ئەم شانازیکردنە لەم دێرەدا لەسەر زمانی مەحوی خۆی نییە، نیشاندانەکە وایە، کە کەسێکی تر وتویەتی، بۆیە وەك سڵاوکردنو وەڵامی سڵاو هاتووە، ئەو ستایشو پەسنی شیعرەکانی مەحوی دەکا. مەحویش پەسنەکە لە منی شیعری دا دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو وەك نزایەكو وەڵامێك داوای بەرهەم زۆری دەکات، ئەگەر گوایە راستە شیعرەکان میوەی بەهەشتن، چونکە ئاواتی شاعیریش هاتنەدی ئەم مەبەستەیە لە کرۆکدا.

هەمدیس (مەحوی) وەك ئەوەی خۆی شەرم بکا پەسنی شیعرەکانی خۆی بکات، پەنا دەباتەوە بەر جێناوی سەربەخۆی (ئەو)و لەناو کێشمە کێشمی گەنگەشەی منو ئەویتردا پەسنەکە دەخاتەوە پاڵ ئەو، بەڵام جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوان ئەو وەك مەعشووق لەلایەكو، شیعر کە نوێنەری (من– شاعیر)ە لەلایەکی تر دروستدەکات، بەمەش ئەوە شاعیرە پەسن دەکرێ، بەڵام لە بۆنەیەکی ترە، بۆنەیەك کە تێیدا

پێشتر دڵسۆزیی شاعیر خراوەتە ڕوو. لە بەرامبەریشدا خودی شاعیر لە زمانێکی ترەوە پەسنی شیعرەکان دەکات:

**کە سەیری ئاینەی کردو لە پاشان ئەم کەلامەی دی**

**وتی: من هەم بەبێ تیمثاڵو ئەم شیعرانە بێ ئەمثال** / ٢٠٢

نەبوونی هاوشێوەی ئەوو شیعر، بە یەکەوە هاوسەنگییان دروستکردووە، لەوەشدا شانازیکردنەکە بە ئەو زیاتر دراوە، چونکە بە هیچ شێوەیەك شیعر یەکسان نییە بە خودی شاعیر. منی شاعیر شیعرییەتی بۆ وەرگر لە منی شیعر بەهێزترە، لەبەر ئەوە هاوسەنگییەکە ڕێژەی شانازیکردنەکەو پەسنکردنەکەی کەم کردۆتەوە، بەهەمان شێوەی نموونەی پێشووتریش شانازیکردنەکە وێڕای ئەوەی لە زمانی شاعیریش نییە، بەڵام بە موناجاتو نزایەکیش پەسنەکە کاڵ دەکاتەوە، هەروەك هەر لەم غەزەلەداو دوای دوو دێری تر شاعیر دەڵێ:

**چ خۆشە بەم هەموو عیصیانەوە یاڕەببی بمبەخشی**

**ببەخشە. بگرە دۆزەخ خۆڵەمێشی کەم بوو یەك مثقال** / ٢٠٣

نوزاندنەوەو پاڕانەوە لە خودا بە مەبەستی بەخشین لە تاوان، ڕاستەوخۆ کاریگەری پەسنەکە کەم دەکاتەوە، لەبەرئەوە منی شیعری لێرەشدا منێکی بێ هێزکراوە. بەجۆرێك پەسنی شیعرەکە لە خزمەتی کۆی کردەی مەبەستەکانی شاعیرە، ئەگەرنا ئەو بەهایە دونیاییەی لای شاعیر نییە.

وا دەبێ منی شیعری لە بەرەنجامو پەسنی چەمکێکی دیکە دێتە کایەوە، کە بە هەموویان (من) دەخەنە بارێکی دیکە، ئەم گۆڕانکارییە لە من بە شێوەیەکی گشتی، یەکێکە لە پرەنسیپەکانی شیعری سۆفییانە، چونکە خاڵی سەرەکی لە پەیامی سۆفیگەریدا پەیوەندی (من)ـە بە ئەوی تر. ئەمەش جۆرێك دیالۆگی لەناو دەقدا سازاندووەو شێوەیەك ریتمی درامایی پێ بەخشیوە، بۆیە ئەوەی تێبینی دەکرێ لەلای مەحویش، ئەو کاتە لەناو دەقدا هەست بە بوونی منی شیعریو منەکانی تر دەکرێ، کە دەقەکە لەسەر بنەمای منو ئەوی ترو جۆرە دیالۆگێکی درامایی دروست بووبێ، هەر لەسەر ئەو سیاقەوە بە ناچاری دەبێ باس لە (من) بکرێ، لەو نێوەندەشدا منی شیعری دەبێتە بەشێك لە پێکهاتەکە:

**کە داغی سینەمی دی، دەردی دامێ**

**وتی: مۆرت هەیە، صاحێب بەراتی**

**کە شیرینیو تەڕی دی شیعرەکانم**

**وتی (مەحوی) کە میراوی فوڕاتی** / ٢٩٨

تێبینی ئەوە دەکرێ، بونیادی ئەم شیعرە هەر لە سەرەتاوە لەسەر دوالیزمی منو ئەوی تر دامەزراوە، ئەم دوالیزمەش ڕێژەیەکی زۆری لە شیعرەکانی مەحوی داگرتووە، لەلایەکی تریش وەك پاساوێکی خۆبەکەم زانینانەیە لە باسکردنی شیعرەکانیدا، کە بە سێ هەست چنیویەتی، ئەوانیش هەستی چەشتن لە شیرینیو هەستی بینینو دەست لێدانیش لە تەڕبوونەکە، بەوەی بەرهەمەکەی تا ماوەیەکی تریش شیرینی دەبەخشیو لەوەشدا تەڕەکە دالی تەڕبوون بۆ پرسی عیشق، مەدلوولی گەشەو تازەییەو دوورە لە چەقبەستوویيو وشك هەڵاتنو نازیندوویی دەبەخشێت.

گرنگترین کرده لەناو ڕێبازی سۆفیگەری بە گشتیو لەنێو شیعرەکانی مەحویش بەتایبەتی، پرسی فەنابوونە، ئەم پرسە بەبێ (من) ناتوانێ ڕێ بکات، چونکە جومگەی سەرەکیی لە کردەکەدا، لە (من)ەوە دەست پێ دەکات، بۆیە (وشەی فەنا لە دەوری (من)دا دەخولێتەوە، تا سۆفییەکە هەست بەخودێتی خۆی نەکات، چونکە هەستکردن بە (من)، یان خودێتی، هەستکردنە بە ئەنانییەت، هەستکردن بە ئەنانییەتیش هاوبەشدانانە بۆ خوا، بۆیە ئەنجامی داواکراو لە فەنادا بریتییە لە هەڵگرتنی ئەنانییەت)[1]. ئەم هەڵگرتنەش لە دێڕێکی مەحویدا سەلمێنرا، هەر کاریگەربوون بەم پڕەنسیپەش وای لە مەحوی کردووە، دەقە شیعرییەکانی بە بەشێك لە خود دابنێو تا ڕادەیەك بیانکاتە پاشکۆی خود، بەوەی ئەگەر دروست نەبێ (من) زاڵ بکا، ئەوا بۆی هەبێ پەسنی بەرهەم بکات، بە شێوازێك وەك لە پێشەوە نموونەمان بۆی هێنایەوە، کە کار نەکاتە سەر چوارچێوەی بیری سۆفییانە، بۆیە ئەمجارە شیعرو حاڵی خۆی هاوسەنگ دەکاتو لە جیاتی شانازی، سۆزو بەزەییان بەرامبەر دەجولێنێ:

**بدە ئیزن ئەم قەسیدەی کوردییەش بێتە مەقامی عەرض**

**ئەگەرچی وەك شوعورم شیعرەکانیشم پەرێشانە** /٤٥٤

ئەگەرچی ئەم دێرە لەناو قەسیدەی (بەحری نوور) دایە، بەڵام سیاقی شیعرەکە، سیاقێکی تەواو خۆبەکەمزانینە لە هەمبەر پێغەمبەر (د.خ)، بۆیە خەسڵەتی پەرێشانی بۆ هەر یەك لە شیعرو شوعور بە یەکسانی هێناوە.

شانازیکردن بە منی شیعری، لەناو منی سۆفییانەدا هێندە شەرمی پێوە دیارە، کە لە نێو ئەم شەرمەدا خۆبەکەمزانین بەرهەم هاتووە. بە جۆرێك وێڕای ئەوەی شیعری سۆفییانە دەلالەتە لە ستراتیژییەتی شاعیرو پەیامی گرنگی، بەڵام لەم دێرەی دادێ، شیعر هەر تەنیا پێناسە فەرهەنگییە سیمانتیکییەکە لەخۆناگرێت، بەڵکو بە گوتاری گرنگی سۆفییانە دێتە هەژمار، کە پێرێك هەمیشە دژایەتی خۆیان بۆ دوپاتکردۆتەوە، شاعیریش لە پەنا پەردەی شیعردا شانازی بە منی سۆفییانە دەکات، واتە منی سۆفییانەو منی شیعری ئاوێتەی یەکتر بوونە:

**کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ، بەری دەکا**

**هەر صاحێبە لەبەرکەری کاڵایی بێ ڕەواج** / ٩٣

بەم جۆرە پەیوەندی نێوان من بە شیعرو گوتاری سۆفییانەو خودی مەحوی، لەگەڵ ئەوانیتر بە هەموو پێکهاتەکانەوە، بە پەیوەندییەکی نا تەندروست لە قەڵەم دراوە، لەوەشدا جۆری شانازیکردنەکە جۆرێك سادەو شەرمنی پێوە دیارە، بەڵام لە ڕوێکەوە بیگری، دووبارە دوالیزمی منو ئەوانیتر دێنێتەوە گۆڕێ.

خۆ ڕەپێشکردن لەناو دەقدا بە لای شاعیرەوە، وەك چنینێکی سەرەکیی دەق تەماشا دەکرێ، بە تایبەتی ئەگەر دەقێك زۆر بە (من)یشەوە وابەستە نەبێ، ئەوا نازناوی شیعری (تەخەللوص) جۆرێك لە منێتی دێنێتە کایەوە، بەڵام بە زۆری تێیدا دواندنی خودە لە جەمسەرێکی ناسەرەکی، نەوەکو (من) چەقی سەرەکی بونیادی پێکهاتنی دەقەکە بێت. هەندێ جاریش وابەستەکردنی (من)، بە گوتاری شیعرییەوە، دەبێتە بەشێك لە کەرەستەی تەئویلو ڕاڤەی ناو شیعر، چونکە لەگەڵ مەزراندنی بۆ

---

١- منطق الطير، لفريدالدين العطار النيشابوري، دراسة وترجمة: الدكتور بديع محمد جمعة، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٢، ص١٠٧

ستراتیژییەتی شیعر، کە دواجار سەردەکێشێ بۆ پەسنکردنی دەق، کەشێك دەسازێنێ، تێیدا بواری لێکدانەوە لە خۆیدا زیاتر بەرجەستە دەکات.

هەڵکەوتەی شیعری سۆفییانەش وایە، کەرەستەکانی دەقەکە پێکهاتەی تەئویلن، لەو نێوانەشدا منی شیعری وەك بەرگێك بۆ داپۆشینی منی سۆفییانە وایەو وەك چۆن بنەمای غەزەلو ناوەڕۆکی مەی لە خزمەتی ڕەگەزەکانی گوتاری سۆفییانەدا بوون، بە هەمان شێوە منی شیعری لای سۆفیانو لە نێویشیدا مەحوی منێکی شانازیکەری ماتریالی نییە، ئەوەندەی کەرەستەیە بۆ پەسنکردنی ڕێگاکەو تەئویلکردنی خودی پەسنو شانازییەکە لە ڕێگای ڕێبازی مەجازییانەو زمانی باطینەوە، بۆئەوەی ئەویش لە پاڵ کەرەستەی تر ئەو مەبەستانەی، کە لەسەری دامەزراون پەرە پێبدەن. لەو بارەوە مەحوی شیعرو منی شیعری، وەك دەرۆزەیەك بۆ سازاندنی تەئویلو بەرهەمهێنانی واتا بەکاردێنێت. وەك دەڵێ:

**چاوی کەوێ کە بەم غەزەلەم دوڕشناسی شیعر**

**کێ بێ دەڵێ ئەمەندە گوهەر وەرگرێ لە هیچ / ١٠٠**

لێرەدا، چونکە سیاقی غەزەلەکە هەمووی لە دەوری چەمکی (هیچ)دا دەخولێتەوە، بۆیە هێنانەوەی بابەتی شیعر وێڕای ئەوەی سازاندنی وێنەیە، لەهەمانکاتدا تەئویلی بابەتەکە لەمەڕ دونیاو فەنابوونو عەدەمبوونیو بە پووچ حسێب کردنیەتی، لەبەرئەوە باسکردنەکە کۆکردنەوەی مەعریفەیەکە، کە لە قووڵبوونەوەی زانستیدا خودی گەوهەرە، لە نێو ئەم عەدەمیو هیچەدا، بۆ گەیشتن بە حەقیقەتو سوود وەرگرتن لەم ڕاستییە، لە ڕاستیدا گەوهەرە، بۆیە چەقی سەرەکیی بونیادنانی ئەم دێرەش لەسەر هیچ دامەزراوە، بەڵام ئەم شانازییە بۆ دەقەکان، بە واتای شانازیکردنە بە نووسەری شیعرەکان، کە تەئویلی شیعریش لێرەدا پەیامە ستراتیژییە مەعریفییەکەیە لە وجووددا نەوەك شیعرێکی ئاسایی. بەو پێیەش بێت، شانازیکردنێکی باطینی خۆی لە دەقدا بەرجەستە دەکات.

ئەم پەیوەندیو تێکەڵییەی منی سۆفییانەو منی شیعری، ئەوەمان بیر دەخاتەوە، کە ئەگەر (حەللاج) یەکەمین شاعیری سۆفی بووبێت بۆ خستنە ڕووی (منو منێتی)ی سۆفییانە لە نەخشەی شیعری سۆفیگەریدا، ئەوا لە سەدەی شەشەمو حەوتەمی کۆچی، کەسانی وەك ئیبنولوفارض*یش لە گرنگترین ئەو کەسایەتییانەن، کە هەڵگری منی شیعری سۆفییانەن، بەو پێیەی کە ئەم (من)ـە، بەشێکی کرۆکی روانینە تایبەتییەکانی ناو ئەزموونی شیعرییەتنو لێی جیانابێتەوە. بۆیە (من) بۆتە چەقو ناوەندێك، کە ئەزموونەکەی لەسەر دامەزراوەو لەناو ئەم چەمکەوە ستراتیژیەتەکانی بیری شاعیرو هێڵە گشتییەکانی ڕوانینی بۆ ژیان هەڵدەقووڵێ[١]. مەحویش وەك شاعیرێکی سۆفی وێڕای ئەوەی ئاگاداری چەمکی (من)ی حەللاجییانەو منی سۆفییانەی دوای ئەویش بووە، بەڵام ئەم ئاگاداربوونە هەر تەنیا لە وابەستەبوونی بۆ حەللاجو چەمکی (من) نەبووە بە شێوەی سەربەخۆ، بەڵکو ئەم جۆراو جۆرییە لە خودبینی (ئەنانییەت)و

---

*ابن الفارض (عومەر کوڕی عەلی) (١١٨١- ١٢٣٥) لە قاهیرە لەدایك بووەو لەوێش مردووە، لە بیرمەندو سۆفییە مەزنەکانە، دیوانێکی بەناوی (نظم السلوك) هەیە، لەبارەی شەڕاب (مەعریفەی ئیلاهی) دەقێکی بەناوبانگی نووسیوە، وەك:

شربت على ذكر الحبيب مدامة

سكرنا بها من قبل أن يخلق الكرم. (المنجد، ص١٢)

١- تجليات الانا في شعر ابن الفارض، عباس يوسف الحداد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣-٢٠٤

منی شیعریو منی سۆفییانەوە، وایکردوە هەر بە جێناوی سەربەخۆ نەوەستێت. بەڵکو لە بری ئەو، لەو شوێنەی ئازادی زیاتری لە سیستەمی نووسینی شیعری پێدراوە لە ڕووی سەرواسازییەوە*، ئەوا ڕێژەیەکی زۆر ئەزموونەکانی خۆی بە سەروای کۆتایی هاتوو بە پیتی (م) بەرجەستە بکات، بۆ نموونە لە کۆی شیعرە کوردییەکانیدا، کە لە ڕووی سەرواوە بە ریزبەندی پیتی هیجایی ریزکراون، لە پیتی (أ) بترزاێ، ئەگەرنا زۆرترین ڕێژەی شیعرەکانی لە سەروای (میم)ییەوە، چڕبوونەتەوە، کە بە شیعری میمی دەناسرێ، بەو پێیەی تێیدا زۆرترین جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک (م)، لەناو دێرە شیعرەکانیشو لە سەروای کۆتاییش هاتووە، ئەمە لە شیعری عەرەبیدا بۆ خاوەنداریەتی بەکاردێتو سەرواکەشی بە شیعری (الیائیە، یاء المتکلم) دەناسرێ، شیعرەکانی مەحوی ئەوانەی بە (م) کۆتاییان هاتووە (١٣) شیعرن، تەنیا (٢) شیعریان (م)ی سەروایەکەیان جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک نییەو بەڵکو بەشێکە لە وشەکە، ئەوانیتر دوو شیعریان لێ دەربچێ، کە لە سەرواکەیاندا (م)ی بەشێك لە وشەو (م)ی جێناوی لکاوی تێدایە، نۆیەکەی تر هەمووی لەسەر جێناوی (م) چڕ بۆتەوە، کە دەتوانین لەم خشتەیەدا ڕوونتری بکەینەوە:

| ژمارە | شیعری | کۆتاییهاتوو بە | ژمارەی (من) بە (من)و (م)ەوە لە دێرەکانی یەك دەقدا | ژمارەی دێرەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نالەم لەسینە هەم لە دڵم | بەشێکە لە وشەو (م)ی لکاو نیە | ٧ | ٧ |
| ٢ | بڕوانە سوتنم وەرە | (م)ی لکاو لە وشەی (کەمن نەمام)و بۆتە پاش سەروا | ١٨ | ٧ |
| ٣ | بنازم من بە کوفری | بەشێکە لە وشەو (م)ی لکاو نیە | ٣ | ٧ |
| ٤ | دیارم دەیری | (م) لکاو لە وشەی (دەگرم) | ٢٨ | ٩ |
| ٥ | لەناکەس کاریبا | (م) لکاو بۆتە سەروای سەرەکی | ٢٦ | ٩ |
| ٦ | ئەوی دڵدارو دلبەرمە | (م) لکاو بە پاش سەروای (چاوم) | ١٢ | ٧ |
| ٧ | بەپیری ئەو ماهەوە.. | (م) لکاو بە پاش سەروای (چووم) | ٢٦ | ٩ |
| ٨ | لەباسی مەینەتو.. | لەکۆی حەوت بەیت چواریان بە جێناوی لکاو کۆتایی هاتووە | ١٩ | ٧ |
| ٩ | ئەسیروصەیدی قەیدی.. | (م)ی لکاو | ٢٤ | ٧ |
| ١٠ | بە نووری بادە کەشفی.. | (م)ی لکاو بەپاش سەروای (نەکەم چبکەم) | ٣١ | ٩ |
| ١١ | ببینێ یا نەبینێ.. | (م)ی لکاو بەپاش سەروای (دەکەم) | ١٩ | ٧ |
| ١٢ | طەرەب کەن شوکر زۆری.. | (م)ی لکاو تەنیا لە دێری سێیەمو ئەوانیتر بەشێکن لە وشە | ١٣ | ٩ |
| ١٣ | غونچە دڵ بونم لەحەسرەت | (م)ی لکاو لە دوو دێر هەیەو دوو دێرەکەی تر بەشێکن لە وشە | ٧ | ٤ |
| کۆی گشتی | | | ٢٣٣ | ٩٨ |

* بێگومان شاعیر لە سۆنگەی ئەوەی دەبێ بە هەموو پیتێك شیعری هەبێت، بۆیە بۆی نەبووە تەنیا لەسەر شیعری میمییە (کۆتایی هاتوو بە میم) چنینی خۆی بونیاد بنێ.

لەم خشتەیەدا دەرکەوت، زاڵبوونێکی تەواوی (م) بەسەر دەقەکاندا هەیە، بە جۆرێك هەر سێزدە شیعرەکە لە (٩٨) دێر پێکهاتووەو (من) تێیاندا (٢٣٣) جار هاتووەو زۆرترین جاری لە تاکە دێرێکدا بریتییە لە دێرە شیعری: (لەسەر تۆم دوشمنە دونیا)، لەگەڵ دێری (لەڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە) کە لە شیعری (بە نووری بادە کەشفی) دایەو لەم دوو دێرەدا هەر دێرەو پێنج جار جێناوی (من) هاتووەو لە چاو شیعرەکانی تر زۆرترین رێژەی (من)ی تێدایە، کە بریتییە لە ٣١ جار، هەروەها دێری (بەحەق هەر حەق) لە شیعری ژمارە (٨) دا، پێنج جار (من)و دێری (لە ڕووو سوری عیبادەت لام)ی ژمارە (٤) دا بەهەمان شێوە پێنج جار (من) هاتووە. کە ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن (من) لەلای (مەحوی) بە گرنگی تەماشاکراوە، ئەمەش وە نەبێ لە شیعرەکانی تری دیوانەکە (من) نەبێ، بەڵام چڕکردنەوەی زۆرترینی لە شیعرە میمییەکاندا، سەلمێنەری ئەوەیە لەبەر ئەوەی لە سەروادا ئەم خودێتییە سەنگراوەتەوە، چونکە کۆتایی دێرە شیعر هێزو ئاوازەی تایبەتی دەخرێتە سەر، بەو پێیەیش چڕبوونەوەکە لە (میم)دا، زۆرترین گوتارو بیرو بۆچوونی لەخۆدا هەڵگرتووەو گرنگترین ئەو شیعرانەی، کە گەنگەشەی زۆریان لەبارەی تێگەیشتنو مەبەست لەسەرەو بەهایەکی بەرزی تەئویلیان هەیە، لەو شیعرانە کۆبونەتەوە، کە بە (میمی) کۆتاییان هاتووە.

بەشێکی زۆری شیعرەکانی تری مەحوی، واتە ئەوانەی بە پیتەکانی تر ریزبەندی کراون، جگە لە پیتی (م)، منێتیو وەستان لەسەر (م) تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بە رێژەی سەرەوە نییە، چونکە خودی هێنانەوەی نازناو (تەخەللوص)یش، جۆرێکە لە باسکردنو ئامادەیی خودی شاعیر، وێڕای ئەوەی بۆ ناسینەوەو خاوەنداری دەقەکەیە، بەڵام هەڵگری دەلالەتی منێتیشە، لەبەرئەوە لە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکاندا، مەحوی هەر تەنیا بە هێنانەوەی نازناو نەوەستاوە، بەڵکو لەگەڵیشدا، (من)ی باڵاو شیعری لە ئاراستەکردنی گوتاردا ئامادەیی هەیە، لەوەشدا لە هەندێکیان بەتایبەتی لە شیعرە میمییەکاندا هێندە لەگەڵ سیاقە سۆفیگەرییەکەدا چڕبۆتەوە. دوای بەراوردکردنی لەگەڵ منەکانی تردا هەست بە بوونی منێکی سۆفییانە دەکرێ، کە منەکە منی مەحوییە، نەوەك گوزارشتکردن بێ لە منەکانی تری جگە لە مەحوی، بە تایبەتی دەتوانین لەم سیگۆشەیەدا کورتەی پەیوەندی منەکان ڕوون بکەینەوە:




شاعیر ناتوانێ لە منی شیعری واتە ئاسایی بمێنێتەوە، چونکە لە ئاساییەکەدا وەك هەر مرۆڤێکی تر هەست بە بوونی مەعریفی خۆی دەکات، چ وەك شاعیر، چ وەك خودی کەسایەتی مەحوی، لە کاتی ئاوێتەبوون لەگەڵ گوتاری سۆفییانەو گوزارشتکردن لەستراتیژییەکانی ژیانی خۆیدا، لەم هەوڵانەدا بەرەو منی سۆفییانە دەچێو لە ئاستو منێتی منی ئاسایی سەردەمی منداڵیدا دێتە دەرەوەو فەلسەفییانە لە ژیان دەروانێو سۆفییانە لێی تێدەگات، کە دەگاتە پلەی سۆفییانە هەموو هەوڵەکانی لەوەدا چڕ

دەبێتەوە، کە خۆی لە ئەنانییەت دوور بگرێ‌و تەواوی وزەکانی ئەوێ لە خزمەتی منی سۆفییانەدا بەکاربێنێت، هەر لەبەر ئەوەشە قوربانی بە منی ئاسایی خۆی دەدات لە هەمبەر نازناوی خۆیدا، واتە نازناوێکی ئاسایی بۆ شیعرەکانی بەکارناهێنێ، کە جێگای شانازیکردنێکی دونیاییانە بێت، بەوەی وەك زۆربەی شاعیران بە بەردەوامی هۆگری نازناوی ئەدەبی‌و تەخەللوس‌و حەز بە شانازیکردن بە بەرهەمەکانیان دەکەن، ئەم هەستکردنە لە رادەبەدەرەش بۆ خۆجیاکردنەوە، دەبێتە هۆی هەستکردنێکی زۆرترو لە ڕادەبەدەری کێشەی وجوودو عەدەم (مردن‌و ژیان)[١]، بە واتای هەستەکان لای ئەوان بێ سنوورن، لەگەڵ ئەوەشدا مەحوی شاعیر، نازناوێکی سۆفییانە بەکاردێنێت‌و لە هەردوو منی ئاسایی‌و خودبینیدا دێتە دەرەوەو لە نازناویشدا خۆی لە وجووددا دەتوێنێتەوەو سۆفییانە دەبێتە مەحوی، لە خۆشەویستییەکی راستەقینە (حەق) داو بە خۆ بەکەمزانینەوە لە خودی خۆی دەڕوانێ‌و زۆرترین ناخۆشی‌و گرفت‌و ئاریشەکان دەکاتە بەشی خۆی‌و لە گوتاری ستراتیژیی خۆشیدا منێك ئاوێتە دەکات، کە هەڵگری ئەم بنەمایە بێت‌و بەوەش خۆی دەخزێنێتەوە ناو تێگەیشتنە سۆفییانەکەوە.

### ٣-١-٤ من‌و ئەوانی تر لە نێوان رەگەزی غەزەل‌و کەرەستەی سۆفییانە دا

لەناو پێکهاتەی شیعری مەحویدا، (من) هەر تەنیا وەك رەهەندێك خۆی نیشان نادات، کە چەقەکە لەسەر بەهای خودبینی، یان شیعری، یان سۆفیگەریدا بسەنگرێتەوە، بەڵکو (من)و خودێتی شاعیر وەك جەمسەرێك وایە، کە ئەوانی تر تەواو دەکات. واتە دوالیزمێك لە نێوان من‌و جێناوەکانی تر دەسازێت، لە پێناوی ئەوەی ستراتیژییەتی گوتاری دەق بگاتە پلەیەکی بەرز، کە بۆ ئەو ئامانجەش شاعیر تێکۆشاوە. لەبەر ئەوە زۆربەی ئاراستەکانی شیعری مەحوی جۆرێك دیالۆگ سازاندنە، لە شێوەی دراما‌دا. لەو بارەشدا (من) پەیوەندی لەگەڵ جێناوی تر دەبەستێ، ئەمەش لەلای مەحوی یەوە دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو وەك میراتێکی شیعری سۆفییانەو لە مێژوودا خۆی بەرجەستە کردووە.

پرسی من لەگەڵ جێناوەکانی تر، دەرگا بەسەر دوالیزمەکانی تر دەکاتەوە، کە بوونەتە رەگەزی سەرەکی‌و کەرەستەو بابەتی شیعری سۆفییانە، بە تایبەتی ئەو کۆڵەگە گرنگەی زاهیرو باتین، کە گوتاری سۆفیگەری لەسەر وەستاوە، لەبەرئەوەش وەك چۆن گوتاری سۆفییانە پشتگیری لایەنی ناوەڕۆك (باتین)و دیوی ناوەوە دەکات، بە هەمان شێوە بە بێ لایەنی روخسارو زاهیرو دیوی دەرەوە، هیچ بەهایەك بۆ ناوەوەو باتین نامێنێتەوە. بۆیە هەبوونی هەردوو چەمك وەك دوالیزمێك بۆ مانەوەو نەمربوونی گوتارەکە پێویستە. لە خودی جێناوەکانیشدا، چەندە چەقی مێنێتی‌و (من) وەك چەقی بیری شیعری سۆفییانە تەئویلی تایبەت بە خۆی هەیە، بە هەمان شێوە خودێتییەکە لە چاویلکەی ئەوانی تریشەوە گرنگە، واتە منی شاعیر لە چاوی جێناوەکانی ترو ئەوانیتر لە چاوی منی شاعیر، بە هەردووکیان هاوسەنگییەکە تەواو دەکەن‌و کێبڕکێکە لەناو فەناو بەقاو وجوودو عەدەم‌و من‌و ئەوانی تردا... هتد، خۆی دەسەنگرێنێتەوە.

---

١- خصائص الاسلوب وجماليات البناء- دراستان في اسلوب الرائدين نالي وگوران، د. طاهر مصطفى هيراني، مكريان للطباعة والنشر، تشرين الاول٢٠٠٩، اربيل، ص٢٨

(من) به دیوه سیمانتیکییەکەوە سەرچاوەیەکی دەلالییە لەناو دەقداو لێیەوە ئەزموون سەرچاوە دەگرێ. بەجۆرێك چالاکیی دینامیکی خۆی دەخاتە گەڕ، لە ڕێگای کردنەوەی بونیادی گێڕانەوەی شیعریو دیمەن ئامێزیو گواستنەوەی پێکهاتەی دەق لە مۆنۆلۆگی ناوەکییەوە بۆ دیالۆگێکی دەرەکیو لە وێنەیەکی خاوەن بەشێکی دەلالییەوە بۆ وێنەیەکی خاوەن دەلالییەکی تەواوو لە خۆجیاکردنەوەوە بۆ پەیوەندی بەستن، هەمووشی لە پێناو گەشەدان بە خودو گۆڕانگاری لە پێگەو ئەزموونەکەیەوە لە دەرکەوتنەوە بۆ ونبوونو لە ونبوونەوە بۆ دەرکەوتن. ئەم جەدەلەش لەناو ئەم ڕەمزو دالانەی دەق ئەزموونی شیعری بەهێزتر دەکەنو سیمای یەکبوونی حاڵەتی منی سۆفیگەری لە بارێکی ئیستێتیکیدا بەرجەستەدەکەن، بە جۆرێك ڕێگا بە منی سۆفییانە دەدا، لە هەموو بوارێکەوە لەناو دەق خۆی بنوێنێت[1].

هەر ئەم فرە دەرکەوتنەی (من)ـە، باری تێگەیشتنی وەرگری شپرزە کردووە، بەوەی مەبەستەکانی تێدا تێکەڵکردووەو لەو سۆنگەشەوە بابەتی تەئویلی بایەخ پێداوەو بۆتە کەرەستەیەکی گرنگی گەنگەشەکانی سۆفیگەری.

شاعیری سۆفی، ئەگەر چی (من) لە ڕووکەشدا وەك دیوێکی غەزەل نیشاندەدا، بە شێوەیەك وەك چۆن لە غەزەلدا من زۆربەی ئاراستەکان بۆ خۆیەتیو دەبێ لە بەرژەوەندی ئەودا بن. بۆیە بە مەدارکردنی لەگەڵ ئەوانیتردا، پرۆسەکە درێژتر دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارە من ئەوەندەی هەژموونی ڕۆحو باتینو خۆشەویستی لەسەرە، ئەوەندە بە دیوە جەستەییەکە گرفتار نەبووە، لەو نێوانەشدا (من) خاڵی دەستپێکردنی هەوڵدانەکەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجو مەبەستەکانی، کە خۆی لە گۆڕینو خستنەگەڕی دوو جەمسەرەکەو چالاککردنی دوالیزمەکەدا دەبینێتەوە.

ئەگەر لە جیهانی سۆفیگەریدا، من گوزارشتکردن بێ لە بوونێکی ڕەها، بوونەکەش یان ڕۆحانی، یان جەستەیی بێ، ئەوا حەقیقەتیش هاوشانی ئەو، خۆی بە بوونی ڕەهایی دەبینێتەوە. کێشمەکێشمەکەی منو ئەوانی تریش، وەك دۆزینەوەی حەقیقەت لە بارێکی شاراوەوە، بۆ ئاشکرایی خۆی دەنوێنێ. جێناوەکانی منو تۆو ئەو، کە بە عارەبی واژەکانی (أنا و أنت و هو) ی بۆ بەکاردێت، لە ڕاستیدا لە سۆفیگەریدا هەرسێکیان گوزارشتن لە حەقیقەت، هەموویان لە بنچینەدا یەك شتن، هەروەك چۆن تیشکەکانی ڕۆشنایی چرایەك زۆر بن، یان کەم، زیادیو کەمییەکە لە بنچینەدا یەك شتە، ئەمەش هەر وایە، هەموویان بنەڕەتەکەیان یەکە[2]، بۆیە کە بە دوالیزمی دێن، ئەم گەنگەشەیە پتەوتر دەکەنو ئامانجێکی بەرزتری لە پشتە، کە وەرگر بە قووڵی لێی تێناگات، بەڵکو لەناو دوالیزمەکەدا هەمیشە بیری بۆ غەزەلیات دەچێ، لەبەر چنینی منو ئەوی تر، کە جۆرێك لە دڵداری، یان نێرو مێی پێوە دیارە. ئەگەرچی مەحوی کاتێك جێناوی (تۆ) لەگەڵ جێناوی من دەهێنێتەوە، واتاکان بەپێی سیاقەکە دەگۆڕدرێن، جاری وا هەیە (تۆ) لەگەڵ دەروونو هەیانە لەگەڵ خوداو پێغەمبەرو رابەر، جاری وا هەیە لەگەڵ ڕەقیبو زاهیدو شێخو سۆفی یەو... هتد، ئەم فرە دابەشکردنە لەناو دەقدا بۆ جێناوەکان هیچ لەبەهای (من) کەم ناکاتەوە، بەڵکو بەهێزتری دەکات. خاڵی وەرچەرخانەکەش بۆ سازاندنی یەکبوونەکە، لە چۆنیەتی هەوڵدانی منە بۆ خۆ گونجان لەگەڵ تۆ، یان ئەو. لەم ڕوانگەیەی، کە بەرەو بەقاچوونو بەرەو

---

١- تجليات الانا في شعر ابن الفارض، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧-٢٤٨

٢- مفاتيح الاعجاز، شرح گلشن راز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧- ١٨٨

ڕۆح چوون، کامڵ بوونە بە هۆی پشتیوانی ئەوانی ترەوە، لەمەشدا منی مەحوی هەمیشە ئامادەیی هەیەو بە دوای ئەوانیتر دەکەوێ، چونکە (من) داواکارەو ئەوان داواکراون، هەمیشەش داواکار هێرشبەرەو زۆرترین زیانیش بەر هێرشبەر دەکەوێت. لە هەمان کاتدا لەم کێشمە کێشمەی منو ئەوانی تردا وجوودی ڕووکەشیانە گرنگ نییە، بەڵکو غیابێکی جەستەیی، کە وجوودی ڕۆحی لەگەڵ بێ، گەورەترین پێکانی ئامانجە:

**شوکر تۆ لە فکرم ناچی، ئەگەرچی من لە فکرت چووم**

**لەمن غایب نەبی تۆ بەسمە، با من بم لە تۆ غایب**

**دەزانی ڕۆژە ئەو، من شەو، کەچی پێشم دەڵێ (مەحوی)**

**حضوری گر همی خواهی، مشو (حافظ) أز او غایب** / ٥٢

لێرەداو لە چەندین نموونەی تریشدا (من) دروستکەری باری دەرکەوتنو دەرنەکەوتنە، کە ئەمە بۆ خۆی بابەتی سەرەکیی تەسەووفو کەرەستەیەکی لێکدانەوەو تەئویلە، بەو پێیەی بە هۆی چەقی منو پەیوەندی لەگەڵ جێناوی تردا، لە ڕووکەشدا خۆشەویستیو غەزەل دێنێتە کایەوەو لە ناوەڕۆکی گوتاری سۆفییانەشدا ڕۆچوونە بە قووڵایی حەقیقەتو، دەرگایەك بەسەر فرە لێکدانەوەیی دەکاتەوە، کە هەمووی لە نێوچەوانی چەقی خودێتیو دوالیزمەکەوەیە.

### ٣-١-٥ دەلالەتی منو ئەوانی تر، لەبۆتەی ڕەوانبێژیو سیمیۆلۆجیاوە بۆ هیرمینتۆتیك

منو ئەوی تر هەر تەنیا ئامرازێك نین بۆ تەواوکردنی دەق، بەڵکو دەکرێ لە چوارچێوەی سیمیۆلۆجیای زمانی سۆفیگەری تەماشا بکرێن، لەوەدا، کە خۆخزاندنیان لە پاڵ چەند چەمکێکی دیکە، گۆڕانکاری لە بونیادی واتا دەسازێنن. گۆڕانکارییەکەش پەیوەندی لەگەڵ جۆری تێگەیشتنی وەرگر دەبەستێ، بەو پێیەی یەکێك لەو گرفتانەی دەکەوێتە بەردەم کردەی تێگەیشتن لە خوێندنەوەی دەقدا، بریتییە لەو کۆسپو تەگەرانەی خۆیان لە پرسی درەنگ تێگەیشتن دەبینێتەوە. لە سۆنگەی ئەوەی درەنگ تێگەیشتنی سادەو ساکارانەی دەقیش لە ڕوانگەی جۆری تێگەیشتنی منو ئەوی تر دروست دەبێت، بەڵام مەبەستی دەقەکە، یان قووڵایی مەبەستی نووسەرو گواستنەوەی ئەو مەبەستە لە نووسەری دەقەوە بۆ وەرگرو لە وەرگرێکەوە بۆ وەرگرێکی تر دەگۆڕێت. خودی ئەم دەقەش بەوە چوارچێوەی بۆ داندراوە، کە (بویەرێکی ئاخاوتنەو خۆی لە گوتار دابڕیوەو لە ساتی نووسیندا خۆی لە نووسەرەکە دادەبڕێو مەبەستێك لە خۆیدا بەرجەستە دەکاتو هۆش فراوان دەکاتو پشت بەو ئەزموونو شارەزاییە دەبەستێ، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی جۆراو جۆر لە دەقەوە بەرهەم بهێنرێ)[1]. ئەم تێگەیشتنەش ئەوەندە خۆی بە بنەما ڕێزمانییەکانەوە خەریك ناکات، چونکە خوێنەری ئاسایی، یان خوێنەری شارەزاش لەکاتی خوێندنەوەدا بیر لە ڕێزمانەکە ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر گەرەکیەتی بیر لە بابەتو چێژبینین لە بابەتەکە بکاتەوە. بۆیەشە ((هێرمینۆتیك خۆی لە نموونەی زمانی دوور دەگرێو نموونەی دیاردەگەرایی (فینۆمینۆلۆجی) وەردەگرێت، کە دەرگای جیهانو پانتایی خود بە سەر بوونی ڕەسەنی دیاردەکان

---

١- شعر فاضل العزاوي، مقاربة تأويلية، محمود خليل خظير، اطروحة دكتورا، ص١٢٥

دەكاتەوە)).[1] ئەم كرانەوەیەش هەمووی لە پێناوی ئەوەیە، كردەی تێگەیشتن تەنیا بە ئاقاری ئیپستمۆلۆجیاو مەعریفەیەكی ڕووت نەڕوات، بەڵكو بوارێك بۆ بیركردنەوەی دروستترو لێكدانەوەی زیاتر بهێڵێتەوە.

لەم ڕوانگەوە ئەدەبی سۆفییانە، جگە لەوەی بوارێكی مەزن بۆ چێژێكی تایبەتی دەهێڵێتەوە، بەو پێیەی چێژیش لەگەڵ وەرگر پلەی تێگەیشتن‌و وەرگرتنی دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا بواری لێكدانەوەی تر هەمیشە لەناو ئەدەبی سۆفییانەدا بوونی هەر هەیە. لێرەدا دەردەكەوێ سۆفیگەری لەناو ئەدەبیاتدا زمانی خۆی هێندە بە ئەنتۆلۆجیای شتەكان‌و مەبەستی دەق بارگاوی كردووە، هێندە خۆی بە ئارایشتكردنی دەق خەریك نەكردووە، ئەمەش لە شیعرەكانی مەحویدا بە ڕوونی هەستی پێ دەكرێ، كە كەمتر بە تەنگ ریتمی مۆسیقایی‌و چێژی ڕووكەشیانە دایە*. لەناو چوارچێوەی دەقە كوردییەكانی مەحویدا، من‌و جێناوەكانی تر، ئەگەر تەنیا لە چوارچێوەیەكی سیمۆلۆژییەوە تەماشا بكرێن، ئەوا پرسی چنین‌و پتەوكردنی زمان بەهێزتر دەكەن، بەڵام ئەگەر ئەم بنەما سیمیۆلۆژییە ببنە كەرەستەی هێرمینۆتیك، ئەوا ئاراستەو تەوژمی دەق دەگۆڕێت‌و بەرەو واتای دیكە ڕێ دەكات. هەر ئەمەشە وەستایی‌و هونەرمەندانەی شاعیر بە ئامانجی هەڵكراندنی واتاو ستراتیژییەتی دیكە نیشاندەدات.

مامەڵەكردنمان لەگەڵ دالەكانی ناو دەق، بە گوێرەی جۆری ڕوانینمان بۆیان دەگۆڕێت، هەر چەمكێكی ناو دەق ئەگەر بۆ نموونە بە پێی فینۆمینۆلۆجیاوە وەك كەرەستەیەك بۆ هێرمینۆتیك لێی بڕواندرێ، ئەوا وشەكە تەئویل دەكرێ، بەڵام جۆری تەئویلەكەی وەك جۆرێك لە تێگەیشتن لە ڕوانگەی ئامرازو فینۆمینۆلۆجییەكە دەبێ، بە هەمان شێوە ئەگەر لە ڕوانگەی نیشانەی سیمیۆلۆجیاشەوە لێی بڕوانین، وێڕای ئەوەی جۆری ڕوانینەكە جیاوازە، بەڵام ئەمیش لێكدانەوەی تایبەت بەخۆی لە خۆیدا بەرجەستە دەكات، ئەگەر وردتریش لەناو نیشانەو بنەماكانی سیمیۆلۆجیاشەوە رابمێنین، ئەوا ڕەوانبێژی‌و هونەرەكانی ناو ئەو زانستە دەبنە كەرەستەی چنینی دەق‌و بارە سیمیۆلۆجییەكەش پتەوتر دەكەن‌و بە هەمووشیانەوە خۆیان دەخەنە پاڵ ئەو خوێندنەوەیەی، كە هێرمینۆتیكانە دەقەكە بەرهەم دەهێننەوە.

لەناو ڕەگەزی ڕەوانبێژیدا، خوازە هەر لە كۆنەوە وەك دالێك‌و نیشانەیەك تەماشاكراوەو ڕۆڵێكی بەرزی لە چنینی دەق‌و بەرەو هێرمینۆتیكچوونی لە خۆدا بەرجەستە كردووە، ئەمەش هەر بۆ دەقی ئەدەبی نەبووە، بەڵكو لەناو كتێبێكی پیرۆزی وەك قورئانیش هەموو ئەو دالانەی كە گرفتیان لە بەردەم كردەی تێگەیشتن دروستكردووە، بوونەتە بەشێك لە هەنگاوەكانی كردەی تەئویل. بەتایبەتی كاتێك ڕاڤە (التفسیر) ی تەفسیرەكان نەیانتوانی پەی بە واتاكانی ببەن، پیتی یەكەمی سەرەتای هەندێك لە سوڕەتەكان هەتا ئێستاش بەجێ هێڵراوەو بۆتە كەرەستەیەك كە هۆشی وەرگر بەخۆیەوە سەرقاڵ بكات، لەپێناو گەیشتن بە واتایەكی ڕاستەقینە، ئەمە لەبارەی ئەو پیتانەی كە لە یەكگرتنیان لەگەڵ پیتی تردا نەبۆتە هۆی گەیاندنی واتا. هەندێك جاریش خودی وشەكە خوازە بەرهەم دەهێنێ، بەو واتایەی كە

---

١- هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

* ئەمە بە واتای ئەوە نییە، كە جوانكاری لە ڕوخساری شیعرەكانی مەحویدا نییە، بەڵكو ئەوەندەی بنەما فیكری‌و فەلسەفی‌و سۆفییانەیی‌و مەعریفییەكانی، وەرگر سەرسام دەكەن، ئەوەندە وەرگر ناپرژێتە سەر جوانییەكانی لە چەشنی شیعری شاعیرانی تری كلاسیكیی كوردی.

(خوازە پەڕینەوە لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر، دەربڕینەکەش دەلالەتی ئەو پەڕینەوەیە، ئەوا هێرمینۆتیك وەلآمی بانگی ئەو پەڕینەوەیە دەداتەوەو هەوڵی دەرخستنی سروشتی ناوەوەی دەدات)[1]، بەلآم ئەوەی هێرمینۆتیك لەو واژە خوازەییانە جودادەکاتەوە، ئەوەیە لەناو زانستی رەوانبێژیدا هەموو هونەرەکانی روونبێژیو جوانکاریو لەناویشیدا هونەری خوازە بە یاساو رێسایەکی تایبەتی لەسەر پێی خۆیان دەوەستنو مەحکومی ژێر ئەو بنەمایانەن، کە زانایانی ئەو بوارە دایانناونو نووسەری دەق بە شارەزاییەوە دایاندەهێنێ. هەرچی هێرمینۆتیکیشە بە بێ پشت بەستن بە یاسایەکی تەواو تەلبەند کراوو بە هاوکاری لۆجیكو بنەماکانی دەرکپێکردن، لێکدانەوە بۆ وشەکە دەکاتو مەدلوولەکانی تری لەگەڵ گونجانی سیاقەکەدا بۆ بەدەستدەهێنێ.

ئاخنینی رەوانبێژی بۆ ناو چوارچێوەی سیمیۆلۆجیا لە هەمبەر لێکدانەوەدا، هەر زوو بووە جێی مشتومڕی زۆر، بەتایبەتی لەمەڕ پرسی خەونو لێکدانەوەکانیدا، بەوەی پەیوەندییەکی گونجاو لەنێوان رەوانبێژیو سیمبولدا هەیە، کە پێیان وابوو (فرۆید) یش لە کردەی خەوندا، (خواستن)ی وەك رەگەزێك بەکارهێناوە، بە جۆرێك بە سیستەمێکی تەئویلی خەونی لێکداوەتەوە، بەلآم کەرەستەکە لەسەر بنەمایەکی رەوانبێژی بنیادنراوە، کە وشەیەك لەگەڵ هاوواتاکەی بە باشتر دادەنێ بۆ پرسی لێکدانەوەکە، لە هەمووشیاندا راڤەکردنەکە پەیوەندییەکی نزیك، یان دووریشی بە شیکردنەوەی دەروونی هەیە.[2] لەوەشدا کاتێك مرۆڤ خەونەکە لێکدەداتەوە، دەبێ وێنەیەك لە بری وێنەی خەونەکە بسازێنێ، کە وێنەکەش بەهۆی خواستن، یان بنەمایەکی روونبێژی دێتەکایەوە. لە هەمان کاتیشدا دەقەکە بە هۆی رەوانبێژییەکە چێژ بە وەرگر دەبەخشێو بە هۆی تەئویلەکەشەوە واتایەکی راستتر بەرهەم دەهێنێ.

لەناو هونەرەکانی رەوانبێژیشدا، دالەکان بە روانگە سیمیۆلۆجییەکە رۆڵ لە سازاندنی شیعرییەتی دەق دەبینن، بەو پێیەی ئەوەی دەقی ئەدەبی لە دەقی نائەدەبی جیا دەکاتەوە، یان بە دەربڕینێکی تر شیعرییەتی دەقێك و ناشیعرییەتبوونی دەوەستێتە سەر مەودای بەکارهێنانی دالەکان لەناو چوارچێوەی دەقدا، چونکە ئەگەر شیعرییەت هەڵگری دەلالەتی فراوانی واتا بێت، ئەوا چڕیو بەناویەکداچوونی دەلالەتەکان، واتای دیکە لە خۆیاندا هەڵدەگرنو ئاراستە فیکریو فەلسەفییەکانی دەق بەرەو ئاقارێکی تر دەبەن. لەو بارەوە لە سەردەمی هاتنەکایەی ئەدەبیاتدا، کە تۆمارێکی قسەکردنو ئاخاوتن بووەو لەناویدا هەڵگری بیرو هزر بووە بۆ مەبەستی گەیاندن. بواری یاریکردن بە واتاو تەمومژیو زوو خۆبەدەستەوەنەدان وەك بنەماکانی دەقی پتەو خۆیان نیشانداوە، هەر لەبەر ئەمەش بووە گەلێك جۆری تەکنیکی دەق بوونەتە سەرچاوەی ئاڵۆزی تێگەیشتن، کە لە کۆتاییشدا ئاڵۆزییەکە هەر خوێنەر خۆی لەگەڵ راهێناوەو کلیلی کۆدەکانی دۆزیوەتەوەو بەرەو قوڵایی واتا پەنهانو ناوەکییەکان رۆیشتووە.

هەر لە سەرەتاوە خوێندنەوەی هێرمینۆتیکی رووبەرووی ئەو وشە فەرهەنگیو ئەو پیتانە بۆتەوە، کە بەکارهێنەرەکانیان بۆ هەر مەبەستێك بێت بەکاریان هێناوە، هەر لە هەوڵدان بۆ کورتکردنەوەی واتا لە چوارچێوەی چەند پیتێك بۆ ئەوەی گران خۆی بەدەستەوە بداتو رووبەڕێکی کەم بگرێو چینێکی

---

١- سلطة الرمز بين رغبة المؤول وممكنات النص، د.كعوان محمد، الملتقى الدولي الخامس (السيمياء والنص الادبي)، جامعة محمد خيضر بسكرة، كلية الاداب والعلوم الانسانية والاجتماعية، قسم الادب العربي، ١٥- ١٧ نوفمبر ٢٠٠٨، بدون رقم الصفحة.

٢- النص والجسد والتأويل، فريد الزاهي، دار افريقيا الشرق، المغرب،٢٠٠٣، ص٦٨

تایبەتو شارەزا لێی تیٚ بگات، کە لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا بۆ ساڵی لەدایکبوونو کۆچکردنو رووداوە مێژووییەکان بەکاریان دەهێنا، تا هەندیٚ لە رەمزەکانی نزاکردنو موناجات* لەناو ئەدەبیاتی سۆفییانەدا، ئەمانە هەموویان دیوێکی دیکەیان لە واتادا لە خۆدا هەڵگرتبووو کردەی تەئویلیش بە بەردەوامی راڤەی دەکردن.

لە دەقی پیرۆزیشدا، لە شێوەی ئەم دالانەدا گەوهەری واتا خۆی شاردۆتەوە، پێشتریش لە رامانی مرۆڤەکان بۆ شتەکان بە روانینێکی رەمزیانەو هەستکردن بە نهێنی شاردراوەی شتەکان، واتایەکی دیکەی دروست دەکردو هەموو کەس نەیدەتوانی پەی بە نهێنییەکان ببات، کەسانی تایبەت نەبیٚ. ئەم تێڕوانینە (لای زانا دیانەکانیش لە هەمبەر گەوهەری وشەکان بەرجەستە بووە، بەوەی پێیان وایە گەوهەری وشەکان دوو دەلالەت لە خۆیدا هەڵدەگرێت، یەکەمیان ئاشکراکە بەردەوامی بە دەربڕینو گەیاندن دەدات، دووەمیشیان خوازەییو رەمزیو پەنهانەکە، کە پەیامی گەیاندنی خودایی بۆ کەسانی ژیر تێدایە)[١]. لەبەرئەوە دەستبردن بۆ دەقە پیرۆزەکان، یان ئەو دەقانەی، کە تارمایی دەقی پیرۆزیان لەسەرە لە رووی چنینەوە، وەك دەقی سۆفییانەو ئەو ئەدەبەی، کە هەڵگری گوتاری سۆفییانەیە، پێویست وایە مامەڵەیەکی وای لەگەڵدا بکریٚ، کە رەوانبێژیو سیمیۆلۆژی دوو ئامرازن تێیدا هێرمینۆتیك بەو هۆیانەوە گەشە بە بواری خۆی بدات.

هەندیٚ لەو دەقانەی (مەحوی)، چنینەکەی وەها خراوەتە روو، کە لە یەك کاتدا وێڕای دەرنەچوون لە رەمزو ستراتیژییەتی سۆفییانەش، وەك کەرەستەیەکی رەوانبێژیش مامەڵەی لەگەڵدا دەکریٚ، کە ئەمە دەبێتە هۆی سازاندنی شیعرییەتی وێنە، لە ناویشیدا مامەڵەکردن لەگەڵ نیشانەو دەلالەتەکان، ئەوەندەی دیکە وشە بە سەربەخۆیی خۆی، خۆی جیادەکاتەوەو بە تەنیا رۆڵی لە فراوانکردنی سنووری هێرمینۆتیك دەبینیٚ. دەتوانین لە خوارەوە بەشێك لەو دالە زمانییانە باس بکەین، کە خۆیان داوەتە پاڵ منو جێناوەکانی ترو وێڕای لێکدانەوە سیمیۆلۆجییەکەش، بنەمایەکی رەوانبێژیشیان هەیەو دەبنە کەرەستەیەکیش بۆ خوێندنەوەیەکی هێرمینۆتیکیانە:**

### ٣-١-٥-١ سەفەر:

ئەم وشەیە لەناو ئاخاوتندا وەك وشەیەکی ئاسایی سەیر دەکریٚو ڕێگا بڕینو ڕۆیشتنی کەسێکە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، خودی کردەکە خۆی لە واتای ئەم وشەیە دەبینێتەوە، گواستنەوەی دەلالەتی وشەکە بۆ ناو چوارچێوەیەکی دەقو هەڵگرتنی مەدلوولی تر لە خۆیدا، ئاراستەی دەق دەگۆڕێت، بە تایبەتی کاتێك لەگەڵ جێناوەکاندا خۆی پتەو دەکات. ئەمەش وێڕای پتەوبوونی دەق، ئاڵۆزیو تەمومژیش دێنێتە کایەوە. لەو سۆنگەیەی خودی وشەکە لە قاوغی ڕوونی (الوضوح)دا جێگای

---

* بۆ نموونە وەك وشەی (یاهو)، کە هەم موناجاتەو هەم رەمزێکی سۆفییانەشە.

١- سلطة الرمز بين رغبة المؤول وممكنات النص، سەرچاوەی پێشوو.

** ئێمە تەنیا لە حەوت خاڵدا هەندیٚ لەو بنەمایانەمان باسکردووە، وە نەبیٚ تەواوی دیوانەکە تەنیا لەم حەوت خاڵەدا کورتکرابنەوە، بەڵام لەبەر قەبارەی لێکۆڵینەوەکە، نەدەکرا هەموو کەرەستەکان باس بکرێن، ئەمانە نموونەیەکن بۆ نیشاندانی بارە تەئویلییەکە.

دەبێتەوە، بەڵام پەیوەندی بەستی لەگەڵ جێناوو جێ بوونەوەی لەناو سۆفیگەریدا خۆی دەخزێنێتەوە ناو کێشمە کێشمی مەبەست و تەم و مژی ئاخاوتن.

راڤەکارانی قورئان و ئوصولییەکان و زمانەوانەکان و زانایانی رستەسازی و رەوانبێژی لە دیاردەی تەم و مژی ئاخاوتنیان کۆڵیوەتەوەو هەندێکیان گرنگیان بە تاکە وشە داوە، وەك زمانەوانەکان لەبارەی فرەواتای تاکە وشەیەك و تەم و مژییەکەی، زانایانی رستەسازیش گرنگیان بە ئاڵۆزی و تەم و مژەکە داوە لەبەر پێکهاتە (الترکیب)ی وشەکە، هەرچی رەوانبێژیی زانەکانن لە وشەو پێکهاتەکەیان کۆڵیوەتەوە، کە بۆ وێنەیەکی خوازەیی سەر دەکێشێ و پەیوەست دەبێ بە روونی و ئاڵۆزی واتا[1]. لابردنی ئەم تەم و مژییەش بە چۆنیەتی تەئویل و جۆری خوێندنەوە پەیوەست بوو. لەبەرئەوە ئەم دیاردەیە لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) ەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکانیش گوزراوەتەوەو ئیدی وشە بە شێوەی ئاسایی سەیر نەکراو بە گوێرەی سیاقی دەق و گوتارو بیری نووسەر تەئویلی بۆ کرا. لەو بارەشدا زۆرترین تەقری پێکان بەر گوتاری سۆفییانە کەوت و تا ئێستاش وشەی سۆفییانە گەنگەشەی واتایی دەنێتەوە.

گەورەترین شانازی بەر ئەدەبیاتی سۆفیگەری دەکەوێت، کە توانی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕێڕەو گۆڕینی وشەو دەستەواژەکان هەبێ، کە پێشتر واتایەکی ڕوون و سادەیان هەبووەو لەناو سۆفیگەریدا بۆ مەبەستی تایبەتی بەکارهاتن، ئەمە لەپاڵ ئەوەی کە کۆمەڵێك وشە زاراوەی وەك مەی و پێکهاتەکانی و بنەماکانی شیعری غەزەل، کە لای سۆفییەکان بۆ واتایەکی تر بەکارهاتن، ئەوا وشەی ئاسایی لە چەشنی وشەی (سەفەر)، کە ئەگەر جۆرێك بووبێ لە واتایەکی ڕوون و ئاسایی، یان وەك کەرەستەیەکی دڵداری بەکارهاتبێ، ئەوا وەك چەمکەکانی تر ئەمەش مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ کرا. تەنانەت کاریگەرییەکە لە مێژووی شیعری ڕۆژهەڵاتدا هێندە بەهێزبوو، شاعیرە ناسۆفییەکانیش ئەم وشانەیان بەکارهێنا، ئەگەرچی ڕەنگە هەمان مەبەستیان نەبووبێ، بەڵام وەك لاساییکردنەوەیەك و وەك مۆدێك لە شیعردا ئاوێتەیان کرد، کە ئەمە دواتر گرفت و کێشەی بۆ وەرگر هێناکایەوە، لە مەسەلەی چۆنیەتی دۆزینەوەی بنەمای سۆفییانە لە گوتاری شاعیرەکەدا.

سەفەر، دەستپێکردنی دڵە بە گەشتەکەی بۆ لای خوا. بە لای ئیبن عەرەبیش بەرزترین پلەی سلوکە، کە دەکرێ هەموو گەشتیار (مسافر) ێك، ڕێبوار (سالك) بێ، بەڵام هەموو ڕێبوارێك گەشتیار نەبێت، بۆیە سەفەر شتێك نییە لە دەرەوەی دڵ[2]. ئەم پەیوەستبوونەی بە دڵ وێڕای ئەوەی جیهانی باطین بەتینتر دەکات، دەرخەری ئەو ڕاستیەشە، کە پەیوەندی بە جەستەو روخسار، یان سەفەری بەرجەستەییانەی ئاسایی نییە، بەڵکو حاڵەتێکی رۆحییەو نێوەندێکی سەرنجڕاکێشی نێوان من و جێناوەکانی ترە، بەتایبەتی لە هەمبەر پرسی بە یەکگەیشتن و ون بوون و دۆزینەوەی حەقیقەت:

غائیب لە دیدە چاوی سەرم دڵمە پێتەوە!

دەستم بە ئاسمانەوە، چاوم بە ڕێتەوە

---

١- نظرية القصد وأثرها في اظهار المعنى والاعجاز القرآني عند القاضي عبدالجبار المعتزلي، ليلى عباس خميس، مركز البحوث والدراسات الاسلامية، العراق، بغداد، ١٤٢٨هـ، ٢٠٠٧م، ص١٢١

٢- التصوف والباراسايكولوجي- مقدمة أولى في الكرامات الصوفية والظواهر النفسية الفائقة، الدكتور عبدالستار الراوي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٤، ص٣٤

**جان سەختە، یا لە دەعویی عیشقا درۆزنە؟**

**ئەو زیندە ماوە تا لە سەفەر یاری دێتەوە** / ٢٨٧-٢٨٨

سەفەر لێرەدا لە نێوان مەحوی و یاردا، دەلالەتێکی نێوەندگیرە، کە بە دڵەوە پەیوەستکراوە، یاریش بە پاساوێك لەلای مەحوی قبوڵ کراوە، کە پاساوی سەفەرە، ئەمەش بۆتە لێکدابڕانێك و نەیهێشتووە مەحوی بە ئەو شاد بێت. بە یەکەوە هێنانی دڵ و ڕۆحیش بۆ گوزارشتکردن لە خودی سەفەر، ئاماژەیەکی دیاری جیهانی باطینی شاعیرە، لەلایەك بۆ یارو لەلایەکیش بۆ مەینەتبارییەکەی بۆ سەفەر، چونکە (لە زاراوەی پزیشکیدا رۆح هەڵمێکی خاوو نەرمی وایە کە لە دڵەوە هەڵدەقوولێ)[1]، بۆیە بۆ پرسی سەفەر، چ دڵ بێ و چ ڕۆح، هەردووکیان دەلالەتی سەفەرن بە سەفەرێکی باطینی، لەلایەکی تریش لە سۆفیگەریداو لەناو یەکێك لەو چوار جۆرانەی سەفەردا، (سەفەری چوارەم مەقامی بەقایە دوای فەناو دابڕانە دوای بەیەکەوەبوون[2]). لەبەرئەوە مەحویش سەفەرەکە بە هۆکاری دابڕان دادەنێت، دوای ئەوەی پێشتر لەگەڵ یاردا بە یەکەوەبوونە:

**ئەشکم قەتاری بەست و هەناسەم سوار بوو**

**ڕۆحم چوە، بە قەصدی سەفەرکەی سواربوو** / ٣٥١

دیسان (مەحوی) باس لە جۆری دابڕانەکە دەکات. ئەو دابڕانەی کە لە سەفەرەوە سەرچاوەی گرتووە. سەفەرێك کە یار دەباتە جیهانی بەقاو، شاعیر (من) یش لە ئەشك ڕشتن و هەناسە سواری و گیانەلاییدا دەمێنێتەوە. بە واتایەکی تر خودی من (شاعیر) جێگیرو، ئەو (یار) لە جوڵەدایەو هەر گۆڕانکارییەك لە (ئەو)دا، گۆڕان بەسەر باری (من)یش دەهێنێ و یەکبوون و بەیەکگەیشتنەکە تەڵخ دەکات و دواتر لە یەکتریان دادەبڕێنێ. بۆیە ئەوانەی بۆ سەفەر دەچن، دەڕۆنە شوێنێکی باشتر، لە فەناوە بەرەو بەقا، لە عەدەمەوە بۆ وجوود، لە گومانەوە بۆ حەقیقەت...هتد، دەچن. ژانی (مەحوی)یش لەوەدایە هێشتا لەو دونیا فانییە ماوەتەوەو سەفەری نەکردووەو ئەوەی سەفەری کردووە، (ئەو) یارو ڕۆح و دولبەرە:

**بە ئۆغرکردنی من بوومە قەقنەس**

**کە ئەو چوو بۆ سەفەر، من بۆ سەقەر چووم** / ٢٢٦

یان:

**بە (مەحوی) کێ خەبەردا بۆ سەفەر چوو ئەو دلارامە**

**هوجومی غەم بە جاریێ هات و یەکسەری باری کرد ئارام** / ٢١٧

کەواتە سەفەر لای مەحوی مەدلوولی دیکە لە خۆیدا هەڵدەگرێ و پشکی بکەرەکەش بەر جێناوی (من- شاعیر) ناکەوێ و بەر (تۆ- ئەو) دەکەوێت، کە هەمیشە لە شێوەی دراماداا گەنگەشە لە نێوان من و ئەوی تردا دێنێتە کایەوە، بۆیە دەتوانین مەدلوولەکان لە چوارچێوەیەکی تەئویلی سیمیۆلۆجیانە بەم نیشانانەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

---

١- معجم المصطلحات الصوفية (مستخرج من أمهات الكتاب الينبوعية) الشيخ الدكتور أنوور أبي فؤاد أبى خزام، ص٩٢

٢- سەرچاوەی پێشوو، لا٩٩، هەروەها موسوعة مصطلحات التصوف لا٤٦٨

سەفەر ⟵ گەشتێکی سەر زەمینی لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر ⟵ گەیشتن بە حەقیقەت ⟵ گەیشتن بە بەقا ⟵ بەشی (ئەو– تۆ) ⟵ سەفەری ڕۆح و دڵ.

ئەگەر لە بنەما سۆفیگەرییەکان، بە تەنیا تەئویلی وشەی (سەفەر) یان کردبێ، ئەوا لە هێرمینۆتیکای هاوچەرخدا بە ڕەچاوکردنی سیاقەکە سەفەر بە هۆی جێناو بە چەمکەکانی دڵ و ڕۆحیش دەبەسترێنەوەو بەم شێوەیە گوتاری شاعیر ڕوونتر دەبێتەوەو دەبێتە پاڵپشتییەکی زیاتر بۆ گەیشتن و تێگەیشتن لە واتای باطینی دەق.

### ٣-١-٥-٢ حەق

ئەگەر لێکدانەوەی راڤەی وشەکان لەناو دەقی ئەدەبیدا زیاتر خۆی لەسەر واتادا چڕ بکاتەوە، ئەوا لەناو بنەما فینۆمینۆلۆجییەکانیشدا شێوە (فۆڕم) تا ئەو کاتە گرنگی هەیە، کە واتای تێدا سەرهەڵبدات، واتاکەش لەناو چوارچێوەی فرەییدا بێت و دەبێتە تیشکدانەوەیەك بۆ واتای تر. لێرەدا ئەگەر لە هەموو پرسە تەئویلییەکانی ناو دەقە ئایینییەکانیش وردبینەوە، دەبینین گرفتی سەرەکییان لە واژە (لفظ) بووە، کە بەشێکە لە شێوەو دیوی دەرەوە. ئەم گرفتەش لە کۆتاییدا هێرمینۆتیکی هێناوەتە کایەوە. لەبەرئەوە ئەگەر هەوڵی هەرە سەرەتایی هێرمینۆتیك بریتی بێت لە دوورخستنەوەی واتای یەکەم لە ڕێڕەوی خۆی و ئامادەکردنی زەین و هۆشی وەرگر بۆ قایلبوون و سەلماندن بە هەبوونی واتای دیکە، ئەوا بەشێك لە لایەنە جوانکارییەکان، هاوکاری هاتنەکایەی هێرمینۆتیك دەکەن.

دەشێ ئەم کردەیە لە دەربڕینێکی سادە دروست بێت، بەڵام بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان لەناو خۆیدا هەڵگری کۆدی تایبەت بە خۆیەتی، زۆر جارانیش یاریکردن بە ئاستی ریتمی و جوانکارییە وشەییەکان ڕێگا خۆش دەکات دەربڕین لە ڕێڕەوی ئاسایی خۆی لابدات و وەرگر بیری بۆ واتای تر بچێت. بۆ نموونە ئەگەر لە بنەچەی دروستبوونی ئەم دێرە شیعرەی مەحوی وردبینەوە، ئەوا روون دەبێتەوە کە دەشێ خودی تەئویلەکە بۆ جوانکردنی وشەیی و سازاندنی رەوانبێژییەکی ناوازە بووبێت و دەشێ بە پێچەوانەوە ریتمەکە لە خزمەتی تەئویلەکە بووبێت:

**با حەقیشی بێت لەبۆ مەنصوور (انا الحق) حەق نییە**

یان:

**بە حەق هەر حەق بە ناحەق ناحەقم وتوە لە ڕۆژی بووم**

دووبارەکردنەوەی ئەو ڕێژە زۆرەی وشەی (حەق) لە لەتە دێرێکدا، ریتمی دێرەکەی خۆشتر کردووەو بۆتە هۆی ئەوەی تەمومژییەك دروستبێت و خوێنەری سادە وا هەست بکات ئەوەندەی یارییە زمانییەکە لە ئارادایە، ئەوەندە قوڵایی (انا الحق) مەبەست نەبووە، لەلایەکی تریش دەشێ ئەم پاتکردنەوەیە وێڕای جوانیی لە رادە بەدەری دەربڕین، ئاڵۆزکردنی چوار دەوری دێرەکەش بێت، بۆ ئەوەی واتا بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نەدات.

پەیڤی حەق لە تەکیشیدا (انا الحق)، خۆی بە جێناوی خودی (من) ەوە بەستۆتەوە، لەوەشدا بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی کلاسیکی کوردی، مەحوی زۆرترین بەکارهێنەری ئەم پەیڤەیەو کاریگەرییەکەش

له دەمارەکانی سۆفیگەرییەوە بۆی هاتووەو ئەو روانین‌و نیگایانەی شاعیر لەسەر میراتی سۆفییانە لەلایەك‌و هەڵکەوتەی ژینگەی شاعیر لەمەڕ پێویستی حەق لە لایەکی تر، وایکردووە مەدلوولەکانی ئەم دالەش فرە ئاراستەو فرە ڕەنگ بێت، وێڕای ئەوەش خودی وشەکە (لە زمانی عارەبیشدا لە یەك واتادا کورت نەکراوەتەوە، بەڵکو لەناو لایەنی بوونی (ئەنتۆلۆجی)و لایەنی مەعریفی (ئیپستمۆلۆجی) و لایەنی شەرعی نقوم بووە، چونکە حەق، بوونێکی خودیی‌و یەقینێکی عەقڵییە)[1]. بۆیە کاتێك بۆ زمانێکی ترو ژینگەو کلتوورێکی تر دەگوازرێتەوە، دەشێ چ بۆ خودی نووسەر، یان بۆ وەرگر، دەلالەتی دیکە بەدەستەوە بدات.

زمانی خوازەیی، کە ئیحایەکی دەلالی هەیەو بۆ جیاوازی واتا شۆڕدەبێتەوە، ئەمە وا دەکات ببێتە ئامرازێکی جیاوازیی‌و لێك هاوێربوون، بێگومانیش مرۆڤ بە هۆی خەیاڵ‌و یادگەوە لە ناسنامە ونبووەکەی خۆی‌و لە زەمەنی ونبووی‌و تەنانەت لە شوێنی ونبوونی خۆیشی دەگەڕێت، بە گوێرەی دەربڕینی برۆست، بەهۆی یادگەوە هەوڵی گەڕانەوە بۆ هەموو ساتە بزربووەکان دەدەین‌و هەموو شوێنە لەبیرکراوەکانیش کۆدەکەینەوە، واتە دەست دەگرین‌و زاڵ دەبین بەسەر هەموو کات‌و شوێنێك، ئەمە ئەوپەڕی حاڵەتیشە، کە لە حاڵ‌و ساتی سۆفییەکان خۆی دەنوێنێ، ئەویش ساتی یەکبوون‌و یەکگرتنە لەگەڵ حەق. مرۆڤ لە کۆتاییدا ئامادەیی تەواو بەدەست ناهێنێ، چونکە ناکرێ لە هەموو شوێنێك بین‌و لە هەموو کات (سەردەم)ێك بژین. ئێمە دیلی کات‌و شوێنەکانمانین، ئەمە رێك لەوە دەچێ، کە ئێمە لەگەڵ ساتێکی کات یەکناگرین، هەتا بە گەڕانەوە نەبێ بۆ تاکە شوێن، واتە بە خۆ دوورگرتن لە هەموو شوێنەکان، ناشتوانین لەگەڵ شوێنێکیش یەکبگرین تا لە زەمەنێکی دیاریکراودا نەبێ، واتە بە دوورخستنەوەی هەموو ساتەکان.[2]

کەواتە ئەمە بۆ ئەوە بوو بڵێین: زمانی خوازەیی‌و هەوڵدانی نووسەر/ شاعیر بۆ بە خوازەیی کردنی دەربڕین، دەمانباتەوە ناو سات‌و شوێنی لەبیرکراو... شاعیر کە باسی حەق، یان حەقیقەتێك لە سەردەمێکی بەسەرچوودا دەکات، واتە خەیاڵ‌و یادگەی بۆ ئەوێ دەچێ، لێرەدا کردەکە دەست پێدەکات، سۆفیش کاتێ دەیەوێ لەگەڵ حەق یەکبگرێ، بەو واتایەی حەق لەسەردەمی ئەودا بوونی نییە، واتە شوێنی حەق‌و کاتی حەق‌و دەلالەتی حەق ون بووە، ونبوونەکە لە رێگای زمانێکی خوازەییەوە بەهۆی یادگەو خەیاڵەوە پەی پێ دەبردرێ‌و لەوێوە زمانێکی نائاسایی دەسازێ‌و جیاوازیی‌و ناکۆکی لێ دەکەوێتەوەو رووبەڕووی کەلێن‌و رووی هەمەجۆر دەبێتەوە، کە ئەمە کرۆکی هێرمینۆتیکایەو لێکدانەوەو کردەکەی لەم ئاقارەدا دەست پێدەکات. کاتێك مەحوی دەڵێ:

**بە حەق هەر حەق بە ناحەق ناحەقم وتوە لە رۆژی بووم**

**وەکوو مەنصور ئەگەر بشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم**

جێناوی لکاوی (م) ی خاوەنداریەتی‌و خودێتی، بە وشەی (حەق)ی پەیوەست کردووەو دوو جار زمانی خوازەیی بەکارهێناوە. بە دەربڕینێکی تر مەحوی دەیەوێ بگەڕێتەوە زەمەنی لەبیرکراو، یان رابردوو، زەمەنێك کە دەیەوێ لەگەڵی یەکبوون دروستبکات‌و بەو هۆیەوە لێکدانەوەی تری بۆ بکرێ،

---

١- التأويل والحقيقة –قراءات تأويلية في الثقافة العربية، علی حرب ، ص١١٢

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩

ئەویش گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکانی ئاشنابوون بە حەق، لەو رۆژەوەی کە لەدایك بووە. پاشان لە دەلالەتی دووەمدا شاعیر هەنگاوێکی تر دوور دەکەوێتەوە، دەیەوێ خۆی بگاتە پلەی ئاوێتەبوون لەگەڵ حەق، یان ئاوێتەبوون لەگەڵ خودا (الحق)، بەڵام راستەوخۆ لە رێگای خۆی نا، بە خواستنی زەمەن‌و شوێنی (حەللاج)، کە بەغدایەو سەردەمی عەباسییەکانە، وەکو ئەو چۆن لەناو حەقدا ئاوێتە بوو، مەحویش یادگەی خۆی‌و خەیاڵی بۆ ئەو زەمەن دەبات. کەواتە وێڕای زانستی سیمیۆلۆجیش، روونبێژی (البیان)، کە خوازەو زمانی خوازەیی لەو چوارچێوەدایەو لێکچواندنیش چلەپۆپەیەتی، بۆتە ئامرازێك کە جیاوازی‌و فرە ڕوویی نیشان بدات‌و یادگە بۆ سەردەمێکی لەبیرکراو بجوڵێنێ، کە خودی سەردەمەکەو بۆ ئەو سەردەمیش جێگای راڤەو لێکدانەوەی هێرمینۆتیکاییە لەسەر پرسی شیاوبوون، یان دروستبوون‌و دروستنەبوونی.

خۆ خستنە ناو ئەم جیاوازی‌و بیروبۆچوونە لە سەردەمی مەحویشداو، هێنانەوە باسی، بۆ خۆی نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر مەحوی، لە بارەی تێکەوتنی بەناو ئەم چاڵەی پڕ لە جیاوازی، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێتە دەربڕینێك، کە زۆرترین واتا لە خۆیدا هەڵدەگرێ. گرنگ ئەوەیە خەیاڵ‌و یادگە بۆ هێنانەوەی سەردەم‌و کەس‌و شوێنی لەبیرکراو جارێکی تر واتای ترو تەم‌ومژی بەر دەربڕین دەبەخشنەوە.

### ٣-١-٥-٢-١ حەق‌و مەحوی‌و وەرگر

بواری تێگەیشتن بۆ چەمکێکی مەعریفی کە هەڵگری مەدلوولێکی مێژوویی بێت، لای دانەرو وەرگر وەك یەك نییە، بەو پێیەی دوو کردەی جیاوازن، کە کردەی نووسین‌و خوێندنەوەن، بۆیە ئەم بوارەو تێگەیشتنەکەی بە لای سارتەرەوە بۆ هەردوو کردەکە (لە دیاردەگەرایی هۆسرل‌و ئیستێتیکی ئینگاردن دەرناچێ، بەڵکو لە زۆر باردا هاویەك دەبێ‌و وای دەبینێ کاری دانەر ئەوەیە، هەندێ بۆشایی بۆ خوێنەر بەجێ بێڵێ بۆ ئەوەی پڕیان بکاتەوە... لەبەرئەوە واتا، کۆکردنەوەی وشەکان نییە... بەڵکو جۆرێکە لە تێگەیشتن، کە ئەم تێگەیشتنە هەوڵدان بێ بۆ گەیشتن بە عەقڵی مرۆڤ، یان دووبارە دۆزینەوەی (من) لە (تۆ) دا، ئەم دۆزینەوەیەش شیکردنەوەیەکی مەعریفی دێنێتە کایەوە، کە هەر ئەمەش ببووە خاڵی هاوبەشی دەلثێ‌و گادامیرو تیۆردانەرانی ئیستێتیکای وەرگرتن، کە تێگەیشتنی ئەوی تر (دانەر) لە میانی تێگەیشتنی خۆمان دیار بکەین)[1]. لەوەشدا لەلایەك ئێمە دەبینە وەرگری بەرهەمێکی ئەدەبیی نووسەرێکی دیکەو لەلایەکی تریش خودی نووسەرەکەش دەبێتە وەرگر بۆ چۆنیەتی وەرگرتنی مەعریفەیەك لە سەرچاوەیەکی دیکەوە، تا بەرهەمەکەی لەسەر دادەمەزرێ، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە چۆنیەتی بۆشایی بەجێهێشتنی نووسەرە بۆ وەرگر، تا بە تەئویل‌و تێگەیشتنی خۆی پڕیان بکاتەوە. ئەدەبی سۆفییانە لەوەدا بۆشاییەکە جێ دەهێڵێ، بەڵام کەمتر بە تەنگ رەچاوکردنی زەمینەی وەرگرەکەیەو زیاتر بەرەو ئەو سەرچاوەیە هەنگاو دەنێ، کە دەقەکەی لەسەر بنیاتنراوە، بۆیە (دواندنی دەرەکی، کە لە جێگای وەرگری خەیاڵی (وەهمی) یە، کارلێکی نێوان دەق‌و وەرگر بەڕێوە دەبات، لە کاتێکدا پەیوەندی سۆفیگەری بە وەرگری راستەقینە، پەیوەندییەکی نەرێنییە)[2].

---

١- الأصول المعرفية لنظرية التلقي، ناظم عودة خضر، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، الطبعة الاولى، ١٩٩٧، ص٩٦-٩٧

٢- تحليل الخطاب الصوفي في ضوء المناهج النقدية المعاصرة، د.آمنة بلعلى، دار الامل، تيزى وزو، الطبعة الثالثة، ص٤٨

ئەم دیاردەی دواندنە، هەندێ جار لە ناو ئەو دەقە شیعرییانەشدا دەبینرێ، کە دایەلۆگێکی وەهای تێدایە وەرگر هەست بە واقیعیبوونی دایەلۆگەکە ناکاتو کارەکتەرێکی خەیاڵی دەبینرێ، کە دەکرێ بەو وەرگرە خەیاڵییە ناوی ببەین، کە پەیوەندی دەقو وەرگر مسۆگەر دەکاتو هەندێ حالەتی مەترسیدار بۆ گوتن دەخاتە ئەستۆی خۆیو لەسەر ئەستۆی شاعیری لادەبات. لێرەدا لە چەمکی هێرمینۆتیکا نزیك دەبینەوە، بەوەی پەیوەندی نێوان شاعیرو خودا بە شێوەو شێوازێکی دیکە دەردەکەوێت، کە لە ڕێگای ئەم وەرگرە خەیاڵییەوە بیانوویێکی هێرمینۆتیکیو ڕاڤەی جیاواز بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. دۆزینەوەی ئەم بیانووە ڕێگا بۆ سازاندنی دەرفەت بۆ نووسینی شاعیر خۆش دەکات، بەڵام ئاسۆی وەرگرەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت، هەمیشەش لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت، کە هاوسەنگییەکە بپارێزێ، بە تایبەتی لە ڕەچاوکردنی بارودۆخو ژینگەی ئەو شوێنو سەردەمەی، کە دەقەکەی تێدا نووسراوە.

بۆ نموونە سەردەمی دوای کوشتنی حەللاج لە گۆڕەپانی ئەدەبیاتو هەروەها لە زانستە شەرعییەکانو ڕێبازە ئایینییەکانیشدا، ناوهێنانو بڕوا پێ هێنانو مەزراندنی لەناو دەقەکاندا، گەنگەشەی زۆری لەگەڵ خۆی هێنا، هەمیشەش ئەو جۆرە بابەتانەی، کە لەناو کۆمەڵگادا گەنگەشە هەڵدەگرن، شێوازی مەزراندنو ناوهێنانیان حوکمی کۆتاییان لەسەر دەدرێ، بۆ ڕەچاوی ئاسۆی پێشبینییەکانی وەرگرو ئاسۆی چاوەڕوانییان لەگەڵ هاویەکبوونی بە کۆمەڵگاو پیرۆزییەکانیاندا. هەر بۆیەش (مەحوی) وەك شاعیرانی تری ناوچەکە، بە حەللاجو بیروڕاکانی کاریگەرە، بەڵام لەو شوێنانەی کە ناوی هێناوە، بە شێوازێکی وا بواری هێرمینۆتیکی هێشتۆتەوە، کە سەر لە وەرگر بشێوێنێ، بەوەی نەزانێ مەحوی بە کردەیی حەللاجی بووە، یان هەر تەنیا وەك کاریگەرییەکی سادە باسی کردووە؟ بە واتایەکی تر ئەگەر لەژێر هەر زەبرو زەنگێکدا سۆفییە ناسراوەکان، یان لەبەر هەر هۆیەك نەیانتوانیوە ناوی حەللاج بهێنن ((وەك هەوڵێك بۆ دروستکردنی ئاسۆیەکی چاوەڕوانی تازە، کە واتاو چەمكو زاراوە سۆفیگەرییەکان بۆ ئەسڵەکانیان لە قورئان و سوننەت بگێڕنەوە، کە ئەمەش خوێندنەوەیەکی هێرمینۆتیکییە بەوەی هەوڵی یەکخستنی نێوان دەقی سۆفییانەو ڕوانینی حەرفییانەی توندە بۆی، ئەگەرچی لەژێر ترسی دەسەڵاتدا نەیانتوانیوە* ڕاشکاوانە گونجانو کۆکییەك لەنێوان دەقی حەللاج لە خۆشەویستی خواو مەعریفەی سۆفییانەو هەروەها ئاسۆی تەقلیدی ئەنجام بدەن، زۆرجار وشەکانیان هێناوە، بەڵام ناویان نەهێناوە.)) [1]

مەحوی ناوی حەللاجی هێناوە، بەڵام بە شێوازو تەکنیکێکی وای نووسیوە، وەك ئەوەی شاعیر تەنیا ئەرکی نیشاندان بێتو بواری ئەوەی هێشتۆتەوە، وەرگر بە دوای وردەکارییەکان بگەڕێتو خۆی لێکدانەوەی بۆ بکات، ئەگەرچی هەست بە پشتگیریکردنی حەللاج دەکرێ لەلایەن مەحوییەوە، بەڵام مەحوی سنوورەکەی وەها نەبەزاندووە، کە بۆ ساتی نووسینی دەقەکە سلێمانیو ناوچەکە بە ترسەوە لە ڕووی بیروباوەڕەوە سەیری حەللاجیان کردووە، لە هەمان کاتدا بە دیوە هێرمینۆتیکییەکەوە وەهایان لێ ڕوانیوە، کە واتایەکی وا هەڵدەگرێ، لەگەڵ بنەماکانی سۆفیگەری تێکگیر نابێ، ئەگەرچی خودی مەحوی

---

* وەك الطوسی (٣٨٧ك مردووە) و (کلاباذی ٣٨٠مردووە) و (ابی طالب المکي ٣٨٦مردووە) و (القشیری ٤٦٥مردووە)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩

١- تحلیل الخطاب الصوفي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩

له هەندێ لە دێرە شیعرەکانی دیکەیدا زۆر ئاسایی‌و شافیعییانە لە بوون‌و ژیان‌و خۆشەویستی خوا دەڕوانێ، ئەمەش ئەگەری ئەوە دەسازێنێ، شاعیر ناو بەناو هاویەک‌و تەبا بووە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگرەکان لەگەڵ خودی شاعیر، نەك لەگەڵ خودی دەقدا، چونکە وێناکردنی مەحوی لای وەرگرەکان لە شیعری:

**لەناکەس کارییا خاکم بەسەر رۆیی بەبا عومرم**

**خودا تۆ بمژیێنە تا لەبەر قاپی کەسێ دەمرم** /٢٢٠

لە روانگەی بیرو بڕواو چاوەڕوانیی وەرگرەکان ئاساییەو، وەرگر لەگەڵ شاعیرو وەرگر لەگەڵ دەق بۆ ئەوسا هەردووکیان هاویەکن‌و لەنگی‌و بەربەستیان نایەتە رێ، بەلأم پلەی ئاسۆی تێگەیشتن‌و رووبەڕووبونەوە لەگەڵ چەمکی تێگەیشتن‌و تێگەیشتنی تێگەیشتن (فهم الفهم) دا، لای وەرگر لە گۆڕانکاریدا دەبێت، بە تایبەتی لە دێری:

**بە حەق هەر حەق بە ناحەق ناحەقم وتوە لە رۆژێ بووم**

**وەکوو مەنصوور ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم** /٢٢٧

لێرەدا وێڕای ئەوەی قورسایی کۆدی حەللاج لە کۆدی مەنصور جیاوازەو یەکەمیان قورسترە، لە هەمان کاتیشدا وردەکارییەکانی مەنصور باس ناکات‌و وەك لێکچواندنێك لە خودی مەنصوری حەللاجدا، لێکچواندن دەسازێنێ‌و تا رادەیەکی زۆر ئاسۆی تێگەیشتنی وەرگری ئاسایی ئاساییەو لەبەر بنەما رەوانبێژییەکە گرفتی گەورەی تێگەیشتن ناهێنێتە کایەوە، لەچاو شیعری:

**لە حەقبێژی بووە بەحری (انا الحق) هەر قەصیدێکم**

**لەباتی جائیزە، واجب گەڕا قەتڵم بکەن واجیب** /٥٤

کە دەربڕینی (انا الحق)، دەربڕینێکە تایبەتە بە حەللاج‌و بە دیوە عیرفانییەکەی کوفر نییەو بە دیوە تەجریدی‌و شەرعییەکە کوفرەو بەو هۆیەوەش حەللاج گیانی خۆی لەسەر دانا. ئەگەرچی لەم دێرەدا چەق‌و ناوکی دەقەکە (حەقبێژی) ی‌و بۆ حەقبێژی دەقەکانی مەحوی (انا الحق)ن، نەك بۆ لایەنگیری لە چەمکی تر، هاتنی دەربڕینەکە لەناو دەقدا ئاسۆکانی تێگەیشتنی وەرگر لە دەقەوە بۆ وەرگر دەگوازێتەوە، پاشان رەچاوکردنی تێگەیشتنی وەرگر لەلایەن شاعیرەوە تێگەیشتنی تێگەیشتن دەسازێنێ، وێڕای ئەوەش شاعیر لە خودی خۆیدا روانینی تایبەتی سەبارەت بەم پرسە هەبووە، بۆیە شاعیر دەبێتە وەرگرێك بۆ خودی حەللاجیش، بەلأم وەرگرێکی شارەزاو رەخنەگرانە. ئەم جۆرە لە تێگەیشتنی تێگەیشتن دژواری لە تێگەیشتن لای وەرگر دروست دەکات، بۆ وێنە لە دێرە شیعرێکدا ئاسۆی پێشبینییەکانی وەرگر بۆ لایەکی تر دەبات‌و راڤەو هێرمینۆتیکای سادەتر دەخاتە بەردەمی وەرگر، کە مەحوی تەواو نەچۆتە ژێر باری بیری (انا الحق)، یان ئەگەر چووشبێ لەگەڵ شەرع هاویەك‌و تەبای کردووەو نەیویستووە دەنگدەری ناو دەقی شیعرییەکە وەك کارەکتەرێکی خەیاڵی دەرکەوێ‌و خۆی بۆتە زمانحاڵێکی ئاسایی، کە پێچەوانەی جاران لەگەڵ حەللاج کۆك نییە:

**با حەقیشی بێت، لەبۆ (مەنصور) (انا الحق) حەق نیە**

**شێتییە مەجنوون، ئەگەر بێ نازی لەیلایی بکا** /١٩

لێکدانەوەکانی ئەم دێرانەو هەڵسەنگاندن بۆ ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق لە ئاسۆی چاوەڕوانیی وەرگردا، بەرەو ئەوەمان دەبات، کە جوگرافیای دەق بە تایبەتیش خودی چوارچێوەی ئەو دەقەی کە وشەکەی تێدایە، لە ئاسۆی تێگەیشتنی وەرگردا جێی بکەینەوە، چونکە لە ئاقاری ئەم هەڵبەزو دابەزەی تێگەیشتنەدا، دوو حاڵەت هەیە:

أ/ مەحویش هەر وەك کەسە ناسراوەکانی پێش خۆی هەستی بەوە کردووە، کە قەیرانی وەرگرتن (التلقی) لە ئارادا بووەو سەردەمی شاعیریش هەر ماوەتەوە، بۆیە هەست بەوە دەکرێ مەحوی پشتی حەللاج دەگرێ، کە لەسەر حەق بووە، حەق بە مانا رواڵەتی و زاهیرییەکەی.

ب/ لەم دێرەی کۆتاییدا، هەڵکەوتەی سەرتاپای شیعرەکە هەمووی لەسەر حەقو تێکەڵبوونی ئەو خۆشەویستییە نییە، بەڵکو هەمان مەبەستو پرەنسیپی حەللاجی بەکارهێناوە لە خۆشەویستی بەندەو خوداداو مەوداکانی ئەو خۆشەویستییەدا، بەڵام خۆی بواردوە لەوەی سەرتاپای شیعرەکە لەو وشانە دابڕێژێ، کە حەللاج لە سەرەتاوە تا کۆتایی پێیەوە گیرۆدەیەو کێشەی لەگەڵدایە. ئەم (مەحوی) وەك سروشتێکی تەوازوعانە ئەم تێکەڵبوونە باس دەکاتو لە چوارچێوەی تەوازوعی بەندەو هیچ نەبوونی لە ئاستی خودا (خالیق) دا، رواڵەتییانە، کە وەرگری ئاسایی بە تەواوی لێی تێدەگاتو دەیەوێ بڵێ: هەر وەك چۆن مەجنوون نابێ بێ نازی لەیلایی بکا، بە هەمان شێوەش ئەگەر ئاوێتەبوونو تێکەڵبوونیش لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام نازی لەیلایی نازێکە کەسی تر ناتوانێ وەك ئەو بێت، لەبەرئەوە پلەکە بەرزەو (انا الحق) لەو مەقامەدا دروست نییە. ئەگەر وا دابنرێ مەحوی لێرەدا زمانی حقیقەتی بەکارهێناوە، بۆیە لێکی جیاکردونەتەوە، ئەگەر زمانی خوازەیی بەکارهێنابا هەردووکیان یەکیان دەگرت، کە خودی ئەم کردەیەش شیاوی لێکدانەوەو هێرمینۆتیکە.

بە واتایەکی تر، دەست دانان لەسەر ئەم چەمکە هەستیارانە، بە بڕوا پێ هەبوون، یان پێ نەبوون، کارلێکی نێوانی دەقو وەرگر خۆش دەکات، بە پێچەوانەوە واتای دەق تووشی ئاڵۆزی دەکات، چونکە ((بەرهەمی ئەدەبی تەنیا لە بوونی خۆیدا خۆی ناشارێتەوە، بە قەد ئەوەی کە بەرهەمی ئەو کارلێکەیە، کە لە نێوان خۆیو وەرگر دروست دەبێ))،[1] بە دروستبوونیشی بەها ئیستێتیکییەکەی دەقیش خۆی نیشاندەداتو ئەو کۆدانەش، کە لە چوارچێوەی ئەو تەرزە پێکهاتەیە دایە، خۆیان بەرجەستە دەکەنو دەق زیاتر بۆ زیندوێتی واتاو لەوێشەوە بۆ راڤەو لێکدانەوەی جیاجیا لەبار دەبێت.

پەیڤی (انا الحق) کە لە حەللاجەوە سەرچاوەی گرتووەو چۆتە ناو ئەدەبیاتی سۆفییانە، هەر خودی شاعیرانیش روانینی خۆیان لەسەر ئەم پەیڤە دەربڕیوە، روانینی شاعیرە سۆفییەکانو راڤەکردنیان بۆی، لە سۆنگەی لێکدانەوەی خۆیان دەچێتە ناو ئەو چوارچێوەیەی کە خودی شاعیرەکان لە شوێنی خۆیاندا ئەرکی وەرگرێکی شارەزا دەبینن، لە کۆتاییشدا لەناو کردەی هێرمینۆتیکدا، ناسنامەی رەخنەگرێکی تایبەتی لە خۆیان دەنێن.

لەبەر گرنگی ئەم پەیڤەی حەللاجو ئەو گەنگەشەو کێشمە کێشمەیەی کە ماوەیەکی زۆر شەرعزانو ئەدیبانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردو روانینی جیاجیای لێ هاتە بەرهەم، کە هەموویان سەرنجو روانینن بۆ

---

١- سەرچاوەی پێشوو، لا٥٣

راڤەو لێکدانەوەی پەیڤەکەو وردیو چڕیو نائاسایی بوونی دەربڕینەکەو بەرزی ئەدەبیاتو خودی کەسایەتی حەللاج، وایکرد زوو لەلایەن پەیڕەوانی تاوانبار نەکرێو دواتر بخرێتە چوارچێوەی تەئویلەوە، ئەگەر خۆبەکەم زانین (تەوازوع)یش، یەکێك لە مەقامە گرنگەکانی سۆفیگەری بێت، ئەوا بە ڕای سۆفییەکی وەك مەولانای رۆمی ((انا الحق گوتەیەکی پیرۆزی تەوازوعە، چونکە ئەوەی کە دەڵێ من بەندەی خودام، دوو هەستی بەرجەستە کردووە، یەکێك خودیو ئەوی تر خودایی، بەڵام ئەوەی کە (انا الحق) دەڵێ، واتە من نیم، هەمووی ئەوە))[1]، ئەم گوزارشتکردنە کە خود بە هیچ دانەنێو هەمووی بە هی خودا حسێب بکات، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە من دەربڕینێکە لە خودی نەمانو عەدەم بوون، بە جۆرێك مادەم (أنا)ی بەندەکان ون بوونو پێچەوانەی بوونە، ئەوا کە لەگەڵ جەنابی حەق تێکەڵ دەبێ بە دەربڕینی سۆفییانە، لەناو گەورەیی ئەودا ون دەبێت، چونکە دوو راڤەی بۆ دەکرێ:

أ-شاعیر لەسەر حەقەو ئەو رێگایەی گرتویەتی رێگایەکی راستەقینەیە.

ب-ون بوونە لەناو مەزنی خالیقدا، بەوەی (أنا)ی بەندەکان، بەبێ گەنگەشە توانەوەو عەدەمە، کەواتە توانەوە لەناو حەقیقەتی خوداییدا وەك چۆن پلەو مەقامێکی گرنگە بۆ سۆفییان، تیشکدانەوەی تەجەللای نووری خوداشە بۆ بەندەکان، یان بە دەربڕینێکی تر مەستبوونە لەو یادەدا.

### ٣-١-٥-٣ سێبەرو هەتاو

یەکانگیربوونی خودی مەحوی لەگەڵ سێبەر، یان وابەستەبوونی مەحوی بە سێبەرو ئەوی تریش بە هەتاو، بێ ئەوەی سەرەتا هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێ، چنینێکی وێنەی رەوانبێژیی کۆنە، کە لە بنەماکانی خواستنو لێکچواندنەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بەردەوامبوونی ئەم بارە، خوێنەر دەخاتە ئەو بڕوایەی کە لە بنەما سیمیۆلۆجییەکەی وشەی هەتاوو سێبەر بکۆڵێتەوە، پاشان بە پشت بەستن بە دەلالەتەکانی سۆفیگەری بۆ ئەم وشانە لە چوارچێوەی چەمکی فەنابوون نزیك دەبنەوە، کە ئەمانە بوونەتە کەرەستەی سازاندنی ئەم بنەمایە:

**تا زوڵمەتی وجوودە تەریکی لە نووری عیشق**
**سێبەر نەما، هەتاوە، کە مەحوی نەما خودا** /٥

ئەم بەیەکەوەنووسانەی منی شاعیر بە سێبەر، کتو مت لەو گوتارەی سۆفییانە دەچێت، کە (عەتاری نیشابوریش* فەنای رێبوار لە خودادا وەك فەنای سێبەر لە هەتاو دادەنێ)[1]، مەحویش تاریکایی بۆ

---

١- أشارات عرفانی در داستان حضرت یوسف (ع)، دکتر زهرا ریاحی زمین، مجلەی بوستان ادب، دوره (٣)، شماره (٣)، پایز ٨٩، ص٣٤

* شێخ فەریدەدین ئەبو حامد محمد کوڕی ئەبوبەکر ئیبراهیم کوڕی ئیسحاقی کەدکەنی نیشابوری یە، بە فریدالدین و شێخی عەتار ناسراوە، لە دەوروبەری ساڵی ٥٤٠ی مانگی لە کەدکەنی نیشابوری خوراسان لەدایك بووە. باوکی پیشەکەی عەتتاری بووەو هەروەها سەروکاری لەگەڵ عیرفانیش هەبووە. لەژێر دەستی باوکی فێری پزیشکی کۆنو ئەدەبو شیعر بوو. کتێبەکانی موصیبەتنامەو ئیلاهینامەی لە دەرمانخانەکەیدا نووسی. وێڕای پزیشکی ودەرمان، لە بابەتی حیکمەت، ئەستێرەناسی، هونەرەکانی ئەدەبو شاعیری، فەرموودەناسی، فیقه، کەلام، تەفسیرو زانستەکانی عەقلی و نەقلی سەردەمی خۆی شارەزابوو، چونکە لە سامانو داراییدا دەوڵەمەند بوو، حەوجێ بە دەرباری میران نەبوو.. لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا، لە ساڵی ٦١٨ی مانگی، لە هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر نیشابوور کوژرا. لە بەرهەمەکانی (تذکرة الاولیاء، منطق الطیر، اسرارنامە، الهی نامە، مصیبت نامە، بلبل نامە، حیدرنامە، اشترنامە،

سێبەرەکەو نووری عیشق بۆ هەتاوو خودا زیاد دەکاتو وێنەیەکی جوانکارییانەی پێچو پەخشو لێکچواندنی ڕەوانبێژییانە دەسازێنیٚ، وێڕای چوارچێوەیەکی گشتی هەڵقولاٚو لە گوتارە هێرمینۆتیکاییە سۆفییانەکەدا.

عەتار ئەم بیرۆکەیە لە کتێبێکی تردا، بەناوی (موختارنامە) ڕاڤە دەکاتو دەڵێت: پێغەمبەر(د.خ) بە ڕێبوار (سالك) دەفەرمویٚ: ئەگەر دەتەوێت لە دەروونت قورتارت بیٚو فەنا ببی، پێویستە لە زاتی خودا دا ببیە هیچ، ببی بە سێبەرێك کە لە هەتاودا ون بیت، ببە بە هیچ، خوداش زانایە بە هەموو شت.[2] مەحویش تێکەڵ بوونی سێبەرو هەتاو بە مەحاڵ دادەنیٚو خۆی لە باری سێبەر دادەنیٚ، تا ئەم وتەیەی سەرەوەی بە سەردا بسەپیٚ، وەنەبیٚ هەتاویش بە کەم حسێب بکا، بەلاٚم ئەو وای دادەنیٚ سروشتی ئەو تەنیا لەگەڵ سێبەر دەگونجیٚ:

**وتی: من بێم و (مەحوی) وا بمێنیٚ، ناکریٚ، نابیٚ**

**هەتاوو سێبەرین ئێمە، دەبیٚ یا من ببیٚ، یا ئەو**

من لێرەدا شاعیر نییە، بەڵکو یار (ئەو) ە، ئەو بڕیارەکە دەدات، کە لەگەڵ مەحویدا هەتاوو سێبەرن، منو هەتاو هەروەها مەحویو سێبەر، وێڕای وێنە پێچو پەخشو لێکچواندنەکە، لە ڕووی تەئویلی سیمیۆلۆجیاش، هەتاوو سێبەر بنەمایەکی سۆفیگەرینو سێبەر توانەوەو فەنابوونو دەرچوونە لە فیزی دەروون.

لەناو زاراوە سۆفیگەرییەکانیشدا، سێبەر هەبوونی ئاسوودەییو حەوانەوەیە لەپشت پەردە، بە دەربڕینی دیکەی ئەوان، سێبەر وجوودێکی دیکەیە، کە پەیوەندی بە وجوودێکی دەرەکی هەیە، ئەویش، کە نوورو ڕۆشناییە، بۆیە بە پۆشینی تاریکاییو عەدەمەکەی، کە لە دونیای مومکینو عەدەمدا خۆی نواندووە، نوورو ڕۆشنایی خۆی دەردەخات، لەبەرئەوە دەبێتە سێبەرێك بۆ دەرکەوتنی سێبەرێکی بە نوورو ونبوونی لە خودی خۆیدا، خوداش ناوی سێبەری لەگەڵ خۆر هێناوە: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ ٱلظِّلَّ وَلَوْ شَآءَ لَجَعَلَهُۥ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا ٱلشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا ﴿٤٥﴾ ﴾الفرقان: ٤٥ . تاریکاییو زوڵمەتیش لە بەرامبەر ئەم نوورەدا، بریتییە لە عەدەم، ئەم تاریکاییەش عەدەمی نوورە، لەبەرئەوەشە کوفر بەوە ناونراوە، کە زوڵمەتە لەبەر نەبوونی نووری بڕوا لە دڵی مرۆڤ، کە دەبوایە ڕۆشنی کردبایەوە نەك بە پێچەوانەوە.. لە لایەکی تر سۆفییەکان پێیان وایە سێبەری یەکەم عەقڵی یەکەمە، چونکە یەکەمین چاوە بە نووری خودا دەرکەوتووە[3]. مەحویش عەقڵو سێبەر بەیەکەوە جووت دەکاتو هەمان چارەنوسی هاوبەشیان دەداتیٚ، کە توانەوەو ونبوونە، لە کاتێکدا، نووری ڕاستەقینە پەیدا دەبیٚ. هەموو ئەو جێگایانەشی عیشقی ڕاستەقینەی تێدایە، هەتاو ڕۆشنو بەهێزە، کە دەلالەتی بوونی یاری لیٚ دەکریٚ، گەیشتن بە یارو بەقاش نایەتە دی، هەتا بە باری سێبەر تێنەپەڕێت، بە واتایەکی تر دانانی مەدلوولی هێزو توانای هەرە مەزن بۆ

---

مختارنامە، شاهنامە، خسرونامە، لسان الغیب، مفتاح الفتوح، پسرنامە) یە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (منطق الطیر، شیخ فریدالدین عطار نیشابوری، مصحح: عزیز الله علیزادە، انتشارات فردوس، چاپ أول، تهران ١٣٨٨، ص٧-٨

١- منطق الطیر لفریدالدین العطار النیشابوری، الدکتور بدیع محمد جمعة، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٨

٢- سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٨

٣- کشاف اصطلاحات الفنون، الشیخ العلامة محمد علی بن علی بن محمد التهانوی الحنفی، ص ١٨٥

هەتاو، لەو سۆنگەیەوەیە کە تەئویلی هەتاو دوایین شوێنەو لە هۆشی هەمووانداو دوا پلەی بەتینیو بەهێزییە، لەبەرئەوە بە بوونی هەتاو هەموو گەرماییە کەم هێزەکان ون دەبن، ئەمەش لەلای مەحوی رەنگی داوەتەوە:

**بە جیلوەی ئەو، وەکو شەونم، فڕی هەر عەقڵو هۆشێ بوو**

**کە سێبەر مەحوە لەو جێیە هەتاوی لەحزەیەك لێ کەوت /٨٦**

لە خودی سیاقی ئەم شیعرەشدا، منی مەحوی خۆی بە مردوو داناوە، مردوو لە بەرامبەر زیندوێتی یار، سێبەر لە هەمبەر تینو تاوی خۆر، بوونە سێبەریشو توانەوە لەو بارەدا رزگاربوونو بەسەر پێ کەوتنە، واتە دووبارە گیان بە بەردا کردنەوەیە، هەروەك خۆی دان بەوەدا دەنێ و دەڵێ:

**لەسەر شانی کەسانی دی جەنازەی من، وتی: چابوو**

**ئەم ئیفتادەش لە غەم، رسگاری بوو بۆ خۆیو سەرپێ کەوت /٨٦**

هەستکردن بە کەمیو نەگەیشتن بە پلەی یار لای مەحوی، ئەوەیە، کە شاعیر شیاوی ئەو پایەیە نییە، یان هێندە پێنەگەیشتووە، کە ناسنامەی سێبەربوونی بە سەرەوە نەمێنێ، چونکە سێبەرو هەتاو دژی یەکترنو لۆجیك قایل نابێ بەیەکەوە بێن، ئەمەش دەلالەتی بەهێزترین بەڵگەی تێکەڵنەبوونی شاعیرە لەگەڵ یار، بەڵام لە هەموویاندا وتەکە هی یارە، نەك داننانی مەحوی بە بارەکەدا:

**خورشیدو سایە پێکەوە نابن، دە حەقیەتی**

**ئەو جیلوە وەحشیە کە نەبێ ئاشنا بە کەس /١٤٧**

لە شوێنی تریشدا (مەحوی)، هەمدیس لە زمانی (ئەو)ەوە پێناسی خۆی دەکاتو خۆی بە سێبەرو ئەو بە هەتاو دادەنێو هەتاویش بە نیشانەی تەشریف هێنانی پیرۆز دادەنێو بە هەبوونی هەتاویش، سێبەر، کە پاشکۆو لاوازی نیشاندانە، دەبێ بە پێی یاسای لۆجیك لەوێ نەمێنێ:

**وتی مەحوی منو تۆ ئافتاب و سایە تیمسالین**

**جەنابی من کە دەرکەوتم، دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا /٣٦**

سێبەر لێرەدا وەك دالێك مەدلوولەکەی ئاوەدانیو حەسانەوەیە، بەڵام مەدلوولی تری بۆ سازێندراوە، کە بریتییە لە بەدبەختیو شکستو توانەوەو نەگەیشتن بە یارو منی شاعیرو بێ هێزی، بە واتایەکی تر بە تەنیا هەبوونی سایەو سێبەر نیشانەی هێزە، بەڵام دەرکەوتنی لە بەرامبەر خۆرو هەتاودا، بچووکیو بێ هێزیی نیشاندانیەتی، کە شاعیر تەنیا وەك لێکچواندنێك بە لەوچووی خۆی دادەنێ:



هەبوونی سێبەرو خاوەندارییەتی (من) لە سێبەربووندا نیشانەیەکیشە بۆ مرۆڤ، مرۆڤێك کە نەگەیشتبێتە پلەی پێغەمبەرایەتی، بە بەڵگەی ئەو رایەی، کە پێی وایە پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) لاشەیەکی بێ سێبەر بووە، چونکە خودی کەسێك کە لە تیشکەکانی خۆرەوە سەرچاوەی گرتبێ، سێبەر ناتوانێ لەگەڵی هەڵ بکا. لەبەرئەوە خۆنواندن لە خۆبەکەم زانین، بە کردنە ئامرازی سێبەر بۆ خودی خۆی، بریتییە لە خۆ دوورگرتن لە پێگەی پێغەمبەرایەتی. وەك خۆی لە پەسنی پێغەمبەردا (د.خ) لە بارەی سێبەرەوە دەڵێ:

**وجوودی ئەو لەگەڵ باقی وجوودان ئەر نیە فەرقی**

**بە قەد رۆح و جەسەد بێ سێبەری خاریج لە ئیمکانە** /٤٣١

ئەم سێبەرە، کە بە منی مەحوی لکاوە، ناتوانێ لەگەڵ هەبوونی یار (ئەو) دا مەدار بکات، مەحوی سێبەری بە عەقڵ و هۆشی (من) داناوە، کە هێندە بێ بەرگەیە، بە هاتنی هەتاو دەبێ بە ناچاری بڕوا، بۆیە بە دەرکەوتنی یاری وەك هەتاو، عەقڵی وەك سێبەریش نامێنێ:

**بە جیلوەی ئەو وەکو شەونم فڕی هەر عەقڵ و هۆشێ بو**

**کە سێبەر مەحوە لەو جێیە هەتاوی لەحزەیەك لێ کەوت** /٨٦

شاعیر لێرەدا دالی (مەحو) ی لە لایەك وەك نازناوی شیعری بەکارهێناوە، کە ئەمە دوایین دێری غەزەلەکەیەو سێبەر یەکسان دەکات بە ناوی خۆیو دیسان دەیسەلمێنێتەوە، کە (ئەو) خۆرەو (من)یش سێبەر. لەلایەکی تریش مەدلوولێکی تر لە سیاقەکەدا خۆی بەدەردەخا، کە توانەوەو نەمانی سێبەرە، لەوەشدا ئەم جوڵە بەردەوامە، کە لە ئەنجامدا کردەی فەنابوون دێتەکایەوە. بۆیە ئەم هاتن و چوونە، کە وەك سێبەرو هەتاو هەمیشە لە هاتوچۆدان و هیچیشیان لەگەڵ ئەوی تر مەدار ناکات، وێڕای سازاندنی شیعرییەتی وێنەی ڕەوانبێژیش، بنەمایەکی تەئویلی سیمیۆلۆجیانەی لە خۆیدا بەرجەستە کردووە. بەو پێیەی (فرە واتایی و فرە مەدلوولی واتای فرە خوێندنەوە دەگەیەنێت، چونکە هەر خوێندنەوەیەك هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردنی ئەو دەلالەت و واتایانەی، کە خوێندنەوەی پێشوو ئاشکرای نەکردووە، بۆیە تازەبوونەوەی واتاو دەلالەت خۆی لە بنەماکانی تەئویلی سیمیۆلۆجیا دەنوێنێت، لە سۆنگەی ئەوەی تەئویل بەندیوارییەکی تەواوی بە فرە دەلالەتییەوە هەیە، کە خوێنەران هەوڵی دەستخستنی دەدەن، وێڕای هەبوونی بەربەست لە هەندێ جاردا، لەبەرئەوەیە گەڕان بە دوای ئەم دەلالەتە تازانە ئاسۆیەکی فراوان، یا تەئویلێکی بێ سنوور دەکاتەوە.)[1] لەوەشدا پلەی نەمری بەم دەقانە دەبەخشرێت، کە وەها چنراون بەردەوام خۆیان تازە دەکەنەوەو دەبنە کانگای بەرهەمهێنانی واتا.

---

١-آليات التأويل السيميائى، د.موسى ربابعة، مكتبة آفاق للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، الكويت، ٢٠١١، ص٢٥

### ٣-١-٥-٤ عیشق و عەقڵ

لەناو چوارچێوەی سیمیۆلۆجیادا، گەلێك جار دال و مەدلوولەكان لەلایەك و ئەو وشانەی هەڵكەوتەیەكی دوالیزمییان هەیە لە لایەكی تر، لە ڕێڕەوی ئاسایی خۆیان دەردەچن، بە شێوەیەك زۆر بە كەمی هەموو ئەو جووتە وشانەی، كە لە كاتی ئاخاوتنی ئاساییدا، چ بە دژیەك، چ بە پارادۆكسی، یان جووتە وشەی لێكدراو لە هۆشی قسەكەر ئاساییێن، كەمتر دەكەونە بەر لێكدانەوەی سیمیۆلۆجیانە، بە تایبەتی ئەگەر نائاسایی بوون و شیعرییەتبوونیان نەسازاندبێ، بەڵام هەندێ جار بنەمای چنینی دەق بە هاوكاری گوتاری سۆفییانە دوالیزمێك دەسازێنێ، كە لە ئاخاوتنی ئاساییدا هیچ پەیوەندییەكیان بە یەكترەوە نییە، ئەم پەیوەندیی نەبوونە لە رووی واتاییەوە كەلێنێك دروست دەكات، خودی ئەم كەلێنە شیعرییەتبوون دینێتە كایەوە، بە جۆرێك (خودی سیمیۆلۆجیا لەسەر درێژەدان بە روانین لەو پەیوەندییانەی كە نێوانی نیشانەكان پتەو دەكا، وەستاوە)[1]. واتە ئەوە شاعیرە ئەو پەیوەندییانە ڕێك دەخات، كە پێشتر لە ئاخاوتنی ئاسایی بوونیان نەبوو. سازاندنی پەیوەندییەكە، بواری لێكدانەوە خۆشتر دەكات و وەرگر دەخاتە بارێكەوە، كە لە دیوی ناوەوەی دەقەكەدا، هەوڵی دۆزینەوەی گوتاری ستراتیژی شاعیر بدۆزێتەوە، كە خولقێنەری ئەم پەیوەندییە نائاساییەیە، لەپشت ئەم گوتارەشەوە هێرمینۆتیك ئامانجەكانی خۆی دەپێكێ.

عەقڵ و عیشق لە گوتاری سۆفیگەریدا، جۆرێك لە دوالیزم دەسازێنن، كە پەیوەندی خۆیان بە جێناوەكانی خودێتیش دەبەستنەوە، بە جۆرێك وەرگر پێشبینی ئەوە ناكات، شاعیر یەكێك لەم دووانە لە خۆی دوور بكاتەوە، چونكە هەردووكیان چەمكی نزیكن لە مرۆڤ و مرۆڤ هەوڵی دەستكەوتنیان دەدات. بە واتایەكی تر لە واقیعی رۆژانەدا، دەبێ عیشق بۆ كامڵبوونی عەقڵ بخرێتە گەڕ و بە پێچەوانەوەش عەقڵ عیشق بدۆزێتەوە، بەڵام لە گوتاری سۆفییانەدا عەقڵ خراوەتە بارێكی ماددی و دونیایی و زاهیری، لە بەرامبەریشدا عیشق ئەو كاتە دێتە دی، كە عەقڵ بۆی بتوێتەوە، توانەوەكەش لە نەمانەكەی دایە، بە واتایەكی تر ئەگەر عەقڵ تایبەتمەندییەك بێت بۆ مرۆڤ بە گشتی، ئەوا سۆفیی هەڵوەدا بۆ عیشق، خۆی لە خەڵك جودا دەكاتەوە و نایەوێ وەك خەڵكی ئاسایی رەفتار لەگەڵ چەمكەكان بكات، بۆیە ئەو دال و مەدلوولە، یان ئەو دوالیزمەی ناو سیمیۆلۆجییە كەرت دەكات و دوو سەنگەری لێ دروست دەكات و یەكێكیان لە من و خودێتی دوور دەخاتەوە.

بە گەڕانەوەمان بۆ ناو مێژووی سۆفیگەری، لە گوتارەكانی ئەواندا بایەخدانێكی بەرچاو بە عەقڵ دەبینرێ، بەڵام كە لە شێوەی دوالیزم دەردەكەوێت ئەو بایەخەی نامێنێ، چونكە بە بڕوای ئەوان (عەقڵ سێ قۆناغی هەیە، قۆناغی یەكەم عەقڵی رەببانییە، ئەمەش پێش دروستبوونی لاشە، خەسڵەتێك بووە بۆ رۆح وەك چۆن بینین بۆ چاو گرنگە، ئەمیش بۆ رۆح ئەم گرنگییەی هەیە، كە بەو هۆیەوە حەقیقەتەكانی باتینی پێ دەناسرێتەوە، تەنیا عاریفێكی تەواو بە خودا دەگاتە ئەم جۆرە عەقڵە. هەرچی قۆناغی دووەمە پێی دەگوترێت عەقلی كولل، كە تێیدا لە دونیادا مرۆڤ بەو هۆیەوە هەندێ لە شتە نادیار و پەنهانەكان دەزانێ و تەرازوویەكی راست و دادپەروەرە. عەقڵی سێیەمیش عەقڵی پێ ژیانە، كە مرۆڤەكە بە هۆیەوە

---

[1] - شؤون العلامات من التشفير الى التأويل، د.خالد حسين، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، الطبعة الاولى، دمشق، ٢٠٠٨، ص٢٣

نقومی ئارەزووەکانی دونیا دەبیٚ، ئەمەش مرۆڤ و گیانلەبەران تێیدا هاوبەشن)[1]، بەلاٚم کە لەگەلٚ چەمكو دالیٚکی وەك عیشق دیٚت، گۆڕانکاری بەسەر مەدلوولەکاندا دیٚت، بە جۆریٚك هەست دەکریٚ، ئەو عەقلٚەی مەحوی مەبەستیەتی لە پیٚکەوەهاتنی لەگەلٚ چەمکی عیشقدا، بریتییە لە جۆری سیٚیەمی عەقلٚ، چونکە کاتیٚك کیٚبڕکیٚیەکە لە نیٚوان هەردوو چەمك دروست دەبیٚت، بۆ لیٚکدانەوەی دیوی ناوەوەی واتاکە، پیٚویستمان بە گەڕانەوە بۆ گوتاری سۆفییانە لە هەمبەر دوالیزمەکەدا هەیە، بەوەی بە لای کەسیٚکی وەك نیشابوری (عیشق پایەی زۆر لە عەقلٚ گەورەترە، عەقلٚ لە بەرامبەر عیشق چۆك دادەداو کورت دەهیٚنیٚ، بە واتایەکی تر عیشق ئاگرەو عەقلٚ دوکەلٚە، کە عیشقت گەرەك بیٚ، دەبیٚ عەقلٚ رابکاو لەویٚ نەمیٚنیٚ، چونکە پسپۆڕی مەیدانی عیشق نییەو عیشق لەدایك بووی عەقلٚ نییە.)[2] بەم جۆرە دەردەکەویٚ، کە ئەم ویٚناکردنە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، هەموو ئەوانەی بەدوای عیشقی خوداییەوە ویٚلٚن، دەبیٚ بەرگی عەقلٚ فڕیٚ بدەن، ئەنجا عیشقەکەیان دەست دەکەویٚت. لەناو ئەو میٚژووەدا کار گەیشتە ئەوەی (هەندیٚ لە عاریفان لە خوای گەورەیان خواست، کە لە کۆتو بەندی عەقلٚ ئازادیان بکات)[3].

مەحوی، کە ئەم دوالیزمەی بەکارهیٚناوە، ریٚك پەیڕەوی ئەم بنەما سۆفیگەرییەی کردووەو واتا سیمانتیکییەکەی ئەم دوو چەمکەی لە ریٚسمە بردووەو، بە گەڕانەوە بۆ ئەم بنەمایە، دەتوانریٚ هیٚرمینۆتیکیانە لیٚکبدریٚنەوە:

**لە هەر جیٚیەك هەلٚیٚ خورشیدی عیشقی گولٚروخان (مەحوی)**
**ئەگەر عەقلٚی ببیٚ، لەو جیٚگە ئاونگی عەقلٚ چبکا؟ /١٦**

ئەم روانینەی مەحوی جۆرە فەنابوونیٚکی تایبەتە، کە عەقلٚ لە ئاست عیشقدا دەتویٚتەوە. لیٚرەدا ئەم عەقلٚە لاشەی مرۆڤ و دونیاو کردەوەکانیەتی... هتد، کە بە کردەی فەنابووندا تیٚدەپەڕن کاتیٚك بەقا دەدۆزنەوە، لەوەشدا ویٚنەیەکی رەوانبیٚژییانەی سازاندووە، بەوەی کە عیشق خۆرەو عەقلٚیش ئاونگە، کە خۆر هات ئاونگ ون دەبیٚتو نامیٚنیٚ. ئەمەش ویٚڕای ئەوەی بنەمایەکی لۆجیکی هەیە، لە پەنا لۆجیکییەکەدا گوتارە سۆفیگەرییەکەی راگیر کردووەو پیٚی وایە لە ئامادەبوونی عیشقدا، عەقلٚ هیچ بایەخیٚکی ئەوتۆی نییە. ئەم جۆرە شیٚوازەی مەحوی، تیٚکەلٚی هەمان گوتارە، کە یار بە خۆرو خۆی بە سیٚبەرو شەونم دابنیٚ، ئەوەی سیٚبەرو شەونمەکەش سەرپەرشتی دەکات، بریتییە لە عەقلٚ. لەبەرئەوە بە هاتنی یار، یان بەقاو خۆشەویستو عیشقی راستەقینە، سیٚبەرو شەونمو عەقلٚو لاشە گۆڕانیان بە سەردا دیٚتو لەناو دەچن:

**بە جیلوەی ئەو، وەکو شەونم، فڕی هەر عەقلٚ و هۆشیٚ بوو**
**کە سیٚبەر مەحوە لەو جیٚیە هەتاوی لەحظەیەك لیٚ کەوت /٨٦**

---

١- قاموس المصطلحات الصوفية- دراسة تراثية مع شرح اصطلاحات أهل الصفاء من كلام خاتم الاولياء، أيمن حمدى، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص٧٧-٧٩

٢- منطق الطير لفريدالدين العطار النيشابوری، الدكتور بديع محمد جمعة، سەرچاوەی پیٚشوو، لا ٩٠-٩١

٣- جستارهایی در أدبیات تعلیمی ایران، دکتر مریم مشرف، انتشارات سخن با انتشارات دانشگاه شهید بهشتی، چاپ اول، تهران١٣٨٩، ص٣٣١

ئەم توانەوەو فەنابوونە هەر توانەوە لە خود نییە، واتە تاك لایەنە نییە، كە مرۆڤ بە بێ هیچ كاریگەرییەك بتوێتەوە، بەڵكو یار/ مەعشووق وزەو لاشەو سێبەرو عەقڵەكە، بەهۆی دەركەوتنیەوە لادەبات، بەمەش مرۆڤێك لە بوونێكی ناتەواو دەمێنێتەوەو بەم دەركەوتنەشی جیاوازی لە نێوان پیرو گەنج ناكاتو هەموو هەڵوەداكان بەرەو لای خۆی كەمەندكێش دەكاتو كردەكە دەست پێ دەكات:

مەجنوونی جیلوەی ئەو پەرییەم دیوە هەرچی دی

یەغماگەرێكە عەقڵی لە پیرو جەوان دزی /٣٠١

مەحوی بە جۆرێك هەڵوەدای داوی عیشقە، ئەگەر عەقڵێك بارە كۆمەڵایەتییەكەی لە لا شیرین بكات، ئەو ئەم عەقڵەی ناوێتو جێی دەهێڵێ، بەتایبەتیش كە مامەڵەكە مامەڵەی عیشق بێت، چونكە شاعیر رێگای عیشقی گرتووە، خەڵك و ئامۆژگاریكەران ئەگەر لەم ململانێیەی نێوان عیشقو عەقڵ ئاگاداریشی بكەنەوە، بەوەی نابێ عەقڵ جێ بهێڵێو لەو بارەوە لۆمە دەكرێ، ئەم لەسەر رێگاكەی هەر سوورەو نە زمانی شەكوەكە دەكاو نە لۆمەكەش دەبیستێ، بۆیە بۆ هەردوو بارەكە لاڵو كەڕە:

چڵو چۆكەر مەدە دەورم، خودا حافیظ نەصیحەت گەر

لە شەكوەی عیشقو لۆمەی عەقڵ، ئەمن هەم لاڵمو هەم كەڕ /١٣١

ئەم عەقڵ لاچوونو گۆڕینە، بۆتە باوەڕێكی پتەوی شاعیرو لە سادەترین جۆری عیشقیشدا عەقڵ هەر دەبێ لە رێڕەوی خۆی لابدات، بە ئەندازەی قووڵی عیشقەكە، عەقڵ رێڕەوی دەگۆڕدرێت:

دوهاتی ئەورووپا وەك ئەهلی دێهات

لە چارەی دەردی عیشقا جوملە دامان

برا! مەردم دەوێ عەقڵی نەلەنگێ

بە لەنجەی نازو عیشوەی نەو نەمامان /٢٤٢

لەلایەكی تر دەشێ هەمان بیركردنەوەی حافزو سۆفییەكانی تر، لەلایەن مەحویش چەكەرەی كردبێ، بەوەی لە كێشمەكێشمو ململانێی نێوان عەقڵو عیشقدا، بابای سۆفی لە چوارچێوەی عیشقەكەدا باوەڕ (الایمان) دەدۆزێتەوە، چونكە عەقڵ لایەنە دونیاییو مادییەكەیەو دەشێ بەهۆی عەقڵەوە لە بەناو خانەقاو تەكیەو شێخو زاهیدو واعیزو سۆفی نزیك بێتەوە، بەڵام بۆ گەڕان بەدوای مەعریفەتەوە، دەبێ دڵ پێشی عەقڵ هەڵبژێرێ. لەلای مەحویش كاتێ ئەو دوالیزمە دێن، نابێ هەردووكیان لە پلەی بەهێزی دابن، ئەگەر دڵ (عیشق) لە پلەیەكی بەرز بێت، ئەوا سروشتەكە وایە دەبێ عەقڵ لە كزی بدات[١]، بە پێچەوانەشەوە راست دەردەچێت. ئەم بۆچوونەش تەنیا بۆ عاریفو سۆفییەكانە، نەوەك بۆ هەموو كەسێك.

١- از كوچەء زندان- دربارەء زندگی و اندیشەء حافظ، دكتر عبدالحسین زرین كوب، مؤسسة انتشارات امیر كبیر، تهران، چاپ یازدهم، ١٣٨٥ ص١٠٥و ١٢٨و١٤٧

### ٣-١-٥-٥ ئاوو ئاگر

هەوڵدانی مەحوی، بۆ گۆڕینی بارە سیمیۆلۆجییەکەی وشەکان بۆ بارێکی هێرمینۆتیك، بە هۆی ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژییەوەیە، لەناو ئەمەشدا بە تایبەتی لێکچواندنە کە ئەم ڕۆڵە دەبینێ، بە واتایەکی تر بە بێ پرۆسەی لێکچواندن، ناتوانرێ وێنەی تەئویل وەها نیشان بدرێ، یان ببێتە کەرەستەیەکی دیارو ئاشکرا، بۆ ئەوەی دەقەکە لە بارێکی فەرهەنگیو سیمیۆلۆجییەوە ببێتە کەرەستەیەکی دیارو بەرچاوی کردەی لێکدانەوە. (بەو پێیەی خودی لێکچواندنی تەئویلیانە خاوەنەکەی ڕاستەوخۆ بۆ بەکارهێنانی پەنای بۆ نابات، بەڵکو بوارێك بۆ وەرگر دەخاتەوە تا لێکی بداتەوە، بۆیە کەسێکی وەك (جورجانی*) یش وای داناوە کە لێکچواندن لقێکە لە تەئویل)[١]، چونکە هەڵوەستەیەك لای وەرگر دەسازێنێ بۆ ئەوەی بیر لە چۆنیەتی لێکچواندنەکە بکاتەوەو لە هۆشی خۆیدا بەراوردی بکات:

**نەبووە قەت (مەحوی)! وتی، بوونی منو تۆ پێکەوە**

**حوسنە ئاوی زیندەگی، عیشـق ئاگرێکە دڵ برێژ /١٤٤**

ئاوو ئاگر لێرەدا بونەتە تەواوکەری وێنە شیعرییەکە، یان بە واتایەکی تر خودی وێنەکە لەسەر بنەمای لێکچواندنەکە هاتۆتە کایەوە، لەو نێوانەشدا ستراتیژیی شاعیر لەوەدایە ئەمجارە بە شێوازێکی تر بینای دەقەکە بونیاد بنێو بە زمانی یار/ مەعشووق بێتەگۆ، بەوەی هەردوو جێناوی منو تۆ، ناشێت بە یەکەوە بێن، لۆجیکی ئەم نەگونجانەش، کە خوێنەر زوو بڕوای پێ بێنێ، بریتییە لە وێنە شیعرییەکە، کە ئاوو ئاگرنو ناکرێ بە یەکەوە کۆببنەوە. لێرەدا ئەگەر شاعیر خۆی گێڕەرەوە بوایە، واتە لە جیاتی تۆ، (من) قسەی دەکردو ئەوسا کەرەستەکانی وێنە ڕوونبێژییەکەش دەهاتنە گۆڕینو مەحوی دەبوو بە ئاوو مەعشووقیش دەبوو بە ئاگر، لەوەشدا کۆی ستراتیژییەتی شاعیر تێك دەچووو بە ئاڕاستەیەکی تر دەڕۆیشت.

هاتنی ئاوو ئاگر پێکەوە وێڕای بارە سیمیۆلۆجییەکەی، بۆتە کەرەستەیەکی تەئویلیش، بەوەی خودی ئەم دوالیزمە ڕیشەیەکی مێژوویی هەیەو وەك ڕەمزێك خۆی نیشانداوە، چونکە ئەم دوو ڕەگەزە بە یەکەوە بەندیوار دەبن، بەو پێیەی هەموو گریمانەکان دواجار یەکتر تەواو دەکەن. حەقیقەتی ئاگریش گەرمیو سوتاندنە، لە تایبەتمەندییەکەشی ڕووناکی بەخشینەو دژی ئاوە، سروشتو لۆجیکیش وای داناوە، کە دوو دژ کۆبونەوەیان ئەستەمە، هەرگیز ناکرێ ئاوو ئاگر لە یەك شوێندا پێکەوە کۆببنەوە، بەڵام دەشێ لەناو ئاوێکی گەرمدا، تینی گەرمی هەبێت... هەروەك یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی بەهاریش بریتییە لە ئاوو سەوزایی، کە نیشانەی تازەبوونەوەو ژیانێکی مەعنەوییە.[٢]

مەحوی لێرەدا بە مەبەستێکی قووڵ ئەم دوالیزمەی تێکەڵی جێناوەکان کردووەو لەناو بۆتەیەکی ڕەوانبێژییانەو لۆجیکیانەدا، وەرگر بەرەو لێکدانەوەی ورد دەبات، بەوەی خودی مەحوی ئاگرەکەیەو

---

* عەبدولقاهری جورجانی(؟-١٠٧٨ز) لە زمانەوانە پێشەنگەکانی عەرەبە، لە (جورجان- گورگان) ژیاوە. بەرهەمەکانی (العوامل المئة)و کتێبی (أسرار البلاغة) لە زانستی ڕوونبێژی و (دلائل الاعجاز)ی لە واتاناسی هەیە. (المنجد، ص٢١١)

١- الحجاج في شعر أبي العلاء المعري، عماد سعد محسن شعير، رسالة دكتوراه، قسم اللغة العربية، كلية الاداب، جامعة حلوان، ١٤٢٩هـ- ٢٠٠٨م، ص ١٣٥

٢- رمزپردازی آتش، ژان- پیر بایار، ترجمەی جلال ستاری، نشر مرکز، چاپ دوهم، تهران، بهار ١٣٨٧، ص ١٣٦-١٤١

**ئاگریش توانای لەناوبردنی ئاوی نییە، بەڵکو مەعشووق، کە ئاوەکەیە، ئاو دەتوانێ ئاگرەکە لەناو بباو بیکوژێنێتەوە. بە واتایەکی تر ئاو ئاگر دەتوێنێتەوەو بەرەو لەناوچوونو فەنابوونی دەبات. لە هەمان کاتدا سەرچاوەی تازەبوونەوەکە لای ئاوە، پێویست وایە شاعیر هەر لە سەرەنجامدا بچێتە لای ئاو*، لەلایەکی تر ئەوەی لەناو ئاگر بێت، ژیانی لە چەشنی دۆزەخەو ئەوەی لەناو ئاو بێت، لە چەشنی بەهەشتێکە کە** جَنَّٰتٍ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ البقرة: ٢٥ **باغگەلێکن ئاویان لەژێرەوە دەڕوات....هتد. کەواتە ئەم بوونە بەیەکەوە بە هیچ شێوەیەك دروست نابێتو هەر دەبێ شاعیر وجوودی خۆی بتوێنێتەوەو بەرەو ئاوی جوانیو ژیانی راستەقینەو هەمیشەیی بڕوات.**

**مەحوی وەستایانە لە شوێنی تریشدا، مەحەببەتو عیشقی بە ئاگرێك چواندووە، کە ئەم ئاگرە مرۆڤ دەکات بە کەس، بەڵام خودی ئەم کەسەش لە دواجاردا پێویستی بە میهرەبانیو رەحمەتی مەعشووق هەیە، لەو دژو دوالیزمەشدا، هیچ شتێك ناتوانێ دەرەقەتی ئاگر بێت، ئاو نەبێت. ئەوەی لەویش دوور بێت، کەواتە لە جودایيو فیرقەت دایە، فیرقەتیش لە چوارچێوەی وێنەی دۆزەخدا سەنگراوەتەوە، تەنیا ئاوێکی رەحمەت دەتوانێ باری دۆزەخ سووك بکاتو تینی گەرمییەکەی نەهێڵێو سەرەنجام بەرەو بەهەشتی ببات، لێ لەوەدا مەحوی رەشبینەو بە زمانی ئەو، خۆی دەخاتەوە باری خەم، کە زەحمەتە لە دۆزەخ هاتنە دەرەوە:**

**وتم ئاوێکی رەحمەت، گەییە رۆحم ئاگری فیرقەت**
**وتی لەم دۆزەخە زەحمەت، کە دەربێ هەر کەسێ تێ کەوت** /٨٥

### ٣-١-٥-٦ راوچیو نێچیر

**ئەم دوو وشەیە وەك نزیکییەك لە دژیەكو دوالیزمدا، پەیوەندییان بە (من)و خودێتییەوە هەیە، بەتایبەتی لەوەدا (من) بە شێوەی رەمزی سۆفییانە لاگیری لە یەکێکیان دەکات، لە هەمان کاتدا بۆ سازاندنی شیعرییەتی وێنە لەناو دەقدا، رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێو لە بۆتەیەك، کە وەرگر چاوەڕێی روودانی ناکات، خۆی بەرجەستە دەکات، ئەم بۆتەیەش بۆتەی عیشقە، کە مرازی هەرە سەرەکیی (من)ی شاعیرە.**

**مەدلولەکانی ئەم دوو وشەیە لە دەقە سۆفییانەکاندا، گرنگییان تا ئەو رادەیە پێدراوە، کە منی شاعیر تا چەندە لەگەڵیان کارلێکدەکاو چۆن لەناو دەقدا مەزراندوونی؟ بەو پێیەی ئەمانە ئەوەندەی پەیوەندییان بە باتینییەتی دەقەوە هەیە، هێندە رووکەشییانە مامەڵە ناکەن، لەوەشدا لەگەڵ واتای قووڵی سۆفییانە تێکدەکەنەوە. (راوو شکارکردن لە جیهانی بووندا، راوی عیشقو مەعریفەتە، عیشقو مەعریفەتیش لازمو**

---

* حیکمەتی پاڵدانی ئاو بەلای مەعشووقەوە، هەر تەنیا ئەم هۆکارانە نین کە باسکران، بەڵکو ئەمە ریشەیەکی کۆنتری هەیە، بەوەی لە ئەفسانەکانی کۆنیشدا ئاو رێزی زۆر بووە، ئێرانییە کۆنەکان لەبەر سوودەکەی بە پیرۆزیان زانیوە، هەر بۆیەش لە کتێبی ئاڤێستا بە پیرۆز زانراوەو لە قورئانیشدا، بە سەرچاوەی زیندووەکان ناونراوە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ئەفسانەکانی ئێرانيو جیهانیشدا زۆر بە گرنگەوە لە ئاو دواون، مادامیش ئاو سەرچاوەی زیندووەکان بێت، کەواتە لە دونیای فانیدا مرۆڤ پێویستی بەوەیە پەیوەندی بە رەمزی ئاو بکات، کە شاعیر لێرەدا خستویەتیە پاڵ مەعشووق، چونکە لەوەوە بەقاو نەمريو هەمیشە تازەبوونەوە دێتەدی. بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی پیرۆزی وشەی ئاوو هەروەها لە بەرامبەریدا ئاگرو جۆرەکانی لە روانینی مرۆڤایەتی لە مێژوودا، بروانە (اساطیرو فرهنگ ایران در نوشتەهای پهلوی، دکتر رحیم عفیفی، انتشارات توس، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٣، ص٤٠١- ٤١١.

مەلزوومی یەکترن، تەنیا لە ڕێگای بڕوا "إیمان"یشەوە پرەنسیپەکانی حەقیقەتو دڵسۆزی دەستەبەر دەبن).[1] کەواتە ڕاوچی کەسێکە بەدوای عیشقو مەعریفەتی ڕاستەقینە دەگەڕێتو نێچیرەکەش ئەو مرازەیە بە دەستخستنی لەلایەن ڕاوچییەکەوە، پێیەوە دەگاتە پلەی کەماڵ، چونکە لە یەکەمین داستانی مەسنەوی مەعنەویی مەولانا، پاشا دەچێتە ڕاوو شکار، پاشا هەموو پلەکانی بڕیوە، تەنیا ئەوەی ماوەتەوە، کە دەبێ ئامانجی کۆتایی بپێکێ، ئەویش دەستکەوتنی کۆتا قۆناغی عیشقە.

مەحوی لە سیاقێکدا ئەم وشانەی بەکارهێناوەو باس لە ڕاووشکار دەکات، کە بە عیشقو مەعریفەتەوە پەیوەستی دەکاتو لەگەڵ خودێتیو منی سۆفییانەش هاوتای دەکات، بە جۆرێك بۆ چوارچێوەی عیشق مەحوی خۆی بە نێچیر دادەنێو ئاواتەخوازە مەعشووق ڕاوی بکاتو بیباتە پلەی حەقیقەتی عیشقی خودایی:

**کە کوژرا شاهی عالی جاهی عیشقە**

**هەتا صەیدت نەکەن ناگەیتە فیتراك** /١٨٦

ئاواتەخوازی بۆ بوونە نێچیر، ئاکامەکەی بەرەو کوشتن چوونە، کە وێڕای ئەوەی پێگەیەکە بۆ فەنابوون، لە هەمان کاتدا خۆدۆزینەوەشە لەناو خۆشەویستیدا، خۆشەویستییەك کە پلەی کەمەندکێشییەکەی هێندە بەرزە لە سنوور دەرچووە، بە جۆرێك لەناو زاراوەی سۆفییانیشدا (صەید مەقامی جەزبەو کەمەندکێشکردنە)[2]. بوون بە پاشکۆش بۆ یار، لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مەحوی، ئاواتی ئەوەیە ڕاوبکرێتو بخرێتە پاشکۆی یار، وەك چۆن ڕاوچی نێچیر ڕاودەکاو دەیخاتە پاشکۆی زینی وڵاغەکەی، بۆ ئەوەی هەمیشە ڕابەر (مەعشووق) پایەکەی کەم نەبێتەوەو مەحوی (یار/عاشق)یش لە پایەی خۆی بەرزتر نەبێتەوەو هەر پەیڕەوی بکات. ئەمە دەلالەتی ئەوەشی لێ دەفامرێتەوە، مەحوی لە یەکێتیی بوونیشدا نایەوێ وەك مەعشووقی لێ بێت، بەڵکو نزیك لەو یەکێتییە ببێتە خزمەتکاری مەقامی مەعشووق.

مەحوی پێچەوانەی مەولاناو چیرۆکەکەی مەسنەوی، خۆی بە پاشا دانەناوە، کە ڕاوکردن بکاتە پیشەی خۆی، بەڵکو بە شێوەیەکی تەوازووعانە بەرەو نێچیربوون دەچێو خۆی بە دەستەمۆ دادەنێو ئامادەیە خۆی ڕادەستی مەعشووق بکات:

**بۆ صەیدی مەحوی ئەو موژە ئیمایەکا، بەسە**

**سەحرایی ئولفەتە، کە لە نێچیری ڕەم حەرام** /٢١٣

ئەم نێچیربوونە پلەیەکە بۆ هەموو کەس نییە، مەحوی کە شەڕی گەورەی لەگەڵ بەناو شێخو سۆفیو زاهیدەکانە، قایل نییە بەوەی ئەوان بە نێچیر حسێب بکرێن، بەو پێیەی نێچیر دەبێ لە ئەهلی دڵو کەماڵ بێ، بۆیە ئەوان بە نێچیری مردوو دادەنێو، ڕاوچییش حەیفە بۆ نێچیری مردوو هەڵوەدا بێ:

**دڵ دەبا غەمزەت، چ فەرقی ڕەندو صۆفیی بۆ نییە**

**صەیدی مردوو حەیفە ئەم شەهبازەتی تێ بەرمەدە** /٢٧٤

---

١- تفسیر و تأویل نخستین داستان مثنوی، دکتر مهدی ندین، مجلهء علمی پژوهشی دانشگدهء ادبیات و علوم انسانی دانشگاه اصفهان، دورهء دوم، شمارهء چهل و یکم، تابستان ١٣٨٤، ص١٣

٢- فرهنگ اصطلاحات تعبیرات عرفانی، سجادی، ص٥٤٦

لێرەدا دەردەکەوێت، کە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەمزەکانی سۆفیگەریو هەوڵدان بۆ تەئویلکردنیان، دەبێ لە قوڵایی دەقەوە بۆ دەرەوەی دەق بڕوات، بۆ ئەوەی تەئویلەکە لە ڕاستی نزیك بکەوێتەوە، چونکە لە وێنەی مەولانا بۆ ڕاوکردنو نێچیر پێچەوانەی ڕوانینەکەی مەحوی یە، لەوەشدا ئیشکالییەتی گەورە دێتە کایەوە، کاتێك هەمان تەئویلی مەولانا بەسەر دەقەکانی مەحوی جێبەجێ بکرێ، بۆیە دەبێ ڕەچاوی سروشتو بونیادی دەقەکە بکرێو لە باتینییەتەوە بەرەو ڕووکارەوە ئاراستە بکرێ، چونکە با ڕاووشکارەکە وەکو نێوەندێك بەدەستهێنانی عیشقو مەعریفەت بێت، بەڵام گۆڕانی کارەکتەرەکانو پاڵدانیان لە نێوان منو ئەوی ترەوە بۆ هەر یەکە لە ڕاوچیو نێچیر، گۆڕانی گەورە بەسەر تەئویلەکە دەهێنێ.

### ٣-١-٥-٧ بولبولو پەروانە

هەر تەنیا چەند چەمکێکی ناو سروشتو چەند ناوێکی واتایی، خۆیان لەگەڵ منو خودێتی ناگرخێنن، بەڵکو بۆ دروستکردنی شیعرییەتی وێنە لەناو دەقدا، چەند بنەمایەکی لاساییکەرەوە هەن، کە شاعیر پەنایان بۆ دەبات، خودی ئەم وێنانەن هێندە دووبارە بوونەتەوە، لە شوێنی خۆیان تووشی سوان بوونەتەوە. بەڵام لەناو دەقی سۆفییانەدا بە زۆری وێنەکان لە خولگەی خۆیان دەترازێن، ترازانێك کە وەرگری ئاسایی پێشبینی ئەم جۆرە ترازانە ناکات، کە واتا بە ئاراستەیەکی دیکە دەبردرێ. یەکێك لەم چەمکانە زۆر بەکارهێنانی وشەکانی بولبولو پەروانەیە لەناو دەقی سۆفییانەدا، لەگەڵ هەر وشەیەك، کە لەگەڵ ئەم دوو وشەیە خزمایەتیان هەبێت. بەکارهێنانەکەش جۆرە لاگیرییەکی شاعیری پێوە دیارە بۆ دوو وشەکە، کە بەبێ گەڕانەوە بۆ بنەماکانی تەسەووف، بە ئاسانی ناتواندرێ واتایان لێ هەڵبکڕێندرێ، کە دواجار ئەم واتایە لە چوارچێوەی کردەی تەئویلو هێرمینۆتیکادا خۆی دەبینێتەوە.

باڵندە بەگشتیو بولبول بەتایبەتی، هێندە لە ئەدەبیاتی سۆفییانەدا گرنگی پێدراوە، وای کردووە کە (نەیشابووری) بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆی ناوبنێ (منطق الطير)و لە ناوەڕۆکەکەشیدا پاڵەوانی دەقەکە بولبولەو وەك ڕەمزێکی گەورە ستراتیژییەتی دەقەکە پێك دەهێنێ. وێڕای ئەم، (ئیبن سیناش "رسالة الطير" نووسیوە، کە لەلایەك باڵندە ڕەمزی ئازادییەو لەلایەکی تر ڕەمزی بەرزبوونەوەیەو شاعیران لە زۆر بۆنەدا نموونە بە باڵندە دێننەوە).[1] مەحوی دەردی بولبولو پەروانەی بە یەك دەرد سەیر کردووە، کە دواتر ئەم دەردە لەگەڵ ئەم دوو گیاندارەی نییەو هەردووکیان لە عیشقدا جێ دەکاتەوەو خۆیشی بە هەمان خەسڵەت پێناس دەکات:

**لە ئەحبابی قەدیمی بەزمی ئولفەتن ماوەتن دوو تەن**
**یەکێ پەروانە هەم دەردە، یەکێ بولبول کە هەم فەردە** /٢٧٠

دواتر وێکچوونەکە نەك هەر لای خۆی ڕاستەقینەیە، بەڵکو لای ئەوانی تریش مەحویو بولبول نزیکن لەیەك:

**ناڵاندمو فەرمووی کە ئەم ئاوازە حەزینە**
**یا (مەحوی)یە یا بولبولەکەی فەسڵی خەزانە** /٢٨١

---

١- تأريخ الفلسفة في الاسلام، ت. ج. دى بور، ترجمة والتعليق: د. محمد عبدالهادى أبو ريده، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، بدون سنة الطبع، ص٢٣٩

مەحوی مادەم خۆی هێندە وەك (منو خودێتی) بە سەحرا پەیوەست کردووە، لەوەشدا سەحرا خاڵی هاوبەشی مەحویو بولبولە، بۆیە بە پیرۆزی سەیری هەردووکیان دەکات:

**چ شۆرێکی جونونی پێوەیە بای ئەم بەهارە**

**لە شارا هەر زڕەی زنجیرە، صەحرا شۆرشی بولبول** /٢٠٥

مەحوی لایەنگیری بولبولو پەروانە دەکاتو لە سۆنگەی ئەوەی پەروانە خۆی بۆ سوتان ئامادە دەکاتو قوربانی بەخۆی دەدا، وەك سۆفییەکە بەرەو کوشتن چوونو دەکاتە ڕێبازی ژیانی بۆ ئەوەی لە عیشقەکەدا پتەو بێ، بۆیە دەبێ خەڵك پەروانەکان بکەنە رابەریان، بەو واتایەی (پەروانە دەبێتە "پیر" واتە رابەرو ڕێنیشاندەری سالیکان، بەڵکو نەك پیر (عەجەب پیر) وەك لە بەیتەکەدا هاتووە... پێی وایە ئایندای راستەقینە لە سوتاندایە)[١]:

**سەکینەی مەرتەبەی سوتانییە ئاتەش پەرستی عیشق**

**ئەگەر صاحێب ئیرادەت بێ عەجەب پیرێکە پەروانە** / ٢٧٨

ئەم نموونانە لە دیوانی مەحوی زۆرن، گرنگ ئەوەیە ئەم وشانە وێڕای بنەما سیمیۆلۆجییەکانیان، کە وەك کەرەستەو رەمزی شیعری هاتوون، بەڵام جارێکی تر لە چنینەکە خزیون، بەوەی بنەمایەکی تەئویلییان سازاندووەو واتایەکی دوورتر دەبەخشنو بە کەرەستەی دڵدارییانەی دونیایی، کە بولبولو پەروانە بۆ عیشقی خۆیان دەناڵێنو دەسوتێن، وێنەیەکی لێکچواندن دێننە کایەوە، بەڵام لەناو غەزەلی سۆفییانەدا وێنەکە بەرەو عیشقێکی دیکە هەنگاو دەنێت، کە لە خەسڵەتەکاندا ئامانجەکان هاوبەشنو مەحوی بۆ زیاتر ناراستەوخۆییو سەر لە خوێنەر شێواندن، بە وێنە کلاسیکییەکە عیشقە حەقیقییەکەی خۆی دێنێتەوە بەر باسو بە تەنیا وێنەکە ناکێشێو پشت بە شیعرییەتی وێنەی پەروانەو بولبول دەبەستێو لەوەشدا عیشقی خۆی پێ نەخشە دەکێشێو خۆی لەگەڵیان پەیوەست دەکاتو بەرگریان لێ دەکات. پەیوەستکردنەکەو بەرگریکردنەکەش مەدلولی ئەوەی لێ دەبێتەوە، کە مەحوی لە هەموو وردەکارییەکانی پێکهاتەی ئەوان پشتگیری دەکاو خەسڵەتی ئەوان بۆ خۆی بەکاردێنێتو وەك رەمزێك دەقەکەی پێ دەچنێو دەیانکاتە دال بۆ خۆی، بە جۆرێك ئەگەر لە دەقەکانی تردا دالو مەدلول لە جیهانی بینراو بن، ئەوا لە (هێرمینۆتیکای سۆفییانە دالەکە لە جیهانی بینراوەو مەدلولەکە لە جیهانی نادیارو غەیبە)[٢] و بەم شێوەیە مەحویش دالەکان لەگەڵ خودی خۆیدا پەیوەست دەکات:

**دەرسی عیشقم هەر لەکن پەروانە یا بولبول بووە**

**بیگەمێ یا نەیگەمێ هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم** /٢٣٤

---

١- رەنگدانەوەی کەسێتیو دونیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردیو فارسیدا بەتایبەت لای مەحویو حافزی شیرازی، سەبور عەبدولکەریم (شکار)، چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٠٥

٢- تأويل الشعر وفلسفته عند الصوفية، ص١٢٣

### ٢-٣ دەقئاویزان intertextuality

پەیوەندی دەقئاوێزان لەگەڵ هەر جۆرە لێکدانەوەیەك کە بچێتە ناو چوارچێوەی هێرمینۆتیك، لە زۆربەی چەمکەکانی تر پەیوەندی خۆشترە، چونکە دەقئاوێزان لە دوو لاوە پەیوەندی بە وەرگر هەیەو لەوێشەوە خوێندنەوە ئەرکی سەرەکیی خۆی دەبینێت، بەو پێیەی مژینی دەق لە سەرچاوەیەکەوە بۆ دەقەکەو دووبارە سازاندنەوەی دەقەکە پەیوەندی لە نێوان کلتورو رۆشنبیریی سەرەتاو خودی نووسەرەکە هەیە.

بەلای (ریڤاتێر*)ەوە دەقئاوێزان پلەیەکە لە پلەکانی هێرمینۆتیك، ئەم رایەش لە کارەکانیدا لە بارەی سیمیۆلۆجیاو شێوازگەرییەوە بناغەی داناوەو بە لای ئەو، دەقئاوێزان تێبینی خوێنەرە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان کارە ئەدەبیەکەو کارەکانی پێشووتر، یان دواتری، هەر بۆیەشە بە رەگەزێکی شیعرییەتی دادەنێ و پێی وایە وشەو دەربڕین شیعرییەت لە خۆیان بەرجەستە ناکەن، هەتا بۆ سەرەداوەکانی پێشووتریان نەگەڕێینەوە. دۆزینەوەی ئەم پەی پێ بردنەش بە خوێنەرو وەرگرێکی وا دەبێ، کە یادگەیەکی بەهێزی هەبێت و وا کارلێك لەگەڵ دەق بکات، کە بەدوای دوو هێڵەکانی نووسەر بۆ سەرچاوەکانی رۆشنبیری و کانگەی کارەکەی بکەوێت.[١] بەم جۆرە خودی کردەی هێرمینۆتیك بوار خۆش دەکات و رێنیشاندەرە بۆ دۆزینەوەی دەقئاوێزان، واتە بە بێ کردەی لێکدانەوەیەکی تەئویلیانە، ناکرێ پرسێکی وەك دەقئاوێزان بخرێتە بەر باس. کەواتە لێرەدا هێرمینۆتیك بووە داینەمۆی ئەم چەمکەو لەو رێگایەشەوە سەرەداوی پەیوەندییەکان ئاشکرا دەکرێن. خودی ئەم سەرەداوەش کۆمەڵێك دەلالەت و چەمکی تر ئاشکرا دەکەن، کە لای خوێنەر تەم و مژاوین و یان بە گۆڕانی کات گۆڕانکاری بەسەر واتایان دێت، چونکە (یەکێك لەو پانتاییانەی، کە دەقئاوێزانی لێ بەرهەم دێت، کەش و پانتاییەکە، کە تێگەیشتن (الفهم) کامڵ دەبێت، ئەویش لە ئەنجامی بەرهەمهێنانی بەیەکگەیشتنی دوو گوتار، یان زیاتر بۆ یەك واژە)[٢]، چونکە هەموو قسە لەسەرکردنێك و هەموو تێکگیرانێك لەسەر سەرەداوەکانی دەربڕینەکان و پەیوەندییەکانیان بە چەمکەکانی تر، بریتییە لە لێکدانەوەیەك، کە تەنیا هێرمینۆتیك لەناو بازنەی خۆیدا جێگایان دەکاتەوە، بۆیە پەیوەندییەکە تا دێت پتەوتر دەبێت و هەتا قووڵتریش بەدوای سەرەداوی دەقئاوێزانەکە بڕوات، لێکدانەوەکە زیاتر بەرجەستە دەبێت.

(هێرمینۆتیکا ئەوەی بڕیار داوە، کە بە شێوەیەکی جددی پێویستمان بە مەسەلەی دەقئاوێزان intertextuality هەیە)[٣]. ئەم پەیوەستبوونە لەلایەك پەیوەندی هێرمینۆتیك لەگەڵ چەمکەکانی تر

---

* میخائیل ریڤاتێر (١٩٢٤–) Michel Riffaterre: رەخنەگرێکی ئەمریکاییە، جەختی لەسەر پرسی پێشوازیکردنی خوێنەر بۆ دەق کردۆتەوە، نەك لەسەر ژیاننامەی خودی دانەر، هەروەها پێشنیازی رێگایەکی تازەی رەخنەی شێوازگەری کرد لە میانی پشت بەستن بە میتۆدی بونیادگەری لە شیکردنەوەی ئاستەکانی شێوازگەری. لە بەرهەمەکانی (سیمیۆلۆجیای شیعر١٩٧٨)و (بەرهەمهێنانی دەق١٩٧٩)و (پێوەرەکانی شیکردنەوەی شێواز١٩٥٧)و (حەقیقەتی خەیاڵی١٩٨٩). (سجن التفكيك، ص٢٨٦)

١- التناص معيارا نقدياً شعر احمد مطر نموذجاً، احمد عباس كامل الازرقي، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة ذى قار، ٢٠١٠م، ص٣٢-٣٣

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣

٣- مقدمة في الهرمنوطيقا، دايفيد جاسبير، ترجمة: وجيه قانصو، الدار العربيية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الجزائر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧، ص١٧٥

زیادو باش دەکات، لەلایەکی تر سروشتی دەقئاویزان وایە دەق بە سەرچاوەی تر دەبەستێتەوەو هەمیشە وایلێدەکات لە چەقبەستوویی رزگاری بکاتو جوڵەو لڤینی پێوە بکات. خودی ئەم جوڵەو بزاڤە، یارمەتی خوێندنەوەی زۆرتر دەدات، بەتایبەتی رەگەزەکانو سەرچاوەکانی دروستبوونی دەقئاوێزان ئەو چەمکە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەن، کە تامو بۆنەکانیان لە دەقێکەوە بۆ دەقەکەی تر هاتوونو سروشتی ئەم تامو بۆیەش بە گۆڕانی کاتو بە تێپەڕبوونی مێژوو، دەلالەتو واتایەکەی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانە یارمەتی فرەخوێندنەوە دەداتو دەق لە چوارچێوەی جێگیری خۆی، کە جەستەی وشەیە رزگار دەکاتو بەرەو رۆڵی خوێنەری دەبات، بۆیە ئەوە دەقئاوێزانە یارمەتی گواستنەوەی ئەم پێناسەیەش دەدات، لە سۆنگەی ئەوەی (دەق بە پێناسە تەقلیدییە گریکیو عیبرییەکە، بریتی بوو لە جەستەی وشە نووسراوەکانو هێرمینۆتیکای ئەم دواییانەش وەك پێناسەکەی "ستانلی فیش"، جەخت لەسەر گرنگی خوێنەر لەباتی خودی دەق دەکاتەوە)[1]. ئەم جیاوازییە وا دەکات، روانینمان بۆ چەمکەکان بگۆڕێتو خودی دەق لە تاك واتاییەوە بۆ فرەواتایی هەنگاو بنێ.

لێکدانەوەی دەق بۆ زانینی سەرچاوەکانی پەیدابوونی دەقەکە بۆ ئەوەی چەمکی دەقئاوێزانی تێدا بدۆزرێتەوە، لەوەدا دەسەنگرێتەوە، کە بە گوێرەی وەرگر، تەئویلەکە دێتە کایەوە، نەك تەنیا ئەو تێگەیشتنەی کە دانەری دەق مەبەستی بووە، چونکە کەسمان ناتوانین سینگی دانەر لەت بکەینو مەبەستەکەی لێ دەربێنین. لەبەرئەوە (هێرمینۆتیکای دەقی ئەدەبی، بریتییە لە تەئویلکردنی ئەو واتایەی، کە خوێنەر لە دەقەکەدا دەیخوێنێتەوە)[2]. لەوەشدا هەتا خوێندنەوەکان زیاتر بن، سەرچاوەکانی دەقەکە جۆراوجۆرتر دەبن، ئەمەش هاوکارێکی باشە بۆ زیاتر تاودانی ئەسپی دەقئاوێزان لە گۆرەپانەکەدا.

ئەگەر دەقئاوێزان لای (کریستیڤا[*]) سروشتێکی هەمەکی هەبێتو لەناو تێگەیشتن خۆی بنوێنێ، بەوەی کە شیاوە بۆ کامڵ بوونو تەواوبوون، چونکە دەقئاوێزان بە تاقی تەنێو تاك نییە، ئەوا دەکرێ بەو روانینە سەیری بکرێت، کە ئەوەندەی پێویستی بە تێگەیشتن هەیە، ئەوەندە پێویستی بە راڤە نییە، بەو واتایەی لە سۆنگەی ئەوەی دەقئاوێزان دەقەکانی تری هەڵمژیوە، واتە تووشی جۆرێك لە هەڵئاوسانو ئاوسبوون بە واتا بووە، بۆیە هەموو ئەم شادەمارانەی، کە بەناو دەقێکی دەقئاوێزانیدا تێدەپەڕێ، پێویستییان بە تێگەیشتنی تایبەتی هەیە، لەم رووەوە تێگەیشتنەکان لەسەر یەکتر کەڵەکە دەبنو پتر دەچێتە ناو چوارچێوەی هێرمینۆتیکاوە، ئەنجا قۆناغی لێکدانەوەی کۆدەکان دەست پێدەکات.

---

١- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

٢- نصيات بين الهرمنيوطيقا والتفكيكية، ج. هيو سلفرمان، ترجمة: علي حاكم صالح و د.حسن ناظم، المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٢، ص١٢١.

* جولیا کریستیڤاJulia Kristeva(١٩٤١-): دەروونناسو رەخنەگری ئەدەبیو رۆماننووسی بە بنەچە بولگارییەو بە رەگەزنامەش فەرەنسایییە، لەبارەی بونیادگەریو زمانەوانیو زانستی شیکاری دەروونیو سیمیۆلۆجیای نووسیوە. لەگەڵ لوسیان گۆڵدمان لە بارەی بونیادگەری پێکهاتەیی کاریان کردووە. دواتر بووە یەکێك لە ئەندامانی گروپی تیل کیلی فەرەنسایی. لەساڵی ١٩٧٤ دکتۆرای لەسەر شیعرییەتی زمان وەرگرتووە. دامەزرێنەری زاراوەی دەقئاوێزان Intertextaulty ـە. چەندین بەرهەمی هەیە لەوانە (سیمیۆلۆجیای ئەدەبو هونەر، شۆڕی زمانی شیعری، .....هتد). (سجن التفكيك، ص٢٨٩)

لەلایەکی تر لە دەقئاوێزاندا، هەست دەکرێ بیرۆکەی زیاتر لە یەك کەس ئامادەیی هەیە، بەمەش دایەلۆگی نێوان مرۆڤەکان دەست پێدەکات‌و بەمجۆرە پەیوەندی ناپچڕێت‌و بەردەوام دەبێت. لە هەموو ئەمانەشدا زمان رۆڵێکی کاریگەر لە زیندوو هێشتنەوەی ئەم پەیوەندییە دەبینێ. چەقی سەرەکیی کۆی ئەو پەیوەندییانەش لەگەڵ (خوێنەر)، یان تیۆری وەرگرتن کارلێك دەکات‌و چۆنیەتی تێگەیشتنەکەو مەودا جۆراوجۆرەکانی هێڵەکانی کارکردنی هێرمینۆتیکا بەرجەستە دەکات.

ئەگەر بێت‌و پەیوەندییە دەقئاوێزانییەکان بە هێرمینۆتیکاوە شیبکەینەوە، ئەوا دەبێ کەم تا زۆر، بۆ تیۆرەکانی (جولیا کریستیڤا) بگەڕێینەوە، کە بە دامەزرێنەری ئەم تیۆرە دادەنرێ، لەو نێوانەشدا چەمکێك هەن، دەبێ قسەی لەسەر بکرێ، ئەویش: بەرفراوانی دەق hyper textuality ـە ، کە هەموو ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە، کە دەقی B بە دەقی پێشوو A گرێ دەدات، دەقی A ناوو سروشتەکەی دەبێتە دەقی گەماڕۆدراو. دەقی B، کە بەرفراوانە، نینۆکەکانی خستۆتە دەقی گەماڕۆدراو، بێ ئەوەی پەیوەندییەکە راڤەکردنی تێدا هێنرابێتەوە. لە نێوان ئەم دوو پەیوەندییەشدا، توانایەکی بەهێزی خوێنەر/ وەرگریش دێتە ناو کارلێککردنەکە، ئەم توانای پەیوەندیکردنە، کە دواجار وەك (جینێت) ئاماژەی پێداوە دەقی فراوان Hyper Text دێتە کایەوە.[١]

هەندێك لەو رەمزە مێژوویی‌و کەلەپوورییانەی، کە رووبەرێکی گەورە لەناو دەقئاوێزان داگیردەکەن، لە هەمان کاتدا دەبنەوە رەگەزێکی گرنگیش بۆ کردەی تەئویل، چونکە دەقی A، کە خۆی لە چوارچێوەی رەمزی مێژووییدا بەرجەستە کردووە، مادام ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوەو بۆتە مێژوو، بۆ خوێنەری ئەمڕۆ گرفتی تێگەیشتن دێنێتە کایەوە، چ جای ئەوەی ئەم رەمزە بەناو رێڕەوی سۆفیگەریشدا رۆیشتبێت، ئەوسا دەبێتە لێکدانەوەی لێکدانەوە. واتە هەڵئاوسانی رەمزو دەقئاوێزان‌و کەڵەکەبوونی واتا دێتە گۆڕێ.

بۆ نموونە کاتێك مەحوی دەڵێت:

کە چەرخ ئەسکەندەری دی دەردەدارا

وتی ئەم هەمبووە هەم دەردی دارا /٧

لێرەدا گرفتی تێگەیشتن دێتە ئاراوە، ئەم گرفتەش تەنیاو تەنیا خۆی لە چوارچێوەی دەقی شیعری‌و پەیوەندی شیعری دێنێتە کایەوە، چونکە ناوهێنانی ئەم رەمزانە (دارا، ئەسکەندەر..) ئەگەر لە پارچە پەخشانێك، یان گوتەیەکی زارەکی بوایە، ئەوا گرفتی تێگەیشتن نەدەهاتە ئاراوەو بەم شێوەیە پێکهاتەکە دروست نەدەبوو. لەلایەکی تر خودی دەقی شیعری، نائاسایی واتایی تێدا بەرجەستەیە، بۆیە مەزراندنی ئەم رەمزانەش، دەق بەرەو رووی درەنگ تێگەیشتن دەبات‌و دەبێ خوێنەر ئەو کۆدانە شارەزا بێت‌و بیانکاتەوە، بۆ ئەوەی واتاو مەدلوولەکانی هەڵبکرێنێت.

مەحوی، ئەوەندەی مەبەستییەتی پەیامی خۆی بگەیەنێت‌و ئەم پەیامە بە هێنانەوەی ناوی ئەسکەندەرو دارا بەهێز بکات، ئەوەندە مەبەستی ئەوە نییە ئەم دو کەسایەتییە بەرز بکاتەوە، بەڵکو لەو رێگایەدا دەیەوێ بونیادی ژیانی ئەسکەندەرو دارا لەگەڵ پێکهاتەی ژیانی ئەوسای خۆیدا، یان

---

١- هيرمنيوطيقا الشعر العربي، نحو نظرية هيرمينوطيقية في الشعرية، د. يوسف اسكندر، ص١١٤

تێڕوانینی بۆ دونیا شێبکاتەوە. دەشێ وا دابنێین، مەحوی بۆ خۆی دەیەوێت ڕەخنە لە دونیا بگرێت، بە مەزراندنی ناوە مێژووییەکان بۆ ناو دەقەکەی، کە ئەمەش تەئویلێکی دەقئاوێزانەیە نیشانی دەدات.

ئەگەر دەقئاوێزان هەڵمژینی دەقەکانی تر بێت، ئەوا بابەت لەگەڵ بابەت جیاوازی هەیەو چۆنیەتی مەزراندنەکەو پێگەو بەهای چەقەکە حوکم لەسەر قورسیو سووکییەکەی دەداتو هەر ئەمەشە لە سستیو بەهێزی کارلێککردنی لەگەڵ وەرگردا خۆی بەرجەستە دەکات. نووسەری دەق لە گەڕانەوە بۆ مێژوو سوود لە چیرۆکی ئایینی وەردەگرێت، بە تایبەتی دەقە ئاینییەکانو لەنێویشیاندا ئەدەبیات، کەم تا زۆر بەم جۆرە شێوازە کاریگەرە. ئەدەبی سۆفییانەش بە شیعرو پەخشانەوە، بایەخی بەم جۆرە شێوازە داوە، بەتایبەتی ژانری شیعری سۆفییانە، لە ڕەمزو هێما ئاینییەکان چڕبوونەتەوە، لە نێویشیاندا زیاتر چیرۆکە ئاینییەکان. لەبەرئەوە لەناو شیعری سۆفییانەدا دەقئاوێزان هەر تەنیا وەك جوانکارییەکی وشەیی، یان واتایی، بەگشتی وەك ئەرکێکی ڕەوانبێژییانە خۆی نیشان نادات، بەڵکو وەك زۆربەی هەنگاوەکانی، دەیەوێت دیوی ناوەوە دەربخات، بەڵام بە زمانێك، کە لە ڕەمزو لە بەهایەکانی مێژوودا چڕکرابێتەوە. بە هێنانەوەشی کارلێکی لەگەڵ خوێنەر پتەوتر دەکات، چونکە خوێنەر لە ئاستی ئاسۆییو سادەیی خوێندنەوەدا، بە بێ بوونی ڕەگەزەکانی دەقئاوێزان، تووشی هیچ جۆرە لەنگییەك لە واتادا نابێت. ئەمەش دەق لە پێچو پەناو توندوتیژی دوور دەخاتەوە، بەڵام بە هەبوونی هەر گەڕانەوەیەك بۆ دەقی ترو بۆ مێژوو بە گشتی، کردەی بیرکردنەوە لای خوێنەر بەتینتر دەبێت. لەو ڕوانگەشەوە ئەگەرچی ئاماژەدان بە چیرۆکە ئاینییەکانو لەنێویدا کارەکتەرو زەمەنو ماهییەتەکانیدا، ڕۆشناییەکی تر بە خوێنەر دەبەخشێت، کە ئەگەر بە تێرو تەسەلیش باسی نەکات، بەڵام بەم ئاماژەیە دەلالەتەکە چڕ دەکاتەوەو بۆ ئەوەی واتاو سەرلەبەری چیرۆکەکە لە هۆشی خوێنەر بە تەواوی خۆی تازە بکاتەوە. لەلایەکی تریش ئەگەر وەرگرەکە خاوەنی پاشخانێکی مەعریفی مێژوویی نەبێت، ئەوا جارێکی تر دەقەکە لەلای خوێنەرەکە ڕووبەڕووی گەڕان بەدوای مەعریفەی ناوەکی دەبێتەوە، کە لە ڕووکەشدا واژەیەکەو لە ناوخۆیشیدا جیهانێکی تری لە واتا لە خۆیدا بارکردووە. ئەمەش دەبێتەوە بنەمایەکی هەرەگرنگی هێرمینۆتیك.

لەلایەکی تر خودی زاراوەکانی سۆفیگەری، واتایەکی ناوەکییان هەیەو ئەو واتایە کردەی لێکدانەوەو ڕاڤەی تایبەت هەڵدەگرنو هەر ئەمەشە وایکردووە، کە هێرمینۆتیك زیاتر لەناو دەقی سۆفییانەدا بوونی هەبێت.

### ٣-٣ هێرمینۆتیکا ی سۆفییانە لەنێوان دەقئاویز انی و بەرهەمهێنانی واتادا

ئەگەر دەق بە شێوەیەکی گشتی لە هەمبەر هێرمینۆتیکدا، واتا بەرهەم بهێنێ، ئەوا دەقی سۆفییانە تایبەتمەندی دیکەی لەخۆدا بەرجەستە کردووە، بەوەی بە هۆی پاشخانە مەعریفییە سۆفییانەییەکەوە، واتا گۆڕانی بەسەر دادێت، لەم ڕووەوە واتا بەری بەرهەڵدا دەکرێ، بەڵام بە مەبەستێکی دیاریکراو، ئەم مەبەستەیەش تیۆرێکی کۆنینەی لە پشتە، کە پێشتر لە کارلێککردنی لەگەڵ دەقی قورئاندا تاقیکراوەتەوە.

مەرج نییە، هەموو جارێك گەیشتن بە مەبەستداری دانەر، یان پێکانی نیازو مرازی شاعیر، کتو مت وەك خۆی بێت، بەڵام نزیك بوونەوەکە لە پسپۆڕێتیو کەشی ژیانی شاعیرو ئاسۆی هزری، ڕێگا لەبەردەم وەرگر خۆشتر دەکات. لەلایەکی تر وەرگر ئەگەر سۆفی بێت، یان ئاشنای ڕێبازەکە بێت، ئەوا چۆنیەتی کارلێککردنی لەگەڵ دەقدا لەگەڵ کەسێکی تری ناسۆفی زۆر جیاوازە، چونکە شێوازی مامەڵەکردنی سۆفییەکان لەگەڵ دەقدا لە سادەبوونەوە بەرەو قووڵبوونەوە دەچێت، بە پاڵپشتی بنەماو تیۆرە سۆفیگەرییەکان. لەوەشدا بنەمای تەئویلی قورئانی بەگشتیو تەئویلی سۆفییانە بە تایبەتی، پێشڕەوی کارلێککردنەکە دەکەن.

لێکدەرەوە (مۆول)ی سۆفی هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا، لە رووکاری دەقەوە پەنجەرەی بەرەو رووی قوڵایی دەق بکاتەوەو لە جیهانی وێنەوە بچێتە جیهانی زانستی پوختو لە ڕەهەندی هەستی ماددیەوە بۆ دەرکی مەعنەوی بچێت، بە یارمەتی میراتە ڕۆشنبیرییە دەوڵەمەندو تەواوەکەیو، بە زەینە پوختە پڕ لە خەیاڵەکەیو بە زمانە پتەوەکەی، کە دواتر تەئویلەکە سەر دەکێشێ بۆ چەمکێکی ماوە دوورو تەجەللایەکی جوانو نایاب.[١] لەوەشدا چیرۆکە قورئانییەکان کاتێك بە هۆی دەقئاوێزانییەوە، تەئویل لەخۆ دەگرنو لێوانلێو دەبن لە واتاو مەدلوولی سۆفییانە، دەقی شیعریش بە مەزراندنی ئەم چیرۆکانە، بەرەو بەرهەمهێنانی واتا دەچن، کە بوارەکەیان فراوان دەبێتو رووبەرێکی بێ سنووری واتا لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەن.

ئەگەر لە ڕوانگەی تەئویلی سۆفییانە لە چیرۆکی یوسف پێغەمبەر(د.خ) رابمێنین، ئەوا وێڕای واتا ئاساییەکە، ڕووبەڕووی واتای دیکە دەبینەوە، کە سەرو کاریان لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی سۆفیگەری هەیە، بۆیە لە چیرۆکێکی بەناوبانگی ڕێكو رەوانەوە، بۆ نیگەرانیو جیهانێکی مەعنەوی دەچین، کە خوێنەر بەو جۆرە پێشبینی بۆ ناکات.

لەبەرئەوە کاتێك خودا ویستی نەفسێکی بڕوادار بۆ لای خۆی سەفەر پێ بکا، لە برا (نەفس ئەممارە) کانی کڕیو عەقڵی باوکیشی نیگەران بوو، کە فرمێسکی لێ نەبڕا، ئەم عەقڵە ئیلاهییە بە بوونی ئەم نەفسە دەگەشایەوە، کە دابڕان هاتەکایەوە، چاوەکانی لە دەستدا. لەدەستدانەکە بەو شێوە بوو، کە تاریکایی جێگای رووناکی گرتەوە، نیگەرانییەکەیش بووە ئاگرێكو ئەم ئاگرە ڕۆشنایی بەو تاریکاییە دەبەخشی.

کە خوداش فەرمووی ﴿ وَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ وَٱبۡيَضَّتۡ عَيۡنَاهُ مِنَ ٱلۡحُزۡنِ فَهُوَ كَظِيمٞ ﴿٨٤﴾ ﴾یوسف: ٨٤ سپیاتی هات، سپیاتی ڕەنگی جەستەیەو تریسکەو ڕۆشنایییەکەشی نووری ڕۆحانییە، زلێخاش (ژنی

---

١- التأويل الصوفي للنص، د. عبدالاله نبهان، مجلة التراث العربي، انترنيت

عەزیزی میسر) بە هۆی تەئویلەوە دەبێتە نەفسی هەمەکی (کوللی)، عەقڵ کە باوکی یوسفە ناتوانێ یوسف ببینێ، بەڵام گوێی لێ دەبێ و بۆنی کراسەکەی دەکا، کە کراسەکە دەچێتە سەر چاوی، ڕۆشنایی بۆ دەگەڕێتەوە[1]. ئەم گەنگەشەیە لە نێوان نەفس و دەوروبەر بە هەموو جۆرەکانییەوە دەرگا لە بەردەم تەئویل خۆش دەکات، کە شاعیرێکی وەك (مەحوی) بە سەرسامبوونی بەو بنەما سۆفیگەرییانە، ئەم چەمکانە بە شێوەیەك بەکاردێنێ، کە وەرگرێك بە تەئویلی سۆفییانە بۆ بنەمای دەقئاوێزان، دەتوانێ واتای تایبەتی لێ بەرهەم بهێنێ. بۆ نموونە لە شیعری (کە شێخ و واعیظ و سۆفی) دەڵێ:

**بە بێ یارێ مەچۆرە مەعرەکەی ئەسفەندیاری نەفس**

**کە لەم مەیدانەدا هەر پیرە زاڵە روستەمی زاڵ** / ٢٠٣

ئەوا (نەفس)، دەشێ لێرەدا زولێخاو هەموو رەگەزە مێینە دونیاییە خراپەکارییەکان بێت، تا پیرەزاڵیش ریشی سپییەو پیربوون لە ناو خەم و مەینەتیدا بێ هێزی دەکات و بەرگەی ئەم جەنگەی نابێت، ئەگەر یەعقوبیش بێت، کە پیرێکی ریش سپییە:

**بە غەمزەی نازەوە ئەو سەروی نازە کەی چوە گوڵشەن**

**کە نێرگس وابووە چاوی سپی، سەروی بوە تۆپاڵ**

چاوی سپی کە لە (وَٱبۡیَضَّتۡ عَیۡنَاهُ)ی قورئان نزیکە، چاو سپیبوونەکە بۆ یەعقوب دەشێ و رەنگی جەستەی سپی و ڕۆحیش ڕۆشن و روناك.

لەم دوو دێرەو دێرەکانی دواتری، ئەگەر بە ڕوانینی سۆفییانە تەئویلی بۆ بکرێ، ئەوا هەست دەکرێ لە پشت ئەم وێنانەوەو وێنەی یوسف و زلێخاو یەعقوب هەیەو گشتێنراوە بۆ ئەوەی نەفسی زلێخا دونیا خراپەکانی بێت و یەعقوب بە چاوی سپییەوە رابەرو ڕۆشنایی ڕۆح بێت و یوسفیش پاڵەوانی ناو جەنگەکە.

(قسەکردن لەبارەی هێرمینۆتیکاو بەندیواری راستەوخۆی لەگەڵ کەلەپوور... وا لە هۆش دەکات، کە روانینێکی تازەو پەیوەست بە راڤەکردن ببەخشێ، کە وا لە کەلەپوور دەکەن، دەیکەن بە ماددەیەکی زیندووو تازەکەرەوە، کە شیاوی خوێندنەوە بەرهەمهێنەکان بێت)[2]، چونکە ئەگەر ئێمە خودی دەق لەناو کەلەپووردا چاو لێ بکەین، بەوەی دەق لە سەردەمێکی پێشتر نووسراوەو خاوەنی کۆمەڵێك بەهایەو لەو چوارچێوەیەدا لەدایکبووە، کە دەشێ هەندێك لە بەهاکانی لەگەڵ بەهاکانی ئێستای خوێندنەوەدا دژو ناکۆك بن، جا لە ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، هزری، فەلسەفی، ئاینی... بێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر لەناو خودی پێکهاتەی دەقدا، کۆمەڵێك رەگەز بۆ ناو دەقەکە مەزرێندراون، کە ئەمانە سەردەمەکەیان لە رووی مێژووییەوە دوورترە. ئەگەر بەشێك لەوانە، چ وەك رەمزی کلتوری، چ وەك بەهای مێژوویی حسێب بکەین، ئەوا بۆ شیکردنەوەو راڤەکردنیان پێویستمان بە چوونەوە ناو ئەو ژینگەیە هەیە، کە چەمکەکەی لێوە سەرهەڵداوە.

---

١- سەرچاوەی پێشوو

٢- شعرية القراءة والتأويل في الرواية الحديثة، الدكتور فتحى بو خالفة، ص١٦

لێرەدا دەگەینە ئەو راستییەی، ئەم مەزراندنە چ پەیوەندی بە دەقئاوێزان هەبێتو چ وەرگر بۆ تێگەیشتنەکەی پەنا بۆ دەوروبەر ببات، هەموویان وا دەکەن وەرگر پەنا بۆ راڤەی تر ببات، چونکە خودی رەمزو هێما کەلەپورییەکان لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر واتای خۆیان دەگۆڕن، ئەم گۆڕینە تەزوویەکی زیندوو بە بەر هێرمینۆتیکا دەبەخشێتەوەو واتا لە ڕێڕەوی جێگیری خۆی لادەداتو پەل بۆ رەهەندەکانی تر دەبات. لەبەرئەوە تا کەلەپوورەکە زیاتر لەناو دەقدا خۆی بەرجەستە بکات، زیاتر کردەی هێرمینۆتیکا بەرەو پێش دەچێتو هەوڵەکان بەرەو فرەواتاییو نزیکبوونەوە لە واتاکان زیاتر دەبێت.

ئەو دەقە شیعرییانەی بۆنو تامی تەسەووف دەدەن، بە رادەیەکی زۆر لەناو کەلەپووردا چڕبوونەتەوە، هەر ئەم زۆریەشە وایکردووە، کە بنەمای هەرە گرنگی تەسەووفو ئەدەبیاتی سۆفییانە کەلەپوورێکی مەزنی ئەو هزرە بێ، کە ماوە دوای ماوە، راڤەو لێکدانەوەکان واتای تر لە خۆیان هەڵدەگرن، لەو سۆنگەیەی هەموو ئەم رەمزو نزیکبوونەوەیەی ئەدەبیاتی سۆفییانە لە دەقی پیرۆزی ئاینی، زیاتر خۆی لە کەلەپوورێکی کۆن چڕ دەکاتەوە، کە کردەی تێگەیشتن تێیدا ئاسان نییەو خوێنەرو وەرگریش لە گرفتی تێگەیشتنەوە بەرەو کردەی هێرمینۆتیکا دەچن، تا هەرچی زووە شەرعییەت بە خوێندنەوەو تێگەیشتنی خۆیان بدەن.

## ٣-٤ شیعرییەتی شوێن لەنێوان دەقئاوێزانو هێرمینۆتیکا دا

### ٣-٤-١ تەئویلی شوێن :

بێگومان لەناو دەقی ئەدەبیدا، شوێن پایەیەکی گرنگی هەیەو رۆڵی لە بەخشینی شیعرییەت بە دەق هەیە، بەتایبەتیش خودی گوتاری سۆفییانە، چونکە بەلای سۆفییەوە، ئامانج رێ کردنە بە رێگای عیشق، یان گەیشتنە بە حەقیقەت، بۆیە چەمکەکانی سەر ئەو رێگایە لەناو بونیادی سیمیۆلۆجیادا رۆڵیان لە سازاندنی تەئویل هەیە، بەو پێیەی جیا لە واتا فەرهەنگییەکانیان، واتای دیکەیان لێ بارکراوە، ئەگەریش رەچاوی سەرچاوەکانی دەستنیشانکردنی بیری شیعرییەتی شوێن بکرێت، بێگومان مەدلوولی تایبەت بەخۆی دەبێتو بەو هۆیەوە ستراتیژییەتی بیری سۆفییانەی شاعیر دەستنیشان دەکرێت.

لەلایەکی تر بە گوێرەی گوتەی (دریدا)، دەقئاوێزان بەکارهێنانی وشەیەکە لە دەقێکدا، کە پێشتر ئەو وشەیە لە دەقی تر، یان پێشووتر بەکارهاتبێ[١]. ئەمەش لەگەڵ بنەمای سیمیۆلۆجیا یەکدەگرێتەوە، کە قەبارەی وشەیەك دەستنیشان دەکرێ، بۆ ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا بنەمای دالو مەدلوولەکەی دیار بکرێ، هەروەك لە رووی بنەمای شیعرییەتیشەوە، ئەگەر ناوی شوێن وەربگیرێ، بە تەنیا وشەیەك وێڕای بونیادە سیمیۆلۆجییەکەی، بازنەی هێرمینۆتیك بە هی خۆی دەزانێو دەیداتە بەر تیشکی واتای تەئویلی. ئەم روانینەش دەچێتە ناو چوارچێوەی هەڵوەشاندنەوەگەراییش، بەو پێیەی بەهۆی زانیاری وەرگر بۆ وشەکەی ناو دەق، بەهایەك بۆ نووسەری دەق دەگەڕێتەوە، کە پێش خوێندنەوە ئەو بەهایەی نەبووە، بێگومان هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەو قۆناغەی تێپەڕاند کە بونیادگەری تێیدا مردنی نووسەری راگەیاندبوو، لە هەڵوەشاندنەوەگەراییدا، بەبێ وەرگر، نووسەر هیچ بەهایەکی نییەو ئەوە خوێندنەوەو

---

١- المرايا المحدبة من البنيوية الى التفكيك، د. عبدالعزيز حمود، سلسلة عالم المعرفة (٢٣٢) بدون سنة الطبع، الكويت، ص٣٢٥

بنەماكانی هەڵوەشاندنەوەن، جارێكی تر نووسەر دەخەنەوە ناو پانتایی دەقو بە گوێرەی ئاستی رۆشنبیری وەرگرەكە دەقەكە هەڵدەوەشێتەوەو سەر لەنوێ ریشاڵەكانی دەقئاوێزان، بونیادی دەقێكی تازە لە هۆشی وەرگر دەسازێنێت، كە بە بێ وەرگر، نە جۆری دەقئاوێزانەكەو نە نووسەریش قورساییەكیان نییەو نابێ.

رەنگە خوێنەر كاتێك مامەڵە لەگەڵ شوێن لەناو دەقێكی ئەدەبی دەكات، دەلالەتی شوێن كارئاسانی بۆ دۆزینەوەی واتاكە بكات، بەڵام لە دەقی سۆفییانەدا خوێنەر رووبەرووی قەیرانێك دەبێتەوە، وەك (ئیمبیرتۆ ئیكۆ) پێی وایە (شكۆی خوێنەر لەناو دۆزینەوەكەیدا خۆی ون دەكات، بەوەی بە گوێرەی دەقەكە جگە لە بۆچوونی نووسەر، هەموو شتێك دەڵێ. لەساتی تەوابوونی دۆزینەوەی دەلالەتێكدا هەست دەكەین ئەمە دەلالەتێكی تازە نەبوو، بەڵكو دەلالەتی تازە لەدوای ئەمە دێت، ئەمە گفتوگۆو لێكۆڵینە، هەڵبەت كەودەنو دۆڕاوەكان ئەوانەن، كە لە كۆتایی ئەم بینەو بەردەیە دەڵێن: بێگومان تێگەیشتین. بێگومان خوێنەری دەق دەزانێت، كە نهێنی دەق خۆی لەنێوان عەدەمو نەبوونەكەیدا دەشارێتەوە..)[1]. ئەم بۆچوونە لە روانگەیەكی سیمیۆلۆجیانە سەیری دەقی كردووە، بەوەی ئەستەمە واتای كۆتاییو راستەقینەی دەق بزانرێت، چونكە ئەوە خوێنەرەكانن نهێنیو مەبەستی نووسەر ئاشكرا دەكەن، بەڵام لە چوارچێوەو روانینی خۆیانەوە نەوەك بە بەڵگەیەكی راستو رەوان، بەو پێیەی ئەگەر بەڵگەكان هەبوونایە، خودی كردەی خوێندنەوەش برەوی نەدەبوو، بەتایبەتی كاتێك دەق بە دەقئاوێزانەوە ئاوس دەبێت، لەبەرئەوە هەموو كرداری هێرمینۆتیك لەپێناو تێگەیشتنێكی تەجریدی نییە، ئەوەندەی لە هەوڵی زیندووكردنەوەو بەردەوامی كردەی تێگەیشتنە. بە زیادبوونی ئەم كردەیە دەق دەبێتەوە ناوەندێك بۆ بەیەكەوە بەستنی خوێنەرو نووسەر.

لێرەدا نموونەی چەند شوێنێك دەهێنینەوە، كە لە رووی واتاییەوە لە خولگەی ئاسایی خۆیان دەترازێنو زۆرترین دەرفەت دەرەخسێنن، كە بكەونە بەر شەپۆلی هێرمینۆتیكەوەو لەوەشدا بەهۆی ئەم ترازانە واتاییەوە شیعرییەتی شوێنەكە پتەوتر دەبێ. ئەوانیش:

### ٣-٤-١ -١ سەحرا

سۆفی بەگشتیو شاعیرەكانیان بەتایبەتی، لەناو چنینی دەقدا پەنا بۆ ئەم وشەیە دەبەن، پەنابردنەكەش لەگەڵ چەند وشەیەكی ترە، كە ئەوانیش بە بنەما سۆفیگەرییەكانەوە پاڵپشتنو ناكرێ بە تەنیا بێنو وەك دالو مەدلوولەكانیان سەیر دەكرێن.

وشەی صەحرا وەك واتای راستەوخۆی، دەلالەتی شوێنێكە، بەڵام لەم جۆرە سیاقانەدا وەك رەمزێك بەكاردێت، ئەویش ئازادییە، بەوپێیەی صەحرا مل بۆ هیچ دەسەڵاتێك كەچ ناكاتو كەسیش لەخۆی ناگرێت، چونكە لە ئاوەدانیی دوورە، لە سادەترین وێنەشیدا هیچ بەربەستێكی لێ نابینرێو رووتو سادە وەك ئازادی رەهایە[2]و بە هیچ شتێكەوە پەیوەست نییە:

---

١- معجم السيميائيات، فيصل الاحمر، ص١٩٠

٢- تلمسات نظرية في المكان وأهميته في العمل الروائي، الدكتور سليم بتقة، مجلة المخبر (ابحاث في اللغة والادب الجزائري)، جامعة محمد خيضر، بسكرة، الجزائر، العدد السادس، ٢٠١٠، ص١٠.

**چ شۆڕێکی جنونی پێوەیە بای ئەم بەهارانە**
**لە شارا هەر زڕەی زنجیرە، صەحرا شۆڕشی بولبول** /٢٠٥

مەحوی، صەحرا لەگەڵ وشەکانی جنون و شارو بولبول دەهێنێتەوە، کە یەکەمیان ناتوانێ لە شار مەدار بکات و وەك رەمزێکی سۆفییانە پەنا بۆ صەحرا دەبات و بولبولیش وەك بونیادێکی دەلالی مەدلوولی تایبەت بەخۆی هەیەو هاوشان لەگەڵ شێتییەکە کاری خۆیان دەکەن و لە کارەکانیاندا هاوبەشن.

**دەبینی قل هوالله خوێنەکانی کونجی مزگەوتان**
**روەو صەحرا کە دەیبەن، وا سوراحی هاتەوە قولقول** /٢٠٥

قسەکردن لەبارەی عەدەمەوە، لە هەڵکەوتەی فینۆمینۆلۆجیاوە نزیکمان دەخاتەوە، لێ ئەوەی گرنگە شاعیر دالی صەحراو بارە سیمیۆلۆجییەکەی لەگەڵ چەمك و دالی دیکە هاوشان و پەیوەستی دەکات، کە وەرگر چاوەڕێی سازاندنی ئەو وێنەیە ناکات، بەڵام وێڕای ئەمەش پەیوەندییەك بۆ مەعقولییەتەکە دەدۆزێتەوە، بەوەی فەنابوون و بەرەو عەدەم چوون لەگەڵ صەحرا هاوشان دەکات، لە سۆنگەی ئەوەی لە هۆشی هیچ وەرگرێکدا پێشبینی خەسڵەتەکانی عەدەم ناکرێ، لێ شاعیر مەجنوونیشی وەك رەمزێك هێناوەو بەو واتایەیە کە سۆفی راستەقینە، ناتوانێ لەگەڵ خەڵك مەدار بکات و دەبێ لە بیابان بگیرسێتەوە:

**مەگەر شاری عەدەم جێی وا تیا سەرگەشتە بم قاتە**
**بیابانە بەشی مەجنوونە، خاصی کۆهکەن کێوە** /٢٩١

یان:

**مەجنوونە شەهی عیشق و بیابانی بارەگا**
**ئاهی، دەکا هەمیشە بە پا چادرێ لە هیچ** /٩٩

یان:

**بەجێ نایێ دەبێ رووبکەینە سارا**
**حەقی ئادابی مەجنوونی لە شارا** /٧

تێبینی ئەوە دەکەین، کە مەحوی لاسایی بنەما سۆفیگەرییەکانی کردۆتەوەو خودی خۆی ئەزموونێکی پوخت و رێکی لەگەڵ بیابان و صەحرا نەبووەو هاتنیشی لەگەڵ مەجنوون، وێڕای سەلماندنی ئەوەی، ئەوەی لە کۆمەڵگا بە شێت دابندرێ، دەبێ پەنا بەرەو دەشت و صەحرا ببات، ئەگەرچی لە کوردستان دەگوترێ پەنا بۆ شاخ و چۆڵەواری دەبردرێ، بەڵام بە لاساییکردنەوەکە، لە تاکە وشەیەکدا دەلالەتەکەی بۆ مەدلوولی جیاواز گۆڕیوەو بە نیشانەی بولبول و جنونیش، رەمزەکە بەرەو تەئویلی زیاتر دەبات، تەئویلەکەش خۆی لەناو بنەمای سۆفیگەریدا زیاتر بەرجەستە دەکات.

لەلایەکی تر هاتنی وشەی صەحرا لەگەڵ سیاقێك، کە مەدلولی سۆفییانەی لێ هەڵبهێنجرێ و وەك رەمزێك لەو بازاڕەدا بەکاربێت، تەئویلەکە بەهێزتر دەکات، بە جۆرێك (مەحوی)، صەحرا دەکاتە شوێنی راوکردنیش، کە خودی کردەی راوکردن بنەمایەکی سۆفییانەیەو لەوێشدا خۆی لە شار دەخاتە دەرەوەو تەنیا سەحرا شك دەبا، کە شیاوترین شوێنە بۆ ئەوەی بنەمای عیشقی تێدا بێتە دی و لەو چوارچێوەیەدا صەحرا دەبێتە شوێنی خۆشەویست و هۆگری، ئەم (پەیوەستبوونەش بە خۆشەویستی شوێن

Topophilie وەرگر وا لێدەکات، کە زۆرترین وەڵامدانەوەی ئەرێنییانەی بۆ دەقەکە هەبێ‌و چێژی لێ وەربگرێ[1] :

**بۆ صەیدی مەحوی ئەو موژە ئیمایەکا بەسە**

**سەحرایی ئولفەتە کە لە نێچیری رەم حەرام /٢١٣**

### ٣-٤-١ -٢ شار

سەرەتا بە بێ هیچ جۆرە لێکدانەوەیەك بۆ وشەی شار، شار شوێنی ژیانی مەحوی شاعیرە، لەچاو لادێ، جۆرێك لە قەرەباڵغی پێوە دیارەو بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی لە لادێ جیا دەکرێتەوە. هەرچی روانگە سۆفییانەکەیە بۆ شار، بە لایەنێکی نەرێنی ناسێندراوە، چونکە:

١-زۆرترین خەڵکی تێدا نیشتەجێیەو لەوێدا زۆرترین جار سۆفی لەگەڵ خەڵك بەریەك دەکەوێ، بەمەش ناتوانێ بە ئازادی‌و سەربەستی خۆی سرووتی سۆفییانەی خۆی جێبەجێ بکات.

٢-هەموو ئەوانەی بە دوورەپەرێزی دەژین، دەبێ لە شارەوە کۆچ بکەن‌و سەحراو چۆڵەواری هەڵبژێرن، لەوەشدا ئەوانەی لاگیری مەجنوونن، کە رەمزێکی سۆفیگەرییە، دەبێ بیابان هەڵبژێرن‌و لە شار دوور بکەونەوە.

٣-دەگونجێ لەو سۆنگەوە سۆفی دژایەتی خۆی لەگەڵ شار رابگەیەنێ، بەو پێیەی شار زۆرترین سەرپێچی‌و گوناهی تێدا ئەنجام دەدرێ، لەوەشدا روویەکی ناشیرینی تێدا بەرجەستە دەبێ.

مەحوی لە روانگەی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە، شاری بە شوێنێکی ناخۆش‌و دژەشوێن پێناس کردووە، بەمەش لاسایی هەندێ لە بنەما سۆفیگەرییەکانی کردۆتەوە بە دژایەتیکردنی شوێن، ئەگەرچی بەلای کەسێکی وەك مەولانای رۆمی (شار جیهانی عەقڵ‌و ژیرییەو لادێش نەفامی‌و نەزانییە[2]). بەڵام مەحوی پێچەوانەی ئەم بۆچوونە، دەشت‌و بیابان دەکاتە شوێنی دۆزینەوەی حەقیقەت‌و بە خراپیش باس لە شار دەکات:

**بۆتە موئنیس، بۆتە مەئوا، قەومی شاری ئەلعیاذ**

**دێوی بێتێ، جێ بەجێ دەڕوا بە بارێ العیاذ /١١٧**

**تا دەگاتە:**

**ئەهلی تەزویرو فەسادن، غاصیبی ماڵی عیباد**

**موبتەلا بن بەم بەڵایە ئەهلی شارێ العیاذ /١١٨**

لێرەدا دەگونجێ، مەبەستێکی کۆمەڵایەتیش لەپشت ئەم هێرشەی مەحوی هەبێت‌و بەمجۆرە زۆرتر لە واقیعی شاری سلێمانی نزیك دەبێتەوەو (دژایەتی شوێنیش Apocalypse وێنەی رق‌و کینەی تێدا بەرهەم دێت)[3] و کاریگەریشی بۆ وەرگر دەگوازرێتەوە. بە روانینێکی تەئویلیانەش دەشێ مەبەست لە شار دەروون بێت‌و شاعیر بیەوێت لە دەروون (نفس) رزگار بێت‌و جۆرێك لە ئازادبوون بەدەست بهێنێت، کە دەرچوون لە شاریش، تەنیا پێچەوانەکەی سەحرایە ئەگەر مرۆڤ پەنای بۆ ببات:

---

١- بلاغة المكان، قراءة في مكانية النص الشعري، فتحية كحلوش، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨، ص٢٤٨

٢- فرهنگ اصلاحات تعبيرات عرفانى، سجادى، ص٥١٣

٣- بلاغة المكان، قراءة في مكانية النص الشعري، فتحية كحلوش، ص٢٤٨

**لەم شارە خۆ هەموو ڕەوش‌و دەئبی ئادەمی**

**یەکبارە باری کردووە، دینی خودا خصوص /١٥٥**

**یان:**

**دەبێ ڕەم کەم لە شارو ببمە وەحشی**

**نیە حیلەی ترم بۆ ڕامی جەیران /٢٤١**

لێرەدا بنەمای چوونە ناو مەحەببەت‌و دەستکەوتنی مەعشووقە، کە لە شار بوونی نییەو دەبێ لە بیابان‌و چۆڵەواری بیدۆزێتەوە، چونکە:

**بەجێ نایێ دەبێ ڕووکەینە سارا**

**حەقی ئادابی مەجنوونی لە شارا /٧**

ئەدەبی مەحەببەت‌و ئەدەبی بوون بە مەجنوونی عیشقی ئیلاهی، لەناو تێکەڵبوونی خەڵك لە شاردا جێبەجێ نابێ‌و دەبێ لە بیابان کە شوێنی بەجێهێنانی ئەو ئادابەیە، سرووتەکە جێبەجێ بکرێ.

### ٣-٤-١ -٣ وادی

ڕابەرانی تەسەووف، جیا لە حاڵ‌و مەقامەکان، ڕێگای گەیشتن بە خودایان لە چەند دۆڵ (وادی)یەك کورتکردۆتەوە، هەر یەکەیان وەك وێستگەیەك وان بۆ حاڵەتە دەروونی‌و ڕۆحییەکە. بۆ نموونە (عەتاری نەیشابوری)، بۆ سەر حەوت دۆڵ دابەشی دەکات، لەوانە: (دۆڵی داواکردن، عیشق‌و مەحەببەت، مەعریفە، دەست پڕی‌و هەبوون (الاستغناء)، یەکتاپەرستی (توحید)، سەرسامی، هەژاری‌و فەنا)[١]. هەریەك لەم وادییانە جۆرێك ئەرك دەخاتە سەر ئەستۆی سۆفی، بە واتایەکی تر لە هەر یەکێك لەمانە، سۆفی جۆرە هەڵس‌وکەوتێك دەکات. وادی مەحەببەت، یان وادی عیشق، دووەم جۆری وادییەو (ئەوەی پێیدا تێپەڕێت، لەناو ئاگرو سوتاندا دەڕوات، کوفرو ئیمانی ڕووکەشیانەی لا وەك یەکەو نایانناسێ، هەروەك خێرو خراپەی لەبەردەم یەکسانە، عەقڵ دەستەوەستانە لەهەمبەر ئەم وادی عیشقەو ناتوانێ بیدۆزێتەوە. عیشق لەسەر ڕێبوار دەکاتە ئەرك کە هەرچی کاری سەختە دەبێ بیکاو بیکاتە فیدای مەعشووق، بۆیە دەبێ واز لە هەموو خاوەندارییەك بهێنێ‌و لێرەدا عیشق‌و بێ دەرەتانی‌و هەژاری هاوشانن، بۆیە عاشق ڕۆحی خۆی دەبەخشێتە مەعشووق)[٢]:

**دل چوە وادیی مەحەببەت ، هەرچی دی هەر کوشتە ، یا**

**نیوە کوژراوە، لە سەر لێو ئاه و نالەی {وا أسف} /١٧٦**

مەحوی زۆر هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵ دەقئاوێزاندا کردووەو وەك خۆی‌و پڕ بە زانیاری بنەماکەی گواستۆتەوە، کە پێی وایە لەناو وادی مەحەببەت‌و عیشقدا، کوشتن‌و نیوەکوژراو وەك وەڵامێك بۆ فەرمانی مەعشووق برەوی زۆرە، بەڵام داخ‌و هەناسە هەڵکێشانی مەحوی (ڕێبوار) بۆ ئەوەیە، کە بۆچی مەعشووق فەرمانی ئەوە نادا، کە تەواو بکوژرێ، یان بۆچی مەعشووق بە تەواوی عاشق ناکوژێت؟ بەو

---

١- منطق الطير، لفريدالدين عطار النيشابوری، الدكتور بديع محمد جمعة، ص١٠٩

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣

واتایەی خۆشەویستییەکی لە رادەبەدەر بۆ ئەوە هەیە ئەرکەکانی ئەم وادییە جێبەجێ بکات*. لەلایەکی تر بە روانینێکی سۆفییانە وادیو سەحرا لەیەك نزیکدەبنەوە، بەوەی هەردووکیان درکەن لە ڕێڕەوێکی دژوارو ترسناك، کە ڕێبواران پێیدا تێدەپەڕن[1]. بۆیە ئێمە پێمان وایە مەحوی کاتێك بادیەی عیشقی بەکارهێناوە، لە رووی خەسڵەتەوە بادیەو وادی لەیەکەوە نزیکن‌و ئەوەی کە پەیوەندییەکەی بەهێزتر کردووە، بریتتیە لە وشەی عیشق، کە دەگونجێ هەمان وادی عیشقەکەی مەبەست بووبێ:

دەزانم بادیەی عیشقە خەتەرناك

کەچی هەرچووم، ئەگەر مام‌و ئەگەرچووم /٢٢٥

لێرەدا وادی مەحەببەت‌و وادی عیشق یەك چوارچێوەیان هەیەو لە رووی ترسناکی جۆری چوونەکەو ناوی بادیەو وادییەکە هاوبەشن.

مەحوی لە دیوانەکەیدا ناوی شوێنێکی دیکە دەهێنێت، ئەویش وادی جەفا، یان وادیی شپرزەبوون‌و سەر لێشێوان، ئەمەش وەك دەقئاوێزانێك لە بنەمایەکی سۆفیگەری وەرگیراوەو شەشەمین جۆری وادییەو تێیدا (ڕێبوار تووشی ئازارو ناخۆشییەکی زۆر دەبێت‌و هەمیشە لە غەم‌و نیگەرانیدا دەبێت، سات دوای سات باری ناخۆشتر دەبێت‌و لەو کەشەدا نازانێ ئەو بوونی هەیە یان نا، دیارە یان پەنهان، ئاوێتەی عەشق بووەو ناشزانێ کێ مەعشووقەکەیە)[2] :

کێوی غەم، وادیی جەفا، طەی کردنە ئەشراطی عیشق

باکی هەورازو نشێوت کەی دەبێ گەر رەهرەوی /٣١٧

مەحوی ئەوە بە مەرج دادەنێ بۆ عیشق، کە کێوی خەفەت‌و دۆڵی نارەحەتی‌و ئازار ببڕێ، بۆ ئەوەی هەموو وادییەکان ببڕێت‌و لە کۆتا وادیدا، کە وادی هەژاریو فەنایە، بگاتە حاڵەتی فەنابوون، بۆیە هەر لەکۆتایی ئەم غەزەلەدا ئەم راستییە دەدرکێنێت‌و دوا وادی نیشان دەدات:

(مەحویا)! هەر ئەشك‌و ئاهی تۆ لە جێ جوێ بوونەوەت

چوونە بەر بادی فەنایە، دەرکەوی یا سەرکەوی /٣١٩

### ٣-٤-٢ ئەندامە شوێن

ئەندامە شوێن، وەك جۆرێك لە جۆرەکانی شوێن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، بەو پێیەی لە رووبەری بچوکی خۆیاندا شوێنن لەسەر جەستەو رووبەرێکی بچوکیان گرتووە، لەو سۆنگەیەوە زۆرترین جار دەکەونە بەر تیری چاوی شاعیرو لەلایەك دەبێتە کەرەستەی دەقئاوێزان‌و لەلایەکی تر بە دەقئاوێزانەوە بەرەو رووی تەئویل دەچن، بەهۆی ئەوەی وەك دوێندراو (المخاطب) حسێبی بۆ دەکرێ‌و لە چوارچێوەی غەزەلی عوزریو سۆفییانەدا خۆی بەرجەستە دەکات. وێڕای ئەوەی خودی وشەکە، کە لە چوارچێوەی

---

* ئێمە پێمان وایە، مامۆستایانی مودەریس لێکدانەوەکەیان تەئویلیانە نەبووەو رەچاوی بنەمای دەقئاوێزانیان نەکردووە، بۆیە نەیانپێکاوەو وایان لێکداوەتەوە، کە دڵ رۆیشتە وڵاتی خۆشەویستی، لە راستیدا وادی لێرەدا بۆتە زاراوەیەك‌و پاچڤەکردنی بە بێ پێناسەکەی، ڕێرەوی واتاکەی دەگۆڕێت، چونکە وەك روونمان کردەوە، وادی خۆشەویستی دووەم جۆری وادییەو دڵ دەبێ هەڵسوکەوتێکی تایبەتی لەوێدا بکات، بە گوێرەی بنەما سۆفیگەرییەکە.

١- فرهنگ اصطلاحات تعبیرات عرفانی، سجادی، ص ١٧٩

٢- منطق الطیر، لفریدالدین عطار النیشابوری، ص١٠٥

ئەندامە شوێندا خۆی دەبینێتەوە، دالێکە مەدلوولی جۆراوجۆری لێ دەبێتەوەو بۆ وەرگریش ڕەهەندێکی دەروونیو مێژوویيو کۆمەڵایەتيو ئايينی دەسازێنێ، لە هەمان کاتدا کەلێنێك لەنێوان خۆیو خوێنەرەکە دروست دەکات، تا هەرچی زووە وەرگر لە چۆنیەتی چنینەکەو سیاقەکەی رابمێنێو مەدلوولەکانی بدۆزێتەوە، چونکە وەك باشلاریش* پێی وایە: (شوێنەکان بونیادێکی رووکەشیان نییە، بەڵکو ناواخنێکی شاردراوەیان هەیە، کە بە وێرانکردنی بونیادە رووکەشییەکەش ئەو هەر دەمێنێ.[1])
لەوەدا دەکرێ بە چەقی جوڵەکانی هۆشی خوێنەری حسێب بکەین، کە بەهۆی شوێنەکانەوە لەسەر رووپەڕی دەق، پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەق دەسازێنێتەوە.

ئەوەی ئاڵۆزی خستۆتە ناو هۆشی وەرگری شیعری سۆفییانە ئەوەیە، پێشبینی بەکارهێنانی ئەو ئەندامە شوێنانە ناکات، کە تاڕادەیەك لە ستراتیژییەتی شەریعەت دوورن، لەلایەکی دیکە جۆری چنینەکە، ئاڵۆزییەکی وای خستۆتەوە، بەوەی ئەوەندەی وێنە شیعرییەکە هێزی خۆی بەرجەستە دەکات، ئەوەندە واتاکەی بەرەو رووی راڤەی ئەندامە شوێنەکە ناچيو ناتواندرێ بە ئاسانی مەبەستی دەقو نووسەر شیبکرێتەوە. ئەمە بە درێژایی مێژووی سۆفیگەری، وەك بەکارهێنانی مەيو کەرەستەکانی مێینەبوون، لە شیعردا بەکارهاتوونو جۆرێك دەقئاوێزانیان دروستکردووە، کە هەر زوو هەست بەوە دەکرێ، شێوازەکە هەڵمژینی شێوازی دەقەکانی پێش خۆی پێوە دیارەو لە چوارچێوەدا هەمان چنینەو لە وردەکاریدا جۆری وێنەکە دەگۆڕێت.

لێرەدا بە کورتی واتاکانی پشت دالەکانی هەندێك لەو ئەندامە شوێنانەی شیعرەکانی مەحوی، دەخەینە روو، بەم شێوەیە:

**٣-٤-٢ -١ خاڵ :**

ئەگەر دەقئاوێزان بۆ بابەتی تر، هەڵمژینی دەقێك بێت بە تەنیا، ئەوا بۆ بابەتێکی وەك سۆفیگەری، بەخشینی ڕەهەندێکی دەلالیی تازەیە بۆ دەق، نەك هەر تەنیا ئامادەبوونی دەقەکە بێت، بەڵکو بە تەواوی سیاقەکەیەوە کردەکە تەواو دەکاتو بە بەراورد لەگەڵ جۆری دەقئاوێزانی تر، ستراتیژییەتو بنەماکانی سۆفیگەری لەگەڵ خۆی بۆ خوێنەر دەهێنێت، بەمەش هەگبەکە دەوڵەمەندتر دەبێت. زۆر جارانیش بە رووکەش بابەتەکە بۆ شاعیرانی تر دەگوازرێتەوە، بێ ئەوەی هەڵگری هەمان ناوەڕۆك بێت، لەوەشدا خاڵ وەك ئەندامە شوێنێك لەگەڵ ئەندامە شوێنەکانی تر، کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر خۆشەویستی عوزری هەیەو چێژێکی تایبەت بە وەرگر دەبەخشن، لەلایەك میراتە کۆنینەکە دەژیەننەوەو لەلایەکی تریش تەئویلەکە لەناو غەزەلەکە دەهێننە دی.

* باشلار Gaston Bachelard: فەیلەسوفێکی فەڕەنسابیە، لە ساڵی ١٨٨٤ لە دایك بووە. دوای تەواوکردنی خوێندن وەك فەرمانبەر لە فەرمانگەی پۆستە کاری کردووە، تا ساڵی ١٩١٣ کاتێك بەکالۆریۆسی لە زانستەکانو بیرکاری بەدەستهێنا، دوای ئەوە وەك مامۆستای فیزیا دامەزرا، پاشان دکتۆرای لە ئەدەبیات (بەشی فەلسەفە) لە سۆربۆن لە ساڵی ١٩٢٧ بەدەستهێنا. لە ساڵی ١٩٣٠ بووە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی دیژۆن، پاشان وەك مامۆستای مێژووی فەلسەفەو زانستەکان لە بەشی فەلسەفەی کۆلیژی ئەدەبیاتو زانکۆی پاریس بووە وانەبێژ، هەتا خانەنشینکردنی لە ساڵی ١٩٥٤ مایەوە. لە ساڵی ١٩٦٢ لە پاریس مردووە. بەرهەمەکانی باشلار لە بارەی دوو بابەت دەخولێنەوە، ئەوانیش تیۆری مەعریفەی زانستيو تیۆری شیکردنەوەی دەروونی. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (موسوعة الفلسفة، عبدالرحمن بدوی، ص٢٩٢)

١- بلاغة المكان، قراءة في مكانية النص الشعري، ص٢٤

مەحوی ئەو ئەندامە شوێنانە دەکاتە بابەتی دەقئاوێزان و شیعرییەتی دەق، کە پێشتر شاعیرانی سۆفی بە درێژایی مێژوو بەکاریان هێناون، لەوەشدا وێڕای بنەمای لاساییکردنەوەکە، ئەوەش دەسەلمێنن، کە دەبێ مەحوی لە مەدلوولەکان تێگەیشتبێت، بەو واتایەی مەحوی بەرجەستەکردنی ئەندامە شوێنەکانی وەك بەرجەستەیەکی واقیعی تەماشا نەکردووە، بۆیەش وێنەکان خۆماڵی نین و هەر زوو هەست دەکرێ چوارچێوەو سیاقی شیعرەکەش بنەمایەکی سۆفییانەیە. بە واتایەکی تر مەحوی ئەوەندەی بە قووڵی و سۆفییانە وەك میراتە کۆنەکە بۆ ئەندامە شوێن چووە، ئەوەندە وەك غەریزەیەك تەماشای نەکردووە، بۆیەش ژمارەی ئەندامەشوێنەکان دیاریکراو و چەسپاون.

وردبوونەوە لە ئەندامە شوێن بە روانینە سۆفیگەرییەکە لە شیعری مەحوی دا، زیاتر لە شاعیرانی فارسەوە وەرگیراوە، بەو پێیەی لای شاعیرە سۆفییەکانی ئەوێ، خاڵ بە واتای نوقتەی حەقیقی، خاڵی وەحدەت، یەکتاپەرستییە، وشەکانی فیتنەزاد، دڵروبا، دڵجو، دڵفریب، مشکین، عەنبەرین، بنەوشە، سیاه، گۆشەگیر، زەمینگیر، دڵارای بۆ بەکارهاتووەو ئەم خەسڵەتانە بە چەند چەمکێکی دیکە تەشبیه دەکرێن، وەك سپەند، سیاه دانە، نافەی مشك، سەنگ سیاه، سەنگ و بەردی حەرەم، حجرالاسود، شەوی تاریك، کەوکەبی ئەختەر، ستارە، نوقتەی ئینتخاب، هندو، دود، هاروت، شەبنم، بەڵای سیاو رەش،... هتد.[1]

مەحوی لە غەزەلێکدا دەڵێ:

**مەئلوفە زەوقی زاهید ئەوەندە بە تامی میسك**

**بێگانە ماوە شەممی لە نەشئەی خیتامی میسك**

**روتبەی کەماڵە رۆژە رەشی بۆ جگەر بە خوون**

**ناکامە تاکە رەش نەبووە خوونی خامی میسك**

**خەط خاڵەکانی دەوری لێوی گرتە ناو**

**ئەم عەنبەرەم نەدیوە کە بووبێ بە دامی میسك** /١٨٨

مەحوی لێرەدا هەمان دەقئاوێزانی سۆفییانەی لە شیعرییەتی ئەندامەشوێن بەکاربردووە، کە ئەگەر خوێنەر زانیاری لەوبارەوە نەبێت، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ واتای تەواوی لێ هەڵبکرێنێ، چونکە میسك و عەنبەرو خوێنی جەرگ و دڵ و خاڵ، لەگەڵ یەکتر بە هاوشانی بەکاردێن و دەیەوێ پێمان بڵێ: دەرکەوتنی خاڵی راستەقینەی مەعنەوی، بەو واتایەیە، کە نیشانەی گەیشتنە بە حەقیقەتی راستەقینە، کە خۆی لە خوێنی جەرگ و دڵ دەبینێتەوە. بە واتایەکی تر (ئەسڵی دڵی مرۆڤ، ئەو دڵۆپە خوێنە رەشەیە، کە بە هۆی زوڵمەت و تاریکایی رەش بووە، رەنگدانەوەی ئەم رەشییە، لە خاڵی رەشی روخسار دەردەکەوێت، کە خاڵی ناسنامەی نەمانی شعورو ئیدراکە، سەرچاوەی هەبوونی ژیانی هەموو هەبووەکان ئەم خاڵەیە وەك سەرچاوەی ژیان و کەماڵی مرۆڤ و خاڵە رەشەکە، لەناو دەروونیدا شاردراوەیە).[2]

---

١- بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (نگاهی بە خال هندویی حافظ، دکتر محمد کاظم کهدویی، مجلەء دانشکدە ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران. www.Sid.ir

٢- مفاتیح الاعجاز، شرح گلشن راز، ص٥٠١

مەحوی پێی وایە، بەناو زاهید نەگەیشتۆتە ئەو پلەیەو هۆگری بە پیشەکەی گرتووەو لە رووکەشدا زاهیدەو لە ناواخندا جگەری بە خوێن نەبووە، تا لە خاڵی رەشیدا رەنگ بداتەوە. بۆیە خاڵ هیچ پەیوەندییەکی بە مێینەو روخساری مرۆڤەوە نییەو رەنگدانەوەی ناخێکە بۆ دۆزینەوەی خاڵی وەحدەت. وەك لە شوێنی تریشدا دەڵێ:

**لەب شەکەر تاکەی لە حەسرەت خاڵی موشکینت دڵم**

**داغدارو خەستە بێ وەك لامو ئەلفو لام و هێ** /٣٢٣

لێرەشدا خاڵی موشکینەکە، رەنگدانەوەی ئەو بارە دەروونییە کە داغداریو خەستەکەیە، وای کردووە، خاڵەکە خۆی بە موشکینی دەربخات. یان:

**دولبەرو بێدادو ناز، عاشقو دادی نیاز**

**خاڵە، بە روومەت درا، داغە نرایە جگەر** /٣٣٨

یان:

**وتم ئەو خاڵە چ بوو هەر کەرەتێکت دەرخست**

**وتی: داغێ بوو بە جەرگو دڵی مەحوی ما نا** /٣٥

مەحوی لە غەزەلی سەر کە جۆشێکی نەبی، لە دێرێکدا زولفو خاڵی بەیەکەوە هێناوە، بەلاّم لێرەدا خاڵەکە هەوڵدانە بۆ سازکردنی دەروونێکی سۆفییانە، کە خۆی لە داغکردنی سینەو پێ بەسەرنانو سوتانو عیشقی حەقیقی... هتد، دەبینێتەوە، کە ئەمانەش هەبوون، رووکار هیچ نرخێکی نییە، پێچەوانەی ئەوانەی بە دوای جوانی روخسارەوەن، کە خاڵو زوڵفیش لایەنێکی ئەو جوانییەنو مەحوی باکی بە هەبوونیان نییە، بەهۆی هەبوونی دەروونو ناواخنەکە، کە لەم شیعرەدا زیاتر وەك خۆیان بەکارهاتوون، نەك تەئویلی تری بۆ بشێ[*]:

**پڕ بە زنجیری شێتی داغی سەودا پڕ بە سەر**

**سەیری حاڵی خۆمە، سەیری زوڵفو خاڵم بۆ چییە** /٢٩٣

مەحوی لە شوێنی تردا، وەك شاعیرانی فارس دەربڕینی خاڵی هیندوو دەهێنێتەوە:

**قبوڵم کەی ئەگەر، لوطفێکی زۆرە**

**بە کەمتر هیندوێکی خاڵی هیندوت.** /٨١

خاڵی هیندوو لە بنەڕەتدا بۆیە پاڵدراوەتە لای هیندییەکان، چونکە ئەوان کاتێك بەیانیان لەسەر کارەوە بۆ پەرستگاکانی خۆیان دەچن، لەناو پەرستگاکەدا، چەند بتێك داندراونو کاتێك زیارەتی هەموو بتەکانیان کرد لەناوەڕاستدا هەویرێك لە شێوەی رەنگێکی سوور داندراوەو دەبێ هەر کەسەو بە دەستی خۆی نیشانەیەك لەسەر رووی بنەخشێنێ، نیشانە بۆ ئەوەیە، کە هەتا ئێوارە بەندایەتییەکەی هەر دەمێنێو بۆ رۆژی دواتریش هەمان کار دوپات دەکاتەوە[١]. ئەم چوارچێوە گشتییەی بەندایەتی بۆ

---

[*] د. ئەحمەدی مەلا لە تێزی دکتۆراکەیدا، کەوتۆتە هەڵە بەوەی لە باسی خاڵدا تەنیا لە تەجەللای یەك-ی دا کورت کردۆتەوە، بێ ئەوەی رەچاوی سیاقی دەقەکان بکات، کە ئێمە پێمان وایە، مەحوی سووتانو داغی جگەری هەروا بە هەرەمەکی لە تەك خاڵ نەهێناوە.

١- نگاهی به خال هندویی حافظ، دکتر محمد کاظم کهدویی، مجلهء دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران. www.Sid.ir

ئەدەبیاتی سۆفییانەش گواستراوەتەوە، بەوەی مەحوی پێی وایە، کەمتر لە شێوەی خاڵی هیندوو، ئەگەر بەندایەتی دەست بکەوێت، ئەوا هەر دەستەوەستان نابێتو بەندایەتی خۆی پێ تازە دەکاتەوە. لەوەشدا نیشانەکانی قبوڵم کەی، لوتفی زۆر، بەندایەتییەکە پشتڕاست دەکەنەوە.

مەحوی ئەوەندە کاریگەرە بە نوقتەو خاڵی بەندایەتییەکە، غەزەلێکی حەوت بەیتی بە پاش سەروای وشەی (میسك) نووسیوە، کە مەبەست لێی خاڵە. هەتا گرنگییەکە زیاتر لە دیوانی مەحوی بۆ ئەم وشەیە بدۆزرێتەوە، زیاتر پابەندبوونی مەحوییە بە دەقئاوێزانو چنینەکەی بە شێوەیەکە، کە لە خزمەتی تەئویلدا بێت.*

### ٣-٤-٢-٢ خەتو روومەت:

ئەم دوو ئەندامە شوێنەش نزیکییەکی زۆریان لەگەڵ خاڵ هەیەو بە زۆری لە سیاقی بەیتێك، یان غەزەلێکدا لەگەڵ خاڵ دێنو بە هەمان شێوە وەك رەمزێکی سۆفییانە خۆیان نیشان دەدەن. وێڕای ئەوەش لەنێوخۆیاندا خەت لەگەڵ روومەت یەکتری تەواو دەکەنو وەك شوێنو شوێنگر وانو هەردووکیشیان لە یەك کاتدا ئەندامەشوێنیشن. ئەم ئەندامە شوێنانە تەواو وابەستەی بنەمای دەقئاوێزانن، بەوەی هەڵمژینی بنەماکانی سۆفیگەرییەو دووبارە سازاندنەوەیەتی لە چوارچێوەی غەزەلێکدا.

روومەت، روخ، کوڵم، بە بۆچوونی شەبستەری، ئاماژەیە بە زاتی خودا، دەرکەوتنی، واتە دەرکەوتنی ناوو سیفاتەکانی ئەو، هەروەها دەرکەوتنی جوانییەکانی خوداییشە، حوسنو جوانی خوداش ئاماژەیە بۆ کۆکراوەی ناوو سیفاتی خودا، کە بەرجەستەبوونی کەماڵە[١]. مەحوی هەمان بنەمای پەیڕەو کردووەو لەناو جۆرەکانی کوڵمدا، بە تەنیا، یان جۆرێکی تایبەتیشی باس کردووە. بۆ وێنە:

وەکو شەو راکشا بەسەر مەهی روخساریا خەتی
گیرا ئەم ئافتابە کە قەت بەرنەبێتەوە /٢٨٧

لێرەدا (خەت نەفسو دڵی ئادەمیزادەو دەرکەوتووە)[٢]، بە بەڵگەی ئەوەی بە شەو چوێندراوەو روناکیو وەحدەتو خۆری شاردۆتەوەو نەفسەکە نەفسێکی زیندوی مرۆڤەو هەمیشە لە ململانێ دایەو بە دەرکەوتنی، وەك سێبەرو هەتاوو روناکیو تاریکی بە یەکەوە نایەن.

لە شوێنێکی تردا مەحوی، جۆرێکی خەت باس دەکات، کە خەتی سەبزە، خەتی مەحبووبیش ئاماژەیە بۆ جیهانی رۆحو سەرچاوەی زاتە، ئەم سەرچاوەیە ئەگەر سەوز بوو، بەو واتایە لە گەشەو حاڵەتی نەشئەو پێگەیشتن دایەو سەوزیش لەگەڵ نەمریی (خضر) نزیکیی هەیە، کە ئەویش لە سەوزاییو گەشەییەوە هاتووە[٣]:

---

* لە تەواوی شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، سێزدە جار وشەی خاڵ بە جۆراوجۆری لەگەڵ وشەی تر هاتوون، لەبەر قەبارەی لێکۆڵینەوەکە نەتوانرا قسە لەبارەی هەموو دێرەکان بکرێت.

١- مفاتیح الاعجاز، شرح گلشن راز، ص٤٩٤

٢- سەرچاوەی پێشوو،ل٥٠١

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٦

**تا لە دەوری لێوی ئاڵی خەطی سەبزی بوو عەیان**

**عاشقانی جوملە وەك بەنگی دەبینم گێژو وێژ /١٤٢**

بۆیە خەت ئەگەر بە سەوزی دەرکەوت، حاڵەتەکە هێندە دەگمەنە، هەموو عاشقان لەکاتی دەرکەوتنی ئەم رۆحە نەمرە، بە هیوای ئەوەن تروسکایی، یان رەنگو بۆنو تامەکەیان دەستگیر بێت، بۆیە لە خۆشییان مەستو گێژ دەبنو ئاگاداری مومکینات نابنو نزیکدەبنەوە لە حاڵەتی فەنابوون. وێڕای ئەمە لە دیمەنێکی تردا، مەحوی ئەم خەتە سەبزە بە رۆح وەردەگرێتو لە سەری بەناو زاهید جیای دەکاتەوە، بەوەی ئەگەر بەناو زاهیدێك ئەم جۆرە خەتەی لە روخساردا هەبێ، جۆری خەتەکە دوور دەگرێو لەشی خۆیشی بە تیری برژانگی یار بێژراوەو ئەنجن بە ئەنجن بووە، بۆیە هەر کاتێك لەش بە بارە رۆحییەکەیەوە ئەنجن ئەنجن بوو، ئەوا بۆی هەیە بە خەتی سەبز ئاشنا بێت:

**بە کوڵمی ئاڵیا ئالا خەتی سەبز**

**ترنجی کەوتە بەر پەنجەی ترنجۆك /١٩١**

یان:

**خەط، خاڵەکانی دەوروبەری لێوی گرتەناو**

**ئەم عەنبەرەم نەدیوە، کە بووبێ بە دامی میسك / ١٨٨**

عەنبەرو میسك، وەك ئاماژەیەکی سۆفییانە بە زۆری لەگەڵ خەتو خاڵو لێو دێنو بەیەکەوە چوارچێوەیەکی سۆفییانە پێك دێنن، بەوەی کە خەت وەك زاراوە، (پەیوەندی بە مرۆڤی کامڵەوە هەیە، کە ئیبن عەرەبی بۆ یەکەم جاری لێی دواوەو مەبەست لە مرۆڤی کامڵیش حەقیقەتی موحەممەدییە، مرۆڤی کامڵ دابڕێکە لەنێوان حەقو جیهانیداو هەروەها کۆکەرەوەشە بۆ خەڵكو حەقو خەتێکی دابڕە لەنێوان سێبەرو رۆژ)[1]. لێرەشدا خەت، کە حەقیقەتی مرۆڤی کامڵەکەیە، هەموو پلەکانی کەماڵی لەخۆیدا بەرجەستە کردووەو ئەوانەی بەرەو حەقیقەت دەڕۆن، دەبێ وەك خەت هەموو خاڵەکان، کە رەمزی وەحدەتن لەخۆیاندا بەرجەستە بکەنو خەتەکە خاڵەکان بشارێتەوەو بەرەو حەقیقەتی بەقا بڕوات.

هەبوونی خەتەکە دەبێتە جێگای شانازی بۆ هەموو ئەوانەی، کە شانازی بینینیان بەردەکەوێت. مەحوی ئاشنابوون بە خەتی بە سەرکەوتنو مایەی بەختیاری حسێب کردووەو ئەم بەختەوەرییەش بەر هەموو کەس ناکەوێت:

**خەتی پشتی لەبی دی، بوومە چار ئەبڕۆ وتی، وتمان**

**کە هەر کەس بەختیارە ئیختیاری چار یاری کرد /١١٠**

هەموو خەتەکانیش لە هزری مەحویدا، قۆناغی بەر لە بوونە بە خاڵی مەعنەوی، لە دێری پێشووتردا ئەمە روون دەبێتەوە، کە خەتو عەنبەر نابنە میسكو خاڵ، کە مەحوی پێی خۆشە ئەو ئاواتەی بێتە دی، بەڵام نەهاتۆتە دی، بەوەی وردەخاڵەکانی لەخۆگرتووە، بەڵام نەبووە بە دامی میسکی راستەقینە، کە وەحدەتە مەعنەوییەکەیە.

**کە لێوی خوێنمی نۆشی، شەوی خەت گرتی دەوری ئەو**

**بە قوربانی خوێنێکم کەوا رۆیی بەسەریا شەو /٢٦٠**

---

[1]- فەرهەنگی سۆفییانەی دیوانی جزیریو مەحوی، ل١٣٠

بەلای مەحوییەوە، هیچ قوربانیو خوێن لێهاتنێك ئەگەر بە نیشانەیەك وەڵام نەدرێتەوە، بەهایەکی نییە. بەو واتایەی دەبێ بەندە لە بەندایەتییەکەیدا وەك جۆرێك لە کەرامەت هەست بە شیرینایەتییەکەی پەرستشی بکات، بۆ ئەو خوێنە کە ڕەمزی پەرستشو خەباتکردنە، بەوە پێی دەگاتە لوتکە، کاتێك خەت بە هەمو مەدلوولەکانییەوە دەوری بگرێتو بەم داپۆشینەی بەختەوەرییەکە مسۆگەر دەکات.

مەحوی ئەم ڕاستییانەی سەرەوە پشت ڕاست دەکاتەوە، بەوەی مادەم ڕوومەت ئاماژەیە بە زاتی خوا، زاتی خواش ناشێ بە بێ سیفات خۆی دەربخات، جوانترینی سیفاتی ئەو زاتەش بریتییە لە وەحدەت، کە خۆی لەناو بۆتەی ڕەمزی (خاڵ) دا دەبینێتەوە، لە بەرامبەریشدا جگەریش لە خەسڵەتی داغ پێوەنانەوە خۆی ئاشکرا دەکات. بۆیە هاتنی خاڵ لەسەر ڕوومەت ئەم تەئویلەی سەرەوە لەخۆیدا هەڵدەگرێ، کە مەحوی وەها چنیویەتی:

**دولبەرو بێدادو ناز، عاشقو دادی نیاز**

**خاڵە، بە ڕوومەت درا، داغە نرایە جگەر** /٣٣٨

هەر لەبەر ئەوەشە ڕوومەت کاتێك وەك شوێنگرێك بۆ مرۆڤێك دێتەوە وەك شوێن، واتە ڕوومەت بەشێکە لە گشت جەستەی مرۆڤێك، مرۆڤەکەش کاتێك مێینەی بدرێتە پاڵ، ئەوەندەی دیکە واتای ڕوومەت لە تەئویلەکەیەوە دوورتر دەکەوێتەوەو خوێنەر پێشبینی ئەو تەئویلە ناکات، ئەگەر شارەزای بنەماکانی تەئویلی سۆفییانە نەبێ. بۆ نموونە:

**ئەلبەتە مەجنوونی ڕۆژی ڕوومەتی لەیلایەکە**

**موتتەصیل شامو سەحەر، کەوتۆتە ئەم شاخانە ڕۆژ** /١٣٨

شەو بە هەموو بنەماکانی تەئویلییەوە بە گوێرەی سیاقی دەقەکە، عاشقو شێتی ڕوومەتە، ڕوومەتی لەیلایەك کە لە ڕۆژەوە نزیکە، بۆ تێکەڵبوونو یەکێتی بوون، دەبێ خۆی تێکەڵی ئەو بکات، لەو کاتەدا شەو خۆی لەناو ڕۆژدا دەتوێنێتەوە، ئەمەش نیشانەی دڵی کەمەندکێشکراوە بۆ دۆزینەوەی زاتی وەحدەت، کە بە ڕوومەت خۆی نیشانداوە.

### ٣-٤-٢-٣ زوڵفو پەرچەم :

زوڵفو پەرچەم، دوو ئەندامەشوێنن، لەسەر پێکهاتەی (سەر)ی مرۆڤ، خۆخزاندنی ئەم دووانە بۆ ڕوومەتو ڕوخسار، واتاو مەدلوولی جیاواز دەخاتەوە، بەو پێیەی ئەمانەش وەك ئەندامە شوێنەکانی تر خۆیان وەك ڕەمزێك دەناسێننو بە گوێرەی سیاقی شیعرەکەو چۆنیەتی مەزراندنیو جۆری دەقئاوێزانەکە، زەمینەی لێکدانەوەو هێرمینۆتیك خۆشتر دەکەنو بە هەموویان چنینی دەق بەهێزتر دەکەن.

لە لێکدانەوەو تەئویلکردنی ئەم دوو وشەیە لە شیعری مەحوی، ناکرێ بە تەنیا یەك ڕوانینی سۆفییانە وەربگرینو پێمان وابێت، مەحوی وەك ڕەمزێکی سۆفیگەرییانە بەکاری هێناوەو هەموو زوڵفەکان بە یەك ڕوانین بپێوین، چونکە بە ڕامانمان لە سیاقی ئەو دەقانەی کە ئەم وشانەیان تێدا هاتووە، دەردەکەوێت مەحوی زۆر بە قووڵی شارەزای بنەما سۆفیگەرییەکان بووەو زۆرترین وێنەی لە چوارچێوەی دەقئاوێزانی ئەم دوو ئەندامە شوێنە سازاندووە.

دەتوانین بە گوێرەی دیارخەرو دیارخراوەکانو یان چۆنیەتی ریزبوونی وشەی زوڵف لەگەڵ هاوتاکانیان، چۆنیەتی چنینەکە دەستنیشان بکەینو لە هەریەکێکیشیاندا بنەمای رەمزەکە شیبکەینەوەو هەنگاوەکانی تەئویلکردنەکە بەم شێوەیە ریز بکەین*:

یەك: سەری زوڵف:

سەری زوڵفو لابردنی بەو واتایەیە کە جوانیو جەماڵی وەحدەت لە ژێر پێچەو نیقابەکەدا زیاد ببێت، بە دەرکەوتنی جۆرەکانی تەجەللای وەحدەت بەرەو رووی هەموو ئەوانەی لە کاتی سلوكو وەرزشی رۆحین، خۆی دەنوێنێتو سەری زولفەکە غەمو ناخۆشییە، بەڵام لاکەوتنو جیابوونەوەی سەرەکە لە لاشە، لە دوای خۆی خۆشیو شادی دەهێنێتو نوورو رۆشنایی دەردەکەوێت.[1]

مەحوی ئەم بنەمایەی هەرس کردووەو سەری زوڵفی بە تەنیا بە مەترسیو ژەهر داناوە:

**دڵی سوتا بە حاڵی زاری تیفڵی دڵمو چاری کرد**

**سەری زوڵفی لە دەم نا، زەهری ماری پڕ بە زاری کرد /١٠٨**

ئەم روانینە لای وەرگری ئاسایی چاوەڕوان نەکراوە، چونکە زوڵف ئەندامە شوێنێکی هەستیارەو چ شاعیرانو چ دڵداران بۆ گەیشتن بە زوڵفی دڵبەرەکانیان بە ئاواتن، بەڵام مەحوی وێڕای دەقئاوێزانییەکە لە وەرگرتنی بیرۆکەکە، تایبەتمەندییەکی دیکە دەسازێنێت، ئەویش وێنەیەکی تایبەتە کە شیعرییەت بە دەقئاوێزانەکە دەبەخشێت، بەوەی زوڵف بە مار دەچوێنێو چونکە سەری زوڵف لە بنەمای سۆفیگەریدا بێزراوە، بۆیە جارێکی تر مەعقولییەتێك بە وێنەکە دەدات، بەوەی ئەوەی ئەم سەری زوڵفە بخاتە ناو دەم، وەك ئەوە وایە ژەهری ماری خواردبێتەوە.

دوو: کوفری زوڵف:

لە روی سیمیۆلۆجییەوە هەندێ جار دالو مەدلوول بنەمایەکی زمانییان نییەو شاعیر بە چنینەکەی جۆرێك لادانی سازاندووە، بەوەی زۆر جار دالەکە شەرعییەو مەدلوول ناشەرعییە، یان بە پێچەوانەوەو یان هەردووکیان شەرعین، یان ناشەرعین. لێرەشدا وەرگر هۆشی بەسەر هەردوو وشەی زوڵفو کوفر دەسەنگرێتەوەو بە هیچ کلۆجێك چاوەڕێی ئەوە ناکات، زوڵف وەك ئەندامە شوێنێك کوفری لێوە بەرهەم بێت:

**زاهید ئەوزوڵفەی لەسەر روو دی وتی**

**کوفری وا رووپۆشی ئەم ئیمانە بۆچ! /٩٧**

یان:

**بنازم من بە کوفری زوڵفی تۆ ئەی ئافەتی ئیسلام**

**کە ئەستۆبەندی جیزییەی خستە مل ئیمانی خاصو عام /٢١٥**

زوڵف رێگرێکە لەبەردەم ئەوەی دڵدار رۆشناییو ئیمان ببینێت، بە واتایەکی تر زوڵف رەمزی تاریکیو بێ ئیمانییە، بۆیە (دڵی عاشقی شەیدا، لەبەر زوڵفی مەعشووق بێ قەرارو شپرزەیە، چونکە

---

* لە تەواوی شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، سیو سێ (٣٣) جار وشەی زوڵف بە شێوەی جۆراوجۆر هاتووە، لەبەر هەڵکەوتەی تێزەکە، تەنیا نموونە جیاوازەکان وەردەگرین.

١- مفاتیح الاعجاز، شرح گلشن راز، ص٤٩٠

دڵەکە لە شەوقی ئەو پڕ لە ئاگرەو زوڵفیش، کە نیشانەی کەثرەتو زۆرییەو قەدەغەی بینینی جەمالو جوانییەکە دەکات)[1]. مەحویش لە سیاقی ئەم غەزەلەدا قسەی لەسەر ئەوەیە، کە دوڵبەر بە رووکەش دڵدار نەکوژێ، بەڵکو بە ناواخنو باتین کارەکە ئەنجام بداتو رەشیو تاریکیو کوفری زوڵف ناهێڵێ بە دیداری رۆشنایی ئیمان شاد بێت.

سێ: بۆنی زوڵف

شیعرییەتی شوێن هەر تەنیا بە بەرجەستەکردنی شوێنەکە نایەتە دی، وادەبێ ئەندامە شوێنەکە خەسڵەتێکی بدرێتە پاڵ، کە خەسڵەتی ماددیانەی چەمکەکە نەبێت، بەڵکو یەکێك لە هەستەکان بەشداری پێ بکرێ، بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجڕاکێش بێتو زۆرتر وەرگر بۆ لای خۆی کەمەندکێش پێ بکات. هەستی بۆنکردنیش سروشتەکەی وایە، ئەگەر بە باسکردنیش بێت، وەرگر دەخاتە بارێکەوە، وەك ئەوەی خۆی بەشدار بێت لە بۆنکردنی زوڵفەکە، ئەمە ئەگەر هیچ جۆرە نائاسایببوونێك لە نێوان دیارخەرو دیارخراوەکە دروست نەبێت، بەڵام لە بنەما سۆفیگەرییەکەدا سازاندنی وێنەیەکی تایبەتەو گواستنەوەی خەسڵەتێکی دڵدارانەیە بۆ خەسڵەتێکی راستەقینەی ئیلاهییانە:

**هەتا تۆ چوویە گوڵشەن، گوڵ بە بێنی میسکی زوڵفت کەوت**
**کەوا ئەو رەنگە خۆشەی سیسو هەم بێنی بووە ضایع** /١٦٥

یان:

**(مەحوی) ئەمڕۆ زۆر نەخۆشە قەت شیفای نابێ بە هیچ**
**گەر شیفای بێ بە بۆیی زوڵفو ئەو ئەگریجە دێ** /٣٢٤

تایبەتکردنی بۆنی زوڵف، لەناو بۆنی ئەندامە شوێنەکانی تر، دەقئاوێزانێکی سۆفیگەرییانەیە، بەوەی ئەمجارە راشکاوانەتر رایدەگەیەنێت، کە ئەم بۆنە ئیتر بۆنی زوڵفی مرۆڤ نییە، بەڵکو بۆنی پەروەردگارو دروستکەرێکی مرۆڤە، لە سۆنگەی ئەوەی (بۆنی خۆشی زوڵف لە زنجیرەی ناوو خەسڵەتەکانی خوا (الاسماء والصفات)یە، بەهۆی ئەم بۆنەوە مرۆڤ دەکەوێتە بارێکی تەجەللاوە، چونکە خودا خۆی ئادەمی لەسەر وێنەی خۆی دروست کردووە)[2]. هێنانی میسکیش وەك تایبەتمەندی بۆنی زوڵفەکە، نیشانەی ئەم راستییە سەرەوەیەو ئەو نەخۆشییە باتینیەی شاعیر تووشی بووە، چارەسەرەکەی ئاسانەو بە بۆنی میسك ئاسای ئەو زوڵفە دێ، کە تەجەللاو دەرکەوتنی حەقیقەتی ئیلاهییە.

چوار: ئاڵۆزانی زوڵف

ئەگەر پێچاو پێچیو ئاڵۆزانی زوڵف، لە رووکەشدا جۆرە جوانییەك ببەخشێ، ئەوا ئەم جوانییە رووکەشە جوانییەکی باتینی لەپشتەو بنەمایەکی سۆفییانە تەئویلێکی بۆ دەسازێنێ، بەوەی ئەمجارە زوڵف بە بارە نەرێنییەکەی تەماشا ناکرێ، بەڵکو جۆرە ململانێیەك لەگەڵ لێو دێنێتە ئاراوە، لەوەشدا زوڵف گلەیی لە شاعیر دەکاتو بەوە قایل نییە، کە بە بۆنێکی دونیایی بچوێندرێ، بۆیە لە داخان لولو ئاڵۆز دەبێ. ئەمە ئەگەرچی سازاندنی وێنەیەکی خەیاڵییە، بەڵام دەرخەری ئەو راستییەیە، کە زوڵف

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٣

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٢

چەمكێكی ئاسمانیی ئیلاهییەو بە هیچ كلۆجێك نابێ لەگەڵ چەمكە دونیاییەكان تێكەڵ بكرێو خەسڵەتی ئەوێی بدرێتە پاڵ:

**عەنبەری سارا وتم زوڵفی، نەباتی میصری لێو**

**زوڵفی ئاڵۆزا، وتی لێوی كە ناوی من نەبات** /٥٩

پێنج: دڵو ئەشكەنجەی زوڵف

هێنانەوەی دڵ بۆ تەنیشت ئەندامەشوێنێك، هەر تەنیا دەلالەتێكی سیمانتیكییانە نییە، كە وێنەیەكی خەیاڵی بسازێو چیتر نا، بەڵكو دڵ چەقی مرۆڤەو لە سۆفیگەریدا بایەخی لە رادەبەدەری پێدراوە، هەر كاتێك پەیوەندی لەگەڵ هەر ئەندامەشوێنێكی تر ببەستێ، ئەویش دەخاتە بارێكی گرنگی پێدانەوە. لەوبارەوە زوڵف نوێنەری دڵەو هەر كاتێك دڵ لە بارێكی ناجێگیر دابووو نەیتوانی بە مەعشووقەكەی بگات، ئەوا راستەوخۆ كاردەكاتە سەر زوڵفو تووشی ئازارو ئەشكەنجەی دەكات:

**دڵ گلەو شەكوەی لە ئەشكەنجەی عەزابی زوڵفی یار**

**كردو ئەو فەرمووی ئەدی زنجیری زاڵم بۆ چییە** /٢٩٤

یان:

**ئەسیری زوڵفە دل ئەی بازی غەمزە غیرەتێ حەیفە**

**زەلیل ئەم عەندەلیبە كەوتووە بەر دەستی قەل، چارێ!** /٢٩٩

بە واتایەكی تر، ئەوە زوڵفە عەزابی دڵ دەداتو وەك پەردەیەك وایەو ناهێڵێ دڵ بە دیداری مەعشووق شاد بێت، بۆیە وەك دیلو ئەسیرێك وایەو ناتوانێ چەشنی باڵندەو بولبولێكیش بخوێنێو گوزارشت لە ناڵینو ئازارەكەی بكات، چونكە دوژمنێكی هەیە، خستوویەتیە داوو قەفەسێك، ئەویش زولفە. شاعیر لێرە زولفو قەلی بەیەكچواندووە، لە ڕەشی داو دڵو عەندەلیبیشی لە یەك خانە داناوە، كە جگە لەوەی شیعرییەتێكی بەهێزی وێنەی سازاندووە، لە هەمان كاتدا شەرعییەتێكیشی بە چنینەكە داوە، كە زوڵف هەمان زوڵفی راستەقینە نییە، بەڵكو كوفرو تاریكاییو پەردەو رێگرێكەو ناهێڵێ بە رۆشنایی بگات.

شەش: زوڵفو خاڵ

هاتنی زوڵفو خاڵ بەیەكەوەو سازاندنی وێنەیەكی هاوبەش، لە سەر یەك ئەندامە شوێندا، دەقئاوێزانی بیرۆكە سۆفیگەرییەكەی بەهێزتر كردووە، لێ ئەوەی جێگای سەرنجە، مەحوی بە رووكەش سوورە لەسەر ئەوەی زوڵف بە گیایەكی بۆنخۆش بچوێنێو بیكاتە نۆكەرو پاسەوانی خاڵ. لەوەشدا بنەماكەی سۆفیگەری دێتە دی، كە خاڵ وەك وەحدەتی سەرەكی دەبینێو زوڵف دەكاتەوە بەربەست بۆ ئەوەی نهێنیو گەوهەری ئەم وەحدەتە بشارێتەوە:

**زوڵفی بە دەوری خاڵەكەیا دی، هەموو دەمێ**

**مەحوی ببینە عەنبەری سارا غوڵامی میسك** /١٩٠

**حەوت: رووناكی ژێر زوڵف**

دەگونجێ هێنانەوەی ئەم ئەندامە شوێنانەش دەرخستنی هەمان حەقیقەتی شەوو رۆژو سێبەرو هەتاو...هتد بێت، بەوەی هەمیشە گوتاری سۆفیگەری دەیەوێت وێنەیەك بسازێنێ، لەپشت ئەم وێنەیەدا گەوهەرەكان بە درەنگەوە خۆیان نیشان بدەن. پێكهاتەی زوڵف كەشێكی لەبار فەراهەم دەكات، بەوەی لە رووی رەنگی رەشەوە، لە شەو نزیك دەبێتەوەو هەمیشە شەو دێتو ئەنجا لە دوای شەو، رۆشنایی خۆر دەردەكەوێت، نەك بە پێچەوانەوە. ئەمە لە قورئانیشدا هەستی پێدەكرێ. ئەگەر تێبینی قورئانی پیرۆز بكرێ، سوڕەتێك بەناوی (الليل) هەیەو تێیدا خەسڵەتی شەو بە كاری رانەبردوو دێتو خەسڵەتی رۆژیش بە كاری رابردوو دێت، بەو واتایەیە، كە لە ناو چوارچێوەی شەودا، كتو پڕ خۆر هەڵدێ، بەڵام بە پێچەوانەوە كتو پڕ شەو نایەت*. مەحوی ئەم راستییەی لە دەقی تردا دووپاتكردۆتەوە:

**شەو هەموو شەو چاوەڕێیە رۆژ هەڵێ، هەر رۆژ هەڵات**

**مەحوە سەرتاپا لەبەر پێیا فیداكارانە شەو** /٢٥٨

ئەم وێنەیە كاتێك دەخرێتە چوارچێوەی زوڵفەوە، مەحوی وای نیشان دەدات، لەژێر تاریكی زوڵفدا گزنگو رۆشنایی خۆر خۆی شاردۆتەوە:

**بە (والفجر)ی رووناكی بن چینی زوڵف**

**كە فەجرێكە صادیق، بە بێ كیزبو خولف**

**بە (والشمس)ی پڕ نووری روخساری یار**

**بە (والليل)ی خاڵو خەطی موشكبار** /٤١٥

یان:

**بناگۆشی لە چینی زوڵفیا دەركەوتبوو، دەت وت**

**ئەمە بازی سپیی صوبحە، چووە بن باڵی زاغی شام** /٢١٧

لە ژێر شەودا رۆشنایی خۆر خۆی شاردۆتەوەو لەژێر تاریكیو رەشی زوڵفیشدا، گزنگو رۆشنایی باوەڕو ئیمانو تەجەللای ئیلاهی خۆی حەشارداوەو (لەكاتی دەركەوتنی زوڵفدا، نووری وەحدەت خۆی دەشارێتەوەو لەكاتی نەمانی زوڵفدا، نوورەكە دەردەكەوێت، صوبحو شامیش دركەیە لە دەركەوتنو ونبوون)[1].

**٣-٤-٢-٣-١ پەرچەمو كاكۆڵ**

هەرچی پەرچەمو كاكۆڵن، هەریەكەیان سێ جار لە شیعرە كوردییەكانی مەحوی هاتوون، بە هەمان شێوەی زوڵف، بنەمایەكی سۆفیگەرییان لەخۆگرتووەو دەشێ باری كێشو سەرواو هەمەجۆری بەكارهێنانی وشە، وای كردبێ لە جیاتی زوڵف ئەم دوو وشەیەش بەكاربرێت:

**لە چینی پەرچەما نووری جەبینی دی وتی زاهید**

**كە سووتا دامی تەزویرم بە نووری دامی تەنویرت** /٦٧

---

* بۆ نموونە: ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ ۝١﴾ الليل: ١ يَغۡشَىٰ كارێكی رانەبردووە، لە دوای ئەو راستەوخۆ هاتووە: ﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ۝٢﴾ الليل: ٢ تَجَلَّىٰ كارێكی رابردووە، بەو واتایەیە شەو بەردەوامی هەیە، هەروەها پێش رۆژ هاتووە، پاشان رۆژ رۆشنایی خۆی دەهێنێ.

١- سەرچاوەی پێشوو، لا٤٩١

ئەمەش هەمان دوالیزمی نوورو تاریکییەکەیە، ئەمجارە نوورو رۆشناییەکە هێندە بەهێزە لە جیاتی بەخشینی رەحمەتو بەزەییو ئیمان بە وەرگر، ئاگرو سوتان رەوان دەکا، چونکە وەرگرەکە بەناو زاهیدێکە، کە بە پەرچەمو رووکەشی بڕوای کردووەو نەیزانیوە لە ژێرەوە ئەم نوورە هەموو داوە تەزویرەکانو نەفسە پڕ لە فڕو فێڵەکان دەسووتێنێ.

لەلایەکی تر، ساقی کە رابەر، خودا، پێغەمبەرە، یان ئامرازی بەرهەمهێنانی عیشقی راستەقینەیە، پەرچەمەکەی لایەنە رووکەشییەکە نییە، بەڵکو مەحوی بە پەسنەوە باسی دەکات:

**ساقی! ئەی مایەی طەرەب لەب، پەرچەمت رەیحانی رووح**

**نیم خەندێ کە لە غونچە، دەرخە سەرچاوەی صەبووح** /١٠١

یان:

**بە شێوەی شکلی شیرینی، وەکو کاکۆڵی موشکینی**

**پشێوی کردووە ئەحوالی (مەحوی)دەربەدەر لە نوێ** /٣١٦

لە کۆی ئەم نموونانەی سەرەوە لەبارەی زوڵفو کاکۆڵو پەرچەم، کە چەند وێنەیەك بوون لە کۆی هەموو ئەو وێنانەی مەحوی هێناونی، دەردەکەوێت، بە هیچ شێوەیەك ئەم وشانە بۆ واتای فەرهەنگی خۆیان بەکارنەهاتوونو شارەزایی لە بنەما سۆفیگەرییەکانو رەچاوکردنی سیاقی غەزەلەکان، یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی تەئویلێك بۆ چنینەکە بکرێو سەرچاوەی دەقئاوێزانەکەی پێوە بزاندرێو بەمجۆرە دەقەکان شەرعییەتی زیاتری لێکدانەوەو هێرمینۆتیك لەخۆدەگرن.

### ٣-٤-٢-٤ لێوو چاو

لێو (لەب)و کە لەگەڵ زاردا دوو ئەندامە شوێنی بەیەکەوە بەستراون، هەستیارترینو وروژێنەرترین ئەندامە شوێنە لەنێو ئەندامەکانی تری لاشە، کە مەحوی لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناون. هەستیارییەکەشی لەوەدایە، کە خوێنەر پێشبینی هاتنی ناکات، بەتایبەتی کاتێك زانیارییەکی وای لەسەر شاعیر هەیە، بەوەی مەحوی کەسێکی سۆفیو دیندارەو ناشێ رەمزێکی غەزلیو دڵدارییانەی زەمینی لەناو بۆتەی شیعرێکی سۆفییانە خۆی بەرجەستە بکات. لەلایەکی تر، جۆری هەستیارییەکە بە لای وەرگریش ئەوەیە، وەرگر دەخاتە حالەتێکی سۆزداریو رەنگدانەوەکەی بە گوێرەی چنینی نێو دەقەکە دەبێ، کە لەو رووەشدا وەك چۆن شاعیر هەڵوەدایە بۆ گەیشتن بە لێو، هەمان وێنە بۆ لای وەرگریش دەگوازرێتەوە.

لێکدانەوەی واتای ئەم دوو ئەندامە شوێنە بە بێ گەڕانەوە بۆ بنەمای سۆفییانە، هیچ تەئویلێك لە خۆیدا هەڵناگرێ، بەو واتایەی ئەم دوو وشەیە بەهۆی بنەما سۆفیگەرییەکەیەوە بە واتای تر ئاوس بوونە، ئەگەرنا دالێکنو لە مەدلوولێك زیاتر هیچ واتای تری لێ بار نەکراوە. بەڵام لەنێو ئەو ئەندامە شوێنانەی، کە سۆفیگەری بایەخی پێداوە، لێو بە هاوسێیەتی لەگەڵ چاو چنینێکی واتایی لەخۆیدا بەرجەستە دەکاتو وەك کەرەستەیەکی تەئویل ستراتیژییەتی دەقەکە بەرو ئاراستەیەکی دیکە دەبات.

لێوو چاو لە هەندێك خەسڵەتدا هاوبەشن، بەوەی هەردووکیان لەلایەن سۆفی/ شاعیرەوە دەبنە هۆکارێك بۆ پەیوەندی بەستن لەنێوان عاشقو مەعشووق، ئەم پەیوەندی بەستنەش لە کاردانەوەکانی هەردوو ئەندامە شوێن خۆی دەنوێنێ، هەتا کاردانەوەکە کاریگەرتر بێ، پەیوەندییەکە بەتینتر دەبێ.

سەرچاوەی پەیوەندییەکەش گەیشتنە بە عیشقی راستەقینە، ئەم عیشقەش لەناو بۆتەی ئەندامە شوێنێکی وەك لێودا، لەناو سۆفییاندا (لێو ئاماژەیە بە نفسی رەحمانی‌و، نیشاندانی نیستی ئیمکانە لە داپۆشینی وجوبی وجووددا)[1]، بەوەی مرۆڤ خۆی لە عەدەمی ئیمکاندایەو کاتێك هەست بە نەفسی رەحمانی خودا دەکا، کە "واجب الوجوود"ە، ئەوسا لە رێگای ئاماژەی لێوەوە ئەم پلەیە دێتە بەرهەم. مەحوی ئەو راستییە پشت راست دەکاتەوە:

**با وجوودی لێوی شەککەرباری تۆ**

**بێ وجوودە نەشئە بەخشینی شەڕاب**

**بەیتی زاتی تۆ لە دیوانی وجوود**

**مۆری حەق کردە بە نوقطەی ئینتیخاب** /٤٤

یان:

**یەعنی کە زیکری ظاهیرم‌و فیکری باطینم**

**هەر وەصفی لێوتە، بە هەموو دەم، بە هەر زوبان** /٢٣٩

هەبوونی مەحوی لە دونیای مومکیناتدا، چ لە رووکاردا و چ لە ناواخندا، هەر هەڵوەدابوونە بەرەو لێوچوون، چونکە لە لێودا وجوودی راستەقینە دەبینێ‌و ئەوکاتەی پێی دەگات، ئەنجا هەست بە بوونی خۆی دەکات. بە واتایەکی تر، شاعیر لەناو سیاقی فەنابوونیشدا، کە لەو مەقامەدا عەدەمی ئیمکان کۆتایی پێ دێ‌و بەقای راستەقینە دەست پێدەکات، دیسان لێو دەکاتەوە نێوەندێك بۆ گەشتکردنەکە لە فەناوە بۆ بەقا:

**موشتاقی دەمی تیغت ئەوەندە بە بەهانەن**

**بۆ چوونە فەنا، هەر بە ئیشارێکی برۆ چوون**

**خەندێکی لە غونچەی دەمی تۆ دی کە لە باغا**

**هەر لەو دەمەوە لێوو دەمی غونچە لەگۆ چوون** /٢٤٥

پەیوەندی رۆحیش بە ئەندامە شوێنی لێو، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە رۆح بەهۆی لێوەوە ئامادەی دەرچوونە بەرەو بەقا، واتە گیانکێشان بە ئامرازی دیکە نایەتە دی، بەڵکو بە نیشاندانی نەفسی رەحمانی، کە خۆی لە لێو دەبینێتەوە. بۆیە مەحوی پێی وایە:

**کە بێ لێوی لەسەر لێوم بنێ رۆحم لەسەر لێوە**

**کە لێوی لابەرێ، ئەڵبەتە رۆحم دەردەچێ پێوە** /٢٩٠

واتە نیشاندانی وجوبی وجوودەکە لەوەدایە، کە کارلێکی نێوان هەردوو لێوەکان روویدات، ونبوونی لە جیهانی مومکیناتیشدا کە دونیایە، رۆح لەگەڵ خۆی دەبات بەرەو جیهانی راستەقینە. ئەم چنینە هێندە بە غەزەلیانەو پڕ کاریگەرییانە چنراوە، وەرگر هەست بە شێوازێکی خۆشەویستی جەستەیی دەکات، بەڵام بەهۆی بنەما سۆفیگەرییەکەوە ستراتیژییەتەکە دەگۆڕێ.

هەرچی پەیوەندی بە لێوو چاو هەیە لەنێو شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، پەیڕەوکردنی هەمان بنەماکانی سۆفیگەرییە، بەوەی هەردووکیان لە سیاقێکدا دێن‌و پەیوەندییەکی توندو تۆڵیان بەیەکەوە

---

١- مفاتیح الاعجاز، شرح گلشن راز، ص٤٧٩

دەبێت، بەتایبەتی تریش لەوەدا، کە چاو بە یەکێك لە خەسڵەتەکان خۆی پێناس دەکات، بەمەش کاریگەرییەکەی زۆرتر دەبێت. بۆ نموونە:

**دڵم ئەمشەو نەخۆشی نیسبەتی چاوێکی بیمارە**

**جگەر غەڵتانی خوێنی حەسرەتی لێوێکی خونخوارە** /٤٦١

هاتنی چاوی بیمار لەگەڵ لێوێکی خونخوار، ئاماژەیەکی روونە بۆ لێکدانەوەیەکی تایبەت، بەوەی بیماری لە دووریو فیراقو بینینی جەماڵی جانان، عاشق دڵی سوتاوەو لێویش بەخششێکی نیستییە لەژێر بونێکی واجب الوجود دا[١]. بەم جۆرە هاتنی هەردووکیان بنەمایەکی قووڵتری هەیە وەك لەوەی بە ئاساییو تەنیا بە ئەندامە شوێن سەیری بکرێ:

**لە غەمزەی چاوت ئەبرۆ داگرەو بەس**

**مەکە بۆ قەتلی عاشق رەنگە بازووت**

**نەخۆشی عیشقی لێوت وەصیەتی کرد**

**بتاشن داری عوننابی بە تابووت** /٨١

دەبینین بەیەکەوە لە دوو دێردا چاوو لێو گرێدراونو یەك ستراتیژییەتیان بۆ پرسی عیشقی راستەقینە هەیە. یان:

**لە چاوم خوێنی جاری کردو هەم رەنگی لە روو بردم**

**ئەم ئاشووبی دڵو دینە بە لێوی ئاڵو چاوی کاڵ** /٢٠٢

لێوی ئاڵو چاوی کاڵ، هەردووکیان کاریگەرییەکەیان هێندە زۆرە، کە شاعیر گیرۆدەیان بووەو لێو بۆتە هۆی برینداری چاوو چاویش بۆتە هۆی برینداری لێو، کەواتە هەردووکیان پەیوەندییەکی قووڵیان بەیەکەوە هەیە، بەڵام جۆری تەئویلەکە شیعرییەتی ئەم پەیوەندییە دەدۆزێتەوە:

**ئاوی عەینم روضابە چونکە نەما**

**(ان عینی تسکبان دما)**

**نەشئە بەخشێکە لێوی مەیگونت**

**هەر بە ناوی مەسیحای خستە سەما** /٣٢٥

لێرەدا مەحوی قسە لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) دەکات، بێ ئەوەی ناوی بهێنێ، لەناو هەموو ئەندامەکانی جەستەی، تەنیا ناوی لێو دەهێنێ، لەوەدا وێڕای قسە لێوەدەرچوونی، بەڵام چونکە حەقیقەتی موحەممەدییەکە هێندە لای مەحوی بەرزە، لێوەکە بێ ئەوەی قسەشی لێوە دەربچێ، بەڵام بەهۆی مەی رەنگییەکەوە، کە مەی شەڕابی خۆشەویستی خوداییەو پێغەمبەریش (د.خ) هێندە بەناو ئەم شەڕابی خۆشەویستییەوە رۆچووە، بە لێوەکانیەوە دیارەو خەسڵەتی نەشئەبەخشینی پێوەیەو نەك هەر مرۆڤی ئاسایی، بەڵکو پێغەمبەرێکی وەك عیساش (س) لە خۆشییاندا بۆ ئاسمان فڕی، هەموو ئەمەی کە کاریگەرییەکەی دروست کردووەو وەرگر لە واتای راستەوخۆ دوور دەخاتەوە، بریتییە لە هێنانی ئەندامە شوێنی لێو، کە لەسەرەوەدا ئاماژە بە مەدلوولەکانی دراوەو هەموو ئەمانە وێڕای بنەما سیمیۆلۆجییەکە دەبنە کەرەستەی تەئویلی سۆفییانەش.

---

١- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

وادەبێ لێو وێڕای نیشاندانی هەستیاریو ورووژاندنەکە، بەڵام عەدەمو وجوودیشی تێدا دەسەنگرێتەوە، لێرەدا هێندەی لێو گرنگی خۆی هەیە، ئەوەندە زمان ئەو گرنگییەی نییە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە وجوبی وجوود دەتوانێ خۆی بڕیاری ژیانو مردنی ئەوانی تر دیاری بکات:

**قسەی مایەی خرۆشی (نشأتین)ـە**

**دوو عالەم نەشئە جۆشا، لەبیە مەنشەء** /٤٠

هەردوو جیهانی مردنو ژین، یان عەدەمو وجوود، پەیوەستکراوە بە لێو، لێویش وەك ئەندامە شوێنێك دەلالەت نییە لەگەڵ لێوی ڕاستەقینە، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەندامە شوێنەوە تەئویلی جیاواز لەخۆیدا هەڵدەگرێ.

لەبی لەعل، دەربڕینێکە لە شیعری سۆفییانە زۆر بەکاردێ، پتەوبوونەکەی بەهۆی دانەپاڵی خەسڵەتی (لەعل)ـە، بە جۆرێك (لەبی لەعل کە مەبەستی نەفسی ڕەحمانییە، حەقیقەتی بوون ئاشکرا دەکاتو بە وێنەی هەموو شتەکان تەجەللا دەکاتو لەم تەجەللابوونەشدا نیستی لەناو بووندا خۆی دادەپۆشێت) [١]، بەم شێوەیە هەرچی کەمو کوڕییە لەناو بۆتەی وجوودی ڕاستەقینەدا دەتوانێ خۆی بگەیەنێتە پلەی کەماڵ، جا بریندار یان نەخۆش....هتد، دەتوانێ بە خەسڵەتی لەعلی لەبەکە دۆخەکە ڕاست بکاتەوە، ئەگەرچی چاو بە پێچەوانەوە لەکاتی کارکردنی دۆخەکە بە ئاراستەیەکی تر دەبات، لەوەدا کە (دڵ گرفتاری غەمو فیراقە، بەڵام بەهۆی کاریگەری لێو، شیفا بۆ دڵو ڕۆح دێتو لە نەخۆشیو دەردی دووری ڕزگار دەبێو شەربەتی گەیشتن "ویصال" دەنۆشێو لە نەخۆشیدا ساغ دەبێتەوە، بۆیە هەرچەندە لێو لە پلەی شەربەتی ویصالە، بەڵام چاو ئەندامە شوێنی مەستیو فیراقو جیابوونەوەیە) [٢]:

**لەبی لەعلی شیفابەخشی برینی دڵ دەکا مەرهەم**

**ئیشارەی چاوی دەکولێنێتەوە، داغی جگەر لە نوێ*** /٣١٦

---

١- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٠

* شەبستەری لە گولشەنی رازدا، وێنەی سەرنجراکێشی لەبارەی لێوو چاو چنیوە، دەشێ مەحوی زۆرترین کاریگەری شەبستەری لەم چنینەدا لەسەر بێ. بۆ نموونە:

ز چشم او همه دلها جگرخوار          لب لعلش شفای جان بیمار

ز چشم اوست دلها مستو مخمور     ز لعل اوست جانها جمله مستور

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە، مفاتیح الاعجاز، ل٤٧٨- ٤٨٦

## تەوەرەی دووەم

## ٣-٥ لۆجيك* و سەرچاوەكانی كەرەستەی هێرمینۆتیك لای مەحوی

### ٣-٥-١ دەق لە نێوان لۆجيكو هێرمینۆتیكا دا

بەو پێیەی لۆجيك كە زانستێكە دەربارەی یاساو رێسای شێوەی بیركردنەوەوە هەبووەو** پاشان گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لەناو زانستەكانی ترەوە خۆی بەرجەستە كردووە، بە جۆرێك كەم زانست هەبووە ئەگەر بە پێوەری لۆجيك نەپێورابن، یان لە چاوی لۆجيكەوە سەیری نەكرابێ. لێرەدا ئەوەی مەبەستە ئەوەیە، دەق وەك بوونێكی بەرجەستە چ لە ڕووكارو چ لە ناوەڕۆكدا، بە بێ ڕوانینی لۆجيكیانە ناكرێ مەبەستەكانی ئاشكرا بكرێ، بەو پێیەی ئەگەر ((لۆجيك زانستی گەڕان بەدوای ئەو زانیارییە وێناكردنانەو بەڕاستدانانە بێت، كە تێیدا بۆ ئەوە بێ، نادیارەكان لە وێناكردنو بە راستداناندا بەرجەستەبكات)).[١] لەوەشدا دەق لە مەسەلەی یەكلاییكردنەوەی مەبەستی نووسەر دەچێتە ناو چوارچێوەی لۆجيكەوە، چونكە ئاشكراكردنی كاكڵەو ناوەڕۆكی هەر دەقێكو مەبەستە شاراوەكانی، لە خوێنەرێك بۆ خوێنەرێكی تر جیاوازە. باشترین پێوەریش، كە لە ڕاستی نزیك بێتەوە كاركردنە بە بنەماكانی لۆجيك، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت پێوانەكە بە لایەكدا قورستر بێتو ئەو لایەشی لە راستی مەبەست نزیك بێت.

خاڵی هەرە جەوهەری هێرمینۆتیكاش، گەیشتنە بەم گەنگەشەیە، سەرەتا تەنیا لێدوان لەم گەنگەشەیەو تەتەڵەكردنی بۆ خۆی جۆرێكە لە ڕاڤە. ئەم ڕاڤەیەش، هەنگاوێكی دیكە دەق بەرەو كرانەوە دەبات. بەتایبەتیش ئەم جۆرە ڕاڤانە ئەگەر بە پێوەری لۆجيكی بپێورێن، چ جای ئەوەی ڕاڤەكان لەسەر دەقی ئەدەبی بن، كە زیاتر پێویستی بەوەیە نامەعقولییەكانی مەعقول بكرێن، ئەم مەعقولییەتەش، لە چوارچێوەی ئەوەدا بێت، كە زەینو عەقڵ قبووڵی بكات. هەوڵدانی هێرمینۆتیكاش لەو ڕوانگەیەوە، كە تەنیا دەرخەری ئەو مەعقولییەتو نامەعقولییەتە بێت، كە لای خوێنەر یان بوونی نییە، یان تێكەڵ كراوە، ئەمیش گەرەكیەتی لێكدانەوەیەكی تری بۆ بكات.

چۆنیەتی پەیوەندی لۆجيك بە هێرمینۆتیكاش، دەشێ لەم تەوەرانە خۆی بەرجەستە بكات:-

١- لۆجيك بنەمای نووسینە، نووسەر پشتی پێ دەبەستێ:

ئەگەر بە ڕێبازی بونیادگەری مردنی نووسەر ڕابگەیەندرێت، بەم شێوەیە بە هێڵە گشتییەكانی چۆنیەتی نووسینی دەقێكدا شۆڕببینەوە، ئەوا لە پشت نووسینی دەقەكەوە بنەمایەكی نووسین هەیە، كە

---

* لۆجيك راستترە لە لۆژیك. لۆژیك بە هەڵە لە زمانی كوردیدا بەكاردێت. دەكرێ بە لۆگیكیش بخوێندرێتەوە، چونكە لە بنەڕەتدا لە ئینگلیزی Logicو لە فەڕەنسیشدا Logiqueو لە یۆنانیشدا logikeـە.

** ئیساغۆجی كۆنترین كتێبی زانستی ژیربێژی (لۆجيك- المنطق)ەو بۆ گریكەكان دەگەڕێتەوە. وەك وشەكە ((ئیساغۆجی، واژەیەكی یۆنانییەو مەبەست لێی پێنج كولییاتەكەیە (الكليات الخمس: ڕەگەزو جۆرو بەشو تایبەتو گشت). پێكهاتووە لە واژەكانی ئیس، أغو، اجی، یەكەم بە واتای تۆ، دووەم بە واتای من، سێیەمیش بە واتای پاشان دێت. بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەوە بڕوانە كتێبی: حاشية محی الدين علی شرح ایساغوجی لحسمكاتی، تألیف محی الدین الطالشی، دار النوور الصباح، سوریا، الطبعة الاولی،٢٠١٢

١- حاشية شيخ الاسلام ابراهيم الباجوری علی متن السلم المرونق في علم المنطق، بتحقيق: د. محمد احمد احمد روتان، دار السلام، الطبعة الاولی، القاهرة، ٢٠١١، ص٥٥

دەقەکەی لەسەر داڕێژراوە، ئەمەش دەبێتەوە کەرەستە بۆ مەسەلەی هێرمینۆتیکا، چونکە ئەگەر (لۆجیك پێوەرێك بێت، دروستیو نادروستیو بیری پێ بناسرێتەوەو زانیارییە نادیارەکان رێکبخاتەوە)،[1] ئەوا هەموو ئەو زانیارییانەی، کە نووسەر/ شاعیر پێشکەشی دەکات لەناو دەقەکەیدا، دەشێ سەرەتا:

أ: بە لای خودی نووسەرەکە، بە شێوازێك بیانهێنێتەوە، کە گەنگەشە بە لای دروستو نادروستییەوە دروست بکات، نووسەر بۆ لاسەنگ نەبوونی خودی دەقەکە، پەنا بۆ لۆجیك دەباتو دەقەکەی لەسەر بنیاد دەنێت.

ب: بە لای خوێنەریشەوە، بە بێ بوونی لۆجیك، نادیارەکان کەشف ناکرێتو روبەڕووی گەنگەشەی دروستو نادروست دەبێتەوە. لەم خاڵەدا ئەوەندەی سوودی بۆ راڤەکەر (المؤول) هەیە، ئەوەندە بۆ نووسەری دەق نییە، چونکە وەرگر (المتلقی) لۆجیك دەکاتە پێوەرو بە زوویی بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ دەق نادات. بە هەمان شێوە هێرمینۆتیکاش لەناو دەقەکەدا ئەرکێکی نزیك لەمە دەبینێت.

٢- لۆجیك بنەمای سازاندنی شیعرییەتی دەقەو، هێرمینۆتیکاش چۆنیەتی خستنەڕووی تێگەیشتنەکەیە لەم شیعرییەتەدا. بنەمای نووسینی هەر دەقێکی ئەدەبی خەستی زمانەکەیەتی، ئەم خەستییە ئەگەر هەر ناوێکی لێ بنرێ، لە دواسنووریدا لەگەڵ لۆجیك تێکدەکەنەوەو پێیەوە پشت ئەستور دەبێت، چونکە بەکارهێنانی هەر وشەیەك، کە لە لۆجیکدا لە چوارچێوەی جیاوازەوە سەیری بکرێتو لقو پۆپی جۆراو جۆری لێ بکرێتەوە، ئەوا بە سروشتی خۆی دەقەکە بەهێز دەکاتو جۆرێك شیعرییەتی پێ دەبەخشێ. ئەمە دەمانباتەوە سەرو حەدی ئەوەی بڵێین: بەهێزبوونی شیعرییەتەکە لە رەچاوکردنی نووسەر، بۆ لۆجیكو پشت پێ بەستنیەتیو پاشان کاری هێرمینۆتیکیش راڤەو چۆنیەتی تێگەیشتنەکە دەخاتە ڕوو و کامەیان لە راستی نزیك بێت ئەو هەڵدەبژێرێ، ئەمەش پرەنسیپی لۆجیکە. بۆنموونە:

چییە دونیا ژنێکە هەر شەوێ سك پڕ بە صەد فیتنە

سبەینێ هەر زوو بە خوێنی جەرگی ئەهلی دڵ دەکا بێزوو /٢٥٥

خودی بەکارهێنانی ژن، لە لایەك لۆجیك دەیخاتە ژێر پرسیارو لێکدانەوەی لۆجیکیانەی بۆ دەکرێت. بەهەمان شێوەش هێرمینۆتیکا دەیخاتە بەر نەشتەری ئەوەی چ مەدلوولێکی لە خودی وشەکەدا لێ هەڵدەکرێندرێ؟ بە جۆرێك پرسی ئەوە بهێنێتە گۆڕێ، کە بۆچی ئەم وشەیەی بەکارهێناوەو لێکچواندنەکە لۆجیك قبوڵی دەکات یان نا؟ ئەمانە سەرەتا قسەی لێوە دەکرێ، ئەنجا تەئویل واتایەکی دیکەی بۆ دەسازێنێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، لەناو بنەما لۆجیکییەکانیشدا، وشەو دەربڕین کەرەستەی سەرەکین، بۆیە هەموو ئەو وشانەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان سیمیۆلۆجیا کاریان لەسەر دەکات، لە هەمان کاتیشدا دەبنەوە کەرەستە بۆ لۆجیك، چونکە (لۆجیك بە یەکێك لە سەرچاوەکانی سیمیۆلۆجیای نوێ دادەنرێ... چارلز

---

١- الملتقطة في المنطق، العالم الفاضل الملا عثمان دارقتەئی، عنی بتصحیحە ماموستا ملا جعفر پروینی، دار الکردستان، سنندج، ١٣٨٥هـ.ش، ص٨

ساندرس بیرس* ، كه دامەزرێنەری سیمیۆتیكا بووه، له هەمان كاتدا زانایەكی لۆجیكیش بووه)[1]. كەواته هەوڵدان بۆ تێكەڵكردنی لۆجیكو سیمیۆلۆجیا بۆ خزمەتكردنی چوارچێوەی هێرمینۆتیك، كارێكه له یەك كاتدا هەردووكیان به یەكەوه هەوڵێكن بۆ راڤەو لێكدانەوەی تەئویلیانه.

یەكێك لەو كاره هاوبەشانەش ئەوەیە، وشه دەبێ به فلتەری لۆجیكدا بڕوات، تا كارێكی دروستی لێكدانەوەی بۆ بكرێ. لەوەشدا حەقیقەت دێته كایەوه، كه كۆكەرەوەی ئامانجی هەموو چەمكەكانە. گرنگیدانیش به لۆجیك، یارمەتیدەره بۆ گەڕانەوەی بنجو بنەوانی وشه له رووی زمانییەوەو پاشان وەرگرتنی سیاقێكی گونجاو، تا دەق له چەقبەستوویی رزگار بكات.

روانینی (چۆمسكی* ) بۆ هێرمینۆتیكا (به واتا تەكنیكییەكەی)، كتو مت به تیۆری (كین) پەیوەستە، بەو پێیەی ئەم تیۆره بڕوای وایە، هێرمینۆتیك وەرگێڕانی زمانه به شێوەو سروشتییەكەی بۆ زمانێكی تر. ئەم دەستنیشانكردنه چەمكێكی دەلالی به هێرمینۆتیك دەبەخشێ، بەڵام به واتایەكی لۆجیكی بۆ وشه، (كه خۆی له بەهای حەقیقەت بەرجەسته بكات). ئەگەر بۆ نموونه پرسیارێكی كلاسیكی دونیلان (١٩٦٦) بكەین، كه دەڵێ: رستەی: (بیر دەیەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ پورتوگالییەك بكات). ئەم رستەیە شیاوی لێكدانەوەو تەئویله، پورتوگالییەكه كێیە؟ ئەمه خوێندنەوەیەك، بەڵام به هێرمینۆتیكی سەرچاوەیی، به پورتوگالییەكه پەیوەست بێت، بۆ نموونه فاتیمه. لێرەوه گەڕانەوه بۆ سەرچاوەیی زۆر گرنگه، هەروەك خودی وەزیفەی هێرمینۆتیك گەڕانەوەیە بۆ بنجو بنەوانو هێڵەكانی سەرەتا. لێرەشەوه واتا سەرچاوەكه دیاردەكات، نەك به پێچەوانەوه، چونكه بیركردنەوه له رستەو واتاكەی، دواتر دەمانخاته بواری گەیشتن به سەرچاوه.[2]

وردبوونەوه له رسته لەم رێگایەوه خزمەت به بواری لۆجیك دەكات، بەڵام دەبێ له چوارچێوەی واتایەكی تەواوی رستەدا بێ، كه دواتر سەردەكێشێ بۆ دەقی تەواو، چونكه رامان له واتاو فرەواتاییو فرەخوێندنەوه بۆ تاكه رستەیەك، كردەی هێرمینۆتیك پەره پێ دەدات. له هەمان كاتیشدا تیۆرەكەی چۆمسكی له رووی شێوەو هی (كین) له رووی گەیشتن به حەقیقەتەوه، به جۆرێك له جۆرەكان خزمەت به لێكدانەوەی دەق دەكەن.

---

* چارلس ساندرس پیرسCharles Sanders Peirce (١٩١٤-): فەیلەسوفو لۆجیكناسی ئەمریكایی، دامەزرێنەری پراگماتیكه. له بارەی پرسی ژیان-ی كۆڵیوەتەوه وەك چەمكێك. هەموو بەرهەمەكانی له چەند بەرگێكدا كۆكراونەتەوه بەناوی سەرجەمی بەرهەمی پێرس. (سجن التفكيك، ص٢٨٢)

١- العلاماتية وعلم النص، (نصوص مترجمة)، اعداد وترجمة: منذر عياشي، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤ ص١٨

* ئیفرام نئوم چومسكی، له ساڵی ١٩٢٨ له ویلایەتی (فیلادلفیا)ی ئەمریكا لەدایك بووه، قۆناغی یەكەمی له زانكۆی (پەنسلڤانیا) خوێندووەو پاشان بروانامەی ماستەری له هەمان زانكۆ لەساڵی ١٩٥١ بەدەستهێناوەو لەساڵی ١٩٥٥ دكتۆراكەی له ژێر ناوی (بونیادی لۆجیكی تیۆری زمان) بوو، خاوەنی تیۆری بەرهەمهێنانو گواستنەوەیە، تا ئێستاش بەرهەمەكانی كاریگەرییان بەسەر زمانو سیاسەتدا هەیە. (تشومسكي ومدرسته اللغوية، د. خليل عمايرة، مجلة (الفيصل)، العدد (٩٦)، مارس ١٩٨٥م. ص١٠٩)

٢- مواضيع وأساليب التأويل، فرانسوا راستي، ترجمة: عبدالعلى اليزمي، مجلة علامات، العدد ١١، انترنيت، موقع سعيد بنكراد.

### ٣-٥-٢ لۆجیك وەك یەكێك لە سەرچاوەكانی كەرەستەی هێرمینۆتیك لای مەحوی

بێگومان یەكێك لەو خاڵانەی ڕێگاخۆشكەرە بۆ دۆزینەوەی تەئویل لە دەقداو پاشان سەركێشانی بۆ بەرهەمێهنانی واتا، بریتییە لە دەستنیشانكردنی سەرچاوەكانی كەرەستەكە. بەو واتایەی گەیشتن بە زانینی سەرچاوەی هاتنی وشەكەو چۆنیەتی دانانی سیاقەكە، بەشێك لە گرێو ئاڵۆزییەكانی ناو دەق دەكاتەوە، تا ئەو رادەیەی، كە لەو ڕێگایەوە سەرچاوە نەزانراوەكانی ڕۆشنبیری شاعیریش دەردەكەوێت. لە سۆنگەی ئەوەی زانینی بەشێك لە سەرچاوە مەعریفییەكانی شاعیر، بۆ خۆی بەشێكە لە كردەی تەئویلو كاروانەكە بەرەو ئاسۆیەكی دوورتر دەبات بەڕێوە، لەبەرئەوە بە گەڕانەوەمان بۆ سەرچاوە مەعریفییە كۆنەكانو زانیاری وەرگرتن لە زانستە مرۆڤایەتییەكانو لە نێویشیاندا زانستی لۆجیكو كەلامو بە لەبەرچاوگرتنی ڕوانینە سۆفییانەییەكان، سەرەتا یەكە بچوكەكانی دەق وەردەگرینو پاشان ڕەگو ڕیشەو سەرچاوەكانیو لێكدانەوەی لە چوارچێوەی سیاقە سۆفیگەرییەكەیەوە، واتاكە ڕوونتر دەكەینەوە*، بۆیە سەرچاوەكان لەم خاڵانەی خوارەوە كورت دەكەینەوە:

#### ٣-٥-٢-١ وەحدەتو كەثرەت:

هاتنی ئەم دوو زاراوەیە لەناو دەق بە گشتیو دەقێكی بە شێوە غەزەلی بەتایبەتی، وەرگر دەخاتە باری سەرسوڕمانو سەرنجەوە، چونكە لە ڕووی پێكهاتەوە نیشانەی كارامەیی شاعیرە بەوەی مەزراندنی دەق بە هەندێ زاراوەوە، كە بە تەنیا بە واتای فەرهەنگییان هیچ بەردێك ناخاتە سەر دیواری واتای دەقو خوێنەری سادە جاڕس دەكاتو ئاڵۆزییەك لەناو دەقدا دێنێتە كایەوە. ئەمە وێڕای ئاوێتەكردنی لەگەڵ دەقێك، كە سیاقەكەی غەزەلێكی دڵدارانەی ڕەهایەو لەو چوارچێوەیەدا زاراوە گەلێكی بەرجەستەكردووە، كە هەڵوەستە لەسەر كردنیان، واتای دەق ڕۆشنتر دەكەنەوە:

**غەیری وەحدەت لە وجوودا نیە كەثرەت وەهمە**

**سادە تەكراری یەكە، مەنشەئی ئەوهامی عەدەد /١١٣**

لێرەدا بەر لەوەی بگەڕێینەوە سەر سەرچاوەكان، وەك وەرگرێك ڕووبەڕووی زاراوەكانی وەحدەتو كەثرەت، وجوود وەهم، دەبینەوە. بە لێكدانەوەیەكی وشەییانە واتایەكی وا بەرهەم نایەت، كە شایانی باس بێت. جگە لەوەش خودی دێرەكە لە چێژدا كەمو كوڕی هەیە. بەو واتایەی لەبەر سەختی چەمكەكانو گرانی تێگەیشتن، چێژ درەنگ خۆی بە دەستەوە دەداتو یان هەر خۆی دەرناخات، لێ بە گەڕانەوەمان بۆ لۆجیكو ئاوێتەكردنی لەگەڵ سۆفیگەریدا، دەردەكەوێت، مەحوی بۆ گوزارشتكردن لە ستراتیژییەتو گوتارێكی سۆفییانە پشتی بە لۆجیك بەستووە، بەوەی باس لە ئاوێتەبوونی لەگەڵ یار دەكا، ئاوێتەبوونێك (وەك یەكگرتنی دەروون لەگەڵ جەستەو پەیوەندی پاشا بۆ شارێك لە بارەی بەڕێوەبردن).[١] بەڵام شێوازی گوزارشتلێكردنەكەی هاوكێشەیەكی لۆجیكییە، لەوەدا كە (یار) تاكانەیەو

---

* ئێمە تەنیا ئەو وشەو زاراوانەمان وەرگرتوون كە لە یەك كاتدا دەچنە خانەی لێكدانەوەی سیمیۆلۆجیانەو بنەمایەكی لۆجیكیشیان هەیەو وەك كەرەستەیەكی تەئویل خۆیان نیشانداوە، ئەگەرنا بە تەنیا باسكردنی بنەمای لۆجیكیانە لە شیعری مەحویدا، لێكۆڵینەوەیەكی تێرو تەسەلی گەرەكە.

١- الالطاف الالهیة شرح الدرر الجلالیة، تألیف العالم العلامة الاستاذ الملا محمد باقر المشهور ب (ملا محمد بابی گەورە)، كتبە خالد رفعت الفقیە، الجزء الاول، طبعة اسطنبول، بدون سنة الطبع، ص١٨٨

ناکرێ پەنا بۆ هیچ چەمکێکی تر ببردرێ، بەو پێیەی لە وەحدەت بترازێ هیچ شتێك لە بووندا نییە، غەیری وەحدەت، کەثرەت هەیە، بەڵام لە رەگەزی وەحدەت نییە. واتا تەنیا یەك رەگەز لە یاردا هەیە، ئەوانیتر ئەگەر خەڵکی تریش پێی وا بێت هەن، تەنیا ژماردنی ئەو یەکەیە بە زۆر ژماردن و بەوە زۆر بووە.

ئەم بۆچونەی (مەحوی) وەنەبێ تەواوی پێکابێ، چونکە چەقی گوتاری ئەو، بە پلەی یەکەم لەسەر وەحدەتەو پاشان ڕەتکردنەوەی زۆری (کەثرەت)، رەتکردنەوەکەش بە چەمکی وەهم ساغیکردۆتەوە، بەڵام چونکە وەهم لێرەدا چەقی سەرەکیی گوتارەکە نییە، بۆیە مەرج نییە لە شوێنی خۆیدا هەمان ئەو واتایەی مەحوی هەبێت. بەو پێیەی لە زانستی لۆجیکدا (هەر هەبوویەك لایەنگیری لایەکەو وەهم لە خودی خۆیدا سەر بە هەست پێکراوەکانەو... هەموو وەهمێك پووچەڵ نییە، چون هێزی وەهم حوکم دەکات، کە دوو تەن ناتوانن لە یەك شوێن بن و یەك تەن ناتوانێ لە دوو شوێن بێت و وەهمی درۆینە بەهۆی عەقڵەوە پوچەڵ دەبێ و هەست و وەهم پێش عەقڵ لە مرۆڤ دەردەکەون، کە عەقڵ دەردەکەوێ وەهم راودەنرێ)[1].

کەواتە مەبەستی کەثرەت ئاسایی نییە، بەڵکو کەثرەتێکە لە یار جودا بووبێتەوەو زیادی کردبێ، لێرەدا بەهۆی چەمکی وەهم و کەثرەتەوە بنەمای واتای وەحدەت ئاشکرا بوو، کە وەحدەتەکە بیانوو و پاساوە بۆ گوزارشتکردن لە تاکی (یار)، وێڕای ئەوەی کە وەحدەت و کەثرەت دژیەکی رەها نین، چونکە ئەوە کەم و زۆر نین، بەڵکو چەقی تاکانەیەو زیاتری لێ جوێ دەبێتەوە. لەلایەکی تر ئەگەر لەپاڵ واتا لۆجیکییەکە، واتا سۆفیگەرییەکە بخەینە روو، ئەوا زانراوە کە (وەحدەت رۆژەو کەثرەت شەوە[2])، بەمەش تاریکایی و زوڵوماتەکە پەیوەندی بە شەو هەیەو شاعیریش هەڵوەدای خۆرو تریسکاییە، کە سەرچاوەکەی وەحدەتە.

پاشان ئەم وجوودە وجوودی مومکینی دونیا نییە، چونکە لە دونیادا زۆری (کەثرەت) هەیە، نەك وەحدەت، بە واتایەکی تر ئەم دوو چەمکە بە گوێرەی زانستی لۆجیکیش، بە یەکەوە کۆناکرێنەوە، لە سۆنگەی ئەوەی پێناسەی (دژیەکیش لەبارەی دوو بوونە، کە لە نێوانیاندا جیاوازی هەبێت و لەیەك بابەتدا کۆنەبنەوە)،[3] بەڵام یەکێکیان هەندێ خەسڵەت لە خۆیدا بەرجەستە بکات. بۆ نموونە:

---

١- فرهنگ اصطلاحات منطقي، به انضمام واژەنامه فرنسی و انگلیسی، دکتر محمد خوانساری، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعت فرهنگی، چاپ دوم، تهران ١٣٧٦، ص ٢٨٧-٢٨٨

٢- فرهنگ اصطلاحات وتعبیرات عرفانی، دکتر سید جعفر سجادی، ص٣٥٢

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥-٧٦




لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، کەثرەتەکە لە وجوودی دونیادا دەشێ هەبێ، بەڵام ئەم خەسڵەتانەی، کە لە چوارچێوەی دژیەك و پارادۆکسیدا خۆیان دەبیننەوە، بە هیچ شێوەیەك لەناو وەحدەتدا جێگایان نابێتەوە، چونکە لەناو توانەوەدا لاشە نامێنێ. لە ڕاستیشدا بە هەبوونی لاشەو تەن، خەسڵەتەکان خۆیان نیشاندەدەن. بۆیەشە سیاقی شیعرەکەی مەحوی باسکردنە لە فەنابوون، ئەم فەنابوونەش کۆتایی بە هەموو تەنێك دەهێنێ و لەگەڵ وەحدەتدا یەکێتی بوون (وحدة الوجوود) فەراهەم دێنێ و لە هەرچی خەسڵەتی کەثرەتە رزگاری دەبێت.

ئەوەی خۆی لە ناو سپی و شیرینیدا یەکدەگرێتەوە و لە ڕەگەزی یەکتریش نین، بەڵام یەکتر دەگرن وەك شەکر، کە سپی یەو شیرینیشە، دەچنە چوارچێوەی گۆڕانێکی ناخودی، هەرچی گۆڕانە خودییەکەیە، کە لە بەرامبەریدا جێگای کراوەتەوە، هەر چوار پارچەکە لەیەك رەگەزیشن، دەکرێ لە یەك کاتدا باوك و کوڕ بێت لە هاوسێی و بەم شێوەیە ئەوانیتریش..

نموونەی شیعرەکەی مەحوی لە چەند رەهەندێکەوە وەك سەرچاوەیەکی تەئویلی پێکاویەتی، لەلایەك لە چوارچێوەی دەقێك هاتووە، کە بابەتەکە بابەتی فەنابوونە. لە لایەکی تر چەمکەکان بە پێی لۆجیکیش دەچنەوە چوارچێوەی فەنابوون، پاشان جۆری فەنابوونەکە هەر تەنیا خۆ نواندن نییە لە چەمکەکان، بەڵکو مەحوی لە چوارچێوەی جوانکردنی دەقی شیعریداو خۆ تواندنەوە لەناو یەکانەکی (یار) دا، بیری وەرگر بۆ کەشێکی پڕ لە چێژی دڵدارانە دەبا، کە لە راستیدا لە ستراتیژی مەحویدا، بەرەو بەقاچوونێکە لە دوای فەنابوون لەگەڵ یارێك، کە دوانەو زیاتر قبووڵ ناکات و هەر لەناو ئەو تاکەدا خۆی دەبینێتەوە. بۆیەشە کەثرەتەکە ناگونجێ، چونکە هەموو خەسڵەتەکانی، کە لە خشتەکەدا روون کراوەتەوە لە زەمیندا بوونی هەیەو لەگەڵ چەمکە ئاسمانییەکاندا پەیوەندی نابەستێ.

**٣-٥-٢-٢ زەڕڕاتی وجوود:**

**ئەگەر چی موددێکە من لە ظوڵماتی سیابەختی**

**ونە زەڕڕەی وجوودم، رۆژی روناکم شەوی تارە /٤٦٦**

دۆزینەوەی سەرچاوەکانی ئەم کەرەستەیە، دەمانباتەوە بۆ ئەو چەمکانەی، کە کەم تا زۆر پەیوەندییان بە سازاندنی هەیە، بە جۆرێك وەکو بەش لە گشت وانو بە بێ ئەوان واتای تەواوو تێگەیشتنی لێ بەرهەم نایەت، بە تایبەتی لە چەمکێکی وەهادا، کە چوارچێوەکەی فەلسەفەو سۆفیگەریی فەلسەفییە، زانستی کەلامو سۆفییە کۆنەکان بۆ پرسی حەقیقەتی مرۆڤو چۆنیەتی پێکهاتنی دەروون (نفس)ـەکەی بۆ ئەوەیان گەڕاندۆتەوە، کە (هەموو مرۆڤێك پێنج کۆڵەگەی موجەڕڕەدی هەن، کە بریتین لە رۆح و دڵو سیڕڕو خەفیو ئەخفا، هەر یەکێك لەوانە بە جەستە پەیوەستە، پەیوەستبوونەکەش وایە جەستە لە تاریکایی گوناهو بێ ئاگایی خاڵی دەکەنو نقومی دەریای یادی خودای دەکەنو هەتا وەك رۆحێکی موجەڕڕەدی لێ دێتو ئەنجا شتە نادیار (غیب) ەکان دەبینێو لەگەڵ رۆح و فریشتەکان ئەم یادە دەکەنەوەو ئەوسا خۆی دەناسێ و بەو هۆیەوەش خودا دەناسێ)[١]. ئەم پێنج کۆڵەگەیەش وەك بەشێك لە جیهانی بچوك دادەنرێن، واتە بەشێك لە مرۆڤ، بە تایبەتی قووڵبوونەوەکە هێندە رۆچۆتە خوارەوە، کە مرۆڤ بە داماڵین لە خووە پیسەکان بەرەو جیهانی گەورە، کە خودایە دەچێو جۆرێك لە فەنابوونی لێوە بەرهەم دێت، کە لە نادیار (غیبیات)ـەوە قسەی لەبارەوە دەکرێ. جا هەموو ئەم کۆڵەگانە وجوودی مرۆڤ نیشان دەدەن، بەڵام دەبێ بە پاڵفتەکراوی بێت، واتە هەریەك لەم پێنجانە پاککرابنەوە، بەم پاکبوونەوەش بەرەو وجوودی راستەقینە دەڕوات، کە لێرەدا ئەم وجوودە بۆتە کەرەستەی چنینی گوتارو ستراتیژییەتی مەحوی.

زەڕڕاتی وجوود، کە پەیوەستە بە دەروون، وای لێدێتەوە کە (هەموو ئەم پێنج موجەڕڕەداتە بە گشت زەڕڕاتی وجوودەوە پەیوەستن)،[٢] کە پەیوەستیش دەبن، واتە لەگەڵ مرۆڤ هاویەك دەبنو ئەو حەلە پێوەری دۆزینەوەکە دەچێتەوە سەر (دەروون)و چۆنیەتی گونجانو نەگونجانی لەگەڵ چەمکە مادداییەکاندا. ئەم چەمکە ماددییانەش، کە سەرچاوەی گوناهو تاوانن، ناکرێ مرۆڤ بە تەواوی لێیان دابڕێ، چونکە ئەو کاتە کۆشش (المجهادة) دروست نابێ، ئەگەر وجوودی گوناهو ماددیات نەبێ، بەهۆی ئەوەی بە خۆپاراستنو دژایەتیکردنی ماددیاتو دەروون راهێنان لە خۆدوورگرتن لێی، نزیکبوونەوە لە نزیکایەتی (قرب)ی خوا دەسازێ، ئەمەش حاڵی بڕوادارێکی تەواوو کامڵە. هەرچی گوناهبارە، کە لە شەریعەتدا وشەی (فاسق*)ی بۆ دانراوە زانایان دەڵێن (بە چڕبوونەوەی ماددیاتو موجەڕەداتی گوناه تێیدا، دوورکەوتنەوە لەو نوورە ڕوودەداتو تەنیا بەشە ئیمانییەکەی نەبێ، ئەگەرنا

---

١- حقيقة البشر، العلامة محمد باقر المشهور بالمدرس الكردستاني، دراسة وتحقيق: مسعود محمد علي فرج، مركز ثقافي پير عمر، ايران، الطبعة الاولى، ١٣٨٩هـ.ش، ص١٥١-١٥٨

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥

* فاسق لە زانستی کەلام و سۆفیگەریدا، دوای ئەوەی تاریکایی گوناه دایدەگرێ، دواتر نووری بۆ دێتو خۆشەویستی بۆ خوداو شەریعەت و ئەولیاکانی هەیە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە حقيقە البشر ل٢١٤، لێرەشدا لە تەواوی ئەم شیعرەی مەحویدا، مەحوی خۆشەویستی خۆی بۆ مەولانا نیشان دەدات، کە دەچێتە ناو چوارچێوەی خۆشەویستی فاسقێکی تۆبەکار بۆ یەکێ لە ئەولیاکانی خودا.

به هۆی گوناهەوە هەموو پارچەکانی دەروونی رەش دادەگەڕێن‌و تاریك دەبن، هەرچی بێ بڕوایە هیچ رۆشنایی تێدا نامێنێ‌و هەمووی تاریك دەبێ)[1]. ئەگەر ئێمە بە تەنیا ئەم دێرە شیعرەی مەحوی وەربگرین‌و بە سیاق‌و دێرەکانی پێشووی نەبەستینەوە، ئەوا تووشی هەڵە دەبین، ئەم زوڵمات‌و تاریکی‌و بەخت ڕەشییە بە گوتەی خۆی زەڕڕەی وجوودی ون کردووە، ئەگەر وابێ مەحوی خۆی لێرەدا بە بێ بڕوا (کافر) دادەنێ نەك فاسق، بەڵام بە وردبونەوەمان لە دێرەکە، مەحوی دەڵێ: (موددێکە)، کەواتە پێشتر لەو حاڵەدا نەبوەو هێشتا تریسکاییەکی نوورو باوەڕی لە دەرووندا ماوە.

هەروەها پێشتریش لەم شیعرەدا دەڵێ:

**نەمامی قامەتی پەروەردەی ئاوی دیدەکەی من بوو**

**کەچی گوڵچینی باغی وەصلی ئەو ئێستاکە ئەغیارە / ٤٦٣**

نەمامی باغی یار بە فرمێسکی مەحوی گەورە بووە، کەواتە پێشتر ئەو یارو لەگەڵی بووە، بەڵام بە هۆی مادده پەروەرییەوە مەحوی لێی دابڕاوەو ئەویش کۆچی کردووە، بۆیەشە مەعشووقیش حەزی کردوە هەواڵی عاشقەکەی بزانێ‌و بە نێردراوێکدا هەواڵی پرسیوە:

**کە هاتم، شۆخەکەی غارەتگەری دین‌و دڵت دەیوت:**

**بپرسە حاڵی ئەو سەودا زەدەی بەختی ئاوارە /٤٦٥**

ئەو ئەندازەیەی کە مەحوی لەو دابڕاوە، زەڕڕەی وجوودی ون بووە، بە ون بوونی زەڕڕەی وجوود، رۆشنایی‌و نوور نامێنێ، بۆیەشە رۆژی رووناکی مەحویش بۆتە شەوێکی تاریك، بەڵام بە هاتنی هەواڵی ئەوو ئەو مەعشووقەی کە ناوی (مەولانا خالیدی نەقشبەندییە) تاریکاییەکە نامێنێ‌و دەبێتە:

**لە فەیضی ناوی (مولانا ضیاء الدین)ەوە ئێستە**

**هەموو رۆژە شەوم، قەطرەی وجوودم بەحری ئەنوارە /٤٦٦**

لێرەدا دەرکەوت کە مەحوی خۆی بە (فاسق)* داناوەو هێشتا بەو ئومێدەوەیە، کە زەڕڕەی وجوودی ون نەبێت‌و دووبارە بۆی بگەڕێتەوە، کە کارکردنی هەریەکە لە پێنج کۆڵەگەکەیە بەرەو رۆشنایی‌و دوورکەوتنەوە لە تاوان. بە دەربڕینێکی تر ئەم نوورە، کە بۆ زەڕڕاتی وجوود دەگەڕێتەوە، لەناو تەسەووفدا فاسق بە گەڕانەوەی بۆ لای خوا، دەبێ بەهۆی رابەرێکەوە ئەو نوورەی بۆ بگەڕێتەوە. بە واتای ئەوەی مەحویش کە خۆی بە فاسق دادەنێ‌و لەناو گوناهدا ڕۆچووە، بەهۆی رابەری خۆی کە (مەولانا) یە، دڵ‌و سینەی لە ماددیات پاك بوویەوەو بەرەو موشاهەدەو قورب‌و پایەکانی تری جیهانی خودا (حەق) دەچێ. ئەم نوورە هێندە کاریگەرە، کە لە ڕێگای مورشید (رابەر) ەوە دێت، هەموو ئەندامەکانی لەشی دەگرێتەوەو دڵ دەبێتە موجەڕڕەد، واتە داماڵراو لە هەموو پیسی‌و گوناهێك. ئەو حەلە دەروونی مرۆڤ (هەموو زەڕڕاتەکانی وجوودی نزیك‌و دوورو جیهانی موشاهەدە دەبینێ‌و دەچێژێ‌و بۆنی دەکاو دەستی لێ دەداو دەبیستێ‌و تەعەقول دەکاو هەمووجەستە ماددییەکەی دەبێتە بینین‌و بیستن‌و دەست لێدان،

---

١- سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٥-١٦٦

* جورجانی لە (التعریفات) دا دەڵێ: فاسق کەسێکە دەبینێ‌و بڕوای هەیەو کردەوەی نییە. بڕوانە: التعریفات، السید الشریف ابی الحسن علی بن محمد بن علی الحسینی الجرجاني الحنفي، وضع حواشیه وفهارسه: محمد باسل عیون السود، منشورات محمد علی بیضون، دار الکتب العلمیة، بیروت، الطبعة الاولی، ٢٠٠٠م ص١٦٦

چەشەو بۆن و عەقڵ)[1]. بەم شێوەیە جەستەی ماددی بەهۆی تەجەللایەکەوە، گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەردا دێت، ئەم تەجەللایەش مەرج نییە بە بینینی سەر بێت، دەشێ بە یادکردنەوەو هەواڵ گەیاندن بێ، یان بە شێوەی هێنانە بەرچاوو ڕابیطەی سۆفییانە بێت و تێیدا جۆرێك لە بەیەکگەیشتنی ڕۆحی سەرهەڵدەدات و جەستە بە بێ رق لەسەر زەوی و جیهانی ماددیات دەبینێ و ڕۆح لە چەشنی دیاردەی خەوبینین دەچێتە جیهانێکی ترو بە کۆتایی هاتنی کردەکەش، کاریگەرییەکی بەهێز بە سەر کەسەکەدا جێ دەهێڵێ، هەموو کردەکەش لە پێناو ئەو ئازادییەیە، کە مرۆڤ بەم نوورە تاریکاییەکانی دەروونی روناك دەبێتەوەو هەست بە نەشئەو جۆش و خرۆش و ژیانێکی تازە دەکاتەوە. لە سەرەتاوەش بەر لەوەی ڕۆشناییەکەی بۆ بێت، شاعیر هەست بە کەموکوڕی خۆی دەکات، کەموکوڕییەکە لەوەدایە نەگەیشتۆتە پلەی کەماڵ، بە جۆرێك پێنج هەستەکانی چاوەڕێن بۆ ئەوەی کاری خۆیان بکەن:

**سەرم شێواوی شێوەی فیتنە هەڵگیرسێنی شۆخێکە**

**حەواسم تەفرەقەی عیشوەی دڵ ئاشوبێکی عەییارە** / ٤٦١

هەریەك لەو پێنج هەستانەش بێگومان لە مرۆڤی ئاسایی هەن، لێ نە بینین و نە بیستن و نە چەشتن و بۆن نەکردن و لێ نەکەوتن نابێ ئاسایی بن، بەڵکو دەبێ لە ناوەوە کاری خۆیان بکەن و مەحویش بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەم و کوڕیانە داوای ڕۆشناییەکە دەکا، کە تاریکایی گوناهو تاوان لابەرێ.

لەلایەکی تر، بوونە چەقی بابەت لەلایەن رابەرەوە، بەو واتایەی لەم دەقەدا هەموو هەوڵەکان بۆ گەیشتنە بە رابەر، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە رابەر دوا وێستگەی گەیشتنی شاعیرە بە لوتکەی خۆشەویستی، بەڵکو (مورید دەبێ لە ڕێگای رابەرەوە ڕێنمایی بۆ بێت و ئامادەسازی بکات، تا سەرەتا بگاتە پلەی فەنا لە رابەر-شێخەوە بەرەو فەنابوون لە خودا بچێت و لەوێش لە پلەی مانەوە بێ، بەهۆی خواوە (البقاء بالله)، کە مەبەستی سەرەکیی موریدەکەیە)[2]. لەو ڕوانگەوە دەردەکەوێت، کە چڕبوونەوە بۆ کردنە سەنتەری رابەر، لەوەدا کورت دەکرێتەوە، کە ئەمیش وەك کەرەستەیەك بۆ فەنابوونەکە بەکاردێت و هەنگاوی یەکەمی دەستکردنە بە کردەکە.

**٣-٥-٢-٣ جەوهەر:**

ئەم وشەیە هەڵگری مەدلوولی جۆراو جۆرە، بە تایبەتی لە زانستدا شتێکەو لە واتای گشتی و پراگماتیکدا شتێکی تر، بەو واتایەی، کە کۆمەڵگە واتای تری لێ بارکردووە. لەوەشدا پێویستە ئێمە بە پاڵپشتی زانست سیاقەکە بخوێنینەوەو لە هەوڵی دۆزینەوەی مەبەستدا بین، چونکە خودی وشەکە یەکێکە لە زاراوەکانی زانستی لۆجیك، لێ ئەوەی گرنگە ئەوەیە، ئێمە ئاشکرای بکەین، ئاخۆ شاعیر مەبەستی چەمکە لۆجیکیەکەیە، یان وەك وشەیەکی فەرهەنگی بەکاریهێناوە؟

---

١- حقیقە البشر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٨

٢- الوثیقة في بیان الحقیقة- رداً علی من أخطأ في آداب الطریقة، تألیف العارف بالله الاستاذ الملا عبدالله مصطفی صالح الفنائی الکاتب، ترجمة وتحقیق: أ. م. د. حسن خالد مصطفی محمود المفتي، الطبعة الاولی، اربیل، ٢٠١٣م، ص٥٧

له زانستی کەلام‌و لۆجیکدا، جەوهەر یەکێك لە دە کاتیگۆرییەکانەو ئەو ماهییەتەیە، کە بە خۆیەوە ڕاوەستابێ[1]. وەك غەزالی، کە پێی وایە خودی هەموو شتێ جەوهەرە، وەکو مرۆڤ، هەموو هەبوونێکە، کە خودەکەی لە بووندا پێویستی بە خودێکی تر نەبێ‌و بە خۆیەوە ڕاوەستابێ[2]. بە دەربڕینێکی تر، ئەو مرۆڤە وەك خۆی بژیەت‌و لاساییکەرەوە نەبێ‌و دوور بێ لەو شێوە ژیانەی کۆمەڵگە، کە لەگەڵ چاکەو زانست دا یەکناگرنەوە، مەحوی ئەم چەمکە گرنگەی لۆجیك لەناو خەڵکی خۆیدا نابینێ‌و پێی وایە خەڵك لەگەڵ جەوهەردا نییەو بە کەم‌و کوڕی دادەنێن:

**فەضل‌و جەوهەر بۆتە نەقص، ئەم ئەهلە بۆیەم فەصل ئەکەن**

**سەگ زوبانی دەردەکێشێ، چ بوە، چی تاوانە ڕۆژ** /٣٤٠

ئەم وشەیە وەك سەرچاوەیەك بۆ لێکدانەوە (تأویل)ی دەق، خۆی لە دەقدا بەرجەستە کردووە، کە دەتواندرێ لە ڕوانگەی ئەسڵی وشەکەوە ئەم ڕوانینانە بدۆزینەوە:

أ- مەحوی داکۆکیکەرێکی سەرسەختی جەوهەر بووە، وەك جەوهەرێکی لۆجیکی‌و بانگەشەی سەربەخۆیی بوونی مرۆڤی کردووە.

ب- جەوهەر سازاندنی دونیایەکی تایبەت‌و سەربەخۆیەو حوکم لەسەر کرۆك دەکات‌و ئەم کرۆکەش پێوەرەکەی لەسەر پێ وەستان‌و ناخ خوێندنەوەو خۆناسینە.

ج- مەحوی خۆی بە پراکتیکی لەناو جەوهەردا ژیاوە، بە هۆشیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ بووندا کردوەو خەڵکیش پێچەوانەی ئەو لە ژیان تێگەیشتون، بۆیە دژایەتی کراوەو لە خۆیان دابڕیوەو بە چاوێکی دیکە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.

کۆمەڵگە پێویستی بە خەڵکێك هەیە، کە پەیڕەوی جەوهەر بکەن، چونکە لەگەڵ جەوهەردا نوورو ڕۆشنایی ڕاستەقینە هاویەکەو ئەوەی تەواو لە جەوهەر حاڵی بوویێت، هەست بە تاریکایی کۆمەڵگە ناکات‌و لە ڕۆشناییدا دەژیەت، هەر کاتێك ئەهلی جەوهەر بکەونەخۆ، تاریکیی نەزانین ڕادەماڵن‌و ئەوانەی لەسەر پێ نەوەستاون‌و کەسی دیکە بەڕێوەیان دەبەن، نامێنن‌و دەبنەوە جەوهەر:

**بۆیە زوڵمەت پۆشە، نووری ئەهلی جەوهەر دەرکەوێ**

**سەیری حەققی کەن لەسەر ئەم ماه و ئەستێرانە شەو** /٢٥٧

کەواتە لە بەکارهێنانی ئەم ڕستەیەدا، مەحوی بە ئاگاداری زانستی کەلام‌و لۆجیك، وشەکەی بەکارهێناوەو هەر لە چوارچێوەی زانستەکەشدا، دەتوانرێ مەبەست‌و واتای سەرەکی لێکبدرێتەوە، نەك وەك وشەیەکی ئاسایی سەیری بکرێت‌و بەس. بۆیە مادەم جەوهەر خودی مرۆڤەو بە ئەرێنی تەماشای کراوە، لە لای مەحوی بۆتە ستراتیژییەتێك، کە چەمکەکە لەگەل کۆمەڵگەدا ئاشت بکاتەوە، بە تایبەتی، کە لە ڕوانگەیەکی زانستی کەلام‌و لۆجیکەوە سەیری بکرێ، وشەکە چوارچێوەی واتای فراوان دەبێت‌و لە قەبارەی خۆیەوە زیاتر واتا دەبەخشێ، کە هەر ئەمەشە بۆتە یەکێك لە سەرچاوەکانی کەرەستەی تەئویل.

---

١- فرهنگ اصطلاحات منطقي، ص٨٩

٢- معيار العلم في المنطق، الامام ابى حامد الغزالي، شرحه احمد شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٠م، ص٣٤٢

لەلایەکی تر لە چوارچێوەیەکی فەلسەفییەوە رەگەزو جۆر داپۆشەری چەمکەکانن، بەو واتایەی دەتوانریٚ بە پێی ناساندنی (فۆرفریۆس)درەختی رەگەزو جۆرەکان لە چوارچێوەی جەوهەری شتەکان دیاری بکرێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:[١]




کەواتە بە پێی ئەم خشتەیەش، جەوهەر بە شت دادەنریٚو بوونی هەیە، جا بوونەکە بەرجەستە، یان نابەرجەستە بێت، گرنگ ئەوەیە لە چوارچێوەی لۆجیکدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکریٚو ناتوانریٚ مرۆڤ لە ئاژەڵی تر جیا بکرێتەوە، بەڵام لە جۆردا جیاواز دەبیٚ، بە پێی جۆری ئەو جەوهەرەی، کە مرۆڤ هەیەتی و کەسانی تر بەدوایدا هەڵوەدان، کە بەشێکی لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ خۆیەتی و بۆتە کرۆکو جەوهەری بنەڕەتی مرۆڤ.

مەحوی بە دوای مرۆڤی راستەقینە دەگەڕیٚ، دەیەویٚ بە گوێرەی پێوانە لۆجیکییەکە مرۆڤێك بدۆزێتەوە، کە تایبەتمەندی جەوهەری تێدا بیٚ، جەوهەرەکەش لەناو بۆتەی ماددەیەکی بەرجەستەدا بێتو زیندوو بێتو لە پلەی ژێریدا بیٚ، جا ئەگەر فانی بێت، ئەوا مرۆڤەو ئەگەر فانی نەبێت ئەوا خودایە.

لەلایەکی تر، ئەگەرچی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا قەسیدەی عقدالعقائدی مەحوی، چ لەبەر بنەمای داڕشتنی قەسیدەو چ لەبەر ناوەڕۆکەکەی، نایخەینە بەر کردەی تەئویل، لیٚ وەك پاڵپشتی بۆ روونکردنەوەی شیعرەکانی تر، نموونەی لیٚ دەهێنینەوە. لەوێشدا مەحوی وشەی جەوهەری بۆ خودا دانەناوەو وەك بنەمایەکی بیروباوەڕ (العقیدة) و بە پاڵپشتی زانستی کەلام ئەم روانینەی دەربڕیوە:

ذاتی خودا نە جەوهەرو جیسمە، نە کولل‌و بەعض
بیٚ چوون‌و بیٚ چگوونە، مونەززە لە ئەین‌و ئان /٣٧٥

---

١- السیمیائیة وفلسفة اللغة، أمبرتو إیکو، ترجمة: د. احمدالصمعي، المنظمة العربیة للترجمة، بیروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٥، ص١٦٧

**٣-٥-٢-٤ مەسئەلەی دەور:**

**ئەجەل دەورم دەدا حازر بە وادەی دەورو تەسلیمە**

**منی غەفڵەت زەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم / ٢٢٠**

**مەسئەلەی دەور زاراوەیەکی زانستی کەلامە، بەو واتایەیە، کە دوو شت پەیدابوونیان بە یەکەوە بەسترابێتەوە. بۆ نموونە پەیدابونی (أ) بە پەیدابوونی (ب) بەسترابێتەوەو بە پێچەوانەشەوە (ب) بە (أ) بەسترابێتەوە، ئەمەش شتێکی پووچو ناڕاستە[١]:**




**بە شێوەیەك ناسینی هەر یەکێکیان بە ناسینی ئەوەی تر بەند بێو بەم شێوەیە دەوران بکات، بێ ئەوەی هیچی لێ بڕوێ. لە لایەکی تر هۆو ئەنجامیش دەوران بکەن، بۆ وێنە بڵێین ئاوی سەر ڕووی زەوی لە هەورەوەیەو هی هەوریش لە بە هەڵم چوونی ئاوی زەوییەوەیە. بە واتایەکی تر باران لە ئەنجامی شێداری زەوییە، ئەمەش کارێکی دەورییە، چونکە هۆو ئەنجام یەك شتن. (مەلا صەدرا*) ش پێی وایە دەوری مەحاڵ، وەستانی خودی شتێکە لەسەر خودی شتێك، کە لە سەری وەستاوەو هیچیان پێش هیچیان ناکەوێت. بۆ نموونە کە دەگوترێ گیانلەبەر (حەیوان) لەسەر تۆو وەستاوەو تۆویش لە حەیوانەوە سەرچاوەی گرتووە، یان مریشك لە هێلکەو هێلکە لە مریشك، تەنیا لە واژە (لفظ)دا دەوریان هەیە.[٢] ئەم مەسئەلەی دەورەش، کە مەحوی بەکاری هێناوە، ئاوێتەکردنێکە لە نێوان زانستی کەلامو سۆفیگەریدا، چونکە بە تەنیا وەرگرتنی زانستی کەلام بۆ شیکردنەوەی دێرەکە، بەهای مەبەستی سەرەکیی دەقەکە لە دەست دەدات، کە بۆ گوزارشت کردن لە دونیاو کردەوەکانی مرۆڤو پرسی مردن، کەشێکی سۆفییانەیە.**

**بەو پێیەی وێڕای سەرتاپای شیعرەکە، کە ناوەڕۆکەکەی سۆفییانەیە، خودی ئەم دێرەش ئەگەر بە تەنیا وەربگرین، وێڕای وشەی ئەجەل وەك زاراوەیەکی ئاینی، باس لە (دەورو تەسلیم) کراوە، کە گیاندانەو رادەستکردنیەتی بۆ بارەگای حەق. لە هەمان کاتدا وشەی غەفڵەت زاراوەیەکی سۆفییانەیەو (لە زاراوەی عاریفەکان بە واتای بێ ئاگایی دڵ دێت لە تێگەیشتنی راستییەکان، بنچینەی غافڵەتی بێ**

---

**١- التعریفات، ، ص١٠٩، هەروەها فرهنگ اصطلاحات منطقي، ص١١٣.**

*** مەلا صەدرا لە قوتابییە زیرەکەکانی شێخ بەهاییە کە زانستە عەقڵییەکانی لێ فێر بووو حەوت جار چۆتە حەجو و گرنگترین کاری دوای حەج کتێبی (أسفار) بوو، کە یەکێکە لە کتێبە بە نرخەکانی فەلسەفە، مەلا صەدرا فەلسەفەی بە ناوونیشانی (حکمت متعالیە) ناوبرد، فەلەسەفەی صەدرا لە بیرو ئەندێشەکانی سوهرەوەردی لەسەر زەمینی ئیشراق ونوورو تاریکاییو کەشفو شهود گەشەی کردووە. دوو لە قوتابییەکانی کە درێژەپێدەری ئەون: هەریەکە لە مەلا عەبدولرەزاقی لاهیجیو مەلا موحسینی فەیزن. (سهروردی شیخ اشراق، مدیحە سرای نوور، نگارش عطاءالله تدین، چاپ چهارم، انتشارات تهران، ص ٣١٨)**

**٢- فرهنگ اصطلاحات منطقي، ص١١٤-١١٥**

بەشبوونی بەندەیە لە یادکردنەوەی خوداو پەیڕەوکردنی نەفسە لەوەی، کە دەیەوێت‌و بە فیڕۆدانی کاتە بە شتی بێ هودەوە)[1]. بۆیە دەورانەکە لێرەدا لە نێوان شاعیرو نەفس‌و شاعیرو دونیایەو هێشتا ئەم مەسئەلە دەورە پووچەی تێنەپەڕاندووەو لە ژیان‌و حەقیقەتی خودا تێنەگەیشتووە، کە مردن یەخەی گرتووە، بەڵکو دونیا بە مەحوی‌و مەحویش بە دونیا بەستراوەتەوە. بۆ نەفس‌و شاعیریش بە هەمان شێوە:







بە ڕای ئێمە مامۆستایانی مودەڕیس نەیانپێکاوە لەوەی، کە مەسئەلەی دەوریان بە سەرەتای ژیان‌و ئەو خوێندنەی، کە فەقێ لە سەرەتای خوێندندا دەیخوێنێ، لێکداوەتەوە. چونکە:

أ- غەفڵەتەکە وەك زاراوەیەکی سۆفیگەری‌و، مەسئەلەی دەور وەك زاراوەیەکی زانستی کەلام تێکەڵکراون، وەك هۆو بەرهۆ لە دەوران دان، بەوەی غەفڵەتەکە لە نەفسی بەد سەرچاوەی گرتووە، نەفسی بەدیش لە غەفڵەتییەوە بەد بووە.

ب- لە سیاقی شیعرەکەدا یەکێ لە کۆڵەگەکانی ئەو نیگەرانییەی شاعیر لە مردن، لە نەفسەوە دێت‌و خۆی ئاشکرای دەکات کە:

لە من نازانم ئیتر نەفسی بەدخوو چی دەوێ مەحوی

کە بەد کردارو بەد ڕەفتارو بەد ئەفکارو بەد طەورم /۲۲۲

ج- بێ ئاگایی‌و غەفڵەتەکە نەیهێشتوە لە حەق تێ بگا، بۆیە وەك ئەوە وایە لە سەرەتا بێ‌و بە پێوەری ئەوەی هیچ هەنگاوی لە تێگەیشتن نەبڕیوەو هەر لە بازنەیەکی بەتاڵدا خولاوەتەوە، کە مەسئەلەی دەورە.

د- هاتنی سێ جار وشەی (دەور)، وێڕای ئەوەی لە ڕووی مۆسیقاوە جوانی بە دەق بەخشیوە، لەهەمان کاتدا دەقەکەی وا چنیوە، هەڵگری واتای زۆر بێت، بە جۆرێك هەر لەناو خودی زانستی کەلامدا مەدلوولی جۆراو جۆرو ڕاڤەی جیاواز هەڵبگرێ.

---

[1]- فەرهەنگی سۆفییانەی دیوانی جزیری‌و مەحوی، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ۲۰۱۰، لا ۲٥٤

**٣-٥-٢-٥ جەمعی ضید:**

ئەمەش زاراوەیەکی لۆجیکییەو لە چوارچێوەی چەمکی دژ دایە، کە لۆجیکییەکان پێیان وایە دوو دژ بە یەکەوە کۆنابنەوە، ئەستەمە شل‌و پەیت‌و رەش‌و سپی بەیەکەوە کۆببنەوە[١]. خودی نەهێشتنی بە یەکەوە کۆبونەوەیان لەناو زانستی لۆجیکدا پێی دەگوترێت: تقابل. ئەویش بریتییە لە قەدەغەکردنی بە یەکەوە هاتنی دوو کار لەیەك بابەت دا، یان دوو پرس، بەو پێیەی ئەویش دوو جۆرە: یەکێکیان لە وشەکان‌و ئەویتریش لە مەسەلەکانە، ئەمەش جیاوازییەکە لە ئەرێنی‌و نەرێنییەکەیە لەناو یەك بابەتدا، کە هەریەکە ناکۆکی (تناقض) و دژیەك‌و لە ژێر دژبوندا دەگرێتەوە. وەك بگوترێ هیچ باڵندەیەك نییە گۆشتی حەلاڵ بێت، ئەوا هەندێك باڵندە هەن گۆشتیان حەلاڵە، یان هەموو ئەسپێك ئالیك خۆرە، هیچ ئەسپێك ئالیك خۆر نییە، ئەوا رستەی یەکەم راستەو هی دووەم هەڵەیە، یان لە ژێر دژبووندا وەك هەندێك وشتر دوو کۆپەرانی هەیە، هەندێك وشتر دوو کۆپەرانی نییە، ئەوا هەردووکیان دژیەکێکی راستن[٢]. ئەم پرسە ئاڵۆزیی زۆری پێوە دیارەو لە ناو زانستی لۆجیکدا شوێنێکی زۆری گرتووە. مەزراندنی ئەم بابەتەش بۆ ناو ئەدەبیات بۆ بەهێزکردنی دەربڕینە، لێ بۆ بابایەکی وەك وەرگر، کە شارەزای ئەم زانستە نەبێت، گرفتی تێگەیشتن دەسازێنێ. پاشان بەکارهێنانی لە دەقدا نیشانەی شارەزایی شاعیرە لەم زانستەو کارزانییەتی بۆ مەزراندنی لە بەرژەوەندی بەرەو پێشبردنی مەبەستی دەق‌و بەهێزکردنیەتی، تا ئەو ئاقارەی، کە چڕبوونەوەی هێندە تێدا ڕووبدات سەر لە خوێنەر بشێوێنێ‌و، لە ڕووی شێوازگەریشەوە لادانی واتایی‌و دەربڕینی بسازێنێ.

مەحوی، پێچەوانەی ئەم یاسایەی لۆجیك دەجولێتەوە. وەنەبێ بڕوای پێ نەبێ، بەڵام بۆ دروستکردنی کەشێکی تەئویلیانە بۆ مەبەستێکی تایبەتی شیعری، ئەم یاسایە رەتدەکاتەوەو پێی وایە: دوو دژ پێکەوە کۆدەبێتەوە، ئەمە بۆ خۆی لادانە، چونکە مادەم لۆجیك ئەم بڕیارەی دابێت، هیچ زانستێك ناتوانێ پێچەوانەی لۆجیك بجولێتەوە. بەڵام بەم شکاندنە دەردەکەوێت دژەکان وشەی فەرهەنگی نین‌و واتای دیکەیان لێ بارکراوە:

درۆیە مەنعی جەمعی ضید، نەضەرکەن

لە بەزمـی ئەمشـەوا رۆژێ دیــــارە /٣٦٤

لێرەدا ستراتیژییەتی گوتاری شاعیر لەوەدایە، دوو دژ کۆ بکاتەوە، بەڵام پێویستی بە شەرعاندنێك هەیە، کە ڕێگای پێ بدات، هیچ شتێکیش نییە پێچەوانەی لۆجیك، بۆیە وێنەکە وەها دەسازێنێ، کە ڕێی تێبچێ. ئەمەش سەرەتا بە رەتکردنەوەی یاسا لۆجیکیەکە دەبێت، پاشان بەکارهێنانی دوو دژەکە وەك رەمز، نەوەك مەبەست لێی واتای وشەکان بێت، چونکە مەحاڵە لە شەودا ڕۆژ دیاربێت، ئەمە شتێکی نالۆجیکییە. لەبەرئەوە بە ڕەمزکردنی دوو دژەکە سەرەتای دۆزینەوەی کەرەستەی تەئویلە، بەڵام بە پشت بەستن بە چەمکی لۆجیك. لەبەرئەوە دەشێ لێرەدا شەو مەدلوولەکانی (دونیا، تاریکی، یار، هیجرەت، عاشق، گەرمی، ناخۆشی، غەم... هتد) ی لەلایەن وەرگرەوە بۆ دروست بکرێ. وشەی (ڕۆژ) یش مەدلوولی (قیامەت، دلبەر، مەعشووق، رۆشنایی، خۆشی، شادی، فێنکی... هتد) بۆ بهێنرێتەوە، کە بەرامبەر یەکتر

---

١- فرهنگ اصطلاحات منطقي، ص٦٤-٦٥

٢- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

دەكرێن دژایەتییەكە لە فەرهەنگ نامێنێ‌و دەبێتە تەناسوب‌و تەداخول، كە لە هەندێ شتدا ناكۆكن، بەڵام دەشێ بەش لە گشت بن‌و هەندێك ڕەگەزیان بۆ یەكتر بچێت‌و بەشێك لە دال بە وزەی مەدلوول بگەشێتەوەو تا ڕادەیەك بە یەكەوە مەدار بكەن. ئەمانەو دەیان تەئویلی تر دەشێ لە سێبەری ئەم چەمكە لۆجیكییەدا سەر هەڵبدات.

خودی مەحوی لە شوێنی ترداو هەر لە ژێر سێبەری ڕەمزەكانەوە، دژەكانی كۆكردۆتەوەو وای نیشانداوە، كە ئەگەر لای كەسانی تریش، یان لە گەردووندا، ئەمانە بە یەكەوە نەیەن، ئەوا بە واتا مەجازییەكەی لای مەحوی كەشێكی تایبەت دەسازێنن‌و تێكەڵ دەبن:

**من ڕۆژە ڕەشم‌و فەرقی نیە ڕۆژی من لەشەو**

**سەد ڕۆژ ئەگەر هەڵێ لەسەرم، ڕۆژم هەر شەوە / ٣٦٤**

كەواتە لە كاتی كۆكردنەوەی ئەو دژانە، وشەكان لە مەداری خۆیان دەخزێن‌و واتای دیكە لە خۆیان باردەكەن‌و بواری لێكدانەوە خۆشتر دەكەن.

**٣-٥-٢-٦ قەضیە ی مانع الجمع:**

ئەم بابەتەش تا ڕادەیەكی زۆر پەیوەندی بە چەمكی پێشوو هەیە. بەڵام لە بەكارهێنان‌و پراكتیكدا، مەحوی وەك خۆی پابەندی زانستی لۆجیك بووەو بەو شێوە مەزراندویەتی، كە هەم لە بەرژەوەندی دەق بووەو هەمیش وەك خۆی بەكاری هێناوە. ئەم زاراوەیەش سەرەتا هەر خودی وشەی (قەضیە) زاراوەیەكی لۆجیكییەو بۆ ئەگەری ڕاست‌و درۆ بەكاردێت، چەندان شێوەی هەیە، بەڵام (مانعة الجمع) ئەوەیە، كە بە یەكەوەبوون‌و بە یەكەوە هاتن مەحاڵە، وەك ڕەش‌و سپی، یان كانزایی‌و نیمچە كانزایی، كە ناشێ تەنێك هەم سپی، هەم سوور بێ.[1] مەحوی لەو بارەیەوە وشەكەی وەك خۆی هێناوەو بۆ مەبەستێكی سۆفییانە، ئاوێتەی كردووە:

**لەسەر تۆم دوشمنە دونیا قەضیەم (مانع الجمع)ـە**

**كە تەركی تۆ نەكەم، تەركی هەموو دونیا نەكەم، چبكەم / ٢٣٢**

واتە مادەم تەركی مەقامی حەق‌و ڕۆح نەكات، دەبێ دونیا تەرك بكات. بە واتایەكی تر، یان دونیا یان دوارۆژ، یان عیشقی مەجازی یان حەقیقی، هەردووكیان بە یەكەوە نابن، دەبێ یەكێكیان هەڵبژێرێ. سیاقی دەقەكەش بابەتی عیشقی خودابیە، بۆیە دونیا وەك چەمكێكی سۆفییانە هاتووەو مەدلوولی جۆراو جۆر هەڵدەگرێ‌و (تۆ)ش وەك دولبەرو مەعشووق لە ڕوخساردا، سیمایەكی مەجازی‌و دونیاییانە وەردەگرێ‌و لە ناوەڕۆك‌و باتینیشدا پرسی حەق‌و عیشقی خودایی لەخۆدا شاردۆتەوە. بەم شێوەیە زاراوەیەكی لۆجیكی ڕۆڵی هەبوو لە سازاندنی كەرەستەیەك بۆ بەهێزكردنی دەربڕین‌و ئامادەكردنی بۆ كردەی تەئویل.

---

١- معیار العلم في المنطق، ص ٨٤، ٨٥، فرهنگ اصطلاحات منطقي، ص٢٢٥-٢٢٦

### ٣-٥-٢-٧ شك‌و ظه‌ن

ئه‌وه‌ی پێی ده‌گوترێت گومان، به‌ تایبه‌تی له‌ مه‌ڕ پرسی (عه‌ده‌م)دا، به‌وه‌ی ده‌بێ هه‌میشه‌ گومانێك بسازێ، تا عه‌ده‌مێك دێته‌ كایه‌وه‌، ئه‌وا له‌ مامه‌ڵه‌كردنمان بۆ دیوانی مه‌حوی، ناكرێ هه‌ر ته‌نیا به‌ تیۆرێكی رۆژئاوایی ئه‌م پرسه‌ شه‌ن‌و كه‌و بكه‌ین، به‌ڵكو پرۆسه‌ی ته‌ئویل ده‌وه‌ستێ، تا زانیاری له‌ ڕووی یه‌كێك له‌ سه‌رچاوه‌كانی مه‌عریفه‌ی مه‌حوی دێته‌ كایه‌وه‌، ئه‌نجا لێكدانه‌وه‌كه‌ ده‌ست پێده‌كات. واته‌ به‌ بێ جوڵه‌ی ئیپستمێك، ناكرێ كرده‌كه‌ بگاته‌ پایان. یه‌كێك له‌و سه‌رچاوانه‌ی، كه‌ به‌ سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌كیی زانستی سه‌رده‌می مه‌حوی‌و پێشتر داده‌نرێ، بریتییه‌ له‌ زانستی كه‌لام‌و له‌ نێویشیدا ژیربێژی (المنطق-لۆجیك)، گه‌ڕانه‌وه‌مان بۆ تیۆره‌كانی ناو ئه‌م زانسته‌، ده‌گه‌ینه‌ ئه‌و ڕاستییه‌ی كه‌ خه‌وشێكی گه‌وره‌یه‌ به‌ بازدانمان به‌سه‌ر ئه‌م زانسته‌ هه‌ر تیۆرێك به‌سه‌ر ده‌قدا بسه‌پێندرێ، به‌تایبه‌تی ئه‌گه‌ر ده‌قنووس له‌ رۆژهه‌ڵاتی سه‌رده‌می بالأبوونی ئه‌م زانسته‌دا ژیابێت.

(ظه‌ن‌و شه‌ك) له‌ زانستی لۆجیكدا، دوو زاراوه‌ی جودان، مه‌حویش وه‌ك بابایه‌كی شاره‌زا له‌و زانسته‌، هه‌ردوو زاراوه‌كه‌ی به‌ واتای جودا به‌كارهێناون‌و ناكرێ ئێمه‌ له‌ وه‌رگێڕانیاندا بۆ هه‌ردووكیان وشه‌ی (گومان) به‌كاربێنین، چونكه‌ شه‌ك حاڵه‌تێكی زه‌ینییه‌ له‌ باره‌ی حوكمی دوو شت، كه‌ بۆ هیچ یه‌كێكیان لاگیری باشتر ناكات‌و هه‌ردووكیان به‌ یه‌ك چاو ته‌ماشا ده‌كات، ئه‌مه‌ش حاڵه‌تێكه‌ كه‌سه‌كه‌ له‌باره‌ی جه‌هلی به‌سیت دایه‌، هه‌ر كاتێك لاگیری بۆ یه‌كێكیان بكات، شه‌كه‌كه‌ بۆ زه‌ن ده‌گۆڕێت. بۆیه‌ ظه‌ن له‌ شه‌ك به‌هێزتره‌، هێواش هێواش كه‌ لاگیرییه‌كه‌ پتر بوو، له‌گین ده‌بێ ظه‌ننه‌كه‌ بۆ یه‌قین بگۆڕێت‌و ظه‌ن ده‌كه‌وێته‌ نێوان شه‌ك‌و یه‌قین[1] و ناكرێ شه‌ك به‌ بێ گه‌یشتن به‌ ظه‌ن بگاته‌ یه‌قین:

شه‌ك ⟵ ظه‌ن ⟵ یه‌قین

**سه‌ججاده‌ مه‌ی پیارژاوم‌و عوریان‌و له‌ش به‌خون**
**نوێژم مه‌ظه‌ننه‌ وایه‌ له‌ مه‌ولا بكه‌ن قبول** /٢٠٧

گومان‌و ظه‌نی مه‌حوی له‌ قبوڵبوونی نوێژه‌كه‌ی خه‌ریكه‌ بگاته‌ یه‌قین. گه‌یشتن به‌م حاڵه‌ته‌ زه‌ینییه‌ له‌ ئه‌نجامی چه‌ند هۆكارێكه‌، له‌وانه‌ ئه‌و باوه‌ڕی وایه‌ به‌هۆی عیشقی خوداییه‌وه‌، مه‌یی خۆشه‌ویستی خوای به‌سه‌ر به‌رماڵه‌كه‌ی داڕژاوه‌و ڕووت‌و بێ به‌رگ‌و زاهیدبووه‌و له‌ش‌و جگه‌رو ناوه‌وه‌ی، به‌ تیری خۆشه‌ویستی خوا به‌ خوێن بووه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ كه‌س یه‌قینی نییه‌ نوێژی قبوڵ بێت. به‌ڵام مه‌حوی به‌ هۆی ئه‌م هۆكارانه‌ له‌ یه‌قین نزیك بۆته‌وه‌، ده‌بینین لێره‌دا (شه‌ك) ی به‌كارنه‌هێناوه‌، چونكه‌ هۆكاره‌كان شه‌كیان به‌ یه‌قین گۆڕیوه‌:

**ئاشتی تۆ، توری من، بۆ بێ ثه‌باتی هه‌ر دوو یه‌ك**
**گه‌یوه‌ته‌ حه‌ددی یه‌قین، ئه‌م دوو یه‌قینه‌ن هه‌ردوو شه‌ك** /١٩٤

كه‌چی لێره‌دا چونكه‌ یه‌قینه‌كان بێ به‌ڵگه‌ن‌و هیچ هه‌نگاوێكیان بۆ گه‌یشتن به‌ (ظه‌ن) نه‌ناوه‌، ناكرێ شه‌ك ڕاسته‌وخۆ بووبێته‌ یه‌قین، بۆیه‌ مه‌حوی ره‌تی ده‌كاته‌وه‌ ئه‌مانه‌ یه‌قین بووبن‌و هه‌ردووكیان به‌ شه‌ك داده‌نێ، كه‌ ده‌بێ دوو لایه‌كه‌ مه‌حوی لاگیریان نه‌كات. بۆیه‌ كت‌و مت لێره‌دا لۆجیك به‌كارهاتووه‌، كه‌ هه‌ردوو لای (ئاشتی‌و تۆران)ی به‌ یه‌كسانی به‌كارهێناوه‌و مه‌حوی به‌م هۆیه‌وه‌ خۆی له‌ جه‌هلی به‌سیت دوور گرتووه‌.

---

١- فرهنگ اصطلاحات منطقی، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل١٣٠-١٣١

## تەوەرەی سێیەم

## ٣-٦ ئیشکالییەتی خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیو گوتاری سۆفییانەی مەحوی

سەرەتا:

ئیشکالییەت problematique بەم دواییانە وەك زاراوەیەکی فیکریو فەلسەفی هاتە ئاراوەو لویس ئەلتۆسیر* لە جاك مارتن– ی وەرگرت، بە واتای کۆمەڵێك بیروڕایە، کە جیاوازیان لە نێواندا هەبێتو لێکۆڵەریش وەك کێشەیەکی سەربەخۆ تەماشایان دەکات، کە لە خودی خۆیدا یەکەیەکی فیکریو تیۆرێکی سەقامگیرە. زۆر واتاشی لێ هەڵهێنجراون، بەڵام گرنگترینیان زانستی خستنەڕووی مەسەلەکانە[١]. هەموو ئەو مەسەلانەی، کە مێژوو لە ڕێرەوی خۆیدا خستوونیەتە رووو ئەمڕۆ پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوەو هەڵوەستە لەسەرکردنە، چونکە جۆرێك لە ناتەبایی لەنێوان بیروڕاکاندا هەیەو پێویستە لەگەڵ پێشکەوتنی رەخنەدا، ئەمیش بخرێتە بەر توێژینەوەی تایبەتو بە دەنگو رەنگی ئەمڕۆ، هەڵسەنگاندنێکی تازەی بۆ بکرێ.

بە سەرنجدان لە مێژووی سەرهەڵدانی رەوتی سۆفیگەریو قۆناغەکانی گەشەکردنی، دەردەکەوێت، کە بیری سۆفییانە هەر لە سەرەتاوە جۆرێك ناڕوونی پێوە دیار بووە، ناڕوونییەك، کە بەشێك لە ئاراستەکانی ناو فیکری ئاینی پشتگیریان لێ نەکرد، بەو هۆیەوە گوتاری فیکری سۆفییانە هەر بە شێوەی بەرنامەیەکی فیکری لەناو ژیانی رۆژهەڵاتدا شێوەیەکی تایبەتی وەرگرتو هەمیشە لەگەڵ وەرگردا رەفتارێکی تایبەتی دەکرد، تا پارێزگاری لە پرەنسیپەکانی خۆی بکاتو بەو هۆیەوە بە نەمری بمێنێتەوە.

کاتێکیش ئەم بیرە بەناو چەمکەکانی تری ناو ژیان رۆیشت، ئەدەبیاتیش کەم تا زۆر، بوو بە میکانیزمی گەیاندنی ئەم گوتارە بە وەرگرەکان، لەبەرئەوە بۆ هەردوو چەمکی شیعرو پەخشان، سۆفیگەری پەیامی دیکەی بۆ نووسین هەبوو، بەو پێیەی نووسین کەشێکی جیاوازی هەیەو تێیدا رەفتارکردن لەگەڵیدا بە زمانێکی تایبەتەو چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم بیرۆکانە بۆ ناو ئەدەبیات شێوازی تایبەتو تایبەتمەندی گەرەك بوو، بۆیە ئەدەبیاتی سۆفییانە لە سەرەتاوە بە دوو شێوەو شێواز خۆی نیشان دەدا:

أ/ شێوەیەکیان ئەدەبەکە بە تەنیا نوێنەرایەتی بیرۆکەو گوتاری خۆی دەکردو بەرگری لێدەکردو بەو زمانە تایبەتییەی، کە هەڵگری ئەم بیرۆکەو ئایدیایە، دەقەکانی خۆی دەنووسیەوە.

ب/ شێوەکەی تر پێی وابووە، دەبێ شیعری ئاینی بنوسرێو ئایین وەك کۆی ئەو پێڕو تاقمانەی کۆمەڵگە، وەك چۆن زۆر جار وا بووە شیعر بۆ مەبەستی تر نووسراوە، لێرەشدا شیعر نوێنەرایەتی ئاین بەگشتیو شەریعەت بە تایبەتی بکات. لەو سۆنگەیەش بەشێك لە شیعری ئاینیش، خراوەتە ناو قالبو چوارچێوەی شیعری سۆفییانەو سۆفیەکانیش کەم تا زۆر شەریعەتیان پەیڕەو کردووەو وەك چۆن

---

* لویس ئەلتۆسێر (١٩٩١–١٩١٨) Louis Althusser: بیرمەندێکی فەرەنسابیە، لە ژێر رۆشنایی بونیادگەری، فەلسەفەی مارکسی دووبارە خوێندەوە. کارەکانی کاریگەرییەکی دەلالی لە رەخنەو ئەدەبو لێکۆڵینەوە کلتوورییەکان هەیە. (سجن التفکیك، ص٢٨٠)

١– اشکالیة المصطلح في الخطاب النقدی العربی الجدید، د.یوسف وغلیسی، الدار العربیة للعلوم وناشرون، الجزائر، الطبعة الاولی، ٢٠٠٨، ص ٤٩–٥٠

شیعریان بۆ بیرو ئایدیای تەسەووف نوسیووە، بە هەمان شێوەش بیری ئاین‌و شەریعەتیشیان پشتگوێ نەخستووە.

سۆفییەکان هەر لە سەرەتاوە وەنەبێ تەنیا دەقەکانی خۆیان کردبێتە کەرەستە بۆ خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیانە، بەڵکو بە چەکەرەکردنی ئایدیاو بیرو باوەڕەکەیان، لە سۆنگەی هەوڵدانیان بۆ زاڵکردنی بیری رۆحانی و ناوەکی (باطینی) بەسەر ڕووکار (ظاهر) دا، دەقی تریشیان بە هزری خۆیان دەخوێندەوە. خوێندنەوەکەش تەنیا خستنەڕوویەکی سادەو ئاسایی نەبووە، بەو پێیەی ئەوان لە چۆنیەتی رەفتارکردنیان لەگەڵ دەقدا، رۆڵی راڤەکارێکی تایبەتیان دەبینی. ئەم ڕەفتارەش وای کرد بە راڤەو تەفسیری ئەوانیتر قایل نەبن‌و بۆ هەموو دەقێك واتای دیکەیان لێ هەڵدەهێنجا، کە لەگەڵ حاڵەتی ڕۆحی و هزری سۆفییانەدا یەکانگیر بێت، بۆیە لە ڕاڤەی دەقێکی وەك قورئانیشدا، بە روونی دەبینرێ، کە بە دوای واتای واتادا چوون‌و[*] لایەنی رۆحییان فەرامۆش نەکردووە، لەگەڵ دۆزینەوەی پەیوەندییەکدا کە ناڕاستەوخۆ چەمکەکان بە یەکتر ببەستێتەوە.

رێگای سۆفییەکان لە خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیان بۆ شیعر، هەمان ڕێگابوو بۆ خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیان بۆ قورئانی پیرۆز[١]، چونکە ئەوان مەبەستی سەرەکییان دوورکەوتنەوە بوو لە تێگەیشتنی رووکەشیانە. خودی ئەم تێگەیشتنەش رووبەرووی ئیشکالییەتی گەورە بوویەوە، چونکە لە لایەك ئەوان بۆ خەڵکی رەشۆك ئەم راڤەکردنەیان ئەنجام نەدەدا، بەڵکو لەو ڕێگایەوە پڕکردنەوەی لایەنی رۆحییان بە گرنگتر دەزانی. بڕبڕەی پشتی چەمکی تێگەیشتنیش بە (وەرگر) پەیوەست کرابوو، چونکە لە راڤەکردنی ئاساییدا، وەرگر بەهاو پێگەیەکی ئەوەندە گرنگی نییە، بەو پێیەی بەربەستی وەهای نایەتە پێش لە کردەی تێگەیشتندا. ئەوەی کە لە میتۆدی خوێندنەوەی هێرمینۆتیکی سۆفییانەدا بووە ئیشکالییەتی مەزن، بریتی بوو لە مەسەلەی وەرگر لەناو گوتاری سۆفییەتی‌و وەرگرو پێگەی لەناو خوێندنەوەی دەقدا.

وێڕای ئەمەش سۆفیگەری لە سەرەتادا ئامانجیان چوونە ناو دایەلۆگ‌و ململانێیەك نەبوو بۆ سەپاندنی میتۆدێکی فیکری، یان پەروەردەیی لە ژیاندا، بەڵکو دەیانویست لە ڕێگای بایەخدان بە دەربڕینەوە خوێندنەوە وەگەڕ بخەن.[٢] بۆیە خوێندنەوەی گەورە سۆفییەکانیش بۆ دەقی ئاینی‌و دەقە ئەدەبییەکان لە وردەکارییەکاندا وەك یەك نین، لەبەر ئەوەی بە لای ئەوانەوە بەرهەمهێنانی واتایەکی ترو سازاندنەوەی دەقێکی تر لە ڕێگای خوێندنەوە گرنگترە، وەك لەوەی هەمووان بە یەکەوە یەك واتای دیکە بسازێننەوە، بەڵام ئیشکالەکانی بەردەم ئەم میتۆدە فیکرییە لە گوتاری سۆفییانەدا، چزوورەکردنی کۆمەڵێك پرسیار بوو لە پەیوەندی نێوان دەق‌و وەرگردا، کە دەبێ پەیوەندییەکە لە چ بارێکدا بێ؟ رۆڵی وەرگر لەو نێوانەدا چۆن دەبێ‌و هەژموونی بیری سۆفیگەری وەك رێبازێك لە ڕاڤەکردنەکەدا لە کوێیەو تێپەڕبوونی کات بەسەر تەمەنی دەق‌و چۆنیەتی گونجانی چەمك‌و زاراوە زمانییەکان لە چەرخی دیکەدا،

---

[*] بۆ نموونە بەرهەمی سۆفییە مەزنەکانی وەك غەزالی، قوشەیری، ئیبن عەرەبی،...هتد گەواهیدەری ئەم راستییەن‌و تێیدا بە شێوەیەکی تر راڤەی دەقەکانیان کردوە، کە دوورە لە واتای رووکەشی‌و بە قوڵایی دەق شۆڕبوونەتەوە.

١- التأويل الصوفي للنص، د. عبدالاله نبهان، مجلة التراث العربي، انترنيت

٢- النص الشعري بوصفه افقا تأويليا، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٦

لە چ حاڵێکدان؟ هەموو ئەمانە لەناو کردەی راڤەو خوێندەوەو لێکدانەوەدا سەریان هەڵدا، کە بە چڕی خۆیان لەمەدا دەبینیەوە:

### ٣-٦-١ گوتاری سۆفیگەری و پۆشینی واتا

ئەوەی کە گرفت و تەگەرە دەخاتە بەردەم کردەی تێگەیشتن، بریتییە لە درێژبوونەوەی مەودای تێگەیشتن لە نێوان دەقی سۆفییانەو وەرگر. ئەم درێژبوونەوەیەش لە چۆنیەتی چنینی دەقی خاوەن بیری تەسەووفدا بەرجەستەبووە، بە شێوەیەك دەقی سۆفییانە، چونکە لە جیهانی باطیندا دەسەڵاتی زیاترە، بۆیە هەمیشە مەیلی بەرەو لای نائاسایی واتاو ناراستەوخۆیی تێگەیشتن دەچێ. ئەگەر ئاسۆی چاوەڕوانی لەناو تیۆری وەرگرتندا، رەگەزو بنەمایەکی گرنگی کردەی تێگەیشتن بێت، ئەوا لە دەقی سۆفییانەدا ئاسۆیەکی تازەی چاوەڕوانی لای وەرگر دەخولقێ، بەوەی زیاتر ڕووبەرووی شتی کت و پڕو ئەگەرە چاوەڕوان نەکراوەکان دەبێتەوە. بێگومانیش هەتا ئەم ئەگەرە چاوەڕوان نەکراوانە هەبن، دەق بەرەو شیعرییەتبوون دەچێ و بواری خوێندنەوەو لێکدانەوەی پتر دەبێت.

لەناو کردەی داهێناندا سۆفی هۆشی بە لای وەرگر ون نەبووە، بەڵکو هۆشیارە، چونکە گرنگییەکەی لە کاریگەرییە ئێستێتیکییەکەدایەو بۆ کاریگەری لە بونیادی عەقڵی و فیکری، بەو پێیەی سۆفی خۆی بە کەسێکی خاوەن پەیام دادەنێ، کە هۆشی خوێنەر بە هۆشی دەقەوە گرێ بدات. هەرچی سیما رەوانبێژی و شێوازگەرییەکانیشن، کە لەناو دەقدا هەن، گوتاری سۆفییانە لەناو هێماو ڕەمزدا دایاندەپۆشێت[١]. بەم شێوەیە گوتاری سۆفییانە هەوڵی چاککردنی ئەم پەیوەندییە بە باشترین شێوە دەدات، لەبەرئەوەی هەڵکەوتەی بیری سۆفییانە زمان بەرەو ئاڵۆزبوون دەبات، بۆیە دەبێ میکانیزمێك بدۆزیتەوە لەلایەك بە زیانی ئایدیاو بنەما فیکرییەکانی تەواو نەبێت و لەلایەکی تریش بەربەستەکانی بەردەم کردەی تێگەیشتن لای وەرگر خۆش بکرێن. لێرەشدا وە نەبێ هەروا بە ئاسانی کردەی وەرگرتن لە لایەن وەرگرەوە بێتەدی، چونکە لە راستیدا (دیاردەیەکی ئاڵۆزەو کۆمەڵێك هۆکار کاری تێدەکەن، لەوانە هۆکارەکانی زمانی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، فێرکردن، رۆشنبیری، هۆکارە نازمانییەکان و....هتد، لەبەرئەوە دەقی سۆفییانەش لەم بارەدا وەك دەقی ئەدەبی دەقێکی مەعریفییە، لە نێویشیدا مەعریفەی ئەدەبی تێدایە).[٢] لە نێو ئەم مەعریفە ئەدەبییەشدا، ئەگەر وێڕای هەبوونی هەموو لایەنەکانی سەرەوە، کە باسکران، ئەگەر بە هێماو ڕەمزیش دەقەکە سیخناخ کرابوو، ئەوا ئەو دەقە سۆفیگەرییە زیاتر لە ئەدەبیات نزیك دەبێتەوە، بەمەش لە دوو سەرەوە هێزو قورسایی خۆی دەسەلمێنێ:

أ/ لە لایەك لە ڕووی ناوەڕۆکە سۆفیگەرییەکەیەوە، کە گوتارێکی تایبەتی هەیەو لە بەردەم تێگەیشتنی وەرگری ئاساییدا گرفت و تەگەرە دەخاتەوە.

ب/ لەلایەکی تر پەردەپۆشکردنی واتا بە هەموو جۆرە ڕەمزێك و بە تایبەتی ڕەمزی تایبەتیانەی سۆفیزم، هەنگاوێکی دیکە دەق لە خوێنەری ئاسایی دوور دەخاتەوە، ئەم ڕەمزەش هەم ئەدەبییەتبوونی

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨

٢- هەمان سەرچاوە، ل٦٩

دەقەکە دەسەلمێنێ و هەمیش بۆن و بەرامی سۆفی بوونێکی تایبەتی لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، کە بە بوونی کلیلی سۆفییانە، کۆدەکانی دەبنەوە.

کەواتە ئەگەر رەمز، دیوی ناوەوەی واتا نیشانبدات، ئەوا بە بارگاویکردنی بە تەسەووف، جارێکی تر هێزی باطین خۆی نیشاندەداتەوەو کارکردن لە جیهانی ناوەکیدا دەبێتە مەرج، بۆ ئەوەی بتوانرێ کۆدەکان بکرێنەوە. لەو نێوانەشدا سۆفی (لە باطین لەگەڵ خودادا مەستەو لە زاهیدیش لەگەڵ جیهاندا هۆشیارە).[1] بەرجەستەبوونی ئەم پرەنسیپەش لەناو دەقی ئەدەبیدا خۆی لە ناو خەیاڵ و خەوندا سیخناخ دەکات و تێگەیشتن لێی سەختە، بۆیە بە لێکدانەوەو خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیانە دەتوانرێ لەناو ئەم ئاڵۆزییەدا حەقیقەت لە دیوە پەنهانییەکەدا ئاشکرا بکرێت.

مامەڵەکردنی هۆشیارانەی وەرگر بە ئاراستەی ئەم ڕەمزە سۆفیگەرییانە، تا ڕادەیەکی باش دەرگا بەسەر کردەی تێگەیشتن دەکاتەوە، رێژەی تێگەیشتنیش لە وەرگرێکەوە بۆ وەرگرێکی تر بۆ ئەم بابەتە جیاوازە. وێڕای ئەوەی، کە خودی رەمزەکانی سۆفیگەری واتایەکی جێگیریان لە بنچینەدا هەیە، بەڵام چۆنیەتی گونجانیان لەگەڵ سیاقەکە ڕۆڵ دەبینێ، بۆ ئەوەی مەدلوولەکە بتوانێت لەلایەك کارلێك لەگەڵ سەرتاپای دەقەکە بکات و لە لایەکی تریش کارلێك لەگەڵ وەرگر بکات، بێ ئەوەی بەهای ئایدۆلۆژیای مەبەستە سۆفیگەرییەکەش بڕووشێ و لێی کەم بکرێتەوە.

خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیانە بۆ شیعری سۆفییانە، هەر لە زووەوە پێچەوانەی خوێندنەوە ئاساییە باوەکان بووە، چونکە لە لایەك گرێدراوی بیری بنەماکانی سۆفیگەری بووە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕەفتاری باوی کۆمەڵگەو لە زانستی ڕووکەشی خەڵك دوور بووە. لەلایەکی تر پەیوەستبوون بە زانستی هێرمینۆتیك ئەوەندەی دیکە کارەکە لە ئاسایی بوون دوور دەخاتەوە، بەو پێیەی (خوێندنەوەی دۆزینەوەی نهێنیەکانی رەمزی و زانستی ئاماژە (رەمز) و ڕێگای راستیی نهێنی دۆزینەوە، چەند زاراوەیەکن، کە سۆفیگەری رشت دەکەن لەسەر رەمزو ئیشارەت و سوسەکردن و مەعریفەیەکی نەرم و لەسەرخۆ بۆ ئەوەی ببنە ئامرازی دەروازەکانی تێگەیشتنی هێرمینۆتیکی سۆفییانە،... لەبەرئەوە زانایانی ئەو بوارە گەیشتوونەتە زانستێکی تازە لە بەرامبەر زانستی فیقهو زانستی کەلام، بۆ نموونە ئەویش زانستی ئاماژە (إشارة)یە، کە دەبێ لەسەر حەقیقەت و بەختەوەری کوڵەگەکانی هەڵکەنرابێ)[2]. لەبەرئەوە بەشێك لە هونەرەکانی رەوانبێژی لە خواستن و خوازەو پاتبوونەوەو هونەرەکانی تریش، کە لە لایەك سیمایەکی جوانیان بە دەق بەخشیوە، لەلایەکی تریش هەنگاوێك دەقیان لە راستەوخۆیی دوورخستۆتەوەو هەنگاوێك بیری هێرمینۆتیکایان لە خۆیان نزیککردۆتەوە، چونکە بوونەتە بنەمایەکی گرنگی گەمەی زمانی و وایان کردووە بە هیچ شێوەیەك تاکە تێگەیشتن و خوێندنەوەیەك بۆ دەقێك قبوڵ نەکات.

ئەم هەنگاوە راڤە (تفسیر) یشی لەکۆڵ خۆی کردۆتەوەو هەوڵی ئەوەی داوە لە هەناوی دەقەوە کۆمەڵێك شت کەشف بکات، کە خوێنەری ئاسایی پێشبینی ڕوودانی نەکات. ئەم چوونە ناو هەناوی

---

١- در أمدی بر تصوف و عرفان اسلامی، ویلیام چیتیك، ترجمه جلیل پروین، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٩، ص٩١

٢- التأويل الصوفي من البنية الى القراءة، د. طيب تيزيني، جريدة الثورة (يومية سياسية، تصدر عن مؤسة الوحدة للصحافة والطباعة والنذشر) ٢٧/ ١١/ ٢٠٠٧، انترنيت.

دەقەش، لە هەناوی واتای چەمکەکانیش نزیکدەبێتەوە، کە بنەمای سۆفیگەریی و خودی تەئویل بە تێگەیشتنە ڕۆژهەلاّتییەکەش بریتییە لە کردنەوەی دەرگاکانی سەر ڕۆح و جیهانی نامادەی بوون و ڕاستەوخۆ دوان لەگەڵ کەسێکی زیندوو، بەوەی هەمیشە ڕۆحی ئامادەیە و تووشی مردن نابێتەوە. لەو بارەشدا خودی ڕەمزەکان وەك نوێبوونەوەی ڕۆح، بە تێپەڕبوونی کاتیش، واتا لە خۆیاندا تازەدەکەنەوە، تازەبوونەوەکەش سەرچاوەکەی لە تەسەووفەوەیەو وەرگر بە پێی ڕۆژگارەکە ڕووبەڕووی واتایەك دەبێتەوە، کە چاوەڕێ نەبووەو ڕوانینی بۆ دەقەکە لە چوارچێوەی ڕەمزەکە بۆ دەقەکە دەگۆڕێت و واتایەکی دیکەی بە بەردا دەبڕێ.

### ٣-٦-٢ ئیشکالییەتی تەئویلکردنی شیعری مەحوی

هەندێك لەو ئیشکالییەتانەی بە درێژایی مێژوو هاتونەتە بەردەم خوێندنەوەی دەق، بەگشتی خۆیان لە یەك ڕەهەندەوە بەرجەستە کردووە. بەو واتایەی ئیشکالییەتەکە لە یەك تەوەرەدا خولاوەتەوە، جا لە بونیادی پێکهاتەیی دەقەکە بووبێ، یان لە ئاڕاستەو ستراتیژییەتەکەی لە ڕووی بنەمای واتاییەوە. لەبەرئەوە هەموو ئەمانە میکانیزمی تایبەت بە خۆیان هەیەو دەشێ بە جۆرێك لە جۆران هەنگاو بەرەو نزیککەوتنەوە لە ڕاستی بنرێ. ئەم ئیشکالییەتە هەموو دەقێك تووشی دەبێت و زۆر بە ئاسایی وەردەگیرێ و هەر خودی بنەمای تەئویلیش لەسەر ئەم تەرزە ئیشکالییەتە زۆر بە باشی ڕێ دەکاو دەسەنگرێتەوە.

ئەوەی شیعری کوردی بە گشتی و (مەحوی) بە تایبەتی، لە کاروانی ئەدەبیاتی جیهانی جیای دەکاتەوە، تایبەتمەندییەکەیەتی، ئەو تایبەتمەندییەش دواجار دەقی وەها ڕەنگرێژکردووە، کە کارلێککردنی لەگەڵ وەرگر وەك دەقی شیعری تر نەبێت و خۆی بە ئاڵۆزی نیشان بدات. هەتا ئاڵۆزتریش بێت، درەنگتر گرێیەکان دەکرێنەوە، بەمەش بەربەست دەکەوێتە بەردەم کردەی تێگەیشتن، لێرەشدا دەتوانین بڵێین ئەو تایبەتمەندییەی شیعری مەحوی، کە خۆی لە ئیشکالییەت بینیوەتەوە بۆ مەسەلەی تێگەیشتن و خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیانە، لە دوو سەرەوە تەماشا دەکرێ، کە بریتین لە:

١- مەسەلەی سۆفی بوون و سۆفی نەبوونی مەحوی:

زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لە مەحویان کۆڵیوەتەوە، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، مەحوی کەسێکی سۆفی بووە، ئەوەش بە بەڵگەکانی بنەما سۆفیگەرییەکان ساغیان کردۆتەوە، لە هەمان کاتدا بەشێکی کەم، کە مەحوی بە سۆفی دانانێن و پێیان وایە هەر لە ئەسڵەوە (کورد شیعری سۆفیگەری نیە) [١]، بەڵکو ئەوەی پێی گوتراوە سۆفیگەری، بریتییە لە دەقی ئایینی.

٢- مەسەلەیەکی تر ئەوەیە، کە مەحوی مادەم پەیڕەوی شەریعەتی کردووە، کەواتە بابایەکی سۆفی نییە*، ئەم مەسەلەی تەریقەت و شەریعەتەش، سووکە گەنگەشەیەکی ناوەتەوە. لەبەرئەوە چەندین

---

١- کاریگەری هزرو کلتورە نائیسلامییەکان لەسەر سۆفی و سۆفیگەرێتی ئیسلامی، لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٩ز، ل٣٤٧

* بە بڕوای لەتیف هەڵمەت، کە ئەویش بە کاریگەری هەندێك لەو کەسە نوێخوازانەی عەرەب پێی وایە، سۆفی دژی شەریعەتەو داوای خوایەتی دەکات، نەك بەندایەتی. ئەمەی سەلماندوە، کە مەحوی چونکە پەیڕەوی شەریعەتی کردووە، کەواتە سۆفی نییە. تەنیا (لەتیف

تەوەری تریش هەن، کە لەم دوو بوارەدا دەخولێنەوە، تا ڕادەیەکی زۆر بوونەتە گرفت لە بەردەم کردەی تەئویل، کە لە شیعری شاعیرانی تردا لە خوێندنەوەی هێرمینۆتیکانەدا ئەم ئیشکالییەتە سەر هەڵنادات.

ئێمە پێمان وایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك پێویستە سەرچاوەکانی ئەم بیرو ڕایانە بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی وەرگرەکان لەناو تیۆری وەرگرتندا بە تەرازوێك بپێوین، تا هیچ نەبێ لە کارلێککردنیان لەگەڵ دەقدا، جۆری نزیکیو دووریان دیاربخەین. ئەوەشی وایکردووە ئەم دوو مەسەلەیە بوروژێنێ، بریتیە لە:

أ- بڕیاردانێکی خێرا بێ ڕەچاوکردنی بنەماکانی تەئویل بۆ خوێندنەوەی دەقەکانی مەحوی، گرفتەکەش لەوە دایە بە ڕایەکی ڕووکارانە، یان تیۆرێکی سەر بە شیعری نەتەوەیەك، دەکرێتە پێوەرێکی بڕای بڕ (مقطوع)، بەمەش تەرازووەکە بە جۆرێك لاسەنگ دەبێت، کە بیروڕای بەرامبەر لەسەر تایەك لە ئاسمانو هی خۆیشی بە زەویدا دەچێتە خوار.

ب- تەماشاکردنی سۆفیگەری بە هەندێك تیۆری تایبەتمەندو بچوککردنەوەی ئەم ڕێبازە لە تەنیا چەند رابەرێکی مێژوویی، وایکردووە کە مادەم شاعیرێکی وەك مەحوی کتو مت وەك ئەوان نییە، کەواتە ناسنامەی سۆفی بوونی بەسەردا ناچەسپێ، ئەمەش هەڵەیەکی زەقە، چونکە مەحوی تەنیا باندۆری ئەوانی لەسەرە، نەك کتو مت لەبەرگرەوەیەکی ئەوان بێت. بەو پێیەی مەحویش لەناو سۆفیگەریدا خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی.

ج- بە یەك چاو سەیرکردنی تەواوی دیوانی مەحوی، ئیشکالییەت دەنێتەوە، چونکە لە ڕووی ستراتیژییەتی بیری مەحوی، غەزەلەکان لەگەڵ قەسیدەی بەحری نوورو (عقد العقائد) جیاوازن. بۆیە ناکرێ بە هەمان هەناسەوە شیعرەکان واتایان لێکبدرێتەوەو ناشکرێ بۆ بنەمای بیری سۆفییانە بە تەنیا عقد العقائد وەربگیرێ، بە تایبەتی لەو بوارەی، کە چنینی دەقی عقد العقائد لە گەڵ غەزەلەکانی تر جیاوازە، ئەوەندەی دەکرێ وەك زانست (علم)ێك سەیر بکرێ، کە بە شێوەی شیعری فێرکردن (تەعلیمی) دارێژراوە، ئەوەندە پەیڕەوی بنەمای میراتی سۆفییانەی نەکردووە، کە لە غەزەلەکاندا ئەمە بە ڕوونی دەردەکەوێت*. پاشان بە هیچ کامیان ناکرێ سەد لە سەد بڕوایەکە راست بکرێتەوە.

د- دەشێ دوالیزمیو دژە بۆچوون لەناو خودی دیوانەکە ببینرێ، هەر ئەمەشە خوێندنەوەی تەئویلیانە بەهێز دەکات. لە ڕوانگەی بڕوابوونمان بەوەی، کە ناکرێ شاعیر بە درێژایی تەمەنی، خۆی لە بڕوایەکدا قەتیس کردبێتو دەشێ گۆڕانی بە سەردا هاتبێ. هەروەك دەبێ ڕەچاوی گەمە زمانییەکەش بکرێ، کە دواتر دەبێتە لوتکەی پەرەسەندنی بنەمای تەئویلو فرە واتایی.

---

هەڵمەت) و (محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا) دژی بوونی سۆفیگەرین، یەکەمیان نەفی دەکاتو دووەمیش نەفی کردنێکی ڕەها نییە، بەڵام لە روانگەی (هایدگەر)ەوە لە (بوون)ی شیعرەکانی مەحوی کۆڵیوەتەوە، ئەگەرنا هەموو ئەوانەی بەشێوەی ئەکادیمی لەسەر مەحوییان نووسیوە، ئەوەیان بڕاندۆتەوە کە مەحوی شاعیرێکی سۆفی بووە.

* لەتیف هەڵمەت بۆ ڕەتکردنەوەی سۆفی بوونی مەحویو هەروەها پابەندبوونی شاعیر بە تەریقەت، بە تەنیا نموونەی عقدالعقائد دێنێتەوە. ئەمە لە رووی میتۆدی خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیانە هەڵەیە، چونکە دەبێ تەماشای دەوروبەر (سیاق) ی دەقەکە بکرێ، پاشان ناکرێ هەموو ئەم غەزەلانە کە راستەوخۆ لاسایی بنەمای شیعری سۆفیگەریی ئیسلامیان کردووە، نادیدە بگیرێن، بە تەنیا لەبەر داننان (الاعتراف) ێکی لە قەسیدەی (عقدالعقائد)ەکەدا.

هـ- به تەنیا خۆ خەریککردن به ژیان‌و کەسایەتی شاعیر، جوانی‌و جوڵه پڕ له هەڵبەزو دابەزەکەی دەق بەرەو نەمان دەبات، که له دەقدا ئەم بنەمایه دەق نەمر دەکات‌و وا دەکات له یەك چوارچێوه قۆرخ‌و تاپۆ نەکرێت.

بۆ خوێندنەوەی دەقەکانی (مەحوی)، ڕەچاوکردنی ئەم پێنج خاڵه یارمەتیدەره بۆ ئەوەی تووشی بڕیاری خێراو دەقگرتوو نەبین، لەو ئیشکالییەته رزگارمان بێت، که هەمیشه هەڵکەوتەی شیعری (مەحوی) وایه ئەمانه له خۆ دەگرن. لەبەرئەوه ئێمه لەو لێکۆڵینەوەیەدا بنەمای خوێندنەوەکەمان له دەقەوه سەرچاوه دەگرێ، به لەبەر چاوگرتنی تیۆری وەرگرتن (نظرية التلقى) و له ڕوانگەی دۆزینەوەی کەلێنه وردەکانی دەقەوه هەوڵی دەرخستنی تێگەیشتنی جیاواز دەدەین، چونکه هەر بڕیارێکی بڕای بڕ بۆ شیعرەکان تێپەڕاندن‌و بەزایەدان (الافراط والتفريط)ی تێدەکەوێت‌و له تاکه واتایەکدا بچوکی دەکاتەوه، بەمەش ئەوسا وای لێدێت، به هۆی تەئویلەوه دەق تەنگەبەرو بچوك دەبێت‌و سەرەنجام دەمرێت، نەك به پێچەوانەوه بەرەو جوڵه‌و گەنگەشه‌و نەمری ببات.

### ٣-٦-٣ ئیشکالییەتی تێگەیشتن له شیعری مەحوی دا

ئیشکالیەتی تێگەیشتن له شیعری (مەحوی) دا، هەر پەیوەندی به سەردەم (کات) ەوه نییه، وەك ئەوەی پێمان وابێ دوورکەوتنەوه له زەمەنی (مەحوی)، بەربەستەکانی بەردەم ڕێگای تێگەیشتن له شیعرەکانی زیادکردووه، ئەمه له ڕوانگەیەکەوه ڕاستەو بەشێکه لەو کردەیه، بەڵام چنینی شیعری مەحوی بەو ئەندازەیه بۆ خوێنەرەکانی سەردەمی خۆیشی گرفت بووه. گرفت بەو مانایەی هەر وەك چۆن مەحوی شارەزای ململانێی تێگەیشتنی تەئویلی سەلەف‌و خەلەف بووەو هەستی به ئاڵۆزییەکانی تێگەیشتن له نێوان ئەم دوو پێڕەدا کردوه، بەهەمان شێوەش دەرکی بەوه کردوه، که ئەو شێوازەو چنینەی ئەم دەینوسێ ڕەواجی نییه. ئەوەش لەبەر دوو هۆ:-

أ- زمانی شیعری مەحوی له شاعیره کوردەکانی سەردەمی خۆی ناچێت‌و چنینەکەی به شێوەیەکە، که زۆربەی ئەوەندەی له وتەیەکی فەلسەفی دەچێت، ئەوەنده چێژی ڕیتمی مۆسیقایی‌و هەڵبەزو دابەزی دەروونی به ئاراستەی ئاسان تێگەیشتن تێدا نییه، بۆیه درەنگ خۆی به دەست خوێنەرەوه دەدات.

ب- له ڕووی ناوەڕۆکەوه ئەم ناوەڕۆك سۆفیزمە، هەنگاوێکی دیکەی واتا له خوێنەری ئاسایی دوور خستۆتەوه. به تایبەتیش خوێنەری سەردەمی مەحوی کەمتر به زمانی کوردی‌و به دیالێکتی کوردی ناوەڕاست لەسەر ئەم تەرزه دەق‌و ناوەڕۆکه ڕاهاتبوو. وێڕای ئەمەش سروشتی ئەم دەقانه کەمتر بۆ ئەزبەرکردن (الحفظ) دەست دەدەن، وەرگرەکان عەودالّی ئەوه نین، که لەسەر زاریان بێت، بەو پێیەی هەر کاتێك بەربەست هاته بەردەم کردەی تێگەیشتن، ئەزبەرکردنیش، یان هۆگربوون‌و ڕەواج بەخشین به دەقەکه کەم دەبێتەوه، ئەوەتا مەحوی ئەم گلەییە دەکات‌و دەڵێت:

کێ قەدری شیعری ئێمه دەزانێ و بەری دەکا
هەر صاحێبه لەبەرکەری کالایی بێ ڕەواج /٩٣

هەر لەبەر ئەم کێشەیەش بووه، ڕەخنەی نوێ هەولیداوه به شێوەی میتۆدێکی دیارەوه له دوای شکستی بونیادگەری بۆ کردەی تێگەیشتنی دەق، تیۆری ئیستێتیکای وەرگرتن‌و تیۆری پێشوازیکردن له

دەق (نظرية الاستقبال) بهێنێتەکایەوە. ئەوانیش گرنگیان بەو میکانیزمە داوە، کە خوێنەر بەدەق دەبەستێتەوە. بۆیە کەسێکی وەك (ریڤاتیر) پێی وایە (پەیوەست بوونی خوێنەر بە دەقەوە خۆی لەوەدا دەنوێنێ، کە خوێنەر ئاشنای بونیادی شێوازی دەق بێت، چونکە خوێنەر ئامانجە لە تێگەیشتن لە رێگاکانی نووسەر)[1] و لە زانینی ئەو رێگایانەوە چێژ دێتە کایەوەو دواتر رەواجی دەق لەلای وەرگر دەبێت و دەق دێتە ئەزبەرکردن، کە ئەمە بە لای خوێنەری ئێستاو ئەوسای (مەحوی) یەوە بۆتە ئیشکالییەت و هەر ئەم ئیشکالییەتەشە دەکرێ هێرمینۆتیك وەك میتۆدێکی خوێندنەوە دەرەقەتی بێت.

## ٣-٧ هێرمینۆتیکا و رۆڵی لە زەلاندنی واتادا

کە باس لە وەرگەڕان(القلب)ی واتا دەکرێ، مەرج نییە واتاکە تەواو پێچەوانە بێتەوە، بەڵکو هەندێ جار وشەکە لە رێڕەوی ئاسایی خۆی لادەدات و واتایەکی نزیك لە کێڵگەی وشەکە لەخۆ دەگرێت. ئەمەش بەو واتایەیە، کە واتای دووەم باشترە بەکاربێت، نەوەك واتایەکی تری دوور. بۆ نموونە وشەی (تەرسا) لە فەرهەنگدا بە مانای (کریستیان– مەسیحی– دیان) دێت، بەڵام هەندێ جار ئەم وشەیە بە تەنیا کەسی دیان ناگرێتەوە، بەڵکو کەسی مەیفرۆشیش بە (تەرسا) ناوی دێت. چونکە خودی وشەی (تەرسا) ((رەمزی مەی فرۆشیشە)) [2].

لە شیعری (مەحوی) شدا، ئەگەر بە واتا ئاساییەکەی بڕوانینە وشەی (تەرسا)، ئەوا لە مەسیحی بوون زیاتر هیچ واتای دیکەی لێ هەڵناکرێندرێ، چونکە بە شێوە ئاساییەکە وا رۆیشتووە، بەڵام ئەگەر پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول لە ئاستە سیمۆلۆژییەکەدا لابرێت و هێرمینۆتیك شوێنی بگرێتەوە، ئەوا لە چوارچێوەی سیاقدا سەیری دەقەکە بکرێ و ئەو رەمزە نیشان بدرێتەوە، کە هێرمینۆتیك دەیجوڵێنێ، ئەو کاتە یەکێتیی بابەت لە تاکە بەیتێکدا ئەو رەواجەی نامێنێ و دەبێ لە تەواوی دەقەکەدا ئەو رەمزانە بدۆزرێنەوە، کە بزوێنەری سازاندنی واتای دیکەن. بە تایبەتیش شیعری سۆفیگەری، کە بەردەوام لەمپەر دەخاتە نێوان خودی دەق و وەرگرەکانی، بۆیە کە ئەم دێرە شیعرەی (مەحوی) بخوێنینەوە:

**لەگەڵ دەستی مەلا رێ ناکەوێ زوننااری زولفی یار**

**وەکو (شێخ) ئیختیاری مەذهەبی (تەرسا) نەکەم چبکەم**

لە واتا رووکەشییەکەدا تێدەگەین: شاعیر وەکو شێخی سەنعان دەیەوێ مەزهەبی مەسیحی بوون هەڵبژێرێ، ئەم گەیشتنە بەم واتایەش لە رێگای دۆزینەوەی نیشانەی (تەرسا) یە، کە ڕاستەوخۆ ئەگەر واتا زمانییەکەی هەلکرێنین، بەڵام لە سیاقی تەواوی دەقەکەدا هەست بەوە دەکرێ هەروەکو چۆن ((لە ئەدەبی فارسیدا مەی فرۆش دراوەتە پاڵ تەرساییەکان))،[3] ئەوا لە یەکەم دێرەوە کە دەڵێ:

**بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چبکەم**

**بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وانەکەم چبکەم** /٢٣٠

١- نظرية التلقي، اصول وتطبيقات، د. بشرى موسى صالح، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠٠١، ص٤٣

٢- تأويل نشانه شناختی ساختارگرای شعر (زمستان) اخوان ثالث، عليرضا انوشيروان، انترنيت www.sid.ir

٣- سەرچاوەی پێشوو

هەست دەکرێ واتاکە بە تەواوی مەبەست لێی مەی فرۆشی و بەرەو پیری مەی چوونە، بە تایبەتیش (نووری بادە– مەی)، بۆ ئەوەی بەم نووره مەییە، کە شەرابی خۆشەویستی خودایە، تاریکایی شەو ڕۆشن بکاتەوە، کاتێك ئەم تیشکی شەڕابی عیشقی راستەقینە هیچ لەوە نزیك نییە، کە هەڵبژاردنی مەسیحایی بێت، چونکە کێشەی (مەحوی) دوورکەوتنەوەو دەست بەردانە لەگەڵ (مەلا) یەك، کە لە واتای رۆح تێ ناگاتو بادیەی عیشقی راستەقینەی نەچەشتووە.

لەلایەکی تر ئەگەر بۆ بنەما سۆفیگەرییەکە بگەڕێینەوە، واتاکە لە مەی فرۆشی دونیاییەوە بۆ مەی فرۆشی ئاسمانی دەچێت، بەوەی (تەرسا لای سۆفییەکان ئەو پیاوە ئاینییەیە، کە خەسڵەتە خراپەکانی دەروونی خۆی بە خەسڵەتی باش ئاڵوگۆڕ کردبێت)[1]. لێرەشدا مەحوی، مەلایەکی خەسڵەت خراپ جێدەهێڵێ بەرەو زانایەکی دیکە، کە تەواو وشەی تەرسای بەسەردا جێبەجێ بێت، بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی رۆحانی و بگاتە ئامانجی خۆی کە حەقیقەتی راستەقینەیە. لە سۆنگەی ئەوەش دێری دواتر زیاتر لە شەریعەت و بنەما ئاینییەکە رۆدەچێت، بۆیە روونتر دەردەکەوێت، کە تەرسا بە هیچ شێوەیەك واتا سیمانتیکییە فەرهەنگییەکەی نییەو واتایەکی تایبەتی بۆ سازێندراوەو واتای یەکەمی لە شوێنی خۆی زەلێندراوە.

لەلایەکی تر پرسی شێخی سەنعانیش، کە وەك رەمزێك لە ئەدەبیاتی رۆژهەڵات بەکارهاتووە، مەدلولی ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ، کە (دەشێ جوانی "جەمال"ی خودایی لە وێنەی ژنێکدا تەجەللا بکات، شێخی سەنعانیش لە دونیای چاکەخوازی و پارێزگارییەوە بەرەو ژیانی عیشق و خۆشەویستی خۆی بگۆڕێ... خۆبەستنەوەش بە زوننار لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە زوننار هەردوو خەسڵەتی جوانی و کەمەندکێش کردن"الجاذبیة"ی تێدا بەرجەستە بووە)[2]، لەوەشدا چیرۆکەکەی شێخی سەنعانیش خۆ رزگارکردنە لە دەروونێکی خاڵی لە عیشق و چوونە بەرەو عیشقی راستەقینە، کە تەرسابوونەکەو زوننارەکە وەك رەمزێك بەکارهاتوون و سیاقەکەش گەواهی ئەوە دەدات، کە بابەتەکە بەرەو قوڵایی چوون و رۆچوونە بەرەو سۆفیگەرییەکی راستەقینە، کە تەواو بە بنەماکانییەوە وابەستە بووبێت.

---

١– کشاف اصطلاحات الفنون، محمد علی الهانوی الحنفی، المجلد الرابع، ص٤٣٢

٢– الجزري شاعر الحب والجمال، خالد جمیل محمد، دار الزمان، دمشق، الطبعة الاولی،٢٠٠٦،

### ٣-٨ بایەخی تەئویل* لای مەحوی

بایەخدانی تەئویل لەناو زاناو شاعیراندا بە گشتی بە دوو شێوە دەبینرێت:

یەکەم: بایەخدانی ناوەکی:

دووەم: بایەخدانی دەرەکی:

لە بایەخدانی ناوەکی دا، نکۆڵی لەوە ناکرێ، کە زاناو شاعیرانی بە نەتەوە موسڵمان، لەناو ئەو وانە شەرعیو فیکرییانەی، کە خوێندویانە، کەم تا زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری هەندێ بیرو بۆچوون، کە جێگای مشتو مڕ بووەو بەو هۆیەوە ئەم بیرو ئایدیایانە لە ژیانیاندا ڕەنگی داوەتەوەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوونە پڕاکتیکی بکەن، بە تایبەتی ئەوانەی، کە جێگای سەرسامییان بوونە. لەو نێوەندەشدا سەرسامبوون بە بابەتێکی وەك تەئویل بە دوو شێوە لە ناوەکییەوە بۆ دەرەکی پراکتیك کراوە، ئەوانیش:

أ- شێوەیەکیان لە ئاکارو هەڵسوکەوتیاندا لە ژیانی رۆژانەو لە پابەندبوون بە سروتە ئاینییەکانەوە، پەیڕەوی بنەماکانی تەئویلیان کردووە، بەوەی لە پشتیوانانو پەیڕەوانی ئەوانە بوونە، کە بە بنەمای تەئویلەوە لە ژیانو لە پابەندی سروتە ئاینییەکانیان ڕوانیوەو لە ژیاندا ئاسایی بیریان نەکردۆتەوەو هەمیشە قسەیەکی دیکەیان هەبووە بۆ گوتن، چونکە خودی تەئویل بریتیە لە ناڕازی بوون بە یەك واتاو بە یەك بیرکردنەوەو بە قالبێکی چەقبەستووی ژیان. بە واتایەکی تر لەگەڵ خەڵك نەژیانو رەخنەگرتن نەك هەر لە پێکهاتەکانی ژیان بە هەموو چینو توێژەکانەوە، بگرە رەخنە لە ئەدای پەرستشو خواپەرستیو بەتایبەتی تریش رەخنە لە خودی دونیاو بێزاری دەربڕین لەو شێوازەی ژیان لەسەر دونیا، لە ئەنجامی قبووڵنەکردنی بیروڕا تایبەتییەکانی شاعیر، بەرەو یاخیبوون دەچێت، کە ئەمە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە کاری تەئویل، کە پێچەوانەی تەفسیری ڕووتە بۆ ژیان.

مەحوی- یش لە ژیانیدا پێچەوانەی شاعیرەکانی تر هەر زوو هەست دەکرێ هەمان ئەو بۆچوونانەی هەیە، کە لایەنگیرانی تەئویل پێشتر هەیانبووە. ئەویش لە دوو ئاراستەوە:

یەك: ئاراستەیەك کە مەحوی سۆفی بووەو ئەوەندەی سۆفییەکانیش لەگەڵ بنەماکانی تەئویل گونجاون، ئەوەندە تەوژمە فیکرییەکانی تری ناو جیهانی ئیسلامی قبوڵی تەئویلیان نەبووەو بەڵکو لە دژیشی وەستاونەتەوە. لەم ڕووەوە شاعیر وەك کەسێکی تێگەیشتوو لە بنەماکانی تەسەووفی راستەقینە پابەندی تەسەووفێکی پاكو بێگەرد بووە، کە لە ڕووی عەقیدەشەوە بڕوایان بە تەئویل هەبێ.

دوو: مەحوی جگە لە سۆفیاتییەکەی، شاعیریش بووە، واتە بە دوو باران نێوانی لەگەڵ تەئویل خۆش بووە، بەو پێیەی شاعیرە سۆفییەکان، پێش سۆفییە ئاساییەکان سەرسام بوونە بە وانەی کە تیۆریان لەبارەی تەئویلەوە هەبووە.

ب- شێوەی دووەمیان بە لایەنی دەرەکییەوە، واتە بە ئاشکرا جگە لە لایەنە واقیعیو ژیانی تایبەتی خۆیەوە شارەزای زانستەکە بووەو ئەمەش لە ئەنجامی رامان لە بەرهەمە شیعریەکانی تردا ئەمە بە ڕوونی

---

* بۆیە لێرەدا وشەی (تەئویل) لەجیاتی وشەی (هێرمینۆتیکا) بەکاردێنین، لەو سۆنگەیەیە کە ئەم زاراوەیە لە ئەدەبیاتی ئیسلامیو ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتدا هاتووەو وشەی هێرمینۆتیکا لەناو رەخنەو دەقی کوردیدا تازەیە، چونکە یەکەمیان لە بنچینەدا بۆتە جێگای مشتو مڕ بەتایبەتی لە زانستە ئیسلامییەکان بە گشتیو لە تەفسیرو عەقیدەدا بەتایبەتی، بەتایبەتی تریش لە نێوەندی سۆفیو سەلەفییەکاندا، بۆیە مەحوی- یش لەو روانگەوە ئەم وشەیەی فەرامۆش نەکردووە.

دەردەکەوێت کە نەك هەر ئاشنای وشەی (تەئویل)ـە، بەڵکو شارەزای قۆناغەکانی گەشەکردنی زانستی تەئویلەو هۆشیارانەش دەیسەلمێنێو لەناو خودی شیعرەکانیدا بۆ مەبەستە شیعریەکانی بەکاری دێنێ. ئەمەش خۆی لە دوو تەوەر دەبینێتەوە:

١-تەوەرەی یەکەم مەحوی خودی وشەکە بەکاردێنێتو ئاماژە بە قۆناغەکانیشی دەکات، کە قۆناغی سەلەفو خەلەفەو بەو پێیەی زانستەکە بە تێپەڕبوونی کاتو لە مێژووی ئیسلامیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. وەك دەڵێ:

**لاڵە خۆ (مەحوی) لە وەصفی حوسنی بێچوونی نیگار**

**لا لە تەئویلی خەلەف قوربانی تەئویلی سەلەف**   /١٧٦

**یان:**

**تەنزیە ئەکەن سەلەف، خەلەف ئەمما دەکەن تەئویل**

**بۆ هەرچی ناسزایە بە زاتی عەظیمە شان**   /٣٧٦

لە دێری یەکەم دا بابەتێکی غەزەلی خراوەتە روو، لەو سۆنگەیەوە پرسی تەئویل لە مێژوودا وەك پاڵپشتی بۆ دەقەکە بەکارهاتوون، واتە تەئویلەکە بنچینەی باسەکە نییە، بەڵکو پشتیوانییە بۆ وێنە شیعرییەکە.

هەرچی دێری دووەمە، پرسێکی بیروباوەڕ (العقیدة) خراوەتە رووو باس کردن لە تەئویل بابەتی باسەکەیە، وەك لایەنێکی دیاری زانستی کەلام و عەقیدە.

٢-داڕشتنی شیعرەکانو ئەو چڕیو بەناویەکداچوونەی وشەکانو ئەو شێوازە تایبەتییەی لە نووسیندا بواری ئەوە دەرەخسێنێ، کە جگە لە شاعیریش وەرگر بۆ بنەماکانی تێگەیشتن، پەنا بۆ تەئویل ببات. ئەمەش لە شیعری کوردی سەردەمی خۆیدا، ئەم جۆرە شێوازە، دەگمەن، یان هەر کەم دەبینرێ، چونکە تەئویل جگە لەوەی میتۆدی کارکردنی خوێنەر (وەرگر)ە، لەگەڵ دەق، (بەگوێرەی حاڵی لێکدەرەوە (وەرگر) لە پاکی زەینو ئاستی مەعریفە، لە یەکێك بۆ یەکێکی تر جیاواز دەبێت) [١]، لەهەمان کاتیشدا ئەگەر نووسەر/ شاعیر، شارەزای بنەمای ئەم زانستە نەبێ، ناتوانێ بنەمای رستەسازیو ئاستی دەلالی دەقەکەی پێ دابڕێژێت، بۆیە هەروەك چۆن ناکرێ چنینی دەقی مەحوی لە بنەماکانی تەئویل دابڕێن، ئاواش ناتوانین شاعیر، لە شارەزابوون لە زانستی تەئویل دابڕین.

---

١- اتجاهات التأویل النقدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧

## ٣-٩ هێرمینۆتیکا و زاراوەکانی لە گوتاری شیعری مەحوی دا

مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، وەك ئەو ڕووبارە ئاوە وایە، کە لە زۆر لاوە جۆگای لەسەر بەسترا بێت، بەو واتایەی لە سەرچاوەی زۆرەوە دەکرێ پەیوەندی لەگەڵ دەق ببەسترێ، لەو سۆنگەیەی کە دەق ماددەیەکی خامەو بە زۆر شێوەو شێوازەوە کردەی تێگەیشتن (الفهم) تێیدا ڕوو دەدات، ئەم هەنگاوەش زۆر چەمکی تایبەت بە خۆی دروستکردووە، هەموو ئەم چەمکانەش، کەم تا زۆر لەناو ڕەخنەی ئەدەبی و لەناو چۆنیەتی لێکدانەوەی دەقدا شوێنی خۆیان گرتووە، ئەگەرچی تێکەڵاوییەك جار جار لە نێوانیاندا دروست دەبێت و هەمووشی لە ئەنجامی قووڵبوونەوەو هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنی واتا شاراوەکانی دەق.

ئەگەر لە چەمکە سادەکانەوە دەست پێ بکەین، بەوەی کە هێدی هێدی واتا شاراوەکانی دەق هەڵدەکرێنین، ئەوا دەشێ خودی هێرمینۆتیکاش لەناو ئەو بازنەیە جێ بکەینەوە، کە کاری هەڵکراندنی واتاکانی دەقە، بەو ئامانجەی بتوانین چۆنیەتی ڕوانینمان بۆ دەق ڕوونتر بکەینەوەو هەموو ئەو کارانەی لەسەر شیعری مەحوی ئەنجام دراون لەسەر یەك چەمك قۆرخیان نەکەین و بە گوێرەی تیۆرەکانی گونجان و مامەڵەکردن لەگەڵ دەق، یەك بە یەك شییان بکەینەوە، گرنگترین ئەو چەمکانەش بریتین لە:

١- ڕوونکردنەوە (التوضيح):

لەناو چۆنیەتی پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا، ڕوونکردنەوە هەتا ئەو ئاقارو سنوورە گرنگە، کە تەنیا دەتوانێ بەشێك نەك هەمووی، لە تاریکایی دەق ڕۆشن بکاتەوە ئەمەش (لە ئەنجامی تێکگیرانی هۆشیاری نووسەرە لەگەڵ هۆشیاری خوێنەر ... کە ئەمەش کۆتا تێگەیشتن و تێگەیشتنێکی تەواو نییە بۆ کاری ئەدەبی و داهێنانی دەقێکی تازە نییە بەلای خوێنەرەوە)[١]. بەو پێیەی هەندێ خوێندنەوە جارێکی تر سازاندنی دەقەو دروستکردنەوەیەکی ترە بۆ دەقەکە، بەڵام ئەم ڕوونکردنەوەیە دەشێ هەندێ لە زاراوەکان بەلای خودی خوێنەرەکە سادەو ئاسان بن، بەو پێیەی لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی هاوتەریبە، بەڵام ئەمە واتای تەواو تێگەیشتن نییە، خودی ئەم ڕوونکردنەوەیەش لە دەقێك بۆ دەقێکی تری تاکە نووسەرێك دەگۆڕێت. هەموو خوێنەرانی شیعری مەحوی بە شێوەیەکی گشتی، کە خوێندنەوەیەکی سەرپێی و واتایەکی سادە لە شیعرەکانی هەڵدەکرێنن و ناچنە ئاستی ژێرەوەی و جاری وا هەیە تەنیا واتای وشە کوردییەکان دەزانن، دەچنە چوارچێوەی چەمکی ڕوونکردنەوەو دەتوانن بەشێك لە تاریکایی سەر ڕووکاری دەقەکە ڕۆشن بکەنەوە. بەواتایەکی تر خوێنەرێك کە تۆزقاڵێك شارەزای ڕەوانبێژی نەبێت، تەنیا لەو دێرانەدا پشکی شێری لە ڕوونکردنەوەدا بەردەکەوێت، کە کەمترین هونەری ڕەوانبێژی تێدا بەرجەستە بووە. چونکە هەتا دەق خاڵیتر بێت لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە هەر سێ زانستەکەیەوە، ئەوا لە قسەی ئاسایی نزیکتر دەبێتەوە. بەمەش بواری تێگەیشتن بۆ خوێنەری ئاسایی خۆشتر دەبێت. کەواتە دەتوانین لە تێگەیشتن لەم چەمکەدا بڵێین خوێنەری ئاسایی لەبەرامبەر چەمکی ڕوونکردنەوە خۆی دەبینێتەوە.

خوێنەری ئاسایی (کەم ئەزموون) ⇄ ڕوونکردنەوە

---

١- اتجاهات التأويل النقدي من المكتوب الى المكبوت، لا١٣٧

٢- شەرحكردن (الشرح):

گەلێك جارانیش قسەی ئاسایی پێویستی بە شەرحكردنێك هەیە، بە تایبەت كە كردەی تێگەیشتن بەربەستی بكەوێتە بەر، لەو سۆنگەیەی هەندێ جار ڕەگەزە ڕەوانبێژییەكان خۆیان دەئاخنە ناو ئاخاوتن لەناو دەقی ئەدەبیشدا، بە تایبەتی شیعر چڕیو بەناویەكداچوونێكی وای هەیە، پێویستی بە تێكشكاندنو هەڵوەشانەوەی بەشێك لە پێكهاتەكان هەیە، تا رستەكە دەكەوێتە باری ئاسایی، چونكە ئەوەی گوتراوە (ئەوەی بۆ شاعیر دەشێ بۆ خەڵكی تر ناشێ)، لەو بارەدا بەرجەستە دەبێت، كە شاعیر حاڵەتێكی نائاسایی دەربڕین دروست دەكات. كردەی شەرحكردنیش (پەیوەستە بەو واژەیەی، كە لە دەوروبەر (سیاق)ی خۆی دوور كەوتۆتەوە، هەروەك لەو وێنە خوازەییەش خۆی دەنوێنێ، كە بە ئاسایی بوون دەرچووە،.... ئەمەش لە شەرحی زۆربەی دیوانە كۆنەكاندا بوونی هەیە)[١]. لەبەرئەوە ئەگەر هێرمینۆتیك لە روانگەی لێكۆڵەرە تازەكانو لە سەرووی هەمووشیانەوە شلایرماخر بریتی بێت لە هونەری دووركەوتنەوە لە خراپ تێگەیشتن، ئەوا شەرحكردن/ روونكردنەوە، بەشێك لە چالاكیی رەخنەیی پێك دەهێنن بۆ دیاریكردنی دەق، هەروەها ناساندنی بەوەی، كە لەگەڵ واقیعی ژیان بگونجێت، جا خوێندنەوە پاساوی بۆ بهێنێتەوە، یان بەستێنی دەق خۆی لە روانگە مێژوویەكە لەگەڵ واتا بگونجێنێت[٢]. گرنگ ئەوەیە بە هەردووكیان بەشێك لە واتاكانی دەق لێكدەدەنەوە، بەهۆی چۆنیەتی چنینی واژەكانو ئەو هونەرانەی كە لە دەوروبەرو بەستێن(سیاق)ی دەقەوە بە پێی مێژووی ئەدەبی بۆ خوێنەر گوازراونەتەوە. بۆ نموونە هەموو ئەو وێنە خوازەییو خواستنانەی كە شاعیر دەیانسازێنێ لە وێنەی:

**بەپیر ئەو ماهەوە چووم‌و بەسەر چووم**

**پەری بوو، ئەو نەبوو، شەوبوو بەسەرچووم /٢٢٤**

لێرەدا شەرحكردن تا ئەو سنوورە بڕ دەكات، كە (ماه) وەك هونەرێكی خواستن دەیخاتەوە رستەی بنجیو لە شەرحەكەدا ئەوە ڕوون دەكاتەوە، كە مەبەستی لە مانگی راستەقینە نییە، بەڵكو كەسێكی بە مانگ چواندووە، بەڵام ئەوە ڕوون ناكاتەوە كەسەكە كێیەو لە چ پلەیەكدایەو مەبەستی سەرەكیی خودێتی شاعیر شەرحناكات، بەڵكو شەرحی ڕەگەزە ڕەوانبێژییەكە دەكات.

٣- راڤە (التفسیر): راڤەكردن كردەیەكە لە شەرحكردن فراوانترە، بەوەی تەنیا خۆی لە شەرحی وشەیەك، یان گرێیەك چەقبەستوو ناكات، بەڵكو ئاسۆییتر رووبەری دەق دەگرێتەوە. لە شیعری كلاسیكیدا تەنیا دێرە شیعرێك پێناسی دەقی تەواوی بە بەردا دەبڕێ، لەناو ڕەخنەی عەرەبیدا لەسەرەتاكاندا ((راڤە (تەفسیر) بۆ قورئانی پیرۆزو (شەرح)یش بۆ شیعر داندراوە))[٣]. لە فەرهەنگەكانیشدا پێیان وابووە تەئویلو راڤە زۆر لەیەك نزیكن، بەوەی تەئویل لەلای ئوصولییەكان هاوواتای راڤە (تەفسیر)یە، هەروەها گوتراوە خودی تەئویل گومانە لە مەبەستو راڤەیەكی یەكلاكەرەوەیە، چونكە ئەگەر لەگەڵ روونكردنەوەكەدا بەڵگەیەك هەبێت، بەڵام بەڵگەكە گومانی لەسەر هەبێت، وەك تاكە هەواڵێك كە

---

١- سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٧

٢- إراءة التأويل ومدارج الشعر، د. عبدالقادر فيدوح، دار صفحات للدراسات والنشر، سورية، الاصدار الاول، ٢٠٠٩، ص٦٩-٧٠

٣- اتجاهات التأويل النقدى من المكتوب الى المكبوت، ص١٤

گومان لە هەبوونی بەڵگەکە بکرێت، ئەوا ئەم دەقە تەئویلکراوە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ روونکردنەوەکەدا بەڵگەی یەکلاکەرەوە هەبێت، ئەوا دەگوترێت راڤەکراو، هەروەك گوتراوە هێرمینۆتیك لە راڤە تایبەتترە[1]. ئەگەرچی دواتر جیاوازی هەردووکیان لە رووبەرو مەودای کارکردنیان لەناو دەق خرایە ڕوو، بەوەی وەك (ابن الأثیر) لە جیاوازییاندا دەڵێ: (ڕاڤە روونکردنەوەی حەقیقەتی واژەیە لەو شوێنەی تێیدا هاتووە... هەرچی تەئویلە ئاشکراکردنی ناوکی واژەیە)[2]. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین دۆزینەوەی حەقیقەت لە راڤەکردندا ئاسانتر بۆ وەرگر، خۆی بە دەستەوە دەدات و ئەوەی کە لۆجیك پێی قایل دەبێت ئەوە دەخاتە ڕوو. هەرچی تەئویلە هەڵکراندنی مانای قووڵترەو مەرج نییە هەموو دەقێکی ئەدەبی پێویستی بەوە بێت خوێندنەوەی تەئویلیانەی بۆ بکرێ، دەشێ لە قەسیدەیەکدا یەك دێر بواری ئەوەی تێدا بێت، کە بە قووڵی ناوکەکەی ئاشکرا بکرێ و لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ بەرجەستە بکرێ، کە وا لە دەق بکات تام و چێژی دیکە بە وەرگر ببەخشێ.

راڤەکردن لە مێژووی ڕەخنەدا پایەو ڕووبەرێکی گرنگی گرتووە، بە جۆرێك هەمیشە کاری ئەوە بووە بونیادی ژێرەوەو قووڵی دەق ئاشکرا بکات، هەتا لە دەقە ئاینییەکانیشەوە، بەهۆی زۆری راڤەو تەفسیرەوە دەق بە نەمری ماوەتەوە، چونکە راڤەکار روحێکی دیکە دەداتەوە بەر دەق و دەقێکی دیکە دەسازێنێتەوە. هەموو ئەو تەفسیرانەی بۆ قورئان کراون، هەر یەکەیان تام و چێژێکی تایبەت بەخۆی هەیەو هیچیان ئەلتەرناتیڤ و جێگرەوەی ئەویتر نین، بەڵکو هەریەکەیان لە گۆشە نیگایەکەوە ڕوانیوییەتیە دەق، هەر زۆری راڤەشە، دەبێتە نیشانەی بەهێزی زمان و ناوەڕۆکی دەق، چونکە دەقی سادە پێویستی بە راڤەی زۆر نییە، لەو شوێنەش کردەی راڤەکردن لە برەودا دەبێ، تەئویل شوێنی خۆی دەکاتەوەو هەوڵدەدا قووڵتر بونیادی ژێرەوەتر بەدیار بخات.

لایەنێکی گرنگی کردەی راڤەکردن بریتییە لە مەبەست و نیازی نووسەر، کاری راڤەکارە بتوانێت هێڵە گشتیەکانی مەبەستی نووسەر لە نووسینی دەقەکەی بخاتە ڕوو و ئاستی ڕۆشنبیری و زانست و ڕادەی داهێنانەکەی شی بکاتەوە، هەتا نووسەرەکە قووڵتر بنووسێت، خوێنەرو راڤەکاری خاوەن ئاستیش دەتوانێ بە قووڵی کۆدەکان راڤە بکات، بە پێچەوانەوە نووسەری کەم ئاست و وەرگرو راڤەکاری کەم ئاستیش بەرامبەر یەکتر دەکرێن.

کردەی هەڵوەشاندنەوە ئەگەر وەك میتۆدو ڕێبازی رەخنەش سەیری نەکرێت، ئەوا هەنگاوی راڤەکارە، چونکە راڤەکار (المفسر) کۆدو پێکهاتەکانی هەڵدەوەشێنێتەوەو هێماو ڕەمزەکان ورد دەکات، بۆ ئەوەی خۆی لە واتا ئاساییەکە دوور بگرێ و بونیادی ژێرەوە بهێنێتەوە ئاستی سەرەوە.

ئەگەر لە راڤەکردنی دیوانی (مەحوی) وردبینەوە، بە تایبەت کارەکانی مامۆستایانی مودەڕیس لە دیوانەکانی تریشدا، ئەوا بەشێك لە کارەکانیان دەچێتە ناو خانەی شەرحکردنەوە، هەندێ جاریش بڕوای تایبەتی خۆی دەنوسێت کە ئەمە زیاتر لە ڕاڤەکردن (التفسیر) نزیك دەکەوێتەوە، چونکە کەسانی تریش کە لێکۆڵینەوەیان لەبارەی شیعرەکانی (مەحوی) کردبێت، هەنگاوی راڤەکردنیان هەڵهێناوەو کاتێك

---

١- موسوعة كشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، محمد على التهانوى، الجزء الاول، مكتبة لبنان- ناشرون، الطبعة الاولى، ١٩٩٦، ص٣٧٦- ٣٧٧

٢- اتجاهات التأويل النقدى من المكتوب الى المكبوت، ص١٤

فراوانتریش چوونە، لەبەردەم کردەی تەئویل/ هێرمینۆتیکدا سنووریان شکاندووەو بە گۆشەی سەدو هەشتا پلە جیاواز بوون، خۆی لە قەرەی تەئویلبوون داوە.

٤- شیکردنەوە (التحلیل):-

ئەگەر چەمکەکانی پێشووتر لە چوارچێوەی خۆیاندا پێناس دەکران، ئەوا چەمکی شیکردنەوە (التحلیل) لە خودی زانستەوە وەرگیراوەو زیاتر وەك میتۆدێك تەماشاکراوە، چونکە ((لەناو ڕەخنەی نوێدا شیکردنەوە میتۆدێکی فکرییەو مەوداکەی بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو شتەکانە بۆ ڕەگەزەکانی))[1]. پێشتر چەمکەکانی تر هەر زوو لەگەڵ چۆنیەتی کارلێککردن لەگەڵ دەق لەدایکبوون و ڕەنگە بنەمایەکی زۆر زانستیانە نەبووبێ، بەڵام هەرچی شیکردنەوە بوو، بەم دواییانە هاتە ئاراوەو ئامانجیش لێی بنەمایەکی ڕەخنەیی بوو بۆ دەرخستنی بەهایەك لەناو دەقدا، کە ئەم بەهایە لە ڕێگای میتۆدێکی شیکارانە ((لەگەڵ فۆڕمالیستەکانی ڕووس دەستی پێکرد، کە ئامانجیان ئەدەبییەتی ئەدەب بوو، واتە ئەوەی کارێك دەکاتە ئەدەب و دوور لە مێژووی ئەدەب و بیۆگرافیای داهێنەرەکەو ئەمەش لە پێناو شیکردنەوەی دەق بۆ بونیادی ئەدەبی و پێکهاتەی ڕستەسازیو پەیوەندییە وەزیفییەکانی ڕەگەزە هونەرییەکان)).[2]

شیکردنەوە هەنگاوێك لە هێرمینۆتیك نزیکمان دەخاتەوە، چونکە بەهای دەق دەستنیشان دەکات، ئەم بەهایەش وێڕای ئەوەی دەق دەخاتە بارێکی تازەوە، لە گۆشەنیگایەکی ترەوە سەیری دەق دەکات، واتاو مەدلوولە شاراوەکانیشی هەڵدەکرێنێ، بەڵام بە چەند یاساو ڕێسایەکی دیاریکراو، کە زیاتر خۆی لە بونیادی هونەری دەق دەبینێتەوە.

شیعری کۆن بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتداو لە ناویشیدا شیعری کلاسیکی کوردی، بە هەمان شێوەو شێوازی تەفسیری دەقە ئاینییەکان مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لە تەفسیردا شەرحکردن و ڕاڤەی درێژو هۆی دابەزین (سبب نزول) و موناسەبەی دەق قسەی لەسەر کراوە. بە هەمان شێوەش شیعری کلاسیکی لە چوارچێوەی شەرحێکی تەواوو موناسەبەی نووسینی دەق و پەیوەستبوونی بە ژینگەی نووسەرو حاڵەتە تایبەتییەکەی باسی لێوەکراوەو کەمتر شیکردنەوە بە هەناسەو دەنگی تازە بووە، بۆیە شیکردنەوە (التحلیل) لە چوارچێوەی ڕەخنەی نوێوە هەوڵیداوە بە بێ ڕەچاوکردنی شێوازە تەقلیدییەکە، دەست بە هەڵوەشاندنەوەی دەق بکات و بە یەك جار هەر سێ ئاستی ڕیتمیو پێکهاتەییو دەلالی و شێوازە تایبەتییەکانی نووسینی دەقەکە بخاتە ڕوو. ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی جوانی واتاوە خۆی قەتیس نەدەکرد، بەڵکو بەهای دەقەکەی بە هەموو پێوەرەکانی جوانی (ئیستێتیکا)، لە شێوازی تایبەتی نووسینەوە دەخستە ڕوو. کە خودی کردەکە زیاتر لە زانست و حەقیقەت نزیك دەکاتەوە. بۆیەشە دەکرێ بگوترێ شیکردنەوە لە منداڵدانی زانست و ئەکادیمیاوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە لە تەفسیرو شەرح و ڕوونکردنەوەکەدا زیاتر وەرگر (ڕەخنەگر- ڕاڤەکەر) لە بۆچوونی کەسییەوە بەرەو دەق دەچوو، هەرچی شیکردنەوەیە، لە بۆچوونی کەسییە، بەڵام بە قەڵەمڕەوی نهێنیی و لایەنی هونەری دەقەوە دەتوانێ

---

١- اتجاهات التأویل النقدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٩

٢- هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

بیروڕاکانی بخاتە ڕوو، واتە بیروڕاکانی لە خزمەت گەورەکردنی پێکهاتەی دەقە، نەك پایەی زاڵکردنی بیروڕای خۆی، کە ئەمەش تا ڕادەیەك بێ لایەنانەیەو لە حەقیقەتو زانستانە نزیك دەکەوێتەوە.

ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانە ڕەخنەییەکانەوە تەماشای (شیکردنەوە) بکەین، ئەوا دەبینین لە سۆنگەی ئەوەی بونیادی دەق گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو دەق لەناو هەموو چوارچێوەکاندا سەنتەرەو کەمتر بایەخ بە نووسەرو لایەنی بیۆگرافییەکەی دەدرێت، مەگەر بۆ شیکردنەوەی دەروونی نەبێت، ئەوا لەگەڵ فۆڕمالیستە ڕووسەکانو بونیادگەراکانی فەرانسەو بە تایبەت (رۆلان بارت) یەکانگیر دەبنەوە، ئەوانیش لەگەڵ کردەیەکدا دێنو دەچن، کە داینەمۆی وەگەرخەری توانای کردەکەیە، ئەویش کردەی خوێندنەوەیە.

لە پەرەسەندنەکانی رەخنەدا، هێواش هێواش، بەهۆی فراوانبوونی سنووری کارکردنی رەخنە، چەمکەکانیش فراوانتر دەبنو چەمکی تر جێگایان دەگرنەوە، بۆیە بەهۆی تیۆری وەرگرتنەوە، چڕبوونەوەکە بۆ کرۆکی دەق زیاتر لە (خوێندنەوە) دا خۆی دەبینێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە دواتر لە (لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا زاراوەی (خوێندنەوە) شوێنی زاراوەی (شیکردنەوە) دەگرێتەوە). [1] لەم ڕوانگەوە دەشێ خوێندنەوە خاڵێکی پەرسەندوو بێت، بۆ زیاتر فراوانبوونی واتاو تا هەنگاوێکی دیکە لە کردەی شیکردنەوەوە گشتگیرتر بۆ کردەی (هێرمینۆتیك) نزیك ببینەوە:

شیکردنەوە ◄——— خوێندنەوە ◄——— هێرمینۆتیك

ئەگەر لە شیکردنەوەدا بەهۆی وردبونەوە لە دەق، بونیادێکی هونەریو ئیستێتیکایی دەقمان شیکردبێتەوەو تەنیا باکی بە لایەنی جوانیو هونەرییانە هەبوو بێت. ئەوا لە پاڵ ئەمەدا فراوانتربوونی بازنەکەو بەرەو خوێندنەوە چوون، مەدلوولی تر دەخاتەوەو دەق دەخاتەوە بارێکی تر، کە خۆی لە میتۆدێکی دیکە نزیك بکاتەوە، ئەویش میتۆد، یان بزاڤو چالاکی هێرمینۆتیکە.

٥- تەئویل:

دوای ئەوەی لە چەمکەکانی تر پەیوەندی وەرگر لەگەڵ دەق سنووردار بوو و هەموو هەنگاوەکانی وەرگر لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی دیاریکراودا بوو، کە پارچەکانی ناو دەق شی بکاتەوەو ڕاڤەی تایبەتییان بۆ ئەنجام بدا. کۆی هەموو هەوڵەکان بە بێ دیاری کردنی هیچ سنوورێکو بوونە سەنتەری خوێندنەوە لە چڕی یەکدا، کە وەرگر رۆڵی کارای تێدا ببینێو دووبارە دەق بە هۆی کردەی خوێندنەوەوە سەرتاپاکەی هەڵبوەشێتەوەو خۆی بنیاد بنێتەوە. ئەم بنیادنانەوەش جارێکی تر ئاراستەی واتایی دیکەی لێ دەفامرێتەوە، کە لە ئاراستە واتاییەکانی پێشتری جیاواز بوو.

ئەگەر شیکردنەوەو ڕاڤەکردن تەنیا لایەنێکی واتایی دەق ئاشکرا بکەن، ئەوا تەئویل وەك داینەمۆی دروستکردنی واتا، هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دایە، واتا بسازێنێتەوەو (لەلایەن لێکدەرەوە (مؤول) تێگەیشتنی تازە بۆ دەق، تاپۆ دەکرێ... بەو واتایەی تەئویل واتە سنوور بەزاندنی تەفسیری تەقلیدی بۆ

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧

فره واتاییەك، كە دەق لە خۆیدا هەڵگرتووە)[1]. ئەمەیش لە ئەنجامی ئەوەوە دێت، ئەم خوێندنەوانە واتای وا دروست بكات، ئەوەی خوێنەر رەچاوی دەكات‌و رەچاوی ناكات لەلایەن لێكدەرەوەی دەقەكە دەبێتە بنەما بۆ سازاندنی واتای دیكە، هەمووشی لە كەلێنە دیارو نادیارەكانی دەقەوە خۆی نیشان دەدات. لەناو دەقە ئاینییەكانیشدا كردەی تەئویل گیانێكی تری داوەتە بەر تێگەیشتن لە دەق، ئەگەر دەقێكی قورئانی وەك ﴿وَتُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ﴾ آل عمران: ٢٧ واتە زیندوو لە مردوو دەردەچێ. مەبەست لێی هاتنە دەرەوەی باڵندە بێت لەناو هێلكەدا، ئەوا دەبێتە تەفسیر (راڤە)، ئەگەریش دەركەوتنی زانا بێ لە نەزان، ئەوا لێرەدا دەبێتە تەئویل).[2] كەواتە دەقی بەهێز ئەو دەقە بوو بە جۆرێك داڕێژراوە، كە بواری ئەوە دەدات واتای دیكەی لێ هەڵبكرێنرێ‌و هەموو واتاكانیش لە شوێنی خۆیاندا نیشانەی پرسیاریان ناخرێتە سەرو بە واتای شیاو لە قەڵەم دەدرێن.

رەنگە لێرەدا چ بۆ دەقی پیرۆزو، چ بۆ شیعری كۆنیش، ئەوەی وایكردووە ئەم دەقە بەو شێوە لەبارییە داڕێژرێ، كە بواری ئەوەی تێدا بێ هەڵگری فرە واتایی‌و فرە رەهەندی بێ، لەوەوە سەرچاوە بگرێ، كە بە هونەری رەوانبێژی پاراو كرابن، ئەوا پرسیاری سەرەكی ئەوەیە، بنەما رەوانبێژییەكان‌و هەموو هونەرەكان ئەگەر لە بەهێزكردن‌و چڕكردنی دەق ڕۆڵیان هەبێ، ئەوا بوارێكیشن بۆ نیشانەی تەئویل‌و رەنگڕێژكردنی واتا؟ بەڵێ لەهەر بارێك لێی بڕوانرێ، مەسەلەی دیوی یەكەمی واتاو دیوی دووەمی واتای هەر دەقێك بۆ سەردەمێكی كۆن دەگەڕێتەوە، ئەویش سەردەمی (عەبدولقاهر جورجانی) یە، كە جەختی لەسەر (واتای واتا كردۆتەوە[3]، ئەم بیركردنەوەیەش دوای ئەو ململانێیەی نێوان لەفزو مەعنا هات‌و تێیدا بەهێزی واتای دووەم خۆی لە هونەرەكانی روونبێژی وەك دركەو خواستن... هتد بینیەوە. كە دواتر لە رەخنەی تازەشدا (ئۆگدن‌و ریچاردن) جەختیان لەسەر واتای واتا كردەوە.

لەناو گرنگیدان بە دەق، ئەوە ناگەیەنێت، كە نووسەر فەرامۆش بكرێ، هەر لەبەرئەوەشە خودی هێرمینۆتیكا لەگەڵ میتۆدی بونیادگەری پەیوەندییەكی بەتین پێكەوەیان نابەستێتەوە، ئەگەر بونیادگەری مردنی نووسەریش رابگەیەنێت، ئەوا چونكە خودی (راڤەكردن (التفسیر)، مەسەلەیەكی یەقینییەو هێرمینۆتیكاش مەسەلەیەكی گومانییە)[4]، بۆیە گومانكردن لە ژیانی نووسەرو ئەو كەش‌و دۆخەی تێیدا ژیاوەو رەنگدانەوەی بەسەر شیعرەكانیداو تەبایی‌و ناتەبایی نووسەر لەگەڵ دەقەكەیدا، هەموویان لە (یەقین)و دڵنیایی دوور دەكەونەوە، بەتایبەتی ئەگەر كارلێككردن‌و گەنگەشەكە لەگەڵ رابردوو بێت، لە سۆنگەی ئەوەی رابردووو دوان لەگەڵ مێژوو، راستییەكی جێگیر لەخۆیدا بەرجەستە ناكات، بۆیە دەوەستێتە سەر خوێندنەوەی جیا جیاو راگۆڕینەوە، ئەمەش لە راستی نزیكمان ناكاتەوە، ئەوەندەی ئاڵۆزی لە واتا دروست دەكات‌و راڤەی تر بۆ خودی دەقكە زیاد دەكات‌و گومانی دروست لە خۆیدا پەیدادەكات.

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧

٤- الشعریة وانفتاح النصوص، تعدیدة الدلالة ولا نهائیة التأویل، د. خیرة حمر العین، الخطاب (دورة اكادیمیة محكمة، تعنى بالدراسات والبحوث العلمیة في اللغة والادب) العدد السادس، جامعة تیزی وزو، ٢٠١٠، ص١٥.

**کرانەوەی دەق لەسەر هونەرەکانی ڕەوانبێژیو چۆنیەتی گونجاندنیان لەناو پێکهاتەی دەقدا، بواری ئەوە بۆ وەرگر خۆش دەکات، کە گوتاری تازەی لێ هەڵبهێنجێ، ئەگەرچی ئەو گوتارە ئەگەر پێشتر بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژیشەوە واتاو مەدلوولی خۆی هەبوو بێت، چونکە ئەگەر وەك (جورجانی) پێی وایە (دەلالەتی واژە لە واتای یەکەمدا واتای (وضعی) بێ، ئەوا دەلالەتی واتای دووەم عەقڵیو خەیاڵی یە، لەوەشدا واتای دووەم بە تەنیا نییەو بەڵکو فرە جۆرە).[1] ئەم فرە واتاییە ڕێگا خۆش دەکات، تا خوێنەر ئازاد بێت، بۆ ئەوەی کەلێنەکانی دەق بدۆزێتەوەو بە دوای شتە شاراوەکاندا بگەڕێتو دەقی زیندووتر دروست بکاتو هیچ کاتێکیش دەقەکانی پێش خۆی ڕەت ناکاتەوە.**

**ئەگەر لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، نموونەی سادە لە چوارچێوەی تەئویل وەربگرین، ئەوا چەمکەکانی تر لە شیعری تەسەووفدا لەکاتی لێکدانەوەدا، پراکتیك کراونو لە تەئویلدا پێویستی بەوە کردووە لە شەرحی دیوانەکاندا ئاماژەی بۆ بکرێ، بەڵام لەبەر بواری تەفسیرو شەرحدا، تەئویل جێگای نەبووە، ئەگەرنا دێرە شیعرێکی وەك:**

**لەجێ مانەوە ترشو تاڵت دەکا**

**ترێ بوو بەسرکە، عەسەل بوو بە سەم /٢٣٦**

**ئەوا لە ڕامانمان لەم دێرەدا، بە هەنگاوی ڕوونکردنەوەو شەرحو تەفسیرو شیکردنەوە، واتا دروست دەبێتو دەشێ هەر وەرگرێك بێت، جگە لە تەفسیری سادەو ئاسانو یەك واتایی بۆ ئەم دێرە لە ڕاڤەدا بگوترێ: ترێ بەهۆی زۆر مانەوە گۆڕانی بەسەردا دێو دەگۆڕێ بۆ تێکچوون، هەروەك چۆن شیرینی هەنگوین ببێتە ژەهر، ئاوا ترێ- یش لە شیرینییەوە بۆ ترشی دەگۆڕێ. هەرچی تەئویلیشە دەشێ بە خوێندنەوەی زیاتر کە سەنتەر (چەق)ـەکە لە خوێندنەوە سەرچاوە بگرێ، ئەوەیە گەنجیو شیرینی گەنجی، دەشێ بەهۆی پیربوونەوە هەم عەقڵو هەم جەستەکەی بەرەو پووکانەوەو ژەهرو فەوتانو زەرەر دەچێت، هەروەك چۆن ترێ دەشێ بە زۆر مانەوەی ببێتە (مەی)و بۆ ئەوانەی لێی نزیك دەکەونەوە زەرەرمەند بێت. ئەم واتایەو چەندان واتای تر دەشێ خوێندنەوەی تەئویلیانە بۆ دەقەکە بکرێو ڕەتی هیچ ڕاو بۆچوونو شەرحێکی تریش ناکاتەوە، بە زیاتر ڕامانو خوێندنەوەش کۆدە شاراوەکانی تریش دێنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.**

## ٣-١٠ تێگەیشتنو هێرمینۆتیکا و فەلسەفە

**تێگەیشتن تەنیا وێستگەیە، کە دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەی زانستە رووتەکان لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتیەکان، چونکە هەموو ئەو بەشانەی لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بەرجەستە دەبن، مایەی ڕامانو بیرکردنەوەنو بیروڕای جیاواز لە خۆیان هەڵدەگرن، بەو پێیەی هەموو لێدوانو بیروڕاکان هەنگاوێکن بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، حەقیقەتیش ماکێکی تەجریدی نییە، بەڵکو مەوداکەی دوورو ناڕۆشنە، هەرچی زانستی تەجریدیو سروشتییە، پێویستی بە بۆچونی جیاواز ناکاتو حەقیقەتێکی رووتی هەیە. لەم ڕووەوە ئەو کەسانەی بە هەردوو زانستەکەش خەریکن، شێوازی تێگەیشتنیان جودایە. ئەگەر بە نموونە**

---

١- اتجاهات التأويل النقدي، ص٢٨

لێکۆڵەری هەردوو بوار وەربگرین، دەبینین لەبەر جیاوازی سروشتی بابەتەکە، میتۆدی کارکردن تیایاندا جیاوازەو هەر لەبەر ئەوەشە ئەو تێگەیشتن (الفهم)ـەی کە بنەمایەکی گرنگی هێرمینۆتیکایە، ئەوەندەی لەگەڵ زانستی مرۆڤایەتی دەگونجێ، ئەوەندە لەگەڵ زانستی سروشتی تەبا نییە، چونکە لە زانستی سروشتیدا لەبەر ئەوەی حەقیقەت راستو ڕەوایە، پێویست بە زەینو لوغزی تێگەیشتن ناکا، بەو پێیەی تێگەیشتن ئەو کاتە دەبێتە خودی چەمکی تایبەت بە خۆی، کە مشتومڕو بیرو ڕای جیا بهێنێتە ئاراوە، لەبەر هەندێ دەتوانین لەم چەند ڕەهەندانەوە خودی کردەی تێگەیشتن پتەو بکەینو بە بنەمایەك لە بنەماکانی هێرمینۆتیك تایبەتی بکەین:

١- خودێتی: لەناو زانستی سروشتیدا خود ئەو گرنگییەی نییە، چونکە حەقیقەتی زانستی جێگای خود دەگرێتەوەو خود تەنیا ئامرازە، بەڵام لە زانستی مرۆڤایەتیدا، خودی لێکۆڵەر، یان وەرگری دەق (گرنگی بە سۆزو هەست دەداتو پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بابەتی لێکۆڵینەوەکەی هەیە، بەڵام لە زانستی سروشتیدا لێکۆڵەر بێ لایەنە).[1] کەواتە ڕاڤەکاری زانستی مرۆڤایەتی، تێکەڵی دەق دەبێتو خود ئەوسا زاڵ دەبێتو ئاوێتەی ناو دەق دەبێتو بەشێك لە تێگەیشتنی خۆی لەناو لێکۆڵینەوەکەیدا دیارو ئاشکرا دەکات، بۆیەشە ناکرێت خود لە لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان دابڕێنین.

٢- ئایدۆلۆژیا: هەموو بەشەکانی ناو زانستە مرۆڤایەتییەکان، لێکۆلەرەکانیان نەیانتوانیوە ئایدۆلۆجیای خۆیان لە بابەتەکە دابڕێنن، بەم پێیە ڕاڤەکارانی دەقێکی ئەدەبی، کەم تا زۆر، دەکەونە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆجیای خۆیانو لە ژێر ئەو ڕۆشناییەدا دەق شیدەکەنەوە، ئەمەش پرۆسەی تێگەیشتن فروانتر دەکاتو بواری ئەوە دەڕەخسێنێت هێرمینۆتیکا گەشە بکات.

٣- بەها: زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵینەوە لە زانستی مرۆڤایەتی، لە هەوڵی ئەوەدایە بەها بدۆزێتەوە، چونکە ئەگەر چەمکی خودو چەمکی ئایدۆلۆجیا بەکاربێت، ئەوا هەمووی لە پێناو گەیشتنە بە ئاشکراکردنی بەهاکان (القیم). ئەمەش لە ڕێگای هەڵسەنگاندنەوە دەبێت، خودی دۆزینەوەی ئەم بەهایەش لە لێکۆڵەرێك بۆ لێکۆڵەرێکی دیکە دەگۆڕێت، هەمووشی دەوەستێتە سەر چۆنیەتی تێگەیشتنەکە. کەواتە کردەی تێگەیشتن ناگاتە لوتکە تا بناغەی هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی ئەو بەهایە نەزانرێ، چونکە ((هەموو بیرکردنەوەیەکی زانستە مرۆڤایەتییەکان بیرکردنەوەیەکی بەهادارانەیە)) [2]. لەناو کردەی تێگەیشتنیشدا، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەچێتە ناو چوارچێوەیەکی فەلسەفی، چونکە گەڕانە بە دوای ڕاستیو حەقیقەت. ئەگەر بە دیوێکی تر تەماشای بکەین، دەتوانین وەها بۆی بچین، کە خودی (کردەی تێگەیشتن بەلای فەیلەسوفو تیۆر دانەرە ئەڵمانەکانیش بە زانستی مرۆڤایەتی پەیوەستە، لە بەرامبەردا مەعریفەی زانستی پەیوەستە بە زانستی سروشتیو بیرکاری، بۆیە چەمکی تێگەیشتن لە میانی میتۆدی هێرمینۆتیکی، کە کاریگەرە بە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی، روون دەکرێتەوە)[3]. لەو نێوانەشدا ئەگەر فەلسەفە بە میانگیری نێوان زانستی سروشتیو زانستی مرۆڤایەتی دابنێین، ئەوا بێگومان فەلسەفە لەگەڵ زانستی سروشتیدا نێوانی خۆشتر دەبێت، چونکە (فەلسەفە

---

١- هرمنوطیقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، د. مليكة دحامينة، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٨، ص٢٩

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢

بریتییه له ململانێ له پێناوی رووناکی، رووناکی حەقیقەت... تریسکایی حەقیقەتیش کۆتایی بۆ نییە)، [1] مادام کۆتایی بۆ نییە، دەبێتە هۆی راڤەی جیاوازو هەوڵدانی جیاواز، لێرەشدا کردەی تێگەیشتن برەوی زیاتری پێ دەدرێ‌و چەمکی تەجریدی رەواجی نامێنێ، کە لە زانستی سروشتیدا بوونی هەیە. لەوەشدا هێرمینۆتیکا ڕۆڵی سەرەکی لەم کردەی تێگەیشتنە دەگێڕێت، کە بناغەیەکی باشە بۆ سازاندنی دایەلۆگی نێوان راڤەکاران بۆ هەر دەقێك‌و هەر یەکەیان لە ئەنجامی جیاوازی خودێتی‌و ئایدۆلۆجیاو بەهاوە بۆ دەقەکان دەڕوانن.

## ٣-١١ ئاستەکانی دەربڕین لە شیعری مەحویدا

پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەق لە دوو لاوە خۆی دەنوێنێ، سەرێکیان خودی نووسەر لەگەڵ پێکهاتەی دەق‌و سەرەکەی تریان وەرگرە لەگەڵ دەق، هەردووکیشیان کەم تا زۆر بە گوێرەی قووڵ بوونەوە مامەڵە لەگەڵ دەربڕین دەکەن، دەقێکیش بۆ دەقێکی تر لە ڕووی خۆ بەدەستەوەدان لە ئاستی دەربڕیندا جیاوازە، بەو واتایەی ئاستەکانی دەربڕین لە لای تاکە شاعیرێکدا، لە قەسیدەیەك بۆ قەسیدەیەکی تر، یان لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە. ئەمەیش گەلێك هۆکاری هەیە لەوانە:-

أ- مەرج نییە شاعیر/ دەقنووس، هەموو دیوان‌و بەرهەمەکە بە یەك هەناسە بنوسێت‌و بەو پێیەی نووسەر کاریگەری دەوروبەری بە گشتی بە سەرەوە دەبێت‌و لەو سۆنگەیەوە دەقەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت‌و شێوازی دەربڕینیشی لە هەڵبەزو دابەز دەبێت.

ب- هەندێ جار لەناو ململانێی نێوان واژە (لفظ)و واتا (المعنى)دا، بە هۆی ناوەڕۆکەکەوە روخسارو دیوی دەرەوە، کە لایەنێکی سەرەکی دەربڕینە، دەبێتە قوربانی واتاو ناوەڕۆك.

ج-بەپێی تیۆری (بوزیمان) تەمەنی نووسەر کار دەکاتە سەر شێوازی دەربڕین‌و چۆنیەتی خۆبەدەستەوەدانی بۆ وەرگروجۆری داڕشتنی وشەکان[2]و هەروەها رێژەی شیعرییەتبوونی دەق، بۆیە ناکرێ لە هەموو بارەکاندا دەق لە یەك ئاستدا بمێنێتەوە.

ئەگەر بڕوامان لەوەدا بسەنگرێتەوە، کە ئەدەب پلە پلەیەو هەموو دەربڕینەکانی وەك یەك نین، ئەوا دەبێ رەچاوی ئەوەش بکەین کە وەرگرەکانیشی هەمە جۆرن‌و لە ئاستی جیاوازدان. ئەگەر وابوو لێکدانەوەو راڤەو چۆنیەتی مامەڵەکردنیش لەگەڵ دەق گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش هیچ دەقێکی ئەدەبی لە چوارچێوەی ئەدەبیبوون دا فڕێ ناداتە دەرەوە، بەڵام دەشێ شوێن‌و ئاستەکانیان جودا بن، لەو ڕوانگەوە دەشێ سێ جۆر دەربڕین لەناو ئەدەبدا دەستنیشان بکەین، کە هەریەکەیان بە گوێرەی ئاستی نووسەرەکە، خۆیان بەرجەستە دەکەن‌و هیچیشیان ناسنامەی ئەدەبیان لێ ناسەندرێتەوە، بەڵکو لە پلەکاندا جیاواز دەبن:

١- ئەدەبی سپی: لە جیهانی رەخنەدا بەو ئەدەبە دەگوترێت ئەدەبی سپی، کە (گوزارشت لە واتا نەکات‌و ئامانجێکی نەبێ... وەك بە ئاسۆیی خوێندنەوەی دەق، یان بە ستونی، یان بە پێچەوانەوە بۆ

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٢

٢- بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی تیۆرەکەی بوزیمان، بڕوانە: الأسلوب دراسة لغوية إحصائية، د. سعد مصلوح، الطبعة الثانية، دار الفكر العربي، القاهرة ١٩٨٤م، ص٦٧

گاڵتەکردن)[1]، بۆ ئەوەیە خوێنەر کاتێکی خۆشی لەگەڵ بەسەر بباتو شێوازێکی سەرنجڕاکێش نیشان بدات، ئەم دەربڕینەش کەمتر لەناو شیعری تەسەووفدا خۆی دەنوێنێت. بەو پێیەی شاعیرە سۆفییەکان، چ لەناو خودی ژیانی خۆیانداو چ لەناو مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەقدا، ئامانجیان هەبووەو هەندێ جار ئامانجەکە سەری کێشاوە بۆ قوربانیدان لە پێناویدا، ئەمە وایکردووە زۆر بە دەگمەنی بەرەو ئەدەبی سپی بچنو بەڵکو لەناو دەربڕیندا ئەوەندە قوڵ بوونەتەوە، لێکدانەوەیان سەختە.

ئەدەبی سپی بە هیچ کلۆجێك لێکدانەوەو هێرمینۆتیك پەیوەندی لەگەڵ نابەستێت، چونکە ئاستەکەی زۆر سادەیەو دەمارە قووڵەکانی ناو دەق نابڕێت.

هەموو شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)، ئەم جۆرە دەربڕینەی تێدا بەدی ناکرێت.

٢- ئەدەبێك لە یەك ئاستی دەربڕیندا.

بێگومان هەمیشە بۆ ئەوەی ئەدەب ببێتە ئەدەبێکی نەمرو ڕاستەقینە، جەخت لەوە کراوەتەوە، کە هەڵکەوتەی ئەدەبەکە وا بێت لە فرە دەربڕیندا بسەنگرێتەوە. ئەمەش دەبێ ڕێگای چنینی زمانەکە وا خۆش بکرێ، کە بتوانێ کەدەکانی دەق، پەل بۆ دەوروبەر بهاوێژێو لەو نێوەندەدا مەودای قووڵبوونەوە لە دیوی دەرەوەو ناوەوەی واتا بێ سنوور بێتو لە چەقبەستویی خۆی ڕزگار بکات، چونکە ئەدەبی خاوەن تاکە دەربڕین لە قسەی ئاسایی نزیك دەبێتەوەو ئەوەی پتەوتری دەکات، تەنیا هەستو سۆزو خەیاڵەکەیەتی. ئەمەش ئەگەر لە دەربڕینی دەقی ئەدەبی کەسانی تر بوونی هەبێت، ئەوا زۆر بە دەگمەنی لە شیعرە عیرفانیو سۆفێتی یەکاندا دەبینرێت، بەهۆی هەڵکەوتەی مەغزاو مەدلوولە ئاڵۆزەکانی ئەم جۆرە دەقانە.

دەکرێ هەموو ئەو دەقانەی کە سنووری واتایان لە یەك ئاراستەدا بڕ ناکات، بکەونە بەر ئەم جۆرە دەربڕینە. لە شیعری مەحویدا ناکرێ دەقێکی تەواو لەم چوارچێوەیە سنوور بەند بکرێ، بەڵام دەشێ زمانی تاکە بەیتێك، یان زیاتر، تاکە واتاو دەربڕینێکی هەبێت، ئەویش بە گوێرەی خوێندنەوەی ئێستاییانە، چونکە دەشێ لە داهاتودا ئەم جۆرە دەربڕینە ڕاڤەی تری بۆ بکرێ، بە شێوازێکی تر لێك بدرێتەوە.

٣- ئەدەبی خاوەن فرە ئاستی دەربڕین:

ئەگەر خاڵەکانی تر بە ئەدەبی لاوازو بێ هێز بناسرێن، ئەوا ئەو دەقو دەربڕینەی، کە ئاستی جۆراو جۆرە، لە چوارچێوەی یەك ئاستیدا دەرچووەو سنوورەکەی بەزاندووە، دەشێ بە (ئەدەبی ڕاستەقینە)[2] بیناسێنین. بەگشتی، سروشتی هەر ئەدەبێك وایە، ئەگەر تواندرا لە هەموو ئاراستەو ڕەهەندەکانەوە سەیر بکرێ، ئەوا بۆی هەیە واتای دیکەی لێ هەڵبکرێندرێ، چونکە بەهێزبوونی چنینی دەق بواری ئەوە خۆش دەکات، کە ئاڵۆزی دروست بکات، ئەمەش لە دوو سەرەوە دەبێت:

أ/ سەرێکیان چنراو بێت بە ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژیو بە تایبەتیش (ڕوونبێژی)، کە یەك واتا بە زۆر دەربڕین بنوسرێت، دواتر ئەمە سەر دەکێشێ بۆ ڕاڤەو لێکدانەوەی جوداو سنوورەکانی دەق فراوانتر دەکاتو بواری کردنەوەی کۆدەکان خۆشتر دەکات.

---

١- اتجاهات التأويل النقدي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨-٢٩

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩

ب/ ئەم جۆرە چنینی زمانە، هەڵکەوتەکەی وایە، پێشوازی لە هەموو ڕێبازو قوتابخانە رەخنەیی و ئەدەبییەکان دەکات، تا تام و بۆنی دەقەکە هەڵمژن و مەودای رەهەندی تێگەیشتن فراوانتر بکەن. بە تایبەتی لێرەدا تێگەیشتن و پاشخانی رۆشنبیریی وەرگر، پێوەرە بۆ چۆنیەتی هەڵهێنجانی زانیاری لەناو خانەی دەقدا. هەر لێرەوەش لێکدانەوەی دەق بە هەموو ئاراستەکانییەوە دەست بە کارەکانی خۆی دەکات و هیچ کام لە ڕاوبۆچوونەکانیش بیروبۆچوونی پێش خۆیان رەت ناکەنەوە، چونکە هەر یەکەیان لە سەرچاوەیەکەوە مامەڵە لەگەڵ دەربڕین دەکەن.

ئەگەر شیعری (مەحوی) لە چوارچێوەی مێژووییەوە لەگەڵ شیعری شاعیرانی سەردەمی خۆیەوە بەراورد بکرێن، ئەوا هیچ شاعیرێکی کورد وەك مەحوی هەوڵی نەداوە، دەربڕین وەها خەست بکاتەوەو رێژەی چڕی (الکثافة) زیاد بکات و بواری ئەوە بدات دەق لە زۆر لاوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بە تایبەتی لە مەسەلەی خۆدێتی و مەبەستێتی نووسەر، کە زۆر بنەمای ناو دەق تێك دەشکێ، گەلێك لە کۆدەکان دەکرێنەوە. لەبەرئەوە جارێك لەبەر هەوای سۆفیزمەکەو جارێکی تر لەبەر وەستایی شاعیر دەرگاکان توندتر کراون، وەرگری شارەزای گەرەکە کە بتوانێ کردەی راڤەو لێکدانەوە بۆ دەقەکان ئەنجام بدات.

## ٣-١٢ گەمەی واتا وەك کەرەستەیەك بۆ هێرمینۆتیك

لەناو مێژووی ئەدەبیاتدا لە هەر لایەکەوە لێی بڕوانی، گەڕان بەدوای واتا تێیدا دەمانباتەوە سەر پەیوەندی وەرگر بە دەقی ئەدەبی و بە تایبەتی تریش خۆ دەربازکردن لە بوونە چەقی سەنتەری واتا، چونکە ئەوەی کە واتا لە تاکە سەنتەرێکەوە رزگار دەکات و شێوەیەك لە فرەیی پێ دەبەخشێ، هەر ئەمەشە دەق لە چەقبەستوویی رزگار دەکات. بۆیە ئەگەر سنوورەکە هێندە تەسك و تەنگ بێت، ئەوا هەر لە زووەوە هەوڵی ئەوە دراوە لەناو خودی تاکە واتایەکدا، واتای دیکە نیشان بدرێت. ئەمە دووبارە پەیوەست دەبێتەوە بە هەڵکەوتەی هاتنی وشەکەو چۆنیەتی گونجانی لەگەڵ دەوروبەر. بە دەربڕینێکی تر ئەگەرچی لە هەنگاوێکی تردا، دەق بەوە سەربەخۆیی خۆی هاتە نیشاندان، کە لە نووسەر دابڕێ، بەڵام پەیوەستبوونەوەی بە ژینگەی وشەو واتاکە، (واتای دەوروبەر)ی لێ دەفامرێتەوە، ئەمەش سەردەکێشی بۆ لە دایك بوونی واتای تر لەناو یەك واتادا.

ئەوەی کەوا ئۆگدن ogdea و ریچاردز Rechardz (١٨٩٣) لە کتێبە هاوبەشەکەی خۆیاندا (واتای واتا) ١٩٢٣ کە لەبارەی زانستی هێماکان دواون، ئەوەیان دەرخستووە کە ئەم زانستە لەوە دەکۆڵێتەوە، کە زمان و هێماکان گەمە لە ژیانی مرۆڤدا دەکەن، ئەم مەدلوولە واتاییانە، لە گۆشەنیگایەکی سایکۆلۆجیانە دەشێ لێیان بکۆڵدرێتەوە، لە پێناوی لابردنی تەم و مژی و لوغزەوەو یارمەتیدان بۆ ئاسان گەیاندنی بە خوێنەر. بۆیە جەختیان لەوە کردۆتەوە، کە وشە بە تاقی تەنیا واتایەکی وەهای نییە، چونکە تەنیا ئامرازە بۆ نیشانی کەس و شت، بە پێچەوانەوەی رایەکانی پێشتر. جگە لەوەش ئەوەیان خستەڕوو، کە جگە لەوەی وشە ئەرکی نیشاندان و هێمای زمانی دەبینێ، ئەرکێکی تریشی هەیە، ئەویش ئەرکی هەڵچوونە، کە لە کاتی هەڵچوونی هەست و سۆزو هەڵوێستە سۆزدارییەکاندا، بەکارهێنانی زمان

دێتە گۆڕینو لە جیاتی دابەشکردنی زمانو ئاخاوتن بۆ شیعرو پەخشان، ئەمجارە زمان بە سەر هێمایی و هەڵچوونی دابەش دەبێت.[1]

ئەگەر پێکهاتەی وشە وەربگرین، ئەوا هەتا وشەکە واتای دیکەی لێ بار بکرێو بە بەرگی هێماو ڕەمزەوە داپۆشرێت، زیاتر لەبار دەبێت بۆ ئەوەی تێیدا واتا لەناو زماندا گەمە بکات، بەو پێیەی بە زۆری نووسەری دەق کەلێنی وەها لەناو دەقدا جێ دەهێڵێ، کە بواری وەرگر بدات پڕیان بکاتەوە، یان کردەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە لە بارەی واتای دیکەوە بیروڕای تر دێنێتە کایەوە. ئەلێرەدا واتای واتا خۆی بەرجەستە دەکات، لەو نێوەندەشدا دەق بە شێوەیە گشتییەکەیو خودی دەربڕینو وشەکان بە تایبەتی تاکە سەنتەربوونی واتا جێدەهێڵنو بەرەو واتای دیکە هەنگاو دەنێن، بێ ئەوەی پلەی یەکەمی واتا، خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت، بەڵکو هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیاندا بە گوێرەی ئەو گۆشەنیگایەی، کە وەرگر لێیەوە دەڕوانێ، واتا دەتوانێ گەمەکانی خۆی دەست پێ بکات.

هەر لەبەر بە هەند هەڵگرتنی جۆراو جۆری واتایەو خۆ دوورگرتنی دەقە لە بە سەنتەربوونی واتادا، وای کردووە کە زاناو توێژەران بە ڕامان لەناو دەقی ئەدەبیدا هەڵکەوتەو پێکهاتەکانی واتا دەستنیشان بکەنو ئەندازەو مەودای یاریکردنەکەی واتا لەناو زماندا بخەنە ڕوو، لەو نێوەندەشدا {لیچ G.Lech حەوت جۆری واتا دەستنیشان دەکات، کە ئەمانەن:

١- واتای ڕاشکانەوە ٢- واتای ضمنی ٣- واتای شێوازی ٤- واتای هەڵچون ٥- واتای تیشکدانەوە (الانعکاس) ٦- واتای ڕێكو پێك (الانتظامی) ٧- واتای بابەتی (الموضوعی) }[2]

گرنگی ئەم دابەشکردنە لە چیدایە؟

دابەشکردنی واتا بۆ ئەم جۆرانەو هەروەها زیاتریش، هەڵی ئەوە دەرەخسێنێت، کە وشە لە یەك واتادا قەتیس نەکرێو واتای تری لێ باربکرێ، هەروەها سەلمێنەری ئەوەشە، کە لەناو جوگرافیای دەقدا وشە هەر پێکهاتەیەك نییە، کە ئامرازی گەیاندن بێتو بەس، بەڵکو لە ئەنجامی ڕامان لە وشەکەداو بەستنەوەی بە کەشی دەوروبەر (سیاق) و پلەپلەکردنی لە ڕووی گونجانی بۆ توانای وشەکە بۆ هەڵگرتنی قورسایی واتا، هەموو وشەکان لە یەك قەبارەی واتایی نامێننەوە، بەڵکو هەریەکەیان بە گوێرەی ناوکە واتاییەکەی مەوداو ئەندازەی بڕکردنو ڕۆیشتنی خۆی دیار دەبێت.

ئەمەش لە سێ ئاراستەوە نیشان دەدرێ:-

أ/ ئاستی هەڵچوونی واتای وشەکە لە ئەنجامی بەستنەوەی بە هەڵچوونەکانی نووسەر، بەو پێیەی لەناو خودی واتای هەڵچوونەکەدا، دیمەنی هەندێ ڕاڤە بۆ خودی نووسەرەکە ئاشکرا دەبێت.

ب/ هەڵچوونی واتاییەکەو پەیوەندی بە دەوروبەر: ئەمەش خودی ئەو واتایانە دەگرێتەوە، لە دەوروبەرو ژینگەی زمانەکەدا بۆنی هەڵچوونیان لێوە دێت، کە دەشێ ئەمەش لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر بگۆڕێت، واتە بە کاتی نووسینی دەقەکە پەیوەست دەبێت.

ج/ هەڵچوونی واتایی لای وەرگر: ئەم هەڵچوونە ئەگەرچی لە وەرگرێکەوە بۆ وەرگرێکی دیکە ڕێژەکەی دەگۆڕێت، بەڵام پەیوەندی بەخاڵی دووەمەوە هەیە، واتە لە ئەنجامی تێگەیشتنی وەرگر لە

---

١- اتجاهات التأویل النقدی، من المکتوب الی المکبوت، محمد عزام، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١- ٣٢

٢- سەرچاوەی پێشوو ل٣٣

هەڵچوونی دەوروبەرو چۆنیەتی کارلێك کردنی، واتای دیکە دەسازێ‌و وەرگر بە هۆی جۆراو جۆری واتاکەو چۆنیەتی تێگەیشتن لێی دەوروژێ، ئەم وروژانە خودی وشەکە لە سەنتەربوونی واتا دەرباز دەکات‌و بەرەو لێکدانەوەی تری دەبات.

ئەگەر ئەدەبیات بە گشتی‌و شیعر بە تایبەتی بەوە جیاکرابێتەوە، کە دوورە لە قسەی ئاسایی خەڵك‌و دەربڕینەکانی بە واتای تر بارکراون، ئەوا گرنگە ئەوە ڕوون بکرێتەوە، ناکرێ هەموو جۆرە دەقێك، بڕیارێکی گشتگیری بە سەردا بدرێ، چونکە خودی دەقەکان ڕێژەی یاریکردن لەگەڵ واتادا تێیاندا جیاوازە، لەلایەکی تر گرنگتر ئەوەیە، کە ئەگەر تاك تاك وشەو واتاکانیش وەربگیرێن، ئەوا نەك هەر هەموویان بە ئاسانی بارکردنی واتایان تێدا بەرجەستە نەبێ، بەڵکو ئەندازەی ئەو بارکردنەو ئەو یاریکردنە بخرێتە ڕوو، بەوەی:

أ/ مەرج نییە هەموو واتاکانی ناو دەقی ئەدەبی ئەم گەمەی زمان‌و واتایانەیان تێدا ئەنجام بدرێ.

ب/ ئەگەر بە تاڵە مووش بێت، هێڵی جیاکەرەوەی گەمەکردنەکان دەبێ دابنرێ، چونکە مادەم هەست‌و سۆزەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بە هەمان شێوەش ڕێژەی هەڵچوونەکان جیاواز دەبێت، ئەمەش کار دەکاتە سەر ڕەهەندی واتاش لەناو خودی دەق بە گشتی‌و واتای وشەو دەربڕینەکان بە تایبەتی.

١- واتای ڕاشکاوانە: ئەگەر واتای ڕاشکاوانە دەلالەتی ئەوە ببەخشێ کە سەنتەربوونی واتا تێیدا بەرجەستەیە، ئەوا بنەمای قسەی ئاسایی خەڵك لەسەر واتای ڕاشکاوانە بنیادنراوەو هۆیەکی سەرەکیی تێگەیشتنەو ئامانجیش لێی تەنیا ئامرازی گەیاندنە، ئەمەش لە ڕستە هەواڵی‌و ڕاستەوخۆکاندا بە ڕوونی دەبینرێ. لێرەشەوە ناکرێ نکۆڵی لەوە بکرێ، کە واتای ڕاشکاوانە لەناو دەقی ئەدەبیدا نییە، هیچ دەقێکی ئەدەبی‌و لە نێویشیدا شیعر لەم جۆرە واتایە خاڵی نییە، چونکە ئەمە یەکەمین دەرگای چوونە ژوورەوەی ناو دەقەو ئەگەر ئەمە دابخرێت، ئەوا پارچە بچوك‌و سادەکانی دەقیش خۆیان نادەنە بەر دەستی وەرگر، کە ئەمەش ئەستەمە ڕوو بدات. لەبەرئەوە شیعری (مەحوی)، وێڕای بەهێزی زمان‌و واتاکەی‌و بوونی بۆن‌و بەرامەی سۆفیزم لە نێویدا، کە هەنگاوێك لە ڕاستەوخۆیی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام هێشتاش بواری ئەوە هەر دەمێنێ، کە هەواڵدان‌و شێوازی تێگەیشتنی سادە لە هەندێ لە لەتە دێرو پارچەکانی دا ببینرێ. ئەگەر ئەمە لێکدانەوەی تریشی بۆ بکرێ، بەڵام لە شوێنی خۆیدا سەنتەربوونی واتاو چەقبەستویی واتای لە چوارچێوەیەکدا، هەر لەخۆیدا بەرجەستە کردووە.

وێڕای ئەم بنەمایەش، واتای ڕاشکاوانە هیچ نەنگی‌و لادانێکی واتایی لە خۆیدا بەرجەستە ناکات. بەو واتایەی لە ڕووی ڕێزمانیشەوە وشەو ڕستەو دەربڕینەکە وەك خۆی‌و بێ هیچ کەلێن‌و لادانێك خۆی بە دەستەوە دەدات‌و هیچ بواری ئەوە نادات، وەرگر بە چاوێکی دیکە تەماشای بکات، کە لێکدانەوەی تری لێ بفامرێتەوە.

٤- واتای ضمنی: هەروەکو چۆن ناکرێ واتای ڕاشکاوانە لەناو دەقی ئەدەبیدا قەدەغە بکرێ، بە هەمان شێوەش ناکرێ لەناو قسەو ئاخاوتن ئاساییدا واتای ضمنی نەبینرێت، بەو پێیەی هەنگاوێك لە ئاستی واتای ڕاشکاوانە بەرزتر دەبێتەوە، بەوەی وشەکانی هەندێکی پەیوەندی بە دەوروبەر دەبەستن‌و کۆمەڵگەو وەستایی‌و هونەرمەندانی شاعیر ڕۆڵیان لە سازاندنی ئەم جۆرە واتایە هەیە، بە جۆرێك دەشێ

وشەیەك لە واتا فەرهەنگییەکەی بزەڵێو کۆمەڵگە واتایەکی دیکەی لێ باربکا، یان کەش‌و ژینگەی جوگرافی دەقەکە واتای دیکەی بۆ دەسازێنێ، کە دەوروبەری کەشی دەقەکە بەهێزتر بکات.

ئەم جۆرە واتایە زیاتر لە ئاستی وشەسازی چالاکترە وەك لە ئاستی رستەسازی، چونکە هەندێ لە وشەکان جگە لە دەلالەتە فەرهەنگییەکەیان، دەلالەتی دیکەیان هەیە، بە گوێرەی کۆمەڵگەو ژینگەو دەوروبەری نووسەرەکەو هەروەها سەردەمەکەش*. وەك ئاشکراشە فەرهەنگی شیعری کلاسیکی لەو ڕووەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەوەی لەناو گەلانی ڕۆژهەلاتدا هەندێ وشە جێگیر بوون بۆ هەندێ واتاو لای هەموویان مەدلوولی هاوبەشیان هەبووە. بە تایبەتی تریش زاراوەکانی تەسەووف خۆیان خزاندۆتە ناو نەتەوەکانی تر، کە لێرەدا هەنگاوێك لە قسەی ئاسایی دوور کەوتۆتەوەو پایەیەکی دیکە زمانی دەقەکەی پێ بەهێز کراوە.

شێوازی ناڕاستەوخۆ و دوورکەوتنەوە لە واتای ئاسایی، یان ڕاشکاوانە، زۆر پلەی هەیە، هەموو ئەم پلانەش بە گوێرەی سازاندنیانە لەگەڵ کایەکانی تری کردەی تێگەیشتن، چونکە هەیانە سروشتێکی ناوو ئاسایی وەرگرتووە، ئەگەرچی هەڵگری واتای دیکەشە، هەشیانە هێندە خۆی دوور گرتووە، لە تێگەیشتنی باو دوور کەوتۆتەوەو وەك چەمکێکی تایبەت خۆی نیشان دەدات.

بۆ نموونە (وشەی بەهار واتایەکی راشکاوانەی هەیە، هەروەك هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەتی دەروونی و کۆمەڵایەتیشە بە گوێرەی ئەو وەرگرەی کە دەیبیستێ‌و ئەو ئەزموونەی کە لەگەڵ وشەکەی هەیە. بۆیە (لیچ) پێی وایە، ئەوەی ئەم جۆرە واتایە لە واتای راشکاوانە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە، کە واتایەکی جێگیری نییەو لە سەردەمێك بۆ سەردەمێك‌و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت‌و هەمیشە کراوەیە، هەرچی واتای راشکاوانەیە، داخراوە)[1]. لێرەدا (خوێنەری زیرەك لە میانی کارلێککردنی لەگەڵ بونیادی سەرەوەو ژێرەوەی دەق، واتا دەسازێنێ)[2].

بۆ نموونە وشەی (مەه) لەناو شیعرەکانی مەحویدا، جگە لە واتا ڕاشکاوی‌و ئاساییەکەی خۆی، کە مانگی ئاسمانە، هەڵگری واتای دیکەیشە بە گوێرەی سیاقەکەی، تایبەتمەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی... هتد، لەخۆ دەگرێت، ئەمە لەلای خودی شاعیر/ نووسەرەوە، لەلای وەرگریش بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتن خۆی بەرجەستە دەکات. هەر بۆیە لێرەدا بە هەڵە تێگەیشتن لە شیعری تەسەووف ئامێزدا، ئیشکالییەت دەنێتەوەو راڤەو لێکدانەوەی جیای بۆ دەکرێ، هەر ئەمەشە کرۆکی کردەی هێرمینۆتیك.

لەبەر هەندێشە کردەی تێگەیشتن لە شیعری (مەحوی) دا، لە نێو ئەم جۆرە واتایەدا سیخناخ بووە، چونکە لەلایەك سەردەمی مەحوی، ئێستا نییەو وەرگر پێویستی بە گەڕانەوەی مێژوویی هەیە بۆ ئەوەی

---

* هەندێك وشە هەن بە تێپەڕبوونی کات دەلالەتە هاوچەرخەکەیان نامێنێ‌و دەلالەتی تر بۆ خۆیان دەسازێنن، ئەمەش دەشێ بە گۆڕانی سەردەم ئەمیش بگۆڕێت‌و تەمەنی زۆر نەبێت. بۆ نموونە دەربڕینی (تۆزو با) جگە لە واتا نافەرهەنگییەکەی دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بۆ سامانی تالانکراو، یان ئۆتۆمبێلی دزراو بەکاردەهات‌و ئێستا کاتی نووسینی ئەم چەند دێرانە هەرمێنی نەماوەو رەنگە ئەم دەلالەتە لەناو بچێت.

١- اتجاهات التاويل النقدى من المكتوب، ص٣٣

٢- هرمنيوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، ص١١٢.

بتوانێ ئەو کۆدانە شی بکاتەوە، کە بۆ ئەم سەردەمە هەڵگری هەمان واتا نین[*]، ئەگەرچی بەشێکیان لەناو کردەی هونەرەکانی رەوانبێژیدا خۆیان حەشار دەدەن، بەڵام مەرج نییە هەموویان هەمان ئاراستەی ئەو زانستانە رێ بکەن. لێرەدا گرنگی لێکدانەوەکە بۆ ئەو بارە دەگەڕێتەوە، کە مەبەستێتی (القصدية) و بابەتی بوون (الموضوعية)و نیازو رەوتی فیکری شاعیر ئاشکرا بکرێو لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێ، کە لۆجیك (المنطق) پێی قایل بێت.

٣- واتای شێوازی: ئەم جۆرە واتایە لەناو زماندا گەشە دەکات، لە دۆخێکی کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت وەك ئەوەی لە میانی بەکارهێنانی چەند وشەیەکی دیاریکراو، کە دەلالەت لەسەر ئینتیمای چینایەتیو نیشتمانی، یان شتی تر بکات.[١] ئەگەرچی ئەم جۆرە واتایە بە شێوەیەکی زۆر ڕوون لە دەقە ئەدەبییە تەسەووف ئامێزەکاندا دەرناکەون، بەڵام لە لایەنێکی تردا بە هۆی بەکارهێنانی هەندێ چەمكو زاراوەی سۆفیگەرییەوە هەندێ جار حوکمی سۆفیبون بەسەر دەقنووسەکەدا دەدرێ، کە ئەمەش مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە.[**]

شیعری کلاسیکی کوردی ئەگەرچی زۆربەیان لە چوارچێوەیەکدا خولاونەتەوە، کە کەمتر ئینتیمای نیشتمانیو ناوچەییان پێوە دیارە، ئەمەش لەبەر هەوای ئەو کاتەی شیعر، کە مەرج بوو گشتیبوونو مرۆڤایەتیبوون بە پێش بابەتەکانی تر بکەوێت، بۆیە تەنیا لە ڕێگای زمانەوە هەندێ جار دەتوانرێ ناسنامەی ناوچەیی شاعیرەکە دەستنیشان بکرێت، هەندێ جاریش لە ڕێگای ناوەڕۆكو ئاماژەدانی شاعیر بە هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتییەوە، دەتوانرێ لایەنە کلتورییەکەی دیار بخرێت. کە هەنگاوێکی دیکەیە بۆ گەیشتن بە لێکدانەوەیەکی دروستتر بۆ ئەوەی بەربەستەکانی بەردەم تێگەیشتن ئەگەر بە شیکردنەوەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکانیش بێ، لابرێنو وەرگر ئاسانتر کۆدەکان شی بکاتەوە.

(مەحوی) لەنێو شاعیرانی سەردەمی خۆیدا، ئەگەرچی بە شێوازێکی وەها تایبەتی نوسیوە، کە کەمتر ئینتیمای چینایەتیو نیشتمانیو ناوچەگەرێتییەکەی تێدا دیارە، بەڵام تاكو تەرا لەناو دیوانەکەیدا لە ڕێگای زمانو لە ڕێگای ناوەڕۆکەوە دەرخەری ئەوەیە، کە ناسنامەی شاعیر ئاشکرا بکرێ. بەڵام دەبێ رەچاوی ئەوە بکرێ، کە تەنیا واتای راشکاوانە ناتوانێ نهێنی ئەو ئینتیمایە ئاشکرا بکا، چونکە مەحوی خۆی سۆفی بووەو بەو ئەزموونەدا راهێنانی ڕۆحی کردووە، کەچی لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیشدا هێرشی توندی کردۆتە سەر سۆفیو زاهیدو واعیز، لێرەشدا لێکدانەوەیەکی هێرمینۆتیکانە دەتوانێ ئەم بنەمایە ئاشکرا بکات، بۆیەشە گەیشتن بە دەمارەکانی لێکدانەوەی شێوازیانەی ئەو وشەو دەربڕینانەی،

---

[*] مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بۆیە تا رادەیەکی زۆر لە ساغکردنەوەی هەندێك لە دیوانە کلاسیکییەکانو لە ناویشیدا مەحوی، سەرکەوتوو بووە، چونکە لە سەردەمی مەحوی نزیك بوو، هێشتا ئەو کۆدو شێوازی چنینی دەقە لە رۆشنبیریی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دا هەر مابوو.

١- اتجاهات التأويل، ص٣٣

[**] گەلێك جار لەبەرئەوەی سەردەمەکە لەناو شیعردا وای سەپاندووە، کە هەندێك زاراوەی سۆفیگەری لای شاعیرانی غەیرە سۆفیش بەکار بێن، بۆیە ناکرێ ئەم شاعیرانە بە کردەییش خۆیان لە ئەزموونی سۆفیەتی دا بووبوون. دەشێ بگوترێ لەناو دیوانەکەیدا هەندێك لە شیعرەکانی بە هەوای سۆفیەتی تەڕکراون، بەڵام ناکرێ دواجار حوکمی ناسنامەی سۆفی بوونی بەسەردا ببڕێ، وێڕای ئەمەش هەندێك لە زاراوەکان پەڕینەتەوە ناو چەمکەکانی تریشو تەنیا بۆ مەبەستی ئیستێتیکی خۆیان لەناو ئەدەبیاتدا سیخناخ کردووە.

که بۆنی ئینتیمابوونی شاعیری لێوە دێت، گرنگییەکەی لەوەدایە، ڕێگا بۆ کەشف کردن‌و ئاشکراکردنی مەبەستی تر خۆش دەکات. ئەگەرچی خودی مەبەستی شاعیریش، کە بنەمایەکی گرنگی خوێندنەوەیەکی فینۆمینۆلۆجیانەیە، واتاو لایەنە شاراوەکانی دەق ڕۆشن دەکاتەوە.

٤- واتای هەڵچوون ئامێز: ئەم جۆرە واتایە لەم گوتنانە دەردەکەوێت، کە نیشانەی وای تێدا بەرجەستە بووە، دەلالەت لەسەر هەست‌و سۆزی ئاخێوەر (قسەکەر) دەکات، ئەمەش بە زۆری لە گوتاری زارەکی (سەر زاری) دەردەکەوێت، بەتایبەتی لە میانی هێزو ئاوازەو گۆکردندا[١]، چونکە هیچ هەڵچوونێك نییە هەڵگری هەست‌و سۆز نەبێت، بە واتایەکی تر هەموو هەڵچوونەکان هەست‌و سۆزی لە پشتە لە ڕووی ناوەکی (باطینی) یەوە، کە دەریشدەبڕێت لە میانی شێوازێکی تایبەتی گۆکردندا خۆیان بەرجەستە دەکەن، کە تایبەتمەندی ئەو هەڵچوونە دەگەیەنن، لە جۆری سازاندنی دەنگ‌و بەرزی‌و نزمیی دەنگەکەیدا.

هەندێ لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، بە تایبەتیش جوانکاری وشەیی، ئەگەر لەگەڵ ناوەڕۆکەکەدا هاوتا بێت، ئەوا زۆر جاران جوانکارییەکە بە تایبەتی لە ڕووی سازاندن‌و بەریەککەوتنی دەنگەکاندا جۆرە دەربڕینێکی سەرنجڕاکێش دێنێتە کایەوە، کە وەرگر هەست بە هەڵچوونی ئاخێوەر (نووسەر- شاعیر) دەکات، لە ئەنجامی ئەو تەوژمە هەست‌و سۆزەدا، دەنگەکان جۆرێك لە ڕیتم پێك دەهێنن، کە چێژ لە لای نووسەر لە لایەك‌و لە لای وەرگریش بە قاتێکی تر دەسازێنێ، هەروەها هەندێ جاریش ئەم هەڵچوونە ئەوەندە کاریگەر دەبێت، خودی نووسەر/ شاعیرەکە لە دۆخێکی وەهادا دەقەکەی دەنووسێ، کە دەوروبەر کاری دەروونی لێ کردووەو ئەم کاردانەوەیە خۆی لەناو کێش (وزن) ی دەقەکە بەرجەستە دەکات. بۆیەشە هەندێ لە کێشە عەرووزییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی هەڵچوونیان پێوە دیارە، بە تایبەتی لە خێرایی گۆکردن‌و لە ریتمە خێراییەکەدا*.

لێکۆڵینەوە لە حاڵەتی هەڵچوون ئامێزی دەق، دەمانباتەوە سەرو حەدی دەروونی نووسەر لەلایەك‌و چۆنیەتی کارلێککردنی دەروونی وەرگریش لەلایەکی ترەوە. بۆیە ئەگەرچی ئەو دەقانەی کە تام‌و بۆنی فەلسەفی‌و فیکریان لێوە دێت، بەتایبەتی ئاراستەیەك لەناو سۆفیگەریی فەلسەفیدا هەیە، کە پەیوەندی لەگەڵ زانستی کەلام‌و لۆجیك دەبەستێ، ئەوەندەی دەیەوێ لە گومانەوە بگاتە حەقیقەت، ئەوەندە جوڵاندنی هەست‌و سۆز نییە، بۆیە عەقڵگەراییەکە لێرەدا وا چەکەرە دەکات، کە کەمتر بە لای ریتمە خێراییە هەڵچوون ئامێزەکاندا گوزەر بکات. ئەمە بەو واتایەش نییە، کە شاعیر بڕای بڕ خۆی لە وروژاندنی هەست‌و سۆز دوور بگرێ، چونکە ئەگەر وابێ، بەشێك لە بنەماکانی نووسینی شیعرو دەقی ئەدەبی بەهای خۆی لەدەست دەدات‌و چەمکەکە دەپەڕێتەوە ناو زانست‌و کایەیەکی دیکە.

زۆرجار وادەبێ شاعیر هەردوو تای تەرازووەکە هاوسەنگ دەکات، بەوەی کە ڕەنگە لە پشت ڕووکەشی دەقەکەدا واتایەکی فەلسەفی‌و مەبەستێکی نادیار خۆی حەشار دابێت، بەڵام سروشتی دەقەکە، یان

---

١- اتجاهات التأويل، ص٣٤

* عەرەبەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەلالەتە دەروونییەکانی بەکارهێنانی کێشیان لە ڕەخنەدا باس کردووەو چۆنیەتی بەکارهێنانی جۆری کێشەکەیان لەلای شاعیرەکە لە ڕوانگەیەکی دەروونی شی کردۆتەوە، بەتایبەتی لە ڕووی خاوی‌و خێرایی پێیەکان. بەداخەوە لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی زانکۆکانی کوردستان، ئەم حاڵەتە کەمتر بە چاوی ڕەخنەوە تەماشا کراوە.

وەستایی شاعیرەکە وا دەکات، کە دەربڕینەکە بە جۆرە ریتم و مۆسیقایەکی وەها بچنێت، هەست و سۆز بجولێنێ و لە ڕووکاردا جوانکاری ببەخشێتەوە، لە ناوەڕۆکیشدا مەبەستێکی بەهێز دەربڕێت و بە یەکەوە هەڵچوونێك دێننە کایەوە، کە لە پەنای ئەم هەڵچوونەدا دەق واتای دیکە هەڵبگرێ و بەمەش لە لایەك سەر لە وەرگر دەشێوێنێ و بەهۆی ئەم زمانەوە یارییەك دەسازێنێ و لەلایەکی تریش خودی دەق دەخاتە بارو شێوازێکی جوان. بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم دوو بەیتەی خوارەوە:

**کە بێ لێوی لەسەر لێوم بنێ، ڕۆحم لەسەر لێوە**

**کە لێوی لابەرێ، ئەڵبەتە ڕۆحم دەردەچێ پێوە** /٢٩٠

یان:

**لەم ڕۆژەدا شەفاعەتی چاکانە جێی ئومێد**

**بۆ عاصیان و ئەهلی کەبائیر لە موئمینین** / ٣٩٤

دێری یەکەم ئەگەر خوێنەری ئاسایی سەرنجی بداتێ، هەر زوو هەست دەکات، لە هەڵچوون سیخناخ بووە و لە بارێکی بەرزی هەست و سۆزدایە، وەرگر هەست دەکات، ئەم سۆزە کە لای نووسەریش بوونی هەیە و لای خۆیشی هەست بە چێژێك دەکات، لە ئەنجامی ئەم ریتمە مۆسیقییە هاتۆتەکایەوە، وێڕای لەباری کێشەکەش، کە سیاقی دەقەکەی جوانتر کردووە. ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تەم و مژییەك هەیە، کە ئەوەی ئەلف و بێیەك لە کەشی شیعری مەحوی بە تایبەتی و شیعری تەسەوف بە گشتی بزانێ، دەزانێ مەبەستێکی قووڵتر هەیە لە چاو ئەوەی بە سادەیی هەڵچوونەکە شی بکرێتەوە. هەرچی دێری دووەمە، چونکە زیاتر تۆمارکەری ڕووداوێکە و تەفسیرکردنی ئایینە بە گشتی و فەرموودەو قورئانە بۆ شیعر بەتایبەتی، هەست دەکرێ کە نە هەڵچونی بەم ڕێژە تێدایەو نە ریتم و ئاوازەیەکی وەها بەرزیشی تێدایە، کە کار لە دەروونی وەرگر بکات. ئەمە وێڕای جوداییشیان لە ڕووی کێشەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە دێری دووەم بواری فرە واتایی نادات، چونکە لەبەر خودی تەفسیرە ئاینییەکە، بواری قسەی شاعیر نەماوەتەوەو دەرفەتی هەڵچوونی کەم بۆتەوە.

٥- واتای تیشکدانەوە: ئەم جۆرە واتایە لەو وشانە دەبێت، کە خاوەنی واتای جۆراو جۆری ڕاشکاون، یان کاتێك وشەیەك بەکاردێنین لە واتایەکدا، لە واتایەکی نزیك خۆی جیاوازە، بۆیە وشەکە هەوڵی ئەوە دەدات لە واتا نزیکەکە خۆی دوور بگرێت و واتایەکی تر شوێنەکەی بگرێتەوە.[1] ئەمەش جگە لە قسەی ئاسایی، لەناو دەربڕینی ئەدەبیش، بە گوێرەی دەوڵەمەندیی فەرهەنگی لای شاعیر بەکاردێت. لێرەدا لەناو وشە ئارایشتدا، خودی شاعیر ڕۆڵ دەبینێ بۆ ئەوەی هەمەڕەنگیی لە واتادا بەرجەستە بکات و لەو نێوانەدا یاری بە زمان بکات. بەڵام پێش ئەوەی واتای دووەم شوێنی واتای یەکەم بگرێتەوە (پێویستە سەرەتا دەق بخوێنینەوە پێش ئەوەی تەئویلی بۆ بکەین)[2]، بۆ ئەوەی زوو واتای دووەم لە هۆشماندا لە هەڵپەی خۆخزاندنە پێش بێت بۆ ناو دەق.

لە نێو شیعری تەسەووف ئامێزدا، زۆر جاران زاراوەکانی سۆفیگەری ئەگەر لە بنچینەدا بە عەرەبی هاتبنە ناو زمانی شیعری گەلانی مسوڵمان، ئەوا ئەگەر پاچڤەش بکرێن، لە واتاکە نزیك دەبنەوە. بەڵام

---

١- سەرچاوەی پێشوو ل٣٤٧

٢- هرمنيوطيقا النص الادبى في الفكر الغربي المعاصر، ص١١١

**هەرگیز هەمان واتا نابەخشن، بەڵکو مەبەستێکی تر دەگەیەنن، کە لەگەڵ سیستەمی سۆفیگەرییەکەداو ئەزموونی شاعیرەکە یەکانگیر بێتەوە. لەبەرئەوە، کە شاعیر وشەی (خەوف) بەکاردێنێت، با نزیکایەتی لەگەڵ وشەی (ترس)ی کوردی هەبێت و تەنانەت پاچڤەی یەکەمیش بێت، بەڵام (خەوف و رەجا)ی ناو جیهانی سۆفیزم شتێکەو (ترس)ی ناو فەرهەنگی زمانی کوردیش شتێکی ترەو لە ڕووی مەبەست و ناوەڕۆکەوە لە یەکتر دوورن، بۆیە لێرەدا هەنگاوێکی تر لە واتای ئاسایی و راشکاوانە دوورتر دەکەوێتەوەو بوار بۆ لێکدانەوەو خوێندنەوەی زیاتر لەلایەن وەرگرەوە خۆشتر دەکات.**

**٦- واتای رێك و پێك(الأنتظامی): مەبەست لێی هێنانی هەندێ خەسڵەت و ئاوەڵناوە، بێ ئەوەی ناوەکەیان بهێنرێ، لە دەربڕینەکەدا مەبەست لێی ناوەکەیە[1]. ئەمە ئەگەرچی لە ڕوێکەوە لە هونەرێکی روونبێژی، کە درکە (الكناية)یە نزیك دەبێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا چونکە سیستەم و پێوەرێکی تایبەتی نییە، دەکرێ بە جۆرێك لە نائاساییبوون، یان سەر لێشێواندن لە خوێنەر تەماشا بکرێ، لەو سۆنگەیەی، هەنگاوێك خوێنەر درەنگتر حاڵی دەبێت و واتای ڕاستەقینە هەنگاوێك دوور دەکەوێتەوە. لێرەدا کردەی تێگەیشتن بنبڕ نابێت، بەڵام تەگەرەی تێدەکەوێت، ئەم تەگەرەیەش دواتر تەنیا بە کردنەوەی کۆدو بە خوێندنەوەی تەئویلیانە چارەسەر دەبێت و هەر خودی ئەم جۆرە واتایەش بنەمایەکی گرنگی بەهێزی و مانەوەی شیعرە لەنێو ئەدەبیاتدا بەگشتی، شێوازی بەکارهێنانی ئەم جۆرەش دەوەستێتە سەر توانای هونەری شاعیرەکە. بۆ نموونە:**

**لە مەکری ئەم عەجوزەو سیحری دێوی نەفس ئەمن (مەحوی)**
**پەنا دەگرم بە زاتی ئەقدەسی بێ چوونی نادیوە /٢٩٠**

**لێرەدا شاعیر دەربڕینی (زاتی ئەقدەسی بێ چونی نادیوە) لەگەڵ زاتی خودایەتی، بۆیە سیفەتی ئەقدەس و بێ چوون و کەس نەدیتوو خەسڵەتی خودان و راستە دەبێتە هونەرێکی ڕەوانبێژیش، بەڵام بەم جۆرە بەکارهێنانی، کردەی تێگەیشتن تا ڕادەیەك لە ئەندازەی خۆی دوا دەکەوێت و مەودای تێگەیشتنەکە لەگەڵ ئەم دێرەی خوارەوە زۆر جیاوازە، کە دەڵێ:**

**ئەمینی شێتی یە (مەحوی)، لەدەستی نەفسی ئەممارە**
**مەگەر رەحمی خودا دەم بەستی کا ئەم مارە ئەنگێوە /٢٩١**

**لێرەدا واتاکە ساناتر بووە، بەوەی خۆی لە هێنانی سیفات دوور گرتووەو تەنیا ناوەکەی هێناوەتەوە، کە ناوی خودایە، بۆیە ئەگەر بە شێوە گشتییەکە ئاوەڵناو واتای چەقبەستوو نیشان بدات ئەگەر لەگەڵ ناو بێت، بەڵام هەندێ جار ئەگەر واتای ناوەکەی بەخشی، ئەوا ناوەکە بەهێزتر دەکات، چونکە دوو ئەرك دەبینێ، لەلایەك خۆی هاتوەو لەلایەکیش دەلالەت لەناوێك دەکات، بەمەش جۆرە یاریکردنێك دەسازێت کە کردەی تێگەیشتن خەستتر دەکاتەوە.**

**ئەدەبیاتی سۆفیگەری بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئەم جۆرە واتایە، نێوانی خۆشە، چونکە بەو پێیەی سۆفیایەتی دوانە لەگەڵ باطن و خۆپاککردنەوەیە لە شتە ڕووکەشییەکاندا، زیاتر ئامانج لێی ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ خودا لە لایەنی رۆحییەوە، بۆیە زیاتر کارلێك لەگەڵ خەسڵەتەکانی ناوی خودا**

---

**١- اتجاهات التأويل، ص٣٤**

دەکرێ و دواتریش دەبێتە دیارخەری ناوەکە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەدەبیاتی سۆفیگەری زیاتر حەزی بە تەم و مژی واتاو سەر لە خوێنەر شێواندنە، بە بۆنەی شێتبوون لە ناو جیهانی ئەوینی خودایی و توانەوەی رۆحیانە لەگەڵیدا، لەگەڵ کۆدو لوغزو تەم و مژیدا کارلێك دەبەستێ، بەمەش ئەدەبەکە زیاتر نائاساییبوونی بە سەردا دەچەسپێ و واتاکە تێیدا خەستتر دەبێتەوە.

٧- واتای بابەتی: ئەم جۆرە واتایە رەنگدانەوەی بەشی سەرەوەی پێکهاتەی رستەیە، بەوەی (لەرێگای رێکخستنی وشەو رستەکانەوە واتای دەق گۆڕانی بەسەردا دێت و دەلالەتەکەیان لە ڕووی هێزی واتاوە دەگۆڕێت)[١]. ئەمە ئەگەرچی لەناو دەقی شیعریدا ئەوەندەی ملکەچی هەندێ بنەمای بە زۆر سەپێنەرە، ئەوەندە بە سروشتی خۆی ڕێ ناکات، بە تایبەتی هەندێ جار ریزکردنی کەرەستەکانی رستە بە گوێرەی ویستی شاعیرو مەبەستەکانی، زۆرجاران ئاراستەی دەق دەگۆڕن. ئەمە لە شیعردا شتێکی سروشتییە، چونکە یەکێك لە بنەماکانی نووسینی شیعر، گوێ نەدانە بە بنەمای ڕێزمانی لەلایەك و تێکشکاندنی سروشتی باوە لە دەربڕیندا، بەمەش هەتا نائاساییبوون لەم پێکهاتەیە زیاتر بێت، هێزی شیعرییەتبوون زیاتر دەبێت.

## ٣-١٣ باطین و کێشەی تێگەیشتن

لە دێر زەمانەوە پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر بە چەند قۆناغی جیاجیا لە هەڵبەزو دابەزدا بووە، بە جۆرێك هەمیشە حسێبی تایبەتی بۆ وەرگر کراوە، لە هەندێ لە قۆناغەکانی تێگەیشتن دا، جۆرەها یاری کردنێك سازێنراوە لە نێوان وەرگرو نێرەردا، جا هەر بۆ چێژ وەرگرتن بووە، یان بۆ ئەوە بووە دەستەبژێرێك تێبگەن و بەس. لێرەشدا لە قۆناغی قسەکردنی ئاسایی ناو خەڵکیشدا، کەم تا زۆر ئەم شێوەیە دەبینرێ. بۆ نموونە ئاخاوتنی (کەزامزێ) * و قسەی هەندێ لە شێخ و زانایانی ئاینی، کە هەندێك لەوانە لە شێوەی رەمز (هێما) دابووەو تەنیا ئەو کەسانە لێی تێگەیشتوون کە کلیلی کۆدەکەیان زانیوە، ئەو قسە باوەشی کە لەناو شیعرو ئەدەبیاتدا مێژ ساڵە کراوە لەبارەی ئەوەی، واتا لە دڵی شاعیردایە، ئەمەش گرفتی بەردەم تێگەیشتنی وەرگربووە، بۆیە لە ناچاریدا پەنایان بۆ تێنەگەیشتن بردووە، کە تەنیاو تەنیا خودی شاعیر دەتوانێ مەبەستەکە بگەیەنێ و ئاشکرای بکا.

لەلایەکی تر شێوازی ئەو دیوی واتای ڕووکەش کە (باطین)یشی پێ دەگوترێت، نەك هەر تەنیا لە زمانی ئەدەبیاتدا، بەڵکو لە هەندێك ئاخاوتنی کۆمەڵایەتی و ئاینییانەی، هەندێ لە عاریف و شێخە ناسراوەکانی سەردەمی چزورە کردن و گەشەکردنی بیری تەسەووفیشدا، ئەم واتا ناراستەوخۆیەو یاریکردنە بە واتاو دانانی ئەو کۆدە تایبەتییانە، بوونیان هەر هەبووە. لێرەشدا (رەخنەی سۆفییانە لەم جۆرە کردانەدا سێبەرەکەی هێرمینۆتیکە بەجۆرێك شێخ فەرمویەتی کە چاو (عین) ە، بەڵام عەینی قەدیم

---

١- سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

* کەزامزێ، جۆرە قسەکردنێکە لەناو کورداو تا ئێستاش لە هەندێك شوێن ماوە، بە ئەزەو وەزەو ئەگەو وەگەو ئەشەو وەشەش ناسراوە، بریتییە لە زیادکردنی چەند دەنگێك بۆ ناو بڕگەکان، بۆ ئەوەی قسە بشاردرێتەوەو تەنیا دوو کەس لەیەکتر تێبگەن، کەسانی تر، یان منداڵ بە قسەکانییەوە نەزانن.. بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ئەم جۆرە زمانە بڕوانە: (ئەزەو وەزە)ەکەی مامۆستا عەزیزی مەلای رەش و چەند سەرنجێك، هێمن عومەر خۆشناو، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە ٢٨، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٧١-٧٣.

که زاته، ئەبرۆ (حاجب)ە، بەڵام ئاماژەیە بە سیفاتی (حجابی زات)، ئەم ناراستەوخۆیە لە دواندندا، گەلێ شاعیر سۆفیو عاریفی گەورەی پێ تەکفیر کرا، دیارترینیان چیرۆکی (حافزو شا شجاعه)، که شەرعزانان یەکلایەنە یەکێك لە غەزەلەکانی ئەویان تەکفیر کرد، که دواتر بەهۆی زین الدین ابوبکر تایبادی، لەو کێشمە کێشە رزگاری بوو)[1].

کەواتە هەر لە سەرەتاوە بە جۆرێك لە جۆرەکان بایەخ بە ناڕاستەوخۆیی دواندن دراوەو لەو ڕووەوە ئیشکالییەتی بۆ تێگەیشتن دروستکردوەو ئیتر هەندێك لە دالو مەدلوولەکانی ناو شیعرو ئەدەبیاتیشی لە چوارچێوەی دەقگرتن بە بنەمای تەسەووفەوە دواتر لەلایەن کەسانی غەیرە سۆفیش بەکارهاتنو وەك چەمکێکی جێگیر لەناو ئەدەبیاتدا خۆیان بەرجەستە کرد.

ئەو ئەدەبیاتەی غەیری ئیسلامیش، بە تایبەتی لەناو جیهانی مەسیحیایەتیدا، تامو بۆنی تەسەووف بە واتا دوورە پەرێزیو زوهدییەکەوە، هێدی هێدی عیرفانی لەخۆئالاندو ئەمیش لەبەرئەوەی بە ناو کۆمەڵگادا لەسەرەتاوە چزورەی نەکردووەو پێی ئاشنا نەبووەو تەنیا دەستەبژێرێك بە ئەزموونی تایبەتی خۆیان بەرجەستەی دەکەن، بۆیە ئەویش پێویستی بە ئەزموونی تایبەتی تاکە کەس دەبێت، کە لێکدانەوەی بۆ بکات، چونکە دەشێ هەندێ حاڵەتی عیرفانیو چوونە ناو دونیای تەسەووفەوە بە کردەی مەرگ بچوێنین، بەوەی هەموومان چیرۆکی مردنمان بیستووە، بەڵام کەسمان تامی تاڵیو شیرینی مەرگمان نەچەشتووە، تا وەك ئەزموونێك نیشانی خەڵکی تری بدەینەوە، بۆیە ئەستەمە بتوانین بە تەواوی لە کردەی مردن تێ بگەین وەك ئەوەی خۆی هەیە. ئەوەی لێی تێدەگەین تەنیا هەستکردنە بە هەندێ حاڵەتو بەس، ئەو کاتە دەڵێین واتاکەی تەنیا لای کەسی مردوو خۆیەتی. لێرەشدا ئەوەندەی واتا عیرفانییەکان لەناو دەقدا لای کەسی عاریفو سۆفی بەرجەستە دەبێ، کەمتر لای وەرگری ئاسایی بوونی دەبێ، لەبەرئەوەیە وەرگری ئاسایی بۆ ئەوەی بگاتە واتای راستەقینە، ناچارە تەئویلی جیاجیای بۆ بکات. هەموو سۆفییەکانیش جۆری تام وەرگرتنو چێژ بینینەکەیان لە یەکتر جیاوازە، بە ئەندازەی قووڵبوونەوەیان لەو ئەزموونە رۆحییەدا.

ئەگەر چاوێك بە بەرهەمەکانی رۆژئاوای دوای سەدەکانی ناوەڕاستدا بگێڕین، ئەوا (شاعیرێکی وەك دانتی لە کۆمیدیای خوداوەندیشدا، سێ جۆرە واتای خستۆتە ڕوو، واژەییو خوازەییو عیرفانی، لەوێو دوای ئەویش وەك لە کتێبە ئاینیو ئاسمانییەکانیش، عیشقی خوداییو یەکێتی بوون باسکراون)،[2] کە ئەمانە بۆیە وەرگر زیاتر راڤەی جیاوازیان بۆ دەکات، چونکە چەمکەکە لە واقیعدا بە شێوەی ئاسایی هەموو کەس پێی ناگات، کەواتە تایبەتەو هەر وەرگرەو بە جۆرێك دەیەوێت لێی تێ بگات. بەو پێیەش ئەزموونێکی وای نییەو بە پەیژەکانیدا سەرنەکەوتووە، بۆیە کەم وایە بە تەواوی واتای راستەقینە بپێکێو ئەو چەمکانەش، کە ئاسمان تێکەڵی دەبێ، بە دەگمەن وایە وەرگر بە ئاسانی سەری لێ دەربکا، هەروەك چۆن لە فەلەکیاتیشدا، مەگەر زانست، ئەگەرنا هەموو بۆچوونەکان پێش گریمانەی واتانو هیچی تر.

---

١- نقد أدبی، جستجو در أصول و روشماو مباحث نقادی با بررسی در تأریخ نقد و نقادان، د. عبدالحسین زرین کوب، جلد أول و دوم، انتشارات أمیر کبیر، تهران ١٣٧٨، ص٢٥٣

٢- نقد ادبی، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤٧

دەرككردن بە حاڵەتە تايبەتييەكان، كە لە تەسەووفدا وەك زاراوەيەكى باتين، كەشف-ى پێدەگوترێت، بنەمايەكى ديكەى واتاى باتينە، بەو پێيەى ئەگەر عيرفان زانستى ناسينى ناوەوە (باطن) بێت، خودى پاككردنەوەى دەروون (تزكية النفس) يش كۆڵەگەيەكى گرنگى باڵەخانەى تەسەووف بێت، ئەوا پرسى دواندنى رۆح لە لايەكو نەفس (دەروون) لەلايەكى تر زياتر بەرەو چڕبوونەوەو قووڵبوونەوەمان دەبات بۆ جيهانى باتين. ئەم جيهانە كە بە جيهانى پەنهانو ناديارى ناسراوە، تەنيا ئەوانە پێى دەگەن، كە رێبوار(سالك)نو شارەزاى كونو كەلەبەرەكانى ئەم رێگايەن، ئەمەش دەبێ بە ئەزموونێكى كەسىو زانسيتدا تێپەڕ ببێت، تا بتوانێ بە پەيژەكانيدا هەموو (مقام)ەكان ببڕێت.

رێبوار لە توانايدا هەيە، پلەكانى ميتافيزيك ببڕێت، تا ئەوەى بگاتە قۆناغێك، كە مرۆڤى ئاسايى نەتوانێ پەى بەم نهێنييانە ببات، لێرەدا دوو پلەو هەنگاو لە ئاسايى بوون دوور دەكەوێتەوە:

يەكەميان: بەهۆى ئەزموونە تايبەتييەكەو چوونە ناو واقيعەكەوە، سالك كە ڕۆڵى شاعيريش دەبينێ، لە شاعيرانى تر جودا دەبێتەوە.

دووەم: ئەم ئەزموونە رۆحىو پەنهانييە دەبێ بە زمانێكى تايبەت دەربڕێت، چونكە زمانى ئاسايى ناتوانێ گوزارشت لەم رێرەوە رۆحىو دەروونييە بكات، لێرەدا وێڕاى شيعرييەتبوونى زمان، شيعريەتبوونى ناوەڕۆكى دەقيش خۆى بەرجەستە دەكات، بەوەى كە دەقێك دێتە كايەوە، لە شاعير بترازێ كەسى تر ناتوانێ تاك واتايى تێدا جێگير بكات، ئەمەيش رێگا خۆش دەكات بۆ ئەوەى هەر خوێنەرەو لە گۆشە نيگايەكەوە هەوڵى دۆزينەوەى واتا بدات.

كەشف kasf پەردەگوشايىو رازنماييەكە لە چەمكەكانى تەسەووف، بە واتاى پەردەى غەيبو پەنهان دێت، كە بە رێگاى نقوم بوونى دەرون (نفس)و چاودێريكردنى باطين دێتە ئاراوەو بە خەونو رۆئياى صاديقانەش دێت، كە كەسەكە دەكەوێتە حاڵەتێكى بێدارى.[1]

لەو نێوەندەشدا شيعرەكانى مەحويش لەو چوارچێوەيەدا بەشێكيان دەبنە قەڵمڕەوى باتينيەت، كە هەڵگرى بنەماكانى قووڵى فەلسەفەى تەسەووفو رەخنەى سۆفييانە بەم ئەزموونەدا گوزەرى نەكردوە، كە رەخنەگر لە هەمان كەشى شاعيردا بژيەت، بۆيە پێكانى واتا دروست نابێت. لەلايەكى تر هێرمينۆتيكاى مێژوويى خۆى قيت دەكاتەوە بەوەى وەرچەرخانى مێژوويى چەمكو كۆدەكانى دەق بەرەو كاڵبونەيەكى واتايى دەباتو واتاى هاوچەرخى ديكە لەخۆيدا هەڵدەگرێ، كە ئيشكالييەتى تێگەيشتن دووبارە دەسازێنێتەوە.

لە چوارچێوەى قورئانى پيرۆزيشدا، ئەوەى پێى دەگوترێت هێرمينۆتيكاى باتينى، يان كەشفى، بريتييە لە رێگاى پشكنينى دەروونى لە رێگاى دەركردنێكى راستو تێگەيشتنى باتينى وشەو ئايەتەكانى قورئان[2]. لێرەدا روون دەبێتەوە، كە پرسى هێرمينۆتيكا، هەوڵێكە بۆ كەشفكردنى خودو لايەنى دەروونى شاعيرو ديوى ناوەوەى دەق، چونكە دەق وەك نەخۆشێك وايە، پزيشك بتوانێ ديوى دەروونى بخوێنێتەوەو دەستنيشانى خاڵە جياوازەكانى بكات، بە شێوەيەك هەتا تێيدا قووڵ ببێتەوە،

---

١- واقعات (مكاشفات) لاهيجى در شرح گلشن راز، دكتر على محمد پشت دار، محمد رضا عباس پور خرمالو، فصلنامه ادبيات عرفانى و اسطوره شناخت، سال ٦، شماره ١٩، تابستان ١٣٨٩، ص٣١

٢- شمس تبريزى و تأويل هاى عرفانى او از أحاديث نبوى، محمد خدادى و ديگران، ص٧٧

زیاتر واتای لێ وەدەست دەهێنرێو لەم رووەشەوە لێکۆڵینەوەی دەروونی بۆ دەقی ئەدەبی، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەچێتە ناو چوارچێوەی جۆرێك لە تەئویل، لە سۆنگەی ئەوەی دیوێکی دیکە لە واتاو تێگەیشتنێکی دیکە بۆ دەق پەیدا دەکات.

ئەم بۆچوونە کۆمەڵێك گرفت لەناو گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی چارەسەر دەکات، بەتایبەتی لەو مەسەلانەی، کە بە خودی شاعیر پەیوەستن، لایەنە دەروونییەکەی، بیروڕاو شێوەی ژیانی... چونکە ئاستەنگی هەرە گەورە، بە تایبەتی لەبەردەم شاعیرێکی وەك مەحوی، ئەوەیە تا ئێستا خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقەکانی کراوە، بەڵام کەمیان توانیویانە خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ خودی شاعیر ئەنجام بدەن، بە تایبەت بە شێوەی رووکەش لە دەقەکانیدا وا نیشان دەدرێ، دڵدارێکی دونیاییەو بە زمانو چنینێك دەقەکانی نووسراون، ئەگەر واتای رووکەشی و پیتی بۆ لێك بدرێتەوە، ئەوا جەمسەری مەحوی پێچەوانەی جەمسەرە حەقیقییەکە دەردەچێت، بۆیە هێرمینۆتیك دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەو واتا رووکەشەکە بەلاوە دەنێ.

### ٣-١٤ ئیشکالییەتی مەبەستداری (القصدية)ی دەق و رۆڵی لێکدەرەوە (المؤول):

هەموو دەقێکی ئەدەبی بێگومان بە گوتارێك ئاراستە دەکرێ، کە مەبەستێکی لە پشتەوە بێتو ئەم مەبەستەش بە زووترین کات بە وەرگر بگات، هەموو ئەو گرفتانەشی دێنە بەردەم کردەی تێگەیشتن، دواجاریش مەبەست دەخەنە بارێکی ناڕوون، مادەم (دەقیش بە لای خوێنەرەوە پڕۆژەی زیندووکردنەوەی بەشە مردووەکانە، ئەو دەقەی کە هێرمینۆتیکی بە سەردا جێبەجێ کراوە، ئەو دەقەیە، کە دووبارە لە چرکەساتی لەدایکبوونەوە، لەمیانی ئێستا/ رابردووەوە، بۆ چرکەساتی پێکهاتەیەکی تازە، زیندووبۆتەوە، بەو پێیەی خوێندراوەتەوە).[١] ئەوا هەمیشە مەبەستداری یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکانی جێبەجێکردنی کردەی تێگەیشتنە، هەر خوێنەرێکیش سەر لەنوێوە، گیان بە بەر دەقدا دەکاتەوە بەوەی هەوڵی ئەوە دەدا مەبەستی دەق، یان نووسەر ئاشکرا بکات.

هەموو دەرخستەیەکی مەبەستەکانی دەقیش بە مەزەندەکانی خوێنەرەوە بەندە، بەوەی دەستپێشخەری خوێنەر بۆ تواناکەی خۆی دەگەڕێتەوە، کە چەندە دەقەکە ئەوەندە دەهێنێ ئەم مەزەندەیەی بۆ دابنرێ، چونکە هەر دەقێك ئەگەر بە ئاسانی واتای بەخشی، وەك پەیامێکی دزراو وایە. لەلایەکی تر سەرەتاکانی چنینی دەق نیشانەی تێگەیشتن لای خوێنەر دەسازێنن، بەو واتایەی ناسینی مەبەستی دەق، بریتییە لە ستراتیژیی سیمیۆلۆجیانەی دەق، بۆ نموونە کاتێك لە سەرەتای دەقێکی فۆلکلۆریدا دەربڕینی (هەبوو نەبوو) دەخرێتە روو، راستەوخۆ مەزەندەی خوێنەرەکە وایە، کە ئەم دەقە هەقایەتێکی ئەفسانەییەو بەشێك لە ستراتیژی مەبەستی دەق بەهۆی ئەم دەربرینە سیمیۆلۆژییە ئاشکرابوو.[٢]

---

١- نقد/ تصوف (النص- الخطاب- التفكيك)، شريف هزاع شريف ، ل٣٢٧

٢- التأويل بين السيميائيات والتفكيكية، امبرتو ايكو، ترجمة وتقديم: سعيد بنكراد، المركز الثقافي العربي، المغرب، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠، ص٧٨

دەقی سۆفییانەش لەبەر هەڵکەوتەکەی، چ لە ڕووی شێوەو زمان، چ لە ڕووی ناوەڕۆك‌و پێکهاتەی دەلالییەوە بە جۆرێك چنراوە، کە تایبەتمەندیی خۆی پاراستووەو لەو سۆنگەیەش بواری لێکدانەوەی جیاجیای خۆشتر کردووەو هەندێك جار بە هەندێك لە دەرکەوتنی ستراتیژیی سیمیۆلۆجیانە مەبەستە سۆفیگەرییەکان خۆی دەخزێننە ناو بواری تێگەیشتنەوە.

لەم ڕووەوە لێکدانەوەی دیوانی مەحوی لەلایەن مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس‌و محمدی کوڕیەوە، ئەگەرچی بە گشتی ئەوەی لە شەرحی دیوان پەیڕەو دەکرێ، زیاتر شەرح‌و ڕاڤەیە، بەڵام لێکدەرەوەو ئامادەکار، بێ ئەوەی پشت بە بنەماکانی هێرمینۆتیکی تازە ببەستێ، ڕۆڵی خوێنەرێکی شارەزا دەگێرن، بەوەی زۆر جاران تەنیا ڕاڤەیەکی ئاسایی ئەنجام نادەن، بەو پێیەی مامۆستا عبدالکریم لە ئەزموونی عیرفانی‌و تەسەووفدا قۆناغی تایبەت بە خۆی بڕیوەو وێڕای ئەمەش زانایەتییەکەی لەو بوارەدا شارەزای کردووە، بۆیە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکرێ لە هەندێ باردا، وەك لێکدەرەوە (مۆول) سەیر بکرێ، مادەمیش هیچ خوێندنەوەیەکی هێرمینۆتیکی خوێندنەوەی کۆتایی نییە، چونکە هەست دەکرێ لە لێکدانەوەی دیوانەکەدا لە شوێنێکدا، ئەگەر گەیشتن بە دڵنیایی واتا، گومانی خرایە سەر، ئەوا بە ترسەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقە سۆفییانەدا دەکەن‌و بە دەستەواژەی (مەبەستی) ڕاڤەکە جیادەکەنەوە، کە ئەمە بە بەشێك لە خوێندنەوەی هێرمینۆتیك حسێبی بۆ دەکرێ. بۆ نموونە مەحوی دەڵێ:

**بالآیە وەك ئەلیف لە حوروقاتی کائینات**

**مافەوقی تۆ کوژایەوە ناوی لە تەحت‌و فەوق    / ١٨٣**

مامۆستا لە شەرحەکەدا دەنووسێ: (ئەگەر ڕوی دەمی مەحوی لەم بەیتەدا لە پێغەمبەر بێ، ئەوا مەبەستی لەناو کوژانەوە، هەڵوەشاندنەوەی ئاینی پێغەمبەرەکانی تر دەبێ).[١] لێرەدا مەبەستی شاعیر لای خوێنەرێك، کە هەم خوێنەری شیعرەکانەو هەمیش ڕەخنەگر، ترسێکە ناکرێ سەد لە سەد لە واتایەکەی دڵنیا بیت، ئەم دڵنیانەبوونە دەرگای ئەوە دەکاتەوە، کە ناسنامەی دەقی کراوەی تێدا ڕابگەیەندرێ‌و بە تەنیا بە یەك مەبەستی ترس لێ نیشتوو، خوێنەری دووەم بڕوای نەیەت‌و هەوڵی دۆزینەوەو کەشفی وردەکاریی تر بدات.

---

١- دیوانی مەحوی، لا١٨٣

## ئه نجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەستهێنراون بریتین لە:

-ژمارەی غەزەلەکانی مەحوی زیاترە لە قەسیدەکانی، زۆرترین بنەماکانی هێرمینۆتیکیش لە غەزەلدا خۆی بەرجەستە دەکات، نەك لە قەسیدەدا، بۆیە ئەوەندەی غەزەلەکانی مەحوی دەرفەتی تەئویلکردنیان هەیە، ئەوەندە قەسیدەیەکی وەك (بەحری نوور) چڕو ئاڵۆزو تەمومژاوی خۆی نیشان نادات. زۆربەی غەزەلەکانی مەحوی، خاوەنی گوتارێکی ئاڵۆزی واتایی‌و بڕی خوێنەر تێیدا بە تەنیا بە تاکە واتایەك ناشکێ‌و خوێنەر بۆ خۆی کەمەندکێشی دەکات لە ناو چوارچێوەی غەم‌و مەینەتی‌و دابڕان‌و کۆچ دان‌و لە عیشقێکی غەمگینانەدا، دەنگی مەحوی‌و دەنگی وەرگر تێکەڵی یەکتر دەبن، بەڵام لە قەسیدەکاندا، ئامانجەکەی دیارترەو بۆیەشە وەك زانیاری‌و چێژێکی شادی‌و دڵخۆشی‌و ویساڵ‌و گەیشتن بە یار مسۆگەردەکات‌و ئەم شادییەش کاری کردۆتە سەر وشەو دەربڕینەکان‌و چنینەکەشی لە بەردەم گوتن‌و بیستنی وەرگردا خۆشتر کردووەو کەمتر پێویستی بە لێکدانەوەی جیاواز هەیە. لەلایەکی تر غەزەلەکانی مەحوی لەچاو قەسیدەکاندا کەمتر واقیعین‌و هەندێ جار دژە ریالیزمن، بۆیە بۆ وەرگر مایەی گەڕانن بە دوای واقیعێکی تردا کە مەبەستی دەق‌و شاعیری تێدا بێتە دی.

-ئەوەندەی بابەتی عیشق‌و سۆزداری دەبێتە کەرەسەی خوێندنەوەی هێرمینۆتیکانە، هێندە بابەتێکی عەقڵیی بێگەرد ناکەوێتە بەر ئەم خوێندنەوەیە، بۆیە قەسیدەی (بەحری نوور)ی (مەحوی) عەقڵگەرایانەو واقیعیانە باس لە وێستگەکانی ژیانی پێغەمبەر (د.خ) دەکات. لەبەرامبەردا غەزەلەکانی مەحوی بەم هەناسەو بەم هەنگاوە بەرەو رووی رووداوەکان ناچن، بەڵکو هەمیشە عیشق دەکاتە پێوەرو دڵ‌وسۆز دەکەنە ناوەندی بیرکردنەوە.

-نووسینی شیعر بە سەبکی عێراقی لای مەحوی، زۆرترین دەرفەتی تەئویل بەدەستەوە دەدا، بەهۆی هەڵکەوتەی سەبکەکە، کە هەڵگری بابەتگەلێکە، لەناو بۆتەی ئاڵۆزی تێگەیشتندا خۆی بەرجەستە دەکات.

-مەحوی لە غەزەلەکاندا وشەی (مەحەببەت)ی بەکارهێناوەو خۆی لە وشەی (حب) دوورگرتووە، ئەمەش لەلایەك لاسایی میراتی کۆنی سۆفییانەی کردۆتەوەو لەلایەکی تریش وشەکەی مێینە کردووە. لە غەزەلەکانیشیدا جوانی ئافرەت مەبەست نییە، بەڵکو ئامرازە بۆ گەیشتن بە جوانی راستەقینە، ئەو وشانەشی تایبەتن بە مێینە، دووبارە دەبنەوە ئامراز بۆ دوێندراوێك کە نێرینەیە، ئەمەش وێڕای چێژبەخشین بە دەق، ئاڵۆزیش لای وەرگر دەسازێنێ.

-مەحوی، بە زمانی خۆشەویستی زەمینییەوە گوزارشتی لە خۆشەویستی ئاسمانی کردووە، وەرگری ئاسایی چێژ لە چینە زەمینییەکە وەردەگرێ. بۆیە شاعیر ئەوەندەی مەبەستی گەیاندنی رێبازە فیکرییەکە بووە، ئەوەندە مەبەستی چێژگەیاندن نەبووە. وەرگری ئەزموونداریش لە هەردو لاوە کارلێك لەگەڵ دەق‌و شاعیر دەکات.

-مەحوی وشەکانی (یار، دولبەر، مەعشووق، شۆخ...هتد)، لە حاڵەتی تایبەتیدا بۆ ڕەگەزی نێری بەکارهێناون‌و ئاراستەی مەبەستی دەقەکەی تەواو پێچەوانە کردۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی نیشاندانی بنەمایەکی جوانی‌و گەیشتنە ترۆپکی خۆشەویستییە، جێبەجێکردنی فەرمانێکی رێبازی سۆفییانەشە.

-لە شیعرە ئەرێنییەکاندا (کە بە ئەرێنی رەگەزی مێینە هاتووە)، کە گوتاری دەق تێیدا گوتارێکی خۆشەویستی‌و گەشبینییە. عیشقێکە جۆرێك لە ڕەسمیبوونی تێدایەو کەرەستەکانی مێینەبوونی دەق

دەهێنێتەوە، کە بەشێکە لە میراتی کۆنینەی سۆفیگەری. بەڵام کاتێك گوتارەکە بەرەو نەرێنی (سلبی) بوونە، ئامرازەکانی مێینەبوون دووبارە ناکاتەوەو راستەوخۆ سیاقەکە، سیاقی ئامرازەکان بۆ گەیشتن بە مەعشووق‌و چێژ بەخشین بە وەرگر نییە، بەڵکو سەرزەنشتکردن‌و هێرشکردنە لە بارێکی کۆمەڵایەتی‌و فەلسەفەی ژیاندا، بۆیە وەرگری ئاسایی بە هیچ کلۆجێك بیری بۆ عیشقە ئیلاهییەکە ناچێت.

-هەندێ زاراوەی سۆفیگەری لە چەشنی (جەمال‌و کەمال‌و جەلال...هتد) بە تاك تاك‌و (جەمالی کەمال)‌و (جەمالی جەلال)یش بە جووتە، هەڵکەوتەکەیان وایە، ئەگەر پاچڤەبکرێن، ئەوا چۆنیەتی پاچڤەکردنی وشەکە بۆ سەر زمانی کوردی جۆرە ئیشکالییەتێك دەخاتەوە، بەوەی کۆمەڵێك سیمای دەلالی لە دەست دەدەن،. هەردوو جووت وشەکەش لەلای مەحوی لەگەڵ کردەی عیشق هاتوون‌و سەلمێنەری عیشقی ئاسمانین‌و پەیوەندییان بە عیشقی زەمینییەوە نییە.

-مەحوی، هەر وەك چۆن (جوانی‌و خۆشەویستی‌و چێژ)ی لە قالبی غەزەل‌و عیشقدا جێکردۆتەوە، بە هەمان شێوەش ئەم سێ چەمکە لەناو بۆتەی ئەو دەقانەشدا جێگای دەبێتەوە، کە ناوەڕۆکەکەیان باسکردنە لە مەی‌و شەڕاب. بۆیە لای مەحوی عیشق‌و مەی بەیەکەوە گرێدراون، بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بە تەنیا تەئویل بۆ یەکێك لە چەمکەکان بکرێت، چونکە بە هەردووکیان بنەمایەکی سۆفیانەیان لەخۆدا بەرجەستە کردووە. پەیوەندییەکەش لەنێوان ئەم دوو چەمکە لە غیابی مەی‌و ئامادەیی یاری نێرینە، یەکسانکردنی یار بە مەی‌و ساقی، مێینەیی یارو نووری مەی، مەیگێڕ یارو مەیگێڕ خودایە، دایە.

-تەئویلی دەربڕینی (بەهەشت کردنە قوربانی دۆزەخ) لە گەیشتن بە ئەهلی کەماڵ سەرچاوە دەگرێ، بەلای مەحوییەوە دەبێ دوو هەست بەشداری بکەن، ئەوانیش هەستی بینینی جوانی لە دڵەوەو هەستی چەشتنی مەی مەعنەوی.

-لای مەحوی، شەڕابی حەقیقی لە کاتی وەصل دایە، نەك فیراق. کاتێ بە یار دەگات مرازی هاتۆتە دی‌و ئیتر لە بینینیدا مەست دەبێت‌و هەروەك ئەوە وایە شەرابی خواردبێتەوە، بەڵام لە غیابی ئەودا هەمیشە هۆشیارە، تا لەبەر چاوو زەینی ون نەبێت.

- لای مەحوی، هەر سێ چەمکی (نەی‌و ساقی‌و مەی) لە چوارچێوەی فێڵدەکانی مەیخانە کۆبوونەتەوەو هەریەکەیان بەهایەکی مەعنەوی بۆ بەهێزکردنی دەربڕینی عیشقی حەقیقی هەیەو کۆڵەگەیەکن بۆی. بە جۆرێك با (نەی)و هاوشێوەکانی زاراوەی تایبەتی سۆفییان نەبن، بەڵام بە هاتنیان لە پاڵ چەمکەکانی (ساقی‌و مەی‌و خۆشەویستی) دا، مۆرکێك لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەن‌و بەیەکەوەش تەئویل دەکرێن.

-شڵەژان‌و لاربوونەوەو رشانەوەو بیرچوونەوەو نوور کاتێك لەگەڵ (مەی) دێن، خواستنی سیماکانی مەیخواردنی دونیاییە، بەڵام لای مەحوی وەك پەیڕەوکردنی بنەمای سۆفییانە، تەئویلی تایبەت بەخۆیان هەیەو دەبنە بەشێك لە سیماکانی مەی مەعنەوی.

-بنەماکانی هێرمینۆتیك زیاتر لە شیعرە نووسراوەکانی مەحوی دەسەنگرێنەوە، وەك لەوەی ئەم شیعرانە تەنیا بە دەنگ بۆ وەرگر بگوازرێنەوە، لە سۆنگەی ئەوەی بینینی نووسراوەکە لەلایەن وەرگر، زیاتر دەرفەتی قووڵبوونەوە لە چنینە زمانییەکە لە خۆیدا بەرجەستە دەکات.

-بە ڕەوا دەزانرێ بە پێی زۆربەی رێبازە تازەکانی هێرمینۆتیکای هاوچەرخ، لە مەبەستی شاعیر بکۆڵدرێتەوە، بەتایبەتی لەو بوارەدا، کە کەسێکی وەك مەحوی لە یەك کاتدا شاعیرو سۆفیشە. پەیڕەوکردنی تیۆرە رەخنەییەکان بۆ کردنەوەی کۆدەکانی ناو دەقی مەحوی، دەبێ تەنیا لەوەوە سەرچاوە بگرێ، کە ئەم رێبازانە

بۆ تێگەیشتن لە دەق هاوکار بن، ئەگەرنا جێهێشتنی دەق بۆ هەر سەردەمێك هیچ گۆڕانێك بەسەر واتاو مەدلولەکانی داناهێنێ، کە بتوانێ ستراتیژییەتی مەبەستو نیازی شاعیرو دەق نیشان بدات، لەبەرئەوە بە بێ تیۆری رەخنە، چ بە سەردەمی رابردوو، چ بە ئێستا، پێوانەی لێکدانەوەی دەق لاسەنگ دەبێ.

-مەسەلەکانی بوونو عەدەمو دەرکەوتنو دەرنەکەوتنو ژیانو مردن.... هتد. لەناو چوارچێوەی سۆفیگەریدا، تێگەیشتنێکی دیکەی بۆ هەیەو لە تێگەیشتنە فەلسەفییە ڕۆژئاواییەکانەوە لە کرۆکدا جیاوازە، ئەگەرچی لە هەندێك لایەنی ڕووکارییەوە هاوبەش بێ، بۆیە ناکرێ لەم دوالیزمانەدا، بە بێ گەڕانەوە بۆ بوارە سۆفیگەرییەکە هیچ حومکێك بەسەر مەحوی بدرێ.

–قەلەقی شاعیر، عەدەمی بۆ ئاشکرا دەکات، بە جۆرێك شاعیر یەقینی تەواوی بە دونیایەکی تر هەیە، بۆیە ئازادییەکەی ئەگەر لە هەڵوەدابوون بۆی، قەلەقیشی بکات، بەڵام لەم حەقیقەتە تووشی گومان نابێت، بەڵکو گومانەکە وەرگر دروستی دەکات بۆ ئەوەی بەهۆی تەئویلەوە لە تاك واتاوە بەرەو لێکدانەوەی هێرمینۆتیکیانە بچێ، نەك بە پێچەوانەوە. بۆیە قەلەقی (مەحوی) لە وردەکارییەکانی پێکهاتەی (بوون)ە. تەنیا لە بە زایەچوونی هەوڵەکانی خۆی، دەگاتە رادەی گومان.

–عەدەمی مەحوی لە نیگەرانی مردندا نییە، بەڵکو لە وجوودی ژیاندا هەست بە عەدەم دەکرێ، لە پێناو گەیشتن بە وجوودێکی دیکە. مەحوی هەڵوەدای ئازادییە، ئازادییەك لە بەندیخانەی وجوودی عەدەمی دونیا رزگاری بکاتو بە تەنیا ببێتە بەندەی خوداو بتوانێ لە وەرگرتنی بەهرەی نووری خودادا عەدەم وەلاوە بنێو بگاتە نوورێك کە سێبەری نەبێ، ئەو سێبەرەی لەگەڵ تاریکیدا هاویەکە، هەتا سێبەرو تاریکی هەبن لە بەندی دایەو وجوودێکی عەدەمیو عەدەمێکی وجوودی دەبێ. دیاریکردنی عەدەم لەناو بۆتەی دونیادا، لای مەحوی ئەو مرۆڤ (مومکین)انە دەگرێتەوە کە لە نووردا بێ بەشن، بۆیە زوڵمەتو سێبەر بە لای مەحوییەوە عەدەمی دونیا نیشاندەدەن، یا وجوودێکیشی لەلای خەڵکی تر هەبێت. هەرچی نوورو هەتاوەکەشە، وجوودی خودا نیشاندەدەن، کە (واجب الوجود)ەو شاعیر هەڵوەدایە لەو وجوودی عەدەمو عەدەمی وجوودە رزگاری بێو بەرەو ئەم نوورو هەتاوو وجوودە هەنگاو بنێ

–مەحوی وەك زانایەکی سەردەمی خۆی، لە حەقیقەتی تەئویل تێگەیشتووە، نەك هەر بەمە نەوەستاوە، بەڵکو لە مەسەلەی بیروباوەڕ (العقیدة) شدا، خۆی بووەتە لێکدەرەوە (مؤول) و لەمەشدا مەبەستی تەئویل بۆ ئەوەبووە لەو دەروازەوە، هێزی شیعرییەتی خۆی بە پاڵپشت بە ئایدۆلۆژیای سۆفییانە نیشان بدا. مەحوی لە (عقد العقائد)ەکەی زۆر بە روونی موئەویلەو تەئویلی بۆ عەقیدە کردووە.

لای مەحوی فەنابوون تەنیا لە مردن کورت ناکرێتەوە، ئەو لەبەر مردن ڕاناکاتو بگرە پێشوازیشی لێ دەکاو دەگاتە ئەو حاڵەتەی بە ویستی خۆی داوای بکاتو هەڵیبژێرێ، هەروەها لە روانینی ئەودا،مردن وێنەیەکە کۆتایی هەمیشەیی نییەو گەڕانی راستەقینەیەو، قۆناغی دەست گەیشتنە بە یار، بۆیە تەنیا لە فەنادا دیداری خۆشەویستان دەسازێ. قایل بوونیش بە کەلاوەکانی فەنا بۆ دەستکەوتنی ئاوەدانیی بەقایەو ئەو جەستەیەی بە فەنادا دەچێ، بەقا پێی رازی نابێو لە نوێوە دەیسازێنێتەوە. هەمووشی بریتییە لە ئازادبوون لە عەدەمێك، کە وجوودی مومکینە. ئەم هەستکردنو هەڵوەدابوونەی ئازادی –یش بە بێ مەعریفەی (بەقا) نایەتە دی.

–هەموو هەوڵی مەحوی بۆ پرسی فەناو بەقا لەناو وجوودو عەدەمدا، بۆ زاڵبوونە بە سەر چوار ڕەگەزی ئیشراقی، کە خۆیان لە چوار بووندا دەبیننەوەو ئەم چوارەش پەیوەستن بە دڵو بە دەست بە سەرداگرتنیان

تەجەللای خودا بەرەو دڵ هەنگاو دەنێ، ئەوانیش (ڕۆح، عەقڵ، نەفسو جەستە)ن، بۆ جیاکردنەوەیان لە ماددیەت، کە لەو میانەدا سۆفی لە جیهانی باطن‌دا، بە یەکگرتنی هەر چوار ڕەگەزەکە دەگاتە نووری نەبڕاوەی خودا. بۆیە مەحوی لە چوارچێوەی دڵدا هەر چوار ڕەگەزی جێکردۆتەوە، نەك تەنیا بە باسکردن، بەڵکو بە زاڵبوونیش بەسەریاندا، فەنابوونی خۆی سەلماندووە.

–مەحوی دڵنیایە لەوەی بەهۆی ئەم چوار ڕەگەزە ماددیەی (ئاگرو هەواو ئاوو خاك )، بە ڕۆح ناگاتو ئەمانە ڕۆڵیان لە ئامادەکردنی ڕۆح نابێت بۆ پلەی فەنابوون، بۆیە (بێ دەنگی، گۆشەگیری، برسیبوون، بێداری) وەك چوارجێگرەوە دادەنێ بۆ بنەما ماددیەکان، تا خۆی وەك سۆفییەك لە حاڵەتی باتینەوە، هەوڵی میعراجی سۆفییانە بداو بە پلەی حەقیقەت بگات.

–مەحوی ڕاڤەی بۆ جۆری مردن کردووە (مردنی بەر دەرگای یارو پەیڕەوی کردنی فەرمانی بمرن بەر لەوەی بمرنو بەرەو مردن چوون دەرگاکردنەوەیە بەسەر ژیانی ڕاستەقینە، مردنی بەحەز شیرینەو عاشقان بە مردنی ئاسایی نامرن)، بەڵکو تەئویلی مردن ڕزگاربوونو بەسەرپێکەوتن و زیندووبوونەوەی ڕاستەقینەیە.

–بەرەو کوشتن چوون لای مەحوی مەبەستی سەرەکی لابردنی پەردەیە بۆ دەرکەوتنو تەجەللای خودا.

–لە شیعری (لەناکەس کارییا) منی مەحوی تایبەت نییە، بەڵکو منەکانی تری کۆمەڵگاش لەگەڵی ئاوێتە دەبنو بە منی خۆیانی دەزانن. شیعرەکە بە بێ (من) هیچ واتایەك نابەخشێ، تا لە کۆتاییەکەدا جەمسەری دژی خودبینی (ئەنانییەت)، ئاشکرا دەکاتو لە بچووکترین پلەی خۆبەکەمزانیندا خۆی دەدۆزێتەوە، کە نیشانەی تەواو تێکشکاندنی پلەی ئەنانییەتە.

–هەوڵدانی (مەحوی) بۆ شانازیکردن بە شیعرەکانی، لەچاو منی سۆفییانەو منێکی خۆ بەکەمزانانە، ڕووبەرێکی ئەوەندە فراوانی نەگرتۆتەوە، تەنانەت لەناو ڕۆحی شانازیکردنەکەشدا، وەرگر جۆرێك سادەبوونی شاعیر هەست پێدەکاتو دەردەکەوێ، کە شاعیر لەوەشدا ترسی ئەوەی هەیە لە ئەنانییەت نزیك بێتەوە، بەڵام مەبەستەکە شیعرە، نەوەك دەروون. مەحوی بە شەرمەوە شانازی بەمنی شیعری دەکات، بەجۆرێك لە ترسی تووشبوون بە خودبینیو ئەنانییەتەوە، جۆرێك لە موناجاتو هاواری خواکردن دەکاتە نوێنەری بیری شانازی.

–نەبوونی هاوشێوەی ئەوو شیعر، بە یەکەوە هاوسەنگییان دروستکردووە، لەوەشدا شانازیکردنەکە بە ئەو زیاتر دراوە، چونکە بە هیچ شێوەیەك شیعر یەکسان نییە بە خودی شاعیر. منی شاعیر شیعرییەتی بۆ وەرگر لە منی شیعر بەهێزترە، لەبەر ئەوە هاوسەنگییەکە ڕێژەی شانازیکردنەکەو پەسنکردنەکەی کەم کردۆتەوە.

نازناوی شیعری (تەخەللوص) جۆرێك لە خودێتی دێنێتە کایەوە، بەڵام بە زۆری تێیدا دواندنی خودە لە جەمسەرێکی ناسەرەکی، نەك وەکو (من) چەقی سەرەکی بونیادی پێکهاتنی دەقەکە بێتو ببێتە بەشێك لە کەرەستەی تەئویلو ڕاڤەی ناو شیعر.

–زۆرترین ڕێژەی شیعرەکانی دیوانی مەحوی لە سەروای (میم)ییەوە، چڕبوونەتەوە. چڕبوونەوەکە لە (میم)دا، زۆرترین گوتارو بیروبۆچوونی لەخۆدا هەڵگرتووەو گرنگترین ئەو شیعرانەشی، کە گەنگەشەی زۆریان لەبارەی تێگەیشتنو مەبەست لەسەرەو بەهایەکی بەرزی تەئویلیان هەیە، شیعری میمین.

مەحوی لە قەپێلکی منی ئاسایی سەردەمی منداڵیدا دێتە دەرەوەو فەلسەفییانە لە ژیان دەڕوانێو سۆفییانە لێی تێدەگات، کە دەگاتە پلەی سۆفییانە، هەموو هەوڵەکانی لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە خۆی لە ئەنانییەت دوور بگرێو تەواوی وزەکانی ئەوێ لە خزمەتی منی سۆفییانەدا بەکاربێنێت، هەر لەبەر ئەوەشە قوربانی بە

منی ئاسایی خۆی دەدات لە هەمبەر نازناوی خۆیدا، کە ونبوونو توانەوەیە، ئەم هەستکردنە لە ڕادەبەدەرەش بۆ خۆجیاکردنەوە، دەبێتە هۆی هەستکردنێکی زۆرترو لە ڕادەبەدەری کێشەی وجوودو عەدەم.

-شاعیر دەبێتە وەرگرێك بۆ خودی حەللاجیش، بەڵام وەرگرێکی شارەزاو ڕەخنەگرانە. ئەم جۆرە لە تێگەیشتنی تێگەیشتن، دژواری لە تێگەیشتن لای وەرگر دروست دەکات، بەتایبەتی لە پێشگیریو پشگیری (اناالحق)دا.

-مەحوی عەقڵو سێبەر بەیەکەوە جووت دەکاتو هەمان چارەنوسی هاوبەشیان دەداتێ، کە توانەوەو ونبوونە لە کاتێکدا نووری ڕاستەقینە پەیدا دەبێ. هەموو ئەو جێگایانەشی عیشقی ڕاستەقینەی تێدایە، هەتاو ڕۆشنو بەهێزە، کە دەلالەتی بوونی یاری لێ دەکرێ، گەیشتن بە یارو بەقاش نایەتە دی، هەتا بە باری سێبەر تێنەپەڕێت، بە واتایەکی تر دانانی مەدلوولی هێزو توانای هەرە مەزن بۆ هەتاو، لەو سۆنگەوەیە کە تەئویلی هەتاو دوایین شوێنەو لە هۆشی هەمووواندا دوا پلەی بەتینیو بەهێزییە، لەبەرئەوە بە بوونی هەتاو هەموو گەرماییە کەم هێزەکان ون دەبن.

-تەئویلی ئەو عەقڵەی لەگەڵ چەمکی عیشقدا لە شیعرەکان هاتووە، بریتییە لە عەقڵی پێ ژیان، کە خاوەنەکەی بە هۆیەوە نقومی ئارەزووەکانی دونیا دەبێ، ئەمەش مرۆڤ و گیانلەبەران تێیدا هاوبەشن. ئەم ڕوانینە جۆرە فەنابوونێکی تایبەتە، کە عەقڵ لە ئاست عیشقدا دەتوێتەوە. لێرەدا ئەم عەقڵە لاشەی مرۆڤ و دونیاو کردەوەکانیەتی... هتد، کە بە کردەی فەنابووندا تێدەپەڕن کاتێك بەقا دەدۆزنەوە.

-هاتنی ئاوو ئاگر پێکەوە وێڕای بارە سیمیۆلۆجییەکەی، بۆتە کەرەستەیەکی تەئویلیش بەوەی خودی مەحوی ئاگرەکەیەو ئاگریش توانای لەناوبردنی ئاوی نییە، بەڵکو مەعشووق، کە ئاوەکەیە، ئاو دەتوانێ ئاگرەکە لەناو بباو بیکوژێنێتەوە.

-مەحوی لە سیاقێکدا باس لە ڕاووشکار دەکات، کە بە عیشقو مەعریفەتەوە پەیوەستی دەکاتو لەگەڵ خودێتیو منی سۆفییانەش هاوتای دەکات، بە جۆرێك بۆ چوارچێوەی عیشق مەحوی خۆی بە نێچیر دادەنێو ئاواتەخوازە مەعشووق ڕاوی بکاتو بیباتە پلەی حەقیقەتی عیشقی خودایی. مەحوی پێچەوانەی مەولاناو چیرۆکەکەی مەسنەوی، خۆی بە پاشا دانەناوە، کە ڕاوکردن بکاتە پیشەی خۆی، بەڵکو نێچیرەو ئامادەیە خۆی ڕادەستی مەعشووق بکات. لەوەشدا ئیشکالییەتی گەورە دێتە کایەوە، کاتێك هەمان تەئویلی مەولانا بەسەر دەقەکانی مەحوی جێبەجێ بکرێ، چونکە لە وردەکاریدا تەئویلەکان جیاوازن.

-مەحوی لەگەڵ چەند دوالیزمێکی تردا خۆی پەیوەست دەکاتو دالەکان لەگەڵ خودی خۆیدا هاوتا دەکاتو مەدلول نادیار دەبن، لە هەریەکەشیاندا بنەمایەکی تایبەتی تەئویل واتاکانی دەدۆزێتەوە.

-مەحوی دالی صەحراو بارە سیمیۆلۆجییەکەی لەگەڵ چەمكو دالی دیکە هاوشانو پەیوەستی دەکات، کە وەرگر چاوەڕێی سازاندنی ئەو وێنەیە ناکات، بەڵام وێڕای ئەمەش پەیوەندییەك بۆ مەعقولییەتەکە دەدۆزێتەوە، بەوەی فەنابوونو بەرەو عەدەم چوون لەگەڵ صەحرا هاوشان دەکات، لە سۆنگەی ئەوەی لە هۆشی هیچ وەرگرێکدا پێشبینی خەسڵەتەکانی عەدەم ناکرێ. پێچەوانەکەشی کە شارە، تەئویلێکی نەرێنی بۆ هەیە.

-مەحوی زۆر هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵ دەقئاوێزاندا کردووەو وەك خۆیو پڕ بە زانیاری بنەماکەی گواستۆتەوە، کە پێی وایە لەناو وادی مەحەببەتو عیشقدا، کوشتنو نیوەکوژراو وەك وەڵامێك بۆ فەرمانی

مەعشووق، رەواجی زۆرە. وێڕای ئەمەش تەئویلەکەی بۆ بنەما سۆفیگەرییەکە دەگەڕێتەوە، کە پایەی دووەمە لە گەیشتن بە عیشقی خودایی.

-ئەوەی ئاڵۆزی خستۆتە ناو هۆشی وەرگری شیعری مەحوی ئەوەیە، پێشبینی بەکارهێنانی ئەو ئەندامە شوێنانە ناکات، کە تاڕادەیەك لە ستراتیژییەتی شەریعەت دوورن، لەلایەکی دیکە جۆری چنینەکە، ئاڵۆزییەکی وای خستۆتەوە، بەوەی ئەوەندەی وێنە شیعرییەکە هێزی خۆی بەرجەستە دەکات، ئەوەندە واتاکەی بەرەو رووی راڤەی ئەندامە شوێنەکە ناچێ و ناتواندرێ بە ئاسانی مەبەستی دەق و نووسەر شیبکرێتەوە. ئەمە بە درێژایی مێژووی سۆفیگەری، وەك بەکارهێنانی مەی و کەرەستەکانی مێینەبوون، لە شیعردا بەکارهاتوون و جۆرێك دەقئاوێزانیان دروستکردووە، کە هەریەکەیان تەئویلێکی بۆ دەسازێ، کە گوزارشتنە لە گەیشتن بە مەعشوقی خودایی، بەڵام مەدلولەکەیان ئیلاهییە و بە هیچ کلۆجێك نابێ لەگەڵ چەمکە دونیاییەکان تێکەڵ بکرێ و خەسڵەتی ئەوێی بدرێتە پاڵ.

-مەحوی بە ئاگادارییەوە مامەڵەی لەگەڵ لۆجیك کردووە و هەندێ زاراوەی بۆ مەبەستی تایبەتی بەکارهێناون و لێکدانەوەی ئەم زاراوانە تەنیا بە گەڕانەوە دەبێ بۆ زانستی کەلام و لۆجیك، کە ئەم وشانە بە فلتەری سیمیۆلۆجیا تێپەڕیون و پاشان بەهۆی لۆجیکەوە دەتوانرێ تەئویل بکرێن.

-مەحوی بەئاگاییەوە بەهۆی بەکارهێنانی چەند زاراوەیەکی لۆجیکی، بێ ئەوەی لە سیاقی دەقەکە ئاشکرای بکا، خۆی بە فاسق داناوە، تەئویلکردنی دەربڕینەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە لە رێگای زانستی کەلامەوە فاسقبوون و فاسق نەبوونی شاعیر دەدۆزرێتەوە.

-لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دەقی مەحویدا، ناکرێ ظەن و شەك بە هاووتا دابنێین و لە کوردیدا وشەی گومانیان بۆ بەکاربێنین، چونکە مەحوی لە هاوکێشەیەکدا لۆجیکییانە هێناونی و تەئویلی تایبەت بەخۆیان هەیە.

-مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی مەحوی، ئیشکالییەتی بۆ پرسی رەخنە دروست کردووە، بەتایبەتی لە مەسەلەی سۆفیبوون و سۆفینەبوون، تەریقەت و شەریعەت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تەواوی دیوانەکە بە یەك چاو سەیردەکەن، بێ ئەوەی رێژە وەربگیرێ، یان ستراتیژییەتی دەقەکان روون بکرێتەوە.

-مەعریفە و فەلسەفە لەناو دەقەکانی مەحویدا بە رێژەیەکی زۆر دەبینرێ، بۆیە وایکردووە، شیعرەکان درەنگ خۆیان بەدەستەوە بدەن و بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆی ریتمە مۆسیقاییەکەی کەمترە، بۆیە بواری هێرمینۆتیکی تێدا فراوانتر دەبێ.

-لە جیهانی هێرمینۆتیکدا لێکدانەوەی کۆتایی و واتای کۆتایی نییە، هەر لەبەرئەوەشە خوێنەری ئاسایی شیعرەکانی مەحوی لە پۆلێنبەندی (روونکردنەوە) دادەنرێ و مامۆستایانی مودەریسیش خۆیان لە راڤەکردن و شەرحکردن دەبیننەوە و هەندێ جاریش بەرەو رووی تەئویل چوونە.

# بیبلیۆگرافیا

**لیستی سەرچاوەکان لە دوای قورئانی پیرۆز**

**یەکەم: (بە زمانی کوردی):**

**أ- کتێب**


١. ئەفراندن و ئازادی- باستەوەرەکانی هیرمینۆتیک و جوانیناسی، بابەك ئەحمەدی، و.مەسعود بابایی، بەرگی دووەم، دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠.

٢. بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، د.عبدالقادر محمدامین محمد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨.

٣. بوون لە شیعری مەحوی دا، د.محمدامین عەبدوڵڵا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی،سلێمانی، ٢٠٠٨.

٤. تەصەووف چی یە، ئەمین عەلائەدین نەقشبەندی، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، دار الحرية للطباعة، ١٩٨٦.

٥. تریسکەکان، بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی، وەرگێڕانی فاروق رەسول یەحیا، کتابفروشی ملی ایران چاپ دووەم، ١٣٨٦.

٦. تیشکەکان، بەدیعوزەمان سەعیدی نورسی، وەرگێڕانی فاروق رسول یەحیا، نشر احسان، کتابخانەی ملی ایران، تهران، ١٣٨٦.

٧. تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٨. تیۆری بنیاتی شاراوە، نەجات حەمید ئەحمەد، چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٨.

٩. دەیری عیشق-کاتێك کە ناخی مرۆڤ دەدوێ، عەبدوڵڵا قەرەداغی، زنجیرەی کتێبی گۆڤاری کۆچ، ژمارە ١١، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.

١٠. دیوانی مەحوی، مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوثمانی بالخی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کریم، چاپی سێیەم، انتشارات کردستان، سنه، ١٣٨٥ .

١١. دیوانی نالی، مەلا خدری ئەحمەد شاوێسی میکایەلی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦ز.

١٢. رەنگدانەوەی کەسێتی و دونیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بەتایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی، سەبور عەبدولکەریم (شکار)، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٣. سۆفیگەری، شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، بڵاوکراوەی دەزگای موکریانی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠١.

١٤. سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیری دا، کامەران ئیبراهیم مشەختی، سپێریز بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، دهۆك٢٠١١ز.
١٥. شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، هێمن عومەر خۆشناو، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ، ٢٠١٠.
١٦. کاریگەری هزرو کلتورە نائیسلامییەکان لەسەر سۆفی و سۆفیگەرێتی ئیسلامی، لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، بلاوکراوەکانی رەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٩ز.
١٧. کەوچکێك شەکر بۆ قاوەی تاڵ، مەسعود محەمەد، چاپی یەکەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.
١٨. لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت، سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا، د. حەیدەر لەشکری، موکریان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.
١٩. لە کلتورەوە بۆ ئەدەبیات (کۆمەڵە وتار)، عبدالخالق یەعقوبی، بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٠. مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتینییەت و سەرچاوەی عیشق و وێنەی مەعشوقدا، ئەحمەدی مەلا، ئاراس، ٢٠٠١.
٢١. مەحوینامە، پ. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠١٠.
٢٢. وتەکان، بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی، و: فارووق رەسوول یەحیا، نشر احسان، تهران، ١٣٨٥

**ب- گۆڤارو رۆژنامەی کوردی:**

٢٣. (ئەزەو وەزە)ەکەی مامۆستا عەزیزی مەلای رەش و چەند سەرنجێك، هێمن عومەر خۆشناو، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە ٢٨، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٤. مەلا محەمەدی خاکی، شێخ محەمەدی خاڵ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم، ١٩٧٦.
٢٥. مەی و مەستی لە شیعری سۆفیگەری کوردیدا، محەمەد سلێمان عەباس، رامان، ژ١٧٧، ٢٠١٢/٢/٥ .

**ج-فەرهەنگ:**

٢٦. فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠.

**دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

**کتێب :**

٢٧. الاتجاه السيميائى في نقد الشعر العربي، غريب اسكندر، سلسلة الفكر العراقي الجديد، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ٢٠٠٩.

٢٨.اتجاهات التأويل النقدى من المكتوب الى المكبوت، محمد عزام، الهيئه العامه السوريه للكتاب، دمشق، ٢٠٠٨.

٢٩. الاتجاهات النقدية الحديثة، عمر كوش، دار كنعان للدراسات والنشر والخدمات الاعلامية، دمشق، الطبعة الاولى ٢٠٠٠.

٣٠.الحاوى للفتاوى، عبدالرحمن بن ابى بكر، جلال الدين السيوطى، المجلد الثانى، دار الفكر للطباعة والنشر، بيروت- لبنان، ٢٠٠٤م.

٣١. احياء علوم الدين، ابى حامد الغزالي، ومعه المغني عن حمل الاسفار في الاسفار لزين الدين عبدالرحيم العراقي الكردي، المجلد الرابع، دار المعرفة، بيروت، بدون سنةالطبع

٣٢. إراءة التأويل ومدارج الشعر، د. عبدالقادر فيدوح، دار صفحات للدراسات والنشر، سورية، الاصدار الاول، ٢٠٠٩.

٣٣.الاستيعاب في معرفة الاصحاب، ابى عمر يوسف بن عبدالله بن محمد بن عبدالبر القرطبي، تحقيق وتعليق: الشيخ على محمد معوض، الشيخ عادل احمد عبدالموجود، المجلد الثالث، دار الكتب العلمية، الطبعة الثالثة، بيروت، ٢٠١٠.

٣٤.الأسلوب دراسة لغوية إحصائية، د. سعد مصلوح، الطبعة الثانية، دار الفكر العربي، القاهرة ١٩٨٤م

٣٥.الأسلوبية والأسلوب، د. عبدالسلام المسدي، الطبعة الثالثة، الدار العربية للكتاب، (؟).

٣٦. اشكالية التلقي والتأويل (دراسة في الشعر العربي الحديث) الدكتور سامح الرواشدة، جامعة مؤتة ٢٠٠١.

٣٧. اشكالية المصطلح في الخطاب النقدى العربى الجديد، د.يوسف وغليسى، الدار العربية للعلوم وناشرون، الجزائر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨.

٣٨. الأصول المعرفية لنظرية التلقي، ناظم عودة خضر، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، الطبعة الاولى، ١٩٩٧.

٣٩.الالطاف الالهية شرح الدرر الجلالية، تأليف العالم العلامة الاستاذ الملا محمد باقر المشهور ب (ملا محمد بابى گەورە)، كتبه خالد رفعت الفقيه، الجزء الاول، طبعة اسطنبول، بدون سنة الطبع.

٤٠.الاعلام، خيرالدين الزركلى، المجلد السادس، دار العلم للملايين، الطبعة الخامسة عشر، ٢٠٠٢.

٤١. آليات التأويل السيميائى، د.موسى ربابعة، مكتبة آفاق للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، الكويت، ٢٠١١.

٤٢. بلاغة المكان، قراءة في مكانية النص الشعري، فتحية كحلوش، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨.

٤٣.البلاغة وتحليل الخطاب، حسين خالفي، منشورات الاختلاف، دار الفارابي، الطبعة الاولى ، ٢٠١١.

٤٤. بين اثار الخمر الحسي والمعنوي، الدكتور الحسن الفاتح قريب الله، مكتبة الدار العربية للكتاب، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٩٩.

٤٥. تاريخ الفكر الجمالي، د.محمود خضرة، الطبعة الاولى، جامعة دمشق،١٩٩٩.

٤٦. تأريخ الفلسفة في الاسلام، ت. ج. دى بور، ترجمة والتعليق: د. محمد عبدالهادى أبو ريده، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، بدون سنة الطبع

٤٧. تاويل الشعر وفلسفته عند الصوفية،امين يوسف عودة، رابطة كتاب الاردنيين،١٩٩٥ .

٤٨. التأويل بين السيميائيات والتفكيكية، امبرتو ايكو، ترجمة وتقديم: سعيد بنكراد، المركز الثقافي العربي، المغرب، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠.

٤٩. التأويل والترجمة- مقاربات لآليات الفهم والتفسير، تأليف جماعي، اشراف: د. ابراهيم احمد، منشورات الاختلاف، الجزائر، الطبعة الاولى،٢٠٠٩.

٥٠. التأويل والحقيقة (قراءات تأويلية في الثقافة العربية)، على حرب، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت-لبنان، الطبعة الاولى،١٩٨٥.

٥١. التأويلية العربية- نحو نموذج تساندي في فهم النصوص والخطابات، محمد بازى، منشورات الاختلاف، ودار العربية للعلوم وناشرون، الجزائر، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠١٠م.

٥٢. التبئير الفلسفي في الرواية- مقاربة ظاهراتية في تجربة سليم بركات، د. شاهو سعيد، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٧.

٥٣. تجليات الأنا في شعر ابن الفارض، عباس يوسف الحداد، سلسلة كتاب رابطة الادباء في الكويت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠م.

٥٤. تحليل الخطاب الصوفي في ضوء المناهج النقدية المعاصرة، امنة بلعلى، منشورات الأختلاف، الجزائر، والدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠١٠م.

٥٥. ترجمان الاشواق، محى الدين ابن عربى، بيروت، ١٩٩٢.

٥٦. التصوف طريقة وتجربة ومذهبا، د.محمود كمال ابراهيم جعفر، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية، ١٩٨٠.

٥٧. التصوف والباراسايكولوجى- مقدمة أولى في الكرامات الصوفية والظواهر النفسية الفائقة، الدكتور عبدالستار الراوي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٤.

٥٨. التعريفات، السيد الشريف ابى الحسن على بن محمد بن على الحسينى الجرجاني الحنفي، وضع حواشيه وفهارسه: محمد باسل عيون السود، منشورات محمد على بيضون، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠م .

٥٩. تفسيرالجلالين بهامش القران الكريم، العلامة جلال الدين محمد بن محمد المحلى، والعلامة جلال الدين عبدالرحمن بن ابى بكر السيوطى، دار احياء التراث العربي، مؤسسة التاريخ العربي، بيروت- لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٩.

٦٠. التفكيكية، النظرية والممارسة، كريستوفر نوريس، ترجمة: د. صبرى محمد حسن، دار المريخ للنشر، الرياض، ١٩٨٩م.

٦١. التفكيكية-دراسة نقدية، بيير ڤ. زيما، تعريب: اسامة الحاج، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة الاولى ١٩٩٦.
٦٢. الجزري شاعر الحب والجمال، خالد جميل محمد، دار الزمان، دمشق، الطبعة الاولى٢٠٠٦.
٦٣. جواهر المعانى في شرح ديوان احمد الخاني، تحسين ابراهيم الدوسكى، سبيريز، دهوك، ٢٠٠٥.
٦٤. حاشية شيخ الاسلام ابراهيم الباجورى على متن السلم المرونق في علم المنطق، بتحقيق: د. محمد احمد احمد روتان، دار السلام، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠١١.
٦٥. حاشية محى الدين على شرح ايساغوجي لحسمكاتى، تأليف محى الدين الطالشى، دار النور الصباح، سوريا، الطبعة الاولى،٢٠١٢ .
٦٦. الحب الالهى في التصوف الاسلامى، د.محمد مصطفى حلمى، وزارة الثقافة والارشاد القومي، مصر ١٩٦٠.
٦٧. الحب في التصوف الاسلامى، ابن عربي نموذجا، يحيى الراضى، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، دمشق، الطبعة الاولى، ?.
٦٨. حقائق الخيام- شرح واف لرباعيات الخيام، الاستاذ ملا حسين سعدى الاربيلى، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٥ .
٦٩. حقيقة البشر، العلامة محمد باقر المشهور بالمدرس الكردستاني، دراسة وتحقيق: مسعود محمد على فرج، مركز ثقافي ثير عمر، ايران، الطبعة الاولى، ١٣٨٩هـ.ش.
٧٠. الحقيقة والمنهج، غادامير، ترجمة حسن ناظم وعلى حاكم صالح، دار اويا، الطبعة الاولى، طرابلس٢٠٠٧.
٧١. الحلقة النقدية- الادب والتاريخ والهرمينوطيقا الفلسفية، ديڤيد كوزنز هوى، ترجمة: خالدة حامد، منشورات الجمل، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧.
٧٢. خصائص الاسلوب وجماليات البناء- دراستان في اسلوب الرائدين نالى وگوران، د. طاهر مصطفى هيرانى، مكريان للطباعة والنشر، اربيل، تشرين الاول٢٠٠٩.
٧٣. الخيال مفهوماته ووظائفه، د. عاطف جودة نصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٤.
٧٤. رسالة الخلود او جاويدنامة للشاعر والمفكر الاسلامى الكبير محمد اقبال، ترجمها من الفارسية وشرح وعلق عليها: الدكتور محمد السعيد جمال الدين، مطابع سجل العرب، مصر ، ١٩٧٤.
٧٥. الرسالة القشيرية، الامام ابو القاسم عبدالكريم بن هوزان القشيرى، شركة القدس للتجارة، القاهرة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩.
٧٦. الروح الصوفي، جمالية الشيخ في زمن التية، أ.د. ضارى مظهر صالح، المجلد الثاني، دار الزمان ودار التفسير،الطبعة الاولى،٢٠١٢ .
٧٧. سجن التفكيك- الاسس الفلسفية لنقد مابعد البنيوية، الدكتور محمد سالم سعد الله،دار الم الكتب الحديث، اربد، الاردن، الطبعة الاولى ٢٠١٣.

٧٨. سلطة الرمز بين رغبة المؤول وممكنات النص، د.كعوان محمد، الملتقى الدولى الخامس (السيمياء والنص الادبي)، جامعة محمد خيضر بسكرة، كلية الاداب والعلوم الانسانية والاجتماعية، قسم الادب العربي، ١٥– ١٧ نوفمبر ٢٠٠٨.

٧٩. سيرورات التأويل من الهرموسية الى السيميائيات، سعيد بنكراد، منشورات الاختلاف، الرباط، الطبعة الاولى،٢٠١٢م.

٨٠. السيمياء والتأويل، روبرت شولز، ترجمة سعيد الغانمي، الطبعة الاولى، ١٩٩٤.

٨١. السيميائية وفلسفة اللغة، أمبرتو إيكو، ترجمة: د. احمدالصمعي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٥.

٨٢. شعرية القراءة والتأويل، د. فتحي بوخالفة، دار اربد، عالم الكتب، الطبعة الاولى ، ٢٠١٠ .

٨٣. شعرية النص الصوفي في الفتوحات المكية لمحى الدين ابن عربي، د.سحر سامى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٥.

٨٤. شؤون العلامات من التشفير الى التأويل، د.خالد حسين، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، الطبعة الاولى، دمشق، ٢٠٠٨.

٨٥. صدع النفس وارتجالات المعنى، ابراهيم محمود، مركز الانماء الحضاري، الطبعة الاولى، حلب، سورية، ٢٠٠٠.

٨٦. الصواعق المحرقة على أهل الرفض والضلال والزندقة، احمد بن محمد بن حجر الهيتمى الانصارى، المحقق: عبدالرحمن بن عبدالله التركى، المجلد الثانى، مؤسسة الرسالة– لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٧.

٨٧. العلاماتية وعلم النص، (نصوص مترجمة)، اعداد وترجمة: منذر عياشى، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤ .

٨٨. الفتوحات المكيه، الشيخ الاكبر والنور الابهر العارف بالله العلامة: محى الدين ابن عربي، المجلد الثالث، بيروت، بدون سنة الطبع.

٨٩. الفتوحات المكية، الشيخ الاكبر والنور الابهر العارف بالله العلامة: محى الدين ابن عربي، المجلد الرابع، بيروت، بدون سنة الطبع.

٩٠. فلسفة التأويل، الأصول، المبادىء، الاهداف، هانس غيورغ غادامير، ترجمة محمد شوقى الزين، منشورات الاختلاف، الجزائر، الطبعة الثانية، ٢٠٠٦م.

٩١. فلسفه التأويل، (دراسه فى تأويل القرأن عند محى الدين ابن عربى)، د.نصر حامد ابوزيد، دار التنوير، لبنان، الطبعة الاولى،١٩٨٣.

٩٢. الفنومنولوجيا والمسألة المثالية، إدموند هوسرل، د.محمد حسن الزارعي، دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٠.

٩٣. فهم الفهم، مدخل الى الهرمنوطيقا مظرية التأويل من افلاطون الى جادامر، د. عادل مصطفى، دار رؤية للنشر والتوزيع، مصر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧.

٩٤. الفهم والنص (دراسة في المنهج التأويلي عند شليرماخر وديلتاى) ، بومدين بوزيد، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠٠٨.

٩٥. قراءات في الخطاب الهرمنيوطيقى، الدكتور عامر عبد زيد، دار ابن النديم للنشر والتوزيع، الجزائر، ودار الروافد الثقافية– ناشرون، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠١٢ .

٩٦.كشف الخفا ومزيل الالباس، عما اشتهر من الاحاديث على السنة الناس، الشيخ اسماعيل بن محمد العجلوني الجراحي، تحقيق: د.عبدالحميد هنداوى، الجزء الثاني، المكتبة العصرية، صيدا بيروت، ٢٠٠٦م.

٩٧. اللغة والتأويل – مقاربات في الهرمنوطيقا الغربية والتاويل العربي الاسلامي، عمارة ناصر، دار الفارابي، بيروت، الطبعة الاولى ٢٠٠٧.

٩٨. لمسات بيانية في نصوص من التنزيل، الدكتور فاضل صالح السامرائى، دار عمار، عمان، الاردن، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٦.

٩٩. اللمعات للشيخ فخرالدين العراقى، ترجمة من الفارسية الى العربية: ملا حسين شيخ سعدى، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٦.

١٠٠. المأدبة (فلسفة الحب)، افلاطون، ترجمة: د.وليم المسيرى، دار المعارف بمصر، الطبعة الاولى ،١٩٧٠

١٠١. المجموعة الفتاوى، لشيخ الاسلام/ تقى الدين احمد بن تيمية الحراني، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: خيرى سعيد، المجلد الاول، المكتبة التوفيقية، القاهرة، ٢٠٠٨.

١٠٢. مجموعة رسائل الامام الغزالي، الغزالى، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣.

١٠٣. المرايا المحدبة من البنيوية الى التفكيك، د. عبدالعزيز حمود، سلسلة عالم المعرفة (٢٣٢) بدون سنة الطبع، الكويت.

١٠٤. مرجعيات القراءة والتأويل عند نصر حامد أبو زيد، اليامين بن تومى، منشورات الاختلاف، دار الامان، الرباط الطبعة الاولى ٢٠١١.

١٠٥. مسند الامام احمد بن حنبل، تحقيق: شعب الارنؤط واخرون، رقم الحديث ١٠٦٤٧، المجلد ١٦، مؤسسة الرسالة، الطبعة الاولى، ٢٠٠١م.

١٠٦. معيار العلم في المنطق، الامام ابى حامد الغزالي، شرحه احمد شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٠م.

١٠٧. المفهوم الرمزي للخمر عند الصوفية، الدكتور حسن الفاتح قريب الله، مكتب الدار العربية للكتاب، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٩٩.

١٠٨. مقدمة في الهرمنوطيقا، دايفيد جاسپير، ترجمة: وجيه قانصو، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، ٢٠٠٧.

١٠٩. مكاشفة القلوب المقرب الى حضرة علام الغيوب، لحجة الاسلام ابى حامد محمد بن محمد الغزالي، تحقيق: ابو انس عادل بن سعد بن محمد بن مطارع، الطبعة الاولى، دار الغد الجديد، القاهرة، ٢٠٠٨.
١١٠. الملتقطة في المنطق، العالم الفاضل الملا عثمان دارقتهئى، عنى بتصحيحه ماموستا ملا جعفر پروينى، دار الكردستان، سنندج، ١٣٨٥هـ.ش.
١١١. من فلسفات التأويل الى نظريات القراءة- دراسة تحليلية نقدية في النظريات العربية، عبدالكريم شرفي، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى ، ٢٠٠٧.
١١٢. منطق الطير، لفريدالدين العطار النيشابورى، دراسة وترجمة: الدكتور بديع محمد جمعة، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٢.
١١٣. المنعرج الهرمنوطيقي للفينومينولوجيا، جان غراندن، ترجمة وتقديم د.عمر مهيبل، منشورات الاختلاف، الجزائر، الطبعة الاولى ، ٢٠٠٧.
١١٤. مواضيع وأساليب التأويل، فرانسوا راستى، ترجمة: عبدالعلى اليزمى، مجلة علامات، العدد ١١، انترنيت، موقع سعيد بنكراد.
١١٥. مولانا جلال الدين الرومى، أ. د. جيهان أوقويوجو، ترجمة: اورخان محمد على، الطبعة الاولى، دار النيل، القاهرة، ٢٠٠٩م.
١١٦. النص الشعري بوصفه افقا تأويليا، قراءة في تجربة التأويل الصوفي عند محى الدين بن عربي ديوان "ترجمان الاشواق" نموذجا، الدكتور لطفي فكري محمد الجودي، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع- القاهرة، الطبعة الاولى، ٢٠١١م .
١١٧. النص والجسد والتأويل، فريد الزاهى، دار افريقيا الشرق، المغرب،٢٠٠٣.
١١٨. النص، السلطة، الحقيقة (الفكر الدينى بين إرادة المعرفة وإرادة الهيمنة)، د.نصر حامد أبو زيد، المركز الثقافي العربي، الطبعة الثانية ، ١٩٩٧.
١١٩. نصيات بين الهرمنيوطيقا والتفكيكية، ج. هيو سلفرمان، ترجمة: على حاكم صالح و د.حسن ناظم، المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٢
١٢٠. نظريات في الرمز، تزفيتان تودوروف ، ترجمة: محمد الزكراوى، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٢.
١٢١. النظريات في فلسفة الوجود والعقل والخير (اسئلة الايسيات والمعرفيات والقيميات)، الدكتور على زيعور، دار النهضة العربية، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى ، ٢٠٠٦.
١٢٢. نظرية الانسان والحرية في عرفان محي الدين بن عربي، سعيد الشبلي، مكتبة حسن العصرية، بيروت، ٢٠١٠.
١٢٣. نظرية التلقي، اصول وتطبيقات، د. بشرى موسى صالح، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠٠١.
١٢٤. نظرية القصد وأثرها في اظهار المعنى والاعجاز القرأني عند القاضى عبدالجبار المعتزلي، ليلى عباس خميس، مركز البحوث والدراسات الاسلامية، العراق، بغداد، ١٤٢٨هـ، ٢٠٠٧م.

١٢٥. نقد استجابة القارىء من الشكلانية الى ما بعد البنيوية، جين ب-تومبكنز، ترجمة: حسن ناضم، عل صالح، المجلس الاعلى للثقافة، ١٩٩٩.

١٢٦. نقد/ تصوف، (النقد- الخطاب- التفكيك)، شريف هزاع شريف، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨.

١٢٧. هرمنوطيقا المحكي (النسق والكاوس في الرواية العربية)، محمد بوعزة، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، الطبعة الاولى ، ٢٠٠٧.

١٢٨. هرمنوطيقا النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر، د.مليكة دحامينة، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق،٢٠٠٨.

١٢٩. الهرمنوطيقا والفلسفة، نحو مشروع عقل تأويلي، عبدالغني بارة، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى ، الجزائر، ٢٠٠٨م.

١٣٠. هرمينوطيقا الشعر العربي، نحو نظرية هيرمنيوطيقية في الشعرية، د. يوسف اسكندر، سلسلة أكاديميون جدد وسلسلة الفكر العراقي الجديد، الطبعة الثانية، بغداد، ٢٠٠٩.

١٣١. الوثيقة في بيان الحقيقة- رداً على من أخطأ في آداب الطريقة، تأليف العارف بالله الاستاذ الملا عبدالله مصطفى صالح الفنائى الكاتب، ترجمة وتحقيق: أ. م. د. حسن خالد مصطفى محمود المفتي، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠١٣م.

## ب-گۆڤاری عەرەبی:

١٣٢. تشومسكي ومدرسته اللغوية، د. خليل عمايرة، مجلة (الفيصل)، ع (٩٦)، مارس ١٩٨٥م.

١٣٣. تلمسات نظرية في المكان وأهميته في العمل الروائى، الدكتور سليم بتقة، مجلة المخبر (ابحاث في اللغة والادب الجزائرى)، جامعة محمد خيضر، بسكرة، الجزائر، العدد السادس، ٢٠١٠

١٣٤. الشعرية وانفتاح النصوص، تعديدة الدلالة ولا نهائية التأويل، د. خيرة حمر العين، الخطاب (دورة اكاديمية محكمة، تعنى بالدراسات والبحوث العلمية في اللغة والادب) العدد السادس، جامعة تيزى وزو، ٢٠١٠

١٣٥. القراءة الظاهراتية بين الوعي والقصدية، منتهى طارق المهناوى، مجلة الاقلام، العدد الاول، ٢٠١٠، بغداد.

## ج- ئینتەرنێت :

١٣٦. التأويل الصوفي للنص، د. عبدالاله نبهان، مجلة التراث العربي، انترنيت

١٣٧. التأويل الصوفي من البنية الى القراءة، د. طيب تيزيني، جريدة الثورة (يومية سياسية، تصدر عن مؤسة الوحدة للصحافة والطباعة والنشر) ٢٧/ ١١/ ٢٠٠٧، انترنيت.

١٣٨. ليوتار وفلسفة ما بعد الحداثة، د.معن الطائى وأمانى ابو رحمة، مجلة شهريار الالكترونية.١١/٩/ ٢٠١١. ئينتەرنيت. www.google.com
١٣٩. موت المؤلف وافاق التاويل، موسى ربابعة، مجلة علامات، العدد ٥٨، السعودية، ديسمبر ٢٠٠٥.
١٤٠. www.Wekipidia.org

## د-فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیا:

١٤١. كشاف اصطلاحات الفنون، الشيخ العلامة محمد على بن على بن محمد التهانوي الحنفي، وضع حواشيه احمد حسن بسيج، المجلد الاول، دار الكتب العلمية بيروت، الطبعة الثانية، ٢٠٠٦.
١٤٢. كشاف اصطلاحات الفنون، الشيخ العلامة محمد على بن على بن محمد التهانوي الحنفي، وضع حواشيه احمد حسن بسيج، المجلد الرابع، دار الكتب العلمية بيروت، الطبعة الثانية، ٢٠٠٦.
١٤٣. قاموس المصطلحات الصوفية- دراسة تراثية مع شرح اصطلاحات أهل الصفاء من كلام خاتم الاولياء، أيمن حمدى، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠.
١٤٤. لسان العرب، للامام العلامة ابن منظور، تحقيق: ياسر سليمان أبو شادى، مجدى فتحى السيد، الجزء الاول، المكتبة التوفيقية، بدون سنة الطبع.
١٤٥. المعجم الادبي، جبور عبدالنور، دار العلم للملايين، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٧٩.
١٤٦. معجم السيميائيات، فيصل الاحمر، الدار العرب ناشرون ومنشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠١٠.
١٤٧. معجم المصطلحات الصوفية (مستخرج من أمهات الكتاب الينبوعية) الشيخ الدكتور أنور أبي فؤاد أبى خزام، مكتبة لبنان- ناشرون، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٣.
١٤٨. المعجم المفصل في الادب، الدكتور محمد التونجى، الجزء الاول، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩٩.
١٤٩. المعجم المفصل في الادب، الدكتور محمد التونجى، الجزء الثانى، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩٩.
١٥٠. المنجد في الاعلام، مجموعة من الكتاب، الطبعة الثانية، (؟)
١٥١. موسوعة الفلسفة، د. عبدالرحمن بدوى، الجزء الاول، منشورات ذوى القربى،مطبعة سليمان زادة، قم، ايران، الطبعة الاولى ١٤٢٧هـ.
١٥٢. موسوعة الفلسفة، د.عبدالرحمن بدوى، الجزء الثانى، منشورات ذوى القربى،مطبعة سليمان زادة، قم، ايران، الطبعة الاولى ١٤٢٧هـ
١٥٣. موسوعة كشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، محمد على التهانوى، الجزء الاول، مكتبة لبنان- ناشرون، الطبعة الاولى، ١٩٩٦

١٥٤. موسوعة مصطلحات التصوف الاسلامى، الدكتور رفيق العجم، مكتبة لبنان ناشرون، الطبعة الاولى، ١٩٩٩.

**هـ-نامەی ئەكاديمی (ماجستێرو دكتۆرا ):**

١٥٥. التناص معيارا نقدياً شعر احمد مطر نموذجاً، احمد عباس كامل الازرقي، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة ذى قار، ٢٠١٠م.

١٥٦. جمالية الرمز في الشعر الصوفي- محى الدين ابن عربي نموذجا، رسالة ماجستير، هدى فاطمة الزهراء، كلية الاداب والعلوم الانسانية، جامعة ابى بكر بلقايد، الجزائر، ٢٠٠٦م.

١٥٧. الحجاج في شعر أبي العلاء المعرى، عماد سعد محسن شعير، رسالة دكتوراه، قسم اللغة العربية، كلية الاداب، جامعة حلوان، ١٤٢٩هـ- ٢٠٠٨م .

١٥٨. الشاعر والنص والمتلقي عند حازم القرطانجى، نصيرة غربش، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة العقيد الحاج الخضر، باتنة، ٢٠٠٦م.

١٥٩. شعر فاضل العزاوى، مقاربة تأويلية، اطروحة دكتوراه، جامعة الموصل، كلية الاداب، قسم اللغة العربية، ٢٠١١م.

١٦٠. العاذل وتجلياته في الشعر الصوفي في القرن السابع الهجري، عباس يوسف عبدالله الحداد، رسالة دكتوراه، جامعة القاهرة، كلية الاداب، قسم اللغة العربية، باشراف أ. د. جابر أحمد عصفور، ١٤٢٥-٢٠٠٤.

١٦١. منهج التأويل في أمالي المرتضى، انتظار خضير بوهان القريشى، رسالة ماجستير، جامعة الكوفة، كلية الفقة، ٢٠٠٦.

**سێیەم : سەرچاوە بە زمانی فارسی:**

**أ/ كتێب :**

١٦٢. از كوچهء زندان- دربارهء زندگى و انديشهء حافظ، دكتر عبدالحسين زرين كوب، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران، چاپ يازدهم، ١٣٨٥ .

١٦٣. اساطيرو فرهنگ ايران در نوشتەهاى پهلوى، دكتر رحيم عفيفى، انتشارات توس، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٣.

١٦٤. پديدارشناسى چيست، اندره دارتيگ، ترجمه: دكتر محمود نوالى، سازمان چاپ، انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامى، چاپ پنجم، تهران، زمستان ١٣٨٩.

١٦٥. تأملات تنهايى (ديباجەاى بر هرمنوتيك)، حسن يوسفى اشكورى، نشر سراى، تهران ١٣٨٢.

١٦٦. تجربهء دينى و چرخش هرمنوتيكى- بررسى ونقد ارايى ويليام الستون)، بابك عباسى، نشر هرمس، تهران، چاپ اول ١٣٩٠.

١٦٧. جستارهايى در أدبيات تعليمى ايران، دكتر مريم مشرف، انتشارات سخن با انتشارات دانشگاه شهيد بهشتى، چاپ اول، تهران١٣٨٩.

۱٦٨. **حکمت اشراقی در هند- برخی ملاحظات تاریخی/ متن شناختی، محمد کریمی زنجانی اصل، انتشارات اطلاعات، چاپ اول، تهران، ۱۳۸۷.**

۱٦٩. **در امدی بر تصوف و عرفان اسلامی، ولیام چیتیك، ترجمه جلیل پروین، انتشارات حکمت، چاپ سوم، تهران ۱۳۸۹.**

۱۷۰. **دربارهء نقد ادبی، دکتر عبدالحسین فرزاد، سلسله انتشارات نشر قطرة، چاپ پنجم، تهران ۱۳۸۸.**

۱۷۱. **دیوان حافظ شیرازی با تعبیر فالگونهء غزلیات، نصرالله ارژنگ، نشر محمد، چاپ نهم، تهران۱۳۹۰.**

۱۷۲. **راز متن (هرمنوتیك، قرائت پذیری متن و منطق فهم دین)، عبدالله ناصری، چاپ اول، سروش، تهران، ۱۳۸۹.**

۱۷۳. **رمزپردازی آتش، ژان- پیر بایار، ترجمه‌ی جلال ستاری، نشر مرکز، چاپ دوهم، تهران، بهار ۱۳۸۷.**

۱۷٤. **زیباشناسی در هرمنوتیك گادامر، رضا طاهری، نشر نگاه معاصر، تهران، ۱۳۸۹.**

۱۷٥. **ساختار وتأویل متن، بابك احمدی، چاپ ششم، تهران، ۱۳۸۲.**

۱۷٦. **سهروردی شیخ اشراق مدیحه سرای نور، نگارش عطاءالله تدین، چاپ چهارم، انتشارات تهران، ۱۳۸۸.**

۱۷۷. **شیوه‌های نقد ادبی، دیوید دیچیز، ترجمة: د.غلامحسین یوسفی، محمد تقی صدیقیانی، چاپ اول، انتشارات محمد علی علمی، چاپخانه بهمن، تهران ۱۳٦٦.**

۱۷۸. **صد میدان، خواجه عبدالله انصاری، بررسی و تصحیح متن وفهرستها:دکتر سهیلا موسوی سیرجانی،چاپ سوم، انتشارات زوار، تهران،۱۳۸٥.**

۱۷۹. **عرفان اسلامی، علامة محمد تقی جعفري، تهران مؤسسة تدوين و نشر اثار علامة جعفری، چاپ هفتم، ۱۳۸۷.**

۱۸۰. **علم هرمنوتیك، ریچارد ا. پالمر، ترجمه محمد سعید حنایی کاشانی، انتشارات هرمس، چاپ هفتم، تهران۱۳۹۱.**

۱۸۱. **کلیات شمس تبریزی، مولانا جلال الدین محمد بلخی رومی (مولوی)، مطابق نسخه بدیع الزمان فروزانفر، جلد اول، انتشارات طلایه، تهران، چاپ سوم، ۱۳۸۸.**

۱۸۲. **مثنوی معنوی، مولانا جلال الدین محمد بلخی رومی (مولوی)، بر اساس نسخه اصلی رینولدالین نیکلسن (چاپ لیدن)، به کوشش کاظم دز فولیان، انتشارات طلایة، چاپ دوم، طهران، ۱۳۸۸.**

۱۸۳. **مفاتیح الاعجاز فی شرح گلشن راز، شمس الدین محمد لاهیجی، مقدمه، تصحیح وتعلیقات محمد رضا بزرگی خالقی و عفت کرباسی، چاپ چهارم، انتشارات زوار، تهران، ۱۳۸۱.**

١٨٤. منطق الطير، شيخ فريدالدين عطار نيشابوری، مصحح: عزيز الله عليزاده، انتشارات فردوس، چاپ أول، تهران ١٣٨٨.
١٨٥. مولوی معنای مثنوی، كريم فيضی، انتشارات ياران علوی، تهران، ١٣٨٤.
١٨٦. نقد أدبی، جستجو در أصول و روشماو مباحث نقادی با بررسی در تأريخ نقد و نقادان، د. عبدالحسين زرين كوب، جلد أول و دوم، انتشارات أمير كبير، تهران ١٣٧٨.
١٨٧. هرمنوتيك مدرن گزينەی جستارها، فريدريك نيچه...{و ديگران}، ترجمەی بابك احمدی...{وديگران} نشر مركز،چاپ هشتم، تهران، ١٣٨٩.
١٨٨. هستیو مستی، حكيم عمر خيام نيشابوری به روايت حكيم دكتر دينانی/ گفتگو از كريم فيضی، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٨٩.

## ب- گۆڤارو رۆژنامەی فارسی

١٨٩. أشارات عرفانی در داستان حضرت يوسف (ع)، دكتر زهرا رياحی زمين، مجلەی بوستان ادب، دوره (٣)، شماره (٣)، پاييز ١٣٨٩.
١٩٠. اقتضای حال و زبان رمزی و تاويل شعر عرفانی، تقی پور نامداريان، پژوهشنامەی (گوهر گويا) نشريه علمی، سال پنجم، شماره سوم، پيايی ١٩، پاييز١٣٩٠.
١٩١. تفسير و تأويل نخستين داستان مثنوی، دكتر مهدی ندين، مجلەء علمی پژوهشی دانشگدەء ادبيات و علوم انسانی دانشگاه اصفهان، دورەء دوم، شمارەء چهل و يكم، تابستان ١٣٨٤.
١٩٢. شمس تبريزی و تأويلهای عرفانی او از احاديث نبوی، محمد خدادای و ديگران، پژوهشی ادبيات عرفانی دانشگاه الزهراء، سال اول، شمارة ٢، بهارو تابستان ١٣٨٩.
١٩٣. هرمنوتيك فلسفی و تعدد قرائت ها، ايه الله جعفر سبحانی، نشريه كلام اسلامی، شماره ٣٧، بهار ١٣٨٠ سال دهم.
١٩٤. واقعات (مكاشفات) لاهيجی در شرح گلشن راز، دكتر علی محمد پشت دار، محمد رضا عباس پور خرمالو، فصلنامه ادبيات عرفانی و اسطوره شناخت، سال ٦، شماره ١٩، تابستان ١٣٨٩.

## ج/ ئينتەرنيت

١٩٥. تأويل نشانه شناختی ساختارگرای شعر (زمستان) اخوان ثالث، عليرضا انوشيروان، انترنيت www.sid.ir
١٩٦. سبك هاو انواع شعر پارسی، انترنيت، ١٣٩١/١١/١. www.salamsalimeh.ir/mschool/showt.a
١٩٧. فنای عارفانەو بقای جاودانه، يدالله جلالی پندریو مهری زينی، مجلة مطالعات عرفانی، شماره هفتم، بهارو تابستان ١٣٨٧، سايتی www.sid.ir

١٩٨. نگاهی به خال هندویی حافظ، دکتر محمد کاظم کهدویی، مجلهء دانشگده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران. www.Sid.ir


**د- فەرهەنگ**

١٩٩. فرهنگ اصطلاحات ادبی، سیما داد، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٧.
٢٠٠. فرهنگ اصطلاحات تعبیرات عرفانی، دکتر سید جعفر سجادی، چاپ نهم، افست گلشن، ١٣٨٩.
٢٠١. فرهنگ اصطلاحات منطقي، بە انضمام واژەنامە فرنسی و انگلیسی، دکتر محمد خوانساری، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعت فرهنگی، چاپ دوم، تهران ١٣٧٦.
٢٠٢. فرهنگ نگارەای نمادها در هنر شرق و غرب، جیمز هال، ترجمه: رقیه بهزادی، فرهنگ معاصر، چاپ سوم تهران، ١٣٨٧.


**ب- ئینسایکلۆپیدیا.**

٢٠٣. دائرة المعارف مشاهر جهان، ترجمة وتأليف: سروش قربانی، چاپ اول، انتشارات میلاد، تهران ١٣٧٥.


**چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی (کتێبو ئینسایکلۆپیدیا ):**

٢٠٤. A Dictionary of literary terms, Guddon j.A., penguin books, ١٩٨٢.
٢٠٥. Literary Criticism From Plato to the Present, M.A.R.Habib,Wiley-Blackwell, first published٢٠١١.
٢٠٦. The new Encyclopedia Britannica, volume ١٠, ٢٠٠٣

# ملخص الأطروحة


هذه الأطروحة الموسومة بـ (هرمنيوطيقا شعر محوى الصوفي) تعدّ محاولة لقراءة الأشعار الصوفية للشاعر الكوردي الشهير بـ(محوى)، إذ إنّها تركّز على الجوانب التأويلية لهذه الاشعار، في ظلّ النظريات التأويليّة الإسلامية، والهرمنيوطيقا الغربية، والغرض من ذلك: كشفُ أبعاد خفية كثيرة للنصوص، وإدراك المعاني والدلالات التي يتضمنها، ولا يمكن التوصل إليها إلا بالتأويل.

وتكوّنت الأطروحة من: مقدمة، وتمهيد، وثلاثة فصول، مع نتائج مهمة توصل إليها البحث.

ففي المقدمة تناول البحثُ تعريف الموضوع-والعنوان محددا- مختصراً، وتطرقَ إلى أسباب اختياره وأهميته، وحدوده، وذكر الصعوبات والعوائق التي واجهت طريقه، ومن ثمَّ بيان خطة العمل فيه.

وفي التمهيد: تناول البحثُ تعريفَ مصطلح (الهرمنيوطيقا) قديماً وحديثاً، وبيانَ صلتها بالتأويل الإسلامي، وعلم البلاغة، وفن الجمال، ثم توضيح علاقة الهرمنيوطيقا بمناهج ما بعد البُنيوية.

وقد خصّص الفصل الأول لـ(النص بين اللذة والهرمنيوطيقا)، وذلك ضمن مبحثين، فجعل المبحث الأول للغزل كميراث للتصوف وألية للتأويل الشعري، واشتمل ذلك على: الحديث عن مسألة الحُبّ والعشق السماوي والأرضي، وعلاقتهما بتأويلية النصّ، ومن ثمّ أنوثية النصّ وما تحمله من مسائل الجمال في (الجمال والكمال والجلال الإلهية)، إلى جمالية الإنسان. أما المبحث الثاني فجعل لمسألة الشراب كمصدر للهرمنيوطيقا الصوفية، وفيه قراءة تأويلية لمفهوم الشراب، وتباين وجهات نظر المؤولين فيه، وذكرُ أسباب استعماله في نصوص الصوفية، وعلاقة هذا المصطلح بالنور والنار، وحضور المعشوق وغيابه، وأهل الكمال، وكذلك صلته بالني، والتطرق أيضاً إلى بعض سمات الشراب المعنوى في أشعار محوى الصوفية.

و خصّصت الفصل الثاني للكلام عن الهرمنيوطيقا الظاهراتية، إذ إنّ الظاهراتية النقدية تعدّ أداة مهمة للتأويل، فإنها تكشف فجوات معانية في النصوص ومسافات دلالية في الخطاب، ومن هنا تضمن هذا الفصل مبحثين: فجعل في المبحث الأول لمفهوم قصدية الشعر والنص، وتجربة الحياة، وذكر الوسائل والقرائن التي لها دور كبير لفهم قصدية شعر محوى الصوفي. وفي المبحث الثانى حاول البحث أن يدرس ظاهراتياً عن مسألة الوجود والعدم، والذهاب إلى الموت، وإلى القتل والشهادة بأيدى المعشوق عند الشاعر، ومن ثمَّ قراءة تأويلية عن تلك الظواهر النادرة الخاصة بخطاب التصوف عند محوي.

أما الفصل الثالث فقد خصّص للتأويلية السيميائية، مبيّناً أثر السميائية-الدال والمدلول- في تأويل بعض أشعار محوي الكردية، واشتمل هذا الفصل على ثلاثة مباحث، فخصص المبحث الأول للكلام على علم المنطق كأداة للتأويلية، إذ موضحا أنّ الشاعر استعمل مصطلحات منطقية، ويمكن النظر إليها من حيثيتين: من حيث المعنى السيميائي، ومن حيث المعنى التأويلي. وجعل المبحث الثاني لـ(أنا) وذاتية الشاعر كبعدٍ للتأويل، متطرقاً إلى صلة (الأنا) بمضمون النصوص لدى محوى، وكذلك التركيز على علاقة (الأنا) بالدال الذي له دور في احتجاب المعاني الشعرية، ونضوج التأويل فيها. وجعل المبحث الثالث للكلام على خطاب التصوف وإشكالية التأويل والمعنى، مركّزاً على إشكالية قراءة نصوص محوى الشعرية، وباطنية النص واحتجاب المعنى، مبيناً أيضاً أهمية التأويل عند محوى.

وجاءت الخاتمة لذكر أهم النتائج التي توصل إليها الأطروحة.

## Abstract

This dissertation is concerned with the sufistic hermeneutics of mahwi’s poem. It is an attempt to read his Kurdish poems, amid theoretical reading of Islamic interpretation and western. Thus some unclear textual meaning can be interpreted. Because of that, the study is divided in to an introduction and three chapters.

The introduction deals with the relation between the term hermeneutics and Islamic interpretation, rhetoric, and aesthetic interpretations.

Chapter one is entitled to” The Text between pleasure and hermeneutics” This chapter is classified into two sections. The first section is about Ghazal as a Sufistic inheritance for the interpretations means. It sheds a light on the query of heavenly and earthly love and the relation to hermeneutic text as well as feminization of text and conceiving pregnancy by beauty query from gracefulness, perfection, lordliness of God to human being.

Whereas the second section studies wine as a source of sufistic hermeneutics. It also deals about hermeneutic reading of wine, its problems of interpretation reasons behind using wine in sufistic texts, its relation with glow, presence or absence of love partner, flute, house of perfection, and features of moral wine.

Chapter two focuses on hermenutic phenomenology, where phenomenology has become source or means for hermeneutics to find unclear textual meanings. The first section of chapter two describes the intentions of poet text, and the experience of poet’s life. It studies the ways to understand mahwi’s intentions, It also explains that through phenomenology there is hermeneutic reading for the indications of existence, freedom, nothingness, passing away, murdering, and cessation of being.

Chapter three is devoted to hermeneutic semiology, where semiology as a science that studies signs and symbols has become a source and means so as to make hermeneutic reading for some signifiers and where by obtain different meanings. For this purpose, the first section is about the query of selfness, selfishness, and poets attention for the use of first person pronoun(I) as a signifier that an device different meanings. Later, this signifier were read hermeneutically, furthermore, they were textually, and terminologically used as hermeneutic source. In the second section logic is studied as a source for semiology and its changing meanings to hermeneutic and later there are hermeneutic reading for some signifiers.

Finally the thesis studies sufistic essaying, and hermeneutic problems. In these chapter, it is attempted to have different reading for Mahwi’s Kurdish texts while considering sufistic essaying. Finally, the paper ends with a conclusion and results.